
# ڕامان


- ئەکتیڤ لە ڕۆمانی (ڕێگا)دا............ سابیر ڕەشید
- نزیکەریی شیراز لە پەخشانە شیعری کوردیدا.. ئازاد ئەحمەد
- چاوپێکەوتنێکی ئیرۆتەسەل لەگەڵ (ئەمرشیدی غەریب نەژاد)
- لە پەراوێزی فەلسەفەی لاهوتی مەسیحی.. د. حەمید عەزیز
- مۆدێرنیتە و ئاوەزی سیاسی............ د. عەباس وەلی
- ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێ!.......... دارا محەممەد عەلی
- ئەمەنتێک لە شۆرشە............ هەژار جەمال غەریب
- پرسیاری شیعر........................ دڵشاد عەبدوڵڵا



ڕێکخراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات



تابلۆ: فرانجیسکۆ هایێس ـ ئیتالیا


RAMAN

March ,2005

Issue, No.93-94

# رامان
93-94

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم - ساڵی نۆیەم
ئادار/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**دارێژەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیڤ**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی**
www.raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

# ناوەرۆک


• پێڕست ...... 2

• سەروتار

– دەبێ ئاوڕێک لە دەستنووسەکانمان بدەینەوە...... سەرنووسەر 3

• لێکۆڵینەوە

– تەکنیک لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم-دا...... سابیر ڕەشید 4

– ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی تۆماری لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا...... د. عادل گەرمیانی 10

– تەکنیکا ڤەگێڕانێ د کورتە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا...... نەفیسا ئیسماعیل 18

– نوێگەریی شێواز لە پەخشانە شیعری کوردیدا...... ئازاد ئەحمەد مەحموود 30

– نابەوەختیی پۆست مۆدێرن...... و/ لە فارسییەوە: هوومەن مەردانی 41

• ڕەخنە

– زێدەوەسف لایەنێکی جوانیناسانەی دەقی بەیتی «خەزێم»...... عەبدولخالق یەعقووبی 45

• چاوپێکەوتن

– چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ هونەرمەند (فەرشید غەریب نەژاد)...... ئا: ڕامان 49

• دیمانە

– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی فۆتۆگرافەر (حەمید قەوامی)...... ئا: فارس سەعدی 62

• فەلسەفە

– لە پەراوێزی فەلسەفە و لاهووتی مەسیحی...... د. حەمید عەزیز 68

• هزر

– مۆدێرنیتە و ئاوەزی سیاسی...... د. عەباسی وەلی 77

• کۆمەڵناسی

– بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی...... و/ دیار عەزیز شەریف 85

• دەروونزانی

– سایکۆلۆژیای جیاوازی تاک...... نەوزاد کەلهوڕ 91

• ئەزموون

– ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێ؟...... دارا محەمەد عەلی 95

• زمانزانی

– هزری زمانەوانی...... و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 99

• مێژوو

– شوێنی وەفاتی میر سلێمانی میری سۆران...... عەبدولڕەقیب یووسف 104

• کەلەپوور

– فیردەوس لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا...... محەمەد سلێمان عەباس 107

• وتار

– پەیڤێک بۆ هەژار موکریانی...... ڕەحیم کامیایی 114

– ناوەرۆکی بەیتی سەرەمەڕی هەژار...... مێدیا 117

– فرانس کافکا...... و/ لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە 122

– سەرووی واتا «باتای»...... و/ لە فارسییەوە: سیروان زەندی 127

• شیعر

– کاپۆچینۆ...... هاشم سەڕاج 130

– دڵم هەنارێک بوو ڕنییان...... نیگار نادر 133

– پێنج مانشێت...... بلند محەمەد 134

– تۆی شیعر...... غەریب پشدەری 136

• شیعری بیانی

– سەرگۆن پۆڵس لە گەشتەکانی دەگەڕێتەوە...... و-ئا/ ئازاد عەبدولواحید 137

• چیرۆک

– تەمەنێک لە شووشە...... جەبار جەمال غەریب 140

– سی و سێ دەرگا و ژوورە کریستاڵییەکەی سوڵتان...... یووسف عزەددین 148

– دڵۆپ دڵۆپ توانەوەی توێژی کریستاڵ...... کەمال حەسۆ 150

– خەونا هەلەبجەیێ...... سیدار ژیر 152

• چیرۆکی بیانی

– بلووغێکی تر...... و/ لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ئازەریار 155

• گۆرانی و مۆسیقا

– مەلا ئەحمەدە کۆرە...... باکووری 157

• شێوەکاری

– هونەری وێنەکێشان لە کوردستانی پێش مێژوودا...... فەرهاد پیرباڵ 161

• شانۆ

– پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی...... گۆران عەلی کەریم 165

• کتێب

– ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە...... لێدوانی: کاوە عەبدولکەریم ڕەسووڵ 171

– بەفرنووس و ئەوانی تر...... لێدوانی: سەباح ڕەنجدەر 174

– ڕۆژنامەگەری منداڵان بە زمانی کوردی...... لێدوانی: زیاد ڕەشاد قادر 176

– هونەری نواندن...... لێدوانی: کامەران سوبحان 178

• بەدواداچوون

– مەحزوون و بێسارانی یەکێک نین...... حەکیم مەلا ساڵح 180

• نامە

– نامەیەک لەنێوان تاهیر ئەحمەد حەوێزی و ئەحمەد دڵزار...... ئا: ڕامان 187

• تیراژ...... 193

• زاراوەسازی

– داستان...... د. موحسین ئەحمەد عومەر 207

• دواپەنجەرە

پرسیاری شیعر...... دڵشاد عەبدوڵڵا 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# دەبێ ئاوڕێک لە دەستنووسەکانمان بدەینەوە

سەرنووسەر

* (دەستنووس) و (بەیاز) بەشێکی گرنگ و زیندووی کەلەپووری ڕۆشنبیریی ئێمەیە، کە گوشراوی هەوڵ و تەقالای زانستی و ئەدەبی و مێژوویی ڕابردوومانە، هەروەک چۆن بەرهەمی داهێنان و بیروڕاوبۆچوونی زانایان و ڕووناکبیرانی میللەتی ئێمەن، کە زادەی بیرکردنەوە و ژیانی ڕووناکبیری ئەوکات و سەردەمانەیە کە پەلی بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کولتووری ئێمە هاوێشتووە.

* ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات و مێژوو و بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتی ئێمە (ڕۆژنامە) و (گۆڤارە) کۆنەکانمان سەرچاوەیەکی گرنگ بن، ئەوە دەستنووسەکانیشمان کە لەجیاتی کتێب و سیپارەی چاپکراوی سەردەمی ئێستامان بووە و ڕۆڵی گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەمڕۆکەشی پڕکردووەتەوە، بۆیە ئەو دەستنووسانە زۆر کەلێن و قوژبنی تاریک و لێڵی ئەو ڕابردووەمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە، بێجگە لە ناوەڕۆکی دەستنووسەکان زۆرجار خوێندەواری ئەوکاتە کە پیاوانی ئایینی و زانایانی مزگەوتەکان بوون لەوکاتانەدا کە ئەو دەستنووسانەی بەردەست کەوتووە و خوێندوویەتییەوە و دەستاودەستی پێکردووە، لە هەمان کاتیشدا حاشییە و پەراوێزی بۆیان نووسیوە و زانیاریی گرنگی خۆیان لە قەراغ و دامەنی ئەو دەستنووسانە نووسیوە کە زۆر ئەڵقەی ونمان بۆ لە یەکتری گرێ دەدا و زۆر گرێ کوێرەمان بۆ دەکاتەوە و زانیاری گرنگیان تێدا تۆمار کراون.

* ئەم نەتەوە سەمەندەرەی ئێمە وەک هەموو گەلانی دنیا لەبەرهەمهێنانی مەعریفەو ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی کەمتری نەکردووە و دوانەکەوتووە، تەنیا کەموکوڕییەکی هەبووبێ خاوەنی قەوارەی سیاسی نەبووە، بۆیە هەر کردەی ئەو و بردەی کەسانی تر بووە، لەبەر ئەوەی بەشێکیان بە زمانی میللەتانی سەردەستەی دەور و پشتمان نووسراون، بۆیە ئەو بەرهەمە فیکری و زانستیانە بەناوی میللەتانی ترەوە تۆمار کراون. هەر کاتێ کورد هەناسەیەکی ئازادیی هەڵمژیبێ، قەوارەیەک یان نیمچە قەوارەیەکی سیاسی دامەزراندبێ، ئەو کاتانە زۆر بە لێهاتوویی کاری کردووە و کاریگەریی بەسەر دەوروبەری خۆی بەجێهێشتووە.

* لە پێگەیاندنی پیاوی زانا و دانا و خوێندەواری پایەبەرز (مزگەوت) و (حوجرە)کانی کوردستان ڕۆڵی گەورە و شایەنی باسیان لە پاراستنی کەلەپووری زانستی و ئەدەبیاتی کوردیدا بینیوە و بەدەیان و سەدان کەڵەزانای بوارەکانی ژیانی پێگەیاندووە، بۆیە کاتێ دەبینین دوژمنەکانمان یەکێک لە ستراتیژەکانیان کاولکردنی کوردستان بووە و بەدەم سووتاندن و وێرانکردنی کوردستانیش مزگەوتەکانیان تەخت کردووە و سووتاندووە، بەمەش بەسەدان و هەزاران دەستنووسی گرنگ و بەهادار سووتاون، کە بۆ ئەمڕۆکە لەوانەبوو بەدەیان کەلێن و کەلەبەری مێژوویی و شارستانیی میللەتەکەمانی پێ ڕاست و پڕ بکەینەوە.

* ناحەزەکانمان بەمەبەستی لەناوبردنی شوێنەوار و مێژووی دێرینی ئەو میللەتە و بۆ کوێرکردنەوەی ئەو کۆششە زانستیانەیە، بەردەوام هەوڵیان داوە چییان پێ بکرێ بیکەن، لەسەرەتاوە هەوڵیان داوە هەوڵی زانستیانەی میللەتانی دیکە بکەنە هی خۆیان، ئەگەر ئەوەیان پێ نەکرابێ بەمەرەدەی شەکسپیری ببەن و بیکەنە (شێخ زوبێر)، ئەوە هەوڵی لەناوبردنیان داوە، ئیتر لە پاڵ خاپوورکردنی گوند و شارو شارۆچکەکانمان و سووتانی سەرچاوەکانی زانستمان کە (مزگەوت) یەکێک بووە لەو سەرچاوە گرنگانە، ئەوە بەشێکی زۆریان لە (سامانی) خۆیان بۆ پلاندانان داناوە، لەوپلانانەش کە دوای ڕاپەڕین زۆر بەزەقی جێبەجێیان کردووە کڕینەوەی (دەستنووس) بووە کە بەشی هەرە زۆری ئاودیوی وڵاتانی دەوروبەر و کەنداو کراون و ئەو نوسخەی دەستنووسانە زۆر بەزەحمەت جێگەیان پڕدەکرێتەوە و زەرەر و زیانەکانیان هەر مەزەندە ناکرێ.

* ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە بەشێکی زۆری ئەو دەستنووسانەی پێوەندییان بە ژیانی کولتووری و بە مێژووی شارستانی میللەتی ئێمەوە هەیە و ئەدەبیاتی ئێمەی تێدا پارێزراوە، ئەو دەستنووسانەن کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە کتێبخانەکانیاندا پارێزراون و چاوەڕوانی هیمەتی مەردانەی کوردانی بە جەرگی هەندەرانە کە چاکی مەردانەی خۆیانی لێ بکەن بەلادا و لەپاش فێربوونی زمانی ئەو میللەتانەی دەرودراوسێ و بیانی دەتوانین لەو کتێبخانانەدا سۆراخ بکەن و بەکنە و پشکنینی بەردەوامیان ئەو دەستنووسانە بدۆزنەوە و نوسخەیان لەبەر بگرنەوە و لیتۆژینەوەیان لەبارەوە بکەن و زۆر ڕاستیمان بۆ ڕوون بکەنەوە و بیخەنە سەر ڕاستەڕێی خۆی، چونکە ئەو وڵاتانە وەک وڵاتی ئێمە دووچاری هێرشی تەتەریانە و مەغۆلیانە نەبوونەتەوە و ئەو گەنجییەیان نەفەوتاوە و دەکرێ ئەوەی ئێرە قەرەبوو بکرێتەوە.

* ئەمڕۆ میللەتێک نییە لەو دنیایەدا بدۆزینەوە کە ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی کولتووری خۆی فەرامۆش کردبێ، تەنانەت دەسەڵاتی بەعس سەنتەرێکی بەناوی (دارمخطوطات صدام) دانابوو و بایەخی زۆری پێدەدا، کە بەهیچ شێوەیەک لەو مەڵبەندەدا حیسابی عیراقی-شیان بۆ کورد نەکردبوو تا بەشێکی ئەو دەستنووسانەی کورد بەجیا پۆلێن بکەن، مەگەر بە ڕێکەوت چەند مامۆستایەکی خەمخۆری کەلەپوور و دەستنووس لە بەغدا ئەو دەستنووسانەیان جیاکردبێتەوە و وێنەیان لەبەر گرتبێتەوە و لەو زیندانە ڕزگاریان کردبێ کە زۆرچاکیشیان کرد، چونکە لەپاش ئازادکردنی عیراق زۆربەیان وەک هەزاران دەستنووسی دیکەمان دەفەوتان و دەدزران.

* لەلای ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان و لە حەفتایەکانی چاخی زێڕینی ڕۆشنبیری کوردی هەوڵێکی لەو جۆرە لەلایەن (کۆڕی زانیاری کورد)ەوە درا و بۆ ئەم نیازە کاری چاک ئەنجام دراو بەهۆی ئەو لیژنەیەی بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی باشوور گەڕان و لە گوند و شارو شارۆچکەکاندا زۆر دەستنووسی ناوازە و گرنگ لە خاوەنەکانیان چ بەهیمەت و چ بە قیمەت بەدەست خراو تا ساڵی (١٩٧٤)یش خایاند، بەڵام داخەکەم بە هۆی سەپاندنەوەی شەڕی شکاندنی بەڵێن و پاشگەزبوونەوە لە ڕێکەوتنی بەیاننامەی یانزەی ئادار کاری ئەو لیژنەیەی ڕاگرت.

* لەبەر هەموو ئەو گرنگی و بایەخەی (دەستنووس) لە ژیانی کولتووریی ئێمەدا هەیەتی پێشنیار دەکەم زوو بەزوو هەوڵ بۆ کردنەوەی (سەنتەرێ)، (مەڵبەندێ)، (خانەیەک) یان هەر ناوێکی بەگونجاو دەزانرێ بدرێ بۆ ئەوەی لەوە زیاتر زیان بەو دەستنووسانەمان نەکەوێ و چی دەکرێ بیکەین بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی ماوە و جارێ لە بەین نەچووە. من ناڵێم ئەو سەنتەرە جارێ ئەرکی یەکەمی چ کەناڵێکی ڕۆشنبیری و کولتوورییە، هەرچەندە بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و کۆڕی زانیاریی کوردستانە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کۆکردنەوە و پاراستنی هەر دەستنووسێ کە بە فەوتاندنیان (قەرەبوو) ناکرێتەوە، لەمڕۆکەدا زۆر لە دەرکردنی (گۆڤار) و (ڕۆژنامە) و (بڵاوکراوە)یەکی بێ سەروبەر و بێ تەئسیر بە باشتر دەزانم.

* لەپاش دروست بوونی ئەو سەنتەرە و پڕکردنەوەی بەکادیری لێهاتوو و دڵسۆز و خەمخۆری کەلەپوور و مێژوو پێویستە زۆر زوو بکەونە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان لەوانەش:

(١) بە مایکرۆفیلم وێنەی ئەو دەستنووس و بەیازانە بگیرێن و بپارێزرێن، لەلایەکی تریشەوە دانەیەکی هەر دەستنووسێکیش لەوێ گل بدرێتەوە.

(٢) ئەو دەستنووسانەی لەوێ دەپارێزرێن دەبێ لە شێ و بارودۆخی هەمیشە گۆڕاوی کەشوهەوا بە دووربن، ئەگینا بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار کار لە کاغەزەکەی دەکات و وردە وردە دەپوێن و هەڵدەوەرن.

(٣) ئەو سەنتەرە گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆی هەبێ، کە سەرەڕای ڕاڤەکردن و ساغ کردنەوە و تەعلیق دان لە دەستنووس، هوشیاریی پاراستنی دەستنووسەکانیش، یان ئەو دەستنووسانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە بڵاوبکرێنەوە، تا میللەتەکەمان ئەم دەستنووسانە بە بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەیی خۆی بزانێ و دەستیان پێوە بگرن و ڕێگەنەدەن دوژمنانی ئێمە بە هیچ ڕێگەو شێوازێ دەستیان بگاتێ و بیانفەوتێنن و بە هەر نرخێک بێ ئەو سامان و گەنجینەیە بە وان نەفرۆشن.

(٤) پاراستنی دەستنووسە کوردییەکانمان و دەرهێنانیان لە چنگی (قاچاغچی)یان و ئەوانەی کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن و ڕەوانەی ئەملاو ئەولای دەکەن بۆ مشتێ پووڵ بدرێنە دادگا و لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکرێ و بکرێنە عیبرەت بۆ خەڵکانی تر تا کاری وا نەکەنەوە.

(٥) یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی ئەو سەنتەرە دروستکردنی لیژنەیەکە تا بەناو گوند و دێهات و شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بگەڕێن و خەڵاتی بەرچاو بدەنە ئەوانەی دەستنووسیان دەدەنێ، ئینجا ئەگەر خاوەنەکانی ئەو دەستنووسانە پێشیان نەفرۆشتن، ئەوە دەکرێ دانەیەک لەبەر ئەو دەستنووسە بگرنەوە و خاوەنەکەی کە دەستنووسەکەی لەلا خۆشەویستە با بەناوی ئەوەوە لەلای خۆیان تۆماری بکەن و ئەسڵەکەش بە (ذمة) بدەنەوە خاوەنەکەی تا بەباشی بیپارێزێ و تێی بگەیەنرێ کە ئەوە موڵکی گشتییە.

(٦) هاندانی لێتوژەر و نووسەرانی دەرەوەی وڵات بۆ گەڕان و سۆراخ کردن و دۆزینەوەی دەستنووس و بەیازی نووسەران و شاعیرانی کورد و کارئاسانییان بۆ بکرێ تا بیانکڕنەوە، یان فۆتۆیەکی لێ بگرنەوە و بینێرنەوە بۆ ئەو سەنتەرە و لەبەردەستی لێتۆژەرەکانمان بێ بۆ لێکۆڵینەوەکانیان.

(٧) دەبێ هەر دەستنووسێک زیاتر لە دانەیەکی لێ فۆتۆکۆپی بکرێ، تا ئەگەر دانەیەکیشی فەوتا، یان هەر شتێکی لێ بەسەرهات، ئەوە دانەی دیکەی لە شوێنی دیکەدا هەبێ.

(٨) لیژنەی ساغکردنەوەی دەستنووس لە کۆڕی زانیاریی کوردستاندا هەبێ، بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو دەستنووسە گرنگانەی لەلایان کۆدەبێتەوە ساغ بکرێنەوە و بە پەراوێزەوە لە چاپ بدرێن و خوێنەران و لێتۆژەرەوەکان سوودیان لێوەربگرن.

(٩) خولی تایبەت لەلایەن ئەو سەنتەرەوە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە ئەوانەی کار لە بواری دەستنووسدا دەکەن فێری خوێندنەوەی خەتی شکستە و خەتی نەستەعلیق و شێوە خەتەکانی دیکە بکرێن تا بە ئاسانی بتوانن ئەو دەستنووسانە بخوێننەوە.

# تەکنیک لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم-دا

سابیر ڕەشید

**پێشەکی**

بێگومـان هەمـوو لێکۆڵینەوەیەک لە هەر بوارێکی ئەدەبی بێت پشت بە دەقی نووسـراو دەبەسـتێ و وەک بیبلیۆگرافیاش لە کتێبخانەکاندا جێگای خۆی دەکاتەوە، ئێـمە باسی ئەو دەقـە دەسـتنووسـانە ناکـەین کە دەکرێ پێش چاپکردنیش لێکۆڵینەوەیان لەسـەر بکرێ، بەڵکو لێرە مەبەسـتـمـان ژانرێکی گرنگی ئەدەبە کە ئەمـیش ڕۆمـانە، کـە هەر خـۆشی درەنگ لە ئەدەبی کـوردیدا نووسـراوە و بایەخی پێـدراوە لەچاو مـیللەتانی دیکەی دنیا.. گرنگترین نموونەی بەردەستیشمان ئەم ڕۆمانەی (مـەم)ە کـە خـۆی وەک دەق لە سـاڵانی حـەفـتـاکـاندا نووسـراوە و بەشـداری ئەم گرەوە ئەدەبیـیـە بووە کـە لە ساڵی (١٩٧١) بۆ شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و چیرۆکی شـانۆ لەلایەن یەکـێـتی نووسـەرانی کـورد ڕێکخـراوە لە ژمـارە (٢)ی گـۆڤـاری نووسـەری کـورد ناوی لیـژنەکـان دەستنیشان کراون بۆ هەڵبژاردنی یەکەم و دووەم و سێیەم لە هەر بابەتێکدا«١».. دوای ئەوە لە ژمـــارە (٣)ی هەمـان گۆڤـاردا«٢» ئەنجامی گرەوەکەو ناوی نووسەر و بەرهەمـەکـان ڕاگـەیەنراوە کـە لە بواری ڕۆمـاندا خـەڵاتی یەکـەم کـە مـەدالیـایەکی زێڕ بووە دراوە بە مـامـۆسـتـا (سەعید ناکام) لەسەر ڕۆمانی (ئاگری بن کا) و خەڵاتی دووەمـیش کە سـەعـاتێکی دەست بووە دراوە بە خـاوەنی ئەم ڕۆمـانە (مـحـەمـەد مـەولـوود مـەم) لەسـەر ڕۆمـانی (کـاروانی گـەنم) کـە بەشی یەکـەمی ئەم ڕۆمـانەیە و ئەوسـاکـە مـەم وەک لە سـەرەتای ڕۆمـانەکـەشدا لەدوای پێـشـەکی ناوی لەم بەشـە ناوە (قـۆناخی یەکـەم-کاروانی... گەنم)«٣»... بەڵام لیژنەکە خەڵاتی سێیەمی ڕۆمانی ڕانەگەیاندووە.

بەهەرحـاڵ لێرەدا بایەخی ڕۆمـانەکـە لەوەدا دەبێت کـە وەک تۆمـارێـک دەخرێـتـە ناو کـتـێـبـخـانەی کـوردی و خـەرمـانی ڕۆمـانی نووسـراوی کـوردی پێ دەوڵەمـەندتر دەبێت بەڵام ئەگـەر ڕۆمانەکە وەک لە ساڵانی حەفتاکان نووسـراوە و بەشـداری گـرەوی کـردووە و خـەڵاتیـشی وەرگـرتووە زۆر زیاتر دەبوو کـە لەسـەردەمی خـۆیدا چاپ بکرابوایە ئەگـەرچی ڕۆمـانەکـانی تریش هەر بەم دەردەوە چوون چونکە (ئاگری بن کا)ش هەر دوای ڕاپەڕین چاپ کـراوە و لەکـاتی خـۆیدا چاپ نەکـراوە و ئەم ڕۆمـانانەی دیکەیش کە بەشداربووینە لە گرەوەکە هیچ ئاسەوارێکیان نەمـاوە دەنا بـۆ تۆمـاری ڕۆمـانی کـوردی نووسـراو چەند خشـتـێکی تریان دەنایەسـەر مـاڵی ڕۆمـانی کـوردی، هەر بۆیەش دەبینین لەم لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی ڕۆمـانی کـوردی نووسـراون و بە تایبـەتیش نامـەکـانی مـاسـتـەر و تێـزەکـانی دکـتـۆرا کـە هەموویان خـۆیان لە شـەش نـامـەدا دەنوێنن و وەک نـامـەی خـوێندنی باڵا لە ئەدەبی کـوردیدا پێشکەش کراون... دەبینین لەم نامانەدا هیچیـان باسی (ڕێـگـا)ی مـحـەمـەد مـەولـود مـەم و (ئاگـری بن کـا)ی سـەعـیـد ناکـامـیـان نەکـردووە وەک دوو نموونەی هونەری

ڕۆمانی کوردی ساڵانی حەفتاکان، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم دوو ڕۆمانە کە ئێمە لێرە باسی ڕۆمانەکەی (مەم) دەکەین دوای ڕاپەڕین چاپ کراون، بەڵکو چاپی تەواو و دروستی ڕۆمانەکەی (مەم) چاپی دووەمیەتی کە لە ساڵی (٢٠٠١)دا زنجیرەی ژمارە (٤٣) چاپکراوەکانی دەزگای (ئاراس)ی بەرکەوتووە... بێگومان نامەی ئەکادیمیش پشت بە بەرهەمی چاپکراو دەبەستێ نەک نووسراو بۆیە دەبینین لەشەش نامەکانی خوێندنی باڵای کوردیدا (١٨) دەقی ڕۆمانی کوردی خراونەتە بەر تیشکی لێکدانەوەی ئەکادیمی خاوەن ئەو نامانە«٤».. بێگومان ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەکاتی خۆی چاپ بکرابوایە ئەوا لەم بڕوایەدام لە زۆربەی ئەم نامانەدا تیشکی لێکۆڵینەوەیان دەخرایە سەر.

هەربۆیەشە من لەلای خۆمەوە دەمەوێ لایەنی هونەری ئەم ڕۆمانە باس بکەم ئەگەرچی درەنگ وەختیشە بەڵام دڵنیام بایەخی خۆی دەبێت، چونکە بۆ سەردەمی خۆیدا کە ساڵانی حەفتاکان نووسراوە زۆر شتی نوێی کردووە و بەزمانێکی کوردی جوان و ڕەوان نووسراوە، بەڵام چی بکەین ئێستاکەش دەتوانین گەلێک لایەنی هونەرکاری لەم ڕۆمانەدا بدۆزینەوە کە ئێستاشی لەگەڵدابێت لە ڕۆمانی کوردیدا نوێن هەر بۆ نموونە ئەم ڕۆمانە یەکەم ڕۆمانی کوردییە لە کوردستانی عیراقدا کە بە تەکنیکی چیرۆک لە ناو چیرۆک نووسراوە جیا لە گەلێک لایەنی دیکەی هونەری کە لە ڕێڕەوی باسکردنی ڕۆمانەکەدا باسیان لێوە دەکەین.. ئەمەش بۆ (مەم)ی ڕۆشنبیر و ئاگادار و نوێکار شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە خۆشی لە چاوپێکەوتنەکانیدا و ئەو برادەرانەشی کە لەگەڵیدا ژیاون باسی ئەوە دەکەن کە (مەم) کاریگەرییەکی زۆری ئەدەبی ڕۆژئاوای لەسەر بووە، بەتایبەتی ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین و ئەدەبی ڕووسی و ئینگلیزی و عەرەبی و هی دیکەیش.

### هونەرکاریی ڕۆمانی ڕێگا

بۆ یەکەم جار لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆماننووس (پێشەکی) بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە ئەمەش وای کردووە کە خوێنەر بەشێوەیەکی ئاسایی بخزێنێتە ناو ڕۆمانەکە و لە هەمان کاتیشدا لەناو پێشەکییەکەدا هونەری چیرۆک لەناو چیرۆک دادەمەزرێنێ.

بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆک کە ئەمەش هەر دەستپێشخەرییە لە ڕۆمانی کوردیدا بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا.. پاڵەوانی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس خۆیەتی کە لەم پێشەکییەدا ڕۆڵی



محەمەد مەولوود مەم

فەرمانبەرێکی باج وەرگر دەبینێ و ڕوو دەکاتە ئاشەکەی مام بریندار لەوێ دوای ئەوەی مام بریندار چیرۆکی مام حەمەدی بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ ئەم دیوە هاتووە و دواییش چۆن شەوێک خواحافیزی لە مام بریندار دەکات و بزر دەبێ بۆ بەیانی خەڵکی گوند بە دوایدا دەگەڕێن کەچی نایدۆزنەوە و لەناو ئەم بارودۆخە فانتازیا ئامێزەدا دوای ئەوەی لێی بێ ئومێد دەبن و تا ساتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەش لێی دەگەڕێن بەم جۆرە لەوێوە مەم دروستکردنی چیرۆک لەناو چیرۆکدا جوان دەچنێ.. با وەک خۆی بینووسینەوە بزانین چۆن دەمانخاتە ناو لاپەڕە نووسراوەکانی ئەم ئاشەوانە و دواییش ڕۆمانەکە لەسەر زمانی ئەو دەگێڕدرێتەوە و بەناوی (کاروانی گەنم) دەست بە گێڕانەوە دەکات و (من)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە و چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ لە وەرگری باجەوە دەگوازێتەوە بۆ حەمەدی ئاشەوان.. بەڵام لەناو چیرۆکبێژیشدا دەنگی مەم دەناسرێتەوە و هەست دەکرێ کە ڕۆماننووس بۆ مەبەستی هونەری ڕۆمانەکە ئەم کارەی کردووە.. مەم زۆر هونەرییانە چیرۆک لەناو چیرۆک لەناو پێشەکی ڕۆمانەکەدا دروست دەکات و لەلاپەڕە (٦)دا دەڵێ «کە گەڕاینەوە گوندیش.. مام بریندار سندووقێکی تەنەکەی ڕەنگکراوی لە بنەبانی ژوورەکەی دەرهێناو پێی گوتم:

– ئەمەش ئەمانەتێکە.. ئاشەوانەکە لەلای من بۆ تۆی داناوە. لەگەڵ سەرسووڕییێکی تەواو سەری سندووقەکەم هەڵدایەوە، ئەم چەند لاپەڕە نووسراوانەی کە تێیدا

بوون.. ئەوەندەی هەڵگێــڕ و وەرگــێــڕم كــردن.. چ نیــشــانەییێک.. یا ناوێکم نەدۆزییــەوە کــە ئەو کــاک حەمەدی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ.

چونکە ئەمانە پیرۆزە.. دەبێ مرۆ ڕێزی لێ بنێ، ئەوا لێــرەدا بەدواوە.. لاپەڕە نووســراوەکــانی ئەو ئاشــەوانە دەخەمە پێش چاوتان، وەکو بۆی دەچم دەبێ ئەو لاپەڕانە نوێشکی بیروباوەڕو بەشێک لە ژیانی ئەو ئاشەوانە وێڵ و... بێ سەر و شوێنە بێ.

دەفەرموون بۆ خوێندنەوەی لاپەڕە نووسراوەکان.»).

بایەخ پێدانی لە ڕادەبەدەر بە شوێن بەتایبەتی کە بۆ مرۆڤی کورد دەبێتە قەدەر و چارەنووسی دەخاتە دەست ئەمبەر و ئەوبەری نێوان دەوڵەتانی سەرسنوور بەمەش (مەم) ئاشەکەی کردووە بە هێمایەک بۆ قەدەری مرۆڤی کورد کە هەمیشە بەدەست سروشتەوە ناڵاندوویەتی، ئەم سروشتەی کە سنوورە دەستکردەکان دەبەزێنێ وەک لەم ڕۆمانەدا ڕووبارەکەیە کە شوێنی ئاشەکە دەگۆڕێ و دواییش هەر دەبێ خۆی خاوەن ئاشەکە کە مرۆڤی کوردە باجەکەی بدات.. (مەم) دیارە زۆر شەیدای ئەم سروشتە جوانەی کوردستانە بۆیەش کە وەسفی ئەم سێکوچکەی سنوورە دەکات جوانی ئەم ناوچانەت بۆ وەسف دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەست بە چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد دەکەیت کە سروشتیش لەگەڵیدا سەختە.

دروستکردنی دیمەنی فانتازیا ئامێز و تەشقی خورافی ئەمەش پشت بە خەیاڵێکی قووڵ و بەرزەفڕ دەبەستێ و ڕۆماننووس خوێنەر تووشی ئەندێشەیەکی خۆش دەکات و بگرە هەست بەوەش دەکات ئەوەی کە بۆی دەگێڕدرێتەوە بەشێکە لە واقیع و بەڕاستی ڕوودەدەن من خۆم وەک خوێنەرێک هەرگیز ئەم دیمەنە فانتازییەم لە یاد ناچێ ئەوکاتەی کە لەلاپەڕە (٨٠)ی ڕۆمانەکە بەدواوە کاتێ کە ڕۆماننووس لەگەڵ قەشە ئیستیفانی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە دەمانباتە ناو دێرێ بۆ ئەوەی لە برسان عەلەشیشێک بکاتە نێچیر کەچی کە دەبینێ جەندرمەکانی عوسمانلی ئەم قەلانەیان خواردووە و قەشەش ڕوودەکاتە ئەشکەوتی سووڕەحمان ئەم ئەشکەوتەی کە لای موسڵمانەکان سووڕەحمانە و لای مەسیحییەکانیش ڕەبەن بویایە و لای هەردوو لاش پیرۆزە، ئینجا قەشە لەم ئەشکەوتە لەبەرخوا دەپاڕێتەوە تا خوای گەورە دوعاکەی قبوڵ دەکات و جەندرمەکان دەکاتە عەلەشیش و دواییش قەشە بەدوایان دەکەوێ تا یەکێکیان بگرێ، بەڵام بێسوودە و بەرەو چیای سەفین هەڵدەفڕن و قەشەش هەر بەدوایانەوەیە تا لەبەرچاوی ون دەبن و دەبن بە نوقتەی ڕەش لە ئاسمان.. یان کاتێ لەلاپەڕە (٣١)ی ڕۆمانەکەدا ئەم دیمەنە ئەفسانەییە دروست دەکات کە خەلیفە سەرسۆر لە ڕقی شەماشە سوولاقە و بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دینی ئیسلام لەسەرحەقە خۆی داوێتە ناو کوورەی ئاگر و دەتوێتەوە.. ئیتر شەماشە سوولاقە موعجیزەکە دەبینێ کە بەدرێژاییدا دەڕواو بزر دەبێ و بەچیای سەفیندا دەڕوات و کەسیش نازانێ چی لێهات؟ یان دروستکردنی ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە کە لەسەر شێوەی گیانداردا دەیخاتە ڕوو بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩٨)ی ڕۆمانەکەدا دەعبایەک دێنێتە ناو گوندەکەیان کە پێیان دەگوت (سەرهەڵقەنە) یان وەک لاپەڕە (١٠٠)ی ڕۆمانەکە کە زەلامە گورگەکانی سەید ڕەسووڵ پەیدادەکات.. ئەم ڕووداوانەش لە کوردەواریدا هەنە و بیستراون، بەڵام ڕۆماننووس بەدەربڕینی خۆی و بیرۆکەی خۆیەوە دەگەڵ سیاقی ڕۆمانەکەدا دەیانگونجێنێ ئەمانە و دەیان دیمەنی فانتازیایی کە ڕۆماننووس لەگەڵ ڕووداوە مێژوویی و واقیعییەکاندا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتریان دەکات، هەم بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و دەربازبوون لە گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان و هەمیش بە مەبەستی هونەری جوانییەکی دیکە بەگێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەدات و خوێنەر لە بێزاری ڕزگار دەکات.

بەکارهێنانی دیالۆگ کە شان بە شانی گێڕانەوەی بەردەوامی ڕۆمانەکە ناوە ناوەش ڕۆماننووس پشت بە دیالۆگ دەبەستێ هەر بۆ نموونە دیالۆگی بەردەوامی نێو پاسەکەی تۆماس کە سەرنشینەکانی هەر لە شەقڵاوەوە تا دەگەنە هەولێر لە گفتوگۆدان لەگەڵ یەکتر و چیرۆکبێژیش بۆ هەر یەکێکیان چیرۆکی جیاجیا دروست دەکات کە زۆربەشیان چیرۆکی هەژاری و برسیەتی و چەوسانەوەن و ئێش و ئازاری میللەتی کورد بە دەردەخەن و تێکەڵ بە گێڕانەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەبنەوە.

سوود وەرگرتن لە تەکنیکی سینەمایی ئەمیش بە هۆی مۆنتاژی کات و شوێنەوە یا بەهۆی ئەم وەسفە جوانانەوە کە ڕۆماننووس چەندان دیمەنی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی کامێرایەکی پێبێت و لەقتەکان بەجوانی لە شێوەی سینەما نیشانی خوێنەر بدات، هەر بۆ نموونە ڕۆماننووس لە وەسفی پاسەکەی تۆماسدا کامێراکەی بەجوانی وێنەی ئەم دیمەنانە نیشان دەدات کە چۆن پاسەکە بەسەر لۆفەکانی پیر مەمدا هەڵدەگەڕێ ودواییش چۆن گرتەکان بۆ ناو پاسەکە و دیالۆگی سەرنشینەکان دەگوازێتەوە.. یانیش کاتێ کە ڕۆماننووس لە باسکردنی ڕێگای دوورو درێژی شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و ئەوکەسانەی کە لەگەڵیدان وەک دایکی و مەلا حەمید و

خەڵکانی دیکەی گوندەکەی کاتێ بەدەم ڕۆیشتنەوە یەکەیەکە دیمەنی ئەو شوێنانە وەسف دەکات و وەک چاوی کامێرا چیاو ڕێگاوبانی کە پێیدا دەڕۆن و ئەو شوێنانەی کە دەیانبینن و شوێنی ڕووداوەکانن لەگەڵ گێڕانەوەدا وەک گرتەی سینەمایی و مۆنتاژی کات و شوێن ڕۆماننووس بە هەموو وردەکارییەکەوە ئەم دیمەنانە وێنە دەکێشێ و دەیخاتە پێش چاوی خوێنەری ڕۆمانەکە.

بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش کە ئەمەش لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لە زۆر شوێندا لەناو گێڕانەوەی شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا پەنای بۆ بردراوە بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە بە فلاش باک بۆ ڕابردوو و سەردەمی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە یان ئەوکاتانەی کە یادگارییەکانی وەبیردێنەوە هەر بۆ نموونە دەبینین ڕۆماننووس لەلاپەڕە (١٧٦)ی ڕۆمانەکەدا خۆشی سەری لەوە سوڕماوە کە چۆن لە ساتێکی کەمدا ئەم هەموو ڕووداوانەی بە مێشکدا گوزەر دەکەن وەک بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێ: «سەرم لەوە سوڕمابوو.. کە چۆن بەو ساتە کەمە.. کە لە چەند چرکەیێک پتر نەبوو.. ئەو هەموو ڕووداوانە... ئەم عالەمە پڕ جۆش و جەنجاڵەم هاتنەوە بیروخەیاڵ و مێشک، وجوودم گەڕایەوە ناویان، گۆڕانێکی وایان هێنایە سەرم کە لە بارێکەوە بۆ بارێکی زۆر زۆر جیاواز.. ڕەکێشم بکەن:

- لە ئایشە گوڵەوە.. تا نەخشین!
- لە منداڵییەوە... تا هەرزەکاری!
- لە ئاوانی شیرەوە.. هەتا ویستی لەش!
- لە باوەشی دایکەوە... تا سێکسی..!
- لە مەمکەوە... بۆ مەمک...!

وە بە ڕەنگێک ڕژانە ناوەوەم و کێشامیان و کێشامیان... بەسەر هەزار قەوماوی جەرگبڕ و پڕ کۆست و ئازار.. هەزار هەڵوێستی تاڵ و سوێر و پڕ مەترسی و ژان، لە ئەنجام.. لە ڕۆخ یاخیبوونەکەی عەمەری سلێمان و.. هاوڕێیەکانی.. لەنگەریان پێگرتم..»..

زۆر جاری تریش بەهۆی چەند گوزارشتێکی وەک (ئەوساکە منداڵ بووین، جاران حەزم دەکرد، بە بیرم دێ، کە منداڵ بووم...تاد) بە فلاش باک و مۆنتاژی کات و شوێن و تەداعی شەپۆلی هۆش گێڕانەوەکە لە گێڕانەوەی ئاساییەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی گێڕانەوە دەگۆڕێ.

ئامادەیی مێژوو وەک کەرەستە و تۆمار و مەزراندن و سوود لێوەرگرتنی لە دروستکردنی و ڕەوایی و پیشاندانی ڕووداوەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵی ڕۆماننووس کە بێگومان ئەم دیمەنە تراژیدیانەش ناکرێ لە یاد بکرێن بەڵکو ڕووداوی وەهای تێدایە دەکرێ بکرێن بە ڕۆمان و چیرۆک و فیلم و شانۆش.. جا چونکە مرۆڤی کورد ئێش و ئازاری زۆری دیوە بۆیە ئەم ڕووداوانە هەرگیز لێی دانابڕێن و ڕۆماننووسیش چونکە وەک مەم خۆی گوتەنی «چیرۆکنووس شایەدی چەرخی خۆیەتی» بۆیە لێرەدا ناتوانێ ڕۆڵی مێژوونووس ببینێ، بەڵام دەتوانێ بیانکات بە کەرەستەی نووسینەکانی خۆی و بەڵکو دەشتوانێ لەبەرهەمەکانیدا بشیانمەزرێنێ..

بەهەرحاڵ لەم ڕۆمانەدا ڕووداوە مێژووییەکان پێکهاتەی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکبێژن، بەڵکو سیمەی سەرەکی ڕۆمانەکە باسکردنی ساڵانی گرانییە کە خەڵکی چۆن بەدەم برسییەتییەوە کاروانی گەنم دەگرنەبەر یانیش تۆمارکردنی ئەم دیمەنە تراژیدیا ئامێزانە کە باب و باپیرانمان لە ساڵانی گرانیدا بینیویانە و دەماودەم بۆمانیان گێڕاوەتەوە وەک منداڵ فرۆشتن لە برسان و دابڕان لە کەس و کارو خواردنی سەگ و پشیلە لە برسان وەک لەلاپەڕە (٢٤٢)ی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس ئەم دیمەنانەی جوان کێشاوە.. ئەمانەش هەموو پەیوەستن بەهۆکاری ترەوە واتە برسیەتییەکە بە بوونی شەڕەوە دەبەستێتەوە بەتایبەتیش هاتنی سوپای داگیرکەری ڕووس و عوسمانلی و دواییش هاتنی سوپای ئینگلیز بە بیانووی ڕزگارکردنی خەڵک لە دەست ئەڵمانیای نازی ئەمەش لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا باس کراوە بەتایبەتی لاپەڕە (٢٣٨)ی ڕۆمانەکە.. هەمدیس نیشاندانی ململانێی هەردوو داگیرکەری ڕووس و عوسمانلی و هەردووکیان بەردەبوونە کورد و بە لایەنگری لاکەی تریان دادەنان و خۆشیان بە ڕزگارکەر حیساب دەکرد و ئەنجامەکەیشی مرۆڤی کوردی بەستەزمان زەرەرمەند و چەوساوە دەبوو.. ئا ئەم دیمەنانە مێشک و هزری مەمیان هەراسان کردووە بۆیە (مەم) بە چەند تاقە دیمەنێک ناوەستێ بەڵکو باسی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان و ڕووخانی کۆمار و قازی محەمەد و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەنجان و ڕێکخستنە نهێنییەکانی قوتابیان دژی داگیرکەر و سەردەمی شانشینی عیراق و تا یاخیبوون و دروستبوونی شانە چەکدارەکانی پێشمەرگە و ڕووکردنە چیاکان دەکات.

تێکەڵکردنی میسۆلۆژیا و بیروباوەڕی خەڵک کە هەندێکیان وەک چیرۆک و ڕووداو تێکەڵ گێڕانەوەی سەرەکی دەکرێن و هەندێکیشیان وەک ئاماژەیەک تەنیا وەک بیروباوەڕی خەڵکی ئەم سەردەمەی کە ڕووداوەکانیان تێدا دەگێڕدرێتەوە و ئەمانیش دەماودەم گێڕدراونەتەوە و بووینەتە بەشێک لە بیروباوەڕی خەڵک وەک ئەوەی هەندێک کات و شت هەن نەگبەتن و

هەندێک کات و شتیش هەن کە پیرۆزن.. بۆ نموونە سێشەممە شوومە کەچی چوارشەممە پیرۆزە بۆیەش سێشەممان لای کورد سەرتاشین باش نییە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٢٦)دا چیرۆکێکی دیکە لەسەر شوومی سێشەممە دەخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەی سەرەکی یانیش لەو باوەڕەی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە وەک لەلاپەڕە (٤٦)دا ڕۆماننووس باسی کردووە کە لای وایە ئەوەی حەوت کوڕی هەبێت ئەوا لە ڕۆژی قیامەت هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە.. یا گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی کە شەیتان کوێرە و پاشان وەک لەلاپەڕە (٤١)دا بە چیرۆکی ململانێی نێوان ئیمامی عەلی و شەیتانی کوێرە دەگێڕێتەوە.. یانیش وەک لەلاپەڕە(٣٧)دا باوکی شێرکۆ کە نەخۆش دەکەوێ مەلا سەعیدی خاوەن جنۆکە دەهێننە لای و ئینجا ڕۆماننووس دەمانباتە ناو باسکردنی جنۆکەی ڕەش و جنۆکەی سپی و باوەڕپێهێنانی لای خەڵکی جاران و چۆنیەتی چاکبوونەوەی نەخۆشی.. ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە.

مەزراندنی فۆلکلۆری کوردی بە هەموو لقەکانییەوە هەر لە تێهەڵکێشکردنی هەقایەتەکانی داپیرە یا گێڕانەوە و دروستکردنی چیرۆکی هەقایەتئامێزی چەشنی هەقایەت و بەسەرهاتی ئەفسانەیی و خورافی و تێکەڵکردنی بەیت و بەسەرهاتی کوردەواری و لاوک و حەیران و بەستە و پەند و مەتەڵ و گۆرانی فۆلکلۆری و دیاری منداڵان و دروستکردنی دیمەنی ئەفسانەیی کە لە نووسینێکی دیکە بە درێژی ئەم مەزراندنانەمان باس کردووە و لە وردەکاری هونەریشی دواوین.

خۆ ئاشکراکردنی ڕۆماننووس لە خوێنەر، ئەمەش لە تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆکدا تەواو چیرۆکنووس یا ڕۆماننووس خۆی ئاشکرا دەکات، هەروەها لە بەکارهێنانی تەکنیکی (میتاڕۆمان)یشدا چیرۆکنووس یا ڕۆماننووس باسی هونەری ڕۆمان دەکات و خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات و پرسیاریشی لێدەکات و هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە، بەڵام لێرەدا ڕۆماننووس وەک چۆن لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆکی بەکارهێناوە، لێرەش جارێکی تر خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و هەست دەکرێ کە چیرۆکنووسێک هەیە ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا دەگێڕدرێنەوە ئەو دەیاننووسێ و دواییش بەهۆی باسکردنی ئێسترەکەی شێخ ڕەزا دەزانرێ کە ئەوە ڕۆشنبیری ڕۆماننووسە بەدیاردەکەوێ، ئەگەرچی لە چیرۆک و ڕۆمانی ئاساییشدا زۆر جاران ڕۆشنبیری چیرۆکنووس یا ڕۆماننووس هەستی پێدەکرێت وەلێ لەژێر تارمایی یا بە ناوی کەسانی ناو چیرۆک یا ڕۆمانەکەوە قسەکانی خۆی یا یادەوەرییەکانی یا تێڕوانینی خۆی یا جیهانبینی خۆی دەخاتە ناو دەقەکەوە، بۆ بەڵگەی زیاتریش ئەگەر تەماشای لاپەڕە (١٢٧)ی ڕۆمانەکە بکەین دەبینین خۆ ئاشکراکردنەکەی دیارە وەک دەڵێ «پاسەکەی... (تۆماس)... شتێکی یا بابڵێم... دەعبایێکی.. سەیر بوو، ئەگەر بێتو کەمێک باسی نەکەم پێم وایە ستەم دەکەم و لایەنێکی گرنگ لە تابلۆی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەشێوێنم و ڕەشی دەکەمەوە. ئەوەی ئەو پاسەی دیبوایە.. یەکسەر ئێسترەکەی شێخ ڕەزای خوالێخۆشبووی دەهاتەوە یاد!!.. ئەو ئێسترەی.. میر.. بە دیاری و بە سەد منەتەوە بۆی هەناردبوو، لەگەڵ جیاوازییێک کە پێوەندی بەلایەنی بایۆلۆجی و تەکنیکەوە دەبێ!!..

پاسەکە ئەگەرچی منەتێکی بەسەر تۆماس شوفێر نەڕشتبوو ئەمیش وەک ئێسترەکە... بە پاڵدان و ڕاکێشان نەبوایە.. هەڵنەدەستا،... تاد».

### ئەنجام

ئەم خاڵانە دەستنیشانکردنی تەکنیکە بەرچاوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، بێگومانیش لە تەکنیک و هونەرکاری دیکەیش بەدەر نییە، بەڵام ئێمە مەبەستمان بوو لایەنە دیارەکانی بخەینە بەر دیدی خوێنەران ئەگەرنا دەکرێ باسی شێوازی نووسین و فەلسەفە و مەغزا و جیهانبینی ڕۆمانەکەش بکرێت یا وەک خوێندنەوەی نوێ جارێکی دیکە بخرێتە بەر نەشتەرگەری و بونیادەکانی شاراوەی بەدەربخرێت و هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەش بۆ خوێنەر و توێژەری دی لێدەگەڕێین، چونکە دڵنیام ئەم ڕۆمانە شایەدی هەوڵ و شەونخوونی و ڕۆشنبیری و ئاگاداری (مەم) نیشان دەدات و هەرچەندیشی لەسەر بنووسرێت هێشتاکە هەر کەمە، خۆ ئەگەر حیسابی سەردەمی نووسینەکەیشی بکرێت کە ساڵانی حەفتاکان نووسراوە و پێشکەشی گرەوی ئەدەبیشی کردووە و خەڵاتیشی لێ وەدەست هێناوە ئەوا زۆر تەکنیک و هونەرکاری دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەبوو بە دەستپێشخەر لە ڕۆمانی کوردیدا، زمانی نووسینەکەیشی بۆ ئەم سەردەمە و هونەرکاری ڕۆمانەکە گەلێک لە هەڵسەنگاندنەکان دەگۆڕن، بەڵام دیارە وەک لەسەرەتا باسمان کرد لەبەر درەنگ چاپکردنی وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و لە نامە ئەکادیمییەکانیش باسی نەکراوە.. بەڵام دڵنیام چەندان ساڵی تریش بێناز بمێنێتەوە ئەوا ڕۆژگار دەیسەلمێنێ کە ڕۆمانەکە

شاكارێكی ئەدەبی كوردییە و نووسەرەكەشی هەم داهێنەر و هەمیش وەک چیرۆكنووسێكی بەرەی میللەت شاهێدی چەرخی خۆی بووە و عاشقی میللەتەكەی و ئەدەبیاتی میللەتەكەی بووە، بێگومان خوێنەرانیش كە ئەم ڕۆمانە دەخوێننەوە سەرنج و ڕا و تێبینی دیكەیان هەیە ڕەنگە هەندێک بیروڕاو خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاشیان لەگەڵ مندا هەبێت، ئەمەش زیندوویی و سەركەوتنی دەق نیشان دەدات، چونكە دەقی مردوو خوێنەر تاقەتی نییە نەک هەر بیخوێنێتەوە، بەڵكو تەماشاشی بكات.

**زستانی ٢٠٠٥ / هەولێر**

**پەراوێزەكان:**

١- بڕوانە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نووسەری كورد، نیسانی (١٩٧١)، ل٧٦.

٢- بڕوانە ژمارە (٣)ی گۆڤاری نووسەری كورد، ئابی (١٩٧١)، ل٨٤.

٣- ئەم ڕۆمانە تەنیا ئەم بەشەی نووسراوە كە (مەم) ناوی ناوە (كاروانی گەنم) و وەک لە سەرەتای ڕۆمانەكەش ئاماژەی پێداوە و هەر بەم ناوەش كاتی خۆی بەشداری گرەوی ڕۆمانی كردووە.. (مەم) خۆی باسی ئەوەی دەكرد كە (ڕێگا) بكات بە سێیانە و حەزی دەكرد دوو بەشی دیكەشی بۆ بنووسێ، بەڵام داخەكەم ئەو خەونەی بردە ژێر گڵەوە.

٤- بڕوانە د. عادل گەرمیانی، هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی كوردی لە خویندنی باڵای كوردیدا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٨٨-١٨٩)، ل١٢.

**سەرچاوەكان:**


١- د. عادل گەرمیانی، هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی كوردی لە خوێندنی باڵای كوردیدا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٨٨-١٨٩)ی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی ساڵی (٢٠٠٤).

٢- گۆڤاری نووسەری كورد، ژمارە (٢)ی نیسانی (١٩٧١)، بەغداد، چاپخانەی دارالزمان.

٣- گۆڤاری نووسەری كورد، ژمارە (٣)ی ئابی (١٩٧١)، بەغداد، چاپخانەی دارالزمان.

٤- محەمەد مەولوود (مەم)، ڕۆمانی ڕێگا، چاپی دووەم، بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی (ئاراس) زنجیرە (٤٣)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (٢٠٠١).

# ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی تۆماری لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا

د. عادل گەرمیانی
(زانکۆی بەغدا- کۆلێژی زمان)

(٢ - ٢)

لە ڕۆمـانی «کـانگای بەڵا»ی حسـام بەرزنجـیـدا(*) پاڵەوانەکە هیچ ڕۆڵێکی لە گۆڕینی ژیانە ناهەموارەکەی خۆی و کۆمەڵەکەی نییە، بەڵکو زیاتر وەکو مرۆڤێکی بێ دەسەڵات هەڵسوکەوت دەکات بەرامبەر نەخشە و پیلانەکانی نەزیرەی باوەژنی و خورشیدی زڕبرای بۆ دەست بەسەراگرتن بەسەر سامانەکەی ڕۆستەمی باوکی.

کەسێتی دارا، هەرچەندە ماوەیەک فەرمانبەر دەبێ و خاوەن ئاستێکی بەرز نییە لە بواری ڕۆشنبیریدا، بەڵام لە ناخەوەی بەدەست ئارەزووی نواندنی هەڵسوکەوتی بورژوازیانە تووشی گیروگرفتی زۆر دەبێ، هەر ئەم ئارەزووەش دەبێتە هۆی لەدەستچوونی هەلێکی باش پاش زیز بوونی سەرگوڵ و دوورکەوتنەوەی کاتێک بۆی دەردەکەوێ مەبەستی دارا تەنیا ئابروو بردنەکەیەتی، نەک ئەڤینداریێکی بێ گەرد. ڕاستە سەرگوڵ ڕۆڵێکی وریاکەرەوە و ڕەخنەیی لە ژیانی دارادا دەبینێ، بەڵام ئەم ڕۆڵەی زۆر ناخایەنێ و لە ڕووداوەکانی ژیانی دارادا دوور دەکەوێتەوە و لە کۆتایی ڕۆمانەکە و لەنێو خەستەخانەکە وەکو پزیشکێک لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی دیسانەوە چاوی بە دارا و جەستە تووشبووەکەی بەنەخۆشی سوزنەک دەکەوێ و ئەوسا بۆ بنبڕکردنی کانگا بەڵاکانی نێو کۆمەڵەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا پێویستیان هەیە بە «شۆڕشێکی زۆر زۆر خوێناوی لێ بەرپا بێت» (١٤).

لاوازی و بێ هێزی کەسێتی دارای زیاتر بۆ کەسی ڕادەی لێپرسراوێتییەکەی لەنێو خێزان و کۆمەڵەکەیدا دەگەڕێتەوە، کەوا ڕازی دەبێ بەکاری کابانی ناوماڵ هەڵبستێ وەکو نەزیرەی باوەژنی داوای لێ دەکرد، هەروەها هیچ بەرهەڵستییەکی کاریگەر بەرامبەر سپاردنی ئەرکی بەڕێوەبردنی کارگەی کاشیەکەیان بە خورشیدی زڕبرای نانوێنێ.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەربەدەری ژیانی دارای پاڵەوان و شاکەس پیشان دەدات، تەنانەت نامۆیی پاڵەوانەکە لەنێو خێزان و کۆمەڵەکەیدا، بەهۆی ڕەفتارە ناپەسەندەکانی خۆی و کەسانی دەوروبەری، دەگاتە ڕادەی ماڵ بەجێ هێشتن و ژیان بەسەر بردن بە تەنیایی لەنێو خانوویەکدا زیاتر بۆ ڕابواردن و کاری فسووقی خۆی تەرخانی دەکات. ئەم جۆرە کارانەی دەبێتە هۆی زیاتر نزیکبوونەوەی دارا لە جەماعەتی مازن و سەرهید و ژاڵە، کەوا ئەوانیش هەمان هەستی نامۆیی لە دەروونیاندا بەرامبەر ژیانە بورژوازیەکەیان لەنێو کۆمەڵەکەیاندا هەیە و ئەنجامی نامۆیی ئەم جەماعەتە دەگاتە ڕادەی کاری قاچاغچی کردن بە شتومەکی زۆر قەدەغە کراو و ئەوسا بەهۆی تێکچوونی پێوەندی نێوانیان ژاڵە خەبەر لە دەستیان دەدا، لە لایەن پۆلیسەوە دەگیرێن. لە دوو توێی ئەم ناوەڕۆکە هەندێ ڕەخنە ئاراستەی چاوچنۆکی مرۆڤی دەوڵەمەند کراوە، کەوا

خەمی سەرەکیی ژیانیان تەنیا فراوانکردنی دەسەڵاتە ئابووریەکەیانە بێ ئەوەی بایەخ بە بەها کۆمەڵایەتیەکان بدەن. هەروەها ڕەخنەش لە چەوساندنەوەی هەژارەکان کراوە کاتێ دارا بە چاوێکی نزمتر دەڕوانێتە کەسێتی سەرگوڵ و هەروەها لە هەڵسوکەوتی خورشید و بیلال لەگەڵ دانیشتوانی خانووە قوڕەکاندا. ئەم جۆرە ڕەخنانە لەلایەن پاڵەوانەکەوە نەکراوە و گەورەترین خەمی دارا تەنیا ژیان بەسەر بردنە لەنێو کۆمەڵەکەیدا بەشێوەیەک لەگەڵ خولیا و ئارەزووی مرۆڤێکی بورژوا بگونجێ و هیچ خەمێکی گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵەکەی ناخوات. لێرەوە سروشتی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ سروشتی ڕۆمانی ڕیالیزمی تۆماری دەگونجێ، کەوا تێیدا بایەخ بەم جۆرە کەسێتییە دەدرێت لەگەڵ دەرخستنی هەندێ لە ناکۆکیەکانی کۆمەڵەکە. تەنانەت قەناعەتی پاڵەوان زۆر بە جوانی لەنێو ئەو بۆچوونەی دەرخراوە کاتێک دەڵێت: «نە بە تێرکردنی چاو برسییەک ئەو خەڵکە تێر دەبێ و نە بە گیرانی کۆمەڵێکی ئاوا بۆگەن لە دز و ناپاکان پاک دەبێتەوە و نە بە چاکبوونەوەی نەخۆشێکی کوشندەش کۆمەڵگایەکی ئاوا نەخۆش و دەردەدار چاک دەبێتەوە»...(١٥).

لەنێو ڕووداوەکانی ئەم دەقە چەند گرێچنێکی لاوەکی هەیە و ئەنجامی هەموویان هەر بە کاری نادروست دەگات. بۆ نموونە پێوەندی نێوان ڕۆستەم و بیلال، کەوا لەسەر هەندێ هەق و حیسابی کۆنی نێوانیان جۆرە هەڕەشە و گوڕەشەیەک سەرهەڵدەدات و ئەنجامەکەی سەرهەڵگرتنی ڕۆستەم لەنێو ماڵەکەی دەبێ بەرەو شوێنێکی نادیار پاش ئەوەی نەزیرەی ژنی و خورشیدی کوڕی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە ئاشکرا خیانەتی لێدەکەن و پشتی لێدەکەن و لەگەڵ بیلالدا دەست تێکەڵ دەکەن.

هەروەها پێوەندی نێوان دارا و ژاڵە بە دەستەوەدانی ئەندامانی جەماعەتی ئاودیوکردنی تریاک و شتومەکی قەدەغەکراو کۆتایی دێت پاش ئەوەی ژاڵە خەبەر لەدەستیان دەدات. ئەم دوو گرێچنە لاوەکییە زیاتر خزمەتی تیشک ئاراستەکردن بەسەر شا ڕووداوی ڕۆمانەکەی کردووە، کەوا دەربەدەری پاڵەوانەکەیە پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێ کەوا نەزیرە باوەژنێتی و خورشید زربرایەتی و حەز ناکەن شەریکیان بێت لە سامانە بە فرتوفێڵ کۆکراوەکەی ڕۆستەمی باوکی.

سروشتی گرێچنی ئەم ڕۆمانە، کەوا ئاوێتەیی نییە، هەرچەندە چەند کەسێکی سەرەکی تێدایە. لەسەر جۆری گرێچنی کەسێتی بونیات نراوە و شاگرێی ڕۆمانەکە بریتییە لە نهێنی زربرایەتی نێوان داراو خورشیدە، کەوا لە پاش پەردە هەڵماڵین، بە یەکجاری لە لایەن ڕۆستەمی باوکیانەوە لە بارەی ڕاستی ئەم نهێنییە ئیتر دارای پاڵەوان لە خێزان و کۆمەڵەکەی دادەپچڕێ و دەبێتە مرۆڤێکی نامۆ، هەرچەندە ڕۆستەمی باوکیان زیاتر لە جارێک دەیویست ئەو نهێنییە بۆ داراو خورشید ئاشکرا بکات، بەڵام بەرهەڵستکاری نەزیرە دەبێتە گەورەترین کۆسپ لە بەردەم ئەو ئاشکراکردنە. ئەم کۆسپەش بەرە بەرە کەنار دەگرێ کاتێ بیلال لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە و لە نزیکەوە هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی دەکات. پەردە هەڵماڵین لەم نهێنییە دەبێتە زیاتر پەرەوازە بوون و نامۆیی دارای پاڵەوان.

کەسێتی دارا وەکو مرۆڤێکی بێ توانا لەنێو کۆمەڵەکەی خراوەتەڕوو، تەنانەت هەوڵ و ڕەخنەکانی سەرگوڵ لەگەڵیاندا ناگاتە هیچ ئەنجامێک و لەپاش کردەوە خراپەکەی دارا لەگەڵ سەرگوڵدا بە یەکجاری دارا دەخزێتە نێو زەلکاوی کردەوە خراپەکانی نێو کۆمەڵەکەی. دارا لە ناخی خۆیدا عەودالی دۆزینەوەی لایەنە خراپ و باشەکانیەتی. لەم بارەوە دەڵێت: «نەمدەزانی شەڕ و خراپە لەکوێما بوو و ئەوێم بە کێردێکی دەمتیژ ببڕیبایەوە گرێ کوێرەی بورژەوام بەنێرکەوە هەڵکێشا بوایە..! نەشمدەزانی خێرو چاکە لەکوێما بوو، تا ئەوێم بکردایە بە پەرستگای دڵ و دەروونم، بمکردایە ڕووگە و ڕێنماینگەی بیروئاوەزم...(١٦) پاش ئەم ئاوات خواستنە بڕیارێکی گرنگ دەدا و دەڵێت: «بڕیارم دا... خۆ لەم خەم و پەژارە و ریسواییە ڕزگار بکەم، خۆم لە هەموو تاوانێک پاک بکەمەوە... جا بە هەر نرخ و قوربانیدانێک بێ»..(١٧)، بەڵام ئەو بڕیارەی نایاتە دی، چونکە وەکو خۆی دەڵێت: «زانیم ناتوانم بەرامبەر خۆم و هەموو دیاردە کرێتەکانی تر بوەستمەوە تا نەخۆشییە بەرچاوەکانم چارەسەر نەکەم..!..»(١٨).

ڕاستگۆیی دارا هۆکارێکی گرنگە لە دەرخستنی سروشتی کەسێتی ناخەوەی و هۆی لەبەرچاوکەوتنی، وەکو خۆی دەڵێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە «لەگەڵ کەسانی وا ڕووخاو و بەدڕەوشتدا هەڵسوکەوتم دەکرد، بێزم لەخۆم دەبووەوە. لە پرۆژەی وا ترسناکدا بەشداریم کردبوو کە هیچ پێویستییەکم بەم جۆرە کارانە نەبوو، تەنیا گرێی بورژەوام هەلایسابوو، بۆیە ئەو کوێرە ڕێیە چەوتانەم گرتبووەبەر..»(١٩). سروشتی کەسێتی دارا هەرچەندە بە کردەوەی دەرەوەیی خراپکاری دەنوێنێ، بەڵام لەگەڵ ناخی خۆیشیدا جاروبارێک لە ململانێدایە. زۆر بە

ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێت کەوا «هیچ سزایەک و هیچ ئامرازێکی پاککەرەوە ناگاتە سزاو کاریگەرییەکانی نیهاد و ناخی مرۆڤ..» (٢٠) ئەم بەخۆداچوونەوەی دارا بۆ ئاستی هۆشیاری خۆی و ڕەخنەکانی سەرگوڵ دەگەڕێتەوە، کەوا زیاتر لەجارێک ڕەخنەی لێدەگرێ. تەنانەت جارێکیان داوای لێدەکات بە خودی خۆیدا بچێتەوە و پێی دەڵێت: «پێویستە بە خودی خۆتا بچیتەوە و بیرێک لەخۆتا بکەیتەوە.. بەڵام ناشتوانی واز لە کردەوە و بیرە چەوتەکانت بێنی تا خۆت لەو خولگە بۆگەنە قورتار نەکەیت. هەتا تۆ ئاوا لەنێو بازنەی بەتاڵدا خول بخۆیتەوە، بە هیچ شتێ ناگەیت..» (٢١).

کەسێتی دارا زیاتر لە کەسێتی پاڵەوانی رووخاو «البطل المحبط» دەچێ، چونکە ڕەفتارەکانی هاوتەریبی ڕەفتارەکانی ئەم جۆرە پاڵەوانەیە، کەوا «ڕەشبین و کەمتەرخەمە... مرۆڤێکی بێ ئومێدەو لە بزاڤی کۆمەڵی دەوروبەرەکەیدا گۆشەگیرە نایەوێ ببێتە بەشێک لە کۆمەڵەکەی و کاری لێ بکات و بێ دەربەستە لە بارەی کۆمەڵەکەی پێش بکەوێ یا دوا بکەوێ و زۆرجار لە بارەی خەڵکییەوە هەڵوێستێکی خراپ دەنوێنێ و لەوانەیە هەڵوێستێکی دوژمنکاری رووخێنەر لە ئاست کۆمەڵەکەی وەربگرێت..» (٢٢) پاڵەوانی رووخاو نایەوێ هەڵوێستی خۆی چاک بکاتەوە لە بارەی ئەو حاڵەتەی تێیدا دەژێت، بەڵکو زیاتر پەنا وەبەر بێ ئومێدی و هەڵاتن لە کاروبارەکانی ژیان و خۆ دوورخستن لە هەموو شتێک پێوەندی بە کۆمەڵەکەی هەبێ. ئەم لایەنانە لە ڕەفتارەکانی دارای پاڵەوان بەدی دەکرێ.

سەرگوڵ ، کەوا ڕەخنەی بەجێ لە دارا دەگرێت، نەک تەنیا خاوەن بیرێکی روونکەرەوەی چینایەتییە، بەڵکو خاوەن هەستێکی نەتەوەییشە و لەبەر خاپوورکردنی دێکەیان چەندین ساڵ ڕەشپۆش لەبەر دەکات. قسە و ڕەخنەکانی سەرگوڵ لە دارا، هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی چەخماغە لە ناخی هەستی چینایەتیی دارادا، کەوا لەماڵەوە باوک و دایکی دارا پێیان دەوت: «سەرچاوەی هەموو خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەکیش تەنیا بەرژەوەندییە و هیچی تر نییە..!» (٢٣) ئەگەر سەرگوڵ پاش کردەوە نادروستەکەی دارا بەجێی نەهێشتبایە ئومێد هەبوو دارا بەو ئەنجامە خراپە نەگەیشتبایە، چونکە وەکو دارا خۆی دەڵێت: «ئەو ئامۆژگاریانە وەکو زایەڵە لە گوێما دەزرینگایەوە و جۆرە هیواو ئاواتێکی تریان پێم دەبەخشییەوە..» (٢٤). ڕۆڵی سەرگوڵ لەنێو ڕۆمانەکە ڕاستکردنەوەی ڕەوشتە چەوتەکانی دارایە و هۆشیارە چینایەتییەکەی سەرگوڵ لە ئەنجامی ئەشکەنجە چێژتن و خوێندنەوەی کتێبان گەڵاڵە بووە، بەلای سەرگوڵەوە، وەکو لە دارا داوا دەکات، پێویستە: «هەرکەس بیەوێ ببێتە مرۆڤێکی پتەو و لەمانای ژیان بگا پێویستە بخوێنێتەوە» (٢٥).

سروشتی بیرکردنەوەی سەرگوڵ بەرزترە لە پلەی خوێندنەکەی، کەوا خوێندنی ئامادەیی تەواونەکردووە، بۆیە ئەو بیرکردنەوەی سەرگوڵ تاڕادەیەک ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی نووسەرەکەیە. ئەوەی جێی سەرنجە سەرگوڵ لە لایەکەوە ڕەخنە لە ئاستی بیرکردنەوەی دارا و کردەوەو ڕەوشتە چینایەتییەکەی دەگرێ، لەلایەکی ترەوە پشتگیری هەڵوێستی خۆپەرستانە دەکات. لەم بارەوە سەرگوڵ بە دارا دەڵێت: «هەر شێوازێک یان هەر ڕێگایەک بەکار بێنین بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێ، شتێکی ئاساییە کەوا ئەو ئامانجەش دەبێتە شێواز یاخود بلێین دەبێت بە پرد بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەرزتر...! هەروەک لە لایەنی ئابوورییەوە ئەم ڕاستییەمان روونتر بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەمەش نهێنی پێشکەوتنی باری ژیانی مرۆڤایەتییە لە هەموو لایەنەکەوە» (٢٦). هەروەهاش لە وەڵامی سەرسوڕمانەکەی دارا دەڵێت: «ئەو قسانەی کە دەیانکەم فەلسەفەی کتێبان نییە، بەڵکو فەلسەفەی ڕیالستی ژیانە، هەر کەسێ بیەوێ ببێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینە و خۆی لە گێلی و نەفامی دوورخاتەوە دەبێ وابێ!..» (٢٧).

نووسەر لە ڕێی دیالۆگی نێوان دارا و سەرگوڵ، یا لە ڕێی مەنەلۆگی دارا، ئاستی ڕۆشنبیریی سەرگوڵمان بۆ دەردەخات، کەوا شارەزاییەکی چاکیشی لە بواری سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتی هەیە، سەرگوڵ لەم بارەوە دەڵێت: «هەر کەسێ بە گوێرەی ئەو هەوڵ و وزە جەستەییەی کە بەکاری دێنێ بۆ جێبەجێکردنی کارێک..، ئەگەر لە بری کارکردنەکەی کرێی پێویست وەرنەگرێ، لەم کاتەدا نارێکی لە باری ئابووریدا پەیدادەبێ. دەوڵەمەند و هەژار پەیدادەبێ، چەوسێنەر و چەوساوە دەردەکەون، خاوەن هۆبەکانی بەرهەمهێنان و کرێکاران دێنە کایەوە، ڕێگر و رووت کراو، خانم و قەرەواش.. پەیدا دەبن!» (٢٨). ئەم جۆرە بیروڕا دەربڕینە لەلایەن سەرگوڵەوە جار ناجارێک بروسکەیەک لەناخی هەست و هۆشی دارا دەکاتەوە، تەنانەت دارا خۆیشی دان بە مامۆستایی سەرگوڵ دەنێت و پێی دەڵێت: «تۆ فێری گەلێ شتت کردووم، منیش دەبێ گەلێ شتت فێر بکەم» (٢٩). بەخۆداچوونەکەی دارا و ڕەخنە

لە ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی، وەکو مرۆڤێکی خولیای هەڵسوکەوتی بورژوازیانەی هەیە زیاتر ئەوە دەردەخەن کەوا دارا لە قسەکانی سەرگوڵەوە فێری زۆر شت دەبێ، بەڵام ئەوەی دارا فێری سەرگوڵی بکات هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە بەدڕەفتاری و هەڵکشان بۆ لووتکە بەسەر ڕەنجی کەسانی دەوروبەر بێ بایەخدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان.

شا ڕووداوی ڕۆمانەکە دەرچوونی دارایە لە ماڵی باوکی، کەوا دەبێتە هۆی خزینی بە یەکجاری بۆ نێو زەڵکاوی کاری خراپە. ئەگەر دارا لە ماڵەوەی باوکی بمابایە و سوودی لە ڕەخنە و قسەکانی سەرگوڵ وەربگرتایە، یابە نیازپاکی خۆشەویستی لەگەڵدا بکردایە هێڵی درامی ڕۆمانەکە ئاستێکی تری وەردەگرت. دارا، لەبەر ئەوەی گیانی سەرمایەداری گەیشتبووە ناو ئێسقانەکەی و خولیای نواندنی ڕەفتاری بورژوازیانە گەیشتبووە ناخەوەی هەست و هۆشی، زیاتر بەرەو ناو زەڵکاوی کانگەی بەڵا دەخزێ و خێراتر بەرەو ناو ئەو زەڵکاوە دەخلیسکێ و ڕەخنە کاریگەرەکانی سەرگوڵ لە ئەنجامدا بێ سوود دەبێ. ڕووخانە دەروونی و چینایەتییەکەی دارا لە لایەن سەرگوڵەوە ڕەخنەی لێدەگیرێ و دەڵێت: ئەو بەهێزەی کە بەهێزی پوولەکی خۆی بخورێ ڕووخانی گەلێک ئاسانترە لەو بێ هێزەی کە بە هێزە کەمە ڕاستەقینە شاراوەکەی خۆی دەخورێ و پشتی پێ دەبەستێ، چونکە «مرۆڤ بەو خاکەی لێ بووە و بەو مەڵبەندەی لێی پەروەردە بووە دەنرخێندرێ، نەک بە توانای پوولەکی..» (٣٠).

ئەو یاخیبوونەی لە دەروونی دارا گەڵاڵە دەبێ لە ئاستی کۆمەڵ شتێکی سروشتییە لە لایەنەکانی پاڵەوانی خراپ «بطل سلبي»، چونکە ناکۆکی بۆچوون و هەڵوێستی ئەو لەگەڵ ڕەوتی دەوروبەرەکەی ناگونجێ و ئەنجامەکەی دژایەتییەک لە ناخی پاڵەوان دروست دەبێ هانی دەدا بۆ خراپکاری و ئامادەیی بۆ سزای کۆمەڵ. هەر ئەم هۆیەش وەها لە دارا دەکات بە ئاشکرا هەستی دەروونی خۆی هەڵبژێرێت و بڵێت: «نەمدەزانی من چیم..!، بەڵام ئاکام وای بۆ دەرخستم کە منیش مرۆڤێکم لە مرۆڤە شەڕاوییەکان، بۆیە دەربەست نەبووم، گەر کۆمەڵ و یاسای کۆمەڵ سزای دابام..» (٣١).

ڕۆمانووس بۆ زیاتر وێنەگرتنی سروشتی دارای شاکەس و کەسانی دەوروبەرەکەی هەندێ جار هانا وەبەر گفتوگۆی درێژدادڕیی بردووەو ڕێی بە پاڵەوان و هەندێ کەسی تر، وەکو ڕۆستەمی باوکی و سەرگوڵ و ژاڵە، لە ڕێی مەنەلۆگ و ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی درێژدادڕیی چەند لایەنێک لە ژیانی ڕابردوویان بگێڕنەوە. ئەم لایەنەش لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانی گێڕانەوەی خودێتی لەنێو ڕۆماندا دەگونجێ، بەڵام لەگەڵ چۆنێتی کارتێکردنی گفتوگۆی پاڵەوان و کەسانی تری ڕۆمانەکە لە دەروون و هەستی خوێنەردا ناگونجێ، چونکە ڕستەی درێژدادڕ بێزاری لە لای خوێنەر دروست دەکات و لەگەڵ سروشتی ئاخاوتنی مرۆڤ لەنێو واقیعدا ناگونجێ، تەنیا مەگەر لەکاتی خوتبە خوێندنەوەدا بێ، کەوا لەم حاڵەتەدا مرۆڤەکە زۆر زیاتر لە وتنی یەک دوو ڕستەی کورتی ئاخاوتنی ئاساییدا دەڵێت: نووسەر لە دەقی «کانگای بەڵا» تووشی داچوون (غفلة) بووە، لە بواری شەرعی ئیسلامیدا هەڵەیەکی کردووە لە دیسانەوە مێردکردنی نەزیرە پاش سێ مانگ لە کوشتنی وەلی غەریبەی مێردی. لێرەدا دەبوایە لە پاش تێپەڕبوونی (عودە)تەکەی چوار مانگ و دە ڕۆژ دیسانەوە مێردی بکردایەتەوە» (*). چونکە دەقی ئایەتی ژمارە (٢٣٤)ی سورەتی «البقرة»ی قورئانی پیرۆز دەڵێت: «والذين يتوفون منكم و يذرون أزواجا يتربصن بأنفسهن أربعة أشهر و عشرا فاذا بلغن أجلهن فلا جناح عليكم فيما فعلن في أنفسهن بالمعروف والله بما تعملون خبير» ناوەرۆکی ئەم دەقە پیرۆزە لە باسی سەردەمی منداڵی دارا و دیسانەوە مێردکردنی نەزیرە بە ڕۆستەمی تازە مێردی بە هەمان شێوە پەیڕەو نەکراوە، بەڵکو بەم شێوە ڕۆستەم ئەو بەسەرهاتە بۆ دارا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (دارا، ئەگەرچی «نەزیرە» زڕ دایکتە، بەڵام ئەوەش بزانە گەلێکت پێوە ماندوو بووە، گەلێ شەونخوونی بۆ کردوویت... تەمەنت هەر سێ مانگان دەبوو، لە هەینێوەڕا تۆی بەخێوکردووە و تۆی لە مردن ڕزگار کرد) (٣٢).

لەم ڕۆمانەدا، کەوا لەسەر شێوەی یاد گێڕانەوە لەلایەن پاڵەوانەوە بونیات نراوە، شێوەی نامەنووسینی بۆ خزمەتی ئاشکراکردنی هەندێ نهێنی ڕۆستەم و بیلال، مەزرێندراوە کەوا وەکو دوو کەسی سەرەکی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لەپەرەسەندنی شا ڕووداو و شاگرێی ڕۆمانەکە هەیە. هەروەها لەم ڕۆمانەدا مەنەلۆگ خزمەتی چنینی گرێچنی سەرەکی و گرێچنە لاوەکییەکانی کردووە...

بگێڕی ڕۆمانەکە، کەوا پاڵەوانەکە خۆیەتی، کەم شتزانە و سروشتی بینای گێڕانەوەکە تەقلیدییە و لە ڕابردووەوە بەرەو کاتی ئێستای نێو دەقەکە پەرە دەسێنێ.

گێڕانەوەی کاتی ڕۆمانەکە تاڕادەیەک هاوشانی دەقکاتەکەیە، کەوا لە ساڵی (١٩٨٨)دا چاپکراوە، چونکە مەسەلەی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بە نرخێکی زۆر لە ڕێی دابەشکردنی پارەکەی بەسەر قوستێکی زۆر و درێژخایەن لە ساڵانی هەشتاکاندا لەنێو پێشانگاکانی ئۆتۆمبیل فرۆشتن لە هەولێردا سەری هەڵداوە.

پانتایی شوێن لەم ڕۆمانەدا زیاتر ناو شاری هەولێری گرتووەتە خۆ و سروشتی بیناکەی بازنەیی داخراوە، چونکە خورشید و بیلال لە گەشتەکەیان بۆ دەرەوەی وڵات دیسانەوە بۆ نێو شاری هەولێر دەگەڕێنەوە. ڕۆماننووس بایەخێکی زۆری بە وەسفی شوێن لەنێو ڕۆمانەکەی نەداوە و زیاتر گێڕانەوەکە خزمەتی دەرخستنی کەسێتی پاڵەوان و کەسە سەرەکییەکانی تری کردووە. هێڵی درامی ڕۆمانەکە شێوەیەکی تراژیدیانەی وەرگرتووە، ئەم لایەنەش بە لەناوچوون و سەرنەکەوتنی کەسانی هێزی خراپکاری تەواو دەبێ و کانگا بەڵاکانی نێو ڕۆمانەکە و کۆمەڵەکەی وەکو سەرگوڵ ئاماژەی بۆ دەکات پێویستییان هەیە بۆ لەناوبردنیان بە یەکجاری بە «شۆڕشێکی زۆر زۆر خوێناوی لێ بەرپا بێت» (٣٣).

لە کورتە ڕۆمانەکەی «لێ قەومان»ی عەزیزی مەلای ڕەشدا دیسانەوە بابەتێکی لەنێو واقیعی کۆمەڵەکەی هەڵبژاردووە، بەڵام ئەمجارەیان پاڵەوانەکی خەڵکی ناو شارە و بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە ئەقڵ و هۆشی تاڕادەیەک لە دەست دەدات و وەکو مرۆڤێکی شێت هەڵسوکەوت دەکات. ڕاستە لەنێو ئاقڵی و شێتیدا وەکو دەڵێن موویەک هەیە، بەڵام ئەم مووە لەلایەن محەمەدی پاڵەوانەوە هەندێ جار بزر دەکرێ و هەندێ جار فەرامۆش ناکرێ. بۆ نموونە بەشداریکردنی پاڵەوانەکە بەپێی توانای لە بەخێوکردنی مندالە هەتیمەکانی حەیدەرە کوێری برادەری و تۆڵەسەندنەوەی هەقی خلەگۆجی برادەری لە حەمید موزەمید لەنێو گازینۆی خوالێخۆشبوو تەحسین مەچکۆدا. گشت ئەمانە دەلالەتێکن لەسەر کردەوە ئاقڵمەندییەکانی محەمەدی پاڵەوان، بەڵام دەروەزە کردن و گۆشت و سەموون هێنان بۆ تاقمە پشیلەکەی نێو گۆڕستانەکە، وەکو ئەوەی بلێیی کەسوکاری خۆیەتی و تەرخانکردنی حەفتا ساڵ لە تەمەنی بۆ خزمەتکردنیان، گشت ئەمانە دەلالەتێکن لەسەر نەمانی ئەقڵ و هۆش لەلای ئەم پاڵەوانە، کەوا ناوەکەی لەلایەن بگێڕی ڕۆمانەکەوە لە نزیکبوونی دەقەکە لە کۆتایی بوون ئاشکرا دەکرێ.

شتێکی لۆجیکییە مرۆڤ یا بەهۆیەکی زگماکی، یا بەهۆی کارەساتێکەوە ئەقڵ و هۆشی لە دەست بدات، ئەوسا دەبێتە حالەتێکی ناشیاو لەنێو کۆمەڵەکەیدا و ئەوسا دەوروبەرەکەی بە چاوێکی سووکەوە تەماشای ئەو کەسە دەکەن. پاڵەوانی ئەم کورتە ڕۆمانە خاوەن کەسێتییەکی دووڕووە، چونکە لەلایەکەوە وەکو مرۆڤێکی شێت هەڵسوکەوت دەکات بەهۆی لێقەومانێک و لەلایەکی ترەوە خاوەن چەند ڕەفتارێکی باشە، بەهۆیەوە ڕیز و حورمەتێکی بۆ خۆی لەنێو دڵی چەندین کەسی دەوروبەری دروست کردووە. تەنانەت ئەو کەسانە خەفەتێکی زۆری بۆ دەخۆن کاتێ لەنێو قوڕولیتاوی نێو گۆڕستانەکە لاشەکەی دەدۆزنەوە و هەندێ لە پشیلەکانی نێو گۆڕستانەکە لاشەکەیان ئەتک کردووە.

پاڵەوانی ئەم کورتە ڕۆمانە خاوەن کەسێتییەکی سادەیە «شخصیة مسطحة» کەوا «خاوەن تەنیا سیمایەکە ناگۆڕێت» (٣٤)، بەڵام ئەم پاڵەوانە بە نیسبەت هامۆشۆکەرانی گازینۆی مەچکۆ لە هەولێردا نامۆ و نادیار نییە. نهێنی گرێچنی لاوەکی نێوان پاڵەوانە شێتەکە و وەستا عەلی ئامۆزای ڕاستەوخۆ لە سەرەتای ڕۆمانەکە ئاشکرا نەکراوە و خوێنەر عەوداڵی زانینی ئەوە دەبێ بۆچی وەستا عەلی خاوەن گەسخانەکە ئەوەندە «شێتەکەی یەکجار زۆر خۆش دەویست و ڕیز و خاتری لە ڕادە بەدەر دەگرت. بەو بڕوایە بیست و چوار سەعات لە بەرچاوی بووایە، هەموو بەیانییەک گەسێکی بۆ کردبووە مووچە و هەردەم بێ پارەی نەدەکرد..» (٣٥). ئەم نهێنییە لەنزیک بوونی دەقەکە لە کۆتایی بوون ئاشکرا دەکرێ و ئەوسا دەردەکەوێ ئامۆزایەکی خۆشەویستی وەستاکەیە. هەروەها لە ڕێی ئەم بگێڕە بەشدارەوە دەردەکەوێ کەوا پاڵەوانەکە کوڕە تاقانەی باوکێتی و بە منداڵی زۆر وریا و زیرەک و بەهرەدار بووە و خاوەن کەسێتییەکی عیصامی بووە زوو تووڕە دەبێ.

یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕۆمان ئەوەیە زیاتر لە گرێچنێکی لاوەکیی تێدایە و ڕۆڵی گرێچن «وێنە گرتنی کەسێکە لەنێو ڕووداوێکدا، بەڵام ڕۆڵی کەسێتیی وێنە گرتنی ڕووداوە یا گرێچنەکەیە» (٣٦) ڕۆڵی گرێچنە لاوەکییەکان بەشداریکردنە لە ئاڕاستەکردنی زیاتر لە تیشکێک بەسەر کێشەی سەرەکیی نێو دەقەکەو هەروەها ڕێگا خۆشکەرەوەن بۆ گەیشتنی گرێچنە سەرەکیەکە بە ئەنجامەکەی، یا گەیشتنی بە ڕۆشنکردنەوەیەکی یەکجاری و پەردە هەڵماڵین لە نهێنە شاراوەکەی. ئەم دیاردەیە لەنێو کورتە ڕۆمانی «لێ قەومان»دا هەیە و گرێچنە لاوەکییەکەی نێوان سەمیرەی ژنی حاجی قادری

کۆسە لەگەڵ خلە گۆجی برادەر و خۆشەویستەکەی محەمەد شێتی پاڵەوان. ڕۆڵێکی کاریگەر لە زەمینە خۆشکردن بۆ زانینی نهێنی شاگرێی ڕۆمانەکە دەنوێنێ، چونکە حاجی سەید حوسێنی ناو مزگەوتەکە، وەک لەسەر کردنەوەیەکی حەمید موزەمیدی زاوای، دەبێتە هاندەرێک بۆ دەرکردنی شێتەکە لەمزگەوتەکە و قاودانی لەلایەن حاجی شێخ مەلا عەلییەوە، ئەوسا لە شەوێکی سارد و باراناوی لەنێو قوڕ و لیتاوی گۆڕستانەکە ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ. لەپاش مردنی شێتەکە و گەڕان بەدوای سەرو سۆراخی لەلایەن ئامۆزاکەیەوە سەرجەڵەی تەواوی ژیانی ڕابردووی شێتەکە دەردەخرێ و بە تەواوی پەردە لە ڕووی ڕاستی شاگرێی کێشەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەڵدەماڵرێ.

ڕۆماننووس لەنێو بینای گێڕانەوەکەی لایەنی دەقکاری مەزراندووە لە ڕێی مەزراندنی پارچە هۆنراوە. تەنانەت ئەو هۆنراوەیە بەنێو «جرتە قەلەم» نووسراوە کەسێتی شاعیرێکی هەڵچووی نێو ئەو گازینۆیە و بەهۆیەوە ئاوڕێک لە کارەساتێکی هاوچەرخ دەدرێتەوە. مەزراندنی دەقی ئەم پارچە هۆنراوەیە لەنێو دەقی ڕۆمانەکە بۆ زیاتر پتەوکردنی بناغەی واقیعیەتی ڕووداوەکانی نێو دەقەکەیە لەلایەک و بۆ دەرخستنی لایەنی دەقکارییە لەلایەکی ترەوە.

لەتەکانی دیمەنی ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنە بەسەر پاڵەوانەکە دێت لەنێو گێڕانەوەکە پرش و بلاوکراوە و خوێنەری ڕۆمانەکە لەپاش خوێندنی دەقەکە دەزانێ تێکچوون و شێتبوونی پاڵەوانەکە بەهۆی کوشتنی باوکی و سگدڕینی و فڕێدانیەتی بۆ ناو دۆڵەکە لەلایەن سەربازانی ڕووسیای قەیسەرییەوە لەکاتی داگیرکردنی شارەکەیان لە سەرەتای ئەم سەدەیە. هەروەها خوێنەر دەزانێ شێتبوونی پاڵەوانەکە بۆ مردنی دایکی دەگەڕێتەوە، کەوا بە ئەوپەڕی سەربەرزییەوە، بۆ پاراستنی ناموسە لەدەست ئەو سەربازانە، خۆی بۆ نێو دۆڵەکە فڕێ دەداتە خوارەوە، پاش ئەوەی ئەم وشانە بە پاڵەوان و خوشکە ساواکەی دەڵێت: «ڕۆڵە ئێوە منداڵن دەخلتان ناکەون، بەڵام من مردنم چاکترە نەک ناموسم وەکو خوشکەکەت بکەوێتە بەر دەستی ئەم گاورانە» (٣٧).

هەروەها خوێنەرەکە لە ڕێی گێڕانەوەکە دەزانی هۆی تێکچوون و شێتبوونی پاڵەوانەکە بۆ لە دەستچوونی خوشکە دوو ساڵەکەی دەگەڕێتەوە، کەوا ئاوی لافاوەکە دەیبات، ئیتر بە یەکجاری کۆستی دەکەوێ و بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەم سێ هۆیە هۆکاری سەرەکین لە شاڕووداوی ڕۆمانەکەدا، کەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی خوێنەری ڕۆمانەکە نەکراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی هونەریی جوان لەت لەت کراوە و لە هەندێ شوێنی گێڕانەوەکە لەلایەن بگێڕەوەی بەشدارەو بۆ خوێنەری ڕاستەقینە و خوێنەری ناوەوەی دەقەکە دەرخراوە، کەوا حوسێن ئەحمەدی شاگردی گەسخانەکە (حوتە) ئەم ڕۆڵە دەبینێ وەکو بۆ گێڕاوەیەک (المروي لە).

ڕۆماننووس بۆ گێڕانەوەکەی بگێڕەوەی بزری نادیاری هەمان شتزان و، بگێڕەوەی بەشداری هەموو شتزان، کەوا وەستا عەلی ئامۆزای پاڵەوانەکەیە، پێکەوە دەیانخاتە کار بۆ باڵکێشان بەسەر ڕووداوەکان و شاگرێی ڕۆمانەکە. شاڕووداوی ڕۆمانەکە لە ناوچوونی خێزانی پاڵەوانەکەیە و لە دەستدانی ئەقڵێتی، بەڵام شاگرێی ڕۆمانەکە، کەوا لەسەر جۆری گرێچنی کردەوە بونیات نراوە، بەهۆی دەرکردنی شێتەکە لەمزگەوتەکەی شێخەڵلا ڕێگای بۆ خۆش دەکرێ.

ڕاستی گرێچنە لاوەکییەکەی نێوان سەمیرە و خلە گۆج پاش بەگژاچوونی پاڵەوانە شێتەکە لەگەڵ حەمیدی موزەمید لەنێو گازینۆکەی مەچکۆدا بە تەواوی ئاشکرا دەکرێ و ئەوسا لەتە پرش و بلاوەکانی ئەم گرێچنە لاوەکییە کۆدەکرێتەوە، ئەوسا خوێنەر دەزانێ «گوایا بەفیتی حاجی قادر لۆ ئەوەی پەردەیەک باوێشترێتە سەر ناموس و دەنگ و باسە بڵاوبۆوەکە، بە درۆ دەربچێ بڵاوکرایەوە کە گۆجە هەر لە ئیجادییەوە پیاوەتی نەبووە. ئەو حەمیدەی چەمەریش بروا بە ئافرەتەکە دێنێ کە گۆجەی بە شوریقە خەساندییە. لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەشە و گوڕەشەشی لێ دەکەن ئەگەر گۆجە بچێتە کنی و دەری نەکا دەیکوژن. ئیدی ئافرەتەکە پێوەندی لەو ساکەوە لەگەڵ گۆجە دەبڕێ» (٣٨).

گێڕانەوەی نێو دەقەکە بە شێوەی کلاسیکی بونیات نەنراوە، بەڵکو لەم ڕۆمانەیدا ڕۆماننووس سەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی تازەگەری بینای گێڕانەوەکەی ناوە. تەنانەت ڕووبەری گێڕانەوەکە زیاترە لە ڕووبەری دیالۆگی نێو دەقەکەیە. هەروەها ڕۆماننووس لایەنی گێڕانەوەی بۆ دەرخستنی چەند لایەنێکی کەسێتی پاڵەوانەکەی تەرخان کردووە، کەوا بە وەفاو دڵسۆزە بەرانبەر برادەرەکانی و لە چوونەکەی نێو خەونەکەیدا بۆ بەهەشت ئەم لایەنانەی کەسێتییەکەی دەردەکەوێ: «بنیادەمێکی کەم دوو.. بێ غەیبەت و بوختان و لەوجڕ بووە، خزمەتی پشیلانی زۆر

کــردووە» و لە چوونەکـــەی بۆ دۆزەخ و جـــەهەنەم ئەم لایەنانەی تری کـەسـێـتـیـیـەکـەی دەردەکـەوێ: «نوێژی نەکردووە و ڕۆژی چواندووە و قسەی عـەلەق و بەلەق و جـــڕناو فـــڕناو بێ ســـەروبەری لە دەم ترازاوە و ئازاری سـەگانی زۆر داوە»(٣٩). ئەم لایەنە کـەسێـتـیـیـەکـەی مـحـەمـەدە شـێـتی پاڵەوان تا ڕادەیەکی زۆر هەمـان کەسێتی پاڵەوانی ڕۆمانی ریالیزمی تۆمارییە کەوا لەنێو کۆمەڵەکەی، نەک لەگەڵیدا، دەژێت و بایەخێکی ئەوتۆ بە خـەمی گـۆڕین و ڕەخنە لێگرتنی نادا، واتە ئەم جـۆرە کـەسـێـتـیـیـە سـادەیە و بزاڤـەکـەی تا ڕادەیەک لەژێر کۆنترۆڵی ڕۆماننووسدایە.

بابەتی نێـو ڕۆمـانەکـە لەنێـو واقـیـعی هاوچەرخی کـۆمـەڵەکـەمـان هەڵبـژێرراوە، هەندێ لە ناکۆکـیـیـەکـانی کۆمەڵەکەمان بەهۆیەوە خراوەتە ڕوو، وێنەی بەشێوەیەکی فۆتۆگرافیـانەی پڕ لە گـێڕانەوەیەکی ڕاپۆرتی نەگـێراوە، بەڵکو ڕۆماننووس لە دیسـانە خەڵقکرنەوەی واقیعـەکە لایەنێـکی هونەری وەبەر کــــردۆتەوە. لەم ڕۆمـــــانە کورتەشدا، وەکو هەردوو ڕۆمانەکەی (کوێخا سێوێ) و (غـەوارە)دا هەندێ لە کردەوە ناپەسەندەکـانی هەندێ لە شێخ و مەلا و حاجی دەرخراوە، کەوا بە داخەوە بەناوی ئایینەوە هەندێ ڕەفتاری نەگونجاو لەگەڵ ئالای ئیسلامی پیرۆزدا دەنوێنن لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا.

سـروشـتی شـوێن بـەشـێـوەیەکی هونەری وەسف کـراوە وپانتایی شوێنەکە فراوانە و بازنەیی دانەخراوەیە، چونکە نە شێتەکە و نە وەستا عەلی ئامۆزای، ناگەڕێنەوە بۆ ئەو شـارەی لێوە هاتوونەتە نێـو شاری هەولێـر، لەم ڕۆمـانەدا ڕۆمـاننووس پەنای نەبردووەتە بەر کـێـشـەی جـوتـیـار و عەرز و ژیانی لادێی وەکو ئەوەی لەنێو ڕۆمانەکانی تریدا بەدی دەکرێ، بەڵکو تەنیا ژیانی نێو شـاری هەڵبـژاردووە بۆ بەرجەسـتـەکردن، هەروەها سروشـتی بینای کـاتی نێـو دەقـەکـەش تەقلیـدی نییـە، چونکە ڕۆمـاننووس سـوودی لەشێوەی تازەگەری لەگێڕانەوەی کـاتی بینیوە و لەتەکانی کـاتی ئێسـتـای نێو دەقـەکە کراوە بە زەمینەی گەڕانەوە بۆ لەتەکانی کاتی ڕابردووی بەسەرهاتەکانی پاڵەوانەکەی.

کـــاتی ناوەوەی دەقـــەکـــە تا ڕادەیەک هاوشـــانی دەقکاتەکـەیە، کـەوا لە سـاڵی (١٩٩٢)دا نووسـراوە، بەڵام باسکردنی ڕۆڵی خـوالێـخۆشـبـوو تەحسین مـەچکۆ لەنێو ڕۆمـانەکەدا وەهای لەدەقەکە کردووە نەبێتە سەد لە سـەدی هاوشـانی دەقکاتەکـە، چونکە تەحـسـین مـەچکۆ چەند سـاڵێک پێش سـاڵی دەقکاتەکـە کـۆچی دوایی کردووە.

مـەزراندنی چەند حـاڵەتێکی ڕۆژانە لەنێـو واقـیـعی ڕاسـتـەقـینەی هەڵبـژێراو دەبێـتە مـایەی زیاتر بەخشـینی مـۆرکـێـکی ڕیالیـزمی بە سـروشـتی ڕووداوەکـانی نێـو واقیعی ڕۆمانەکە. ئەوەی ڕووداوی نێو بەرهەمی ئەدەبی لەگـەڵ ڕووداوی ڕاسـتـەقـینەی نێـو کـۆمـەڵ جـیـادەکـاتەوە لایەنی بەکـارهێنانی خـەیاڵە، چونکە ئەم لایەنە لەگـەڵ چەمکی لاســـاییـکردنەوە تاڕادەیەکی زۆر ناگـــونجێ. لاساییکردنەوەی نێو ئەدەبیش دەربارەی ڕووداوەکانی نێو واقیع زیاتر بەواتای ئەوە دەبێ کەوا «لەوانەیە ڕوویدات، نەک ئەوەی لە ڕاسـتـیـدا ڕوویدابێ»(٤٠)، ئەم لایەنەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی ڕیالیـزمی بەگشـتی و ڕۆمانی تۆمارییە، بەتایبەتی.

**پەراوێزەکان:**

١٤- حـــســـام بەرزنجی- کـــانگـەی بەلا، ڕۆمـــان، چاپخـانەی الحـوادث، بەغـدا، چاپی یەکـەم، (١٩٨٨)، ل١٩٢.

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠-١٩١.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

٢٢- صبري مسلم حمادي- صورة البطل في الرواية العراقية، اطروحة دكتوراه، ل١١٩.

٢٣- حسام بەرزنجی- كانگەی بەڵا، ڕۆمان، ل٤٩.
٢٤- هەمان سەرچاوە، ل٤٩.
٢٥- هەمان سەرچاوە، ل٥٧.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٧٠.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.
٢٩- هەمان سەرچاوە، ل٦٢.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٦٣.
٣١- هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل١٥٩.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل١٩٢.
٣٤- د. عدنان خالد عبدالله- النقد التطبيقي التحليلي، دارالشؤون الثقافية، بغداد، (١٩٨٦)، ل٦٧.
٣٥- عەزیزی مەلای ڕەش- لێ قەومان، ڕۆمان، گۆڤاری كاروان، ژ٤، (١٩٩٣)، ل١٢٢.
٣٦- د. عدنان خالد عبدالله- النقد التطبيقي التحليلي، (١٩٨٦)، ل٧٦.
٣٧- عەزیزی مەلای ڕەش- لێ قەومان، ڕۆمان، ل١٣١.
٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.
٤٠- د. عدنان خالد عبدالله- النقد التطبيقي التحليلي، ل٧٥.

* حسام كەریم بەرزنجی لە ساڵی (١٩٥١)دا لە گوندی «گرد عازەبان»ی دەشتی هەولێر لە دایک بووە، خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر و پاشان بەشی زمانی ئینگلیزی لە كۆلێجی ئادابی زانكۆی مووسڵ تەواو كردووە. جگە لە ڕۆمانی «كانگەی بەڵا-١٩٨٨» خاوەن چیرۆكێكی درێژە بەناونیشانی «زەلیل-١٩٨٢» و چیرۆكێكی تری درێژی هەیە بەناونیشانی «وێنە یەكتر برەكان، ساڵی (١٩٩٣) لەگۆڤاری «كاروان» بەناوی ڕۆمانی كورتەوە بڵاوی كردۆتەوە.

** ئیبراهیم قادر محەمەد لە پەراوێزی لاپەڕە (١٢٤)ی نامەی ماجستێرەكەی «ڕۆمانی كوردی لە عێراقدا» ئاماژەی بۆ ئەم لایەنە كردووە و دەبوایە ئاماژەی بۆ لاپەڕە (٥٩)ی ڕۆمانەكە بكردایە، نەك لاپەڕە (٥٤)، كەوا لە بارەی باسكردنی سەرگوروشتەی دیسانەوە مێردكردنی نەزیرەیە.

# تەکنیکا ڤەگێڕانێ د کورتە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا

نەفیسا ئیسماعیل
(دهۆک)

(١ - ٢)

ڤـەگێـڕان هونەرەکێ دێرینە، ژ کەڤندا بۆ ڤەگوهاستنا رویدان و سـەرهاتیـێن ژیانێ بکارهاتیـە، ئەگـەر ژلایێ زمـانیـڤـە بەرێ خـوە بدەینە ڤـەگـێـڕانێ، دێ بینین د فەرهەنگا زمانێ عەرەبیدا هاتیە «السرد هو تقدمة شئ الى شئ نأتى به منسقا بعضه فى اثر بعض متتابعا و سرد الحديث ونحوه يسرد سردا اذا تابعه و فلان يسرد الحديث سردا اذا كان جيد السياق له» دیسان د «المعجم الادبي»دا هاتیە «سرد الحديث و القراءة تابعهما واجاد سياقهما». ڤەگێڕان وەک زاراڤ ژلایێ گەلەکانڤە هاتیە پێناسـەکـرن وەکی د پێناسـەکـێـدا هاتی «ڤـەگـێـڕان بکارئینانا زمـانی یە د شـەریتـەکـا گـوتیـدا (شريط محكى) چارەسەریا رویدانێن ئاشۆپی دکـەت ددمـەکێ دەستنیشانکری و بیاڤەکێ سنۆردایدا و هندەک کەس ب نواندنا وان رادبن، کـو ژ ئالیێ دانەرەکێ ئەدەبی ڤـە هاتینە نەخشـەکـێشـان» د پێناسـەکـا دی دا هاتیـە، ئەو کـریارە یا ڤـەگـێـڕ پێ رادبیت و دەقێ چیـرۆکێ ژێ پەیدا دبیت، کـو ژ بێـژەیا (الخطاب) چیـرۆکێ و سـەرهاتییێ (ئەوا دهێـتـە گـوتن) پێکدهێت». کـەواتە ئەڤ پێناسـە دیار دکەت کو کەرەستێ ڤەگێڕانێ زمانە، چیرۆکنڤێس ب رێیـەکـا تایبـەت بکاردئینیت، بۆ ڤـەگوهاستنا رویدانان ئەڤ رویدانە چ ئاشۆپی بن یان راستەقینە و سەرکەفتنا نڤـیـسـەری د چەوانیـا گـەهاندنا رویدانان دایە، ئانکو ڤەگێڕانێ.

کریارا ڤەگێڕانێ پێدڤی ب ڤەگێڕەکی هەیە پێ رادبیت واتە کـەسـەک هەیە ڤـەگـێـڕانێ ئەنجـام ددەت، دبیت چیرۆکنڤیس بیت، یان کەسەکێ دی بیت. ئەم دشێین ب دەنگێ چیـرۆکنڤـێسی یان دەنگ یـان ڤەگـێـڕ ناڤبکەین، دبیت ئێک ژ کــەســێن چیــرۆکێ بیت یان دبیت چیـرۆکنڤـیس ب دوو کـەسـان یان سـێـیـان رویدانـان وێنە بکەت. و ب وێ چەندێ دێ مە چیرۆکەک هەبیت ژ سێ لایانڤە دهێتە ڤەگێڕان.

رەگـەزێ دووێ د کـارێ ڤـەگـێـڕانـێدا، ڤـەگـێـڕای یە و دهێتە پێناسەکرن. هەر تشـتەکە ژ ڤەگێڕی دەرکەڤیت و رێک دکـەڤیت، دا کـۆمـەکا رویدانان ب کـەسانان ڤـە گرێدای، پێکدهینیت و بیـاڤەکێ دەم و جهی چارچوڤـە دکەت و (سەرهاتی) دهێتە دانان گەوهەرێ ڤەگێڕای و ناڤەندا ئەلەمەنتێن ڤەگێڕای ل دور تێکەل دبن..

فـۆرمـالیـسـتـێن رووس دڤی بواریدا دوو ئاست دەستنیشانکرینە ئەوژی: ناڤەرۆکا سەرهاتییێ و ئاڤاهی. کەواتە ڤـەگـێـڕانێ گـرنگیـیـەکـا مـەزن هەیە، چونکو چ فـۆرمـێن چیـرۆکێ بێی ڤـەگـێـران نابن، ڤـەگـێـران ئانکو چەوانیـا بەرچاڤکرنا ناڤـەرۆکـا چیـرۆکێ ڤـێـجا ئەگـەر ناڤـەرۆک گـیـانێ دەقی بیت. ڤـەگـێـڕان لەشـە یان ئەو قـالبـەیە یێ ناڤـەرۆک تێدا بەرجـەسـتـە دبیت، چونکو ئەدەب ب گشتی و چیرۆک ب تایبەتی کارەکێ هونەری یە، لەومـا د پێـشکـێـشکرنا هزرەکـێـدا پێـدڤی ب

ئاڤاهیـەکێ هەیە وێ هزرێ هەمبـێـز بکەن و ل ڤـێـرێ ڤەگێران وەکی ئێک ژ بنەماییێن وی ئاڤاهی رۆلەکێ باش دبینیت د سەرکەفتنا چیرۆکنڤیسی و بەرهەمێ وی دا و تام و خوشیەکێ دگەهینتە خویندەڤانی، ژبەر ڤێ چەندێ مە هەولدایە ڤێ تەکنیکێ ل دەف چیرۆکنڤیس (فـازل عومەر)ی خویا بکەین.

فازل عومەر ئێکە ژ نڤیسەرێن کورد، شوێن تبلێن وی ل سەر رۆژنامە و کوڤارێن کوردی دیارن، نە ب تنێ د بوارێ چیرۆکێدا بەلکو نڤیسینێن وی لایەنێن زمانی و رەخنە و گوتارێن ئەدەبی و هزری و سیاسی و وەرگێرانێ ژی ب خوەڤە دگرن.

چیرۆکنڤیس زۆربەی چیرۆکێن خوە د دور کۆمـەڵە چیـرۆکـاندا کـۆمکرینە، یا ئێکێ ب ناڤێ (کـالێ پەشێمان) کو چیرۆکێن سالێن هەشتییان هەمبێز دکەت: کۆمەلا دوێ ب ناڤێ (وەرگوهێزکێن مەمێی) کو ل سالا (٢٠٠٢) چاپبـــوویە، ئەڤ بەرهەمـــە ژدایکبـــوویێن سەردەمێ خوەنە، ب هێز ب رویدانێن سەردەمێ خوەڤە گـرێدانە وەکی مـە ئامـادەیێ دایێ کـو کـۆمـەلا ئێکێ دەربرینێ ژ قـۆناغـا سـالێن هەشـتـیـیـان دکـەت و ئەو بارودۆخێ مللەتێ مە تێدا دژیا: لەوما هەتا رادەکی پتر گرنگی ب ناڤەرۆکێ هاتیـەدان، بەلێ د کۆمـەلا دوێ دا کو بەرهەمێ سالێن پشتی سەرهلدانێنە، دگەل گرنگیدان ب چ گوتنێ کو نڤیسەری فەرامۆش نەکریە، دیسان چاوا گـوتن ژی گـرنگی پێ هاتیـەدان و تەکنیکێن نوی تێـدا هاتینە پەیرەوکرن، ب راستی ئەڤ چەندە سەرنجا مرۆڤی رادکێشیت کو ئەڤ چیرۆکە ژلایێ روخساریڤە هەژی ڤـەکـۆلینێنە لەوما من ژی پشـتی خـواندنەکا هویر بۆ رێزکێن هەر ئێکی، هەولدایە رونکرنەکێ بدەمێ ژلایێ ڤـەگـێرانێ ڤە کـو نڤیـسەری شـیایە ب سـەرکـەفتـیـانە چەندین تەکنیکێن گـرنگ کـورتە چیـرۆکـێـدا بکاربینیت پشـتی ل گـەریانا خـوە مـن شـیـایە پازدە تەکنیکان دەستنیشان بکەم د چیرۆکێن وی و هەر ئێکێ ژوان ژی چەق و تایبێن خوە هەنە.

**١- جۆرێن دیتنێ:**

د بەحسکرنا ڤـەگـێـرانێـدا، گـۆمـان تێدا نینە دڤـیـا بەحسێ ڤـەگـێـڕی بکەین، و رادا وان پێـزانینان ئەوێن ڤەگێڕ دەربارەی هەر ئێک ژ کەسان و رویدانان دزانیت، و ل ڤێرێ ئەم خوە بەرامبەر بابەتێ دیتنا ڤەگێڕی (The Point of view) و دبینین و دهێتە پێناسەکرن «وێ یا ڤـەگـێـرانا بەرهەمێ چیـرۆکێ یە» (١)، هەروەسـا «ئەو گـۆشـەیا دیتنێ یە، یا کاکلا ڤەگێرانێ یە، یا سـەنتـەرێ دیتنێ یە کـو ڤـەگـێـر خـوە ددانیـتـە تێـدا بۆ ڤـەگـێـرانا چیرۆکێ» (٢).

گـــەلەک رەخنەگــــران گـــرنگی ب ڤی بابەتی دایە، دەربارەی ڤێ چەندێ (بیرسی لوبرک) دبێژیت: «ئەز ئەو پرسیـارا ئالۆز ل دور شێوازێ د پیشەیا رۆمانێدا دبینم، گـرێدایە ب پرسـیـــارێ ل دور دیتن و پرسـیـــارێ ل دور پەیوەندیا ڤـەگـێـڕی ب چیـرۆکێ ڤـە» (٣). هەروەسـا (تزفـتـان تودوروف) (٤) گرنگیـیا دیتنا ڤەگێڕی ب پلا ئێکێ دکـارێ ئەدەبیـدا ددانیت، ئەگـەر بەرێ خۆ بدەینە پارڤـەکـرنا رەخنەگـران بۆ ڤێ بابەتی دێ بینین جـوداهی دناڤــبــەرا واندا هەیە؛ و ئەڤ چەندە بوویە ئەگـــەرێ پەیدابوونا ژمارەکا زۆرا (ڤەگێرا) (٥).

رەخنەگرێ فرەنسی (جان بوبون) (٦) جۆرێ پەیوەندیێ دناڤـبـەرا ڤـەگـێـڕی و کـەسـانێن ناڤ چیـرۆکێ، بو سێ پشکان پارڤە دکەت ب ڤی رەنگی (دیتن ژ پشتڤە، دیتن دگــەل، دیتن ژ دەرڤــە). ژبەرکــو گــەلەک ژوان نـامــێـن ئەکادیمی دڤی بواریدا- یێن من دیتین- پشتبەستن ب ڤێ پارڤـەکـرنێ کـرینە، دیسـان چونکە ئەڤ پارڤـەکـرنە هەتا رادەیەکێ یێن دی ژی ب خوە ڤە دگریت؛ لەومـا من ژی ب فەر زانی کـو پشتبەستن ب ڤێ پارڤەکرنێ بکەم، و ب ڤی رەنگی جۆرێن دیتنێ رۆن بکەم.

**١-١ دیتن ژ پشتڤە:**

دڤێ دیتنێدا ڤـەگـێـڕ ب ناڤێ (ڤـەگـێـڕێ هەمـوو تشت زان) دهێتە ناڤکرن، و دهێتە پێناسەکرن «ئەو ڤەگێڕەیە یێ ئـازادی یا لڤین و ڤـەگـوهاسـتـنێ دناڤـبـەرا هەمی جیـهـانێن کـەسـانێن چیـرۆکـێـدا هەی، و شـیـانا دیتن و ئاگـەهدارکـرن و ڤـەگـرتنا تشـتـێ دبینت و دبهـیـزت ژ خویندەواری، دیسان ئازادی هەیە ئاخفتنا سەر رەفتارێن کەسانا بێژت و شروڤە بکەت و دبیت پەسنا رەوشتەکا دەسـتنیـشـانکری یا کـەسـانەکی بکـەت یان بشکێنت، و جاران ناڤێ ڤەگێڕێ (سەرلەبەر) یان (ڤەگوهێزوک) یان (هەمەجۆر) لێ دهێتەکرن» (٧).

هەروەکی ئەو دناڤ دیواران را دبینت و ئەو چەندا د هزرا قـارەمـانیدا دبینت، دبیت ڤەگێڕ ل سەر حەزکرنێن بەرزەبیێن کـەسـانەکێ راوەستت کـو کـەس ب خـوە نزانت، یان هزرێن چەندین کـەسـان بزانت، دیسـان دبیت ب تنێ ڤەگێرانا رویدانان بیت چ کەس نزانیت(٨).

(عەبدلمەلک مـورتاز) دابینکرنا ساخلەتێ هەموو تشت

زان بۆ ڤەگێڕی، دبینیت کو ب رێکا جهناڤێ کەسێ سیێ دبیت؛ ل سەر وی بنیاتی کو نڤیسەری ڤەگێڕان وەرگرتی یە بەری ب نڤیسینا چیرۆکێ رابیت؛ کەواتە هەمـوو تشتی دزانیت ژبەر هندێ جهێ وی د ڤەگێڕانێدا ل پشت ڕویدانایە. (٩).

### ١-٢ دیتن دگەل

ب ناڤێ (ڤەگێڕێ هەمان تشت زان) هاتیە ناڤکرن؛ چونکو ڤەگێـر وان تشتان دزانت ئەوێن کەسانێن ناڤ چیرۆکێ دزانن؛ لەوما نەشێت پێشبینیا چ تشتی بکەت، یان چ تشتی ئاشکرا بکەت ژبەری کو کەسێن چیرۆکێ بزانن و دیار بکەن، بۆ بکارئینانا جهناڤا دڤی جۆریدا دوو بۆچوون هەنە: هندەک ب جهناڤێ کەسێ ئێکێ یێ ئاخفتنکەر دزانن (هەلسوکەوتا ڤەگێڕێ ئاخفتنکەر شێوەیەکی دی ڤەگێڕ دکەل رویدانایە، نەک ل پشتە» (١٠)، (تودوروف) دگەل ڤی جهناڤی ئاماژە بۆ جهناڤی کەسێ سیێ ژی دکەت «دبیت جهناڤێ کەسێ ئیکێ یێ ئاخفتنکەر و کەسێ سیێ یێ نەدیار دڤی جۆریدا بهێتە بکارئینان، بەلێ هەردەم دڤیا ل دویف دیتنا هەمان کەسێ چیرۆکێ بۆ رویدانا بیت، و دبیت ڤەگێڕ گرنگییێ ب کەسەکێ یان پتر بدەت» (١١).

### ١-٣ دیتن ژ دەرڤە

ب (ڤەگێڕێ کێم تشت زان) هاتیە ناڤکرن؛ چونکو ئەو پێزانینێن وی هەین کێمترن ژ یێن کەسان، و ل ڤێرێ ڤەگێـڕ ب رێکا دیتن و بهیستنێ وان دیار بکەت (سالوخدانا کارێن کەسان دکەت، بەلێ هزرێن وان نزانیت و بزاڤێ ناکەت پێشبینیێ بۆ بکەت» (١٢). ئەڤ جۆرە دیتنە ل سەدێ بیستێ پەیدابوویە ژ ئەنجامێ «هونەرێ سینەما هاتە کایەوە و لە رووی بەکارهێنانەوەش لە بوارێکی تەسکدا بەکار دەهێنرێت» (١٣)، دڤی جۆریدا ڤەگێر وەکی کامیرێ یە لڤینێن کەسان وێنە دکەت وەکی ئامیرێ تۆمارکرنێ یە، ئاخفتنێن وان تۆمار دکەت؛ لەوما دبێژنێ «چاڤێ کامیرێ» (١٤).

د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا، ب راستی هەتا رادەیەکێ تێکەلییەک دناڤبەرا ڤان جۆراندا پەیدا دبیت، ئەگەر ئەم ل دویف جهێ ڤەگێری د چیرۆکێدا بچین، دێ بینین ژمارەکا زۆر ژ چیرۆکان، ڤەگێر ژ دەرڤەیە و ژ پشتڤە رویدانان دگریت، کو ب جهناڤێ کەسێ سیێ یێ نەدیار هاتینە ڤەگێڕان، و ڤەگێڕ سەربەستە دڤەگوهاستنێدا دناڤبەرا هەردوو رووییێن قارەمانی یێ ژ ناڤدا و ژ دەرڤە، دیسان بیرێن نهێنییێن قارەمانی ژی دزانیت و هزرێن وی ڤەدگێڕیت و خەونێن وی دزانیت، بەلێ دگەل هندێ، شرۆڤەکرن و پێشبینیێن وی- ڤەگێڕی- گەلەک کێم بەرچاڤ دکەڤن، واتە بۆمە ب شێوەیەکێ ڕۆن ئاشکرا نابیت کو ئەو ژ کەسان پتر دزانیت، ب تایبەتی گەلەک ژ چیرۆکێن وی ئەڤێن ڤەگێڕ ژ دەرڤەی چیرۆکێ و ب جهناڤێ کەسێ سیێ ڤەدگێڕیت، واتە رویدانان ژ پشتڤە دگریت وەکی (مێڤانێ نەوەخت، دوبارە مراربوونە، ڕەوانێ باروڤێ، گورگ و رەخت و تڤەنگ) ئەوێن د کۆمەلا (کالێ پەشێمان)دا، قارەمان تێدا رێ نیشاندەرە بۆ رویدانان، و ڤەگێڕ ل دویف چارەنڤیسێ وان دگەڕیت، وەک زنجیرە پێشکێش دکەت، و ل ڤێرێ دیتنا هندەکا ڤەگێر (هەمان تشت زان)ە، ب دیتنا من ڤەگێڕێ (فازل عومەر)ی یێ (هەموو تشت زان) ئەم دشێین زاراڤێ ڤەگێڕێ بەرفرەهـ زان- ئەوێ ل پێشیا ڤی بابەتی ل پەراوێزا ئاماژە بۆ هاتیەکرن- بکاربینن، ژمارەکا دی ژ چیرۆکێن چیرۆکنڤیسی، هەر ب ڤی رەنگی هاتینە ڤەگێڕان، واتە ڤەگێڕ ژ دەرڤەیە و ژ پشتڤە رویدانان دگرت وەکی: (زینێ ددەستێ مەموی دا بەفرە، سەرەک شەپرزە، چارچوڤە دژ چارچوڤە)(١٥)، هەرچەندە ئەڤ چیرۆکە هەتا رادەکی دەڤێن نوی نە و ب شێوازەک تایبەت هاتینە نڤیسین و مونتاجا میکانیکی د هندەکاندا هاتیە پەیرەوکرن، دیسان ب زمانەک تایبەت ژی هاتینە نڤیسین، ئەوژی زۆر نێزیکی هوزانێ یە، بەلێ دگەل هندێ ڤەگێر ژ دەرڤەی چیرۆکێ یە و ژ پشتڤە رویدانان دگریت، هەرچەندە د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە) و د هندەک پارچێن دوماهیکێ دا ڤەگێڕ هاتیە گوهورین و بوویە کەسێ چیرۆکێ و جهێ وی دناڤدایە.

ڤەگێڕێ (هەمان تشت زان) ژی بەرفرەهی دناڤ چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا دهێتە دیتن، کو جهێ وی دناڤ چیرۆکێدایە و دگەل کەس و ڕویدانا دایە، و هندی وان دزانت، وەکی د چیرۆکا (تولڤەکرنا خودایی)دا ڤەگێڕ کەسێ چیرۆکێ یە، بەلکو قارەمانە، چیرۆک هاتیە پارڤەکرن بۆ ڕۆژان، ژ روژا ئێکێ دەستپێدکەت، دەمێ بابێ وی ئەو دبر دا تەسلیمی رژێمێ بکەت؛ چونکو ژ خزمەتا سەربازی رەڤی بوو «ئەز ل پەی بابێ خوە دچوم.. هەر بێهنەکێ جارەکێ ل خوە دزڤری و دگوتە من لەزێ بکە...» (١٦) و ل دویف ئەو دەم و جهێن ئەو تێدا ئامادە ڕویدانا بۆمە ڤەدگێڕیت، و ڤەگێڕ دکەڤیتە جهێ کەسێ سەرەکی و ب جهناڤێ کەسێ ئێکێ یێ

ئاخفتنكەر (ئەز) رویدانا ڤەدگێریت و ب مێشكێ وی هزر دكەت، و ل دویف زنجیرا رویدانا بەردەوام دبیت، كو ل رۆژا دوێ بۆمە ڤەدگێریت «ئەم هەمی وەكی گەمارێ داقوتاینە د ئیڤایەكا چادركری دا و برین... دەمەكی ئیڤاییێ جهێ خوە خوەشكر و راوەستا و پشتا وێ ڤەبوو، ئەم دو دو دەرگەهی دا هاتینە خوارێ..»(١٧)

هەروەسا دگەل گوهورینا جهی، كەس و ئەو رویدانێن دگەل ڕویددەت ڤەدگێریت «ئەوا ئەز ژێ دترسام قەومی، بەری ئەز گوتنا خوە دروستی بێژم، زللەهەك دژوار سەرا ڤێ بەرسڤا (بێ ئەدەب) من خوار..»(١٨)، رویدان بەردەوامن هەتا دەمێ چەقوا رژێمێ ستویێ وی دبڕیت چیرۆك ژی ب دوماهی دهێت «چەقویێ هێدی هێدی دگەل ئاوازا سترانەكا بەدۆی ستویێ من دبری»(١٩).

ب دوماهی هاتنا ژیانا قارەمانی چیرۆك ب دوماهی دهێت؛ چونكو ڤەگێڕ هەر قارەمانە، ئەڤە فانتازیایە چیرۆكنڤیسی بكارئینای؛ چاوا پشتی دهێتە كوشتن ئەو سەرهاتیا خوە بۆمە ڤەدگێریت؟.

ڤەگێڕێ (كێم تشت زان) ژی ل دەڤ چیرۆكنڤیسی دهێتە دیتن، بەلێ ب رێژەكا كێم وەكی د چیرۆكا (ڤیژیا ئەبەدی)دا، ڤەگێر ب رێكا بهیستن و دیتنێ پێزانینان ب دەست خوە دئێخیت، هەر ل دەستپێكا چیرۆكێ دەمێ دەنگەك (نوژدار)ی كو ڤەگێرێ چیرۆكێ یە ژ خەوێ هشیار دكەت، دیسان ب رێكا دیتنێ بۆ دیار دبیت كو نەخوشەك ئینایینە بەلێ بارێ وێ نزانیت هەتا دەمێ نێزیك دبیت «هندی چاڤێ من تشت دیتین من هند نەساخی د سەرێ خوەدا رێزكرن.. ژ دوورڤە من هزرا سوتنێ دكر»(٢٠)، پاشی ڤەگێڕ ڕوویێ ژ دەرڤە بۆمە ڤەدگێریت؛ چونكو ڤەگێڕ (كێم تشت زان) شیانا كوبر بوونێ بۆ رویێ ژناڤدا نینە دەمێ دبێژیت: «دەستێن رەق و هەشك جلكێن برسی، لیرو ئاڤلدانكێن باڤزەر، چەرمێ گرۆ بووی..»(٢١)، هەروەسا ڤەگێڕ ب رێكا بهیستنێ بارێ نەخۆشی دزانیت، دەمێ ژ كەس و كارێن وی دپرست، ئەوژی ب ڤی رەنگی بەرسڤ ددەن «باوەر بكە ئەم ژێ نزانن.. و هەكەر مرۆڤەك موسلمان نەبایە دا بێژین: خەفسا خودێ یە!»(٢٢). و پێڤە دچن رویدانێ هەمییێ بۆ ڤەدگێرن، كەواتە ڤەگێر ب رێكا بهیستنێ بارودۆخی مللەتێ مە دگەل رژێما عیراقێ ڤەدگێریت، و ب ئاشوپەكا فەنتازی ترسا بەردەوام یان ترس ژ چەكێ كیمیاوی، بۆمە دیار دكەت، بكارئینانا ڤی جۆری ڤەگێری بۆ ڤی بابەتی هەتا رادەكێ گونجای یە؛ چونكو

مرۆڤ هەردەم بەرامبەر ئەو پیلانێن دوژمن بۆ مرۆڤی دگێریت، بێ ئەسەحی دمینت.

چیرۆكا (دیمەنەك سوریالی ژ فلمەك راپورتی)، ڤەگێران ب چاڤێ كامیرێ دهێتە ئەنجامدان، واتە ڤەگێڕ وێنێن كامیرە دگریت ڤەدگێریت، ل ڤێرە ڤەگێر (كێم تشت زان)ە و دیتن ژ دەرڤەیە، واتە وێنێ ژ دەرڤەی تشتا بەرچاڤ دكەت «چار مێر، بەلكو پێنج، نەخێر شەش.. نۆ كەس دروست نزانە چەندن، چونكی رەخێ دوورێ وێنەی شێلی یە و بەس چوار كەس باش ژێ دیارن»(٢٣) و ب ڤی رەنگی چیرۆكنڤیسی پارڤەكەرێن كوردستانێ ئێخستینە بەرچاڤ و كوردستان ب كچەك خودان كراس و فیستانێن كەس و زەر و دەرسوك سپی سالوخدایە، ڤەگێڕ ب چاڤێ كامیرێ دیدەڤانێ وان كریارانە ئەوێن ب سەرێ كچكێ دهێن، هەرچەندە ڤەگێر ل ڤێرێ (كێم تشت زان)ە، بەلێ شێلاتیەك دكەڤتە جورێ ڤەگێڕی؛ ئەو ژی دەمێ ڤەگێر هندەك پێزانینێن خوە دناڤ ڤەگێرانێدا دادرێژیت كو ئەو چەندە دناڤ وێنەیدا ناهێتە دیتن بۆ نموونە دەمێ دبێژیت: «نزانە ژ مێژە پەیڤێن وێ باركری یە ناڤ فەرهەنگان و كەس تێ ناگەهە»(٢٤)، دیسان ل جهەك دی دەمێ ڤەدگێریت: «بەس لەشێ وێ دمینە پێش چاڤێن وی»(٢٥)، ل جهەكێ دی ژی دەمێ بەحسێ كەسەكێ خودان شەل و شەپكان- چەتە- دكەت «كەچك دچاڤێن وی دا بۆ لەمتەك گوشتی و بەس!»(٢٦).

كەواتە جۆرێ دیتنێ د چیرۆكێن (فازل عومەر)ی دا هندەك جارا ب رۆنی ناهێتە دیاركرن، و ڤەگێرێ (هەموو تشت زان) ب دیتنا من باشترە ب ڤەگێرێ (بەرفرەهـ زان) دانین، دیسان ڤەگێرێ (هەمان تشت زان) بەرفرەهـ دهێتە دیتن، بەلێ ڤەگێرێ (كێم تشت زان) كێمە د چیرۆكێن وی دا.

**٢- شێوازێ ڤەگێرانێ**

شێوازێ ڤەگێرانێ ل دویف جۆرێ ڤەگێری و پەیوەندیا وی ب كەسان و رویدانان ڤە و جهێ وی د چیرۆكێدا، دهێتە دەستنیشانكرن، رەخنەگرێ رووسی (توماشفسكی) شێوازێ ڤەگێرانێ ل دویف جۆرێ ڤەگێری دەستنیشان دكەت و دبێژیت: «ب ڤی رەنگی دوو شێوازێن سەرەكی د ڤەگێرانێدا هەنە، ڤەگێرانا بابەتی (Objective) و ڤەگێرانا خوەیی (Subjective). د ڤەگێرانا بابەتیدا نڤیسەر هەمی تشتان دزانت، هەتا بیرێن نهێنیێن كەسان، بەلێ د

ڤەگێڕانا خوەییدا، ب ڕێکا چاڤێ ڤەگێڕی ل دویڤ ڤەگێڕانێ دکەڤن» (٢٧).

کەواتە ئەگەر هات و ڤەگێڕ ژ دەرڤەی چیرۆکێ بیت، دێ ب جهناڤێ کەسێ سییێ ڕویدانان ڤەگێڕیت، ئانکو ڤەگێڕێ (هەموو تشت زان)ە و ل دویف دیتنا خوە تێبینیا کەسان دکەت، شێوازێ ڤەگێڕانێ دێ بابەتی بیت، هەروەسا دەمێ ڤەگێڕ (کێم تشت زان) ژی بیت هەر شێواز بابەتی یە، بەلێ ب پلەکا کێمتر، هەرچەندە ل ڤێرێ ڤەگێڕ کەسێ چیرۆکێ یە- نە قارەمانە- بەلکو هاتیە هەلبژارتن ژلایێ چیرۆکنڤیسی ڤە بۆ ڤەگێڕانا ڕویدانان و دبیت د ڤەگێڕانا ڕویدانێن پەیوەندی ب کەسانێن دی ڤە هەی، گەلەک شیان نەبیت، ل دویف تێگەهشتن و زانینا خوە بۆ ڕویدانان، ڤەگێرانێ ئەنجام ددەت، و ل ڤێرێ خویندەڤان بەرێ خوە ددەتە ڤەگێڕی کو لایەکە د ڕویدانانداا، و دبیت ب لێکدان و شرۆڤەکرنێن وی رازی بیت یان نەء؛ چونکو ب وی بابەتی یا مە دڤێت ڕویدانان ڤەناگێڕیت(٢٨).

ئەگەر ڤەگێڕ ژ کەسان و ڕویدانان دویر کەفت؛ ئەڤە دبیتە ئەگەرێ هندێ کو ڤەگێڕ ڕاستەوخۆ تێکەلی چیرۆکێ نەبیت، و نابیتە کەسێ چیرۆکێ و ژ دویر تێبینی دکەت و دەستهەلات ل سەر هەیە و شێوازێ بابەتی ئەنجام ددەت؛ چونکو «دویرکەفتنا ڤەگێڕی ژ رویدانێن چیرۆکێ و گرتنا وان ژ پشتڤە، دیار دکەت کو ڤەگێڕ نە قارەمان و کەسێ چیرۆکێ یە، بەلکو ڤەگوهێزە، یان هەلگرێ وانە، و ب ڤی ڕەنگی شێوازێ بابەتی ددەتە چیرۆکا خوە» (٢٩).

شێوازێ خوەیی ئەنجام ددەت دەمێ ڤەگێر (هەمان تشت زان)بت، واتە ڤەگێڕ و قارەمان ئێکن، و هەمان هەست و سۆزێن وی ڤەدگێریت و جهێ وی دناڤ چیرۆکێدایە، ئەگەر چیرۆکنڤیسی ڤیا شێوازێ بابەتی بدەتە چیرۆکا خوە؛ دڤێت جهێ ڤەگێڕی ژناڤ چیرۆکێ بڤەگوهێزیتە ژ دەرڤە، و ئەڤەژی ڤەگێڕێ (هەمان تشت زان) دگوهوڕیت بۆ ڤەگێڕێ (هەموو تشت زان) و بکارئینانا جهناڤێ کەسێ سییێ ل جهێ کەسێ ئێکێ «بابەتیکرنا Objection رویدانان و چیرۆکێدا، ب مەبەستا دیتنا وان ب شێوەکێ باشتر؛ دبیتە ئەگەرێ گوهورینا ڤەگێری ژ ئامادەبووی بۆنەدیار، و ڤەگوهاستنا شێوازێ ئاخفتنێ، ژ (من)ێ ئاخفتنکەر بۆ (ئەو)ێ بینەر، ل جهێ ئامادەبوونا ڤەگێڕی یا تمام و دتێکستێدا هەست ب ئامادەبوونەکا ڤەشارتی یان ئامادەبوونا ژ پشتڤە دکەن» (٣٠).

هەرچەندە زۆربەی جاران ئەڤ هەردوو شێواز ژێک جودا دهێنە بکارئینان، بەلێ نە مەرجە هەردەم وە بیت؛ چارەنڤیسێ کەسەکێ دەستنیشانکری بکەڤت، وەک زنجیرە بۆمە دیار بکەت کا وی چ کریە و چ زانی یە. پاشی سەرنجا مە ژوی رادکێشیت بەرەڤ کەسەکێ دی و ژنوی بۆمە دیاردکەت ل دویف ئێک کا وی کەسی چ کریە و چ بهیستی یە. ب ڤی ڕەنگی قارەمان دبیتە ڕێ نیشاندەر بۆ ڤەگێڕانێ» (٣١).

ئەگەر بەرێ خوە بدەینە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی، دێ بینین هەردوو شێواز تێدا هاتینە بکارئینان، لێ دبیت شێوازێ بابەتی ب ڕێژەکا پتر بەرچاڤ بکەڤیت؛ چونکو هندەک جارا ڤەگێڕێ وی (هەموو تشت زان)ە و هندەک جاران (کێم تشت زان)ە، و د هەردوکاندا شێوازێ ڤەگێرانێ بابەتی یە، د چیرۆکا (هەریەک خەونێن خوە دبینە)دا، ڤەگێڕ (هەموو تشت زان)ە، جهێ وی ژ دەرڤەی دەقی یە، ب جهناڤێ کەسێ سییێ نەدیار (وی) هاتیە، ڤەگێران، چیرۆکنڤیسی بارودۆخێ سالا (١٩٩٢)ێ دەمێ هەر پارتەکێ خوە بۆ هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ بەرهەڤ دکر، دەمێ ب ڕێکا ڕەنگا خوە نیشان دان، وی بارودۆخی مرۆڤ نەچار دکر لایەنەکێ بهەلبژێریت، ئەڤ چەندە ڤەگێری ب شێوازەکی بابەتی ئێخستی یە پێشچاڤ، ڤەگێڕ ژ پشتڤە ڕویدانان دگێڕیت، و هەتا خەونێن (کوردو)ی ژی دزانت و ڤەدگێڕیت «درەنگ شەڤ نڤست، خۆ ل دارستانەکێ دیت دەهبە ل دور ئێورین، بەرێ خۆدا خۆ لەشێ مرۆڤان لێ بوو دەست ددا چەکێ بەرگریێ و ترس ژ دلێ وی دەرکەڤت.. لێ مەژیێ وی دگوتێ: تو بەرخی هندی دڤیا خۆ قایل بکە کو مرۆڤە، نە بەرخە، نە دکاری» (٣٢).

هەروەها چیرۆکا (ڤیژیا ئەبەدی)، ب شێوازێ بابەتی هاتیە ڤەگێڕان، ڤەگێڕ (کێم تشت زان)ە، ئێکە ژ کەسێن چیرۆکێ، و ل دویف تێگەهشتن و زانینا خوە ڕویدانان ڤەدگێڕیت؛ لەوما دبیت نە ب وێ بابەتی یا مە دڤێت، ڤەگێڕانێ ئەنجام بدەت، ڤەگێڕ ب تنێ ڕوییێ ژ دەرڤەییێ کەسان وێنە دکەت و ئەو شیان نینە شۆر بیت ناڤ ناخ و دەروونێ وان؛ بەلکو ب ڕێکا دیتن و بهیستنێ، زانیاریا ڤەدگێڕیت «دەنگ و دۆرەک توندە ئەز ژ خەوا خانی نووژەنکرنێ و ترومبێل کرینێ.. هشیارکرم» (٣٣). دڤێ چیرۆکێدا ڤەگێر کو (نوژدار)ە ئەو چەندا ب سەرێ کەسەکێ دی هاتی ب شێوازەکی بابەتی ڤەگێڕیت.

چیرۆکا (مێڤانێ نەوەخت)، ب شێوازێ بابەتی هاتیە ڤەگێران، ڤەگێڕ ژ دەرڤەی چیرۆکێ یە (هەموو تشت زان)ە، و ل دویف دیتنا خوە سەرنجا ئاراستە دکەت و تێبینیا (شێرزاد)ی دکەت؛ بەلێ ب دیتنا من چونکو ڤەگێڕ ل دویڤ چارەنڤیسێ (شێرزاد)ی دکەڤیت و ب زنجیرە بۆمە ڤەدگێڕیت کا چ کریە، و چ زانی یە؛ لەوما شێوازێ خوەیی دگەل بابەتی تێکەل بوویە و قارەمان بوویە رێ نیشاندەر بۆ خوینەڤانی، واتە ل ڤێرە وەسا دیار دبیت کو ڤەگێڕێ راستەقینە قارەمانە، و ڤەگێڕ ب تنێ دەنگێ وی یە، چیرۆک ڤی رەنگی دەستپێدکەت «وێ رۆژێ گەلەک ماندی بوو، جان و لەشێ وی وەستای بون، بخوە دل لێدان و هەناسە، لێ گران بوون. دەما ژ سەرێ کولانێ بەر ب مال هاتی، دا بێژی هەر لنگەک وی کەڤرەک پێڤەیە» (٣٤)، ب ڤی رەنگی ڤەگێڕ ب زنجیرە سەرهاتیا قارەمانی بۆمە ڤەدگێڕیت.

چیرۆکنڤیسی دداریتنا چیرۆکێن خوەدا، هندەک جاران د ئێک چیرۆکدا شێوازێ بابەتی و خوەیی پێکڤە بکارئینایە؛ ئەوژی دەمێ ڤەگێڕ دهێتە گوهورین د هندەک پارچاندا ژ چیرۆکێ، و ئەڤە دبیتە ئەگەرێ گوهورینا شێوازی، وەکی د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە)دا، هندەک جاران ڤەگێڕ ژ دەرڤەی چیرۆکێ یە و ب جهناڤێ نەدیار رویدانان ڤەدگێڕیت و شێواز بابەتی یە و هندەک پارچێن دی دا، ڤەگێڕ کەسێ چیرۆکێ یە و قارەمانە و ب جهناڤێ ئاخفتنکەر ڤەدگێڕیت؛ و ل ڤێرێ شێوازێ خوەیی ئەنجام ددەت، ڤەگێڕ ل دویف دیتنا خوە رویدانان ڤەدگێڕیت وەکی «ئەز رەڤەندەک سەیرم، ژڤێ ستێرێ دچمە یا دی ژڤێ هزرێ دچمە یا دی.. من ڤالاهی هێلان، نە ستێرستان. تۆڤێ خوە ل هەمی راوەستانێ دچینم و دێ گەردوونی ئێخمە فەرتەنەیەک بێ دوماهیک.. د سەر هندێ را نە دزانم رەڤەندی چی یە و نەژی ژبەر چی رەڤەندم! ئەز ئاهواری دپەرێسم ئەهریمەن شاد بت..» (٣٥)، ئەڤ چیرۆکە هەر ژ ناڤێ وێ بگرە ئەو شەپرزەیا دژیانا مرۆڤی دا ل سەر روویێ ئەردی، ئەو ناکۆکی و بیروباوەرێن جۆدا، و ئەو هەمی رویدانێن هەمەجۆر، چیرۆکنڤیسی بۆ ڤێ هەمییێ هندەک جاران ڤەگێڕ گوهوری یە؛ و بوویە ئەگەرێ گوهورینا شێوازی، ئەو شەپرزەیی یە دداریتنا چیرۆکێ ژێدا دیار کریە.

وەکی مە گۆتی د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا شێوازێ خوەیی ژی هەیە، دەمێ ڤەگێڕ دبتە قارەمانێ چیرۆکێ، واتە ببیت ڤەگێڕێ (هەمان تشت زان) وەکی چیرۆکا (تۆلڤەکرنا خودایی) کو قارەمان ڤەگێڕە و کاروانێ دەردەسەری یاخوە دئێخیتە پێشچاڤ دەمێ دبێژیت «ئەز گەلەک شەپرزە بووم، پێن من ببوونە باگوردان ل پەی من نەدهاتن و بابێ من ژ پەیڤا (لەزێ بکە) چویبێ دی نەدزانی. من ژی هزر دکر بابێ من ژ هەمی دلێ خوەیێ من ژ نەمانێ قورتال دکەت» (٣٦) ڤەگێڕ بەردەوام سەرهاتیا خوە و ئەو ئەشکەنجەدانا ل سەر دەستێن رژێما بەعس دیتی ب شێوازەکێ خوەیی بۆ مە ڤەدگێڕیت.

کەواتە بۆمە دیار دبیت، کو شێوازێ ڤەگێرانێ د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا پتر بابەتی یە؛ چونکو هندەک جاران ڤەگێڕێ وی (هەموو تشت زان)ە و هندەک جاران (کێم تشت زان)ە، د هەردوو دەماندا شێواز بابەتی یە، ئەگەر ب پلەکا کێمتر ل دەڤ ڤەگێڕێ (کێم تشت زان)، دیسان هندەک جاران هەردوو شێواز تێکەل بووینە، و هندەک جاران ب ژێک جودایی د هەمان چیرۆکدا هاتیە بکارئینان، دیسان د گەلەک چیرۆکاندا شێواز ب تنێ خوەیی بوویە.

**٣- بکارئینانا جهناڤان**

مەبەست ژێ هەرسێ جهناڤن: کەسێ ئێکێ ئاخفتنکەر، کەسێ دوێ، کەسێ سێیێ یێ نادیار، بکارئینانا ڤان جهناڤان د بوارێ هونەرێ ڤەگێرانێدا دهێتە گوهورین؛ و ل ڤێرێ مرۆڤ دشێت بپرست ئایا ئەڤ گوهورینە ل دویڤ چ پیڤەر دهێنە رویدان؟ ئایا بۆ مەبەستەکا جوانکاری یە؟ یان هەر ئێک ل دویف پێدڤیاتی و جهێ تایبەت دهێنە بکارئینان.

دڤی بواریدا هندەک هەلبژارتنا هەر ئێک ژڤان جهناڤان ب گرنگ دزانن «ئەوا بۆمە ب شێوێ نەدیار دهێتە ڤەگوهاستن، جودایە ژ ئەوا بۆ مە ب شێوێ ئاخفتنکەر دهێتە گۆتن» (٣٧)، بەلێ بەروڤاژی ڤێ چەندێ هندەک دبێژن: «ڤەگوهاستن دناڤبەرا هەرسێ جهناڤاندا د ڤەگێرانێدا پرسەکا جوانکاری یە نەک سیمانتیکی یە، فۆرمی یە نەک جەوهەری یە، ل دویڤ هەلبژارتنا چیرۆکنڤیسی یە نەکو ژ نەچاری یە» (٣٨).

دیارە، جۆرێ جهناڤان و گوهورینا وان ب مەبەستا گوهورینا شێوازی، خۆشیەکێ ل دەڤ خوینەڤانی پەیدا دکەت، بەلێ دگەل هندێ ژی کو هەر ئێکێ ژ ڤان جهناڤان تایبەتمەندیێن خوە هەنە(٣٩)، لەوما دیار دبیت کو دبیت بکارئینانا جهناڤەکی ل جهەکێ تایبەت گونجایتر ببیت، هەرچەندە ئەگەر ژ نەچاری ژی بیت.

**٣-١ جهناڤێ کەسێ سیێ یێ نەدیار**

ئەڤ جهناڤە گەلەک بەری جهناڤێن دی د ڤەگێڕانا زارەکیدا هەروەها د ڤەگێڕانا نڤیسی ژیدا هاتیە بکارئینان، ژ هەمیان پتر ل دەڤ نڤیسەران هاتیە بکارئینان.

**٣-٢ جهناڤێ کەسێ ئێکێ یێ ئاخفتنکەر**

دبیت ئەڤ جهناڤە ب پلا دویێ پشتی جهناڤی نەدیار بهێت ژلایێ بکارئینانێڤە، ئەوژی ژ کەڤندا هاتیە بکارئینان «ئەم جهناڤێ ئاخفتنکەر بکار دئینن، دەمێ هەولددەن ئاشوپێ بکەنە راستی» (٤٠)؛ چونکو دڤی جهناڤیدا ڤەگێڕ قارەمانێ چیرۆکێ یە شیانا کووربوونێ دناڤ ناخێ کەساندا هەیە؛ لەوما بۆ رۆنکرنا بوارێن دەروونی پتر ئەڤ جهناڤە دگونجیت.

**٣-٣ جهناڤێ کەسێ دووێ**

ئەڤ جهناڤە ژی د ڤەگێڕانا چیرۆکاندا دهێتە بکارئینان بەلێ، ب رێژەکا کێمتر، ژوان کەسێن ناڤدار د بکارئینانا ڤی جهناڤیدا، ل فرەنسا- دبیت ل جیهانێ هەمیێ- رۆماننڤیس (میشال بورتور)ە، د رۆمانا خوەدا (العدول) بکارئینایە، دەربارەی ڤی جهناڤی دبێژیت: (ئەگەر مرۆڤی چیرۆکا خوە ب تەمامی زانیبا، یان ئەگەر ئاستەنگ نەبان کو ڤەگێریت.. دڤیا شێوێ ئاخفتنکەر بکارئینابا.. بەلێ گۆتنێن وی ژێ دهێنە ستاندن؛ چونکو نەوەیێ دبێژیت، یان ڕاستییێ ڤەدشێریت..» (٤١).

چیرۆکنڤیس ل سەردەمێ نوکە پتر بەرەڤ بکارئینانا جهناڤێ ئێکێ یێ ئاخفتنکەر، و جهناڤێ کەسێ دووێ، دچن؛ دبیت ئەڤ چەندە بڤەگەریت بۆ هندێ کو دگەل پێشکەفتنێ، ژیان پتر ئالوز دبیت، و بارێ دەرونی یێ مرۆڤی پتر ئالوز دبیت و نەشێت دەربڕینێ ژ ناڤخوەیا مرۆڤی بکەت، ژبو چەسپاندنا ڤێ چەندێ ئەڤ جهناڤە هاتە بکارئینان، دیسان د جهناڤێ دویێ ژیدا، کو پتر دەربڕینێ ژ وان بابەتان دکەت ئەوێن ب زەحمەت مرۆڤ دەرەهی بکەت، و دبیت بکارئینانا ڤی جهناڤی هەر بۆ خوەیی یێ مرۆڤ دڤریت واتە دبیت مۆنۆلۆگ بیت، کو دیالۆگا مرۆڤی دگەل خوە ب خوەیە.

د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا پتر جهناڤێ کەسێ سیێ هاتیە بکارئینان و ب رێژەکا پتر ژ جهناڤێن دی، هەرچەندە د هندەک چیرۆکێن ویدا مرۆڤ هەست دکەت ئەگەر جهناڤی کەسێ ئێکێ بکارئینابا دا پتر گونجیت، هەرچەندە ئەڤە ژ بەهایێ وان چیرۆکان کێم ناکەت، وەکی بۆ نموونە چیرۆکا (مێڤانێ نەوەخت) (٤٢)، هەرچەندە بابەتەک هەتا ڕادەکێ گشتی ئێخستی یە پێشچاڤ ل دەڤ مە د سەردەمەکێ دا، دەمێ رژێما بەعس حوکم ل مە دکر و ئەو بەرفرەهیا بوشایی یا دناڤبەرا وان و خەلکیدا، ب تایبەتی گەنجێن کورد، ژبەر وێ ئەشکەنجەدانا ل سەر دەستێن وان توش دبوون؛ لەوما ترسەک و نەئارامیەک ل دەڤ مرۆڤی پەیدا دبوو، دەمێ مرۆڤی ناڤێن وان د بهیست، ڤێجا نەخاسمە ئەگەر داخوازا مرۆڤی بکەن، بەلێ چونکو چیرۆکنڤیسی هەولدایە وی بارێ دەروونی یێ (شێرزاد) کەتیە تێدا ب هووری بۆمە بڤەگێریت، دیسان ڤەگێر وەکی زنجیرە ل دویڤ چارەنڤیسێ (شێرزاد)ی دکەڤیت؛ لەوما ب دیتنا من ئەگەر ب جهناڤێ ئاخفتنکەر هاتبا ڤەگێڕان گونجای تر بوو ل دەڤ خوێندەڤانی.

بەلێ د گەلەک چیرۆکاندا چیرۆکنڤیس سەرکەفتی بوویە، بۆ بکارئینانا ڤی جهناڤی، وەکی د چیرۆکا (زینێ ددەستێ مەمۆی دا بەفرە) (٤٣)؛ چونکو بابەت بەرفرەهە، گەلەک دیتنێن جودا نیشا مە ددەت و ئەو گوهرینێن ب سەر (مەمۆ)ی دا هاتینە کو هێمایە بۆ مللەتێ کورد و هندەک جارا دەستهەلاتە، دیسان مەمۆ هندەک جارا بویە ئێک ژ مللەتی و هەر جارەکی دکراسەکیدا نیشاندایە؛ لەوما ئەڤ بابەتە پتر دگەل ڤی جهناڤی گونجای یە.

جهناڤێ کەسێ ئێکێ یێ ئاخفتنکەر ژی ب رێژەکا باش د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا بەرچاڤ دکەڤیت، وەکی چیرۆکا (تولڤەکرنا خودایی) ب جهناڤێ کەسێ ئێکێ ئاخفتنکەر (من، ئەز، ئەم) هاتیە ڤەگێڕان «ئەز ل پەی بابێ خوە دچوم... هەر بێهنەکێ جارەکێ ل خوە دزڤری و دگوتە من لەزێ بکە» (٤٤). یان ل جهەکێ دی هاتیە «ئەم هەمی وەکی گەمارێ داڤوتاینە د ئیڤایەکا چادرکری دا و برین..» (٤٥). ڤەگێڕ کەسێ چیرۆکێ یە؛ جهێ وی دناڤدایە و سەرهاتی یا خوە ڤەدگێریت؛ لەوما ب هووری هزروبیرێن وی دهێنە ڤەگێڕان «ترس کەڤتە لەشێ من و پێدڤی بوو ئەز بۆ هەر پرسیارەکا دی پەیت و زیرەکتر بم، د چیرۆکێن ڤێ هزرکرنێ دا ب هزاران بەرسڤ من بۆ پرسیارا بۆری د سەرێ خوەدا رێزکرن، لێ دلێ من چو نە پەرژاندن..» (٤٦).

جهناڤێ کەسێ دووێ (تو، تە) کێم ل دەڤ (فازل عومەر)ی هاتیە بکارئینان، د چیرۆکا (خەونا چامەبێژەکی)دا هاتیە بکارئینان «تۆ چامەبێژەک گەنجی

راستە ژ ژیانێ پتر د خەونێ دا دژی، لێ ب شەڤ و رۆژ بۆ ناڤەک باشتر و گەشتر و سەرفرازتر د خەبتی» (٤٧)، ئەڤ چیرۆکە ب رێ یا دیالۆگا ئێک لا دهێتە ڤەگێڕان ب تنێ دەنگێ ئێکێ دیارە و هیچ دەرفەت ناهێتەدان بۆ کەسێ دوێ، ئاخفتنا خوە ئاشکرا بکەت، بەلکو کەسێ ئێکێ کو ڤەگێڕە هەمی بیروباوەرێن خوە ب سەرێ وی دا دکەت، و هیچ دەرفەتێ نادەتێ باخڤیت، یان تشتێ ئەو دبێژیت ب تنێ ڤەگێڕی های ژێ هەیە، و شرۆڤە دکەت و بەرسڤێ ل سەر ددەت (چی چی؟ تە چویێ دی نەڤێت! دێ دوێ سەرکەفتن و خوەشی یێ دا ئەبەدی بی.. ها!!! ئێ ئێ.. پا ئەز خشیمم! تە ب خوە دڤێت یەک تە بکوژت!» (٤٨).

ئەڤ جهناڤە وی دەمی دهێتە بکارئینان دەمێ کەسێ بەرامبەر، یێ (تو) بۆ دزڤڕیت، خوە نەنیاسیت و نەشێت بیروبۆچوونێن خوە دەرببڕیت! چونکو ئاستەنگ درێکا ویدا هەنە ڤێجا ئەو ئاستەنگ سیاسی بن یان ئاینی... هتد. ڤەگێڕ وان هزرا ژێ دستینیت و خوە ژوی چاڤنەترستر دبینیت، هەروەکی دڤێ چیرۆکێدا دیار، ب دیتنا من چیرۆکنڤیس دڤی بواریدا سەرکەفتی بوویە کو ئەڤ جهناڤە دڤێ چیرۆکێدا بکارئینای؛ ژبەر وان هزرو بیرێن کەسێ چیرۆکێ هەلدگریت، کو ب دروستی ڤەگێڕی ژێ ستاندینە «دێ بی یە شەهیدێ کاروانێ پەیڤا پاک و مرۆڤانی و... هەتا دوماهیێ ژڤان پەیڤێن مرۆڤی هل دگرن و نە زکێ وی تێر دکەن نە ژی دپارێزن.. تە شەهیداتی دڤێت!؟ ل میهرەگان و سمیناران بەری هەر تشتێ ناڤێ تە بینن..» (٤٩).

د (چیرۆکا دەنگ)(٥٠)دا ژ، جهناڤێ کەسێ دوێ (تو) هاتیە بکارئینان «تە های ژڤی دەنگی هەیە؟

– دەنگێ چی؟» (٥١)، بەلێ نە بەس ئەڤ ب تنێ، بەلکو جهناڤێ کەسێ ئێکێ ئاخفتنکەر (من، ئەز،) ژی تێدا هیە «ئەز نزانم چ بکم.. هەکەر چی خەلکێ ڤێ دنیایێ هەمی دبێژن: مە های ژێ نینە، لێ ئەز پشت راستم هەمی یان وەکی من های ژێ هەیە... لێ پرسیار ئەوە" بۆچی ئەز دەرەهی دکەم و ئەو نە!!» (٥٢)، چونکو ئەڤ چیرۆکە بۆ چەند پشکەکا هاتیە پارڤەکرن، پشکا ئێکێ دیالۆگە دگەل کەسێ بەرامبەر، کەسێ ئێکێ ئەم دشێن ب مرۆڤەکێ هوشیار و ب سەر راستیێ هلبووی دانن، ئەڤ ڕاستی یە وەکو هێما د چیرۆکێدا (دەنگە) کو ئەو کەسە هایژێ هەیە، دبیت ئەو راستی خوە رزگارکرن بیت ژ بیروباوەرێن کەڤنار یان راستیێن ژ ژیواری هەردو کەس تێدا دژیت، و ل ڤێرێ کەسێ دوێ ئەوێ ژ چ تشتی نەی، یان ژی وەکی کەسێ ئێکێ دبێژیت خوە د خاپینیت کو ئەو ب نەخۆشیا شیزوفرینیایێ نەخۆشە، و ئەڤە هێمایە بۆ هندێ کو مرۆڤێ هۆشیار هەردەم دگەل جڤاکی ناگونجیت وەکی مرۆڤەکێ نە ئاسایی لێ دهێتە نێرین.

پشکا دوێ وەکی مە گۆتی ب جهناڤێ (من، ئەز) هاتیە ڤەگێڕان کو ب شێوازێ مۆنۆلۆگا کەسێ ئێکی یە، واتە ئاخفتنا وی یە دگەل خوە، کو ئەو دەنگە بەلا خوە ژێڤە ناکەن و گەهشتینە هەستیکێن وی «نزانم، نزانم.. ئەڤ دەنگێ درِ و تیژ و هۆڤ ل سەر هەستیکێن من لەیزن، من دکەتە دنیایەک ئالۆز و شەپرزە و هۆڤ.. ئەز نزانم، چ ل ڤی دەنگێ بێ دەم و بێ دەستور بکەم؟!» (٥٣)، و هوسا بەردەوام ڤەگوهاستن دناڤبەرا هەدوو جهناڤاندا دگەل گوهورینا پارچێن چیرۆکێ.

ئەم بکارئینانا پتر ژ جهناڤەکی د ئێک چیرۆکدا، ل دەڤ چیرۆکنڤیسی دبینن د هندەک چیرۆکێن دی ژی دا وەکی چیرۆکا (خۆ تافیرکرن) کو ب جهناڤێ کەسێ ئێکێ (من، ئەز) هاتیە ڤەگێڕان (هەگەر چی ئەز پشت راست بووم کو ئەز ب وێ ترۆمبێلێ ناچم» (٥٤)، بەلێ دەمێ کەسێ چیرۆکێ دەست ب ڤەگێڕانا هزرو بیر و کریارێن کەسێ دی دکەت ب جهناڤێ کەسێ نەدیار (وی) دهێتە ڤەگێڕان «لێ مەژێ وی ل کار بوو، هندی دهاتنێ نەدشییا مفتەکی سەرهاتی و بیرهاتنێن کەڤن، هەمی بوون کاسێتەکا دوور و درێژ و مەشتوخێ وی ببوو ڤیدیۆ» (٥٥).

دیسان د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە) ژی دا پتر ژ جهناڤەکێ تێدا هاتیە، کو پتر ب جهناڤێ کەسێ سییێ ڤەدگێڕیت، بەلێ د هندەک پشکادا ڤەگێڕ بۆ قارەمان و ڤەگێڕان ب ستویێ خوەڤە گرتی یە واتە ڤەگێڕانا چیرۆکێ دناڤبەرا (وی، وان، من، مە، ئەز)دا دهێتە ڤەگوهاستن.

کەواتە ڤەگێڕان ب هەرسێ جهناڤان ل دەف چیرۆکنڤیسی هەیە، بەلێ ب رێژێن جۆدا کو جهناڤێ کەسێ سییێ ژ هەمیان پتر و کەسێ دوێ ژ هەمیان کێمتر، دیسان د هندەک چیرۆکاندا پتر ژ جهناڤەکی هاتیە بکارئینان.

## ٤– دەمێ ڤەگێڕانێ

### ٤–١ جۆرێ ڤەگێڕانێ

دەمێ مرۆڤ ڕەوشا دەمی بۆ ڤەگێڕی ل گورەی دەمێ سەرهاتیێ دەستنیشان دکەت؛ جۆرێ ڤەگێڕانێ دهێتە

دیارکرن، ب ڤی ڕەنگی:

**٤-١-١ ڤەگێرانا پاشکۆ**

ئەوە کو ڤەگێر هندەک ڕویدانان ڤەگێڕیت بەری دەمێ ڤەگێـــڕانێ هاتینە رویدان، واتە ژ دەمێ بورینە و ب شێوێ رابردوو دهێتە ڤەگێران.

**٤-١-٢ ڤەگێرانا پێش وەخت**

ئەڤ جۆرە ب شێوێ داهاتی دهێتە ڤەگێران، و یا کێمە د مێژووا ئەدەبیدا، و ل ڤێرێ دڤیا جۆداهیێ بێخینە دناڤبەرا ڤی جۆری و ئەوێ د ڕۆمانێن خەیالا زانستیدا دهێتە بکارئینان، واتە دبیت چیرۆک بەحسێ هندەک رویدانێن پاشەرۆژێ بکەت و ب جۆرێ پاشکۆ بیت.

**٤-١-٣ ڤەگێرانا نهۆیی**

دڤی جۆریدا ڤەگێران ب شێوێ نهۆیە، واتە ڤەگێران و رویدانێن سەرهاتیێ دگەل ئێک دهێنە رویدان، دبیت ڤەگێر ژ ڤەگێرانا پاشکۆیی بەرەف ڤەگێرانا نهویی بچیت(٥٦).

ل ڤێرێ فەرە بزانین جۆرەک دی ژ ڤەگێڕانێ هەیە کو ڤەگێرانا نێوانە، بەلێ ل دەف چیرۆکنڤیسی بەرچاڤ ناکەڤت؛ لەوما مە گرنگی نەدایێ.

زۆربەی چیرۆکێن (فازل عومەر)ی ب ڤەگێرانا پاشکۆ هاتینە ڤەگێران، بۆ نموونە چیرۆکا (مێڤانێ نە وەخت) ب ڤەگێرانا پاشکۆ هاتیە ڤەگێران، کو ڤەگێر هندەک رویدانا ڤەدگێریت بەری دەمێ ڤەگێرانێ رویداینە، و ڤەگێران ب دەمێ بوری دهێتە ئەنجامدان، وەکی «وێ رۆژێ گەلەک ماندی بوو، جان و لەشێ وی وەستای بوون، بخوە دل لێدان و هەناسە، لێ گران بوو» (٥٧)، چیرۆک هەتا دوماهیێ ب ڤی جۆری بەردەوام دبیت «دەما شێرزاد چاڤێن خوە ژ بەر بێن وی نەدانابن دەستێ خوە درێژ کرە پاخلا خوە، شێرزاد هزرکر دێ دلێ وی بورە، و چاڤێن وی زیق مانە ل دەستێ کابرایی» (٥٨).

هەروەسا چیرۆکا (تۆلڤەکرنا خودایی) ژی ب ڤی جۆری هاتیە ڤەگێران هەتا دوماهیێ، بۆ نموونە چیرۆک ب ڤان رستان دەستپێدکەت «ئەز ل پەی بابێ خوە دچۆم.. هەر بێهنەکێ جارەکێ ل خوە دزڤری و دگۆتە من: لەزێ بکە. ئەز گەلەک شەپرزە بووم، پێن من ببوونە پاگوردان ل پەی من نەدهاتن و بابێ من ژ پەیڤا (لەزێ بکە) چویێ دی نەدزانی. من ژی هزر دکر بابێ من ژ هەمی دلێ خوە یێ من ژ نەمانێ قورتال دکەت» (٥٩) وەکی ژ کارێن رستا دیار کو ب دەمێ بۆری یێ راگەهاندنێ یێ بەردەوامە، و ڤەگێران پاشکۆیی یە.

ڤەگێرانا نهویی ژی د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا هاتیە بکارئینان، هەرچەندە ب رێژەکا کێمترە ژ ڤەگێرانا پاشکۆ، وەکی د چیرۆکا (خەونا چامەبێژەکی)دا هاتی کو چیرۆک ب دیالۆگا ئێک لایەنە و ئێکسەر دهێتە ڤەگێران ب دەمێ نهو، بۆ نموونە (تو چامەبێژەک گەنجی، راستە ژ ژیانێ پتـــر د خەونێ دا دژی، لێ ب شەڤ و رۆژ بۆ ناڤەک باشتر و گەشتر و سەرفەرازتر د خەبتی» (٦٠)، وەکی دیار کار دەمێ نهویە، و چیرۆک ب هەمان ڕەنگ بەردەوام دبیت.

دیسان دچیرۆکا (دیمەنەک سوریالی ژ فلمەک راپورتی)دا، چیرۆک بۆ سەر چەند پشکان، یان وێنەیان هاتیە پارڤەکرن کو ب رێ یا کامیرێ دهێنە وێنەکرن، چیرۆک هەر ژ وێنەیێ ئێکێ کو بناڤێ (وێنەیێ دوور) هاتیە ناڤکرن، ڤەگێران نهویی یە، بۆ نموونە (چاڤێ کامیرێ لسەر باژێری دگەڕە هزار چەپ و چیران ژبەر گونبەد و منارەیان ددە خوە. پاشی هێدی هێدی دادکەڤە باخچەیەکی..» (٦١)و وەکی بۆمە دیار دبیت کو کار دەمێ نهویە؛ لەوما ڤەگێرانا نهویی یە، و ب ڤی ڕەنگی د وێنێن دی ژیدا ئەڤ ڤەگێرانە بەردەوام دبیت، هەتا وێنەیێ چوارێ کو ب ناڤێ (وێنێ دوماهیکێ) ناڤکریە، ئەڤ وێنە ب ڤەگێرانا پاشکۆ هاتیە ڤەگێران، بۆ نموونە «دەما رێز خلاس بووی، خودانێ قەت وەریسی رابوو، ل تەماشکەران نێری و گۆت: کێ دل تێ یە؟... هتد» (٦٢)، چونکو کار دەمێ بوریە؛ لەوما بۆ مە دیاردبیت کو ڤەگێران پاشکۆیی یە، بەلێ وێنەیێ دوماهیێ ژ چیرۆکێ دیسان ب ڤەگێرانا نهویی دهێتە ڤەگێران، دبیت پارڤەکرنا چیرۆکێ بۆ سەر پشکا ڤێ سەربەستیێ بدەت چیرۆکنڤیسی کو د ئێک چیرۆکدا پتر ژ ئێک چۆرێ ڤەگێرانێ بکاربینیت، وەکی د چیرۆکا (چارچوڤە دژ چارچوڤە) هەرچەندە بارا پتر ب ڤەگێرانا نهویی یە، بەلێ ڤەگێرانا پاشکۆ، کێم جارا یا پێش وەخت ژی تێدا دهێتە دیتن، بۆ نموونە «مەمۆ ب پۆسیدەیی گرنژی، کۆ پال کرە ستویێ خوە، شاخ ب شەرم ڤە هلگرتن و بەرێ خوە دا وەغەرێ و پشتا خوە دا فەلەکێ» (٦٣)، ل ڤێرە دیارە ڤەگێران پاشکۆیی یە، بەلێ پشتی هینگێ ئێکسەر ڤەگێران دهێتە گوهرین، وەکی: «دێ ل بزنێن بێ گوهان.. ببۆرن یێ شاخ گەڕت، مەمۆ» (٦٤)، کەواتە، دەمێ رستێ ل ڤێرە دەمی دهێتە؛ لەوما ڤەگێران پێش وەختە، دیسان ل جهەکێ دی ژ

چیرۆکێ ئەڤ ڤەگێرانە دیارە، دەمێ دبێژیت: «ئەزرائیل مال مال دێ گەڕێت و چ مالا دەرگەهێ وێ نەقوتت، کەس لێ نەهێلایە» (٦٥). کەواتە ل ڤێرێ تشتێ سەرنج راکێش ئەوە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی ب ڕێژەکا زۆر پتر ژ جۆرەکێ ڤەگێڕانێ هاتیە، وەکی د چیرۆکێن بوری دا و گەلەکێن دی وەکی د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە)دا، دڤێ چیرۆکێدا هەر زوی زوی جۆرێ ڤەگێڕانێ دهێتە گوهورین بۆ نموونە «لەو هەردو بێ سەر دگەڕن و دەما هنبەری هەڤ دبن نزانن ئاشت بن یان بنکەفشانێ بکەن..» (٦٦)، دڤێ پارچا کورتدا ئەم دو جورێن ڤەگێڕانێ دبینن ل دەستپێکێ ژ کارێ (دگەڕن، دبن) دیارە کو دەمێ نهویە؛ لەوما ڤەگێڕان بەردەوامە. ب راستی چیرۆکێن دوماهیێ یێن (فازل عومەر)ی ب شێوازەک نوی هاتینە نڤیسین، کو رویدانەکا سەرەکی تێدا نینە هاتبیتە ڤەگێڕان، بەلکو پتر شێوازەکێ نێزیکی هوزانێ یە؛ لەوما جۆرێ ڤەگێڕانێ ژی نە ئێک جورە، بەلکو پتر ژ ئێکی تێدا هەیە.

دیسان چ چیرۆک کو ب تنێ ب ڤەگێڕانا پێش وەخت هاتبیتە ڤەگێڕان نینن، کەواتە بۆمە دیار دبیت کو چیرۆکێن (فازل عومەر)ی ب ڕێژەکا زۆر ب جۆری پاشکۆنە، و گەلەک چیرۆکێن دی ب پتر ژ جۆرەکێ هاتینە ڤەگێڕان.

**٤-٢ لڤینا دەمی**

د هەر چیرۆکەکێدا دڤیا دوو دەم ژێک بهێنە جوداکرن، ئەوژی: دەمێ چیرۆکێ، و دەمێ ڤەگێڕانێ. مرۆڤ دشێت ڤان هەردوو دەمان ب ڤی ڕەنگی ژێک جودا بکەت: کاتی چیرۆک (أ ب ج د) (الزمن الروائی)، کاتی گێڕانەوە (أ د ب ج) یان (ج د ب أ) (الزمن السردی) (٦٧)، کەواتە ئەڤ هەردوو دەمە ژلایێ زنجیرا رویدانانڤە د ژێک جودانە، دیسان دەمێ ڤەگێڕانێ نە دەمێ راستێ ڕویدانانە؛ بەلکو دەمەکێ جوانکاری و سوزداری یە ل سەر بناغێ دویڤئێکهاتنا دەمێ ڤەگێڕانێ یێن فرەهکاری و پاشدا هاتنێ دهێنە ئاڤاکرن، ئانکو «دەمێ ڤەگێڕانێ دەمەکێ وێنەکرنێ یە چنکو نوینەریا دەمەکێ راست دکەت هندەک ڕویدانان هەلدگریت هەروەکی ڕاستن. ئەڤێ چەندێ تەکنیکەک بۆ دڤێت، ڤەگێڕ پێ دەمێ ڕاست ڤەدگوهێزتە ڤەگێڕانێ» (٦٨).

لڤینا دەمی ژی ژوان تەکنیکانە کو ئەڤ چەندە پێ دهێتە ئەنجامدان، ئەوژی ب ڕێکا: لڤین بەرەف پاشڤە، لڤین بەرەف پێشڤە.

**٤-٢-١ ڤەگەڕان بەرەف پاشڤە Flash Back**

مەبەست ژێ ئەوە دەمێ هندەک رویدانێن ژیانا بۆری یا کەسێ چیرۆکێ دئیننە دناڤ دەقیدا، ڤێجا بۆ هندەک پێدڤیێن ڤەگێڕانێ یان دروستکرنا خۆشیێ ددەقیدا، ڕویدان د خالەکێدا ل دەمێ نوکەیێ چیرۆکێ ڕادوەستیت، و ڤەگێڕان ڤەدگەریت بۆ پاشڤە- رابردوو- کو ژ دەرڤەی چیرۆکێ یە، و دبیتە ئەگەرێ دروستبوونا «کۆمەلەکا پارچێن بچووک، کو بەرامبەر پارچا مەزن ب لاوەکی دهێنە ل قەلەمدان» (٦٩).

ل ڤێرێ پێدڤییە بەحسێ تەکنیکەکا دی د ڤەگێڕانێدا بکەین هەتا ڕادەکێ نێزیکی (فلاش باک)ێ یە، ئەوژی ئینانە پێشچاڤ (الاستحضار)، هەر ئەوژی ڕویدانێن بوری یێن ژیانا کەسان دئێخنە بەرچاڤێن خویندەڤانی، بەلێ جوداهیا وێ ژ (فلاش باک)ێ ب هندێ یە کو: « لەبری وەستاندنی گێڕانەوە لەکاتی ئێستای دەق دا و گەرانەوە بۆ رابردوو، رابردوو دەهێنرێت بۆ ئێستا و گێڕانەوە بەردەوامە و هەست بە پچڕاندن ناکرێ و خوێنەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە، ئەو بەشەی رووداوەکانی ژیانی کارکتەر کە دەهێنرێت بۆ ئێستای ناو چیرۆک، زنجیرەی گێڕانەوەی پێ پتر دروست دەکات لەنێوان خوێنەر و کارەکتەر و پێشکەش دەکرێت، نا ئاگایی ئێستا حوکم لە حاڵەتە پێش چاو هێنراوەکە دەکات» (٧١)، کەواتە ئەڤ هەردوو تەکنیکە هەتا ڕادەیەکێ نێزیکی ئێکن، بۆ ژێک جوداکرنا وان و فلاش باکێدا ئەڤ دەستەواژە دهێنە بکارئینان «لەبیرتە، دێتەوە بیرت، لەبیرمە، هاتەوە یادم، بە یادما تێپەری... هتد بەڵام هێنانی رووداوە ڕابردووەکە لە هێنانەوە پێش چاودا بە دەستەواژەی ئەڵێی ئێستایە، وا لە پێش چاوم، شێوەی هاتەوە بەرچاوم» (٧٢).

ئەڤ تەکنیکە ل نک (فازل عومەر)ی د چیرۆکا (خو تافیرکرن)دا بەرچاڤ دکەڤیت، هەرچەندە هەردوو دەستەواژە: (هاتە بیرێ، دهاتە بەرچاڤان) بکارئینباینە، لەوما ل ڤێرێ ئەم نەشێین ب ڤان دەستەواژا فلاش باک ژ ئینانە پێش چاڤ جودا بکەن، بەلێ دڤێ چیرۆکێدا مرۆڤ هەست ب ڤەقەتیانا ڤەگێڕانێ ناکەت؛ واتە دیارە کو ڕویدان ئینباینە ناڤ دەقی، دیسان کەسێ چیرۆکێ هشێ وی ب ئاگاداری ڤەگەڕایە بۆ ڕویدانێن وی کرین و نەستا وی، وی گونەهبار دکەت، چونکو ددەمێ نوکەیێ چیرۆکێدا، ئەوی ب ئنیەتا خۆ تافیرکرنێ ب ڕێکا چوونا حەجێ و وەکی دادگەهکرنێ بۆ خوە کریارێن خوەیێن خراپ یێن ژ دەرڤەی دەقی دئینیت پێش چاڤێن خوە، بۆ نموونە «بەکو دهاتنە بەرچاڤان، ڕۆژا سانج ئینایە خوە و

ڕێڤنگەک ڕەبەن ژ دل، بێڤـە شـەپلی و ڤـیـای دەرمـان کـە» (٧٣)، هەروەها بەردەوام دبیت دڤێ ئینانێدا دەمێ دبێژیت «چاڤێ وی یێ ڕاستێ نقا و سەرهاتی یەک وی هاتە بیرێ، ئەو و لەزگێن لسەرێ (چەلەبەشی) ڕوونشت بوون و ڕێبـوارەک ب هێـسـتـرا خـوەڤـە کـەفـتـە گـەلی دوبانکی،..» (٧٤).

د چیرۆکا (خـەونا چامـەبێژەکی)دا فـلاش باک هاتیـە بکارئینان، بۆ نموونە دەمێ ڤەگێر ڕویدانێن بەرێ د ژیانا کەسێ چیرۆکێدا ل بیرا وی دئینیت و دبێژتێ: «ل بیرا تەیە؟ هەرۆژ و دوهی و دەما تە لسەر جادا گشتی پیاسە دکر و خەلک وەکی بەلگ خەزامان یێ ئارمانج د بەزین و تژی بەرپێن وان تەرمـــێـن زاروکـــێـن ســـەرژێکری بوون» (٧٥).

دیسـان ل جـهـەکێ دی دبێـژتێ «بیـرا تە دهێت ژنکا ئەنفالی چ دگوتە تە؟ تە نەڤێت بینی یە بیرا خوە، ئەز دێ ئینم بیـرا تە: کـوڕێ من گـەنمێ قـەرفێ د فـروشت و ددەت ب جگـارە، ئـەو ژنا خـــــوە دنـاڤ جـــــهـی ڕادکێشن!» (٧٦).

**٤-٢-٢ بەرەف پێشڤە: پێشبینین**

ئەڤەژی وەکی تەکنیکەکا ڤەگێڕانێ مفا ژێ هاتیە دیتن بۆ ڤەگێڕانا ڕویدانا، بۆ سەرنجکێشان و ئازراندنا بیرا خوینەڤانی، ڤەگێڕان ژ نهو بەرەف داهاتی، پێنگاڤان بەرەف پێش دهاڤـێـژیت و دەربازی وێ خـالێ دبیت یا گـەهشـتـیێ، پێش ڕویدانا دکـەڤیت کـو «کـریارەکـا ڤـەگێڕانێ یە، ڕویدانەکا بهێت پێ دهێـتـە گـوتن، یان پێش وەخت ئاماژە بۆ دهێتـەکـرن و ئەڤ کریارە د ڕەخنا کلاسیکدا دهێـتە نیاسین ب سبق الاحداث» (٧٧). ب ڕاسـتی ئەڤ تەکنیکە، ب ڤی ڕەنگی کـو پێش وەخت ئامـاژە بۆ ڕویدانەکێ هاتبـە کـرن و پاشی د چیرۆکـێدا هاتبنە ڕویدان، کـێم د چیـرۆکـێن (فـازل عـومـەر)ی دا دبینن، بۆ نموونە ل دەستپـێکا چیرۆکا (ڕەوانی بارۆڤێ) دەمێ قـارەمـانی دناڤـبەرا خـەوێ و هشـیـاریێ دا، وەکی خـەونێ چەند ڕویدانەک د هزرا ویدا دهێنە ڤـەگـێـران پڕ ئاشـوپن و ترسـە، ئامـــاژەیە بۆ گـــوهورینەکێ ل دەف قارەمانی ڕوێددەت، ئەوژی دناڤبەرا ڤەگێڕانا چیرۆکێ بۆ خوێندەڤـانی ڕۆن دبیت کو قـارەمـان تووشی تێکچوونا دەروونی دبیت ئەو پێـشـبـیـنی ب ڤێ ڕەنگی دگەهیـتـە خـویندەڤـانێ «پشـتـراست بوو گـوهارتنەک پشـتی ڤێ دیتنێ لێ قەومی یە» (٧٨).

ئەڤ چەندە د چیـــرۆکـــا (کـــوشـــتـنا کـــەڤنە چیـرۆکنڤـیـسـەکی)دا بەرچاڤ دکـەڤـیت دەمێ دهێـتـە ڤەگێڕان «هەچوەکو یێ پیلانەکێ دگێڕن» (٧٩)، کەسێ چیـرۆکێ کـو ڤـەگـێـڕە ب ڤێ چەندێ د حـەسـیت، وەکـو پێشبینی بۆ خوینەڤانی ڤەدگێڕیت، د ڕویدانێن داهاتی یێن چیـرۆکـێدا، ئەو پیلانە بۆ خـوینەڤانی دیار دبیت، ئەوژی دەمێ کەسێ چیرۆکێ ل سەر دەستێ هندەک گەنجا توشی ژناڤبرنێ دبیت، ڕویدان هەمی ڕەمزە بۆ ژبیرکرن و دان پێنەدانا گـەنجان ب ڕۆلێ و بهایێ مرۆڤێن داهێنەرێن دانعەمر.

د چیـرۆکـا (دەمـا بیـژن دبتـە گـۆپال)دا، ڤـەگـێـڕان ژ داهاتی دەستپێدکەت و ژ کریارێن (مەهوەر)ێ یێن کو ل دەمێ بهـێت ڕوێبـدەن، ب ڤی ڕەنگی «دێ خـوە ل سـەر پشتێ درێژکەت و چاڤێن خوە نقینت و گوهێ خوە دەتە بێ دەنگـیـا شـەڤێن بریندار، هەکـەر بەلگ خـەزامـەک دەنگەکی ژ پەنجەرێ نەهینت یان با گەلگەلەی ل کولانێ نەخوشینت، نە نەینکا وێ، نەخوەشی یا پرچ ڕاکێشانێ، نەشـیـناتی یا جهێ گـەزان دهێـتـە بیـرێ نەژی خـەوەکـا خـــوەش وێ شـــەڤێ دکـــەت» (٨٠)، ب ڤێ چەندێ چیــرۆکنڤـیــسـی ژیانا (مـــەهوەر)ێ یا داهاتی ب خوێندەڤانی ڕاگەهاند، بوراندنا شـەڤێن وێ ل هیـڤـیا هەپارێ (چرکو) ژ دەرڤـە، ب ڕێکا دەنگەکێ ژ پەنجـەرێ یان خـوشـێنا گـەلگـەلەی ل کـولانێ، وێ شـاد دکـەت کـو خەوەکا شیرین بکەت، ئەڤ چەندە ل دەستپێکا چیرۆکێ، دهێـتـە ڤـەگـێڕان کـەواتە ڤـەگـێـڕان ب زنجـیـرە ناهێـتـە ئەنجامدان، بەلکو ڕویدان ژ دەستپێکا وێ بەرەف پێشڤە دچن ژبۆ ئازراندنا خوینەڤانی و پتر کارتێکرنێ.

کەواتە لڤینا دەمی دناڤ چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا بەرچاڤ دکەڤیت، هەرچەندە هندەک جاران د لڤینا بەرەف پاشـڤـەدا فـلاش باک و ئینانە پێش چاڤ نێـزیکی ئێـک دبن دیسـان لڤین بەرەف پێشـڤە ب ڕەنگەکی کێم بەرچاڤ دکەڤیت.

**٤-٣ دەم ڤەکێشان**

ئەڤ چەندە ڕۆن دبیت دەمێ ئەم پەیوەندی یا دناڤـبـەرا دەمێ سەرهاتیێ کو ب: (دەقیقا و دەمژمێر و ڕۆژان... هتد) دهێتە پیڤان، دگەل درێژاهیا دەقێ چیرۆکێ کو ب: (رستـە و ڕێز و پارچان... هتـد) دهێـتـە پـیـڤـان، ڕۆن بکەین ئەڤ چەندە د چیرۆکێدا ب چەند تەکنیکا دهێتە ئەنجـامـدان، ئەوژی: (کـورتکرن و بۆراندن، بێـهنڤـەدان، دیمەن) (٨١).

**٤-٣-١ کورتکرن و بۆراندن**

مـــەبەست ژڤێ تەکنیـکێ ئەوە کـــو چەند ڕۆژەک یان هەیڤ و سـال ژ ژیانا کـەسـان ب چەند ڕێزەکـا بهـێـتـە

ڤەگێران، هەروەسا دەمێ چیرۆکنڤیس ب رێکا ئاماژەیێن کورت ماوەیەکێ دەستنیشانکری ژ رویدانا و ژیانا کەسان ڤەدگێریت، وەکی: پشتی چەند هەفتیان، پشتی بورینا دەه سالان،... هتد.

ئەڤ تەکنیکە ل دەف (فازل عومەر)ی د چیرۆکا (ڕەوانێ بارڤێ)دا دهێتە دیتن، رویدان ب لەز هاتینە بۆراندن، وەکی: «هۆسا ڕۆژەکێ خوە دیت یێ برایێ خوە دقوتە و ڕۆژەکێ هەڤالەک خوە و رۆژەکێ یەک بیانی.. چارشەمبەکێ نختەبوو، ل کۆستەرەکێ سوار بوو دا بچە زاخو.. ل راستا (گرەشی) ل (نوهالا کەرکا) خوە ب تنی ل سەر جادێ دیت» (٨٢)، دڤێ چیرۆکێدا، چیرۆکنڤیسی ئەڤ کورتکرنا ڕویدانان بۆ هندێ ئینایە، دا ڕەوشا دەروونی یا نە ئاسایی و تێکچووی یا قارەمانێ خوە بۆ مە بدەت خویاکرن.

هەروەها د چیرۆکا (گورگ و رەخت و تڤەنگ) ژی دا ڕویدان دهێنە کورتکرن، ل دەستپێکا چیرۆکێ هاتیە «دەما کولاڤ سۆرێن شاهێ ئێران سمکو کوشتین، مالا وی ب خوەڕا نەگەهشت» (٨٣)، ئانکو ئەو رویدانە ب هووری ناهێنە ڤەگێڕان، بەلکو ب کورتی دهێنە دارێتن، دیسان چیرۆکنڤیس بەردەوام دبیت د بوراندنا ڕویداناندا دەمێ دبێژیت: «ڕۆژەکێ، ل تەقەکێ رێ هاژۆت، نە تینی دبوو، نە برسی...» (٨٤)، دیسان ل جهەکێ دی دهێت «هەفت شەڤ و رۆژان، چەتۆ رێ هاژۆت» (٨٥).

هەرچەندە نمۆنێن ب ڤێ ڕەنگی ل دەف چیرۆکنڤیسێ مە دهێنە دیتن، بەلێ ئەم شێوازەکێ دی ل دەف دبینن، بۆ ڤێ مەرەمێ هاتیە بکارئینان و ب رەنگەکێ سەرنج راکێش د چیرۆکێن ویدا هەیە، ئەوژی دانانا سێ خالا ب ڤی رەنگی: (...) دناڤبەرا رستان دا، وەکی ئەم دزانین دبوارێ خالبەندیێ دا، ئەڤە هێمایا لابرنێ یە، چیرۆکنڤیسی ب بەرفرەهی مفا ژێ دیتی یە، ئەم دشێن بێژین چ چیرۆک بێی ئەڤ تەکنیکە نەهاتینە ڤەگێڕان، دبیت ئەگەرێ ڤێ زێدەڕویێ د بکارئینانا ڤێ خالبەندییێدا ئەو بیت کو هەمی گاڤان چیرۆکێن (فازل عومەر)ی بابەتێن بەرفرەه ئێخستینە بەرچاڤ و مرۆڤ خوە بەرامبەر بابەتێن ڕۆمانێ دبینیت، کو ژمارەکا زۆرا رویدان و دەمێ درێژ ب خوەڤە دگرن، وەکی بۆ نموونە چیرۆکا: (سەرەک شەپرزە، زینێ ددەستێ مەمۆی دا بەفرە، چارچوڤە دژ چارچوڤە...)، هەرچەندە ئەم ئەڤێ چەندێ د چیرۆکێن دی ژیدا دبینین؛ لەوما دبیت ئەڤە ئاماژە بیت و چیرۆکنڤیسی دڤێت خوە بینتە دەر کو وی شیانێن پتر دەربڕینێ هەنە، بەلێ ئەوا گوتی بەسە.

# نوێگەریی شێواز لە پەخشانە شیعری کوردیدا

ئازاد ئەحمەد مەحموود

## پێشەکی

لە سەرەتای دروستبوونی ژیانەوە ئەدەب بەهەموو شێوەکانی گوزارشتی لە خەون و هۆیەکانی مانەوەی مرۆڤ کردووە، هەستی تەبایی و دژیشی تێیدا ورووژاندووە، تێڕامان و تاسە و پەرۆشییەکانی زیندوو ڕاگرتووە.

چامەی درێژ کە چەشنێکە لە چەشنەکانی شیعر، کۆڕەگەزە، ڕەگەزی ئەفسانەیی و دەمامک و مێژوویی کردووەتە بنەمای فرەدەنگی و فەزایەکی بێپایانی بۆ کردووینەتەوە، زۆرترین مانا و بیر و هونەر لەسیما و سروشتیدا مایەی گفتوگۆن، خۆی کردووە بە ناوەندێکی گرنگ و کاریگەر. لە ڕیتم و ئاوازیدا دەتوانرێ دەنگەکان ببیسرێن و سنوورەکانی بیرکردنەوە تێیدا کراوەن، نوێگەری شێوازی فرەدەنگی ئاسۆکانی دیاریدەکەن. دەتوانێت هونەری ڕۆمان، پەخشان، چیرۆک، بەیت، شانۆنامە، سینەما، نۆتە، گۆرانی، شێوەکاری.. تاد بهێنێتە ناو ڕایەڵی ڕستەکانی، بە هونەریترین شێواز پەخشی بکاتەوە.

ئەم چەشنە شیعرە مێژوویەکی لک و پۆپداری لەناو ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی تایبەتکردووە. هەر لە دوو چامە هەواڵئامێزەکەی «نالی و سالم» تا دوو هاوینە گەشتە فۆتۆئامێزەکەی «گۆران».

لەگەڵ بزووتنەوە و گەشەکردنی شیعری نوێ لەسەرەتای حەفتایەکاندا، جۆرێک دەربڕین و شێوە و زمان و شێوازێکی دیکەی وەرگرت. شاعیران لە برەوپێدانی بەردەوامن. «سەباح ڕەنجدەر» لە ناوەڕاستی هەشتایەکانەوە هەموو خولیا و توانستە هەڵبژاردراوەکانی لەم ژانرە ئەدەبییە تاقیکردووەتەوە. شاعیرێکی پڕکار و چالاک و بەخششداری ئەو چەشنە شیعرەیە، لەسەر ئاستی (زمان: شێوە: مانا: جیهانبینی) جۆرە قووڵاییەکی والای خولقاندووە. مێژووی کردووەتە سەرچاوە و هێزی نووسین، بەڵام مێژووی نەگێڕاوەتەوە. پابەندی هەستی بە سیاسەتبووی دیاریکراویش نییە. خەمی گشتیی کردووە بەهەقیقەتی بینین و کەناڵی جیاجیای خەیاڵکردن، نوێگەری و داهێنان وەک ڕووداوێکی ئەدەبی لێیەوە تەماشا دەکرێت، دینامیکییەتێکی دیکەی داوەتە زمانی ئەم چەشنە شیعرە، ڕۆحی ژیان لە ئامێزی زیاتر پێوەندی بە "بوون"ەوە کردووە. (سرووش)(١) چامەیەکی درێژی تۆکمە و بژاردەی پەخشانە شیعری(٢) کوردیمانە.

### نزیکبوونەوە لە هێما و ئاماژەکانی چامەی سرووش

ئەگەر بەشێواز و هێمای هەمەچەشنە و توێژینەوەیەکی فرەبینین و ئەندازەیی بە ئاست و ئاراستەی هونەر و مانای چامەکەدا بڕۆین، گەشانەوە لە شێوەیەکی بەرزدا



سەباح ڕەنجدەر

دەست بۆ نهێنییەکانی ژیان دەبا و بەرگری لە شیعرییەتی خۆی دەکات، چونکە هەڵقوڵاوی بیری واقیعێکی دیار و ڕووناکە. کولتوور دەهێنێتە دواندن و هێز لەگەڵێک میتۆلۆژیا وەردەگرێت، باوەشی بە نوێگەری و هاوچەرخییەتی دەکاتەوە. شاعیر لە جەستەی چامەکەیدا: (مەجاز و ئیستیعارە و کینایە و مۆسیقای جوانی تێدا بە خەرج دراوە. نرکەی "ئیعتیراز" و "تووڕەیی" تێدا هێمنانە بە دەنگهێناوە.. وێنەکان زۆریان لەخەونی ناخۆش دەچن، بەڵام بەم دێڕە شیعرانە سەر لەنوێ لە جەنگەی ژیاندا، تێهەڵدەچێتەوە)(٣). لە کەشی واقیعەکەی خۆی و خێرایی واقیع و ڕووداوە سەپێندراو و سروشتییەکەدا، بە ئاگایانە هاوسەنگییەک پێکدەهێنێت. بێتو مرۆڤێک هەستی جوانناسی لا پەیدابووبێت بە وردی و هێمنی و کامێرای ڕەخنەی پەسەندی بنیادەوە، پەخشانە شیعرەکە، یان ڕۆمانە شیعرەکە بخوێنێتەوە ئەو بۆچوونەی بەلاوە سەیروسەمەرە نابێت بڵێین: شاعیر ئەزموونی تەمەنی ڕۆشنبیریی خۆی لەم چامەیەدا چڕکردووەتەوە، ساڵەکانی ژیانی بە هەموو گۆڕانکارییەکانەوە لە: بینین و خودی وریایی: ژینگە و بوونەوەر: سیاسەت: کۆمەڵایەتی: دەسەڵات و ژووردەسەڵات و .. تاد. ئەندازەییانە ڕایەڵی خۆی لەگشت بوارێکدا هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەمەش ئەم قەناعەت و ڕاستییە ڕاگەیاندراوە: (سەباح ڕەنجدەر ستوونێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی نوێگەری شیعری کوردیدا)(٤) پتر لە خوێندنەوەیەکی بۆ واقیعی گەرم و چالاک خستووەتە گەڕ، ژیانی لێکداوەتەوە و هەوڵی گۆڕینی دەدات، ئەم هەوڵەشی پاڵپشت و بزوێنەر و کارپێکردووە بەوەی ئەو پەڕی بڕوابوونی بەهێزی مرۆڤ و مرۆڤپەروەری دەهێنێتە دی.

هەر لەو کاتانەی شاعیر تازە سەرەتای ئاشنایەتی بوو لەگەڵ شیعردا من کەرخی شیعرەکانیم هەڵگرتووە و بەدوایدا چووم، تا ساتەوەختی ئەم چامەیە بەخششدارەی. هەرچەندە چامەکە لە دەفری "خەون"دا قاڵبووەتەوە کە دەستەبەری شێوازێکی ئاخاوتن و جۆری گفتوگۆیەکە، شاعیر توانیویەتی لە هزری خەونەکەدا، کە زمانی دەربڕین و گێڕانەوەیە، واقیعێک لە جەستەی واقیعێکی جووڵاوەی هەمیشە بەرەو گۆڕان لەگەڵ ئایدیا و ئایدۆلۆژییەتی بیری مرۆڤ، ڕاکێشێتە ناو نووسین. خەونی شیعر: (پێش هەموو شتێک پشدێنە خەونبینێکە، تێڕوانینێکی سۆفیانەیە، یەکبوونی شتە خەو پێبینراوەکەیە)(٥). خەونی شیعر لەلای شاعیر: (گۆڕانکارییەکە لە سیستمی ئەو شتانەی کە خەونیان پێوە دەبیندرێت و لە سیستمی بۆچوون و تێڕوانینی کەرەستە و شتەکانی خەونەکە)(٦). ئەم خستنەڕووانەش ڕەنگدانەوەی توانستی بیرکردنەوەی شاعیرە، چونکە پێی وایە ئەنجامی بیردۆزی ژیانی ڕاستەقینە "خەون"ە. هەر لەو خەونەدا کە تەنیا خاڵی بە یەکگەیشتنی شاعیر و ئاواتەکانی نییە، بەڵکو تێکەڵ و توانەوەی هەردوو جەمسەرەکەن "شاعیر و خەون" هەر لەو خەونەدا سەربەستی ژیان بە دەستدەهێنێت لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەسەڵاتی بەهێز مافەکان بەرزەفت دەکات. وابیر دەکاتەوە کە زمانی هەقیقەت هێشتان دانەمەزراوە و ئاخاوتنی پێنەکراوە، "خەون" بەرپرسی ئەم زمان دامەزراندنەیە.

### بەشی یەکەم: بەدیهێنانی خەون

بارە جۆربەجۆرەکان و پێکهاتەی گەشەکردن کە دەیەوێت بەشداری دارشتنی ئەزموونی جوانکردن بکات، ئەم چامە بەخەون بووە، ئاماژە گرتنە لە نووسین و کتێبە فرە واتا و فۆرمە ئاسمانییەکان: " تەورات: ئینجیل: قورئان". هەرچەندە پیرۆزییان لە پاردەی خانەکانی مێشک و شەپۆلەکانی هزردا حەشاردراوە، شاعیر ویستوویەتی بابەتێکی لێوە بهێنێتە بوون. لواوترین و لە هەمان کاتدا بەرپرسانەترین دەرەتانی ڕووبەڕووبوونەوە

لەگەڵ نهێنی و پرسیاری پەسەند، بایەخدانە بەو ڕۆڵە تایبەتییەی دەریخستووە. ژیان و واقیع لە نووکەوە دەستپێدەکاتەوە:

**کتێبی چی ئێمەی هێنا بەکراوەیی**
**لەدەستە گوناه نەکردووەکانی**
**بووە گیانێکی شیاو دابەزییە سەر زەوی**

**ل: ٣٩**

شاعیر بە وردبوونەوەیەکی وریایانە لەگەڵ شوورەیەکی بوونەوەر بەبیری ئەنثرۆپۆلۆژیا ڕسکاو بەرێوە دەڕوات، تا لەناکاو و پشووی درێژی دەکەوێتە دڵەکوتە و بە ئەوپەڕی توانستەوە بە ژیانەوە دەلکێ. ئەو ژیانەی شاعیر لەناو چامەکەدا دروستی کردووە، دەیەوێت کۆمەڵگای کوردی بگەیەنێتە بەختەوەری و گەیشتن بە هەستەکان:

**بە هەردوو دەست توند ژیانی گرت و دەمی کردەوە**
**بروای کرد بە بازێکی ژیر**
**بۆ حیکمەتەکانی ڕووناککەرەوەی چاو و نیگا**
**ئاسمانی سەرگەردانی بە ئاسوودەیی پێوا**

**ل: ٣٩**

پاشان بۆ ژیان ڕووبەڕووی پرسیارێکی هزری، وەڵام چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە:

**بۆچی بوو ئەی ئاسمان**

**ل: ٣٩**

بەهای ئەدەب ئەوە دەیسەلمێنێ سنوور و گشتگیری قەڵەمڕەوی خستووەتە ئەو تای تەرازووەی کە تاکەکان بەڕوونی و بەڕاستی مافی سوود وەرگرتنی ئازادییان لە ئەقڵ و جەستەی خۆیاندا هەبێت، چونکە شیعر: (لە هەموو کات و شوێنێکدا، بە ڕێگایەکی زۆر کاریگەر لە مرۆڤدا، نوێنەری هامرازی دەربڕینی ڕەسانەیەتی و واقیعیەتە)(٧). هەستە گیانییەکان خراوەتە کار و بیر لەوە کراوەتەوە، کە فەلسەفەی ئەدەب بۆ ژیان، یان کاری ئەفراندن لە تاکەوە دەستپێدەکات:

**نامە ئاڵوگۆڕکردنی نێوان ئادەم و حەوا**
**هاوسەنگی زەویی تێک دا**
**مەلەوانی لەناو شەپۆلی تووڕە و توند و هەڵچوو**
**خوێنی ماسولکەکان دەکاتە**
**دارگێلاسێکی وشکبووەوەی لەبیرکراو**

**ل: ٤٠**

ئاماژەی گرینگ بەبیری فەلسەفیی دەدات. چی ئەم ئاماژە گرینگەی پێداوە. بێگومان "ژیان"، ماکەکانی ئاسوودەیی: ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ژێدەری بیری ئاڵۆزبوون: حەوسەڵەی ململانێی ڕاکێشانی گومان و ڕاستەقینەیی: سرووشی ئاگای سروشت(٨) و توانستی دەسەڵات و زۆرشتی دیکە، بوونەوەری سڕبوو ڕادەچڵەکێنن:

**شەپۆلێک گومان تووڕە و توند و هەڵچووی کردبێت**

**ل: ٤٠**

لە ڕێگای خەونی ژیانەوە پەیتا پەیتا خۆی لەناو خانەکانی مێشک دەئاخنێت و بە ئەسپایی هەوڵی ڕاستیی دەچەسپێنێت. وا دەکات بیر بۆ بوون و ژیان بجووڵێت. شاعیر بێچان هەوڵدەدات ئەو کەرەستە زیندووانەی کە لەناخیدا نیشتوون، بۆ جەستە و گیانی گشت مرۆڤێک بیگوازێتەوە:

**سەرگەرمی نەمریی نییە**
**لە پەناکانی ژیان**
**فریشتەیەکی ڕەخسیوی ساکار**
**بەپێی کوتراو ڕادەکات**

**ل: ٤٠**

بەتیۆری ڕەخنەیی و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی ژیان ئاشنایە. بەسۆنگەی ئەوەی کە فەلسەفە ڕوونکردنەوەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بۆ پراکتیککردن، کلاوڕۆژنەیەک دەکاتەوە، بەپانتایی و تیۆری فەلسەفیی کارامانە دژەوشە و دژەواتا بەنیاز و مەخسەد لە ڕاستیی واقیع هەڵکێشراو بەرامبەر بەیەک دادەنێت.

شاعیر لە فەرهەنگی لێکسیکی کوردیدا، ئەم وشە و دانەوشانەی بۆ ژیان و مردن، بوون و توانەوە: هەنگاوە بەراییەکان و دواییەکانی ژیان: تێکۆشان و داتەپیوو: پرواتای ڕاچەنیوکردووە. توانستی تاکی وشە: (زۆرجار جەستەی بابەت پەرت دەکەن و هەندێک جاریش وشە و پەیوەستەکانی وشە بەیەکترەوە ئەوەندە چڕدەبنەوە کە لەتەنیا وێنەیەکی شیعریدا بابەتێکی کامڵ دروست دەکەن، ئەو کاتەش شیعر بانگێشە بۆ بابەت ناکات، بەقەدەر ئەوەی لە بابەتەکان ورد دەبێتەوە و شیان دەکاتەوە بۆ ئاماژە بۆ کردن ئیحای زۆر چڕ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێتە سەر دەسەڵاتی وشە لە نواندندا)(٩):

**منداڵدان و کفن**
**لانک و گۆڕ**

**بێوچان بەدوایەوەن**
**ل: ٤٠**

هەموو تاکێک و گشت شاعیرێک لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو مافەی هەیە لە سێبەری ژیان داڵدەی "خۆشی" بدات، پەردە لەسەر ئەڤین و ئارەزووی خۆیەتی و چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەو خۆشییەی وەلابنێت. لەناو گێژەن و چاودێر و ماندووبوونی ژیاندا، ڕاستەوخۆ بانگی خودی بەتینی خۆی بدات. زەمینەش بۆ ڕەخنەگرتن لە بوون خۆشبکات، بەڵام کام ڕەخنە. ئەو ڕەخنەیەی کە کراوەتە هۆکارێکی بنەڕەتی فەلسەفەی تێڕوانین.

شاعیر وردبینانە تێڕامان لە "هەفتەی ئاسوودەیی" دەگرێت، بەلای ئێمەوە چەمکێکە دەلالەت لە خودیەتی پەتی دەدات و بەڕێگا نادیارەکانی خودی پەتی گوزەرمان پێدەکات. وزە و بزواتی ئەفراندان دەمانگەیەنێتە ماڵی حەوانەوەی شیعر. ئاشکراشە کە شیعر: (زمانی دەروونە و شاعیریش وەرگێڕی ئەو زمانە دەروونییەیە)(١٠):

**هەفتەی ئاسوودەیی ئەی بەردەوام لە پێشبڕکێ و پێشوازی**
**ئەم گیتار و ئاوازە دیاری خوای دڵکەش و ئارام بەجوانیی بوو بۆ من**
**نەیانهێشت لە ئاهەنگی سەرکەوتنم**
**بیانکەمە سروودی گوڵی لە سێبەر گەشە کردووی**
**ئەو مێوانانەی بەفەرمانی نووسەری هەموو ژیان**
**لەبەر تیشکی بەرهەمی بێپەروایی**
**پەرستراو و سروشت و خەونیان دەگەشاندەوە**
**ل: ٤١**

جووڵانەوەی پاڵەوان لە بوون و بونیادی چامەکەدا خاوەنبڕوایە، بڕوا بە دیاردەی پراکتیک نەک وەهم و حەز، کێلبوونەوە ڕووەو میتافیزیک، پێوەندی کاری مرۆیی بە فەلسەفە: هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەییانەی چییەتی بەرامبەر دەرخستن دێنێتە سەرئەوەی، کە بۆچوون بە چالاکیی و کارەوە ببەستێت. هزر بەمێژووەوە گرێبدات: ناوەندی هەڵوێستە فیکرییەکە بە ئایدۆلۆژیەتی پێشکەوتنخوازیەوە پەیوەستە، لە مێژوو وەربگرێت. فەلسەفەی پێشکەوتنخوازی پەیژەی سەرکەوتنی تاک و کۆمەڵ. نەک دۆڕاو و ژێرکەوتوو. واتە تێڕوانینی واقیعیانە بۆ واقیع و بوون:

**دووچاوی نیوەکراوەی قاچ بەهێزەکان**

**پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاوەن**
**کە ئێستاش کەشتی لافاوە گەورەکەی تێدا لە گێژەنە**
**گێژەن شاباش**
**لەشکرێک بەدیل گیرا**
**سەرلەشکریان کەشتییەوان بوو**
**ل: ٤٢**

لە دووریانی بیرێکی ئایینی هاوتەریب بە کۆمەڵگای کوردی بۆ دەرخستنی لایەنی پەسەندکراوی چاکە و بەسوود: ناپەسەند و زیانبەخش: خۆی دەبینێتەوە. خوای خێر و بەرەکەت و باشە "ئوهرەمەزد" و خوای خراپە و ئاژاوە و ئاشووب "ئەهریمەن" بە دەستەبەری وشەی "دووگورد"ی نوێژ، هێمایە بۆ ئوهرەمەزد و پیرۆزکردن و خوادواندن و وێرد خوێندن. بۆیە "دووگورد"ی هەڵبژاردووە چونکە هێمای ئەدەبی بریتییە لە: (وشەیەک، یان دەستەواژەیەک نیشانە و دەربڕینە بۆ شتێک، یان ڕووداوێک)(١١). ئەو هێما ئەدەبییە: (ڕۆڵی هەیە لە دەربڕینی شتێکی دیاریکراو و پانتایی هەموو شتەکە دەگرێتەوە و جاری واش هەیە سنووری شتە هێما بۆ کراوەکە دەبەزێنێت)(١٢). ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر پێی وایە: گۆڕانکاری و دژایەتی کۆمەڵگا پێوەرە ئەقڵییەکان پێکیان هێناوە. نرخ و بەها بەلایەنی یەکەم و لایەنی دووەمی "ئەهریمەن" ڕەتکردنەوەیە:

**زیندوویی**
**مردوویی**
**باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**
**زەمینی وشک**
**ئاسمانی بەباران**
**ئەوانیش باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**
**باڵێک هێندەی دووگوردی نوێژ**
**دڵنیا و ئازاد و بڵند و بە پەیان**
**ل: ٤٣**

لەوەش وردتر دەربارەی دوو باڵی ئاماژە بۆکراو، فەلسەفە ئەقڵییەکەی شاعیر لە ئاسمانی بەخششی خۆیدا، وێناکردنی خەیاڵی و وەهمی نییە، بەڵکو بنچینەیی: ڕەسەنی: بیردۆزی گشتیی نەتەوەیی دەرخستووە: دوو ئایدۆلۆژی خاوەن سەرکردە و جەماوەر: لووتکە و بنکەی نیشانداوە. تەنیا بەوەش قنیاتی نەکردووە لە ناوەندی تێڕوانینی تیشکی خۆیدا پتر بەناو باشە و چاککردندا ڕوودەچێت و متمانە دەبەخشێت،

مشەخۆر و هەلپەرست ڕیسوا دەکات، نهێنی بوێریی و دلێریی واڵا دەکات، وێردی ڕۆح بەهۆکار و بنەمای بردنەوە دادەنێت. قوربانی و مردن بە سەرەتای ژیانێکی نوێ دەخوێنێتەوە. تەلارێکی بلووربنی سایکۆلۆژی پتەو بۆ ژیان بە مردن دەڕازێنێتەوە. مردن کلیلی نهێنییەکانی ژیانە:

**چی ژیانی بە زەوی بەخشی**
**زەوی چی بە ژیان بەخشی**
**ژیان چی بە زەوی بەخشی**
**مردن نهێنی هەموو ژیانە**
**ل: ٤٣**

(سەباح ڕەنجدەر شاعیرێکی هێمن و لەسەرەخۆیە، ئەگەر سەرکێشیش بکات بەڕێی خۆیدا تێدەپەڕێت، دەنگی بەسەر کەسدا بەرزناکاتەوە)(١٣). بۆیە دژوارترین باری دەروونی و سایکۆلۆژی بۆ هەلپەرست: کە بەزەبروزەنگی واقیعی نامەعقووڵ بنیادنراوە پەردەناو دەکات. بچووکترین مافی منداڵ کە "گەمە"یە لەلای ئەم چینە ڕەتدەکرێتەوە. ئەخلاقییەتی سڕینەوە و خۆخۆری، پێکهاتەی بنەڕەتی ئەم گومەتەیە:

**قۆپچەی برۆنزی بەکراسی ئەو منداڵانە دەدرەوشێنەوە**
**لە بەرامبەری گەمان دەکەن**
**ئەو بە شەوق و تاسەی منداڵان دڵتوندە**
**ل: ٤٣-٤٤**

شاعیر لە ژیانی ڕۆژانە و سروشتی خۆیدا فرە پرسیار نەک تەنیا لەمەڕ شت و چەمکە شاراوەکان، بەڵکو لە ئاشکراکانیش دەکات. لە کۆمەڵگای کوردی: ژیان: تاکەکان: بوون. پێی وایە لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە توخم و کرۆکی مرۆڤ و هەموو شتەکان دەدۆزێتەوە، تیۆری ڕاستیی ئەقڵی بەدەست دەهێنێت. ئەم دیاردەیە لەناو چامە پەخشانییەکەیدا بە هێزەوە بوونەکانی بەردیدە تووشی ڕاوەشاندن و بە ئاگاهاتنەوە و بەخۆدا چوونەوە دەکات. دوای کۆمەڵە پرسین و ڕوونکردنەوەیەک: بەڵێ و نەڵێ: بەکارامەیی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشە بۆ وشە: دژەواتا و هاوواتا: دەستەواژەی ئەبستراکت بۆ پراکتیکی دیتنکاری: سێرکەوان و خۆشی: سێبەر و هاوین: هەتاو و زستان: برین و ڕۆنی بەڕوو. بەپەیگەیەکی ئەندازەیی بەزین زۆر بەتوندی پشتەوشاردەکاتەوە، گەشبینی لە بەکارهێنانی ئەقڵدا دەورووژێنێت. شاعیرێکی بە ئەزموون بە شایەنی

زانیوە بڵێ: (سەباح ڕەنجدەر شتی باش دەنووسێت)(١٤):

**سێرکەوان خۆشییەکانی لە ژیانت بینیون**
**دەتوانی چەندیان بژمێریت**
**سێبەر لە هاوین وشیارە**
**هەستی منداڵیی ڕێبواران**
**لە گۆرانیدا دەکاتە پاداشتی ژیاننووس**
**هەتاو لە زستان وشیارە**
**هەستی منداڵیی ڕێبواران**
**لە گۆرانیدا دەکاتە یاداشتی ژیاننووس**
**داهێنەری ئاگری ئەمەکدار**
**برینەکانی لەشی بەڕۆنی بەڕوو تیمار دەکات**
**هێشتان بەهار لاوە گیایەکانی بۆ دەرمان دەشێن**
**بۆنی گیای تەڕ و پاراوی پڕ وزە**
**دڵخۆشی و خوێن جمانی ئەسپە**
**ئاوێنە لە سێبەر پیلانگێڕ نییە**
**هاوپەیمانە لەگەڵ ڕاستگۆیی ڕۆشنایی**
**ل: ٤٤-٤٥**

سۆز بە سەرهێڵە تەربیەکانی بۆچوون و چارەنووس و دواندنیدا زاڵە. بیری پێشتر دووبارە دەبێتەوە، درێژەی بە چەمکەکە داوە، ئەمە، ئەگەر هەر تەنیا بێنگرتنی خولی خۆشەویستی و وەفایی بێت ئەوە زووتر بە ئەنجام گەیەندراوە. بێتو مەبەستی ڕوویەکی دیکەشی بیر و بۆچوون و دابینی پتری ئامادەبوویێت و هاوئاواز دەبن، ئەوە بۆ شاعیر نامۆیە. تەنانەت لە دوا وێنەدا پێوەندییەکانی نێوان دەق و خوێنەر دەهەژێ. سنوورەکانی نێوان سەرەتا و کۆتایی لە کوێوە دیاریدەکرێن. ئەم پرسیارە بوونییە دەبێتە سەرچاوەی ئەم وێنە پڕ وزەیە:

**وابزانم چاوم بوو نەیزانی بۆنی ژیان**
**لە کوێ پەخشکات و هەڵەی پێکردم**
**ل: ٤٨**

**بەشی دووەم: تێڕامانی زەینی**

بە ئاگایانە و ژیرانە چووەتە ناو حیکمەتی جیاکردنەوە و ناسین. تیۆری ڕەخنەیی پرسیاری فەلسەفە لەگەڵ زانستە مرۆییەکان یەکسانن و هاویەکن. فەلسەفە لەم چامە شێواز پەخشانییەدا فەلسەفەیەکی ڕەخنەییە، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەوڵی بنیاد و دارشتنی تیۆرییەکان دەدات. لەگەڵ بە ئەنجام گەیاندنی ئاکامی زانستیی کۆمەڵایەتی دەستەویەخەیە، بەبێ ئەوەی پابەند و

ملکەچی ئەنجام و کات بێت. چامەکە جەمسەری تیۆری ڕەخنەیی لە کەشی ڕاستەقینە بە یەک دەگەیەنێت، لە ڕاستگۆیی سۆسیۆلۆژی دەسەلات بە گومانە، پێشی وایە توانستی بەدیارخستن و پێشکێشکردن، فۆرمێکی سەرتاسەری نییە، بەتایبەتی ئەو وێنانەی کە لەژێر چاوڕوونی تاقیگە و ئەزموونە بە ئەنجام گەیاندراوەکان قوتاربووبن:

**نووسەری هەموو ژیان بەناوبانگ و فەرمانڕەوایە**
**پێویستی بەناونیشان و کات دیاریکردنە بۆ دیدار**
**زەوی و ئاو و ئاسمانی خستە بەرنیشان و ئەڵقەی کەوان**
**لەبەرچی نهێنیی هەموو چاوەکانت دزی**
**بەبێ چاودێریش ڕێیان نەدای ناسیار و کەس و کارت ببینی**
**چاوێک بە بێ چاودێریکردن ڕووگەی لەبینین بچووکبووەتەوە**
**ئەی بۆ هێزت دایە خەیاڵی باوەڕپێنەکراو**
**نەتهێشت بازی دەنگ گەرم**
**ببێتە بیرەوەرییەکی لە هەتاوی چاوساغ موتوربەکراو**
**یان دڵخۆشی مێوانەکانی ئاهەنگ**
**دزەکانی دەریات دەوڵەمەندکردن بوون بەرابەر**

**ل: ٥٠**

بیر لەم چامە پەخشانییە، یان ڕۆمانە شیعرەدا. بیری ناوەندێکی تلاوەی هەمیشە لە هەوڵی خۆڕزگارکردن دایە، ئایدیای ناخی ئەم کۆمەڵگایە گوڕ و هێز و توانستی پێبەخشیوە، تەلاری بلووربنی ئایندە و خەون و خەیاڵی هەر ئەم دەستەیەن. لەناویاندا ناسنامەی خۆی ئاشکرا و ڕوون نیشانداوە. خۆی نەدزیوەتەوە و جیهانبینی وننەکردووە، چرای دەربڕین و جیهانبینی هەڵکردووە، بەرامبەر سروشت و بوونەوەر نهێنییەکانی درکاندووە:

**منداڵەکانی کتێب بەسەر چەندین کیشوەر دابەشکراون**
**تۆماریان بەگەڵێ زمانە**

**ل: ٥٠**

میکانیزم و نەمری ڕۆح دەگاتە بزووتنی بێوچان. هەڵخستنی ڕوویەکی دیموگرافییانە.لە ڕووبەری هەستی شاعیرانە بۆ بەرامبەر تەکنیکێکی هونەرییە، تەمی ئەگەر و گومان لە ئاسۆی دنیابینیدا دەسڕێتەوە:

**پەیام ڕەگەزی خوێنپاک نووسیەتی**
**پەیامبەر ماڵی سرووشی لەناو دڵی گوڵە**
**خاڵخاڵۆکە بردییە ناوی**
**خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە لوولەی تفەنگ**
**خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە گوێکەی میکرۆفۆن**

**ل: ٥٢-٥٣**

ئینجا بەرەچاوکردنێک وەک حەکیمێکی ناسنامەدار دێوەزمە و ئاوەژوویی پەیامبەر دەدۆزێتەوە، بەوپەڕی متمانەوە ڕستەیەک دەتەقێنێتەوە:

**نووسەری هەموو ژیان مقەلێت بکە بەچاوی ژەنەراڵی دۆڕاو**
**ل: ٥٣**

دەربڕین و مانا ئازادکردنی ئەدەبی داینەمۆی هەستی جوانناسی جەماوەرە، باری داتەپین و نائومێدی هۆکاری بەرگری و بەگژاداچوونەوەی دیکتاتۆری جوانیکوژە. دەربڕین و مانا ئازادکردنی ئەدەبی زەمینە خۆشکەرە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و بەگژ داچوون. ژیان ناوەندە. هەموو نووسەرێکی خاوەن هێمای ڕووناکی کە مێژووی جوانناسی ئەم بوونە دادەڕێژێت، ڕادەکێشێتە ناوخۆی بۆ بەرزی و بەرگری ئامادەی دەکات:

**بازی خرۆشاو بڕوای بەزەوی نەما**
**دەنگی لاجێبهێڵێ بردیە ئاسمان**
**دەستێک لەناو وەرزەکان**
**بەفری کردە دەنکە گەنم بوون بەدۆستی کێڵگە**
**ئەسپ فەرمانت بەچییە**
**سەرپێچی و پێداگرتن**
**بەهێز بڕوانە و تێپەڕە**

**ل: ٥٦**

لە بینینێک کە لەسەرجەم حەسانەوە دەروونییەکانی مرۆڤ خولقاوە، دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵێک ئاراستە دەگرێتە خۆی، هەمیشە لەگەڵ هیوادا دەژی، لە کەشی هەست نقوم بووە. ئەو کەشە دەکاتە مێژووی جوانی، هەموو زەمین بەهارمۆنیەتی ڕەنگی تابلۆ دەبینێت. وێنە لای خاوەن گیان و هەستی شێوەکارییە. تابلۆ دەبێتە شیعر و شیعر دەبێتە تابلۆ: "تابلۆ و شیعر" یەکەیەکن زەینی بەزاخی شاعیریەتی "سەباح ڕەنجدەر" بەرەو یەکیەتییەکی هونەرمەندانەی دیاردە ئەدەبییەکان دەبەن:

**دایکی هەر هەموومان هات ڕستەیەکی ئاسوودە کرد**
**سێبووری نەیهێناوین**

**ڕەنگی ژیان لە ئێوارە دەگۆڕێ و خەڵات دەهێنێ**
**بۆ کوێ دەڕۆین**
**دیارییە سادەکانمان بدەین بەکێ**
**زەمین بریتییە لە ڕوخساری ماندووی**
**کەسنەناسێکی ناو تەپوتۆزی پەرشوبڵاوی**
**برادەری ناز و مەنزڵ و نیاز بەدوایدا نایەن**
**دڵنیایە لەهەموو شوێنێک خوای لەگەڵدایە**
**لەماڵ و سەیرانیش منداڵەکانی**

**ل: ٥٧-٥٨**

### بەشی سێیەم: بەکارهێنانی زمان

بۆ دروستکردنی جیهانی بێگەرد و شکاندنی پێکهاتەی ناسروشتی، لە خەون دواندن بەردەوامە، بەڵام خەون لە چامە پەخشانییەکەدا خەونی بێهۆشی نییە. خەونی واقیعە، ئەو واقیعەی بەدوارۆژ و ناوەندی کۆمەڵگای کوردی و جوانناسییەوە بەندە. واقیعی واقیعیەت دەدرکێنێت، کە لەژێر یاسای زانستی پاراسایکۆلۆژیدایە، شاعیر وێنەی(١٥) دەکێشێت، دەربڕین لە ڕاستیی ئەقڵی مرۆڤ دەکات. هەستکردنی پێش ڕووداو: ڕووداو: ئینجا ئەنجام.

کۆمەڵە شتێکی وەک سۆز: بێگەرد: جەربەزە. کەمایە و بەهای سەروەریی و سووری ژیانی ئادەمیزادن، لە کتێبی چارەنووس ناویان تۆمار دەکات و دەیانکات بەناوەند و ڕستەی ڕاستەقینەی شیعر. لە بانێژەی وەفا و بەجەرگی، برادەرایەتی لەگەڵ ئەوتاکە دەبەستێت کە لێک دوورنین، خودی خۆی، ڕوونتر پێوەندی ناخ بەناخی ناخەوە، کە ئەقڵانییەتی کۆمنیکاشیۆنی باڵادەستە، یان بەرپرسیارە لە چارەی گشت کێشە فەرهەنگی و سیاسی و هێماییەکان. بە وردی پەیگەکانی پەروەردە دەکاتە ئاوێنەی خۆناسین و بازنەی چاوهەڵهێنان تا کۆتایی پێیدا دەڕوات، چەند واتایەکی لێکسیکی تەواوی بازنەکە تەواو دەکەن: منداڵی: چارەنووس: شکۆ: سەرەتا.

ڕیزبەندی وشەکان بەو شێوە و فۆرمە دروستتر دەبوو: سەرەتا: منداڵی: شکۆ: چارەنووس. لەبەر ئەوەی هەموو شتێک وەک دیاردە لە سەرەتای سەرەتاوە دەستپێدەکات. دواتر ماوەی گەشەی "منداڵی"، پڕ سەروەری "شکۆ"، چارەنووس "تەواوبوون"، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک دەربڕین و جیهانبینی لە چامەکەدا لێڵ و دژ بەیەک نەکردووە. چونکە دەق لای: "گەمەیەکی ئیستاتیکی وای تێداکراوە، زەحمەتە لە سنووری فۆرمێکی کلاسیکیدا پۆلبەند بکرێت"(١٦).

شاعیر کە لە ڕوانینیدایە، دوندی هەورازتر بۆی دەبنە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان، چونکە لەسەر بنەمای دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینە بە سۆنگەی گفتوگۆی سەربەستانەی نێوان ئەندامان و تاکەکانەوە، نیشاندانی واقیعی دوارۆژی ڕوون و داتەپیو، لە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی چامەکەدا جێیکردووەتەوە:

**دایک و باوکم و منداڵەکانیان**
**لە شادیی بەهەشت درەختی بنەماڵەیان خوێندووتەوە**
**دەستە و یەخەی ئەو ناز و مەنزڵ و نیازەن**
**تەنیایی پەیکەرە برۆنز و مەرمەڕییەکان سەرکەش نابێ**
**بەوەی ناوبانگ و پایتەخت نابێ بە هی ئەوان**
**شەقامی ژێریان زێرابە لە سەرەخۆ شەق دەبا**
**کتوپڕ دەکەونە ناوی**

**ل: ٥٩**

"نالی" لە دروستکردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە بۆ مەبەست و پڕوزەکردنی هونەر و واتا: بلیمەت و وریا و ژیرە، بەڵگەش تێکڕای شیعرە فرەدەنگ و فرەئاستەکانیەتی. "سەباح ڕەنجدەر" هەمیشە لە زۆرانبازی لەگەڵ وێنە و پێکهاتەکانی "سرووش" کاتێک لە سەربنەمای هزر شێوازی سۆسیۆلۆژی فەلسەفە، پراکتیک دەکات. بە شێوەیەکی فەلسەفیش لەسەر فەلسەفە نموونەی پڕ جووڵە و بەخششدار هەڵدەداتە پانتایی چامەکە. بە جۆرێکی فەلسەفی ئەو تاکە لە خۆیایی و دڵڕەقانە نیشاندەدات، کە سنووری نێوان فەلسەفە و زانستیی مرۆیی دەبەزێنن. ئەم یاخیبوونەشیان لە ئاسۆ مەعریفییەکاندا بوونەتە کەمێک لەکردار و ورووژاندن:

**نووسەری هەموو ژیان تەنیا لەبۆنەی**
**خۆشییەکانی ناوەند و گومانەکانی دامێن**
**بە کتێبی چی ئێمەی هێنا دەچێتەوە**

**ل: ٦١**

لە درێژەی چامەکەدا دەگەینە ئەم وێنە دەگمەن و درەوشاوانەی هەموو هەستەکان سەرسام دەکات و بیر بە بەرامبەر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەش پێوەندی هەستی لەنێوان وێنەکان دروستدەکات:

**سەرەتای ژیان بوو بەفری بێ پەیان قاچی خانووەکانمانی تەزاند**
**سەرەتای ژیان بوو بارانی شاڵاو هێنەر دەمی خوشک و براکانمانی کلیلدا**

**سەرەتای ژیان بوو کوللە بەسەرخوانی خێزانیمان پژمی**
**سەرەتای ژیان بوو مشک جلوبەرگی گەشتی کونکون کردین**

**ل: ٦١**

شاعیر نیگەرانە و دەگەڕێت کام وشە خوانی ژیان بۆ مرۆڤ دەڕازێنێتەوە، بیدۆزێتەوە: گەڵای خەنەیی، پەرەمووچی باڵە بەهێزەکان: ڕەنگی خوا و ژیان: خوێنی مردن: شیر: نانی گەرم: سادەڕوو: سادەدڵ. ئەم وشانە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. بەهاریکاری ڕوانین و ڕەهەندەوە حوکم بەسەر واقیع دەکەن. ئەقڵ بەڕوونی دەڕوانێتە مێژوو. هەر یەکێک لەو وشانە هەڵبژاردەی ڕۆشنکاری گیانی ڕستەکانن، دەمانبەنە ناو تێڕوانین و ئاسۆی تایبەتییەوە، زۆر بەزیندوویی و نەمری بەکارهێندراون. دۆزینەوە و بەکارهێنانی وشەکان لە تەلاری بلوورینی داڕشتنەکاندا لە شوێنی داهێندراو جێیان بۆ کراوەتەوە. جێیەک ئەندازەیی خۆی وەرگرتووە:

دۆزینەوە + بەکارهێنان = مانا و جوانکاری ڕستە و وێنەی پڕ بزاوت.

بۆچوون و دەربڕینە فەلسەفییەکان بەتای تەرازووی ژیریی کێشراون. ئایدۆلۆژیەتی سیاسی، نا ئایدۆلۆژیەتی ئیستێتیکی ئەدەبی پێشکێش کردووە:

**ماڵی ئەشق چەند گەرم و ماناداره خوێنی لە زەوی ڕسکاند**
**لە دەمودووی دایە شازادە ئاگر دەکەوێتە سەر زەمین**

**ل: ٦٢**

هەروەها ڕێگاشی بەخۆی داوە، لەتیۆری فەلسەفی کۆمەڵگای کوردیدا شت وەربگرێت دووبارە لەزەینی شاعیریەتی بیخەملێنێت و بە ئاستێکی جوانناسی، پێشکێش بەکۆمەڵگای بکاتەوە. هەستی ناوەندی کۆمەڵگا و جوانناسی نە ماکی لەبیرچوونەوە وەردەگرێت و نە لە هزردا کاڵدەبێتەوە:

**سووتان گەورەییەکی خودایی دەداتە**
**بیرنەچوونەوە و دەمودووی پێوەندییەکان**
**پەپوولەی ئاڵوودە بڕوای بەبرادەرە دڵناسکەکانی هێنا**
**خاوەنی هەموو گوڵ و گەڵاکانە گوڵ و گەڵاکانیش مێژووی ئەون**

**ل: ٦٢**

بەتوندی و گرژی لەسەر سیستمی پچڕانی پێوەندی نێوان ژینگە و کۆمەڵ و زۆرەکانی تاک (مەرجی دەستەبەرکردنی ڕەخنەن). چەترێکی ڕەخنەیی دەکاتەوە، ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە بەچوستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیان بە توانست و زانا و بلیمەت دەهێننە پێشەوە. شاعیر بەهیچ کلۆجێک مەبەستی نییە ڕاست و چاکیان بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت ڕیسوا و بوودەڵەیان بکات:

**مێژوونووس لەبەر دەرگای ماڵی گورگ دانیشتووە**
**نووسینەکانی ئەرشیف دەکات**
**هیچ ناز و مەنزڵ و نیاز ماوە سەرنجت بورووژێنێ**
**تەرازووی سەموونخانەی گەڕەک**
**بنیادەمێکی دەست لەناو ژیان بەدیار جوانییەوەی بەختیار بوو**
**نیگایەکانیم بە چارۆگەی بەلەمی هەڵخەڵەتاندن هەڵواسی**
**دوور زۆر دوور لە کانیی وەفادار و سێوە لاسوورە تەنیام کرد**

**ل: ٦٢-٦٣**

ئەو واقیعەی نەخشەی بنیادی کێشراو: بستووی ئاوات: نەوی نائومێدیی: خەبات و ملکەچی: ڕاستی و درۆ: سەربەخۆیی و بەندی. لێیەوە یاداشت و تۆمار کردووە. ئاسۆیەکی شانازی ڕوونی تێدا بەدی دەکرێت. شاعیر خۆی ئاشکرا دەکات و شانازی بۆ چەرخی مێژوو دەگەڕێنێتەوە، چونکە ڕووداو لە پانتایی مێژوو سەرپێچی لێناکرێت. قازانج و سەرمایەی شانازییەکەی بە بەرسێبەری ئەو زیانانەی کە لێی کەوتوون و دەکەون، دەزانێت. زیانی هزر و فکر: سیاسی و کارگێڕی: چامەکە گۆڕانێکی چۆنایەتی گەورە دەهێنێتە ئاراوە:

**گۆرانی هەواڵێکی خۆشە ئەلبومی منداڵی لە کراسێکی ناسک هەڵگرتووە**
**نوێژکردنم لەناوی چاو لە هیچ ناترووکێنێ لەگەڵ بەهەشتەوان ئاشنایە**

**ل: ٦٤**

ئەو هۆکارانەی چامەکە بەدرەوشانەوە دەگەیەنێت ئەوەیە: تابلۆیەکی فەرەڕەنگ و فرەشێواز بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە زەمینەی ڕاستین، قەڵەمکێش دەکات و ڕەنگکردنی بۆ بەشداربووان جێدەهێڵێت. ئەو شتە ناوەکییانەی کە بە ئاوەژووی بیر هەڵفڕێندراون لەکەناردا دەنیشنەوە و لەنگەر دەگرن:

**سۆزی منداڵی**

**بێگەردیی چارەنووس**
**بەندەناسی شکۆ**
**جەربەزەیی سەرەتا**
**دەگەڕێنەوە ماڵەکەت**

**ل: ٦٤**

نیشاندانی باری نێگەتیڤی ناوەوە، کە پڕوخەستە بە گومان و کینە و پڕوپاگەندە. بە تەواوی پێچەوانەی باری پۆزەتیڤی "شانازی"یە، دینامیکییەت دەبەخشێتە بینینەکانی واقیع و بیناکردنەوەی:

**زەبروزەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لەلایەنگریان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لەلایەنگریان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**ڕکوکینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لەلایەنگریان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**پڕوپاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لەلایەنگریان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**

**ل: ٦٥**

چامە پەخشانییەکە زەین تێیدا کراوەتەوە، کە دەکرێت وەک " ڕۆمانە شیعر"یش بخوێندرێتەوە، زۆر جیاواز و پڕ سەرسامیتر لەو ڕۆمانە شیعرانەی پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون. بە دەستاژۆی خەون کەشتی واقیع وەگەڕ دەخات. ئەم خەون گێڕانەوەیە " خەونە واقیع"ە. ئەو واقیعەی کە لەناو بۆتەی خەونەکەدا قاڵبووەتەوە، ئەو واقیعەی بۆ نووسین هەڵبژێردراوە نەک واقیعی سەپێندراو. واقیعی سەپێندراو هەمیشە لای نووسەری سەرکێش ڕەتکراوەتەوە. لەگەڵ ڕاستی بەدەرخستندا لە سیستمێکی گشتیی پاسادان بکات، لە ئاستێکی مەعریفی گونجاودا یەکسانیان بکات و گردیانبکاتەوە: (شتێکی سەیر نییە ئەگەر بڵێین شاعیر هەوڵیداوە شێوازێکی تایبەت بەخۆی، جودا لە هەندێک شێوازی تری دەربڕینی شیعری، بنیادبنێت. شێوازێک کە لە هەندێک ڕەگەزی جودا و تایبەتییەوە لە زۆربەی کاریگەرییەکانی شێوازی شیعری قۆناغە جوداکانی شیعری کوردی دەردەچێت) (١٧). شەپۆلێکی فەلسەفی لە دەریایەکی تا چاو بڕ بکات پانوپۆڕ دێنێتە ئاراوە. ئەم فەلسەفەیە توانستی سۆراغکردن و بەرهەمهێنانی چەمکەکانی هەیە. هێمای "نالی" نوختەی درەوشانەوەی چامەکەیە. ئەو هێڵ و جەمسەرانەی پێش گفتوگۆکردن و دواندنی "نالی" پەرشوبڵاوی کردبوونەوە دنیای فیکر و خەیاڵ و واقیعی پێ تەنیبوون، لە بازنەی "نالی"دا یەکدەگرنەوە، چونکە : (هێمای کەسی ئەو هێما پڕ لە داهێنانەیە شاعیر دایدەهێنێت. بەشێوەیەکی لاوەکی و سەرەکی لە سەرچاوەکە، یان لە ناوەڕۆک و بۆماوە ڕەسەنەکەی هەڵیدەهێنجێت. لەپاشان بە چالاکییەکانی خۆی، کە لە ئەزموونە تایبەتییەکەی خۆی بەدەستیهێناوە پڕ و بارگاوی دەکات. لەم دوو بوارەش هێما تام و چێژی کەسیەتی شاعیری تێدا هەیە، کە کلیلی تێگەیشتنی ئەزموونی شاعیرە. دەرگای غەم و پەژارە و یادە شاراوەکانی بۆ دەکاتەوە) (١٨):

**ماوەیەکی کورت لەبەردەم کتێبخانەکەم وەستام**
**هۆشم هاوێشتە ناویان**
**دیوانی نالیم بۆ خوێندنەوەی شانازی کەوتنەگیان دەستنیشانکرد**

**ل: ٦٥**

پێکهاتەی "نالی" بریتییە لە: کورد: وشیاری: تێکۆشان: زمان: ڕاپەڕین: ڕەتکردنەوەی واقیعی ناپەسەند: دارشتنەوەی تەلاری بلوورینی نوێ: نوێنەری هزری نەتەوەیی: زمانی زگماک و دایک: خۆشەویستی: نیشتمان. ئەمە سەرەڕای پتەوی و پڕواتای دەستەواژەی ڕستەیەک بۆ وێنە "ماوەیەکی کورت" نیشاندانی ئەو پەڕی بە ئاگایی و هەستکردنە. کورت لە درێژ هەڵهێنجراو، کورتی زادەی بەروبوومی درێژی، بریسکە و جلیوە جلیوی ئاسۆی ڕوون، بەرزایی مەبەست. " هۆشم هاوێشتە ناویان" بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ڕێچکەی ئەقڵی نەک خولیایی لە هەڵبژاردن، بڕیاری مێشک: هزری جەربەزەیی: "دیوانی نالی" ڕێسا و بنەماکانی واقیع: کتێبی پیرۆزی کوردیبوون: هێمای نەتەوەیی: بڕیاری چارەنووس: مان... تاد

لەبەر ئەزموونی ئەم ڕاستییانەدا هەوڵدەدات دیمەنێکی جوان، بێگەرد بۆ چامە بژاردەییەکە قەڵەمکێش بکات. مێژووی سەرهەڵدانی ژیانی ڕیالیستی مرۆڤ کە مەزەندەی تێکۆشانیەتی بۆ مانەوە و بەرگری، یەکەم خۆراکی بەردەوامی بۆ ژیان لە زەوی و سروشت دۆزینەوە، دەبەستێتەوە بە بوون و دیاردەکان. لە پاشان خەباتی فیکری لە ئەزموونی ئایدۆلۆژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژگار و بنیادنانی پردی پێوەندی نێوان "هەردوو واقیع". ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئەگەر ژیان ئەم چامە بژاردەییە، یان ڕۆمانەی نەنووسیبێت، هێڵی تەریبی

نێـوان تارمـایی و خـەون بەڕیالیـسـتی واقـیع نەبەسترابێتەوە، چۆن لە ڕوونی و لێڵی جامخانەی ژیان و واقیعدا چوار وشەی فەلسەفی دۆزرایەوە کە ستوونی ژیان ئاراستەی هێڵی ئاسۆیی جوانی دەکات. لەودیودا هەمـان هێـڵی سـتـوونی زیندوویی ئاراسـتـەی هێـڵی ئاسۆیی نەمـریی بکات، هاوکێـشـەیەکی کۆمـەڵایەتی سایکۆلۆژی هاوسەنگ دەبێت:

ژیان = زیندووبوونەوە

جوانی = نەمری

**چ جوانە**
**جووکە جووکی یەکەم فڕین**
**دەنگوباسی پشووی هەفتە**
**بەروبوومی کشتوکاڵ**
**گریانی گەرمی ئیماندار**
**کـتـێبی چی ئێـمـەی هێنا ئەی گـیـانی ڕێزلێگیـراوی نووسەری هەموو ژیان**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بەژیان دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە جوانی دا**
**تـارمـایی یان خـەون یان مـرۆڤی ڕوون مـانایان بە زیندووبوونەوەدا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بەنەمری دا**
**ل: ٦٦ – ٦٧**

لە ڕستەکانی دواییدا وەک زانستی مەنتیق لە پاردە و لەمپەری "قیـاسی موثەبەت"دا، تەمی ئەگەر و گومـان لەسـەر دوو ئایۆنی سـارد و گـەرمی سۆسـیـۆلۆژیی و دەروونی، بازنەکـانی پەسـەند و ناپەسـەندی لە یەکـتـر دووردەخـاتەوە و کـرۆکی ڕاسـتی و تەڵەکـەبازی، ڕاستگۆیی و فرۆفێڵ بەدوو ئەوزار و ئامرازی "لێچوون و لەوچوو" لەنێوان دوو کەرەستەی لێکسیکی "کوندەبۆ" و "باز" لێکدەداتەوە:

**کوندەبۆ ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی کۆیلەیی**
**باڵەکانت لە خێزانی ناکەسبەچە ڕواون**
**ئاژاوەکانی زەوی بۆیە توانییان**
**شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان**
**دڵنیاییت لەدەست دا**
**ژیان بەو ڕەنگە دەبینی دوژمنایەتی جۆشاندبی**
**هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی فرۆشت**
**ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا نەبوو**
**لە دەنووکی نووسـراوە ڕۆژگـارێک چاوەڕوانمانە جـێی شانازی نییە**
**کلیلی خـــەزێنە لە دەســـتی نەزانێکی دێـرین دەشاردرێتەوە**
**بەدبین هیچیان زمانی خەزێنە فێر نابن**
**کتێبی چی ئێمەی هێنا دادەخرێ**

*   *   *

**باز ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی بێباکی**
**باڵەکانت لە خێزانی خانەدان ڕواون**
**ئاژاوەکانی زەوی بۆیە نەیانتوانی**
**شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان**
**دڵنیاییت لەدەست نەدا**
**ژیان بەو ڕەنگە دەبینی برایەتی جۆشاندبی**
**هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی پاراست**
**ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا بوو**
**لە دەنووکی نووسـراوە ڕۆژگـارێک چاوەڕوانمانە جـێی شانازییە**
**کلیلی خەزێنە لە دەستی زانایەکی دێرین دەناسرێ**
**ڕوونبین هەموویان زمانی خەزێنە فێر دەبن**
**کتێبی چی ئێمەی هێنا دەکرێتەوە**
**ل: ٦٧–٦٨**

### ئەنجام

لە بینینی شـیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی پراکـتـیکیـیـەوە گەیشتینە ئەم دەستنیشانکردنانەی چامەی "سرووش":

هەیکەلی گشتی چامەکە (٧٥٠) دێڕە و دابەشی سەر سێ بەشی سـەرەکی کـراوە. هەربەشـەی (٢٥٠) دێڕی سەربەخۆیە. (٢٣٦) دێڕ پێکهاتەی بەشەکەیە، (٢٤) دێڕیش وەک تەئویلی کـراوە بۆ بەشـەکـە لە پانتـایی چامەکەدا جیاکراوەتەوە.

شـێـوازی نووسـینی تەئویلەکـان جـیـان لە شـێـوازی نووسـینی بەشـەکـان. چ وەک زمـان: چ وەک دەربڕین: چ وەک ڕستەبەندی.

(٢٤) دێڕی تەئویلەکـانیش دابەشی دوو بەش کـراون. (١٢) دێڕ بە (١٢) دێڕ. دابەش و هاوسـەنگکردنی ئەندازەیی هەرسێ بەشـەکە وەک یەک لە چوارچێوەیەکی جوانناسی دیاریکراون.

لە تەئویلی بەشی یەکـەم بابەت و هەڵوێسـتی دژایەتییەکانی بەرامبەر ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە ژیان بەڕێوەدەبەن، یان لێیەوە دروستدەبن خستووەتەڕوو.

لە تەئویلی بەشی دووەم و سـێـیـەمـدا ڕسـتـە و وێنە دژەکان لە ئاست یەکتر ڕاگیـراون و ئاسـتـەکان ئامادەی ململانێ و وتووێژن.

کۆکردنەوە و یەکخستنی دژەکان بۆ شاعیر گەلێک ئەستەم و دژوارە، هارمۆنیەتی گونجاندن و شیعرییەت لە مەودای نێوان دژایەتییەکان بدۆزێتەوە. ئاستەکانیش لە خاڵێکی گرینگ ئەزموون دروستبکەن، زۆرکاریشی لە پێوەندییەکانی مۆسیقای زمان بەشێوازی پەخشانە شیعرەوە کردووە. شیعرییەتی بەنێوان دژەکان داوە، هێما و ئاماژەکانی بەڕوونی گەیاندووە. لە شێوازێک کە بەناو خەون و هەستەکان گوزەر دەکات دەلالەتەکان خۆیان ئاشکرا دەکەن. دەتوانین بوێری ئەم دەربڕینە بکەین "سەباح ڕەنجدەر" لە هێنانە بەر زەین و هەستپێکردنمان بەو مەودایانەی کە ئەمڕۆ لە شیعری کوردیدا دەیناسین، خاوەنی پرسیار داڕشتن و تێگەیشتن لە خود و "خەیاڵی ئەفراندن"ە.

**ئایاری ٢٠٠٤ هەولێر**

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- خەون وا خۆی گێڕایەوە، ناونیشانی کتێبێکی "سەباح ڕەنجدەر"ە. ساڵی "٢٠٠٤" دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس لە هەولێر لە (١٩٠) لاپەڕەدا چاپیکردووە. پێنج بابەتی تێدا بلاوکراوەتەوە، "مانیفێستی شیعری" و چوار چامەی پەخشانە شیعر، یان ڕۆمانە شیعر: (١- سرووش، ٢- بلیمەت، ٣- پێغەمبەر، ٤- زێوان). ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا چامەی یەکەممان هەڵبژاردووە.

٢- پەخشانە شیعر وەک تاڵە تیشکێک لە شیعری نوێی کوردیدا لە سەرەتای حەفتایەکان دەرکەوت. قۆناغ دوای قۆناغ هێڵی کارکردنی ئاشکرا کرد و سیمای جیهانی جیاواز و گۆڕانی خۆی داڕشت. شاعیرانێکی زۆریش لە بەشداری و گەشەپێدانی ڕۆڵی داهێنەرانەیان بینیوە، "سەباح ڕەنجدەر" تا ڕادەیەکی هەستپێکراو جیاوازتر بیری کردووەتەوە بەدیاریکراوی لە دوورەوە نەیبینیوە. وەک بەرهەمی ئەزموونی جوانکاری پێوەندی لەگەڵ دروستکردووە. هەوڵی ڕێکخستنی زەمینەیەکی بەپیتی داوە بۆ دامەزراندن.

٣- شوکور مستەفا، گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا، هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید - مەحموود زامدار، کتێبی گوڵان، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١١٩.

٤- كمال غمبار، موت المرآة، ترجمة و تقديم: سامان دزەیی، جريدة ميديا، العدد ١١٨، ٢٠٠٢/٣/٥، ص١٠.

٥- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري (دراسات نقدية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص ١٧.

٦- ادونيس، زمن الشعر، دار العودة، بيروت، ١٩٧٢، ص ٥٤.

٧- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ١٦١.

٨- "سروشت نەک لێرە لای سەباح ڕەنجدەر، بەڵکو لەلای هەموو کەسێک و لە هەموو جێیەک ڕەمزە بۆ ئادەمزاد" د. مارف خەزنەدار ، خەونی خودایی لە کۆ شیعری (ڕووەکەکانی خواوەند)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٥، هەولێر، ٢٠٠٠/٣/٥، ل ٢٩٥.

٩- نەجات حەمید ئەحمەد، مێژووی خود لەناو لەنگەرییەکدا، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٠.

١٠- محمد الاسعد، بحثاً عن الحداثة، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٦، ص ١٧.

١١- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ٥٥.

12- MH. Abrams, A Glossary of Literary terms, Fourth Edition, 1981, P. 195

١٣- کەریم دەشتی، بەشێک لە یاداشتەکانی ـ با ـ ، هەڤپەیڤینی: تەڵعەت تاهیر، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ١٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٦١.

١٤- ع. ح. ب، شاعیری ئێمە نابێ لە میللەتەکەی خۆی دووربکەوێتەوە، هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٣، هەولێر، ١٩٩٩/٣/٥، ل ١٢١.

١٥- سیمۆندس دەڵێت: "شیعر وێنە و نیگارێکی بە ئاخافتنە، وێنەش شیعرێکی بێدەنگە " محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار النهضة، مصر ـ القاهرة، ص ٥٥.

١٦- فوئاد ڕەشید، نووسەر و کێشەی ناسنامەی دەق، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٣٠، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٤٨.

١٧- نەجات حەمید ئەحمەد، مێژووی خود لەناو لەنگەرییەکدا، ل١١.

١٨- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ٥٥.

# نابەوەختیی پۆست مۆدێرن

**پەیام یەزدان جوو**
**و/ لە فارسییەوە: هوومەن مەردانی**
**(بۆکان)**

(١)

کـــەم کـــەس پەیدا دەبێ کـــە نکوولی لە دەسکەوتە مەزنەکانی مۆدێرنیتە: دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مـافـەکـانی مـرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین و... تاد بکات و هەڵبەت کەم کەسیش هەیە کە لە کۆمەڵگایەکی پێبەش لەم دەسـتکەوتانە بیـر لە پێـویسـتی هەوڵدان بۆ نیـزیک بوونەوە لەم ئامانجە بنچینەییـانە نەکـاتەوە. بەڵام ئاخۆ مۆدێرنیتە چارەنووسی بێ ئەملا و لای ئێمەیە؟ ئاخۆ بەم ڕەنگەی کە لیـوتار دەبێـژێت، ئایا بۆ مۆدێرن بوون دەبێ سـەرەتا پۆست مـۆدێرن بین؟ بێـتـو مـانای دەقـاودەقی «مۆدێرن» لەبەرچاو بگرین ڕەنگە هەق بە لیـوتاربێت: بۆ ئەورۆیی بوون، سـەرەتا دەبێ لە ئەورۆی خـۆمـان بەرەو ژوورتر بچین، سەرەڕای ئەمەش ئەم ڕوانگەیە لە هێندێ بوارەوە کـێـشـە دەخـوڵقـێنێ. لیـوتار پێی وایە ئەم تێپەڕبوونە لە ڕادەبەدەر هاسان و سادەیە، ئەم گریمانەیەی تێپەڕینە خۆی پێویستی بە بیروباوەڕێکی مۆدێرنیستییە و بەم چەشنە، پۆست مـۆدێرن بوون دەبێـتـە ڕێگەیـەک بۆ مـــۆدێرن بوون، ڕێگەیـەک بۆ بە ئەورۆیی بـوون، بەڵام بەڕای مـن پۆست مـــۆدێرن بوون ڕێگەیەک نیــــە بۆ بەئەورۆیی بوون. پۆست مۆدێرن هیچ پێوەندییەکی لەتەک ئەمڕۆدا نییە. پۆست مۆدێرن نابەوەختە.

نابەوەخت چیـــە؟ ئەو شـتـەیە کـە بەر لە وەخت یان دواوەخت دێت؟ شـتـــێک خـــوارتر یان بەرەوژوورتر لە چاوەڕوانی ئێمە.

شتێکی پێشبینی نەکراو، کتوپڕ، نالەبارو نەگونجاو. بەم واتایە تێـــرامـــانەکـــانی نیـــچـــە نابەوەخت بوون و نووسراوەکانی پۆست مۆدێرن نووسراوگەلێکی نابەوەخت و بێوادەن.

(٢)

بەڵام ئاخۆ هەر نامۆدێرن بوونێک دەچێتە خانەی پۆست مۆدێرن بوونەوە؟ بێتو بڕوامان بەوەها شتێک بێت ئەوسا تووشی گشتـاندنی لیـوتار دەبین. کـەوایە پۆست مـۆدێرن بوون چییە؟ لە ڕاستیدا هیچ پێناسەیەکی ڕوون و دیاری نیـیـە؛ خـوێندنەوەیەکی تێـروتەسـەل و یەک لاکـەرەوەی لەبارەوە لەبەردەسـتدا نییە و تێڕوانینەکانی نووسەرانی سەربەم بازنەیە خۆیان بەباشی دەرخەری ئەم ڕایەن. بەڵام ئایا ئەم بێ پێناسـەییـە بە چەشنێکە کە هەمـوو جـۆرە نا مۆدێرن بوونێک دەگرێتەوە؟ لەجێدا سەرچاوەی زۆربەی ئەم خراپ تێگەیشتن و کەڵکی خراپ وەرگرتنە گشتییانە لە پۆست مۆدێرن هەر لەم خاڵەدایە. هەر لەبەر ئەمەشە کە دواکەوتووترین فکرەکان جلی پۆست مۆدێرن لەبەردەکەن و بەبیانـووی ململانێ لەگەڵ مۆدێرن بوون بۆ سەرکوتکردنی جیاوازبیران کەڵکیان لە ترسناکترین ئامراز وەرگرتووە.

لە هەمـــوو شـــتـــێک سـەیرو سـەمـەرەتر ئەوەیە کـە دواکەوتوویی و بیرکورتی کولتووری و فەرهەنگی خۆیان بە پشت بەستن بە بیـروڕای نووسـەرە پۆست مـۆدێرنەکـان پاساو دەدەن.

ئەمە کە پۆست مۆدێرنیتە بارودۆخێکی ڕوون و دیاری نییە، بنەماکەی دەچێتەوە سەر تەمومژاوی بوونی مۆدێرنیتە.

لە ڕاستیدا هیچ چەشنە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان سوننەت و مۆدێرنیتە یان مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا بوونی نییە.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە ئەو جۆرەی کە پێویستە لە مۆدێرنیتە نەگەیشتووین و هێشتا وەک پێویست لەناو کولتوورێکی سوننەتیدا ژیان دەبەینە سەر، بەڵام ئاخۆ ئەو لایەنە هاوبەشە مەزنانە کە سوننەت و مۆدرنیتە لێک گرێ دەدەن (بۆ وێنە دوالیزم، دەسەڵات، گشتی خوازی و....) ئیزنی ئەوەمان پێنادەن تا باس لە پۆست سوننەت و ئەم پۆست مۆدێرنیتەیە بکەین؟

پۆست مۆدێرن بوون نە سوننەتی بوونە و نە مودێرنتر لە مۆدێرن بوونە. پۆست مۆدیرن نە بە ئێجگاری بە سوننەت هەڵدەڵێ و نە بەتەواویش مۆدێرن بە بەژن و باڵای مەحکووم ناکات. ڕەخنەگری پۆست مۆدێرن ڕەخنەگرێکی ڕیژەیی ڕوانینانە و فرەدەنگییانەیە و لەم ڕووەوە هەر جۆرە ڕەخنەگرتنێک لە مۆدێرنیتە ئەوا سوننەتیش دەگرێتەوە. پۆست مۆدێرن لە بنەڕەتدا نکووڵی لە ڕەوتی هێڵی سوننەت- مۆدێرنیت -پۆست مۆدێرنیتە دەکات.

(٣)

پۆست مۆدێرنەکان هەمووکات بە ڕەتکردنەوەی مێژوو تۆمەتبار کراون، بەڵام ئەو تۆمەتە هاوبەشەی چەپ و ڕاستەکان، ئەم تۆمەتەی کە مارکسیستەکان و لیبراڵەکان بە قەرا یەکتر لە پەیڕەوی کاری خۆیان داناوە شتێک نییە جگە لە بیروڕایەکی مۆدێرنانە بە ڕەوتی هێڵی و پێشڕەوانەی مێژوو، ئەو لیبراڵە سەرخۆشانەی کە ئەوڕۆکانە باس لە کۆتایی مێژوو دەکەن، هەر بە قەدەر- ئەو مارکسیستانەی کە داکۆکی و بەرگری لە پرۆژەی نیوەچڵی مۆدێرنیتە دەکەن، بیر لە کۆتاییگەری مێژوو دەکەنەوە لە ڕوانگەی ڕاستەکانەوە مێژوو بەخۆدەرخستن و پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری بۆرژوازی پیشەسازی و کۆمەڵگەی سەرمایەداری گەیشتۆتە لووتکە و وەستان و چەپەکان لەبەر ئەوە لەتەک ئەم کۆتاییە ناتەباو ناکۆکن کە گەرەکیانە ئەم لووتکە و چەقبەستنە لە زەمەنێکی تردا، ئەویش لەناو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستیدا بدۆزنەوە، بەڵام هەروەک بۆدریار ئاماژەی پێدەکات، هیچ جۆرە کۆتایی هاتنێک بەم مانایە بوونی نییە.

ئەم وەهمی کۆتاییە و ئەم کۆتایی ڕوانینە، خاڵی هاوبەشی گشت لیبراڵ و مارکسیستەکانە، خاڵی هاوبەشی تەواوی ئەو مۆدێرنانەیە کە لایان وایە مۆدێرنیتە کۆتایی مێژوو، کۆتایی میتافیزیک، کۆتایی مرۆڤ و... تاد، جا چ هەندێ تیۆرزانی وەک فۆکۆیاما کە سەرمەستانە شایی لەسەر ئەم کاولبووە یۆتۆپیایە دەگێڕێت و چ ئەو نووسەرانەی وەک بیکێت کە بەشێوازی نەزۆک و لاوازی خۆیان لە ماتەمینی ئەم بێ واتاییەدان.

(٤)

بێ بڕوایی بە ڕەوتی هێڵی مێژوو، کێشەسازترین لایەنی پۆست مۆدێرنە، ئەم بێ بڕواییە کە هێندێ دەرەنجامی وەک لادان لە چوارچێوەکان، سنووربەزاندنەکان و تێکدانی پێوەرە ناسراوەکانی لێدەکەوێتەوە لایەنێکە کە زیاتر لە هەموو شتێک بۆ بیروهزری سوننەتی و مۆدێرن پڕ مەترسییە؟ ئاخۆ ئەم سنووربەزاندنە هەمان نابەوەخت بوونە نییە؟

بەڕای من ڕەخنەگرانێکی وەکو «برایان مەک هیل» کە بڕوایان بە سنوور بەندیی چەمکەکانی (کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... تاد) لە بارودۆخی ئێمەدا هەیە و لە بنەڕەتدا کاریگەری و شوێن دانانی سنوور بەزاندنی پۆست مۆدێرنیتە هەر لەم خاڵەدایە، ڕوانینێکی وردبینانە و ئاگایانەتر لە کەسانی تری وەک «فرێدریک جیمسۆن»ە کە پێیان وایە لە دۆخی پۆست مۆدێرندا ئەم سنووربەندییانە بە تایبەتی لە نێوان کولتووری باڵا و کولتووری گشتی (ڕەشۆکی) دەکرێ بڵێین لەناوچووە.
نابەوەختبوونی پۆست مۆدێرن ڕێک لە هەبوون و مانەوەی ئەم چوارچێوانە و تێپەڕین لێیاندایە.

هەر بۆیە، بیرکردنەوەی نووسراوەکانی پۆست مۆدێرن بێ هەبوونی ئەم لایەنانە کارێکی مەحاڵە.

بەزاندنی سنوورەکانی سوننەت و مۆدێرنیتە، و ئالوودەکردنی سیمای پیرۆزیان بە تەوس و پلار هاویشتن و بردنەژێر پرسیاری گشت بنەما سەرەکییەکانیان- ئاخۆ ئەمە هەر ئەو شتانە نین کە ئەمڕۆکانە سیمای پۆست مۆدێرن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و کولتوورەکەمان بەم جۆرە پڕ مەترسی و نابەوەخت نیشان دەدەن؟

(٥)

پۆست مۆدێرن بوون شتێکە و لاسایی کردنەوە لە ڕوانینەکانی پۆست مۆدیرن شتێکی تر. ئەوەتا لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا هێندێ بەرهەم بەم ناوەوە دێنە بازاڕ، هەندێ بیروبۆچوون بەم ناوە وەردەگێردرێنەوە و هەندێ ڕەخنەش بەو ناوە دەنووسرێن، بەڵام تۆزقاڵێ لەو

زریان و تۆفانە خرۆشان و سامناکەی کە پۆست مۆدێرن هەڵگریەتی و لەو نابەوەخت بوونەی پۆست مۆدێرنەی کە هەیە تێیاندا نییە. ئاخۆ ئەو ڕەوتی ڕوو لەگەشەی سەرسامیی ئێمە بۆ لای تێڕوانینی پۆست مۆدێرن و هۆگریان بە کردەوەی سوننەتی و ڕەنگە مۆدێرنیش ئێمە بەو دەرەنجامە ناگەیەنێت تاوەکو بڕوا بەوە بێنین کە ڕوانین و بۆچوونێکی ئاژاوە هەڵایسێن وەک پۆست مۆدێرن بۆ ئێمە بەس نوێندراوێکە وەک وتەکەی بۆدریار، کە سووربوونی خۆمان لەسەر ئاسایش و پتەوترکردنی ڕەوش و کردەوەی پێشووی خۆمان پاساو دەدات؟

کۆمەڵگەی ئێمە توانستی لەخۆگرتنی پۆست مۆدێرنی نییە. هەر بۆیەشە کە بەڕای من پۆست مۆدێرن هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە ئەدەبی ئێمەدا نەبووە و لەوانەشە بەم زووانەش و بەم سووک و هاسانییە نەبێت، من هێشتا ئاوا خۆشباوەڕ و گەشبین ڕانەهاتووم کە بە بەکارهێنانی هەندێ خەسڵەتی چاولێکەرانە لە دەقێکدا لام وابێت کە ئەم بەرهەمە مۆرکی پۆست مۆدێرن بوونی پێوە دیارە، ئەمە نابەوەخت بوون نییە. ئەوە دووپات بوونەوەیەکی بێ تام و چێژ و لاسایی کردنەوەیێکی بەدوور لە هەست و سۆزە. ئاوا ڕوانینێک، ڕوانینێکی گەشبینانە (وئیزن بدەن بڵێم) ڕواڵەتییانەی ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە وەرگرتنی دیمەیەکی فەرهەنگی (وەک بۆ نموونە دیموکراسی) و تێهەڵکێش کردنی لەگەڵ ناوەڕۆکی سوننەتیی خۆیان هەیە.

(٦)

خاڵی بەرامبەری ئەم ڕوانینە لە ئەدەبیاتدا، ڕوانگەیەک کە باوەڕی بە شکڵ گەرایی نووسراوەکانی پۆست مۆدێرن بەبێ بیرکردنەوە و تێڕامان و هەست کردن بە بەرپرسیارەتییە لە هەمبەر ئاکامە ناوەڕۆکەییەکانی، ڕوانگەی هەندێ ڕەخنەگر لە جۆری «دایان ئیلام» و لە بارێکەوە «لیندا هاچن»ە کە لە ڕادەبەدەر جەخت لەسەر گۆڕانی ناوئاخن و ناوەڕۆک دەکەن و ئەو جۆرەی کە دەبێ بایەخ و سەنگینی بە دارِشتی بەرهەم نادەن.

بەڕای من ئاوا هەڵسوکەوتێکی ڕووکەشانە هەر بۆ هەمان تێڕوانینی گشتی بە ڕواڵەت پۆست مۆدێرنانە دەگەڕێتەوە.

لە جێدا هەر ئەو جۆرە ڕوانینەیە کە بە بیانووی بەرگری لە وردە کولتوورەکان ئەو ئیزنە بە خۆی دەدات کە دەست لە چارەنووسیان وەردات؛ بە بیانووی بۆ وێنە پاراستنی ژینگە هەر ئەم وردە کولتوورانە تاوانبار بە تێکدانی ئاقاری ژینگەیی دەکات؛ بە بیانووی ڕێزگرتن لە ئاشتیی جیهانی، فەرهەنگ و سیاسەت و سینەمایەکی دەستەوەستان و دۆڕاو مەدح دەکات و هەمیشە بەم بیانوویە ئەم دەستەوەستانی و دۆش داماوییە و تەنانەت هەوڵدان بۆ دەربازبوون لەم دەستەوەستانییەش مەحکووم دەکات.

گرێدانی ناوئاخن و ناوەڕۆکی پۆست مۆدێرن بە دەق یان کولتوورێک کە دارِشت و ڕواڵەتێکی تەنانەت لە ڕادەبەدەر کلۆڵی هەیە جیا لە پەرەپێدان بە خەیاڵ و وەهم شتێکی تر نییە.

ئاکامێکی هەڵوێست گرتن لە پاش نازناو و هەندێ دەستەواژەی زریقە و بریقەداری وەک ئاشتی، وتووێژ، هاوڕایی... و نوقم بوون لە خەیاڵپڵاوی بە ئەوڕۆیی بوون، مۆدێرن بوون و خاوەن شارستانییەتی بوونە، بەڵام ناوەڕۆکی ئاژاوە هەڵایسێن تەنیا لە فۆرم و چوارچێوەیەکی ئاژوە هەڵایسێندا جێێ دەبێتەوە.

ئەو ناوەڕۆکەش ئەم چوارچێوەیە و هەر بۆیەیە کە کەڵک وەرگرتن لە ڕووکەشی پۆست مۆدێرن بێ دان پێدانان بە ناوەڕۆکەکە و ڕەچاوکردنی ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرن بێ ئەوە، کە ملکەچی سروشتی دارِشت و پێکهاتەکەی ببێن، جیا لە خەیاڵپڵاوی چیتر نییە.

(٧)

پۆست مۆدێرنیتە بێگومان بارودۆخێکی گشتگیرە، بەڵام ئەدەبی پۆست مۆدێرن لەبەر لایەنەکانی تایبەتی خۆی لەوانەیە ئەو جۆرەی کە پێویستە وانەبووبێت، ئەمە بارودۆخێکە کە باقی مەیدانەکانی هزری و کولتووریی پۆست مۆدێرنیش لە تەکیدا لە ململانێدان. بیرو هزری فەلسەفی پۆست مۆدێرن لە بنەماشکێنی دریدایی کۆتاییەکانی دەیەی شەست و سەرەتاکانی دەیەی حەفتا شەقڵی گرت. بیری کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی لە دەیەی هەشتا و لە تەک نواندراوی بۆدریاری سەری هەڵدا.

سیاسەتی پۆست مۆدێرنی دەیەی هەشتای بەر لە سەقامگیربوون جێی خۆی دا بەجیهانگەرایی دەیەی نەوەد. بیناسازی پۆست مۆدێرنی دەیەی هەفتای بەر لە بیناسازی بنەما شکێنانەی دەیەی هەشتا و نەوەد هاتە ئاراوە. هونەری پۆست مۆدێرن بەر لەخۆدەرخستن و تەواو و سەربەخۆیانە لە دەیەکانی هەفتاو هەشتا، شوێنی خۆی بۆ هونەری فرە ڕاگەیەنی دەیەی نەوەد چۆڵ کرد و ئەدەبی پۆست مۆدێرن بەر لە هەر لایەن و خۆ دەرخستنێکی تری پۆست مۆدێرن لە سەرەتاکانی دەیەی شەست سەری هەڵداو پێش لە هەموویان لەسەرەتاکان و لە دواییشدا لە ناوەڕاستی دەیەی هەفتادا بەرەو کووژانەوە چوو.

بەم واتایە، ئاخۆ ئەدەبی پۆست مۆدێرن تەنیا شتێکە کە پێوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و تەنیا بابەتێکی لێکۆڵینەوەییە؟ ئەو شتەی کە زیاتر من دەخاتە دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم دەرەنجامە، قەبووڵنەکردنی ئەو نەخشە ڕۆژژمێرییەیە.

ئەدەبی پۆست مۆدێرن چ لە نووسین و چ لە تێڕوانیندا هێشتا بەتەواوی ئەمریکا- تەوەرە، و تەنانەت ئەم نەخشە ڕۆژژمێرییەش دەرخەری ڕەوتێکە کە لە ئەمەریکاوە دەستی پێکردووە و بەرەو ئەورووپا و ئەمەریکای لاتین هەر چۆن بێت بۆ بەشێک لەناو شارستانییەتی ڕۆژئاوا دزەی کردووە و هەمیسان هەر لە ئەمریکادا نیشتۆتەوە. ئەگەر بڕوامان بەو جۆرە نەخشەیە بێت، جیا لەمە هیچ ڕێگەیەکمان نابێت تاوەکو «لۆری مەک کافری» بە ئەدەبی پاش ئەم سەردەمە بڵێین پۆست پۆست مۆدێرن یان هەر چۆنێکی بێت نا پۆست مۆدێرن، بەڵام بە ڕای من، ئەوەی کە لە دەیەکانی شەست و حەفتا لە ئەدەبیاتدا ڕووی دا تەنیا پرشەیەک لە پۆست مۆدێرن و نابەوەختییەکەی بوو؛ ناکرێ پۆست مۆدێرن لەم پرشەیەدا بەرتەسک بکەینەوە.

بێتو باوەڕمان بە جیاوازیی ورد لەنێوان مۆدێرن و مۆدێرنیست بێ (بەو شێوەیە کە بۆ وێنە زۆلا بە مۆدێرن و بۆدلێر بەمۆدێرنیست بزانین) ئەو ئەدەبەی تا بە ئێستا خۆی نیشان داوە، ئەدەبی پۆست مۆدێرن بووە نەک ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنیستی و هەڵبەت ئەمە جیاوازییەکە نووسەرانی ئەم زنجیرە دەقانەش جاری وا هەیە ئاوڕیان لێنەداوەتەوە. سەرەڕای ئەمەش من زۆر بە گەشبینییەوە پێم وایە هەروەک چۆن لە ناخی چڕوپڕی بیرمەندانی پۆست مۆدێرنی مەزن و زۆرێک لە خاوەن ڕایانی وەک لیوتار، دلۆز، فوکو... نابەوەختترین بیرمەندی پۆست مۆدێرنیست لە جۆری بۆدریار سەری هەڵدا، درەنگ یان زوو لە پانتایی ئەدەبیشدا شایەدی سەرهەڵدانی ڕەوت و هەندێ نووسەری پۆست مۆدێرن دەبین؛ هەرچەند کە ڕەنگە هێڵگیری ئەدەبیاتی دوو دەیەی دوایی ڕۆژئاوا لە ڕاستیدا سەلمێنەری ئەم بۆچوونە نەبن. ئا لێرەدایە کە نابەوەختیی پۆست مۆدێرن خۆی دەردەخات.

**سەرچاوە:**

ادبیات پسا مدرن، چاپ اول ۱۳۷۹، تهران، کاج

# زێدە وەسف: لایەنێکی جوانیناسانەی دەقی بەیتی «خەزێم»

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

(١)

ئەگەر بەیتی کوردی وەکو دەقێکی نووسراوەی هونەری- ئەدەبی بخوێندرێتەوە کام تایبەتمەندی و ڕەگەز جوانی پێدەبەخشن؟ سەرچاوە و ئاخێزگەکانی جوانیی دەقی بەیت چین؟ بۆچی خوێندنەوەی بەیت، وەکو دەق، چێژ بەخشە؟ چی وا لە مرۆڤی هەنووکەی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردی دەکات کە دەقی بابەتێکی وەکو بەیت، کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایەکی جووتیاریی نەریتخوازە، بە تامەزرۆییەوە بخوێنێتەوە و دواجار هەر بەپێی عەقلانییەتی سەردەمی خۆی، کە سەردەمی مۆدێرنیتەیە، چێژی جوانیناسانەشی لێ وەربگرێ؟ لە سەردەمی، بە قەولی ئادۆرنۆ، سەنعەتی کولتووردا کە بەرهەمە هونەرییەکان دەرەتانی پەرەپێدان و فراوانبوونی میکانیکییان بۆ ڕەخساوە و شوێنەوار و ئاسەوارە هونەرییەکان لە بەرگی پیرۆزێتی و تاکێتیی خۆیان داماڵدراون و میدیاکان ڕێگایان بۆ یەکانگیرکردنی چێشکەو مرخە جوانیناسییەکان خۆش کردووە و تەنگیان بە هەمەڕەنگی و هەمەجۆری دید و ڕوانگەکان هەڵچنیوە و دەسەڵاتە پاوانخوازەکان لەسەر دەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی بیرۆکەی خۆیان بەسەر زەین و زمانی خەڵکاندا دەسەپێنن، چۆنە بەیتی کوردی هێشتاش دەنگێکە لە گەرووی یادەوەری و خەون و خولیا و مێژووی مرۆڤی کوردەوە دێتە دەرێ و دەبێتە پردێک کە ڕابردووی تژی لە کارەساتی نەتەوەیەک پێیدا دەگوزەرێ و خۆی بە دەقەری جوانییەکانی ئێستای دەگەیەنێ و لە هەمان کاتدا هەنووکەی پڕ لە هەرا و زەنازەناشی دەگوازێتەوە بۆ هەواری بێدەنگ و سووکناییبەخشی ڕابردووی؟

دیارە لە سۆنگەی ئەوەی زمانی زانست، زمانی چەمکە و «چەمک» (concept)یش شتێکی ئینتیزاعی و سەڵتە و نابیندرێ، باسی جوانیناسی، کە باسێکە لەسەر کۆڵەکەی ناسینی بابەتی هەستپێکراو دامەزراوە، ناچارەکی دەشێت بگوازرێتەوە بۆ بەستێنی هونەر و ئەدەب کە زمانیان زمانی «وێنە» (image)یە و وێنەش بابەتی هەستپێکراوە. کەواتە ئێمە بۆمان هەیە لە زانستدا باس لە ڕاستی و ناڕاستی، لە بەسوود بوون و بێسوود بوونی «چەمک» بکەین، لە هونەر و ئەدەبیشدا باسی جوانی و ناحەزیی «وێنە» بێنینە گۆڕێ، بەم پێیە زانست بۆی هەیە «بەکەڵک» یان «بێکەڵک» بێ، هونەر و ئەدەبیش بۆیان هەیە «جوان» یان «ناحەز» بن. کەواتە باسکردن لە بۆ نموونە «زانستی جوان» و «هونەری بەسوود» باسکردن لە دوو دەستەواژەی بێبەری لە مانان، بەڵام جوانیناسی وەکو زانست واتە «زانستی جوانیناسی» بابەتێکە کە بەزمانی چەمک لەسەر لایەنەکانی جوانی هونەر یان ئەدەب قسان دەکات. بە

وتەیەکی ڕوونتر ئەگەر بابەتی جوانی لە هونەردا ببێتە هەوێنی تاوتوێکردنێکی زانستی، ئەوە زانستی جوانیناسییە کە ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ. کەواتە جوانی شتێکە ماڵی هونەرە و لەنێو دڵی هونەردایە و بڕبڕەی پشتی هونەرە، بەڵام جوانیناسی لە دەرەوەی هونەردایە و هەوڵی ناسینی ڕۆح و جەستەی هونەر دەدات.

بەم پێیە باسکردن لە جوانییەکانی دەقی بەیتی کوردی، یان وردتر بدوێین، لایەنەکانی جوانیناسانەی دەقی بەیتی کوردی هەوڵێکە کە دەکەوێتە خانەی زانستی جوانیناسیی بەیتی کوردی کە خانەیەکی چۆڵوهۆڵە و تا ئێستا قەڵەمی توێژەران سەریان پێدا نەکردووە و لایان لێ نەکردۆتەوە. ئەوەی لەم وتارەدا دەکرێ هەوڵێکی بچووکە لەم پێناوەدا.

(٢)

وەک دەزانین بەشێک لە جوانیی بەرهەمێکی هونەری لە سۆنگەی ئەو تەکووزی و ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگییەدایە کە لەنێوان پاژەکانی پێکهێنەری ئەو بەرهەمەدا بەدی دەکرێ. بەڵام بەرهەمی هونەری لەو ڕوویەوە کە هەمیشە هەوڵی شێوە ئاشنایی سڕینەوەیە لەسەر ئاستی ڕوخسار و ناوەرۆکدا، بۆی هەیە هەندێ جار لە ڕێگای لادان لە ڕاستەڕێیی تەکووزی و نەزم و ڕێکوپێکی ڕێژەی جوانی خۆی بباتە سەرێ. لێرەدایە کە هونەر ڕێگای تەمهیدی «زێدە وەسف» (١) دەگرێتە بەر، لەم ڕوانگەیەوە لە جیهانی دیاردەکان دەڕوانێ. دیستۆیفسکی، ڕۆماننووسی ناسراوی ڕووسیا، لە شوێنێکدا گوتوویەتی: «سەر لەبەری هونەر، تا ڕادەیەک تێکەڵ بە زێدە وەسفە، بەڵام سنوورەکانی زێدە وەسف نابێت لە ڕادەبەدەر پەرەیان پێبدرێت، چونکی لەوانەیە هەر ئان و سات وێنەکە بگۆڕدرێت و ببێتە کاریکاتۆر.» کەواتە زێدە وەسف وردەکارییەکە دەستی هونەرمەند دەیخوڵقێنێ تا لە شوێنی پێویست کاریگەرێتیی جوانیی بەرهەمەکەی خۆی زیاتر بکات. زێدە وەسف وەک ڕێکارێکی هونەری بۆ بەخشینی لایەنێکی جوانیناسانە بە بەرهەمی هونەری بۆی هەیە خاوەن چەندان کارکرد بێت. دەکرێ بڵێین زێدە وەسف لە هونەردا بۆ دەربڕینی بیرۆکەی دەسەڵاتی بێپایانی مرۆڤە، بۆ نموونە لەو شوێنەی کە مرۆڤ پێویستە لە هەمبەر کارەساتەکانی ژیاندا چۆک دانەدا و ورەی بەرز بێت. هەر وەتر بۆی هەیە ڕێگایەک بێت بۆ بەخشینی خەیاڵ و خولیاکانی مرۆڤ بە ئەمری واقیع. بە وتەیەکی تر هونەرمەند لەسەر دەستی زێدە وەسف واقیع بە ڕەگەزەکانی خەیاڵ و خەونی مرۆڤانە کە بۆیان هەیە سنووری واقیع ببەزێنن پاراو دەکات. هەروەها هونەرمەند لە ڕێگای بەکارهێنانی زێدە وەسفەوە بەردەوام کەفوکوڵی بەرزەفڕانەی خۆی و بەردەنگەکەی (مخاطب) وەک دوو مرۆڤ دادەمرکێنێ. زێدە وەسف مرۆڤ لە هونەردا دەگەیەنێتە ئەو دەڤەرە لە نیشتمانی ئاواتەکان کە لەوانەیە لەسەر عەردی واقیع هەرگیز پێیان نەگات.

دواجار ئەوەمان لەبیر نەچێت کە زێدە وەسف، بەو شەرتەی دیستۆیفسکی پێی قایل بوو، هەمیشە کاریگەرێتی عاتیفیی خەیاڵی هونەری زێتر دەکات و سەرنجی بەردەنگی هونەریش پتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و چێژی خوێندنەوەی بابەتی هونەری پتر دەکات.

(٣)

دەقی بەیتی کوردی ڕەنگە نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری باسی قارەمانی گەورە و عیشقی پاک و بەسەرهاتی کارەساتاوی دەکات، بەڵکو لەو سۆنگەیەشەوە کە بۆ بەخشینی بەردەوامی لایەنێکی جوانیناسانە بە دنیای تایبەتیی خۆی پێویستی بە بەزاندنی سنوورەکانی ئاسایی ڕوانین و عادەتی ڕەفتار کردن و ساکار بەسەربردن بووە زۆر لە زێدە وەسف کەڵکی وەرگرتووە. جا زێدە وەسف جاری وایە لە سەرومڕی پێکهاتەی دەقی بەیتدایە، وەکو نموونەی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی» کە شێخ فەرخ هەر لە کاتی لە دایکبوونیدا قسان دەکات، یان لەسەر لانکەوە دەچووە پاڵ ئەستی، یان دەنا لە هەندێ پاژ و بەشی بەیت، بەپێی پێویست و مەنتقی داڕشتنی خودی بەیتەکە، بەکاردەبرێ، وەکو نموونەی دەقی بەیتی «خەزێم» کە لەم وتارەدا پتر لێی ورد دەبینەوە.

لە بەیتی «خەزێم»دا تا ئەو شوێنەی کە کوڕە دۆم پێویستی بە نیشاندانی ئاستی بەرزی عیشقی خۆی نییە «زێدە وەسف»ێک لە ئارادا نییە، کەچی هەر کە گەیشتە ئەو شوێنەی بیەوێ ڕادەی ئەوینداری و ڕێژەی وەفاداریی خۆی بنوێنێ، بەیتساز «زێدە وەسف» تێکەڵ بە گێڕانەوەی بەیتەکەی دەکا. بۆ نموونە لە وەسف و پەسنی ئەو کراسەی بڕیارە بۆ کچە دۆم بدوورێ، چونکە ئەم بابەتە پێوەندی بە هەست و خوستی هەناوی کوڕە دۆم بەنیسبەت کچە دۆمەوە نییە، زێدە وەسف نابیندرێ، کەواتە لەم پاژەدا کە دەنگی کچە دۆمە، وەسفەکە

وەسفێکی بێبەری لە زێدە وەسفە:

**... دەڵێ: «کراسم دەوێ: ساف لە ماهووت بێ،**
**دەوری دامێنی دوڕ و یاقووت بێ،**
**لە ڕاستی مەمکی دەنکی زومڕووت بێ...**

بەڵام کە کوڕە دۆم دەنگی هەڵدەبڕێ و هەستی هەناوی خۆی دەردەبڕێ، زێدە وەسف وەک ڕێگایەک بۆ بەخشینی جوانی بە دەقەکە بەکار دەبرێ:

**سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە**
**هەشتا لە مووسڵێ، شێست لە شنۆیە**
**کراس بدوورن لە گوڵی لیمۆیە،**
**دە بلا تەنک بێ، ناسک و شلک بێ**
**بۆ چاو هەڵۆیە.**

لەم کۆپلەیەدا، زێدە وەسف لە ژمارەی سەرجەمی وەستاکاندا دەبینرێ کە پێکەوە دەبنە دووسەد و چل وەستا، هەروەتر لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو وەستایە لە سێ شوێنی جیاوازی کوردستان و دواجار لە کراس دوورین لە گوڵی لیمۆیە.

«زێدە وەسف» لەم شوێنەی دەقی بەیتی خەزێمدا ناڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەڵێ، کە عیشق و ئەڤینی مەزن، داوای مەزن و کاری مەزنی پێویستە. بە وتەیەکی تر بەیتساز لەم دەقەدا گەورەیی و شان و شکۆی ئەڤینی کوڕە دۆم لە هەمبەر کچە دۆمە دەترنجێنێتە نێو زێدە وەسفەکانی خۆی و لەم ڕێگایەوە چێژی خوێندنەوەی دەقەکە پتر دەکا. بەتایبەت لە بیرمان نەچێت کە قارەمانانی ئەم بەیتە کوڕ و کچە دۆمێکی پاپەتی و ڕەشو ڕووتن کە نزمی ئاستی ژیانی ڕۆژانەیان ڕووبەڕووی بەرزی ڕادەی ئەڤینی ڕاستەقینەیان دەبێتەوە.

دیسان ئەگەر لە پێکهاتەی چیرۆکی ئەم بەیتە وردبینەوە دەبینین لەو شوێنانەی کە گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەنیا پێوەندی بە کرداری کچەوە هەیە زێدە وەسفێک لە ئارادا نییە و هێڵێکی داستانی ساکار و بێ گرێوگۆڵ دەچێتە پێشێ:

**ئەگەر وای زانی ئەو نازەنینێ**
**هات و دەستی گرت لە هەڵپەڕینێ...**
**ئاخر لەو کراسەی وا کردبوو حاشا**
**ئەلحەمدولیلا خەزێمیش نەما...**
**دەڵێ: خەزێمی کەپۆم کاری مێردینێ،**
**لە کەپۆم کەوت لە هەڵپەڕینێ**

**مەگەر بچم بۆ وڵاتی مەدینێ**

کەچی هەر کە گێڕانەوە باسی پێوەندی و کارلێکی نێوان کچە و کوڕە دەکات «زێدە وەسف» دەست پێدەکاتەوە:

**ئەگەر لاو زانی ئەو قەرە خەبەر**
**خۆڵی حەوت دێیان لاو دەکات بەسەر**

لەم بەیتەدا «زێدە وەسف» سەرەڕای ئەوەی پیشاندەری هەندێ دۆخی تایبەتی نێو داستانی ئەڤینی کوڕە دۆمە و کچە دۆمەیە، بە دەستەوە دەری چەند حاڵەتێکی جیهانی دەروونی و زەینییەتی کوڕە دۆمە لە هەمبەر ئەم ئەڤینەشە. بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا دەکرێ ڕادە و ڕێژەی خەم و کەسەری کوڕە بۆ ونبوونی خەزێمی کچە و گرێدانی چارەنووسی کوڕە بە چارەنووسی خەزێم و ئامادەبوونی ئیرادەی کوڕە کە هەمیشە لە خزمەت بە عیشقی کچەدایە و ونبوونی خەزێم کە نیشانەیەکە لە ونبوونی بەشێک لە جوانیی کچە، ببینین، هەر چەند وێدەچێ زێدە وەسفی ئەم کۆپلەیە ئەوەندە خەستوخۆڵ و بەرچاو نەبێ:

**دەڵێ: «ئەگەر بمرم، بژیم، بمێنم**
**دەبێ ئینشاڵڵا ئەو کارەی پێک بێنم**
**یا نە ماڵی خۆم پاک دەدۆڕێنم**
**یان ئەوەتا سەری خۆم دەبەتلێنم...**
**قەت چەکوچێ نەکوتم لەسەر سندانێ**
**لە خۆم حەرام دەکەم ڕێی گوزەرانێ**

دیارە «زێدە وەسف» بۆی هەیە نەک هەر بۆ ڕەنگدانەوەی بابەتی واقیع بەکاربێ بەڵکو ڕەنگدانەوەی خەون و خولیاو ئاوات و ئارەزووشی تێدابێ.

بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی دەقی بەیتی «خەزێم»دا بەیتساز هەم زێدە وەسفی واقیعی ونبوونی خەزێمی کچە دۆمە دەکات، هەمیش لە ڕێگای شوبهاندنی ناڕاستەوخۆی کوڕە دۆم بە زێی بادینان خەون و خولیا و ئارەزووی کوڕە دۆمە دەردەبڕێ:

**زێیە بادینان چ گەورە و پان بووە**
**قومێکی ئاوێی تێدا نەمابوو،**
**ماسی بەستەزمان هەمووی خنکابوو،**
**لە دەریام کردووە وا پرسیارێ**
**دەگەڵ دەریام دوو قسەی گوفتارێ**
**دەڵێم: «بۆ ئیشک بووی بە تەڕی بەهارێ**

**دەڵێ: «تازیەیە بۆ خەزێمی یارێ»**

دیارە بەیتساز لێرەدا هێندە وردە کارانەو بە نەرمونیانی زێدە وەسفی خەمی کوڕە دۆمە دەکا کە دواجار قەناعەت بە خوێنەر دێنێ کە ئەم زێدە وەسفانە وەک بەشێکی گرینگ و گرانی تانو پۆی دەقەکە لە قەڵەم بدات و بە پاژێکی لێکدانەبڕاوی پێکهاتەی بەیتەکەی بزانێ. بۆیە لە ئاکامدا ئەم زێدە وەسفانە نەک وەک سەنعەتێکی بەلاغی و ئارایشتکارانە، بەڵکو وەک لایەنێکی هونەری و جوانیناسانەی بەیتەکە خۆیا دەبن.

(٤)

بەیت نەک هەر نوێنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دیاردەکانی تری دەرەوەی دەقییە، بەڵکو، وەک دەقێکی ئەدەبی، نموونەیەکیشە لە چێشکەی جوانیناسانەی هونەریی مرۆڤی کورد. بۆیە بە ڕای من، کەمتەرخەمییە بەیت تەنیا هەر بە کەرەسەو ئامیانێک بزانرێت بۆ تێگەیشتن لە واقیع و مێژووی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو دەشێ بابەتێکی بەرباسی زانستی جوانیناسی-یش بێت بۆ پێزانین بە شوێنی مرخی ئەدەبی و شانی چێشکەی هونەریی کۆمەڵگا. جوانیی بەیتی کوردی شاندەری جوانیی ڕۆح و ئەندێشە و زەین و زمانی لێزانانی بەیتسازی و شارەزایانی بەیتبێژییە. مێژووی بەیتی کوردی تەنیا هەر مێژووی کارەساتی نەتەوەیی گەلی کورد نییە، بەڵکو مێژووی ڕۆحی جوانیناسانەی ئەم گەلەشە. خوێندنەوەی بەیتی کوردی خوێندنەوەی جوانی و ناحەزیی مێژووی کوردستان و مێژووی جوانی و ناحەزیی ئەم وڵاتەیە.

**پووشپەڕی ١٣٨٣ (٢٠٠٤)**

١- لە سەنعەتەکانی ئەدەبیدا جیاوازیی نێوان زێدە بێژی (مبالغة) و زێدە وەسف (إغراق) لەوە دایە کە زێدە بێژی هەم عەقڵ قبووڵی دەکا، هەم عادەت، بەڵام زێدە وەسف عەقڵ قبووڵی دەکات کەچی عادەت حاشای لێدەکات. (غلو) جۆرە زێدەکارییەکە نە عەقڵ قبووڵی دەکات نە عادەت.



# فەرشیدی غەریب نەژاد: هەر لە منداڵییەوە لە خانەقاکانی کوردستاندا لەگەڵ دەف ئاشنا بووم و لەوێ قوتابییەتیم کرد و فێربووم

«فەرشیدی غەریب نەژاد» هونەرمەندێکی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دامەزرێنەری گرووپی مۆسیقایی (چل دەف)ە، کە ئەندامەکانی نزیکەی (٤٥) ژەنیارن کە هەر هەموویان دەستەیەک هونەرمەندی هەڵبژاردەن لە قوتابییەکانی خۆی. ئەم تیپە لە ناو دڵ و دەروونی گوێگرەکانی جێگەی خۆی هەیە، بە تایبەتی کە دەبینین تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەناو گرووپەکانی دیکەدا.

ئەم هونەرمەندە دەست و پەنجە ڕەنگینە هەر لە منداڵییەوە بە هونەری شێوەکاری و مۆسیقاییەوە خەریک بووە. خوێندنی لە بواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بووە و لە بەشی (وێنەگری)دا کاری کردووە. لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (١٩٧٨)دا بریندار بووە و لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ڕەوانەی ئەڵمانیا کراوە.

ئامێری (دەف) و (نەی) و (کلارنێت) و (ساکسیفۆن) دەژەنێ. خۆی لەسەر دەستی مامۆستای هونەرمەند (نیروومەند) دەرسی مۆسیقای خوێندووە و فێربووە، بەڵام خۆشی لێرە و لەوێ بەردەوام بەدوای کاری هونەریدا گەڕاوە و لە کوێ هەلی بۆ هەڵکەوتبێ لەوێ خۆی فێرکردووە و بووە بە شاگرد.

خۆشەویستی بۆ (هونەر) و سووربوونی لەسەر فێربوونی مۆسیقا دوا جار دڵی خانەوادەکەی نەرم کردووە بە (دەف) دەست پێبکات، ئەویش لەبەر ئەوەی ئامێرێکی خانەقاییە و عیرفانییە.

لەودیو زۆر خولی فێربوونی مۆسیقای کردووەتەوە و بە دەیان کەسی بە هونەری مۆسیقا و نیگارکێشی ئاشنا کردووە.

لەم چاوپێکەوتنەدا بەسەرمان کردەوە و دڵی خۆی بۆمان سەرئاوەڵا کرد.. با بزانین.



**ڕامـــان:** سەرەتا باسی ژیانی خـۆتان بکەن، کـەی و لەکوێ هاتیتە دنیاوە؟

**فــەرشـیـد غــەریب نەژاد:** مـن لـە ســـــالّـی (١٣٣٥-١٩٥٦) لە سنە لە دایک بووم و تا ســالّی (١٣٥٣-١٩٧٤) لە سنە دەرسم خــوێند و هەر لەوێ دیپلۆم (شەشی ئامادەیی)م وەرگرت. دوای ئەوە هاتم بۆ تاران و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا بەشداریم کرد لە ســالّی (١٩٧٥) لە کــۆنکور دەرچووم، بەڵام بەهۆی هەندێک کێشەی سیاسییەوە لە چاوپێکەوتن دەرنەچووم و چوومـە سـەربازی. لە سـەربازیش دەستم کـردەوە بە خوێندن و لە دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەرگیرام.

لە سـالّی (١٩٧٧) چوومـە کـۆلێـژی ڕادیۆ و بەشی تـەکـنـیـکـی (دەنـگ)، دوای ئـەوە لـە ســـــــالّـی (١٩٧٨-١٩٧٩)دا شـۆڕشی ئێـران هەڵگیـرسـا، من بریندراربووم و دوو گـوللەم بەرکـەوت کـە دانەیەکـیـان نوخاعمی پێکاو ئەوی تریشیان بەر لاقی ڕاستم کەوت. لەبەر ئەوەی قوتابی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بووم، ئەوکات لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ناردیانم بۆ ئەڵمانیا.

لەوێ بۆ چارەسەرکـردن دوو سالّ مـامـەوە کە خـاچی سووری نێودەوڵەتی یارمەتی دام و بە لوتفی خوا لەوێش لە چالاکی نەکەوتم و ئەوکـاتەی کـە لە نەخـۆشـخـانەدا کەوتبووم، خۆم بە وێنەکێشانەوە خەریک کرد، چونکە هەر لە منداڵـیـەوە عـاشـقی هونەر بووم، بەتایبـەتی مـۆسـیـقـا و شـێـوەکـاری. لەوێ هەندێک وێنەی (هێڵکاری) و کـاریکاتێری سیـاسیم کـێشـا، ئینجا ڕووداوێک ڕوویدا گۆڤاری شپیگڵ-ی پێ گەیشتە نێو نەخۆشخانە و چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا کردم و چەند دانە وێنەیان لەو گۆڤارەدا چاپ کرد کە پێوەندییان بە شـــۆڕشی ئێـــران و دەســـەلاتداری هەندێک وڵاتی دیکتاتۆرییەوە هەبوو.

ئەوکاتە کە لە ڕاستیدا بەشی پسپۆڕی خۆم وێنەگری بوو، لەبەر ئەوەی کە بریندراربووم و ئیتر قاچیشم لەدەست دا و مـاوەی شـەش مـانگ لەسـەر کـورسی گـەڕۆک (ویلچـەر) ژیانم بەسـەر دەبرد. وەختێ لە ئەڵمـانیـا گـەڕامـەوە، لەبەر ئەوەی بەهۆی پێکانی نوخـاعم کـە دەمـاری سـیـاتیـکمی پسـاندبوو، ئیـتـر نەمـتـوانی لە بەشەکەی خۆمدا درێژە بە خوێندن بدەم و ئەو خولەی کە لە کۆلێژی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەشداریم تێدا کرد و تەواوم کرد، خولێکی زۆر چڕ بوو، لە ڕاستیدا گۆڕینی بەش (ڕشتە) بوو کە پسپۆڕیم بوو بە بەشی دەنگ. دوای هەشت مـانگ یان دە مـانگ بوو کـە ئیـتـر بڕوانامـەم وەرگـرت و چوومـە دەزگـای ڕادیۆ و تەلەفـزیۆن و مـاوەی شەش سالّ لەسەر کورسی گەڕۆک کـارم کـرد و هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە بە ئامێری دەف و نەی ئاشنابووم. من هەر لە منداڵـیـــەوە لەژێر چاودێری مـــامـــۆســـتـــا نیـرووەمـەند-دا کـە ئێـسـتـاش لە ژیاندایە و لە سنە مامۆستای موزیکی ئامێرگەلی بادی (فوو)یە لە دەزگای کـاروباری لاوانی شاری سنە، لەسەر ئامێری کلارنێت و ســاکــســیــفــۆن کــارم کــردووە. دوای ئەوە چونکە لە منداڵییەوە هەندێک گرفتی بیروباوەڕیم لەگەڵ باوکمدا

لەسەر مۆسیقا و هونەر هەبوو، لەبەر ئەوەی کە بەداخەوە لە وڵاتی وەکو ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا کە هەژارنشینە، ئێمە مامۆستامان نەبوو و خۆمان لێرە و لەوێ بەدوای کارە هونەرییەکاندا دەگەڕاین و لەلای هەرکەسێ کە بۆمان بڕەخسایە شت فێر دەبووین و شاگردیمان دەکرد و هەر ئەو کەم کەمە بۆ ئێمە دەبوو بە زۆر. من لە خزمەتی مامۆستا نیروومەند-دا کە دۆستی باوکم بوو، فێری مۆسیقا دەبووم.

زۆر چاک لە بیرمە، ڕۆژێکیان لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوکم چوومە بازاڕ، لەوێ چاومان بە مامۆستا نیروومەند کەوت کە وەختی خۆی لەگەڵ باوکم هاوپۆل بوون، ئاغای نیروومەند بە باوکمی گوت ماشەڵڵا کوڕەکەت زۆر زیرەک و بەتوانایە، باوکیشم هەروا بەخۆشی پرسی نومرەکانی بیستە؟ ئەویش گوتی نە بابە نومرەی چی بیستە، دەرسی مۆسیقا دەڵێم. باوکیشم گوتی بۆ کوڕەکەم چی فێر دەبێت؟ ئاغای نیروومەند فەرمووی کلارنێت، قەرەنەی. باوکم لە تەوقی سەری خۆی ڕاکێشا و گوتی ئاغای نیروومەند دەتەوێ کوڕەکەم چارەڕەش بکەی، ئەگەر کوڕی خۆت بوایە وات لێدەکرد؟ ئاغای نیروومەند گوتی ئیتر مەیە با باوکت لێمان نەڕەنجێت. هەر لەبەر ئەوە بوو کە من تا چەند مانگ نەمتوانی بچمەوە خزمەتی، دەگریام و ناڕەحەت بووم، تەنانەت بووە هۆی ئەوەی لە چەند دەرسێک دوا بکەوم.

ئەوکاتە لە پۆلی دەی ناوەندی خوێندنی کۆن بووم. دوای ئەوە کاتێک کە لە سەربازیش بووم تەنانەت بابم پێی خۆش بوو کە لە سنە یان لە شارێکی نزیکی کوردستاندا خزمەت بکەم، بەڵام من هەر تکام لە فەرماندەکەمان دەکرد کە بمنێرێتە شارێکی دوور، دوور لە خانەوادەم، بە پێچەوانەی هەموو سەربازەکانی تر کە دەیانویست لە نزیک شارەکەی خۆیان خزمەت بکەن. سوپاس بۆ خوا کە سەربازیشم لە خوزستان بوو و لەوێ هەستم کرد کە ئیتر دەتوانم سەربەخۆیی زەینی و فکریی خۆم بەدەست بێنم و بەدوای کاری وێنەکێشانەوە بووم.

بەڵام لە بواری مۆسیقادا لەبەر دەسکورتی نەمدەتوانی ئامێرێکی مۆسیقا بکڕم یان وەربگرم. پاشان دوای ئەوەی کە چوومە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن خۆشبەختانە لە کەرستە و ئامێری مۆسیقا نزیکتربوومەوە و بەرە بەرە فێری ژەنینی دەف بووم. لەبەر ئەوەی دەف بۆ هەموو گەلی کورد ئامێرێکی پیرۆزە و ئامێرێکی خانەقاییە، هەر لە منداڵییەوە باوکم ڕێگای پێدەدام دەچوومە خانەقاو تەنانەت شەوانی میعراج و لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)، یان ڕۆژانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کە قەسیدەی بوردە لە وڵاتی کوردەواریدا باوە، مەولوود و مەولوود خوێندنەوە باوبوو، دەرویش بۆ ماڵمان بانگهێشت دەکران و مەولوودمان دەخوێندەوە و خەڵکمان بانگهێشت دەکرد، منیش هەروا دەفم لێدەدا.

دوای ئەوەی بریندراربووم و هاتمەوە تاران، لەسەر کورسی گەڕۆک بووم و بەرە بەرە چوومە لای مامۆستا «محەمەد عەلی کەیانی نەژاد» و لەوێ دەستم بەکاری نەی کرد و ماوەیەک لای ئەو بووم، پاشان چوومە لای ئاغای «ئەفشارنیا» دوای ئەوە لای ئاغای «جەمشیدی عەندەلیبی» و دوای ئەویش مامۆستا «حەسەنی ناهید».

لە ڕاستیدا دەف منی ئامادە کردبوو بۆ دەرک کردنی بابەتە مۆسیقاییەکان، چونکە ئامێرە کوبەییەکان وەکو دەف و دومبەگ و دەهۆڵ و ئەو ئامێرانەی تر کە ڕیتم بە هونەرخواز دەناسێنێ، دەتوانێ ئامادەییەکی باش بۆ ناسینی زیاتری مۆسیقا لە زەینی هونەرخوازدا دروست بکات. دوای ئەوە بۆ ناسین و شارەزایی لە گۆشەگەل و دەزگاکەلی ئێرانی، پێویست بوو خولێکی مۆسیقای ملۆدیکاڵ تێپەڕ بکەم، چونکە ڕیتمیش لەگەڵ میلۆدی جیاوازی هەیە.

دوای ئەوە ئیتر وردە وردە دەستم کرد بە کردنەوەی پۆلی فێرکردنی مۆسیقا، ئەویش دیسان بە یارمەتی چەندین مامۆستای خۆم کە گوتیان تۆ کە دەتوانی ئەوکارە بکەی بۆ وانە ناڵێیەوە، ئەوەبوو قوتابیی دەفیان پێناساندم، هەروەها قوتابی وێنەکێشان و شێوەکاریشم هەبوو.

لە ساڵی (١٩٨٣)دا کە لە ڕاستیدا من کۆلێژی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنم تەواو کرد و دەسبەکاربووم، دیسان لەبەر ئەوەی کە زۆرم حەز لە هونەری شێوەکاری بوو بەتایبەتی شێوە زانستییەکەی و دەمویست پۆلێکی فێرکردن بکەمەوە، گوتیان دەبێ مۆڵەتی ڕەسمیت هەبێ، یان لەو بەشە خوێندبێتت. منیش بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، ناچاربووم بچم بخوێنم. کە لە ساڵی (١٩٨٨)دا لە کۆنکۆری بەشی وێنەکێشان و شێوەکاری لە زانکۆی هونەرەکانی شێوەکاری دەرچووم و هەر ئەو پاڵنەرەش بووە هۆی ئەوەی دیسان پێمان بگاتەوە زانکۆ، بەشی هونەر. ئینجا لەبەر ئەوەی زۆربەی مامۆستاکان عاشقی مۆسیقابوون و شێوەکاریش لە هونەری مۆسیقا جیا نییە، ناچاربووم زیاتر ئاوڕ لە مۆسیقا بدەمەوە و لەسەری کار بکەم.

تەنانەت لە زانکۆ هێندێک لە مامۆستاکانی خۆم دەهاتن لەلای من فێری ئامێری دەف دەبوون و منیش لە زانکۆ لە بەشی شێوەکاری و پەیکەرتاشی و وێنەکێشاندا

قوتابی ئەوان بووم وردە وردە دەرکەوتنی من لەسەر سێن (شانۆ) و لەپاش کامێراوە بۆ کاری مۆسیقا، لە ساڵی (١٩٨٩)دا بوو لە شانۆگەرییەکدا بە ناوی «درەختی سەردەمی میرەم» لە تەلاری (شانۆ)ی شاردا کە پێشکەشمان کرد. دوای ئەوە فیلمێکی کوردی بوو کە لە بەرنامەی دیاری هەینیدا لە بەشی کوردی کە لەسەرانسەری کوردەواری و تەنانەت سەرانسەری ئێرانیشدا ڕۆژانی هەینی بەزمانی کوردی پەخش دەبوو بەناوی (زێڕ یا گەنج)، لەوێ من پارچەیەک (نەی)م لێدا، دوای ئەوە هەروا بۆ نێو گرووپی جیاجیا بانگهێشت کرام کە کار بکەم، زیاتریش پسپۆڕیم لە ئامێری دەف-دا هەبوو. لەگەڵ هێندێک گرووپدا بەشداریم کرد لە پێشکەشکردنی مۆسیقا، دوای ئەوە بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات وەکو کەنەدا و هیندستان و مۆسکۆ و تورکمەنستان و وڵاتانی دەوروبەری کەنەدا بانگهێشت کراین تا مۆسیقا پێشکەش بکەین. هەروەها لەبەر ئەوەی کە کارێکی تایبەت بە مۆسیقام نەکردبوو، ئیتر خۆشم شێوەکاریم دەکرد، کەرستەی وێنەکێشانم لەگەڵ خۆمدا دەبرد و لەوێ وێنەم دەکێشا و هەم دامدەنا، یان پێشانگای شێوەکاریم دادەنا کە لە کەنەدا ڕووبەڕووی پێشوازی کردنێکی باش بووین. هەروا پۆلەکەم بەردەوام بووە، ساڵانە ڕەنگە دوو سەد تا سێ سەد قوتابی لە پۆلەکەی مندا خوێندن تەواو دەکەن، بەتایبەتی لە بەشی دەفدا. هەروەها قوتابی شێوەکاریشم زۆر هەبووە کە ناسێندران و لە زانکۆ وەرگیران.

پاشان لە ساڵی (١٩٩٤)دا ژنم هێنا کە هاوسەریشم لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست و هونەر پەروەرە، دەکاتە خوشکی مامۆستا محەمەدی ڕۆستەم زادە کە یەکێکە لە مامۆستا بەناوبانگەکانی هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشین و هێڵکاری لەناوچەی بۆکان. دوای ئەوە زۆر لە قوتابییەکانم گوتیان بۆچی هەر گۆشەی خەڵوەتی پۆلت هەڵبژاردووە حەیفە گرووپێک دروست نەکەی، تا ئەم گرووپەم دامەزراند.

ئێمە لە ئێراندا ئامێری مۆسیقایی جۆراوجۆرمان هەیە، دەف لە سنە و تەمبوور لە ناوچەی کرماشان و دەوروبەری هەیە، بۆ نموونە دوو تاری خۆراسانمان هەیە. هەر ناوچەیەک ئامێرێکی مۆسیقایی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهەرحاڵ یەکەمین پێشکەشکردنمان بوو کە بیرۆکەی پێکهێنانی گرووپی چل دەفی لەمندا دروست کرد و بۆ گرووپی چل دەف نزیکەی (٤٥) کەسیان کە لە قوتابییەکانی خۆمن و جیام کردنەوە کە نزیکەی (٣٨) کەسیان دەفژەن بوون، دانەیەک دەهۆڵ و دانەیەک تاس، دومبەڵەکە ئامێرێکی ناوچەی سیستان و بەلوچستانە ئەویش دوو تەپڵە دەممام کە ئامێرێکی ناوچەی باشوورە لە دەوروبەری بەندەری بووشەهر هەیە. پاشان ئامێری کاسورا کە دوو دانە تەپڵی چکۆلەیە و ئەویش هەر هی لای سیستان و بەلووچستانە، دوای ئەوە باڵەبان، یان نەیانبان لە کوردستان کە هەر ئەو نەرمە نەیەیە.

هەروەها زوڕناشمان هەبوو کە لە ماوەی (٩) ڕۆژدا گرووپەکەمان پێکهات. ئاواز و مۆسیقای گفتوگۆی شارستانییەتەکانم ڕێک و پێک کرد و ئامادەکرا. یەکەمین گۆرانیبێژی گرووپەکەشمان ئاغایەک بوو بەناوی «ڕەحمان پوور» کە شاعیرێکی بە ڕاستی بەتوانایە و گۆرانی بێژێکی ناوچەی لۆڕستانە کە زمانی کوردیش باش دەزانێ و خەڵکی کووهدەشتە. هەروەها کاک شەهرامی محەمەدی کە مامۆستای باغڵەمە و تار و سێتارە لە گرووپەکەماندا و دەفیش لێدەدا. دوای ئەوە کاک عەبدوڵڵا کەریمی-یە کە ئەویش مامۆستای کەمانچەیە لەناوچەی سەقز. سەر گرووپەکان، یان بابڵێین مامۆستاکان سەرەتا بە گشتی کورد بوون، برایەکەی خۆشم، فەرمانی غەریب نەژاد کە ئەویش تاسی لێدەدا و لە ڕاستیدا ترپە (نبض)ی گرووپەکەی لە ئەستۆدا بوو کە ڕیتم و تەواوی بنەمای ڕیتمەکەی بە گرووپەکە ڕادەگەیاند. پاشان لەدوای یەکەم پێشکەشکردنمان، بەرە بەرە لەنێو ئەو کەسانەدا تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەی کە لە هێندێک لە باڵوێزخانەکانڕا هاتبوون بۆ بینین، گرووپەکەمان ناوی دەرکرد و لە هێندێک جێگاش بۆ کار بانگهێشت کراین. جاری یەکەم کە (١١)ی ڕەشەمەی ساڵی (٢٠٠٠) بوو بۆ یەکەم سمیناری گفتوگۆی شارستانییەتەکان کە لە هۆڵی کۆبوونەوەی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەرنامەی مۆسیقامان پێشکەش کرد. جاری دووەم گەیشتە (١٧)ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ کە بۆ کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی (جامی جەم) بوو بۆ ئەمریکای باکوور کە ئەو دوو ئیجرایەمان زۆر کەوتە بەردڵان و تەنانەت لە وڵاتانی دووریشەوە تەلەفۆنیان بۆ کردین و زۆریان پێشوازی لە ئاهەنگەکانمان کرد. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی من بە ئەندێشەیەکی کراوەتر و توانایەکی زیاترەوە بۆ درێژەدان بەکارەکەمان زیاتر هان درام. لەبەر ئەوە ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٠) دەست بەکاربووین و کۆمەڵگەی ئازادیمان بەکرێ گرت کە لە گۆڕەپانی ئازادی بوو، یەکەمین جار بوو کە بۆ جەماوەر بەرنامەمان پێشکەش دەکرد، ئەوکاتە بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئێمە بتوانین بلیتێک بفرۆشین یان لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکمان لێبکرێ،

سەرمایەگوزاری و هەموو شتێکی خۆم کردم، ڕاگەیاندن و کێشانەوەی پۆستەرو خرۆشەر و هەموو شتێکی بۆ خۆم بووم. دەتوانم بڵێم کە چەند مانگێک لە سەری کارم کرد، خەڵک بەڕادەیەک پێشوازی لە گرووپەکەمان کرد کە بۆ خۆشم سەرم لەمە سوڕماو دیتم کارەکە خەڵک پەسەندی کردووە، چونکە هەم لایەنی عیرفانییە و هەم لایەنی شاییە و هەم لە ڕووی مۆسیقایی و ڕیتمەوە دەتوانێ هەموو توێژەکان لەگەنج و پیرو نەوجەوان و ئەوەی کە ئەهلی مۆسیقا نییە، لە خۆیدا جێی بکاتەوە. پاشان توانیمان بە بانگهێشتی چەند مۆسیقاژەنێکی باشتر و هەروەها قوتابییە کۆنەکانی خۆم، گرووپەکە توندوتۆڵتر بکەین و کارەکان باشتر بوون و بەرنامەیەکمان پێشکەش کرد، بەرە بەرە خەڵک زیاتر ئێمەیان ناسی. پێشکەشکردنی دواترمان کەوتە مانگی خەرمانانی ساڵی (٢٠٠٠) لە کۆشکی «سەعد ئاباد» کە ئیتر (٦) شەو بەرنامەمان پێشکەش کرد.

## هونەرمەند ناتوانێ هونەرەکەی بە کاری یەکەم دابنێ، چونکە هەمیشە لە هەژاریدا ژیانی بەسەربردووە

**ڕامان:** با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، لە منداڵیتدا باوکت دژایەتی کارەکانتی دەکرد، ئایا کەسێکی تر هەبوو هاندەرت بێت؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** یەکێک لەوانە دایکم بوو کە ئێستا لەژیاندایە، ئەو هانی دام و یەکێکی تر براگەورەکەم فەرهادی غەریب نەژاد کە ئەویش هەمیشە هاندەرم بوو، تەنانەت ئەوکات یارمەتیشی دەدام ئامێری مۆسیقا بکڕم و بچم بۆ خوێندنی دەرسی مۆسیقا.

**ڕامان:** بەوەی کە بەشەکەی خۆت وێنەگری بوو، جگە لەوەی بەشداریت کرد لەو فیلمە کوردییەدا، هیچ کارێکی ترت لەو بەشەی خۆتدا نەکرد؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** بەداخەوە نەخێر، لەبەر ئەوەی لە کاتی خوێندنمدا دەرفەتێکم نەبوو کە بریندار بووم و ژیانم چووە سەر کورسیی گەڕۆک، تەنانەت توانای ئەو کارەشم نەبوو لە ڕووی ئامادەکردنی کامێرا و میکسەر و میکرۆفۆن و هەندێک کاری تر کە تایبەتن بەو کارەو دەبێ ئەو کەرەستانە هەر هەبن.

**ڕامان:** کەواتە سەرەتا بەدەف دەستتان پێکرد پاشان شێوەکاری ئینجا نەی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** سەرەتاکە دەف بوو. هەر لە منداڵییەوە لە خانەقاکانی کوردستاندا لەگەڵ دەف ئاشنابووم و لەوێ قوتابییەتیم کرد و شت فێربووم. پاشان ئێمە شێوازی دەروێشیمان گرتبووە بەر و بەگوێرەی ئەو بەڵێنەی کە بە باوکمم دابوو، لەبەر پیرۆزبوون و لایەنە عیرفانییەکەی من ڕێگەی دەف لێدانم پێدرایەوە، ئەگینا ئەگەر لایەنی مۆسیقا و موتریبی و ئەوانەی هەبوایە باوکم قەت ڕێگای ئەو کارەی پێنەدەدام.

**ڕامان:** لەپێش ئەوەی بچییە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کارە هونەرییەکانت لە چ ئاستێکدا بوون؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** من لەبەر ئەوەی فەلسەفە زانستییەکەی شێوەکاریم نەدەزانی کە لە ئاستێکدا نەبوو بڵێم باش بوو. دیارە هەندێک ئەندێشە و بیرۆکەی باشم هەبوون بەتایبەتی لە کێشانی کاریکاتێردا، یان لە بارەی هەندێک وێنەکێشانی زەینیدا، دەمتوانی بەو جۆرەی کە بەدڵی خۆمە ئەو ئەندێشە و بیرۆکانە جێبەجێ بکەم و بە خەڵکی ڕابگەیەنم. تەنانەت لەسەرەتای شۆڕشیشدا لەبەر ئەوەی لەگەڵ مامۆستا هادی زیائەدینی پێکەوە هاوپۆل بووین، لە سنە پێشانگایەکی شێوەکاریمان کردەوە، لەوێدا من نزیکەی دە تابلۆم هەبوو.

**ڕامان:** شتێکی وا هەیە دەڵێن لە ئێراندا سنەییەکان دەفیان داناوە و دروستکەری ئەو ئامێرەن، ئایا دەتوانین دەف بە ئامێرێکی ڕەسەنی مۆسیقای کوردی بزانین، پێم خۆشە کەمێک لە بارەی مێژووی ئەم ئامێرەوە قسە بکەی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** مێژووی ئەم ئامێرە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ (٦٠٠٠) تا (٧٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر. تا ئەو جێیەی کە من زانیاریم هەبێت یەکەم ئامێر کە لە مێژووی مۆسیقادا هەبووە، ئامێری نەی (شمشاڵ- بلوێر) بووە. ئەویش نەک لەسەر ئەو شێوەیەی ئێستای، بەڵکو لەسەر شێوەی جیاجیا بووە، تەنانەت ڕەنگە لەسەر شێوەی شاخیش بووبێ، لەبەر ئەوەی دەرچوونی هەوا یان هەناسەی مرۆڤ لە کون و درزی بچووکەوە، دەنگێکی وەکو دەنگی (نەی)یان دروست کردووە. دوای ئەوە لێدانی نەی مرۆڤی سەرەتایی لەسەر شاخ و کێو و بەرد و ئەو شتانە دەنگ و ڕیتمیکی دروست کردووە، دوای زانستی ڕاو، کە پیشەسازی ڕاویان دۆزییەوە، مرۆڤە سەرەتاییەکان ڕەنگە توانیبێتیان هێندێک ئامێری

مۆسیقایی کووبەیی دروست بکەن. پاش ئەوەی شێوەی بەرایی دەف چوارگۆشەیی بووە، دوای ئەوە دەبێت بە شەش گۆشە و دوای ئەویش هەشت گۆشە و پاشان بەرە بەرە حاڵەتی بازنەیی پەیدا دەکات.

هەتا ئەو جێیەی کە من ئاگادارم، مێژووی ئامێری دەف لەسەردەمی مادەکاندا بۆ تەواوی وڵات تەشەنەی کردووە، مادیش هەر ئەو ڕەسەنایەتییەی ئێستان کە لەناوچەی کوردستان و دەوروبەریدان. ئێستا لە ڕێگای ئەو نووسراوانەی کە لەسەر بەرد هەڵکەنراون و بەهۆی شوێنەوارە بەرجەستەکانی تاقە وەسان-یش دەتوانن مێژووی ئامێری دەف بدۆزنەوە، کە ئەمە تاق وەسانە و لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا سوود لە ئامێری دەف وەرگیراوە و بەکارهێنراوە. ئێستا دەف بۆ نموونە لەناوچە باشوورییەکاندا شێوەی زەنگۆڵەیی هەیە. لەناو عەرەبەکانیشدا لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) دەف هەبووە. تەنانەت لەو سەردەمەدا مامۆستای دەف کەسێک بووە بەناوی ئەبو عەمرۆ یان ئەبو عەممار کە پێیان دەگوت باوکی دەفی عەرەب. تەنانەت حەزرەتی فاتیمەش بۆ خۆی لەزەماوەندیدا لەگەڵ حەزرەتی عەلی، دەفی لێداوە. ئەمە جۆرێک بووە کە من لە مێژوودا بەرچاوم کەوتووە و خوێندوومەتەوە، بەڵام ڕەنگە ئێستا لەبەر مەسایلی شەرعی باسی نەکەن. بەگوێرەی ئەوەی کە ئەحمەد کوڕی محەمەدی غەزالی باسی کردووە دەف (٦٠٠٠) ساڵ خزمەتی هەیە، ئەو دەڵێ ئامێری دەف، بازنەی هەستییە، بازنەی کەیهان واتە جیهانە. پێستی دەف یەک لایەنی یەکتاپەرستی (توحیدی) هەیە، یەکتایە، واحیدە، یانی ڕەنگە باس لە یەکتایی بکات و ئەو لێدانەی کە لە دەفی دەدەی، دەنگێکە لە دەرەوە بۆ دەروون، یانی حاڵەتی سروشتی هەیە و ئەو کۆمەڵە زنجیرەی دەف لە وڵاتی کوردەواریدا دەڵێن چوار خەلیفەیە، بەڵام بە پێی قسەی ئەحمەدی غەزالی، ئەو زنجیرانە نیشاندەری خەلاقیەتن، مەخلوقن، هەیاهوون. لەبەر ئەوە ئامێری دەف لە هەر گرووپێکدا هەبێت، هەر دەڵێی ئۆرکسترایەکی تەواوی لێیە.

**ڕامان:** پاشان بۆ ئامێری «نەی»ت هەڵبژارد؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** پێم وابێ لەبەر پێوەندیم لەگەڵ هاوڕێیەکی دڵسۆزمدا، چاوم لەو کرد و نەیم هەڵبژارد. وەختێک کە منداڵ بووم، شەوانی نۆزدەیەم تا بیست و یەکەمی مانگی ڕەمەزان کە منیش بە ڕۆژوو دەبووم، نەیەکی خەماوی لە ڕادیۆ پەخش دەبوو کە هەمیشە لە دڵمدا بوو و عاشقی ئەو دەنگ و ئاوازە بووم، نەیەکەش نەی عەرەبی بوو کە تاکو ئێستاش دەستم بەو نەی عەرەبییە ڕانەگەیشتووە تا پەیدای بکەم و بزانم چ دەنگێکی خۆشی هەیە. ئەو کاریگەرییانە بوون کە نەیم هەڵبژارد، چونکە دەبوایە ئامێرێکی دیکەم هەڵبژاردایە بۆ ناسینی ڕەدیف و دەزگاگەل، نەی ئامێرێکی تاکەکەسی بوو و خۆشبەختانە دەمتوانی بۆ هەموو جێگایەک لەگەڵ خۆم بیبەم و بە گۆچانەکەمەوە بەستۆتەوە.

**ڕامان:** لەسەر جۆرەکانی نەی دەتوانی قسە بکەی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** نەی زۆر جۆری هەیە و ئەوەندەی کە من لێی بزانم، ئێمە ئەو ئامێرە مۆسیقاییەمان زۆرن کە بە فوو کاردەکەن و ئەگەر لە مێژوودا هەڵیانبژێرین و دەستنیشانیان بکەین، یەکەم ئامێر هەر ئەو نەیەی داوود بووە کە بە ئاسانی بەیەک فوو دەنگی لێدەهات و چەند کونێکی تێدابوو. دوای ئەوە شمشاڵە، دوای ئەوە قەرەنەیە کە هەر ئەو کلارنێتەیە، پاشان فلووتە کە ئیتر لایەنی کلاسیکی پەیدا کردووە و شێوەی ڕۆژئاوایی بەخۆیەوە گرتووە.

**ڕامان:** کام لە نەیژەنەکانی ئێرانت زیاتر لا پەسەندە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** یەکێک ئاغای کیانی نەژادە، ئاغای موسەوی-یە و ئاغای عەندەلیبی، ئەفشارنیا و ناهید. یانی ئێستا ئەم پێنج کەسە بە ڕاستی دەسەڵاتدارانی هونەری نەی ئێرانن.

**ڕامان:** تا ئێستا چەند پێشانگای شێوەکاریت هەبووە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** لە تاران سێ جار کە گەورەترینیان نزیکەی سەد تابلۆ بوو لە فەرهەنگسەرای ئەمیر کەبیر لە قەیتەریە، یەکێکی تریش بەشێوەی هاوبەش بوو لە مۆزەخانەی هونەرە هاوچەرخەکان، دانەیەکیش لە زانکۆی هونەر بوو، یەکێکی تریشیان هەمدیسان بەرامبەر بە مۆزەخانەی هونەرە هاوچەرخەکان شوێنێک بوو بەناوی کۆمەڵەی هونەری ئێران. چوار جار پێشانگام کردۆتەوە کە جارێکیان هاوبەش بوو.

**ڕامان:** ئەی تابلۆکانت بۆ دەرەوەی وڵات نەبردووە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** بۆ دەرەوە، بۆ کەنەدا نزیکەی (٢٢) تابلۆم برد کە لەو (٢٢) تابلۆیە تەنیا (٢) دانەی مایەوە، ئەویش دڵم نەهات بیانفرۆشم و هێنامنەوە، لەوێ پێشوازیی باش لە تابلۆکانم کرا، بۆ هیندستانیش تابلۆم بردووە، هەروا لە کاتی سەفەر کردنمدا کۆمەڵێک بیانووم بۆ خۆم دەهێنایەوە کە پۆرتریت و وێنەی ئەندامانی گرووپ، یان هاوکارانم و مۆسیقاژەنەکان بکێشمەوە.

**ڕامان:** چۆن بوو ئەم گرووپەتان ناونا گرووپی چل دەف؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** یەکێک لە هۆیەکانی ئەم ناوە

بوونی چل کەس دەفژەن بوو لە گرووپەکەدا و هۆیەکی تریشی ژمارەی چل بوو کە لە فەرهەنگی ئیسلامی و ئێرانیدا ژمارەیەکی پاک و پیرۆزە، هەروا کە ئاگادارن ئەم چلە کێشیەی خواناس و عارف و دەروێش و چل چرا و... بە هەرحاڵ نازانم ڕەنگە ئەمە ئیلهامێک بووبێت کە لەناکاو بڕیارم دا ئەو ناوەی لێبنێم. هەروەها بە بۆنەی بە پەیامبەری گەیشتنی حەزرەتی ڕەسوولیش (د.خ) کە لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو چل دەف ناوێکی خۆش بەیانیشە و خراپ نییە.

**ڕامان:** کارەکانی گرووپی چل دەف لە داهاتوودا چی دەبێ؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ئەگەر خوا یارمەتیمان بدات، دەمانەوێ زیاتر لەسەر کاری کوردی کار بکەین، چونکە کارەکانی پێشوومان، بەشێکی پارچەی یەکەم جارمان تایبەت بوو بە گفتوگۆی شارستانییەتەکان، شیعرەکانی ئاغای ڕەحمانپور بوو، شیعری خۆم بوون و شیعری گەورە پیاوانی وەکو سەعدی و حافزو سەنایی و مەولانا بوون، بەشی دووەمیشمان بە سوود وەرگرتن لە کۆمەڵێک شیعری عیرفانی و مەولوود خوێندنەوە و یەک دوو دانە ئاهەنگی کوردیشمان هەبوو، ڕیتمی شاد بوو بەناوی یۆرتمە (چوارناڵ) کە کۆمەڵێک ڕیتمی شایی و هەڵپەڕکێ و ئەمانەمان پێشکەش کرد کە لە ڕاستیدا بۆ کۆتایی هێنان بە بەرنامەکەمان بوو. لە ساڵی داهاتوودا دەمەوێت زیاتر سوود لە شیعرەکانی مامۆستا گۆران وەرگرم. ڕەنگە ئەو «گوڵی خوێناوی»یە سەرلەنوێ دروست بکەمەوە، ئەگەر بۆ مۆڵەت پێدانی لەلایەن وەزارەتی ئیرشادەوە گرفتمان بۆ دروست نەبێت، هێندێک لەو شیعرانەی مامۆستا گۆران یان ئەو کارانەی کە مامۆستا عەلی مەردان و کەریم کابان کردوویانە، ئەڵبەتە نەک وەکو خۆی بەڵکە گۆڕانکاری تێدا بکەم یان ڕەنگە بەشێکی و لایەنێکی پێشکەش بکەین. هەروەها هەندێکم کار هەن کە دەبێ ڕێکیان بخەم کاک شەهرامی محەممەدی-یش کە گۆرانیبێژی گرووپەکەمانە و لە بواری ئاوازدانانندا کەسێکی بەتوانایە و چەند کارێکی بەدەستەوەیە. کاک عەبدوڵڵای کەریمی ئەویش چەند کارێکی هەیە کە گوتی ئامادەم کردووە بۆ گرووپەکە، ئێمە بۆ هەر بەرنامەیەک فۆرمی ڕادەربڕین بەنێو تاک تاکی بینەران و ئامادەبووانادا بڵاودەکەینەوە تا ڕای خۆیان دەربڕن و بزانین چییان پێخۆشە؟ چ ئاوازێکیان زیاتر بەر دڵی کەوتووە؟ تا ئێمە زیاتر لەسەر ئەوە کار بکەین، ئەگەر زیاتر کوردی پەسەند بکەن زیاتر لەسەر کوردی کار دەکەین. بەهەرحاڵ ئەمە ڕای منە چونکە ئێستا گرووپەکەمان گرووپێکی پێشکەشکارە و تائێستا لەبەر دەسکورتی کاسێتمان دەرنەکردووە.

**ڕامان:** بەوەی کە جەنابتان هەم دەف لێدەدەن و هەم نەی و سەرپەرشتی گشتیی گرووپی، دەڵێن شیعریش دەڵێیی. ئایا شیعرەکانت تایبەت بە کاری مۆسیقان یان گشتین و بە چ زمانێکن؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** نەخێر، شیعرەکانم پەیوەستن بە مۆسیقاکەوە، زیاتریش فارسین. لە ڕاستیدا من شاعیر نیم، بەڵام هەندێ جار بە گوێرەی پێداویستی شیعرەکەی پێشکەش خۆی یان هەوای (ئیقاع)ی مۆسیقاکە شیعرم گوتووە، کە ئەوەش بەهیچ جۆرێک ناوی نانێم شیعر، ڕەنگە تەواوکەری یەک قافیە یان ڕیتمێک بێت.

**ڕامان:** لە شاعیرە فارسەکان بەتایبەتی شاعیرە کلاسیکییەکان شیعری کێت بۆ گۆرانییەکانتان هەڵبژاردووە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** سوودم لە شیعرەکانی سۆهرابی سپێهری وەرگرتووە کە ڕەنگە بڵێم بۆ یەکەمجارە بە ڕیتمەوە کاری لەسەر کراوە، چونکە پێشتر ئەمەی سۆهراب کاری لەسەر کرابوو، بەڵام بەشێوەی ئاوازی و جاز بوو، بەڵام ئێمە بەشێوەی ڕیتمێکی باش لە گرووپی چل دەفدا سوودمان لە شیعری سۆهراب بینی کە زۆر باشیش بوو.

## بۆ گەلی کورد دەف ئامێرێکی پیرۆزە، چونکە ئامێرێکی خانەقاییە

**ڕامان:** ئەی شیعری حافز و سەعدی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** سوودمان لەوانیش وەرگرت، عەرزم کردی کە بۆ بەشی گفتوگۆی شارستانیەتەکان، زیاتر سوودمان لە حافز و سەعدی و سەنایی و مەولانا وەرگرت.

**ڕامان:** ڕات لەسەر ئەو «گوڵستانە»ی سۆهرابی سپێهری چییە کە شەهرامی نازری کردوویەتی، ئایا سەرکەوتوو بووە، هێندێک کەس پێیان وایە کە زۆر سەرکەوتوو نەبوو؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** منیش لەو بڕوایەدام کە زۆر سەرکەوتوو نەبوو، چونکە شیعرەکەی سۆهراب لە

ڕاستیـدا لە کـاتی خـوێندنەوەی دەقـەکـەیدا جـوولّەی تێـدایە، بەڵام کـاتێک (گـوڵسـتـانە) بووە گـۆرانی ئەو جوولّەیەی تێدا ڕادەوەستێ من ئاوای هەست پێدەکەم.

**ڕامـان:** پێت وانییە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ، سـۆهرابی سـپـێـهری لە هەمـووان زیـاتر بەهـۆی عـیـرفـانی بوون لە شـیـعـرەکـانیدا لەگـەڵ کـاری مـۆسـیـقـایی ئێـوەدا بگونجێ؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** با، زۆر ڕاستە و وایە، جەنابت باش ئاماژەت پێدا.

**ڕامـان:** دەمـانەوێ ڕاتان لە بارەی عـەندەلیبییـەکـانەوە بزانین؟

**فەرشـیـد غـەریب نەژاد:** پیـاو لەوە دەترسێ کـە باسی کـەسـێـک بکـا، بۆ خـۆتان دەزانن ئەگـەر باش بڵـێـی تاقمێک و گرووپێک ناڕەحەت دەبن، ئەگەر خراپ بڵێی ئەویش دیسـان جـۆرێک دوژمنایەتی بۆخـۆت دروست دەکـەی و خـوانەخواسـتـە ناکـۆکی دروست دەبێت، بەڵام هەتا ئەو جێـیـەی کـە من ئاگـاداربم، مـامـۆسـتـا جـەلیلی عـەندەلیبی باش توانیویەتی مۆسیقای کوردی بناسێنێ، هەم بەدنیاو هەم بە وڵاتی ئێران، بەڵام یەک گرفت هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێـمـە دێین مـۆسـیـقـای کـوردی شـیـعـرێکی فـارسی لەسـەر دادەنێین و بڵاوی دەکـەینەوە، کـاتێـک بڵاوبۆوە، منێک کە تەمەنێکم بەسەر بردووە دەزانم ئەوە ڕیشـەکـەی کـوردییـە، لەبەر ئەوەی بەداخـەوە ئامـاژەیەک بەبنەمـای ئەو مـیـلۆدی و ئـاوازە ناکـرێ، وەچەی داهاتوو پێی وایە کـە ئەو ئاوازە لە بنەڕەتدا فـارسی بووە. لە ئەنجـامـدا بەرە بەرە تیـشـە لە ڕیشـەی ڕەسـەنایەتیی مۆسیقای کوردی دەدەین. بەر لە شۆڕشی ئێران ئاوازێکم لە گـۆرانیـبـێـژێکی ئافـرەتی ئێـرانی بیـست، دوای ئەوە هەمـان ئەو ئاوازەم لە زمـانی مـامـۆسـتـا شـڤـانپـەروەر بیست، من لە ڕاستیـدا بۆم ڕوون نەبۆوە داخۆ ئەمـەیان ڕەسـەنایەتی هەیە یان ئەوی تریان، چونکە هەردووک مـیـلۆدییـەکـە یەکێ بوو، کـەواتە ئەگـەر ئەمـە دیاری نەکـرێت، دەتوانێ گـورزێکی گـەورە لە ڕەسـەنایەتیی مـۆسـیـقـای کـوردی بدات. ئێـمـە دەزانین کـە مـۆسـیـقـای کـوردی بۆ سـەردەمی سـاسـانی و ئاریایی و مـادەکـان دەگـەڕێتـەوە، کـاتێک کـە سـەیری باربووت و نێکیـسـا دەکەین، لە سەردەمی ساسانییەکاندا (١٢٠٠٠) مەقام و ئـاوازمـــــان هەبـووە، بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی کــــە نەنووسراونەتەوە و ئامێری تۆمارکردن نەبووە، لەو دوازدە هەزارە، ئێستا بە کۆمەگ و یارمەتی دکتۆر سەفوەت و ئەو مـامـۆسـتـایانەی کـە هەوڵیـان داوە ئەو ئاواز و مەقامانە کۆبکەنەوە، توانیویانە (١٠٠٠) تا (١٢٠٠) مـەقـام ئەویش بەنیـوە و ناتەواوی کـۆبکەنەوە و بزانن لە کـوێوە هاتوون. ئەم گـۆشـە و دەزگـایانەی فـارسی بەدڵنیاییەوە بزانن کە میلۆدییەکانیان نیوەیان دەگەڕێنەوە بۆ مۆسیقای کوردی، ئەوەی کە ئێمە لێی نازانین. ئێمەی کورد یا دەرفەتمان بۆ نەڕەخساوە کە بە شوێنیاندا بچین و بزانین داخۆ کامە هی ئێمە و کامە هی ئێمە نییە، یان ئەوەتا تەمبەڵیمان کردووە کە نەمانتوانیوە لانی کەم ئەو بەشەی مۆسیقای کوردی کە هی خۆمانە جیابکەینەوە و لە دەستاژۆکردن بیپارێزین.

**ڕامان:** هاوکارییەکی هونەریتان لەگەڵ دکتۆر قوتبەدین سادقی-دا هەبوو، ئەمە چۆن بوو؟

**فەرشـید غـەریب نەژاد:** لە سـاڵی (١٩٩٠)دا ئاغـای قوتبەدین سادقی بانگهێشتی کردم بۆ شانۆی سیمورغی سـیـمـورغ کـە لەسـەر «منطق الطیـر»ی عـەتتـار ئەو شانۆگەرییەی دروست کردبوو و شانۆگەرییەکی یەکجار سەنگین و سێ سەعاتی و عیرفانی بوو، من بووم و چەند کەس لە برایانی کورد تا مۆسیقایەکەی بەڕێوە ببەین کە هەموویان دەفژەن بوون، سەنتورێکیشیان لەگەڵ بوو کە ئەویش ئاغای کەمالی فەرهەنگ دەیژەنی و خۆشی دەفی لێـدەدا و خـۆشـبـەخـتـانە یەکـەمین پێـشـکەش کـردنی مـیلۆدیکاڵی سـەر تەختـەی نمایشکردن بوو، یانی هەم مۆسیقا لەسەر تەختەی نمایشکردن بوو هەم ئەکتەرەکان، ئێـمـەش بەشـێک بووین لە ئەکـتـەرەکـان کـە بەشـێـوەی مۆسـیـقـاژەن لەسەر تەختـەی شانۆ ئامـادەبووین. لەدوای ئەو نمایشـەوە هەمـوو دەرهێنەرەکـانی شانۆ لە مـامـۆسـتـا قوتبەدین سادقی-ڕا فێربوون کە مۆسیقاش بەشێوەیەکی زیندوو ببەنە سەر تەختەی شانۆ. ئێمە هەموو شەوێک کە خۆمـان بەشداری ئەو کـارە بووین، بە ڕاستی ئێـسـتـاشی لەگـەڵدابێت لە بینینی تێـر نابین و بۆ من ئەوپەڕی سەرمەشق و ئەزموونێکی گەورەبوو.

**ڕامان:** ئەزموونێکی ترت لەگەڵدا نەبووە؟

**فـەرشـیـد غـەریب نەژاد:** با، کـارێکی تریش بوو کـە «پیاوی دانا و بەوری شێت» بوو، لەو کارەشدا هێندێک هاوکـاریم لەگـەڵیـدا کـرد، پاشـان بە داخـەوە من گـرفـتی تایبەتی خۆم هەبوو، ئەو سەردەمە قوتابی زانکۆ بووم و ئیـتـر بۆم نەکـرا، بەڵام من هەمـیـشـە خـۆم بە قـوتـابی ئەو دەزانم و سـوودی لێـوەردەگـرم و کـۆمـەڵێک ڕێنمـایی (بەتایبەتی لەبواری مێـژووی کـوردییـەوە) کـردووم و لە هەر بوارێکدا کە بفەرمووی ماشەڵڵا دکتۆر قوتبە زانیاری پێیە و بە ڕاستی تێیدا باڵادەستە.

**ڕامان:** ئەی تا ئێستا مۆسیقای فیلمت دانەناوە؟

**فەرشـید غـەریب نەژاد:** نەخێـر، هەر ئەو زنجیـرەیە بوو

لەبەر ئەوەی شمشاڵەکەی هی خۆم بوو هێندێک لەو مۆسیقایەم دانا، لەوە زیاتر کارم لەسەر مۆسیقای فیلم نەکردووە.

**رامان:** تا ئێستا چەند ئاوازت داناوە؟

**فەرشید غەریب نژاد:** لەبەر ئەوەی کە تایبەت بووە بە گرووپەکەی خۆمەوە، ئەو ئاوازانەی دام ناون، ڕەنگە دە ئاواز بووبێت، لەو دە ئاوازەش سێ چوارێکم دیسان بە یارمەتی کاک شەهرامی محەمەدی بووە کە لە دانانی ئەو ئاوازانە بەشدارییەکی باشی لەگەڵ مندا هەبووە.

**رامان:** یەکەمین ئەزموونی ئاواز دانانت بەلای خۆتەوە چۆن بوو؟

**فەرشید غەریب نژاد:** یەکەم ئەزموونم لە ڕاستیدا هەر دروستکردنی گرووپی چل دەف بوو، لەبەر ئەوەی من پێشتر شێوەکاریم کردبوو، پێم خۆش نەبوو پێشتر نۆتەکە ئامادە بکەم و بچمە سەر مەشقکردن و نۆتەکان بەسەر ئەندامانی گرووپدا بلاوبکەمەوە تا کاری لەسەر بکەن، بەڵکو ڕیکۆردەرێکم لەگەڵ خۆمدا دەبردە سەر کارەکە، هەروەکو چۆن کە لە شێوەکاریدا بە بوومێکی (پەردەی وێنە لەسەر کێشان - خام) بەتاڵەوە دەچوومە دەروودەشت و بوومەکەم پڕ دەکرد لە ڕەنگ و دیمەن و دەهاتمەوە، هەرواش کاسێتێکی بەتاڵم دەبردە سەر سەکۆی شانۆ و لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی خۆڕسک دەستمان پێدەکرد، دیارە شیعرەکە ئامادەبوو، بەڵام ڕیتم و ئاواز دانان و ڕێکخستنی لەسەر سەکۆی شانۆ و لەکاتی پڕۆڤەکردندا ڕاستەوخۆ ڕێک دەخرا و تۆمارم دەکرد، پاشان دەهاتمەوە و نۆتەکانم دەنووسی و بەنێو ئەندامانی گرووپەکەدا بلاوم دەکردنەوە.

**رامان:** بەنیازی لە داهاتوودا درێژە بەکاری ئاوازدانان بدەی؟

**فەرشید غەریب نژاد:** بەڵێ لە سەدا سەد ئەو کارە دەکەم، بەڵام بۆ خۆتان دەزانن ئەمە کارێکی زۆر قورسە. لە ڕاستیدا دەبێ مرۆڤ سەرمایەیەکی هەبێت و پاڵپشتییەک بکرێت تا هەموو کاتەکەی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان بکات. دەربارەی هونەر خۆتان دەزانن ئەگەر تۆ شێوەکاربی، دەبێ شێوەکاریی کاری دووەمت بێ، کاری یەکەمت دەبێ بۆ نان پەیداکردن بێ، ناتوانی هونەر بەکاری یەکەم دابنێی، چونکە هەمیشە هونەرمەند لە هەژاریدا ژیانی بەسەر بردووە. منیش ئێستا دەتوانم لە ڕێگای دەرس وتنەوەوە بەهەرحاڵ ژیانی خۆم ببەمە پێش، بەڵام دەبێ پاڵپشتییەک هەبێت تا مرۆڤ بتوانێت بە ئارامییەکی باشەوە کاری مۆسیقی و ئاوازدانان بکات.

**رامان:** وا تەمەنی گرووپی چل دەف دەبێت بە چەند ساڵ، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەوە، یان لە سەرەتای دروستبوونی، ئەم گرووپەی ئێوە بە هیچ دامەزراوێکی دەوڵەتی یان کۆمپانییەکەوە پەیوەست نەبووە؟

**فەرشید غەریب نژاد:** لە یەکەی فەرهەنگی شارەوانی و هەروەها وەزارەتی ئیرشادەوە پێشنیار کراوە، یەکێک لەو پێشنیارانە لە لایەن ڕێکخراوی یەکەی فەرهەنگی وڵاتەوەیە (سازمان واحد فرهنگی كشور) کە پەیوەستە بە شارەوانی تارانەوە و سەرپەرشتیارەکەی کاک حەمید ڕەزا ئەردەڵانە و بۆ خۆی کوردە، بڕیار وایە گرووپی چل دەف هەر وەک خۆی بمێنێتەوە و گرووپێکی گەورەتر دامەزرێنین بۆ نواندن و بەرنامە پێشکەشکردن لە وڵاتانی تر و بتوانین لە شارەوانی و وەزارەتی ئیرشاد و وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها وەزارەتی دەرەوە یارمەتی وەرگرین، بڕیار وایە گرووپێکی تر بەناوی سەد دەف دامەزرێنین، ئەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆر ئەستەمە.

## ئامێری دەف لە ناو هەر تیپێکدا هەبێ، هەر دەڵێی ئۆرکسترایەکی تەواوی لێیە

**رامان:** تا ئێستا بەگشتی ژمارەی کۆنسێرتەکانتان دەگاتە چەند، چ لە دەرەوەی تاران چ لەناوەوەی تاران؟

**فەرشید غەریب نژاد:** ئەوەی تا ئێستا پێشکەشمان کردووە، ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (٥٥) کۆنسێرت، یانی ئەگەر بەراورد بکرێ، لە ژمارەی هەفتەکانی ساڵیش زیاترە کە زۆرتری لە تاران بووە.

**رامان:** ئایا گرووپی چل دەف چەند کەسیان کوردن؟

**فەرشید غەریب نژاد:** دوازدە کەس. زۆربەیان فارسن، بەڵام دوای دامەزراندنی گرووپی چل دەف و ئەو بەرنامانەی کە پێشکەشمان کردن، کوردەکان زیاتر منیان ناسی و ئێستا خەریکن زۆر دەبن، هەروەها لە «کۆمەڵەی کوردەکانی تاران»یش پۆلی وانە گوتنەوەم هەیە، وانەی مۆسیقا دەڵێمەوە.

**رامان:** گوایە هاوسەرەکەشتان دەف لێدەدا؟

**فەرشید غەریب نژاد:** بەڵێ، ئەویش دەف لێدەدا، لە ڕاستیدا سەرەتا لە پۆلی شێوەکاری کوردەکاندا یارمەتی دەدام و ئێستاش دەف لێدەدات. کچێکی بچکۆلەم هەیە

ئەویش باش ڕیتم دەناسێ، کچەکەم بەو تەمەنەیەوە هەموو ئاوازەکانی من ئەوەی گرووپی چل دەفی لەبەرن، تەنانەت بەدەفیش لێیاندەدات و دەیانڵێتەوە. کوڕێکی حەوت هەشت مانگیشم هەیە کە لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی کە لە یەکەم بەرنامەی چل دەفدا کە پێشکەشمان کرد، هاوسەرم سک پڕ بوو، ئێستا بە دەنگی مۆسیقای چل دەف خەوی لێدەکەوێت و هێور دەبێ دڵنیی پێشتر ئەو شتانەی بیستووە، بۆی دەبێت بەلای لایە و بۆ خۆشتان دەزانن ئافرەت بە هەرحاڵ لە ڕووی ویراسییەوە (ژێنێتیک) پێوەندی بەو شتانەوە هەیە، هەست دەکەم کە ئەو منداڵەشم مۆسیقا چاک دەرک دەکات.

**ڕامان:** بیرۆکەی دروستکردنی ناوەندی هونەریی «کانیی هونەر» چۆن بوو و چۆن دروست بوو؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ساڵی (١٩٨٦) بوو کە ویستم ئەو ناوەندە دامەزرێنم، وەک کانی هونەریش، ڕەنگە زۆرم بیرکردبێتەوە داخۆ چ ناوێک باشترە بۆ ئەوەی هەر کەسێک کە دەیبینێ بزانێ ناونیشانەکە کوردییە و هەم لە ڕاستیدا تەواوکەری گشت هونەرەکان بێت، لەبەر ئەوەبوو کە کانیم هەڵبژارد. کانی هەم دەتوانێ فارسییەکەی ببێ بەکان بەواتای «مەعدەن» کوردییەکەشی کە کانیاوە.

**ڕامان:** لەو ناوەندەدا لە چەند بواردا وانە دەڵێنەوە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ئێستا شێوەکاری و هێڵکاری و بنەماکانی هونەری شێوەکاری دەڵێینەوە، بۆ خۆشم کە بەڕێوەبەری ئەم ناوەندەم وانەی دەف و نەی دەڵێمەوە. ئیتر بەشی دیکەمان نییە، پۆلی دەفەکەم ئەوەندە قەرەباڵغە کە ڕەنگە کات بۆ وانەکانی تریش نەمێنێتەوە.

**ڕامان:** ئەی وانەی شێوەکاری؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ئەویش کاک محەممەدی ڕۆستەم زادە هەموو وانەکان دەڵێتەوە. زیاتر ئەو بەیانییانە و منیش دوای نیوەڕۆیان.

**ڕامان:** چۆن بوو کە شیعری مەولەوی و مەحوی کوردتان هەڵنەبژارد بۆ کارەکانتان کە ئەوان زۆرتر عیرفانین؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاگاداری خۆم لەبارەی شیعری کوردی. من دەبێ دان بەوەدا بنێم کە لەبەر ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٤) کە بەهۆی سەربازی و خوێندنی زانکۆ و بریندار بوون و چارەسەرکردن لە ئەڵمانیا و دیسان گەڕانەوەم بۆ تاران، هەندێک لە ئەدەب و هونەری کوردی دوور کەوتمەوە و مەودا کەوتە نێوانمان.

ئێستا برایەکەم کە لە ئەورووپا دەخوێنێ و لەوێ ژیان بەسەر دەبات، کاتێک کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا دەکات، من سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە ئەوێک کە لە وڵاتی دەرەوە دەژیت چۆن دەتوانێ ئاوا بە کوردی پەتی قسە بکات، پاشان بەرە بەرە لەدوای ژن هێنانم کە هاوسەرەکەم خوشکی کاک محەممەدی ڕۆستەم زادەیە، من لە زمانی کوردی نزیکتر بوومەوە. ئامانجیشم ئەوەبوو، چونکە ئەگەر خوانەخواستە لە ڕەگەزێکی تر جگە لە کورد ژنم بهێنایە، ئیتر من بەدڵنیایەوە دەبوایە ناوی خۆم لە کوردبوون بسڕمەوە، بەڵام هەر ئەو خزمایەتییە بووە هۆی ئەوەی کە لە زمانی کوردی نزیک ببمەوە و خۆشبەختانە لە ڕێگای کاک محەمەدەوە دووبارە لە زمان و ئەدەبی کوردی نزیک کەوتمەوە. ئێستا لە ئێراندا لەگەڵ چەند شاعیرێکی کوردیدا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە وەک «سەعد ستوودە» و ئاغای قوبادی.

تەنانەت شیعرەکانی مامۆستا (عەبدوڵڵا پەشێو)یش هەم گوێم لە کاسێتەکەی بووە هەم کتێبیم خوێندۆتەوە زۆر باشن، بە هەرحاڵ بۆ خۆتان دەزانن کە ئێمە لە ڕووی مۆڵەت وەرگرتنەوە و پەسەندکردنی شیعرەکان گرفتمان هەیە کە دەبێ بە پارێزەوە (احطیاط) شیعر هەڵبژێرین بۆ کاری گرووپەکەمان.

**ڕامان:** چ پێوەندییەک لەنێوان شێوەکاری و مۆسیقادا دەبینی، ئەوەی هەندێک هێمای مۆسیقی هاتۆتە نێو تابلۆکانت؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** من لە سەرەتادا و هەر لە منداڵیمەوە پتر لە شێوەکاری نزیک بووم و لەگەڵیدا تێکەڵاوبووم، چونکە زۆر چاکم لەبیرە لەو شەوانەدا کە دنیا بێدەنگ و وڵات کشومات بوو، من لەبەر شۆقی مۆم خەریکی وێنەکێشان دەبووم، مۆمێکم هەڵدەکرد و بەباوکمم دەگوت خەریکی دەرس خوێندنم، بەڵام دەچووم وێنەم دەکێشان. بەیانی کە لەسەر وێنەکان خەوم لێدەکەوت، باوکم دەهات و دەیدیت ڕەنگەلێشم تووڕە ببوایە کە بۆ ئەو کارەم کردووە و دەرسم نەخوێندووە. وەختێکیش کە لە ڕۆژدا دنیا قەرەباڵغ و هەراو هۆریا بوو ڕووم دەکردە دەف و مۆسیقا. کەواتە من شێوەکاریم بۆ ساتی بێدەنگی و مۆسیقاشم بۆساتە قەرەباڵغ و پڕ لە هەراوهۆریایەکانم هەڵبژارد. لە ڕاستیدا ڕەنگە دوو فەرهەنگ و دوو کەسایەتی لە مندا دروست بوون کە تەنانەت ئێستاش کارێکی ئەستەمە بۆم تا بزانم کامەیان بەرزترن، بەڵام بەلای منەوە لەبەر ئەوەی کە لە شێوەکاریدا گرووپ و کۆمەڵی تێدا نییە، بیروباوەڕی جۆراوجۆر ناسەپێندرێ و خۆت دەرهێنەر و ئامادەکار و مۆسیقاژەن و هەموو شتێکی، هەر لەبەر ئەمەیە کە

شێوەکاری پاکترینی هەموو هونەرەکانە، بەڵام کاتێک کە مۆسیقا و شانۆ، یان ئەو هونەرانەی کە پەیوەست دەبن بەگرووپ و کۆمەڵەوە، دەبینی کە بیروباوەڕو بۆچوونی جۆراوجۆر دێتە ناوی و مرۆڤ دەپەشۆکێ، یانی ناتوانێ بۆ خۆی بێت.

مرۆڤ لە شێوەکاریدا زیاتر دەتوانێت بەدوای عیرفاندا بگەڕێت، لەبەر ئەوەی کاتێک کە ئێمە باسی عیرفان دەکەین، زەینمان بەرەو لای یەکتاییەک و تەنیاییەک دەڕوات، یانی ئێمە دەبێ ڕیازەتی (سلوک) تەنیایی بکێشین تا بگەینە ئەو قۆناغە عیرفانییە. لە شێوەکارییەکەدا، خود بە خود ئەو تەنیاییە هەیە، دەڵێ تا تەنیا نەبی ناتوانم لەلات بم. ئەگەر من تەنیا نەبم ڕەنگە نەتوانم تابلۆیەک بە کۆتابێنم و تەواوی بکەم کەواتە ئەو عیرفان تاک بوونە لە شێوەکارییەکەدا هەیە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ یەکتایی و وەحدانیەتی خوا. هەروەها لە مۆسیقاکەدا دەبینی کە دەنگی هەر ئامێرێک کە دەردەچێ، تەنانەت ئەگەر لەنێو باخێکدابێ دەبینی هەرچی مەل و بلبل هەیە لە دەورت کۆ دەبنەوە یانی تۆ ناتوانی بەشێوەیەکی ڕەها تەنیابی. تەنانەت ئەگەر دەوروبەرت مرۆڤیشی لێبن. ئەوانیش لە دەورت دەئاڵێن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە مۆسیقاکە چەند پلە لەدوای شێوەکارییەکەیە، لە مۆسیقای ئێراندا ئەگەر بیانەوێ بڵێن ئەو کاسێتە کاسێتێکی عیرفانییە، کاتێک دەیانەوێ ئەمە بسەلمێنن دەبێ لەو کاسێتەدا لەسەر سەد دەف، یان تەمبوری تێدا بێت، چونکە دەف لە خانەقاوە هاتووە تەمبوورەکەش هەروا. یانی تا بوونی ئەو دوو ئامێرە مۆسیقاییە نەبێت عیرفانی بوونی ئەو کاسێتە و ئەو بابەتە ناسەلمێندرێت، تەنانەت ڕەنگە مۆڵەتی (مجوز) عیرفانیشی پێنەدەن، بەڵام لەشێوەکاریدا وانییە و ئیتر کەرستە مەرج نییە بۆ لانی عیرفانی بوونەکەی.

**ڕامان:** دەڵێن گوایە دەف یەکەمجار لەلایەن سنەییەکان لەتاران هاتە نێو گرووپەکانەوە، سەرەتای ئەو کارە لەلایەن کێوە بوو؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ساڵی (١٩٧٧) لە میهرەجانی ساڵانەی هونەری ئێران لە حافزی شیراز کرا، بۆ یەکەمجار مامۆستا (بیژەنی کامکار) دەفی هێنایە نێو مۆسیقای ئێرانەوە بە ئاوازی «چهره بەچهره»ی مامۆستا شەجەریان. دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٨٣)دا بە کاسێتی گوڵی سەد پەڕی «شەهرامی نازری» دەف بە تەواوی خۆی دەرخست، ئەویش دیسانەوە لە ڕێگای مامۆستا بیژەنی کامکار خۆی بە کۆمەڵگای فارسەکان ناساند.
دوای ئەوەبوو کە تەنانەت لەتاران و شیراز و ناوچە فارس نشینەکانیش، لە هەر جێگایەک مەراسیمێکی مەعنەوی و دەروێشیانەی لێبوایە، دەبوایە دەف هەر هەبێت. وەرچەرخانێکی زۆر باش و گەورەی لە مۆسیقای ئێراندا دروست کرد، چونکە ئەگەر دەف نەبوایە، ڕەنگە مۆسیقا ببوایە بە دووبارەبوونەوەی قەوانە سواوەکانی ڕابردوو و ڕەنگە زۆر قورس و ناخۆش بوایە، بەتایبەتی لە زەینی لاوەکاندا کە پشێوازییەکی ئەوتۆیان لێنەدەکرد. خۆتان دەزانن هەر کاتێک گەنج و لاو لە مۆسیقا دووربکەوێتەوە، یەکسەر دەبێ شتێک جێی بگرێتەوە، ئەوەبوو ماوەیەک لەمەوبەر مۆسیقای جازیان هێنا و تەنیا ساڵێک بەردەوام بوو. ئەویش بۆ ئەوەی ململانێ لەگەڵ ئەو کاسێتانەدا بکەن کە لە لۆس ئەنجلێسەوە دەهاتن، بەڵام بینیمان کە کۆمەڵە گۆرانیبێژێک بوون وەکو قەوانی سواو گۆرانییەکانی ئێجی و داریووشیان دەجووەوە و شتێکی تازە نەبوو، بەڵام دەفەکە وانییە، دەفەکە ئێستا بۆتە ئامێرێکی ڕۆژ تەنانەت دە پازدە کەس لە ئەمریکا و ئەوروپاوە دێن لەلای من دەرس دەخوێنن و دەگەڕێنەوە. هەندێک قوتابی تایبەتیشم هەیە کە بۆخۆیان لەوێ پۆلی ڕاهێنانیان کردۆتەوە، بۆیە ئامێری دەف ئێستا بۆتە ئامێرێکی مۆسیقایی جیهانی و بەتەنیا توانیویەتی لە بەرامبەر جازدا ڕابوەستێ.

**ڕامان:** ئەمڕۆ کام دەفژەن لە دەفژەنەکانی ئێران بەسەرکەوتوو و باش دەزانی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** بیژەنی کامکار.

**ڕامان:** ئەی لە ئاوازدانەرە کورد و فارسەکان، ئاواز و کاری کامیانت زیاتر بەدڵە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** یەکێکیان مامۆستا (میشکاتی)یە، عەلیزادەیە، دوای ئەو مامۆستا فەخرەدین، ئیتر ڕەنگە زانیاریم ئەوەندە لەسەر کاری ئەوانی دیکە نەبێ.

**ڕامان:** ڕات بەرامبەر بە «شەهرام نازری» چییە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** دەتوانم بڵێم یەکەم کەس کە توانی لەدڵی لاوانی ئەم کۆمەڵگایەدا جێگا بۆ مۆسیقای فۆلکلۆری و سوننەتیی ئێرانی بکاتەوە، لە ڕێگای شەهرامی نازری-یەوە بوو، واتە بە دەنگی شەهرام بوو کە گەنج و لاوەکان زیاتر دڵیان کەوتە سەر مۆسیقای بەدەفەوە. لەبەر ئەوەی من سەروکارم لەگەڵ قوتابی هونەرخواز و توێژی لاواندا بەتایبەت هەیە، زۆر لە لاوەکان لایەنگر و هەواداری شەهرامن و لە ناو کوردەواری خۆشماندا خۆشیان دەوێ و بەڕاستی کارێکی باشی کردووە، من چەند چاوپێکەوتنێکم دیتووە کە

لەگەڵیدا کراوە، لە گۆڤاری ئاوێنەدا بوو، هەروەها لە هەندێک گۆڤاری تردا، بەڕاستی لە ڕادەبەدەر ناسیونالیستە، نرخ بۆ گەلەکەی خۆی دادەنێ بۆ نەتەوەکەی بۆ کوردبوونی خۆی، قەت لە کوردبوونی خۆی، خۆی ناگۆڕێ. کارەکانیشی من زۆرم پێخۆشن و هەمیشەش ڕەنگە بڵێم لە ڕێگای کاسێتەکانییەوە قوتابییەتیم کردووە شت و فێربووم، تەنانەت جارێکیش لە خزمەتیدا بووم لە یاریگای شۆڕش بۆ میهرەجانی گۆچانی سپی (عەصای سنید) بوو بۆ نابیناکان، مرۆڤێکی لە ڕادەبەدەر خاکەڕا و گەورە و بەڕاستی مۆسیقازان و مۆسیقاناسە.

**ڕامان:** ئەی ڕاتان لە بارەی کامکارەکانەوە چییە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** کارمکارەکانیش بەتایبەتی کاک بێژەن، بەڕاستی مامۆستایەکی گەورەیە، ئەو خزمەتەی بە تایبەتی کە بە دەف و مۆسیقای کوردی کرد، ڕەنگە بڵێم کەمتر کەسانێک کردیان، ئەگەر گلەییەکیش، یان ڕەخنەیەکیان لێدەگیرێ ڕەنگە من بێئەدەبیش بکەم، مەسەلەی مامۆستا «عەباسی کەمەندی»یە کە هەم لە بواری مۆسیقادا و هەم لە بواری مێژووی مۆسیقای کوردییەوە و هەم لەبواری شانۆدا، بەگشتی لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا مرۆڤێکی بەتوانایە و ئەهلی خوێندنەوە و موتالایە، زۆر کاری کامکارەکان لە ڕێگای کاک عەباسی کەمەندی-یەوە ڕێکخراوە، بەڵام لەوانەیە لە هەندێک جێگادا بە باشی سوودیان لەکاک عەباسی کەمەندی وەرنەگرتبێ، بەتایبەتی بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات کە یان بانگهێشتیان نەکرد بێ، یان سوودیان لێ نەدیبێ، بەهەرحاڵ ڕەنگە هەمیشە مامۆستایانی وەکو عەباسی کەمەندی ئا بەو جۆرە لە سەختیدا ژیان بەسەر بەرن، بەڵام هەمیشە ئەو جۆرە کەسانە سەربەرزن، ئاغای بێژەنی کامکاریش من ڕێزو حورمەتم بۆی هەیە و هەموویان باشن و لەبارەیانەوە ڕایەکی تایبەتیم نییە.

**ڕامان:** باسی (عەباسی کەمەندی)ت کرد، بەگشتی کارەکانی عەباسی کەمەندی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** من ئەوکاتەی منداڵ بووم عەباسی کەمەندیم بە گۆرانی «سەبری گوڵفرۆش» و پاشان گۆرانی «شەڕەلەبانە»وە ناسی، دەنگی لە ڕادەبەدەر نەرم و مەخمەڵییە و لەخزمەتیشدا قوتابی بووم، ئەوپەڕی مرۆڤێکی گران و سەنگین و خاکەڕا و پەروەردەکراوە و بە ڕاستی هەمیشەش سادە ژیاوە.

**ڕامان:** ڕاتان لەبارەی کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیی چییە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** من دەبێ بۆ ئەو کتێبە پیرۆزبایی لە دانەرەکەی بکەم، چونکە ئێمە هیچ شارەزایی و دەسەڵاتێکمان لە مێژووی مۆسیقای کوردی نەبوو. ئەو کتێبەش لە ڕێگای ئاغای تەوەکولی-یەوە کە خۆی کوردە و دەزگای بڵاوکردنەوەی هەیە تازە بەدەستم گەیشتووە، خوا یاربێ ئەوە خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبەم و هەر بە چەند لاپەڕەی سەرەتاکەی زانیم بە ڕاستی کتێبێکی باشە و توانیویەتی لانی کەم خزمەتێک بەمێژووی مۆسیقای کوردی بکات، خزمەتێکی گەورەش، چونکە ڕەنگە سەرەتا بێت بۆ هەنگاونانە نێو دەریای مۆسیقای کوردی کە هیوادارم هی تریشی بەدواوە بێت، چونکە ناتوانین بڵێین کتێبێکی ئاوا بچووک دەتوانێ باسی هەموو مێژووی مۆسیقای کوردی بکات. دەبێ ئەو کارە بەردەوام بێت و بەرگی تریشی بەدواوە بێت، چونکە مۆسیقاژەن یان هونەرمەند ڕەنگە دەرفەتی ئەو کارەکەی بۆ نەڕەخسێ یان هەر بۆ خۆی توانا و تاقەتی نەبێت تا بەدوای کتێب و مێژووی مۆسیقادا بگەڕێ.

**ڕامان:** ئەگەر ئاشنایەتیت لەگەڵ گۆرانبێژ و مۆسیقا و گۆرانی کوردستانی باشووردا هەبێت ڕاتان لەبارەیەوە چییە و لە چ ئاستێکیدا دەیبینن؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** مامۆستا حەمە جەزا کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە و ئینشاڵڵا کە بتوانم بە خزمەتی بگەم، هەر لە منداڵییەوە تا ئێستا ئاواز و گۆرانیی **«مستەفا بارزانی»** هەمیشە لە دڵمدا دەنگ دەداتەوە و ئەو گۆرانییە هەر لەزەینمدایە و ئێستاش جار جارە لە میدیا کارەکانی دەبینم لە ڕادەبەدەر پێم خۆشە و ئینشاڵڵا هەمیشە سەرکەوتوو دەبێت. هەروەها کارەکانی مامۆستایان عەلی مەردان و کەریم کابان و عومەر دزەیی، تاهیر تۆفیق و هەروەها بەهجەت یەحیاش کە هی ئەو دیوە و من تازە لەگەڵ دەنگیدا ئاشنابووم، جوان حاجۆ کە پێم وابێ لە ئەورووپا ژیان بەسەر دەبات. بە هەرحاڵ هیوادارم هەموویان سەرکەوتووبن، ئێمە ڕەنگە هەر بەخۆشی ئەوانەوە بێت کە وزە و هانە بەدەست دەهێنین بۆ کارکردن، چونکە بەهەرحاڵ وڵاتی کوردەواری زنجیر ئاسا دڵیان بەیەکەوە گرێدراوە، بەڵام هیواخوازم کە ئەم یەکێتییە لە داهاتوودا وا بکات کوردستان یەک پارچە بێت و بتوانین کاری مۆسیقایی بەشێوەی گرووپیکی یەکگرتوو ئەنجام بدەین، پێشتر باسم کرد «گوڵی خوێناوی» کە دەمەوێ دووبارە ڕێکی بخەمەوە، کارێکە عومەر دزەیی لەسەر کردبوو و دەتوانێ یارمەتیی من بدات.

**ڕامان:** لە ڕستەیەکی کورتتدا ڕای خۆت بەرامبەر ئەم

گۆرانیبێژە ڕەسەنانەی کورد بڵێ؛ حەسەن زیرەک، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەممەدی ماملێ؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** مامۆستا حەسەن زیرەک کە مامۆستای گەورە و بەڕێزی هەمووانە و ئێستاشی لەگەڵدابێت کەسێکی وەکو ئەو دروست نەبۆتەوە، من هەمیشە لەناو ئوتومبیل و لە ماڵەوەش دەنگ و کاسێتیم هەیە، قەت لێی تێر نابم. مامۆستا ماملێش کە ڕەنگە بڵێم لە پلەی دووەمدایە، ئەڵبەتە بێ ئەدەبی نەبێ، چونکە هەموویان گەورەن، بەڵام من سەلیقەی خۆم عەرز دەکەم. مامۆستا سەید عەلی ئەسغەریش بە ڕاستی کارەکەی جۆرێک کلاسیکی ڕەسەنی کوردییە کە ڕەنگە سەد ساڵ، حەفتا ساڵ لەمەوبەر کردبێتی کە تاکو ئێستاش مامۆستایانی وەکو شەجەریان و مامۆستایانی تر خەریکن لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بەهرە وەردەگرن، تەنانەت بەڕێزەوە گوێ بۆ ئەو ئاواز و گۆرانییانەی دەگرن و سەرمەشقیی لێوەردەگرن.

**ڕامان:** ئەی مامۆستا حەسەنی کامکار؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** مامۆستا حەسەنی کامکار، لە ڕاستیدا مامۆستای منیش بوو. نزیکەی چەند مانگێک لەخزمەتیدا قوتابی ئاوازبووم، ئەویش بۆ هەمووان جێگای سەربەرزییە و بە لوتفی خوا ئێستا کوڕەکانی توانیویانە مۆسیقای کوردی بە خەڵکی هەموو وڵاتانی دنیا ڕابگەیەنن، ئەوە بۆ تەواوی کوردەواری جێگای شانازییە.

**ڕامان:** ئەی مامۆستا عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** ناتوانین بڵێین کێ باشترە و کێ خراپترە، بەڕاستی هەموویان ئەستێرەن و لە ئاسمانی هونەری کوردەواریدا دەدرەوشێنەوە.

**ڕامان:** با بگەڕێینەوە بۆ هونەری شێوەکاری، لە شاری سنەدا هەم مۆسیقا و هەم هونەری شێوکاری ئاستێکی دیاری لە سەرانسەری ئێران و بگرە جیهاندا هەیە، زیاتر کاری کام لە شێوەکارەکانی سنەت پێ جوانە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** مامۆستا هادی زیائەدینی کە وەختی خۆی هاوپۆل بووین و هاوڕێیەکی دڵسۆزمە، یەکێکە لە گەورەترین پەیکەرتاش و شێوەکاری کوردەواری شاری سنە. کارەکانی لە ڕادەبەدەر باشن و بەڕاستی ئەو پەیکەری ئازادییەی کە لە گۆڕەپانی ئیقبالی سنە دانراوە، ڕەنگە بڵێم بەرجەستەترین شتە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی هونەرناس بۆ وڵاتی کوردەواری. دوای ئەویش مەهدی زیائەدینی کە دەکاتە برای هادی، دوای ئەو ئەحمەدی خەلیلی فەردە، کە من بچووکیم لە خزمەت هەموواییاندا هەبووە، هەموویان دۆست و گەورەی منن، هیوادارم هەمیشە سەربەرز و سەرکەوتووبن. هەروەها ماشاڵڵای محەمەدی کە ماوەیەک کاری هێڵکاری و شێوەکاری دەکرد و ئێستا کاری مۆسیقا دەکات.

**ڕامان:** لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کە ئێستا لە تارانن کاری کێت پێ باشە؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** یەکێکیان کاک محەمەدی ڕۆستەم زادەیە کە لەناوچەی کوردستانی ئێراندا بەڕاستی بەناوبانگە، کارەکانی کاک محەمەد کە ئێکسپریسۆنیستی (Expressionnism) پەتیی کوردییە و هەنگاوێکی واوە تریشی ناوە، ئێستا کۆمەڵێک شێوەی لە ڕادەبەدەر مۆدێرنی خوڵقاندووە کە ڕەنگە بتوانین بڵێین لە هیچ شێوازێکدا جێگای نابێتەوە تا بڵێین ئەمە ئەو ستایلەیە، بەڵام کارەکانی کاک محەمەد زۆر نزیکن لە پۆست مۆدێرنیزم و لەویش بەولاوەتر، کۆمەڵێک کاری لە ڕادەبەدەر فەلسەفی و پڕن لە ئەندێشە و ڕامانن.

**ڕامان:** ئەگەر شتێکی نەگوتراو مابێ؟

**فەرشید غەریب نەژاد:** هیوادارم کە هەموو هونەرمەندانی کورد جا چ شێوەکاربن چ ئەوانەی کاری مۆسیقا دەکەن هەروەها شاعیر و ئەدیب و نووسەر، هەموویان سەرکەوتووبن و بتوانن هەر کامێکیان هەنگاوێک لە ڕێگای کوردەواری و فەرهەنگی کوردیدا هەڵبگرن، پێم وابێ کە ئەو هەنگاوانە سەردەمێک دەبنە ڕێگایەکی درێژی پێشکەوتن و گەشەسەندن بۆ کورد و کوردستان.



# حەمید قەوامی: هەولێر پڕە لە بابەتی فۆتۆگرافیی جوان جوان

لە میانی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی کە تەلەفزیۆنی کوردستان کەناڵی ئاسمانی لە ماوەی ٥/٢٦ تا ٢٠٠٢/٥/٣٠ لە شاری هەولێر سازی کرد، چەندین دەرهێنەرو وێنەگرو کارمەند تێیدا لە کوردستانی ئێران و شارەکانی کوردستانی خۆشمان بەشداربوون، یەکێک لەوانە هونەرمەندی فۆتۆگرافی حەمید قەوامی بوو کە لەشاری سنەی کوردستانی ئێرانەوە بۆ یەکەمجار هاتە هەولێر و لە چەند کورتە فیلمێک وەک یاریدەدەری دەرهێنەر و وێنەگری سینەمایی و کاری هونەری بەشداری کردبوو، لەمیانی ڕۆژانی فیستیڤاڵەکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز دا.

* حەمیدی قەوامی کێیە و چۆن خزاوەتە نێو جیهانی فۆتۆگرافەوە؟

– من لەشاری سنە ساڵی (١٣٥٣) لە دایک بوومە، لەساڵی (١٣٧٠)وە لە ئەنجومەنی سینەمای لاوانەوە دەستم بەکار کردوە یەکێک لە پرۆژەکانم وێنەگری (فۆتۆگراف) بوو، دەورەی وێنەگریم لەگەڵ فیلمسازی و تەڕاحی بینیوە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بەتایبەتی ئەم دوو ساڵەی دواییدا زیاتر کاری فیلمبەرداری سینەما دەکەم.

کاری وێنەگریم بەجیدی لەو دوو ساڵەدا کەم ئەنجام داوە، بەڵام لەو ماوانە (١٢) پیشانگەی وێنەی تاکەکەسی و دووکەسیم بەرپاکردووە، زیاتر لەگەڵ کاک عەبدولعەلی وەیسی لە شارەکانی سنە، تاران، کرماشان، خوڕەم ئاوا، ئیلام، مەریوان و زۆر شاری تردا.

من وێنەگری وەک زمانێک دەزانم بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم، زۆر شت لە دەرونی خۆمدا بووە کە بەشێوەی وێنەگری توانیومە دەری ببڕم، ئەو ئیحساساتەی کە بووم ئەو تەفەکوراتەی کە بوومە، جاران زیاتر ئیحساساتی خۆم دەردەبڕی، بەڵام ئێستا دوای ئەم ئەزموونەی پێیدا ڕەت بووم دەتوانم ئەندێشەی خۆشم دەرببڕم، بە زمانێکی جیهانی کە هەموو خەڵکی جیهان تێی بگەن. وا بزانم زمانی وێنەگری ڕەهەندی زۆر فراوانترە لە هونەرەکانی تر. من وێنەگریی بەشێوەی



دیکۆمێنتی کۆمەڵایەتی کارم کردووە لەناو خەڵکدا هەروەها وێنەگریی ڕاگەیاندنم کردووە، لە ڕۆژنامەی ئاویەردا، لە گۆڤاری سروەدا، لە گۆڤاری ئاوێنە، لە گۆڤاری عەکسدا لە تاراندا، لە گۆڤاری سینەما جەوانان لە تاراندا کارم کردووە.

وەک وێنەگرێ کارم لە گۆڤاری سروەدا کردووە، چەند وتارم بڵاوکردۆتەوە لەسەر وێنەگری.

* زۆرکەس لە یەکێک لە بوارەکانی فۆتۆگرافدا پسپۆڕی پەیدا دەکەن، تۆ لە چ بوارێک زیاتر خۆت دەبینیتەوە؟

– من لەسەرەتا لە هەموو بوارەکاندا ئەزموونم بووە، لە سروشت وێنەم دەگرت، لە کۆمەڵگا و لە پۆرترێت وێنەم دەگرت، هەروەها عەکاسی هەواڵ، ئێستا وا دەزانم ئەو کۆمەڵە وێنانەی گرتوومن، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە تازانەی کە گرتوومن، دەبینم حەز لەوە دەکەم فەزایەکی تازە بخوڵقێنم، جیابێ لە فەزاکانی ترو جۆرێ وێنەی تایبەت بەخۆم بێت. ئێستا زیاتر بایەخ دەدەم بە فۆرم، بە دروست کردنی فۆرم، ئینسان دەتوانێ ناوەرۆکێکیش دەربڕێ، بۆ نموونە: دەتوانم بڵێم ئەزموونێکی زۆر سادە، مرۆڤ بیەوێ برسیەتی میللەتێک نیشان بدات، حەتمەن پێویست بەوە ناکات کۆمەڵێک برسی کە لەپاڵ دیوارێکدا کەوتوون خەریکن لە برسا دەمرن ئەو دیمەنە وەک خۆی نیشان بدات. بە نیشاندانی کەرەستەیەکی سادە، بەنیشاندانی فۆرمێکی جوان، واتە ئەوە نییە کە چاو دەیبینێ تۆش هەمان شت لە وێنەگریدا نیشانی بدەیتەوە. ئەو کۆمەڵە کارانەی تازە کردوومن، زیاتر بایەخم داوە بە فۆرم.

لەسەرەتا لەسەر وێنەی ڕەش و سپی کارم کردووە، بەم دواییەش ڕێگام بەخۆم داوە کەوا کاری ڕەنگاوڕەنگیش بکەم.

من ئێستا نازانم لە چ بوارێکدا بە بەردەوامی کاردەکەم، چونکە لەهەر لەحزەیەکدا کە دەمەوێ وێنە بگرم، ئەو حاڵەتە خۆی دەسەپێنی بەسەرما کە وازی لێنەهێنم، جاری وا بووە چووم بۆ ئەوەی کۆمەڵە وێنەیەکی پۆرترێت بگرم، هی پیاوانی ناوچەیەکی تایبەت، پۆرترێتی کۆمەڵێک ژن، لەوکاتەدا سروشتێکی جوانم دیوە، بەسەریدا ڕەت نەبووم بەڵکو ئەویشم گرتووە، وەختێک وێنەیەکی زیندووم دیوە، لەویش وێنەم گرتووە، یا منداڵێک، یا پیاوێکم بە وەزعێکی تایبەتی دیوە، یا بینایەکی میعماریم دیوە، لە مانیش وێنەم گرتووە.

* لەنێوان وێنەی ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگدا، تۆ دەتوانی بە کامیان زیاتر ناخی دەروونت دەربڕی؟

– من وا دەزانم وێنەی ڕەش و سپی زۆر لە ڕۆحی مرۆڤەوە نزیکترە، واتە تۆ دەتوانی بە ئاسانتر کاری لەگەڵدا بکەیت. ڕاستە ڕەنگ جوانی دەبەخشێت و لە هەندێک شوێندا فەزایەکی هونەریش دەخوڵقێنێ، بەڵام لەزۆر شوێنیشدا چاو دەخەڵەتێنێ، مرۆڤ دوور دەکاتەوە لە بابەتە سەرەکییەکە، من بیرۆکەی وێنەی ڕەش و سپی وا دادەنێم کە هیچ کاتێک لەناو ناچێ، وەکو ئەوە نییە تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ هات ئیتر تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپی باوی نەمێنێت. وێنەگری ڕەش و سپی هەرگیز وا نییە، ئەوەتا زۆرجار لە تەلەڤزیۆنەکانیش بۆ زۆر شتی جوان، دیسان بە ڕەش و سپی شتەکان نیشان دەدەن.

وێنەی ڕەش وسپی ئەو فەزایەی دەیخوڵقێنێ، ئەو ڕاستگۆییەی کە هەیەتی، وا دەزانم کاریگەری زۆرترە لە ڕەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگیش کاریگەریی خۆی هەیە، پێویستە ئەویش سوودی لێوەربگیرێ.

* لە کارکانتدا کاریگەریی چ وێنەگرێکی خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بەسەرتانەوە هەیە؟

– لە شاری سنەدا فەزایەکی هونەریی زۆر جوانی تێدا زاڵە، لەو ماوەی من تێیدا ژیاوم ساڵانە فەزای هونەریی جوانم تێدا بەدی کردووە، وێنەی زۆر جوانم تێدا دیوە، زۆر هونەرمەندم دیوە، زۆر دەنگخۆشم دیوە، زۆر میعماریم دیوە، ئەو کەشوهەوایەی کە شاری سنە بەمنی بەخشیوە، وا دەزانم کاریگەرییەکی ئەرێنییە، بۆیە وا دەزانم گەر لە شارێکی تر بام ئەم کەسەی ئێستا

نەدەبووم، بەڵکو بەشێوەیەکی تر دەبووم. من هەموو هونەرمەندانی کورد لە هەر کوێیەک بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سنەدا بوون، کە من پەیوەندیم لەگەڵدا هەبوون چ نەقاش، چ ئەوانەی کاری سینەما دەکەن، هەموویان ڕێگایان پیشانی من داوە، بۆیە من خۆم بەشاگردی هەموویان دەزانم. بە نسبەت وێنەگری، پێش من زۆر کەس کاری وێنەگریی کردووە بەڵام بەم شێوە مۆدێرن و هونەرییەی ئێستا نەبووە، وێنەگریی سروشتیان کردووە، وێنەگریی پۆرترێتیان کردووە کە زیاتر لایەنی یادگاریان ڕەچاو کردووە، بەڵام ئێمە ئێستا وەکو ئەرشیف، واتە بەڵگە سەیریان دەکەین. بۆیە جێی خۆشحاڵییە کە ئێمە لەشاری سنەدا زۆر وێنەمان هەیە هی هەشتا ساڵ لەمەوبەرە، بەڵکو هی زیاتریش، من ئەو وەک وێنەی هونەری سەیریان دەکەم، چونکە ئەو جۆرو جلوبەرگەی کە لەبەریاندایە، ئەو کەسایەتییانەی دەری دەبڕن، ئەو فەزایەی کە وێنەیان تێدا گرتووە، بۆ زۆرکەس بیرەوەرییان بەجێهێشتوە. لە ڕاستیدا ئەمانە بەڵگەی میللەتن، بەڵگەی کوردن، بەڵگەکانی ئەو شارەن کەوا وێنەکەی تێدا گیراوە. زۆر کەس کاریان لە وێنەگریدا کردووە، بەڵام ئێستا بەوێنەی کاک مەسعوودی موراد سەلیمی لەسینەما جەوانان وانە دەڵێتەوە و ئەو توانیویە دەورێکی بەرچاو بگێڕێ لە پەرەدان بەهونەری وێنەگری لەشاری سنەدا. ئێستا دەبینین لەشاری سنەدا ژمارەیەکی زۆر لە کچان و کوڕان خۆیان بەکاری وێنەگرییەوە خەریک کردووە، ساڵانە چەندین پیشانگە دەکرێتەوە.

* ئەی ڕاتان بەرامبەر مامۆستا نەسروڵلا کەسرائیان چۆنە؟

- مامۆستا کەسرائیان زۆر بەڕێزە زۆر ئیحترامی هەیە لەلای منەوە، ئەو کۆمەڵە وێنەیەی لەسەر کوردەکان کاری کردووە بەلای منەوە کۆمەڵە وێنەیەکی زۆر جوانە، بەداخەوە دەڵێم، دەبوایە ئێمە خۆمان ئەو کارەی ئەومان بکردایە، ئێمە دەمانتوانی هەمان شت بکەین، تەنیا گرفتی ئەوە هەیە وێنەگرەکانی شاری سنە، یا هەولێر، یا شارێکی تر گرفتی ئابووریان لەبەردەمە، گەر لەباری ئابوورییەوە باروبووی وێنەگرەکان بکرێت، ئەو پێوەندییانەی کە وێنەگر پێویستە لەگەڵ کۆمەڵگا هەیبێت، ئەو گەشتانەی کە پێویستە وێنەگر بیکات بۆ ئەم لاو ئەولا، ئەو خەرجییەی کە دەیکات ئەگەر بۆی دابین بکرێ، هەر کەسێک دەتوانێ کۆمەڵێک وێنەی نایاب وەک کەسرائیان بەدەست بهێنێ، ئەمە هیچ لە کارە هونەرییەکانی کەسرائیان کەم ناکەنەوە، من وادەزانم لە کوردستانی عێراقدا ئەگەر بایەخ بدرێت بە هونەرمەندانی فۆتۆگرافی دەتوانن کۆمەڵێک کار وەک کارەکانی کەسرائیان بەرهەم بهێنن، من کارەکانی کەسرەئیانی زیاتر بۆ لایەنی قەوم ناسی دەگەڕێنمەوە، زۆر بەهێزبوونە و تەنیا لەسەر کوردیش کاری نەکردووە، بەڵکو بۆ بەلوچی ئێران کاری کردووە، لەسەر تورکمانەکان کاری کردوە، کۆمەڵەیەکی لەتاران هەیە، کۆمەڵەیەکی تەبیعەت و سروشتی هەیە، کارەکانی زۆر ئاست بەرزن و بەتایبەتی لەچۆنیەتی گرتنی سروشت زۆر کەس لاسایی ئەو دەکەنەوە یا پەیڕەوی هەمان شێوازی ئەو دەکەن.

* ئاستی هونەری فۆتۆگرافی لەچاو هونەرەکانی تر لە کوردستانی ئێراندا چۆن دەبینن؟

- هونەرەکانی شێوەکاری و خۆشنوسی زۆر پابەندی لایەنی تەکنۆلۆژی نین گەر بەراورد بکرێن بەهونەری وێنەگری، بەڵام تەمەنێکی دووردرێژی نییە هەتا لەجیهاندا، دەگەڕێتەوە ساڵی ١٨٢٦ کە یەکەم وێنەی چەسپاویان ئەنجام دا. لەگەڵ ئەو تەمەن کورتیەیدا، لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا زوو خۆی سەلماند، زۆر وێنەی کۆنم دیوە لە کوردستانی عیراق و ئێراندا، ئەوە نیشانەی ئەوەن کە جێی خۆی کردۆتەوە، بەڵام وەکو هونەر تەمەنی زۆر نییە، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەک هونەرێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت. ئێستا لە کوردستانی ئێراندا وێنەگری خەریکە هەنگاوی خێرا دەنێت و خەریکە جێی خۆی دەکاتەوەو خەڵک جیاوازی لەنێوان کاری هونەری و ئاسایی ناهونەری دەکەن و دەرکی پێدەکەن، هەتا لەلادێکانیشدا هەمان شت هەست پێ دەکرێ.

* باشە تا ئاستی ئەم هونەرە بەرز بکرێتەوە، بەڕای تۆ چی بکرێت باشە؟

- هونەری فۆتۆگراف بەهونەری پڕ سەڵتەنەت مەشهوورە، واتە پڕ خەرج، ئەو کەسانەی کە کاری عەکاسیش دەکەن، پێویستە بەجۆرێک باری داراییان دابین بکرێت، زۆر جار ئەو پارەیەی خەرجی دەکەن بۆیان ناگەڕێتەوە، بۆیە من وا دەزانم کە دەبێ ڕێگا چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هونەری وێنەگریش وەک هونەرەکانی تر کەڵکی لێوەربگیرێ، تەنیا نیشاندانی کۆمەڵێک وێنە لە پیشانگەیەکدا نابێتە ئەوەی وێنەگر یەک ساڵ تەمەنی خۆی بەوە سەرف بکات، بڕوات گوند بە گوند و شار بەشار، کۆڵان بەکۆڵان بگەڕێت چوارچێوەیەک بدۆزێتەوە، بابەتێک بدۆزێتەوە، کە لەگەڵ بیروهەستیدا بگونجێ و کۆک بێت، بتوانێ بیرو ئەندێشەی خۆی لە ڕێگای وێنەوە دەربخات، بەڕای من دەبێ ئێمە هەوڵ لە شوێنی جۆربەجۆردا بدەین، لە گۆڤارەکاندا، لە کوردستانی عیراقدا زۆر گۆڤار دەردەچێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر وێنەشیان تێدا هەیە، بەڵام بایەخی شیاو بەعەکس نەدراوە، ناوی وێنەگرەکە لەهیچ گۆڤارێکدا نانووسن، مەگەر تاک و تەرا نەبێت، ئەکرێ

هەر گۆڤارێک وێنەگری خۆی هەبێت، هەر کۆڕێک وێنەگری خۆی هەبێت و وێنەگرانیش کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، سەندیکایان هەبێت وەک هونەرەکانی تر، لە ڕووی داراییشەوە پێویستە پشتگیرییان لێبکرێت، هەروەها ئەو هونەرمەندە فۆتۆگرافییانەی کاری هونەرییان هەیە دەکرێ کارەکانیان لەشێوەی کتێب بۆیان چاپ و بڵاو بکرێتەوە، یا ئەوانەی قسەی فۆتۆگرافیان هەیە بیکەنە کتێب و خەڵک پێشوازییان لێدەکات، وەک چۆن لە وڵاتانی تری دنیا ئەمە هەیە، وێنە لە گشت بوارەکانی ژیان بەکاردێت و سوودی لێوەردەگیرێ، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کەوا وێنە چۆن دەخولقێ، دڵنیام لەوەی ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بیر لەوە بکاتەوە کەوا وێنەگرێک چەند زەحمەت دەکێشێ تا وێنەیەکی جوان بەدەست دەهێنێ، ئەوا دەبێتە جێی بایەخدانی و زیاتر بایەخی پێدەدەین، بۆیە دەبێ گشتمان ئەو ئیحساسەمان هەبێت و زیاتر بایەخ بەهونەری فۆتۆگراف بدەین.

* بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان هونەرمەندانی کوردستانی عیراق و ئێران، بەڕای ئێوە چ هەنگاوێک بنرێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی و ئەزموونی هەر دوو لاش؟

– بەداخەوە من ئەو چەند پیشانگایەی کە لەشارەکانی ئێران ئەنجامم داوە، ساڵەهای ساڵە ئاواتم ئەوەبووە کە بتوانم لەم دیو لە هەولێر یا سلێمانی یا هەر شارێکی تری کوردستان پیشانگایەکی فۆتۆگرافی بکەمەوە، نەمتوانیوە، کەمتەرخەمیەکە بۆ خۆم دەگەڕێنمەوە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەم هەبوو کە پێوەندی وێنەگرەکان لەگەڵ یەکتریدا کاریگەری زۆری بەسەر یەکتریەوە هەیە. من ئەمڕۆ پیاسەیەکی ناوشاری هەولێرم کرد، هەستم بەوە کرد کە دەتوانم زۆر وێنەی جۆراوجۆر بگرم، بەڵام نارەحەت بووم بەوەی کە ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵنەکەوت ئەو کارە ئەنجام بدەم. بابەت و شتی زۆر جوانم بەدی کردن کە هەوێنی جوانترین گرتەی فۆتۆگرافی بوون.

هێندە بابەتی پۆرتریت، جلوبەرگ، بینای میعماریم دیتن، کە تووشی سەرسوڕمانیان کردم. بەلامەوە سەیرە ئەو هەموو بابەتە جوان جوانە هەن بۆ لەلایەن وێنەگرانی ئێرە بەرجەستە ناکرێن؟، بۆ خۆم بەڵگەیەکم بەدەستەوەیە ئەویش ئەوەیە، ئەو فەزایەی کە ئێستا من هاتوومەتە ناویەوە، فەزایەکی غەریبە بۆ من، مەبەستم غەریب ئەوە نیە من نامۆبم بۆ ئێرە، ئێرەش وەک سنە وایە بەلامەوە، بەڵام ئەو دیمەنانە یەکەم جارە دەیانبینم، بۆیە هەست بەوە دەکەم کە جوانن، بەڵام ئێوە ڕۆژانە دەیانبینن و وەک بڵێیی بۆتە شتێکی ئاسایی لەلاتان، جوانیەکانی لەدەست دەدەن. لەوەیە ئێوەش هەمان شت زۆر شت لەسنە بەجوانی ببینن و لای ئێمە ئاسایی بێت، شتێکی تر هەیە کە وێنەگر پێویستە زۆر سەفەر بکات، دەکرێ وێنەگرانی ئەمدیو سەفەر بکەن بۆ لای وێنەگرانی دیوی لای ئێران، هەروەها هەمان شتیش بە پێچەوانەوە، وێنەگر بەڕاستی دەبێ وەک قەرەج هەردەم لە گەڕان و سووڕاندا بێت.

* باسی ئەوەتان کرد کە وێنەگر دەبێ هەردەم لە گەڕان و سووڕان و جێگۆڕکێ دابێت، تا چەند ئەمانە پەرە بە هونەری وێنەگر دەدەن؟

– زۆر جار هەندێ وێنە دەبینین، مەرج نیە وێنەیەکی هونەری بێت، لە فەزایەکی جواندا بێت، لەبارەی کۆمپۆزیشن و لایەنی ترەوە. لە زۆر جێگا ئامادەبوونی عەکاس لەوێ وێنەی جوان و کاریگەرو هونەری بەدەست دێنێ، ئێمە بەداخەوە زۆر کارەساتی ناخۆش هاتۆتە سەر ئەم گەلە، زۆر ئاوارە بوونمان دیوە، زۆر کوشت و کوشتارمان دیوە، سووژەیەکی گەورەمان بووە، کە لە جیهاندا وێنەگرەکان خۆیان گەیاندووەتێ وەکو هەڵەبجە، بەڵام بەداخەوە دەبینی تاکە یەک وێنەگری کورد لەو ڕووداوە وێنەی نەگرتووە، یا وێنەی باشی نەگرتووە، وێنەگرە فارسەکان خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، خۆیان گەیاندۆتە ئەو جێگایە بۆ ئەم هەموو ڕوداوە تاڵانەی هاتۆتە سەرگەلەکەمان بۆ ناتوانین خۆمان تۆماری بکەین، هەمیشە دەبێ لە دەرەوە بێن وێنەی بگرن، لەو جێگایە واتە لە هەڵەبجە وەختێک وێنەگری کورد حزووری هەبێت، هەر وێنەیەک کە دەیگرێ بەڕای من بەڵگەیەکە، بەرهەمێکی هونەرییە کە دەتوانێ خزمەت بکات، هونەر بوونی لەوەدایە کە لەو جێگایە حزووری هەیە.

* وابزانم وێنەگرانی لای خۆمان کە وێنەی زۆر شتیان نەگرتووە، یەکێک لە هۆکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وێنەگرتن بە حەرام لە قەڵەم دەدەن، نازانم لە دیوی لای ئێوەش تا چەند ئەمە باوە؟

– ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام لەشاری سنەی خۆمان، لەبارەی وێنەگرییەوە شارێکی پێشکەوتووە، زۆر وێنەگرمان هەیە، تا ئێستا نزیکەی دوو هەزار وێنەگرمان هەیە، ناڵێم دوو هەزار هونەرمەندی وێنەگرمان هەیە، بەڵکو دوو هەزار کەس هەن خۆیان بەپیشەی وێنەگرییەوە خەریک کردووە لە بازاڕ، دەرسی عەکاسی دەخوێنن، ئەوانە تەئسیریان لەسەر بنەماڵەو خزم و ڕەفیقەکانیان هەیە، بەڵام چەند ساڵ پێش ئێستا وانەبووە، ئەمە بە تێکۆشانی وێنەگرانەوە دێتە کایەوە، پێویستە ڕای خەڵک و عادەتیان بگۆڕین، پێویستە نیشانیان بدەین کە وێنە چ کاریگەرییەکی هەیە، پێویستە نیشانیان بدەین، چ کارێک دەتوانێ بکات، چ فەزایەکی هونەری دەتوانێ خەڵق بکات. وابزانم ئەوانە لێرە نەکراوە، خەڵکیش هەر بۆیە وا تەماشای دەکەن کە بە حەرامی

بزانن، ئەمە ئەرکی سەرشانی وێنەگرە، ئێمە چەندین وێنەگری خەبەریمان هەیە، ساڵانە چەندینیان دەمرن، زۆربەیان خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، دەچنە شوێنی خەتەرناکەوە، دەچنە مەیدانی شەڕەوە، دەکوژرێن، ئەوانەی لە پەیامنێران دەکوژرێن زۆربەیان وێنەگرن، چونکە وێنە دەتوانێ کاریگەری دروست بکات لەسەر وتارێک، ئەمانە وایان کردووە کە عادەت لای خەڵک دروست بکەن، کەوا ئێمە وێنە بەهونەرێکی جوانبینەوە بناسین و تەماشای بکەین، ئەوانەن کە گیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەخشیوە.

* وابزانم بوونی ئەنجومەنی سینەما جەوانان لەلای ئێوە، کە هەردەم خولی بەردەوام بۆ وێنەگران و ئارەزوومەندان دەکاتەوە فەزایەکی هونەریی چاکی بۆتان ڕەخساندووە کە هونەرەکە لای ئێوە زیاتر پێش بکەوێ نازانم تاچەند لەگەڵ ئەوەدای؟

– منیش لەگەڵ ئەو ڕایەی ئێوەدام، بەڵام بوونی ئەو شتە بە ئەرکی دەوڵەت دەزانم، دەکرێ لێرەش وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێ، هەتا پارێزگاش دەتوانێ ئەم کارە بکات، دەبێ کۆمەڵەیەک دابنێ، کە خولی فێرکاریی وێنەگرتنی تێدا دابنێن، نازانم لە زانکۆکانی ئێرە وێنەگری دەخوێندرێ یان نا؟ بەڵام پێویستە لە زۆربەی کۆلێژو پەیمانگاکان ئەگەر وێنەگری بە سەربەخۆیش نەخوێندرێ بەلای کەمەوە وەک وانەیەک بگوترێتەوە.

لەوەیە ئەمەش یەکێک بێت لە هۆکانی دواکەوتنی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستانی عیراقدا. ئێستا کە فیستیڤاڵی کورتە فیلم لە کوردستانی عیراقدا بەڕێوە دەچێ، دەبینین ئەو فیلمانەی لای ئێوە گەر بەراورد بکرێن بەوانەی کوردستانی ئێران لە ڕووی هونەرییەوە لە ئاستێکی نزمتردان، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو زەمینەیە نەڕەخساوە بۆ سینەما، ئەو زەمینەیە بە وێنەگری دروست دەبێ، کاتێک وێنەگری باشمان هەبێت دەتوانین فیلمبەرداری باشمان هەبێت، کاتێک کەسێک وێنە دەناسێ، دەتوانێ ببێتە دەرهێنەرێکی چاک، واتە ئەو فەزایە دروست نەبووە.

ئەمە کۆمەڵە هۆکارێکن کە دەست دەدەن بەدەستی یەکەوە، ئەو فەزایە پێکدێنن کە ئێمە سینەماشمان لێرە نییە، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنیشمان هەن، بەڵام دەبینین بەرنامەی چاک دروست نابێ.

* نازانم ڕاتان چۆنە بەرامبەر بوونی گەلەری و مۆزەی فۆتۆگرافی؟ تا چەندیش کاریگەرییان بەسەر ئەم هونەرەوە دەبێت؟

– لە ڕاستیدا ئەمە زۆر گرنگە، بۆ نموونە؛ ئێستا لە هەولێر بوونی یەک گەلەریی بەلای منەوە کەمە، چونکە شارێکی زۆر گەورەیە، بەڵکو بەلای کەمەوە پێویستە دوو گەلەریی هەبێت و هیچ نەبێ مانگی جارێک پیشانگای فۆتۆگرافی هەبێت، هەولێر نزیکەی ملیۆنێک کەس تێیدا کۆبۆتەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە لەنێوانیاندا تەنیا سەد هەزار بینەرمان هەبێت شتێکی باشە، بەڵام سەدهەزار کەس چۆن دەتوانێ تەنیا لەیەک شوێن بەرهەمە هونەرییەکان چ شێوەکاری یا خۆشنووسی یا وێنەگری ببینێ؟ وابزانم لێرە ئەو فەرهەنگە جێی نەگرتووە کە خەڵک بێن و بەرهەمی هونەری ببینن، ئەوەش زۆر جێی داخە بەلای منەوە، من پرسیاری خەڵکم کردووە، کە باسی هونەری عەکاسی لەگەڵیاندا دەکەی، ئەوان دەکەونە بیری پۆستەرو کارتپۆستاڵ و ئەو شتانە، لەوکاتەی لایەنی زۆر گەورتری لە کارتپۆستاڵ و پۆستەر هەیە، لەوەیە لەو شتانەش کەموکوڕیمان هەبێ، با هەندێ وێنەگرمان هەبێت دیمەنی جوانی کوردستان بگرن و بیکەنە کارتپۆستاڵ و پۆستەرو ئەوشتانە بەڵام هونەری وێنەگری زۆر لەوە بەربڵاوترە، دەتوانین لە زۆر لایەن و بواری ترەوە وێنەگری بکەین، ئێستا لە وڵاتانی تر وێنەگری بەش بەش بووە واتە پسپۆڕی تێدا هەیە، هەیە وێنەگری دەخوێنێ و تەنیا لەبواری وێنەگریی شانۆدا کار دەکات، هەیە وێنەگریی وەرزش دەکات، یا هەیە تەنیا لە بواری سروشت کاردەکات بەڵام کارەکان بەجوانی دەکەن و وەک پیشەیەک خۆیان پێوە خەریک کردووە، بە نسبەت مۆزەخانەش، لە هەموو شوێنی دونیادا ئەمە هەیە، پیشانگای هەمیشەیی وێنە کۆنەکان هەیە، من بەخۆشحاڵییەوە لە گۆڤاری (ڕامان)دا دیومە کۆمەڵێ وێنەی کۆن (دیارە زۆر کۆنیش نین و زیاتریشیان یادگارین) چاپ دەکرێن، ئەمە جێی خۆشحاڵییە، بەڵام حەزم دەکرد بە قەوارەی گەورەتر وێنەکان چاپ بکرابان، نازانم بۆچی ئەو بایەخەی پێنەدراوە، ئێمەش لەکاتی خۆیدا لە (ئاویەر)دا ئەم کارەمان دەکرد، لە بنەماڵەکان عەکسە کۆنەکانمان لێوەردەگرتن و کۆ دەکردنەوەو چاپ و بڵاومان دەکردنەوە ئەمە کاریگەریی زۆری هەیە، وا بزانم هەولێر ئێستا لەو وێنانەی زۆر هەن چونکە شارێکی کۆنە، ئەو وێنانەش پێویستە لە مۆزەدا دابندرێن چونکە بەڵگەن و ئێستا وا لەنێو یەخدانێکدان لە ماڵە کۆنێکدا یا لە گەڕەکێکی کۆنی هەولێردا، لەوانەیە هەر چەند ساڵی تر وامبێنێتەوە ئەو وێنانە بفەوتێن و لەناو بچن. بۆیە دەبێ کەسێکی دڵسۆز هەبێت ئەو بەڵگانە کۆبکاتەوەو لە مۆزەیەکدا، لەشوێنێکدا دایبنێن، وابزانم زۆر وێنەی وا هەن دەبێ کۆ بکرێنەوەو لە مۆزەدا دابنرێن.

* دیتمان کە ئێوەش بەشداریتان لەکاری فیلمی سینەماییدا کردووە، ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان کاری وێنەگری و سینەماییدا دەبینن؟

– من لە (١٢) فیلمدا کارم کردووە وەکو کاری دەرهێنەر لەسەر فیلمی (٨) میلیمیتری، چەند کاری (١٦) میلیمی، DV کام و کاری تر، ئەوانە بۆ خۆم بوون، هەروەها لە (٢٥) فیلمدا کاری فیلمبەرداریم کردووە، کاری (٣٥) میلیمەتری (١٦) ملیمەتری، کاری DV کام، کاری (٨) میلیمیتری لە ساڵانی پێشوو کارم کردووە.

من وا ئەزانم دایکی هەموو ئەو هونەرانە هونەری تەڕاحییە، واتە چ سینەما، چ وێنەگری، چ شێوەکاری لە ڕاستیدا هەر شتێک لە قوناغی زیهنیدا بێت و بیگوازینەوە بۆ قۆناغی عەینی پێویستە تەڕاحی بکەین، ئەم تەڕاحییە هەر ئەوە نییە لەسەر کاغەز تەڕاحی بکەین، هەتا دەتوانرێ مرۆڤ لەناو مێشکی خۆیدا بهێنیتەوە، وابزانم ناسینی ڕەگەز، ناسینی کۆمپۆزیشن، ناسینی ڕەنگ، ناسینی زۆر شت کە لە شێوەکاریدا هەیە لە وێنەگریشدا هەیە، ئەو فەهم و شعوورە بە مرۆڤ دەدا کە شت بناسێ، وەختێ مرۆڤ وێنە بناسێ، دەتوانێ فیلمبەرداری بکات، لە دنیادا وا باو بووە، وێنەگر دەتوانێ فیلمبەرداری چاک بێت، دەتوانێ چاوێکی تیژی هەبێت، سووژە زوو ببینێ، وێنەگر دەتوانێ جوانی زوو دەستنیشان بکات، بۆیە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابینم، کە ئەمە دەڵێم مانای ئەوە نییە کە هەردووکیان یەک جۆرن، زۆر جێگا هەیە من بە وێنە دەتوانم جوانی دەربخەم، تەنیا بە وێنەیەک دەتوانم ناوەرۆکێک دەربخەم، تاڵییەک نیشان بدەم، هەروەها لە فیلمیشدا بەڵام لەزۆر جێگا خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوولا هەیە، من لەم دوو ساڵەی دواییدا زیاتر کاری فیلمبەرداریم کردووە، لەشەش مانگی ڕابردوودا چەند فیلمێکم فیلمبەرداری کردووە، چەند کاری DV کام، کارێکیشم کردووە بۆ دەرهێنەرێکی ئەمریکایی، فیلمێکی دیکۆمێنتی بۆ پۆڵەندا هەر لە ئێراندا کارەکە کراوە، ئەو کۆمەڵە وێنانەی لە دەساڵی ڕابردوو گرتوومن، تا پار و پێراریش تا ئێستاش من کامیرای وێنەگریم نەبووە، بەگوێرەی ویست و حەزی خۆم بێت، لە بارەی داراییەوە ئەوەندە ئیمکانیاتم نەبووە کە کامیرایەکی باش بکڕم و کاری پێبکەم، هەمیشە کامیرای ئەمانەتم لە دۆستان وەرگرتووە، لەمم وەرگرتوە لەوم وەرگرتوە، نازانم گلەیی لەکێ بکەم، لەوەیە کەمتەرخەمیش لەخۆمدا هەبێت.

* لە وێنەگرتنی سینەماییدا لەوەیە وێنەگر زیاتر پابەندبێت بە دەرهێنەرەوە، بەڵام لە هونەری وێنەگریدا لەوەیە ئازادی زیاتر بۆ وێنەگر بڕەخسێ؛ بەڕای ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟

– ئەو کەسانەی لای ئێوە فیلمبەرداری دەکەن بایەخێکی زۆر کەمیان هەیە، بۆ نموونە: من دەبینم لە تەلەڤزیوندا، یا ئەو بەرنامانەی دەبینم، هەمیشە ناوی فیلمبەردار کە یەکێک لە ئەستوندەگەکانی فیلمسازییە، ئاخرین کەس ناوی لە تایتڵەکاندا دادەبەزێت، هیچ کاتێک دووەم کەس نەهاتووە، لەوکاتەی فیلمبەردار کەسێکە وێنەکان خەڵق دەکات، کە هونەر دەناسێ، تەسویر دەناسێ، لەزۆر جێگا لە دەرهێنەریش گرنگترە، لەلای ئێوە ئەو بایەخەی زۆر کەمترە بەڵام ئەمەشم قەبووڵە کە وێنەگری فۆتۆگرافی ئازادی زۆر زیاترە، من لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کارم کردووە زۆر کەس ئەو ئازادییەی بەمن داوە کە من بەهەر شێوەیەک خۆم کادربەندیم پێ باش بووە ئەنجام بدەم ئەو شتەم داناوە، لەژێر ئەو چوارچێوەدا نەبووم کە دەرهێنەر دەڵێ ئەم کادربەندییە باشترە. لە سینەما فیلمبەردار دەزانێ کە کادر چۆن دیاری بکات.

* دوا وتەتان چییە لەسەر هونەری فۆتۆگراف؟

– وا دەزانم هونەری فۆتۆگراف، هونەرێکە کە زۆر بەجیهانی ئەمڕۆی ئێمەوە نزیکە، بە کۆمەڵگای ئێمەوە نزیکە و کاریگەریشی زیاترە لە هونەرەکانی تر. لای ئێمە هونەری سینەما گرانە، لە هونەری شێوەکاری لەوەیە هەموو کەس بەگشت دەسەڵاتەکانی نەگات، بەڵام وێنەگری، هونەرێکە زوو بەدڵەوە دەنیشێ، زۆر زوو کاریگەری خۆی دەسەپێنێ، لە زۆر جێگا لەوەیە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر گەلێک بەجێبهێڵێ بۆ نموونە: وێنەیەکی ئەنسلن ئادەمز هەیە کە کابرایەک دەمانچەیەکی لەسەر سەری گەریلایەکی سوپای ڤێتنامی ڕاگرتووە دەیکوژێ، ئەم وێنەیە کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەمریکا هەبوو کە ناچار بێت سوپای خۆی پاشەکشێ پێبکات لە ڤێتنام. وێنەگری زۆر جار گۆشەیەکی تاریکی ژیان دەردەخات، زۆر شت هەیە لە دەوروبەرمان نایبینین، بەڵام وێنەگر بەچاوی تیژەوە دەیبینێ و بە گرتەی هونەری بەرجەستەی دەکات و دەیخاتە ڕوو. زۆر کەس هەیە بەشەقامەکاندا ڕەت دەبن و کامیرایان بەشانەوەیە، بەڕای من هەر کەسێک کامیرای پێبوو هونەرمەندی فۆتۆگراف نییە، چونکە هونەرمەندی فۆتۆگراف ئەو کەسەیە کە بیرو هەستی مرۆڤ بە بەرهەمەکانی بجووڵێنێ، هەروەها کاریگەری لەسەر بیرو هەستی بینەر پەیدا بکات. ئومێدەواریشم کەوا گۆڤارەکانیش زیاتر بایەخ بە هونەری فۆتۆگراف و هونەرمەندانی بدەن.

**ئا: فارس سەعدی**

# لە پەراوێزی فەلسەفە و لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

## قەباڵەکەی ساڵی (١٢٧٧)ی زایینی پاریس

د. حەمید عەزیز
(کۆلیژی ئاداب - بەشی مێژوو)

(١ - ٢)

١- سەدەی سیانزەهەم بەگشتی و سەرەتای سەدەی چواردەهەم بەتایبەتی، جێگاو مەڵبەندی تایبەتی و بەرچاویان لە مێژووی فەلسەفەدا هەیە. لەم دوو سەردەمەدا فەلسەفە و لاهووتی مەسیحی ئەوروپا، بەپێی هەلومەرجی ئەوسا، لەلایەن چەندین فەیلەسووف و لاهووتییەک گەیانراونەتە چڵەپۆپەی پەرەسەندن و گەشەکردن، گەشەکردنێک لە ڕوانگەی مێژووی پرۆسەی بەرەوپێش چووندا سەرنج بدرێت. لەم گۆڕەپانەدا کە ئەم کۆششەی تیادا کراوە ئەم سوارچاکانە سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن:

توماس ئەکوینی، دۆنس سکۆتس، ڤیلهیلم ئۆکامی و چەندین بیرمەندی تر.

ئیتر بۆیە لە جێگای خۆیدایە و بگرە پڕ بەپێستی خۆیەتی ئەم سەردەمە بە لووتکەی سکولاستی ناوببرێت. هەر لەم قۆناخەدا، لەلایەکی تریەوە، وەنەبێ ئەم گەشەکردنە کە بەخۆیەوە دیویەتی، بەشێوەیەک لەبەرچاو بووبێ و هەڵسەنگێنرابێ کە شایستەی ئەم ناوی پەرەسەندن و گەشەکردنە بێت کە کردوونی، بەڵکو بەشێوەیەک پێوانەکراوە، وێنەیەک لە بیرو مێشک و دەروونددا دەکێشێ هەروەک ئەم گەشەکردنە بەڵایەک و نەهامەتییەک بووبێ بەسەر دام و دەزگاو دامەزراوەکانی لاهووت و کڵێسا و ئایینی مەسیحیدا هاتبێ، بۆیە پاش کۆبوونەوەیەکی فراوان و کش و بێدەنگ ئینجا دوای بگرە و بەردە و مشت و مڕێکی زەبەندە قەشە ستیڤان تێمپیر لە بیست و حەوتی مارتی ساڵی (١٢٧٧)ی زایینی فەتوای قەدەخەکردنی فەلسەفەی دەرکردووە، ئەم فەتوایە لە (٢١٩) خاڵ پێک هاتووە فەیلەسووفەکان بە ئاشکرا بە گومڕاو بێ باوەڕ تاوانبار دەکات. ئەم فەتوایە وەک بڕیار لە زانکۆی پاریس و کۆلیجەکانی ئۆکسفۆرد و سەرانسەری ئەوسای ئەوروپادا پیادە و جێبەجێ کراوە و فەیلەسووفەکان دووچاری نان بڕان و سەرگەردانی و ڕاوەدوونان هاتوون.

وەک لە چەند خاڵێکی فەتواکەدا هاتووە، کڵێسا و ڕابەرانی دەزگاکانی ئایین وایان داناوە، فەلسەفە هەڕەشە لە ئایین دەکات، کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم بڕواو باوەڕ (ئیمان)دا، لە هەندێ خاڵی تردا نیشان دراوە گوایە ئەم فەیلەسووفانە بە جۆرێک باسی ئایینی مەسیحییان کردووە هەروەک خۆیان مەسیحی نەبن! گوایە ئەم فەیلەسووفانە بەگاڵتە پێکردنێکەوە باسی ئاگری

دۆزەخیان کردووە. قەشە لە فەتواکەیدا وتوویەتی، ئەگەر ئەمرۆ ئەم کەسانە بەم جۆرە و شێوازە باسی دۆزەخ و دنیای تر و (قیامەت) بکەن دەبێ سبەینێ چۆن باسی سێ ڕەنگی ڕەب و چوارمێخەکێشانی یەسوعی مەسیح بکەن؟! قەشە تێمپیر ئەو بوختانەی بە زمانی فەیلەسووفەکانی ئەوساوە کردووە گوایە گوتبیان ژیر لە لەلایەن (ڕەبمان یەسوعی مەسیحییەوە) دانەهێنراوە و بگرە مرۆڤ بەهۆی ژیرەوە لە ڕەب دەچێ! هەروەها گوایە گوتوویانە، ژیر یەکەیەکە و یەک شتە، ئەگەر لەخۆیدا سەرنج بدرێت، بەڵام فرە و زۆر و هەمەڕەنگە ئەگەر وەک چالاکییەکانی لە مرۆڤدا سەرنج بدرێت(١).

ئایا ئەم فەتوایە و ئەو شتەی بە گومڕا نیشان دراوە چ دەگەیەنن و چ ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە؟ تا چەند دەکرێ ئەم فەتوایە لەگەڵ هی غەزالی و ئبن تەیمیە و ئبن سەلاحی شارەزووری بەراورد بکرێت؟ دەکرێ بوترێ ئەم فەتوایە یەکخستنی جیهانبینی و فەلسەفەی ئەرستیۆتی و لێکدانەوەکانی لەلایەن بن ڕوشدی ئەندەلوسی و پشتگیریی کردن و سەرخستنی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتوونی یۆنانی و پەرەسەندنەکانی دواتری دەگەیەنێ هەروەک لە ڕۆژهەڵاتدا ڕوویداوە؟

٢- بە بۆچوونی من ئەو پرسیارانە پتر لە چوارچێوەیەکی تیۆری و مەزندە و بۆچووندا داڕێژراون، بەڵام هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێ خۆی لەم پرسیارە دەرباز بکات:

دەبێ مەسیحییەت چ ئایینێک بێت ئەم هەموو ترس و لەرزەی لە ئەقڵ و ژیری مرۆڤ هەبێت، لەکاتێکدا خۆی لافی لێداوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و ڕێنمایی و ڕزگارکردنی لە بەدکاریی و چەوتی هاتووە؟ کەواتا شانۆگەرییەکەی چوارمێخە کێشانی عیسای مریەم چ دەگەیەنێ؟ ئایا ئەم فەتوایە جارێکی تر قسەکەی فەلسەفە ساخ ناکاتەوە کە دوو ڕاستیی (هەقیقەت) هەیە ڕاستیی ژیر (فەلسەفە) و ڕاستییەکانی سروش (وەحی) ئەگەرچی ئایینی مەسیحی هیچ فری بەسەرەوە نییە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئینجیل لەلایەن کەسانێکەوە نووسراونەتەوە کە ئەوپەڕی شارەزای تەوراتی جوولەکە و ڕێ و شوێنەکانی موسا بوون!

ئەوەندەی من لە بابەتەکە تێبگەم فەتواکەی قەشە تێمپیری مەسیحی و فەتوای غەزالی (بەزمان عەرەب و بە نەتەوە ئەفغان!!) ساخی دەکەنەوە کە چارەنووس (نەک بە مانا لاهووتییەکەی) جۆرە ناچارییەکی پرۆسەی پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی مرۆڤ و کۆمەڵ و شارستانییەت نیشان دەدەن، ئەم بۆچوونە پتر پشت ڕاست دەبێتەوە کە هەل و مەرج و ڕەوش و بارودۆخی بابەتیی و خۆیەکی هەردوو سەردەم و دەوروبەر، ڕۆژهەڵاتی ئەوسا و ئەورووپای مەسیحی لەبەرچاو بگرن. ئەوەی سەیرو سەمەرەیە هەردوو فەتواکە گۆشت ناخۆن کەچی حەزیان لە گۆشتاوە؟! ئەوەتا هەروەک لایان ڕێگای مەنتیق (ئیساغوجی)یان داوە کە بابەتێکی داهێنراوی ئەریستۆتلسە و بەکردەوە ئەریستۆتلسی و فەلسەفەکەی دەردەکەون، ئەگەر شاربەدەری نەکەن، کەچی لە کلاوڕۆژنەوە ئەفلاتوون دەهێننەوە و مەنتیقەکەشی دەخەنە سەر بانێکە و دوو هەوا؟

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەدەی سیانزەهەم و چواردەهەمی ئەورووپا قۆناخی پەرەسەندنی فەلسەفە و لاهووت و جۆرە زانستێکی سەردەمی خۆیان و ئەدەب و هونەربووبن، ئەم پەرەسەندنەش بێ سێ و دوو لێکردن لە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و... پێشکەوتنی ژیانی ئەکادیمی ئەوسای زانکۆی پاریس کەوتبێتەوە، دەبێ ڕۆڵی فەلسەفەی ئەریستۆتلس بەهۆی بن ڕوشدەوە چی بووبێ؟ کەسی شارەزا لاریی لەوە نییە کە بەرهەمەکانی ئبن ڕوشد دوو ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە یەکەم، بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی ئەریستوتلسی یۆنانی بە زمانی عەرەبی و ناساندنی بە زانا و مەلا و شارەزایانی سەردەمی خۆی.

دووەم لە کتێبی (تهافت التهافت)دا غەزالی و سەرجەمی فەلسەفەی ئیسلامی بە ئەورووپا ناساندووە، چونکە جوولەکەکانی ئەندەلوس (باشووری ئێستای ئەسپانیا) عەرەبییان زانیوە و زۆری بەرهەمی عەرەبییان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی، زمانی فەلسەفە و ئایینی و زانست و لاهووتی ئەوسای ئەورووپا. بۆیە من لەو باوەڕەدام کە ئبن ڕوشد ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم بوارەدا گێڕاوە. بەتایبەتی بەهۆی فەیلەسووف سیگەر برەبانتی کە لە فەرەنسا بەتایبەتی و لە چەند مەڵبەندێکی تری زانستی ئەورووپا ڕێبازی ئبن ڕوشدی لاتینی دامەزراندووە و داکۆکی لە یەک ڕەنگیی ڕەب کردووە و بەلایەوە سێ ڕەنگیی (ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاک) لەگەڵ بنەماکانی ژیری مرۆڤ ناگونجێن و ناتەبان.

دیسانەوە مرۆڤ جارێکی تر ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە کە وەڵامەکەی وا بە ئاسانی نادرێتەوە.

٣- غەزالی بە فەتوا فەلسەفەی قەدەغە کرد ئیتر

دەرگـای لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیـجـتـیـهـاد) پێـوەدرا و کۆمـەڵی ڕۆژهەڵاتی دووچاری دەستی تاریکی و هەژاری و نەخـوێندەواری و نەخـۆشی و بەدجەختی بووە. بگرە لە زۆر ناوەندا وشـەی وڵاتانی مـسـوڵمـان بەرامـبـەر بە دواکەوتن و زەبروزەنگ و نادادی و هەژاری و کوێرەوەری دادەنرێت، کەچی لە ئەوروپادا دەسـتـوبرد کـۆمـەڵگاکـان بەتایبەتی کۆڕ و کۆمەڵەکانی فەلسەفە و زانست دوای سـاڵی (١٧٧٠) لەو کـەوتن و گـلانە هەسـتـانەوە و سـەردەمی ڕاپەڕین و داهێنان دەستی پێ کـردووە و ئەو ئەوروپایەی ئەمڕۆی لێ کەوتۆتەوە، دەبێ ئەم جیاوازییە لە چییـەوە کـەوتبـێـتـەوە؟ لە ڕۆژهەڵاتدا فـەتواکـە یەکی هەمـوو هۆکـارێکی بەرەوپێش چوونی خـسـتـووە کـەچی ئەوروپا پاش مـاوەیەک خـۆی گـرتۆتەوە و دەسـتی بە پرۆسەی بەرەوپێش چوونەکەی کردۆتەوە ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ئەوروپای پێشکەوتوو، مەسیحییەتی گونجاو و تەبا، لەگـەڵ کـۆمـەڵ و ڕۆژهەڵاتی گـیـرۆدەی دەسـتی سەلەفییەت و سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست!! ئایا ئەمە ئەنجامێکە لە سروشتی میللەتانی ڕۆژهەڵات و ئایینەوە کەوتۆتەوە یان؟ دەبێ ئەم ڕەوشە تا چ ڕادەیەک پێوەندی بەو بابەتەوە هەبێ کە لە سیاسەتدا بە یەک ڕەنگی و فرە ڕەنگی هێـز و دەسـەڵات دادەنرێت لە کـاتێکدا ئیـسـلام ئایینێکی یەک ڕەنگیـیـە (وحـدانیـة) و مـەسـیـحی ئایینێکی فرە ڕەنگییە (سێ ڕەنگی ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاک)؟

هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە ڕۆژهەڵات مەڵبەندی ئایینە و ڕۆژئاواش فەلسـەفـە و سیاسـەتی گۆشکردووە. تەنانەت وشەی فەلسـەفە و دیموکراتی و ئازادی و داد لە ڕۆژهەڵاتدا بیـانی و نامۆن! بەڵام بۆچی مـەسـیـحـیـیـەت دوای ئەوەی لە ئۆرشەلیم دەرکەوت، پاش مـاوەیەک بەبێ ئەوەی دڵۆپە خـوێنێک برێژێ و بەبێ بەربەرەکانی کـۆچی کـرد، مـەڵبـەندی خـۆی بەجـێـهـێـشت و لە ئەوروپادا بڵاوبۆوە؟! بە پێچەوانەی ئیسلامەوە، پتر لە چوار سەد سـاڵ حـوکـمـڕانی بەشـێکی ئەوروپای کـرد بەتایبـەتی ئەندەلوس کـەچی بە ئاسـانی چۆڵی کـرد و هاتەوە نێـو میللەتە دواکەوتووەکانی باکووری ئەفەریقا بەتایبـەتی بەربەر! ئایا ئیـسـلام ئایینی کـۆمـەڵگای ڕۆژهەڵاتە و مەسیحییەت بۆ ئەوروپا هاتووە؟ باشە بۆچی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوروپا ئایینی تایبـەتی خـۆی، بەتایبـەتی ئەو ئایینەی ئاسمانی پێدەوترێ، لێ پەیدا نەبووە کـەچی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوردوویەتی؟

هەندێ جـار دێمـە سـەر ئەو باوەڕەی کـە دوور نیـیـە ڕێککەوت ڕۆڵێکی چارەنووس ساز بگـێـڕێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕوزبەی خۆشنوود کە لە دواییدا بە سەلمانی فارسی ناسراوە هانی سەحابەکانی نەدابایە دوور نەبوو درەنگتر عـیـراق و فـارس بکەن بە موسـڵمـان. وەک سـەرچاوەکـان باسی دەکـەن بڕیار وابووە فـەتحی ئیـسـلام، سـەحابەکـان لەسەرەتادا، دوای دوورگەی عەرەب بەرەو شام و میسر و باکـووری ئەفـەریقـا بچن. ڕوزبە بۆی باسکردوون چۆن مـیللەتانی ژێردەسـەڵاتی ئیـمـپـراتۆری فـارس بێـزارن، شـایەکـان زۆردارن و فـەتحکردنی (عـیـراق و فـارس) پێویستـە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەلاحەدین، میسری ئەوسـای شیـعـەی فـاتمی بەکـوتەک نەکـردبایە بە سـوننی مـەزهەب، زانکۆی ئەزهەر ئێـسـتـا بە دەست جـەعـفـەریی دوازدە ئیـمـامـەوە بایە و ئەگـەر ئۆرشـەلیـمی ئێـسـتـای ئیسرائیل لەبەردەست مەسیحییەکاندا ببایە دەبوو ڕەوشی ڕۆژهەڵات چۆن ببایە؟

٤- ئەگـەر سـەرنج لەو سـەرچاوانە بدرێن کـە دەربارەی دۆخ و ڕەوشی دەرچوونی هەردوو فـەتواکـەی پاریس و ڕۆژهەڵات دەربارەی قـەدەغـەکـردنی فـەلسـەفـە، لەبەر دەسـتـدان بە هەردوو زمـانی عـەرەبی و ئەڵمـانی، بۆی دەردەکەوێ کە هەل و مەرج و بارودۆخەکان بە گشتی لە یەکتری چوون. ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە لە هەردوو لادا تا ڕادەیەک سیـسـتـەمی کۆیلایەتی نەماوە و فـیـودالیـزم خـەت و خـاڵی داوە، ئەوا لە هەردوو جـیـهـاندا ئایین ڕەنگی ژیانی کـۆمـەڵی بووە. کـێـشـە و بەرەی نێـوان فەلسەفەی ئەفلاتوون ئەریستوتلسی، بەو هەموو گۆڕان و پەرەسەندنەی بەسەر هەردووکیاندا هاتووە لە برەودا بووە. بە ئاشکرا لایەنگیرانی هەردوو ڕێباز و بەرهەم ڕقەبەریی کـردنی یەکـتـریان، بەهۆی بەرهەمـەکـانیـانەوە بەرچاو دەکەوێت، وەک مـوعـتـەزیلەی کراوە هەبوون، خـارجی و سـەلەفی و شـافـعی هەبوون. لەولاش وەک سـانت ئۆگـۆسـتین دەست بەکـاربووە و لە بەرامـبـەریدا، پاش ماوەیەک بێ گومان، توماس ئەکوینی هەبووە، سەرچاوەی زانین و فێربوون، مزگەوت و حوجرە و کلێسا بوون، بەڵام مەسیحییەت زانکۆی کردۆتەوە بۆ پێگەیاندنی کادیری ئایینی کە لە پاشەڕۆژدا لە کلێسەدا کار بکەن، ئەمە لە ڕۆژهەڵاتدا دەگمەن بووە، ئەگەر زانکۆی (مستنصریە) لەبیـر نەچێت. ئەم هاندانی خـوێندنە لە زانکـۆکـانی ئەوروپای مـەسـیـحـیـدا لە دواییـدا بووە بە بەڵا یەخەی دەزگاکانی ئایینی گرتۆتەوە و دڵ لە ڕێ و شوێن و دوگما

و بنەماکانی ئایینی مەسیحی کرمێ بووە. وەک لە (٢١٩) خاڵەکەی فەتواکەدا دەردەکەوێ- کە ئێمە لێرەدا بە کوردی بڵاویان دەکەینەوە- زۆربەی هەرە زۆری پرسیارە گومانئاوییەکان دەربارەی یەک ڕەنگیی (وحدانیە) و سێ ڕەنگیی (تثلیث)ی ڕەب بوون. ئایا عیسا کوڕی ڕەببە یاخود پەیامبەری خوایە وەک ئایینەکانی تر دەڵێن؟ دوای مردن مرۆڤ چی بەسەر دێت؟ ئایا لەش یاخود نەفس و گیانەکان دەمرن یان بە نەمریی دەمێننەوە؟ ئەمانە بە بۆچوونی من ئەنجامێک بوون لە بڵاوبوونەوەی خوێندن و زانست و ڕۆشنبیرییەوە کەوتۆتەوە. ئەمە تەڵەیەک بوو کڵێسا پێوەی ببوو چی بکات؟ زانکۆ و ئەکادیمییە زانستی و لاهووتییەکان دابخات کە خۆی کردوونیەوە؟ ئایا لەمەولا لە قەشە و کادیری ئایینی ڕۆشنبیر بێبەش نابێ؟ لێرەوە وەک ڕێگایەکی سەرەو دەرکردن و خۆ ڕزگارکردن لەم تەنگژە و گێژاو و قەیرانە دەرکردنی فەتواکە و قەدەغەکردنی فەلسەفەکە بووە.

پێوەندی نێوان فەلسەفە و لاهووت، هەر لەسەرەتاوە، بەتایبەتی لەو ڕۆژەوە ئایینە جیهانییەکان بڵاوبوونەتەوە و بوون بە خاوەن دام و دەزگای جیهانی (دنیایی) پێوەندییەکی سەرنجڕاکێش بووە، وشەی (کێشە و بەرەو بگرە و بەردەو هات و هاوار) بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پێوەندییە پڕ بە پێستی خۆیەتی. بەواتایەکی تر فەلسەفە و لاهووت ناتوانن دەستبەرداری یەکتری بن و ناشتوانن بەیەکەوە هەڵکەن. ئەمە لەچییەوە کەوتۆتەوە و چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ڕاستە فەلسەفە نەمامێکە لە سێبەری ئازادیدا دەژیا، بەڵام ناکرێت دەستبەرداری هەست و سۆز و ئەندێشە و سرووش بێ و پشت بکاتە بڕوا و باوەڕ و ناخی دەروون وەک سەرچاوەیەک لەلایەکەی ترەوە لاهووت خۆی- نەک ئایین- ناکرێ لە ژیر و مەنتیق بێ نیاز بێ و پەکی لەسەریان نەکەوێ. لاری لەوە نییە کە دوو جۆرە سەرچاوەی شت زانین و گەیشتنە ڕاستیی هەیە و دوو جۆرە ڕاستییش هەیە، ژیریی و سرووشیی و هەریەکەیان پێوەدانگ و پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هیچ کامێکیان بەبێ کۆمەکی ئەوی تریان ناتوانێ پاکانە بۆ خۆی بکات و خۆی ساخ و پشت ڕاست بکاتەوە. لە فەلسەفەی ئیسلام (فارابی، بوعەلی سیناو... تاد) و لە فەلسەفەی مەسیحی و جودا بەدەیان نموونە لەم بارەیەوە بە چاپکراوی لەبەردەستدان. باشە ئەگەر ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پابەندی هەلومەرج و هۆکاری تایبەتی و خۆیەکی خۆیەوە بێت، کە دەربڕینی هەڵوێستی تایبەتییە، دەبێ فەلسەفە بخرێتە چ خانەیەکەوە؟

٥- فەتواکەی قەشەی ناوبراو ئەگەرچی لاف لێ دەدات، کە بە بەڵگەی پتەو پشت ئەستوورە، ئەوا لە چەند لایەکەوە ڕەوایی لە دەست دەدات.

**یەکەم**: خۆی پەنا دەباتە بەر ژیر و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و ئینجا جۆرە مەنتیقێک پەیڕەو دەکات کە لە پاوانی بەرینی فەلسەفەوە وەری گرتووە.

**دووەم**: فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی ئەرستۆتلسی، بە پێچەوانەی بۆچوون و ڕێ و شوێن و دۆگماکانی لاهووت و ئایینی مەسحییەوە، بە ئەقڵ و ژیر و مەنتیق و بیرکردنەوەی ڕاست و دروستەوە پشت ئەستوورن و بەڵگە و ساخکردنەوە، بەپێی سەردەمی خۆیان، لەبۆچوون و گریمانە و تیۆرییەکانیاندا بەرچاو دەکەون، بەپێی هەلومەرجی ئەوسا لەوە ڕوون و ڕەوانتر لە توانادا نەبووە.

**سێیەم**: بۆچوون و بنەما و ڕێ و شوێنەکانی ئایینی مەسیحی و دۆگماکانی لاهووتەکەی تەنیا هەر قسەی ڕووت و سادە بوون ناخ و دەروون و سرۆڤی مرۆڤیان هێمن کردۆتەوە، لەوە بەولاوە نەبوون کە «فلانە پیاوی گەورەی ئایینی ئەمەی گوتووە و ئەو یاوەرەی عیسا ئەمەی گێڕاوەتەوە» ئەمەش جۆرە گێڕانەوەیە (حیکایە)تێکی ئاسایییە و بەهیچ بەڵگەیەک پشت ئەستوور نییە ئیتر چۆن لاهووتی بتوانێ بە قسەی بێ بنەما ڕقەبەریی فەلسەفەی ئەریستۆتلسی بکات و بەرپەرچی ڕایە پشت ئەستوور بە بەڵگە ژیرییەکانی بداتەوە؟ کەوابوو ناچارە فەلسەفەکە قەدەخە و یاساخ بکات.

هەل و مەرجی فەتوادانەکە وەک قەباڵەیەک دێتە بەرچاو چەند خاڵێک وەک چەند ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر ساخ دەکاتەوە:

– ئەوی وتوویەتی ڕاستی هەریەکە و بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرج ناگۆڕێ و ڕێژەیی بێ بنەمایە، ناچار بووە فەلسەفە قەدەخە بکات، چونکە قەدەخەکردنەکە جارێکی تر بوونی دوو جۆرە ڕاستیی ساخ کردۆتەوە، ئەوی لە فەلسەفەدا بە ڕاست دانراوە لەوانەیە لە لاهووتدا هەڵە بێ و پێچەوانەکەش دروستە. ئیتر ئەمە لە خۆیدا ببێتە مایەی دڵ کرمێ بوون لە لاهووت و دۆگماکانی ئایینی مەسیحی و بۆچوونە میتافیزیکییەکانی، یان نا، ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە.

– لەم فەتوایەوە ڕەوشێکی تازە کەوتۆتەوە دەکرێ بوترێ وەک هۆکارێک وابووە داهێنان و وردەکاریی هان داوە. ئەگەر سەرنجی هەڵوێستی لاهووتییەکان بدرێت چۆن زیرەکانە وەڵامی پرسیاری فەلسەفەیان داوەتەوە، چەند بەتوانا و زرینگ و ورد و قووڵ بیریان کردۆتەوە، وەستایانە زمانیان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوە و پێشکەشکردنی وەڵام، چارەسەر ئەگەر ڕووکەش و خۆکردی و خۆ ڕزگارکردنیشی تیادا دەرکەوێ لە قەیران و تەنگژەیەکدا، ئەوا ئەوپەڕی بیری ورد و کەللەی بەتوانا و هەوڵی زیرەکی و وەستایی تیایدا بەدی دەکرێت ئەمەش بە ئاشکرا جێ دەستی فەلسەفە لە لاهووتدا نیشان دەدات. بۆ نموونە لە خاڵی (٣٧)ی فەتواکەدا گازندەی فەلسەفە دەکات، چونکە داوا لە مرۆڤ دەکات بڕوا بەشتێک نەکات ئەگەر ئەو شتە لە خۆیدا ڕوون و ئاشکرا نەبێت. فەتواکە پتر بابەتەکەی تەمومژاوی کردووە ئەگینا لێرەدا ڕوون نییە مەبەست لەم ڕوون و ئاشکرایە چییە؟ ئایا لێرەدا مەبەست لەوەیە کە دەبێ بنەماکانی بڕوا و باوەڕ (ئیمان) یاخود زانینی زانستییانە(٢) دەبێ ڕوون و ڕەوان بن؟ کامیان، لەم دووانە بۆ لاهووت و بڕوا پێویستن؟ ئایا بڕواو زانین یەک شت و یەک ئامانج و یەک پەیڕەویان هەیە یانا؟ لاری لەوە نییە کە بڕوا شتێکی کەسییە و پێوەندی بەخودی مرۆڤ و دڵ و ناخ و دەروونییەوە هەیە، پتر پێوەندی بە خواست (ئیرادە)وە هەیە، ئەمە دەکرێ بە ئاشکرا کاری تێ بکرێ بووروژێنرێ، بەڵام زانین بێ سێ و دوو لێکردن پلەبەندی ژیر و مەنتیقە. ژیریش لە خۆیدا ئامرازێکی پابەندکردنی ناچارەکییە. بۆیە بڕواو باوەڕ لە سنووری ڕوون و ڕەوانی تێدەپەڕێنی و دەست بە دامێنی جیهانی ترانسندنتی میتافیزیکییەوە دەگرێت.. ئەم جیهانە لە دەسەڵاتی ژیر و مەنتیقدا نییە و هەرچی لەبارەوە بوترێ لە بۆچوونی بێ بنەما بەولاوە نییە، چونکە بەهیچ پێودانگێک ئەم وتانە نەپشت ڕاست دەکرێنەوە نە ناڕاستیان ساخ دەکرێتەوە، چونکە خۆیان لە بوارێکدا دەوترێن دڕ بە ژیر دەدات. جا بۆیە دۆگماکانی لاهووت بە قسە و پەندی پیاوچاکان پشت ڕاست دەکرێنەوە و وا نیشان دەدرێن، گوایە ئەمانە پەکیان لەسەر هیچ بەڵگە و پێودانگێک نەکەوتووە و هیچ کەم و کورییەکیان تیادا بەدی ناکرێت.
ئایا لاهووتییەکان ئامادەن لەم دوو خاڵە سەرپشک بن:

جارێکی تر، وەک ئایینی مەسیحی و لاهووتەکە خۆی، مرۆڤ و توانای زانین، لە دەرەوەی سنووری ئایین، بەکەم بزانن و بڵێن، مرۆڤ وای دادەنێ کە لاهووت زانست نییە نەک لەبەر ئەوەی لەلاهووتدا کەلەبەر و کەم و کوڕی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە توانا و هێزی زانینی مرۆڤ خۆی سنووردارەو لەو ڕادەبەدەر ناتوانێ بڕ بکات و تێبپەڕێ یاخود:

لاهووت زانست نییە بەمانا تایبەتییەکەی زانست، ئیتر بابەتەکە بەپێی سروشتی تایبەتی خۆی سەرنج بدرێت، یاخود پشت بە توانای زانین کە مرۆڤ خۆی هەیەتی، پشت ببەسترێت، یاخود بربتی بێت لە دەستنیشانکردنی پوختە و جەوهەری بابەتەکە و جیاکردنەوەی لە کێشە و پرسیاری تیۆری زانین، بۆ ئەوەی لاهووت لەخۆیدا کەسایەتی بێ گەردی خۆی بپارێزێ.

فەتواکە، وەک لایەنێکی نالەبار، ئەنجامی بەدی لێ کەوتۆتەوە، ئەگەر سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدرێن و کە دوای دەرکردنی فەتواکە بڵاوکراونەتەوە پتر ڕوویان کردۆتەوە لاهووت و بۆچوونە فەلسەفییەکانی سانت ئۆگۆستین(٣)، ئەو فەیلەسووف و لاهووتییەی بە ئاشکرا بەندو کۆیلایەتی ڕەواو پەسند کردووە پێی لەسەر ئەم قسەیە داگرتووە: دوژمنەکانی خۆتت خۆشبوێ. ئەگەر لە ڕوومەتی ڕاستییان سرەواندی ڕوومەتی چەپیان بۆ ڕابگرە! بەڵام وەک لە دواییدا دەرکەوت ئەم دیاردەیە وەک فاکتەرێکی نالەبار وردە وردە ڕێگای بۆ هاتنی بەهاری ڕاپەڕین خۆشکردووە.

ئەگەر لاهووت بەگژ فەلسەفەدا چووبێ و لاهووتییەکان کۆشابن سنوور بۆ بیرو چالاکی فەلسەفەدا بنێن، وەک خۆیان وتوویایە، پێویستە فەلسەفە قەرەواش و خزمەتچی لاهووت بێ، هەر خۆیان پرسیاری وایان کردووە و کێشەی ئەوتۆیان وروژاندووە بۆتە مایەی ئەوەی بەناچاریی ڕێگای سەرنجدان و وردبوونەوە ئینجا بیرکردنەوەی مەنتیقی بگرنە بەر، بەم کارەشیان زەمینەی جارێکی تریشی بوونەوەی فەلسەفەیان ئامادە و سازکردووە. بۆ نموونە، وەک لاهووتییەکان وتوویانە، ئەگەر ڕاست بێ سرووش ڕاستیی بۆ مرۆڤ هێناوە، بۆچی ڕاستییەکەی بە تەواوەتی و یەکجارەکی نەهێناوە و بوار و ڕێگای سەرنجدان و وردبوونەوە و فەلسەفە و زانستی داوە؟ ئایا خۆ (زات) هۆکاری کاریگەرە یاخود هۆکاری ئامانجەکییە؟ لە هەردوو لاوە کێشەکە وادەکەوێتەوە لاهووت نەتوانێ پڕ بە پێستی خۆی و لە چوارچێوەی ژیر و مەنتیقدا وەڵام بداتەوە. بۆیە لێرەوە فەلسەفە ناچار

دەکرێ هەڵبداتێ و شتێک بڵێ.

چۆن ئۆباڵی چاکە و بەدکاریی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ کە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر چارەنووس و گیان و خواستی خۆیدا نەبێت. پاش پەیامبەری باوەڕ پێکراوی مەسیحی پۆڵس لەو نامەیەدا(٤) کە بۆ ڕۆم نووسیویەتی نەیگوتووە، ئەگەر مرۆڤ بەندو کۆیلە بوو هیچ ئۆباڵێکی ناچێتە ئەستۆ و نابێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگینا داد و دادپەروەریی چ مانایەکیان دەمێنێ.

٦- بەپێی سەرچاوەکان لە (٢٣) نۆڤەمبەری ساڵی (١٢٧٦ز) چەند مامۆستایەکی فەلسەفە، لە نێویاندا ڕابەری ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشد ناسراو بە سیگەر برەبانتی داوا کراون لەبەردەم دادگای پشکنیندا دەربارەی ئەو بابەتانەی بە دەرس بە خوێندکارانی دەڵێنەوە وەڵامی چەند پرسیارێک بدەنەوە گوایە وانەکانیان بوونەتە مایەی هەڵگیرساندنی کێشە و ئاژاوە و خەریکن جۆرە گومڕایی و بێ باوەڕییەک پەیدا بکەن(٥)، ماوەیەک دواتر پاپ یۆهانسی یانزدەهەم باسی ئەم نا ئارامییەی بەرگوێ کەوتووە، بەنامەیەک داوای ستیڤان تێمپیری قەشەی پاریس (١٨کانونی دووەم ١٢٧٧ز) کردووە لیژنەیەک پێک بهێنێ و سۆراخێکی ئەم کێشە و بەرەیە بکات و ئینجا بە زووترین کات بە ڕاپۆرت ئاگاداری بکاتەوە. لیژنەکە گوایە لە ١٦ پسپۆڕ و مامۆستای لاهووت پێک هاتووە دوای ئیش و کارێکی ڕێک و پێک ئەو (٢١٩) تێزەیان کۆکردۆتەوە و لەدواییدا تێمپیر بە فەتوا دەری کردووە، لە فەتواکەدا وتراوە، ئەوی بە وانە ئەم بابەتانە بڵێتەوە یاخود پشتگیرییان لێ بکات بە ڕەسمی لە کڵێسا بێبەش دەکرێ، دەرفەتیشی داوە بەو مامۆستایانەی لەمەوبەر ئەم گوناحەیان کردووە، حەوت ڕۆژ دەرفەتیان هەبێ بێن لە کڵێسا یاخود لەبەر دەم قەشە دان بە گوناحەکانیان دابنێن و پەشیمان و پاشگەز بوونەوەی خۆیان دەربڕن و داوای لێبوردن بکەن.

ناوەڕۆکی (٢١٩) تێزەکە بەم جۆرە بووە:

- ١٧٩ بابەت فەلسەفە بوون.
- ٤٠ بابەت لاهووت.

ئیتر هیوادارم ئەم بەڵگە مێژووییە لە کتێبخانەی کوردیدا جێگای شیاوی خۆی پێ ببردرێ.

**فەتوایەکەی قەشە ستیفان تێمپیر**

پاریس ٢٨ی مارتی ١٢٧٧ز:

ستیفان(٦)، کە لەسایەی بەهرەی خواوە بووە بەخزمەتچی (مجەوری) کڵێسەی پاریس سڵاوی ڕۆڵەی عەزرای پایەبەرز و شکۆمەند بەهەموو ئەوکەسانە دەگەیەنێ کە ئەم نووسراوە دەبینن:

زۆرجار بەهۆی چەند ڕاپۆرتێکەوە کە لە کەسانێکی شایستەی بڕوا پێکردنەوە پێمان گەیشتوون، ئاگادار کراوینەوە، چەند مامۆستایەک لە کۆلیجی ئازادی هونەر لە پاریس سنووری کۆلێجە تایبەتییەکەی خۆیانیان بەزاندووە، چاوقایمانە و بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی نەفرەت لێکراو هەڵە و شتی چەوت و نالەبار یاخود شتی سەیر و سەمەرە و خەون و خەیاڵ کە لە پەڕاوەکاندا هەن و کە لەگەڵ ئەم فەتوایەدا دەخرێنە بەرچاو، وەک بابەتی شایستەی وتنەوە لە زانکۆ دەگوترێنەوە و داکۆکییان لێ دەکرێت. ئەم شتانە بە پێچەوانەی قسەکانی گریگۆرن کە وتوویەتی:

ئەوی مەبەستی بێ وەک دانایەک بدوێ دەبێ بەوپەڕی پارێز و مشوورەوە لەوە ئاگاداربێ کە بە قسە و وتارەکەی دووبەرەکی ناخاتە نێو گوێگرانەوە، بەڵکو ئەمە بەهۆی پشتیوانی کردن لەو زانینە چەوت و هەڵانە و نووسراوی گومڕاکانەوە دەبێ و- ئای چەند شوورەییە- بەوپەڕی نەزانی و نەشارەزاییەوە لاف لێ دەدەن گوایە ئەم نووسراوانە دەستبەرداریان ناکرێت و ناتوانرێت ڕەخنە بکرێن. بۆ ئەوەی ئەم وێنەیە لەمێشکدا جێگیر بکرێت، باسی ئەو شتانە ناکەن کە لە دڵیاندایە و وەڵامەکانیان بەشێوەیەکی دیزە بە دەرخۆنە دەکەن وەک ئەوەی هەوڵیان دابێ لە سکیلا دەربازبن بەسەر خاریبدیس دا کەوتوون.

دەڵێن گوایە ئەم هەڵە و چەوتیانە بەپێی فەلسەفە ڕاستین و بەپێی بڕوا و ئیمانی مەسیحی هەڵەن، هەروەک ئەوەی دوو ڕاستیی بنەڕەتی هەبێ و هەروەک بە پێچەوانەی ڕاستیی نێو نووسراوی پیرۆز وابێ ئەو ڕاستییەن لەنێو نووسراوی گومڕاکاندا هەیە و کە خوا نەفرەتی لێ کردووە و کە تیایدا هاتووە: من ژیریی و دانایی دانایان لەناودەبەم، چونکە دانایی ڕاست دانایی هەڵە لەناودەبات، ئەگەر ئەم کەسانە گوێ لە ئامۆژگاری دانایان بگرن کە دەڵێ: ئەقڵت هەیە، بەم شێوەیە وەڵامی پاش خۆت بدەوە، ئەگەر نا ئەوا دەست بەدەمتەوە بگرە بۆ ئەوەی بە قسەیەکی پووچ و نارەواوە نەگیرێی و دەستخەڕۆ نەبی.

بۆ ئەوەی وتار و گوتە و قسەی بێ ڕێ و جێ و بێ سەروبەر مرۆڤی سادە و ساکار تەفرە نەدەن و بەهەڵە نەبەن، ئێمە، دوای ئەوەی لەلایەن پرۆفیسۆرانی

لاهووتەوە ئامۆژگاری کراوین و لەلایەن مرۆڤی ژیرەوە تکامان لێکراوە، بە توندی ڕێگا دەگرین و دەرفەت نادەین، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە شتە و هی تری وەک ئەمانە ڕوونەدەن. ئێمە بە توندی گازندەی ئەم کارو دیاردەیە دەکەین. هەڕەشەی دەرکردن و بێ بەش کردن لە کڵێسا لەو کەسانە دەکەین کە ئەو هەڵە و چەوتییە ناوبراوانە یاخود یەکێک لەمانە بە خوێندکاران بڵێنەوە یاخود بروایان پێ بکات یان لەسەریان بکاتەوە یاخود پەسەندیان بکات. هەروەها ئەوانەش کە گوێیان لێ دەگرن.

ئەگەر بێتو ئەوکەسانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەبەردەم ئێمە یاخود لەلای سەرپەرشتیکاری زانکۆی پاریس خۆیان نیشان نەدەن، ناچار دەبین بەپێی ئەو گوناهەی کردوویانە ڕەفتاربکەین و بجوولێینەوە بۆ ئەوەی ئەو سزایەیان بدەین کە بەپێی قانون دەیانگرێتەوە. ئێمە پشت ئەستوور بەهەمان بڕیاری دەرچوو نەفرەت لە کتێبی بەناو خۆشەویستی یاخود خۆشەویستی خوا دەکەین کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات: تۆبزیم لێ دەکات کە...تاد. و بەمە کۆتایی دێت: خۆت لەوە بپارێزە، دەسەڵاتدار، فرمانی خۆشەویستی پیادە بکەیت.. تاد. ئینجا دوای ئەمە ئێمە نەفرەت لەو کتێبە دەکەین کە دەربارەی گیومەنتیبە و بەم قسەیە دەست پێ دەکات:

هیندەکان بڕواو ئیمانیان وابوو... تاد، و بەم قسەیە دواییەکەی دێت: بیر لەو بکەرەوە ئینجا بۆت دەردەکەوێ... تاد، بە هەمان شێوە نەفرەت لەو نووسراو و کتێبانە دەکەین کە دەربارەی نیگرومانتین و ئەوانەی داب و دەستور و نەریتی جادووگەران و شەیتان و هەراسانکردنی نەفسیان تیادایە، یاخود لەوانەدا کە ئەم جۆرە شتانەیان تیادا دەبینێ و کە بە ئاشکرا بەپێچەوانەی بڕواو ئیمانی ڕاستەقینە و ئاکاری چاکە خوازین.

ئێمە بڕیاری بێبەشکردن لە کڵێسا دەربارەی هەموو ئەوکەسانە دەدەین کە ئەو کتێب و نووسراوانەیان بە وتار بڵاوکردۆتەوە کە یاخود ئەوانەی گوێیان لێ گرتوون، ئەگەر بێو لەماوەی حەوت ڕۆژدا وەک لەسەرەوە باسکرا، لەلای ئێمە یاخود لەبەردەم سەرپەرشتکاری زانکۆی پاریس خۆیان ناونووس نەکەن، ئەوا ئێمە بەپێی گوناهەکانیان سزایان دەدەین.

لەساڵی (١٢٧٧)ی سەرەوەرمان نووسراوە، لەڕۆژی یەک شەممە لەو ڕۆژەدا قەشەی پاریس دڵ بەوە خۆش دەکات ستایشی ئایینی ئۆرشەلیم بوترێ.

***

ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەرنج لە ناوەرۆکی ئەم فەتواو بڕیارە بدات بۆی دەردەکەوێ کە فەتوایەکە لە چوارچێوەی داب و نەریتی کڵێسا نەچۆتە دەرێ. تاوانبارکردن بەبێ بەڵگە و قەباڵە. قسەگێڕانەوە هەروەک ئەوەی ئەم قسانە پیرۆزبن و پەکیان لەسەر هیچ شایەت و بنچینە و بەڵگەیەکی پشت ڕاست کردنەوە نەکەوتبێ.

قەشە دەربیبڕیوە کە خوێندکاران خۆیان بوون بە شایەت لەسەر مامۆستاکانیان و ڕاپۆرتیان داوە.

ئەو خاڵانەی کە فەتواکە لە دواییدا دەستنیشانی کردوون بە ئاشکرا مۆرکی فەلسەفەی ئیسلامی و ئەرستۆتلسی و سیگەر برەبانتییان پێوە دیارە، بەڵام هیچ کامێک لەم خاڵانە نابنە مایەی ئەوەی مرۆڤ وەک گومرا تاوانبار بکرێت، چونکە خاڵەکان لە جۆرە دەربڕین و لێکۆڵینەوەیەکی ئازاد (واتە اجتهاد) بەولاوە نین.

فەتواکە لەخۆیدا نە تاریکییەکی ڕوونکردۆتەوە نە دەستی خستۆتە سەر کەلەبەر و ئێش و ئازارێک و نە ڕێگای نیشان داوە کە دەبێ لەمەولا پێوەندی نێوان فەلسەفە وەک بیری ئازاد و لاهووت وەک بڕوا پێهێنان بەبێ ورتەکردن چۆن بێت.

## دەقی ئەو (٢١٩) خاڵەی فەتواکەی قەشەکەی پاریس باسی کردووە

ئەمانە تێکڕای ئەو خاڵانەیە کە فەتواکەی قەشەی پاریس قەشە ستیڤان تێمپیر بە سەرچاوەی کافریی و گومرایی دایناون و گوایە بۆچوونی فەیلەسووفەکانی ئەوسا بووە و هەڕەشەیان لە بنەماکانی ئایینی کردووە. لێرەدا بە کوردی دەیانخەینە بەردەست:

١- خوا سێ ڕەنگی یەکگرتوو نییە، بەڵکو یەک ڕەنگە، چونکە سێ ڕەنگیی یەکگرتوو بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوپەڕی سادە و ساکاریدا تەبا نییە. ئیتر لەو جێگایەی فرە ڕەنگی ڕاستەقینە هەبێ، هەر لەوێ بەشێوازی ناچارەکی دەبێ بێ زیادکردن و خستنەسەر و لە چەند بەشێک پێکهێنانیش هەبێ: نموونەی کۆمەڵە بەرد ئەمە نیشان دەدات.

٢- خوا ناتوانێ بوونی وەک خۆی لێ ببێ، چونکە ئەوی پەیدا دەبێ بنج و بناوانەکەی لە یەکێکی تردا دەبێ

و پشـــتی پێ دەبەســـتێ، لەخـــوا لەدایکبـــوون هیچ نیشانەیەکی کاملّی و تەواوەتی نییە(٧).

٣- خـوا هیچ شـتێک کـە لە خـۆی جـیـاواز بێت- نازانێت.

٤- شتێک نیـیە، سەبارەت بە کـۆتاییـەکەی نەمر و هەتا هەتایی بێت، ئەگـەر بەپێی سـەرەتا و بنەمـاکـەی کۆنی هەتا هەتایی نەبووبێ.

٥- هەموو جەوهەرە بێ گەردە گیانییەکان وەک یەکەم سەرچاوە و بنەما نەمرو هەتا هەتایین.

٦- ئەگـەر هەمـوو لەشـە ئاسـمـانیـیـەکـان لە هەمـان جـــێگادا ڕابـوەستن، ئەوەی دوای (٣٦٠٠٠) ســــاڵ ڕوودەدات هەمان ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە وەک ئەوانەی ئێستاکە هەن.

٧- گـیـان فـۆرمی لەش نیـیـە، ئەمـە وا دەبوو ئەگـەر کەشتیـیەوان فۆرمی کەشتیـیەکە بووایە، هەروەها ئەو کاملّیی جەوهەرئاسایی مرۆڤ نییە.

٨- گیان لە لەش جیادەبێتەوە ئەگەر ئەو ئەمەی بوێ و، ڕێگای ئەمەش لەخۆی دەگرێ ئەگەر بیەوێ.

٩- یەکەم مـرۆڤ نەبووە، دوا مـرۆڤیش نابێ، بەڵکو هەمـــیـــشـــە وابووە و لەدوا ڕۆژیشـــدا هەر وادەبێ: لەدایکبوونی مرۆڤ لە مرۆڤێکی ترەوە.

١٠- پەیدابوون و لەدایکبوونی مـرۆڤ وەک ئەوە وایە لە بازنەیەک (جـوغـز)دا دەقـەومێ، چونکە فـۆرمی جەوهەریی مـرۆڤ بەزۆری دەچێـتەوە سـەر هەمـان بەشی ماددە.

١١- مـــرۆڤ بێـــجگە لەوەی لەتوانای ژیر (ئەقڵ) بەهرەمەندە مرۆڤێکی خاوەن نەفس (گیانی)یە.

١٢- چونکە سوکرات وا نەخولقاوە بتوانێ نەمریی و هەتا هەتایی پەسـەند بکات، پێـویسـتـە ئەو، ئەگـەر نەمرێت، بەپێی سروشت و توخمەکەی بگۆڕدرێ.

١٣- لە نەفـسی هەسـتـیـار و ئەقڵ بەولاوە هیچ یەکڕەنگییەکی جەوهەریی لەمرۆڤدا نییە، بەڵکو تەنیا یەکـەیەکی کـار لێکردن هەیە هەروەک ئەوەی لە نەفـسی ئەستێرە و ڕەوشەکەی دەکەوێتەوە.

١٤- بە هەمـان مـانا دەربارەی مـرۆڤ دەوترێ: ئەو بیردەکـاتەوە، وەک چۆن دەربارەی ئاسـمـان دەگوترێ: ئەم بیردەکاتەوە، دەژی و بۆ خۆی خۆی دەبزوێنێ، بەو مانایە کە داهێنەری ئەم چالاکییـانە لەگـەڵیدایە کـە نەک وەک شـتـێکی جـەوهەریی بەڵکو وەک چۆن بزوێنەر لەگـەڵ جووڵاوەکەدا یەکگرتووە.

١٥- مرۆڤ دوای مردن هەموو چاکەکارییەک لەدەست دەدات.

١٦- پێـویست ناکـات مـرۆڤ خـەمی بروای هەبێ، ئەگەر بێتو شتێک وەک گومڕایی دابنرێت، چونکە ئەمە بە پێچەوانەی برواوەیە.

١٧- دروست نیـیـە بگوترێ لە شـتـێکی لەناوچوو گـەنیـاو بەپێی ژمـارە وەک جـارانی خـۆی لێ دێتـەوە و بەپێی ژمارە وەک خۆی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.

١٨- ناکــرێ لەلایەن فــەیلەســووفــانەوە دان بە زیندووبوونەوەی پاشەڕۆژدا بنرێ، چونکە لەتوانادا نییە ئەقڵ ئەمە ببرێ- ئەمـە هەڵەیەکە، چونکە فـەیلەسـووف گـیـانی خۆی زیندانی دەکات ئەگـەر گـوێڕایەڵی مـەسیح بێت.

١٩- ئەو نەفسەی لە لەش جیـابۆتەوە بەهیچ شـێوە و ڕێگایەک بە ئاگر ناسووتێ.

٢٠- قانونی سروشتی زیندەوەر کوشتنی، وەک مرۆڤ کـوشتن قـەدەخـە دەکـات، ئەگـەرچی قـەدەخـە کـردنەکـە بەهەمان شێوە سوور نییە و پێداناگرێ.

٢١- هیـچ شـتـێـک بە ڕێککەوت ڕوونادات، بەڵـکو هەمـوو شـتێـک بەناچاریی دەقـەومێ، هەموو شـتێک کە لەدواڕۆژدا دەبێت بەناچارەکی دەکـەوێتـەوە. هەمـوو ئەو شـتـانەی نابێ بێن دەکرێ ناشیـاوەکی بن، ئەگـەر مـرۆڤ سـەرنجی هەمـوو هۆکـارەکـان بدات، بەدەردەکـەوێ هیچ شتێک بەپێی ڕێتێچوون پەیدا نابێ. ئەمە هەڵەیەکە: چونکە پێکەوە کارکردنی هۆکارەکان بنەمای کەوتنەوەی ڕێککەوتە، هەروەک بۆیتـیـوس لە کـتـێـبی دەربارەی دڵدانەوەی فەلسەفەدا وتوویەتی.

٢٢- ناکـرێ بەخـتـەوەری ڕاسـتـەوخـۆ لەلایەن خـواوە ببەخشرێ.

٢٣- ئەو قسەیەی دەڵێ: خوا بەختەوەریی بە یەکێک دەبەخـشێ و نایدات بە یەکـێکی تر، قـســەیەکی بێ بنچینەیە و خەیاڵێکە.

٢٤- هەمـوو زانسـتـەکـان، فـەلسـەفـەییـەکـانیـان لێ بەدەربێت، ناچارەکی نین ئەمـــە مـــایەی داب و نەریتی مرۆڤە.

٢٥- خـــوا ناتوانێ بەردەوامـــیـــەکی هەتا هەتایی بەشتێکی گۆڕاو و لەناوچوو ببەخشێ.

٢٦- یەکـەم هۆکـار توانیـویەتی ئەنجـامـێکی لێ بکەوێتـەوە ئەوەندەی خـۆی بایە ئەگـەر ئەمـە لە هێـز و توانای کەم نەکردبایەوە.

٢٧- خوا ناتوانی، بەپێی ژمارە فرە نەفسی جیاجیا دروست بکات.

٢٨- هیچ جارێک خوا بەڕادەیەکی زۆرتر لەوەی ئێستا جەوهەرێکی گیانی دانەهێناوە.

٢٩- خوا لەهێز و بەردەوامیدا، بێ سنوور و کۆتاییە، نەک بەپێی چالاکی، چونکە بێ کۆتاییەکی لەم جۆرە توانراوە تەنیا لە لەشێکی بێ سنووردا بێ، ئەگەر ئەو هەمووبێت.

٣٠- جەوهەرە گیانییەکانی سەرەوە (ئەقڵەکان) بەبێ بزووتنەوەی ئاسمان نەفسە ئاقڵەکان دادەهێنن. جەوهەرە گیانییەکانی ژێرەوە تر بە پێچەوانەوە بە پشتیوانی بزووتنەوەی ئاسمان نەفسە نێگەتیڤ و بەرهەستییەکان دادەهێنن.

٣١- ئەقڵی مرۆڤ نەمرە، چونکە ئەو لە هۆکارێک کەوتۆتەوە کە هەمیشە بەجۆرێک ڕەفتار دەکات و هیچ جۆرە ماددەیەکی نییە، ئیتر بەپێی ئەم بنەمایە دەبێ شیاوەکی بێت لەوەی واقیعی بێت.

٣٢- ئەقڵ بەپێی ژمارە بۆ هەمووان یەکێکە(٨)، خۆ ئەگەر ئەو بتوانێ لەم تاکە لەشە جیابێتەوە، ئەوا ناتوانێ لە هەر لەشێک جیاببێتەوە.

٣٣- حاڵ گرتن و خەونی گیانیی نییە ئەگەر ئەمانە ڕووداوی سروشتی نەبن.

٣٤- هۆکاری یەکەم نەیتوانیوە فرە جیهان دروست بکات.

٣٥- بەبێ هۆی تایبەتی، واتە بەبێ باوک- ئینجا بەبێ مرۆڤێک- لە توانادا نەبووە هیچ مرۆڤێک لەلایەن خواوە دروست بکرێت.

٣٦- ئێمە دەتوانین لەم ژیانە بەسەرچووەدا خوا بەپێی جەوهەر بناسین.

٣٧- نابێ مرۆڤ بڕوای بەشتێک هەبێت ئەگەر ڕوون و ئاشکرا نەبێت یاخود لە شتێکی ڕوون و ئاشکرا پەرەی نەسەندبێت(٩).

٣٨- خوا توانیویەتی یەکەم ماددە تەنیا بە یارمەتی لەشی ئاسمانی دروست بکات.

٣٩- لە بڕیارێکی پێشووی (ئیرادەوە) خواستەوە ناکرێ شتێکی نوێ بکەوێتەوە ئەگەر پێشتر گۆڕانێک بەسەردا نەهاتبێ.

٤٠- هیچ شێوە و فۆرمێکی ژیان لەوە نایاب و باشتر نییە بە ئازادی خۆت بۆ فەلسەفە دابنێی.

٤١- گیانەکەی سوکرات دوای مردنەکەی هیچ زانینی دەربارەی ئەوشتانە نییە کە پێشتر لەبارەیانەوە هەیبووە.

٤٢- یەکەم هۆکار هیچ زانینێکی دەربارەی شتە نا ناچارییەکانی دواڕۆژ نییە:

یەکەم بەڵگە: شتە نا ناچارییەکانی دواڕۆژ هەبوو (بوونەوەر) نین.

دووەم بەڵگە: شتە نا ناچارییەکانی دواڕۆژ تاک تاکن، خوا بەهێزێکی گیانیی شت دەزانی، ئەو هێزەی، ناتوانێ شتی تاک تاک بزانێ، بۆیە بە ڕوونی، ئەگەر هیچ هەستێک لە ئارادا نەبێ، ئەقڵ پێی ناکرێ سوکرات لە ئەفلاتوون جیا بکاتەوە ئەگەرچی توانیبێتی مرۆڤ لە کەر جیابکاتەوە.

بەڵگەی سێیەم: بریتییە لە پێوەندی هۆکار بە ئەنجامەوە زانینی خوا هۆکارێکی ناچاریی ئەو شتانەیە کە پێشتر بەهۆش هەستیان پێ کراوە.

چوارەمی بەڵگە: بریتییە لە پێوەندی نێوان زانین و ئەو شتەی بەهۆش زانراوە. ئەگەرچی زانین هۆکاری ئەو شتە نییە کە بەهۆش زانراوە، ئەوا لەگەڵ ئەمەدا لە بابەتەکەوە یەکێک لە دوو دەربڕینی ناکۆک بە یەکتری دێنە کایەوە و ساخ دەبنەوە ئەمەش پتر زانینی خوا دەگرێتەوە لەچاو هی ئێمە.

٤٣- یەکەم بنەما ناتوانێ هۆکاری جۆرە جیاوازەکانی ڕووداوەکانی سەرزەوی بێت، ئەمە بەهۆی چەند هۆکارێکی ترەوە دەبێت، چونکە هیچ هۆکارێکی گۆڕان بەشێوازی جیاواز ناگۆڕێ ئەگەر خۆی لەخۆیدا نەگۆڕێت.

٤٤- لە هۆکارێکی یەکەم ناکرێ فرە ڕەنگیی ئەنجامەکان بکەوێتەوە.

٤٥- یەکەم بنەما هۆکاری جەوهەری نەمر نییە بەمانا تایبەتییەکەی، بەڵکو بەوپەڕیەوە بەمانا خوازییەکەوە، چونکە ئەو ئەم بەدەستی دێنێ.

٤٦- ئەگەر بەبێ هۆکاری کارکردە هیچ شتێک لە ماددە نەکەوێتەوە، ئەوا بەبێ ماددە هیچ شتێک لە هۆکاری کارکردەش پەیدا نابێ، خوا هۆکاری کاردە نییە، لەوە بەدەر بەپێی ئەوەی کە لەشیاوەکی ماددەدا هەبوونە.

# مۆدێرنیته و ئاوەزی سیاسی

د. عەباس وەلی
و - ئا: شەماڵ

سەبارەت بە مۆدێرنیتە و گرینگیی ئەم بابەتە تا ئێستا باسێکی زۆر کراوە، بۆیە من ئەو باسە بەجێ دێڵم و لە بری ئەوە، هەوڵ دەدەم باسی ئەمجارەم بە پێچەوانەی باسەکانی پێشوو بەشێوەیەکی جیاواز پێبکەم. مەبەستم لە شێوەیەکی جیاواز بەراوەژووکردنەوەی باسەکەیە، هەڵبەت نەک وەک ویستێکی شەخسی، بەڵکو وەک پێداویستییەک بۆ بەرفرەوانکردنەوە و پەرەپێدان بە بیری ڕەخنەگرانە، چونکو بیری ڕەخنەگرانە لە بنەڕەتدا بیرێکە کە بتوانێ خۆی لە بەرامبەر و لە دژی خۆیدا دابنێ و لە ڕوانگەیەکی دژی خۆیەوە بتوانێ سەیری خۆی بکا. هەر بۆیە بەراوەژووکردنەوەی بنەما تیۆرییەکانی ئەم بابەتە بۆ تێگەیشتن لە نێوەرۆکی فەلسەفە و تیۆریکی ئەم بابەتە بە پێویست دەزانم.


هەروەک دەزانن پێناسە و واتایەکی یەکگرتوو لەسەر مۆدێرنیتە نییە و بە گوێرەی جیاوازیی تیۆرێکی ڕوانگەکان پێناسەی جیاواز ئاراستەی ئەم چەمکە کراوە، بەڵام ئەگەر ئێمە بە مەبەستی کردنەوەی باسەکە، بمانەوێ ڕەهەندێکی هاوبەش لەم باسانەدا بۆ پێناسەی مۆدێرنیتە هەڵبژێرین، دەتوانین بە کورتی بڵێین کە مۆدێرنیتە دەربڕینی سەروەریی ئاوەز یان حاکمییەتی عەقڵە، ئەم سەروەری (sovereignty) و حاکمییەتی عەقڵەش بەشێوەیەک لە دیسکۆرس (Discourse) و پراکتیکە کۆمەڵایەتی و لە دامەزراوە (Institution) سیاسی، فەرهەنگی و زانستییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەم پێناسە خۆی لە خۆیدا هەڵگری ماکێکی بەهێزە بۆ ڕەخنەیەکی توندی نێوخۆیی لە خودی مۆدێرنیتەدا. هەڵبەت کە باسی حاکمییەتی عەقڵ لە مۆدێرنیتەدا دەکەین مەبەست هەموو جۆرە عەقڵێک نییە، بەڵکو تەنیا ئەو عەقڵە کە پێوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە هەیە.

یەکێ لەم تێڕوانینانەی کە ڕەخنەیەکی توندوتیژی ئاراستەی مۆدێرنیتە کردووە و پێوەندیی ئاوەز و ئازادی لە مۆدێرنیتەدا خستۆتە بەر ڕەخنەوە، بیر و ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیستییە. هەڵبەت بەر لەوەی پۆست مۆدێرنیزمیش بەشێوەیەکی هاوپێوەستە (Coherent) ڕەخنەی خۆی ئاراستەی مۆدێرنیتە بکا، بیرو ڕوانگەگەلی وا لەنێو خودی مۆدێرنیتەدا هەبوون کە ڕەخنەیان لە مۆدێرنیتە گرتووە. بۆ وێنە ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەتایبەت لەلایەن هۆرکهایمێر (Max Horkheimer) و ئادۆرنۆ (Theodor Adorno)، ئاراستەی مۆدێرنیتە کراوە، گرینگییەکی زۆریان هەبووە.

ئەوانیش لە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئازادیدا پێیان وابوو کە مۆدێرنیتە خۆی بۆتە قوربانی ئەو شتەی

ئەوان بە دیالێکتیکی ڕۆشنگەری (Dialectic of Enlightenment) ناودێریان کردووە. واتە دیالێکتیک دەرئەنجامی ناتەبایی نێوان دوو خولیا و ئاراستەی جیاوازی نێو خودی مۆدێرنیتەیە. ئەم ناتەباییە، ناتەباییەکە لەنێوان بەرجەستەبوون و خۆدەربڕینی ئەم ئاوەزە لە زانست و تەکنۆلۆژی و هەروەها لە فەلسەفە و فەرهەنگدا. بەرجەستەبوونی ئەم ئاوەزە لەنێو زانست و تەکنۆلۆژیادا لە دیدی هۆرکهایمێر و ئادۆرنۆ-وە بنەماکانی پێشکەوتنی ئەم فکر و ئەندێشە فەلسەفی و فەرهەنگیەی بەرەو ئازادی گرتووە و بۆتە هۆکاری هەڵگەڕانەوەی ئەم ناتەباییە و لە ئەنجامدا بنەماکانی ئازادی لە چوارچێوەی مۆدێرنیتەدا نەفی کردۆتەوە. ئەوە بنەمای ئەو باس و ڕەخنە نێوخۆییەی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر بوو لە مۆدێرنیتە کە بەناوی دیالێکتیکی ڕۆشنگەری هێنایانە ئاراوە. دیارە ئەمانە و هەمووی ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی خودی مۆدێرنیتەدا ڕەخنەیان لە مۆدێرنیتە گرتووە، نەیانتوانیوە ئەم سنوورە ببەزێنن و لە ئەنجامدا ئەمەگداریی خۆیان بەرامبەر بە پرۆژەی ئازادی لە مۆدێرنیتەدا پاراستووە.

بەڵام چوارچێوەی ئەو باس و ڕەخنانەی لەلایەن پۆست مۆدێرنیزمەوە هاتووەتە ئاراوە بە تەواوی لەگەڵ ئەو ڕەخنە نێوخۆییانەی مۆدێرنیتەدا جیاوازن. خاڵی دەسپێکی پۆست مۆدێرنیزم، نەفی کردنی پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئازادییە. پێوەندیی ئازادی و ئاوەز لە دیدی ئەوانەوە لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی میتافیزیکییە. کاتێ ئێمە ئاوەز و پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا دەبینین ئەم ئازادییە تەنیا دەتوانێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی، لە داهاتوویەکی دیاریکراو و بە دەستی هەندێ هێزی دیاریکراو بەدی بێت. واتە ئێمە بەبنەمایەک بۆ ئەو فکر و ئەندێشە فەلسەفی و سیاسییە قایلین کە چیکڵدانی ئەوەی نییە، ببێتە بنیاتنەری خۆی و خۆی وەدی بێنێت. ئەو ئازادییەی لە مۆدێرنیتەدا باسی لێدەکرێت و بە عەقڵ پێوەند دەدرێت ناتوانێ بنەمایەک بێت بۆ ئەوەی عەقڵ بتوانێ لەسەر ئەم بنەمایە کار بکا. هەربۆیەش لە لێکدانەوە و ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستیدا، پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئازادی نەفی دەکرێتەوە، بە بۆچوونی ئەوان هیچ تیۆری دامەزراوە یان ڕەوتێک ناتوانێ دەربڕی ڕۆحی زەمانێک بێت و هەموو ئەم دیسکۆرس و نووسراوانەی کە وێنایەکی وایان هەیە و ئەم کارە مومکین دەبینن دەبنە حیکایەت و



د. عەباس وەلی

گێڕانەوەیەک (ناراتیڤی -Narrative) کە توانستی شیکردنەوەی ئامانجی جیاوازی (Differance) و ناوێکچوونییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیان نییە.

ئەگەرچی ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە مۆدێرنیتە هەندێ ئەنجامی دروستی هەیە، بەڵام من دژی شێوەی تیۆریکی ڕەخنەی ئەوانم. ڕاستە ئێمە دەبێ لە بنەمای جەوهەرگەرایانەی (Essentialism) مۆدێرنیتە دوورکەوینەوە کە بەم شێوەیە ئازادی بە ئاوەزەوە پێوەند دەدا، بەڵام ئەوە نابێ بمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە لەم پێوەندییەی نێوان عەقڵ و ئازادی دەبێ بە تەواوی نەفی کرێتەوە، بەڵکو دەکرێ لە بری نەفیکردنەوەی ئەم پێوەندییە ئێمە ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی جیاوازمان لەم پێوەندییە هەبێت.

بە بڕوای من ئەم چەشنە لێکدانەوەیە خودی پۆست مۆدێرنیستەکان تووشی چەشنە جەوهەرگەراییەکی دیکە دەکا، چونکە کاتێ ڕوانگەیەکی فکری بانگەشەی ئەوە دەکا کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئاوەز و ئازادیدا نییە، خۆی جەوهەرگەراییەکی نوێ لە شوێن ئەوەی کۆن دادەنێ و ئەو فکرەی خۆی وەک ڕۆحی زەمانی ئێمە دەناسێنێ. (ئەمە هەروەک بەم مانایەیە کە لەدوای ڕۆشنگەرییەوە ئەم پێوەندییەی نێوان ئاوەز و ئازادی تەنیا لە گوتەدا هەبووە و هیچ کاتێ لە کردەوەدا بوونی نەبووە). واتە لە

ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزمەوە، ئەوە پێوەندیی عەقڵ و ئازادی نییە کە ڕۆحی زەمان دەردەبڕێ، بەڵکو ئەوە نەبوونی ئەم پێوەندییەیە کە ئەو ڕۆحە دەردەبڕێ. ئەمە خۆی چەشنێکی دیکەیە لە جەوهەرگەرایی و بنیاتگەرایی (Foundationalism) فەلسەفی و چەشنە بەراوەژووکردنەوەیەکی بنەما فکرییەکانی مۆدێرنیتەیە.

هەروەک ئاماژەم پێکرد من لەگەڵ ئەم بنەما فکرییەی پۆست مۆدێرنیستەکان-دام کە دەڵێن ئەوە ئەم ناتەباییەی خودی ئازادییە کە مۆدێرنیتەی لاواز کردووە. لە مۆدێرنیتەدا ئازادی لەلایەکەوە بە ئامانجی هەموو ڕەوتە فکری و کردەوەییەکان دادەندرێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ئازادییە تەنیا وەک ئامانجێک ناژمێردرێ، بەڵکو خۆی دەبێتە بنەمای خودی فکرەکە. بەم چەشنە، هەر دیاردەیەک بیەوێ هەم لەنێوەوەی ڕەوتی مێژوویی‌دا ببێتە بنەمای بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان زانستی و فەرهەنگی و هەم لە دەرەوەی ئەم ڕەوتە زەمانییەدا ببێتە مەبەست و ئامانجی خودی ڕەوتەکە، دایم بنەمایەکی میتافیزیکی دەبێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە زۆر کەس هەر لە سەرەتاوە، مارکسیزمیان بە دیسکۆرسێکی میتافیزیکی دەزانی، چونکو مارکسیزم سەرەڕای توانستی شیکاری و سیاسییەکەی، لەسەر بنەمای ئامانجێک (واتە کۆمۆنیزم) دامەزرابوو کە لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوودا هەڵکەوتبوو. ئەگەرچی مارکسیزم جەختێکی زۆری لەسەر ماتریالیزم دەکرد، بەڵام خۆی لە هەمان کاتدا بەدوای ئامانجێکەوە بوو کە ئازادی تێیدا هەم لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوودا بوو و هەم بنەما، سنوور و چوارچێوەی هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی، فکری و کۆمەڵایەتیشی دیاری دەکرد. ئەم ناتەباییە کە لە فەلسەفەدا بە ناتەبایی یان پارادۆکسی ئازادی ناسراوە. لە پێوەندی لەگەڵ مارکسیزمدا زۆر ئاشکرابوو.

هەڵبەت ئەمە لیبرالیزمیش دەگرێتەوە و ئەویش لەم کەموکووڕییە بێبەری نییە. لیبرالیزمیش ئامانجێکی هەبووە کە لە دەرەوەی ڕەوتی کۆنکرێتی زەمانی و شوێنیدا، وەک مەبەستێک دەناسرا و دەناسرێ و لە هەمان کاتیشدا لە ڕەوتێکی زەمانی و مەکانیدا بنەما، چوارچێوە و سنووری بزاڤە فکری، سیاسی و ئابوورییەکانی دیاری دەکرد. ئەگەر دیاردەیەک تایبەتمەندییەکی مێژوویی هەبێ و بتوانێ لە ڕەوتێکی زەمانی و مێژووییدا بنەمای دیاردەکانی دیکە دیاری بکا و لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی ئەم ڕەوتەدا ببێت بە ئامانجێک. ئەوە دەبێتە باوەڕێکی ئایینی و بە هەر چەشنێکیش بمانەوێ بنەمایەکی ماتریالیستی بدەین بەم فکرە، دیسانیش ئەم فکرە لە چوارچێوەیەکی جەوهەرگەرایانەی ئایینی دەرناچێت. جا بۆیە من سەرەڕای هاوبیریم لە تەک هەندێ لە ئەنجامەکانی بیری پۆست مۆدێرنیزم پێموایە کە ئەم فکرە نەیتوانیوە و ناتوانێ بەم ڕەخنانە خۆی لە شێوەیەکی دیکەی جەوهەرگەرایی ڕزگاربکا«١»، ئەوەش تەنیا پۆست مۆدێرنیزم ناگرێتەوە، بەڵکو هەر جووڵانەوە یان فکرێک کە بیەوێ ئامانجی خۆی لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوویی و لە داهاتوویەکی نادیاردا (کە جارێ لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوودایە) دیاری بکا و بیەوێ ئێستا و ڕابردوو لە پێوەندی لە تەک ئەم داهاتووە نامێژووییەدا هەڵسەنگێنێ، تووشی گرفت دێت. ئەم گرفتەش بریتییە لە گرفتی ناکۆکیی نێوان بەرپرسێتی و ڕەوایەتی، یان گرفتی ناکۆکیی نێوان زانست و باوەڕ (ئیمان). من پێموایە هیچ فکرێک ناتوانێ بانگەشەی زانستیبوونی هەبێ کاتێ خۆی بە داهاتوویەک شی دەکاتەوە کە لە دەرەوەی ڕەوتی ئێستادایە. ئەمە پتر لە باوەڕێکی ئایینی دەچێت تا بیرێکی زانستی.

هەر فکر یان جووڵانەوەیەک کە لە ئێستادا خەریکی چالاکی بێت، بەڵام بیەوێ ڕەوایەتی خۆی لە ئامانجێ وەرگرێ کە لە دەرەوەی زەمانی مێژووییدا هەڵکەوتووە، بێگومان لە ڕووی بەرپرسێتییەوە تووشی گرفتێکی ئەخلاقی دەبێت. لە بارێکی ئاوادا کەس ناتوانێ ڕەوایەتی و مەشرووعییەتی کار و کردەوەی خۆی لە نێوەرۆکی خودی کار و کردەوەکە وەرگرێ، بەڵکو ئەم ڕەوایەتییە دەبەستێتەوە بە شتێک کە لە دەرەوەی ڕەوتی مێژوو و لە داهاتوویەکی نامێژووییدایە. بۆ وێنە سەیری چەمکی کۆمۆنیزم یان ئازادی ڕەهای لیبرالیزم بکەن کە هەردووکیان بەشێوەیەک نامێژوویین. هیچکام لە کردەوە و نووسراوەکانی ئەمانە ناتوانێ ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەرپرسێتی، چونکو ئەوان ڕەوایەتی خۆیان لە ئامانجێکدا دەبینن کە لە داهاتوویەکی نامێژووییدایە و بۆیەش هیچکام لەو کردەوە تاوانکاریانەی ئەوان نابێتە قورساییەکی ئەخلاقی و بەرپرسایەتییەکیان بۆ ساز ناکات.

ئینجا ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ڕەخنەی پۆست

مۆدێرنیستەکان، سەرەڕای کۆمەڵێ گرفتی بنەمایی دەکرێ هەندێ ئەنجامی دروستیان لێ دەرکێشرێت؛ ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بین کە لە مۆدێرنیتەدا، پێوەندییەک لەنێوان ئاوەز و ئازادیدا هەیە، دەبێ بزانین بە چ شێوەیەک ئەو پێوەندییەی نێوان ئاوەز و ئازادی پێناسە بکرێت یان ڕێک بخرێت؟

بە بڕوای من پێناسەیەکی دیکە لەم پێوەندییەدا مەیسەرە و ئێمە دەتوانین لە بری ئەو پێوەندییەی کە مۆدێرنیتە لەنێوان ئاوەز و ئازادیدا کردووە، جۆرە پێوەندییەکی دیکە جێگیر بکەن. بۆ ئەم کارەش پێویست ناکات بە تەواوی نکوولّی لە پێوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە بکەین، بەڵکو دەبێ ڕاڤە و تەعبیرێکی جیاواز لە جێی تەفسیرە کۆنەکە دابنێین و لەسەر بنیاتێکی (Foundation) جیاواز ئەم پێوەندییە نوێیە لێکدەینەوە. یەکەم هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە ئێمە ئەو پاشخانە ڕەت بکەینەوە کە مۆدێرنیتە ئەو پێوەندییەی تێدا ساز کردووە. ئەم پاشخانە دەبێ نەفی کرێتەوە و پێوەندیی ئاوەز و ئازادی لەم چوارچێوەیە وەلابنرێت تا ئیمکانی لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازی تیۆری لەم دوو چەمکە (ئاوەز و ئازادی) هەبێت. لە ڕۆژئاوادا، دوای کانت، پێوەندیی ئازادی و ئاوەز دایم لە چوارچێوە و پاشخانی «پێشکەوتنی مێژوویی»دا هەڵسەنگێندراوە«٢» بەم جۆرە نە تەنیا دایم پێوەندییەک لەنێوان ئازادی و ئاوەزدا بیندراوە، بەڵکو ئەم پێوەندییەش دایم لە ڕەوتێکی مێژووییدا بیندراوە کە بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەڕوا. ئەم زەمینە مێژووییە (بەتایبەت لە فەلسەفەدا) ئاڵۆزییەکی زۆری خستۆتە پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئازادییەوە. بەم مانایە کە ئەم پێوەندییە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بە باسێکی مێژوویی بەستراوەتەوە کە تێیدا بنەمای ئەو پێوەندییەی دایم لە چوارچێوەی ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندندا بینراوە. بۆیە بەشێکی زۆر لە ڕەخنەکانی پۆست مۆدێرنیزم بەجێیە و بەپێی ئەو ڕەخنانە دەکرێ سەرهەڵدانی دیاردەگەلی وەک ستالینیزم و فاشیزم لەم چوارچێوەیەدا ڕوون کەینەوە. کەوایە هەنگاوی یەکەم لە باری تیۆرییەوە ئەوەیە کە ئێمە باسی ئاوەز و ئازادی لە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژوو دەرهاوێژین کە پێی وایە مێژوو بە شێوەیەکی ئوتۆماتیک بەرەو پێشکەوتن دەڕوا. کاتێ ئەم کارە کرا، باسی فەلسەفە و پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئازادی دەبێتە باسێکی هەنووکەیی و ئێستایی و چیتر ئەم باسە شەرعییەتی خۆی لە ئامانجێکی بانمێژوویی (Transhistorical) میتافیزیکی دەرەوەی خۆی وەرناگرێت. ئێستا با بزانین ئەم تەفسیر و پێناسە نوێیە چۆن کاریگەریان لەسەر باسەکانی هاوچەرخدا (وەک دیموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی، هاووڵاتی دیموکراتیانە و..تاد) دەبێت.

ئەگەر ئێمە ئاوەز و ئازادی لە فەلسەفەی مێژوو جیابکەینەوە و وەک مەسەلە و پرسێکی زەمانی ئێستا هەڵیسەنگێنین ئەگەر ئێمە پێوانەکانی تەعبیر و ڕاڤە و پێوەرەکانی ڕەوایەتی و ئەخلاقی ئەمانە لە زەمانی ئێستا وەربگرین، تەواوی بنەما تیۆری و فەلسەفییەکانی ئەم پێوەندی و چەمکانە بەراوەژوو دەبنەوە. ئەوسا ئێمە ناتوانین ئاوەز (عەقڵ) بە حاکمییەتێکی گشتی و سەربەست بزانین. ئەم ئاوەزە ئەوسا تەنیا و تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ هەندێ پراکتیکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسیدا مانا دەبەخشێ و دەبێتە گشتێکی پلۆراڵ کە خاوەنی جەوهەرێکی هاوچەشن نییە. ئەوسا ئەم هاوچەشنییە تەنیا لە تەک ئەو ستراتیژییانەدا دەبێ کە ئەم ڕەوت و پراکسیسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە لەنێویاندا ڕوودەدەن. ئەم ستراتیژییانە کە ئێمە دەتوانین بە ستراتیژی ئاوەزمەندانە ناوزەدیان بکەین، بریتین لەو ستراتیژییانە کە سیاسەت و فەرهەنگ لە ئاراستەی ڕەوتێکی ئاوەزمەندانە و لە چوارچێوەی چەمکی ئاوەزدا دەبەنە پێش. هەڵبەت ئەوە خۆی دەبێتە سەرچاوەی پرسێکی تر: ئێمە چۆن دەتوانین ئاوەزمەندی یاخود نائاوەزمەندیی ئەم ستراتیژی و ڕەوتانە لێک هەڵاوێرین؟

بە بڕوای من تەنیا ڕێگا بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە ئێمە تەعبیرێکی غەیری جەوهەرگەرایانەمان لە ئازادی هەبێ و ئازادی تەنیا لە چوارچێوەی ئەم پراکتیکانەدا ببینین کە لە ئێستا و لەنێو ڕەوتی مێژوودا ڕوودەدەن. بەم چەشنە ئازادی چیتر لەسەر بنەمای ئامانجێکی مێژوویی پێناسە ناکرێت و نابێتە ئایدیالێکی مێژوویی. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ئازادی لە چوارچێوە و قالبی ئەم ڕەوت و کردەوە کۆمەڵایەتییانەدا دەبیندرێت و هەروەها وەک گشتێک، هیچ هاوچەشنییەکی زاتی و جەوهەرییان بەیەکەوە نابێ. ئەم چەشنە ئازادییە تەنیا لە بەراورد لە تەک نەبوونی ئازادییدا (لە بەراورد لەتەک سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریدا) مانا دەدا. کە دەڵێین نێوەرۆکی ئازادی لە بەرانبەر یان لە بەراوردی دوو ماکی ناکۆکدا دەکرێ شی

بکرێتەوە مەبەست ئەوەیە کە هەر چەشنە پێوەندییەک لە نێوان ئازادی و نائازادییدا (نێوان ئازادی و سەرەڕۆییدا) دەبێتە پێوەندییەکی ناکۆک و دژانە. لە ئاستی فەلسەفی و تیۆری سیاسییەوە ئەوە پێشاندەری ماکێکی نوێیە و ئەوە دەردەخات کە ئەم ئازادییە چیتر پێوەندی بە ئامانجێکی مێژوییەوە نییە، بەڵکو لە زەمانی حاڵ و لە پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبیندرێت. ئەم ئازادییە تەنیا لە بەرامبەر و لە ناکۆکی لە تەک نەبوونی ئازایدا، یاخود لەو کردەوانەدا کە پێش لە ئازادی دەگرن، مانا دەبەخشێ. ئەوەش ئێمە دەگەیەنێتە ئەم ئەنجامەی کە (بە پێچەوانەی بڕوای پێشوو کە ئازادی هەمیشە لە دژی دەسەڵاتدا دەبینی) ئازادی بەبێ و لە دەرەوەی دەسەڵاتدا ناکرێ وێنا (imagine) بکرێت، ئازادی هەمیشە لە زەمانی ئێستادا مانا دەدات و خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا دادەنێ، بەڵام نە بۆ نەفی کردن و هەڵوەشانەوەی دەسەڵات، بەڵکو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و بۆ ئەوەی بتوانێ بنەمایەک بۆ خۆی ساز کات، ئەوە تەنیا دەسەڵاتی سیاسییە کە دەتوانێ ببێتە بنیاتێک بۆ ئازادی و ئازادی خۆی هەرگیز ناتوانێ بنەمای خۆی پێکبێنێ (بەمجۆرەی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا فەرز دەکرا). باوەڕ بەم ئەسڵە کە ئازادی خۆی بنەما و بنیاتی خۆی پێکدێنێ، دەبێتە هۆی ئەو گرفتە کە من لێرە وەک ناتەبایی و پارادۆکسی ئازادی ئاماژەم پێکرد.

بەگوێرەی ئەم پێناسە ناجەوهەرگەرایانەیە، ئازادی لە پێوەندییەکی ناچار لە تەک دەسەڵاتدایە و هیچ دەسەڵاتێک بەبێ ئازادی و هیچ ئازادییەک لە دەرەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا ناکرێ وێنا بکرێت. ئەنجامێکی دیکەی ئەم چەشنە تەعبیرە لە ئازادی دەتوانێ وەڵامێک بێت بۆ ئەم پرسیارە گرینگە کە چ شتێ بنیات و بنەمای ئاوەز یاخود کۆمەڵگایەکی ئازاد دیاری دەکا؟ چ شتێ ساختار و بنەمای عەقڵ لە کۆمەڵگادا و لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا دیاری دەکا؟ یاخود شوێنگە و بنەمای سەرەکیی عەقڵ و بنەمای پێوەندیی ئەو عەقڵە لەگەڵ ئازادیدا چییە؟ ئەم پرسیارانە ئاماژەن بە یەکێ لە سەرەکیترین کێشەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، واتە ئاماژەن بە نێوەرۆک و ساختاری سووژەی مێژوو و سیاسەت و شوێنی ئەم سووژەیە لە پێکهاتەی دیسکۆرس و پراکتیکی فەلسەفی و سیاسیدا (کە بە تیۆری سووژە یاخود سووژایەتی پێویستە)«٣» شیکردنەوە و پێناسەی نێوەرۆکی سووژە و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵەکەی لە ڕەوتی مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگیدا نێوەرۆکی زۆربەی ئەم تیۆرییانە پێکدێنێ.

ئێستا ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو دەبێ بڵێین کە نێوەرۆکی سووژە (ئینجا ئەم سووژەیە چ تاک بێت یان کۆ چ مرۆڤ، چینی کۆمەڵایەتی یان نەتەوە بێت) و چۆنییەتی پێوەندیی لەگەڵ ئازادی و نەبوونی ئازادیدا هەمیشە لە ڕێگای پێوەندییەکانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دیاری دەکرێت.

ئەوە دەسەڵاتە کە بنەمای ئەم سووژایەتییە دروست دەکا؛ ئەوە دسەڵاتە کە بنەمای سووژایەتی و بنەمای تاکیەتیی کۆمەڵایەتی و بەگشتی پێناسەی ئەمانە دیاری دەکا.

با ئێستا لەبەر تیشکی ئەم باسەدا بێینە سەر مەسەلەی پێناسە (Identity) و بزانین چ جیاوازییەک لەنێوان ئەم پێناسەیە لەگەڵ پێناسە باوەکاندا هەیە. ئەگەر ئازادی پێناسەیەکی ئاوا دژی جەوهەرگەرایانەی هەیە، پێوەندیی نێوان ئازادی و ئاوەز چی بەسەردێت؟ تەعبیرێکی دژی جەوهەرگەرایانە لە عەقڵ دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی سازدانی پێوەندییەکی جیاواز لەنێوان عەقڵ و ئازادیدا؛ بە مەرجێ ئەم تەعبیرە خۆی لە تەعبیری جەوهەرگەرایانەی ئاوەزی سیاسی دووربخاتەوە و ئاوەز وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە نێوەرۆکێکی هاوشێوەوە نەبینێ. بە واتەیەکی تر ئاوەز نابێ وەک جەوهەرێکی هاوشێوە هەڵسەنگێندرێ کە نێوەرۆکی دیاردە مێژوویی و سیاسییەکان دیاری دەکا. ئەم چەشنە تەعبیرە دیاردەناسانانە (Phenomenological) کە هەموو دیاردەیەکی دەرەکی بە ڕەنگدانەوەی جەوهەرێکی یەکە و هاوشێوە لە چەشنی ئاوەزی سیاسی و مێژوویی دەزانێ، جەوهەرگەرایانەن. ئاوەز یان ئاوەزی سیاسی دەبێ بە پێچەوانەی ئەم ڕوانگانە خاوەنی نێوەرۆکێکی ڕەخنەیی و ڕەخنەگرانە بێت«٤».

بە گوێرەی ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە مۆدێرنیتەدا ئاوەز یان ڕەخنەیەکی ئاوەزمەندانە دەبێ تەنیا سنوورەکانی دیاردەیەک دیاری بکاو کاری بە ڕۆح و جەوهەری دیاردەکەوە نەبێت، چونکە ئەم جەوهەرە، خاوەنی تەواوێتییەکی (Totality) هاوچەشن و شیاوی تێگەیشتن و دەرک نییە. بە ڕای من دەبێ ئەم ڕەخنەیە دەوڵەمەندتر کرێت و بگوترێت: ئاوەزێک کە لە پێوەندی لە تەک ئازادیدایە و جگە لە خەسڵەتی

ڕەخنەگرانەی دەبێ بتوانێ ناوەندەکانی پووکانەوەی (decaderce) فکری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا دەستنیشان بکا و توانای ئەوەی هەبێ (لە ئاستی تاک یان کۆمەڵدا) ئەو شتەی لە فەلسەفەدا سنووربەزاندنی (transgression) پێدەڵێن، دیاری بکا.

ئاوەز دیاردەیەکی پلۆراڵە و جەوهەرێکی هاوچەشنی نییە، هەربۆیەش عەقڵی سیاسی (ئەگەر پێناسەیەک لەم چەمکە هەبێ) دەبێ لە چوارچێوەی ئێستا و لە بواری کارکرد، پراکتیک و دیسکۆرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بێت. عەقڵێ کە خۆی لە دەرەوەی ئەم پراکتیکە کۆمەڵایەتییەدا ببینێ، ناتوانێ عەقڵێکی مێژوویی بێت، ئەم چەشنە پێناسە جیاوازانە لە ئازادی و ئاوەز دەتوانن ببنە ئامرازێک بۆ ڕەخساندنی تەفسیرێکی جیاواز لە مۆدێرنیتە. کاتێ من جەخت دەخەمە سەر بنەمای پلۆرالیستی ئازادی و ئاوەز و دژی ئەوە ڕادەوەستم کە ئەم دوو ئەسڵە بنەمایەکی مێژوو بەدەر و هاوشێوەیان هەبێ (بۆ وێنە وەک مارکسیزم و لیبرالیزم) مەبەستم پرۆپاگەندەکردن بۆ لیبرالیزم نییە. بە پێچەوانە ئەوەی من مەبەستمە، جیاوازییەکی جیددی لە تەک لیبرالیزمی فیکریدا هەیە. با بەر لەوەی بچینە سەر مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی، هەندێ ئەم خاڵە ڕوون کەینەوە.

لیبرالیزم هەمیشە پلۆرالیزم وەک فاکت (واقیع) دەبینێ، فاکت بوونێکی مەوجوودە. فاکت یان واقیع لە باری فەلسەفییەوە باسی بوون (existence) دەکەن، بەڵام هەرگیز باس لە بوونایەتی (being) وەک ڕەوتێک ناکەن. کە من باسی پلۆرالیزم دەکەم مەبەستم پلۆرالیزمێکە کە بوون بەشێوەی ڕەوت دەبینێ. جیاوازیی بوونایەتی و بوون لەوەدایە کە لە بوونایەتیدا دەتوانین دیاردەکان لە پێوەندییەکی هاووێنەیی و جیاوازیدا (identity & difference) ببینین (هەروەک پێشتر من لە باسەکانمدا ئاماژەم پێکردووە). ئەگەر ئێمە باس لە پلۆرالیزم دەکەین، نابێ وەک فاکتێکی (واقیعێکی) کۆمەڵایەتی و سیاسی، جەخت بکەینە سەر ئەم پلۆرالیزمە، بەڵکو دەبێ ئەم پلۆرالیزمە وەک ڕەوتێکی بوونایەتی ببینین، ڕەوتێک تێیدا نە تەنیا ئامادەیی (حوزور) پێشان دەدەرێ، بەڵکو دەربڕی نائامادەیی (غەیبەت)یشە. بۆیە بوون ناتوانێ خۆی لە خۆیدا وەک واقعێک، هاوکات ئامادەیی و نائامادەیی (حوزور و غیابی) دیاردەیەک بەیەکەوە پێشان بدات، یاخود ئەگەر حوزوری دیاردەیەکی پێشان دا، غەیبەتی دیاردەی بەرانبەریشی پێشان بدات. بۆیە تەنیا پلۆرالیزمێکی دیموکراتیک ئەو پلۆرالیزمەیە کە دەتوانێ ڕێزی جیاوازی بگرێ و جیاوازی بکاتە بنەمای چالاکی و کاری خۆی. ئەوە جیاوازییەکە نێوەڕۆک و سنوورەکانی پلۆرالیزم دیاری دەکا. بەبێ ئامادەیی جیاوازی و پەسەندکردنی ئەم جیاوازییە هیچ چەشنە شوناسێک ناتوانێ بوونی هەبێ چونکو شوناس تەنیا و تەنیا لە جیاوازیدا لە پەسندکردنی ئەم جیاوازییانەدا مانا دەبەخشێ (جا ئەم شوناسە چ شوناسێکی نەتەوایەتی و چینایەتی بێ یان شوناسێکی جنسی و فەرهەنگی).

پلۆرالیزمێک کە نەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ ئەم شوناسانە و بۆ پەسندی ئەم جیاوازییانە، دەبێتە پلۆرالیزمێکی وەستاو و قەتیسماو. لەم چەشنە پلۆرالیزمە دەبێتە هەمان پلۆرالیزمی لیبرالی کە لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتیکەکاندا هەیە کە تێیدا بنەماکانی هاووڵاتییەتی بە گوێرەی تێگەیشتنێک لە شوناس دیاری کراون کە نێوەڕۆکیان لە بووندا وەک واقیعێکی وەستاو و هەند وەرگیراوە. ئەم چەمک و تێگەیشتنانە هەرگیز ناتوانن جیاوازییەکانی بەرامبەر و ناتەبایی دیاردەکان لە چوارچێوەی پلورالیزمدا پێشان بدەن(٥) بە کورتی پلۆرالیزم بەبێ پەسەندی جیاوازییەکان ناتوانێ بنەمایەک بێت بۆ شوناسی جیاواز و تەنیا دەتوانێ یەک شوناسی وێکچوو پەسند بکا کە پێناسەکانی دیکە دەبێ لەودا بتوێتەوە یاخود سەروەری ئەو پەسند بکەن و لەژێر ناو یان لەژێر سێبەری دەسەڵات و ڕەوایەتیی لەو شوناسەدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

ئەم تەفسیرە لە ئازادی و ئاوەز و پێوەندییان بە پلۆرالیزم و شوناسەوە (کە لەسەر بنیاتی هاووێنەیی و جیاوازی ساخ بۆتەوە. نەک لەسەر بنەمای ئامادەییەکی مەیبو و تەعبیرێکی واقیعگەرایانە لە بوون) دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی پتەو بۆ ڕەخنە لە دیموکراسی یان چەمکگەلی وەک کۆمەڵگای مەدەنی و بواری جەماوەری (Public sphere)یان یاساکانی هاووڵاتێتی. ئەگەر ئەو باسانەی سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێن، بکرێنە نێو قاڵبێکی نۆرماتیڤ کە خەسڵەتی مۆدێرنیتەیە، ناتوانن ببنە باسێکی دیموکراتیک. تەواوی ئەو تەعبیرانەی لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ بەشێوەیەک هەموویان دەگەڕێتەوە سەر ئەم تاریفە نۆرماتیڤەی مۆدێرنیتە (کە ڕیشەی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریدایە،

(ئەم باسانە سنوور و چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەم جۆرەی ئاماژەم پێکرد (یانی بەپێی ئامادەیی کە ناتەبایی و جیاوازی تێیدا نابیندرێ) دیاری دەکەن. بەم پێیە ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە هەرچەند دیموکراتیش بێت، ئەگەر نەتوانێ بنەمایەک بێت بۆ دەربڕینی جیاوازییەکان (نەتەوایەتی، ڕەگەزی، فەرهەنگی، چینایەتی و،...تاد)، ئەگەر نەتوانێ بنەمایەک بێت بۆ ڕێزگرتن لەم جیاوازییانە و پەسەندی مافە جۆر بەجۆرەکانی شوناسە جیاجیاکان، هەرگیز ناتوانێ ببێت بە کۆمەڵگایەکی دیموکرات.

لەم گۆشەنیگایەوە پێوەندیی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە لە تەک دەسەڵاتی سیاسیدا تووشی گرفتێکی جیددی دەبێت، چونکە لە پێناسە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا (کە زۆربەیان پێناسەیەکی دامەزراوەیین، واتە ئەمانە ئەم کۆمەڵگایە وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەتدا دەبینن) جەخت دەکرێتە سەر ڕۆڵی یاسا و حکومەتی یاسا. بۆ وێنە لە تەعبیری ڕۆشنبیرانی ئایینی ئێراندا، جەختی سەرەکی دەکردە سەر حکومەتی یاسا و یاساییبوون، لە حاڵێکدا زۆربەی ڕۆشنبیرانی نائایینی ڕێگایەکی تر هەڵدەبژێرن و جەخت دەکەنە سەر سەربەخۆیی ئەم دامەزراوانە لە دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت)دا. بە ڕای من هەردووکی ئەم فیکرانە تووشی هەندێ گرفتن کە سەرچاوەیان لە چەشنە تێگەیشتنێکی تایبەت لە مۆدێرنیتەدایە.

کۆمەڵگای مەدەنی لە فەلسەفەدا تەنیا میتافۆرێکە (Metaphor) ئەوە شتێ نییە کە بکرێ دەستی لەسەر دانێی و بڵێی لێرەوە تا ئێرە کۆمەڵگای مەدەنییە (سنوورەکانی دیاری بکەی) کۆمەڵگای مەدەنی میتافۆرێکە، کە سنوور و چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی پێشان دەدا. ئەگەر ئێمە سەرنجی ئەو پێناسە بدەین، دەبینین کە چوارچێوە و مەودای دەسەڵاتێکی سیاسی (بەگوێرەی ئەو پێناسانەی لە ئازادی و ئاوەزمان کرد) تووشی ئاڵۆزییەکی زۆر دێت. ئازادی ناکرێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا ببیندرێ، بۆیە ئەگەر ئێمە پێمان وابێ کۆمەڵگای مەدەنی بنەما یان پێگەیەکە بۆ ئازادی کە تێیدا ئازادی بە دیسکۆرسی پێشکەوتن نەبەستراوەتەوە و لە ئامانجدارێتییەکی میتافیزیکی ڕزگاری بووە، دەبێ بڵێین کە پێوەندی دەسەڵاتی سیاسی لە خودی کۆمەڵگای مەدەنی و لە تەواوی دامەزراوەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە، کەوایە ئێمە ناتوانین هیچ کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسادا وێنا کەین (کاتێ یاسا زاڵە، بەم مانایەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لەژێر دەسەڵاتی ئەم یاسایەدایە). ئەم ئازادییە دیاردەیەکی نەرێنی و نێگاتیڤ نییە کە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا بێت و شوناسی خۆی لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵات وەرگرێ، بەڵکو ئازادییەکە کە لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدایە و شوناسی خۆی لەم پێوەندییەدا دەبینێ. جەختکردن لەسەر ئەوەی کە ئازادی دەبێ ڕەتکردنەوەی دەسەڵات بێت، یان ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا بێ، باسێکی بەرفرەوانی سیاسی دەکاتەوە، ئەم باسەش تەنیا باسێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو زۆر لایەنی کردەوەیی و سیاسی هەیە، ئازادی بەبێ و (لە دەرەوەی) دەسەڵاتی سیاسی شیاوی لێکدانەوە و تێگەیشتن نییە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی چوارچێوە و بوارێکی جوگرافی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی لە پراکتیکە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتیدا دەبیندرێ و هیچ هاووێنەییەکی جەوهەری لە دەرەوەی پێوەندییە ئامادەکانی کۆمەڵگادا نییە. ئازادی نەرێتی و نێگاتیڤ، ئەساسێک نییە کە بتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و ڕادیکاڵ کە لەوێدا پلۆرالیزم بوونایەتییەکی زاڵی ببێت. ئازادی نەرێتی و ئەو واقیعەتە وەستاوەی (Static) کە بەو بەستراوەتەوە، ناتوانێ هەلومەرجی پێویست بۆ دەربڕینی جیاوازی و ناوێکچوویییە سیاسی، فەرهەنگی، ئێتنیکی و نەتەوەییەکان برەخسێنێ و ئامادەیی چالاکانە و کاریگەری ئەم ناوێکچووییانە لە ڕەوتی سیاسەتی دیموکراتیکدا دەستەبەر بکا. دیارە ئەم چەشنە تێگەیشتنە (بوونایەتییە) لە ئازادی و ڕەوتی سیاسەتی دیموکراتیدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی تایبەتە لە هاوڵاتییەتی، کە بتوانێ ئەم بوونایەتییە دینامیکییە dynamicی هاووێنەیی، جیاوازی لە پێوەندییەکی نەوەستاو و بزاقمەند (Fluid) لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا پێشان بدا.

ئەگەر سەرنج بدەینە چەمکی هاوڵاتییەتی (نە تەنیا لە ئێران، بەڵکو تەنانەت لە بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیادا) دەبینین یەکێ لە ئامانجەکانی ئەو خەباتەی لەم وڵاتانەدا هەیە ئەوەیە کە ئەم چەمکە (هاووڵاتییەتی) بتوانێ بەشێوەیەکی دیکە جیاوازی و شوناسە جیاوازەکان پێشان بدات. واتە بە گوێرەی پێناسەیەکی تازە، ڕێزی جیاوازییەکان بگرێ و مافی

شوناسە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یاساکانی هاوولاتیدا بە ڕەسمییەت بناسێ. کە وایە هیچکام لەم خەبات و ئەم گـۆڕانکارییـانە (چ فکری و چ سـیـاسی) خـۆیان لە دەرەوەی دەسەلاتدا نابینن، ئەو ئازادییەی ئەوان خەباتی بۆ دەکەن، ئازادییەکە لە چوارچێوەی زەمانی ئێستادا کە حاڵەتی ململانێ و ناتەبایی تێیدا پەرەی پێدەرێ، نەک ئازادییـەک کـە دەیەوێ لە پێـوەندی لە تەک مـەبەست و ئامانجێکی دەرەوەی ڕەوتی مێژوودا بە رزگاری بکا.

من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو ڕێگایەی باسم لێ کرد، تاکـە ڕێگای دارشـتنەوەی پرۆژەی مـۆدێرنیـتـە و سـاخکردنەوەی پێـوەندیی نێـوان ئاوەز و ئازادییـە، پێوەندییـەک کـە بکرێ لە چوارچێوەی بیـری سیـاسی و ئەندێشـەی فەرهەنگی و فەلسـەفیدا بگونجێت و ببێتە پێگەیەک بۆ خەباتێکی نوێی فکری.

**پەراوێزەکان:**

١- واتە لەجیاتی ئەوەی بڵێ پێوەندیی نێوان ئازادی و ئاوەز ڕۆحی زەمـان دیاری دەکـات، دەڵێ کـە نەبوونی ئەم پێـوەندییـە نێـوەرۆکی ئەم زەمانە پێک دێنێت و لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا پێوەندییەک کە لەنێوان ئازادی و ئاوەزدا نابێت.

٢- چەمکی پێـشـکەوتن نابێ بە مـانای ڕۆژانەی وەرگـیـرێت. ئەم چەمکە گـرینگـیـەکی فـرە زۆری بۆ تێگەیشتن لەو باسـانە هەیە کـە سەبارەت بە مۆدێرنیـتـە دەکرێت. پێشکەوتن بەمانا فەلسەفییەکەی، ئاماژەیەکە بە پێـشـکەوتـن لە چوارچێـوەی ڕەوتێکی ئامـانجـدارانەی مێژوویی. واتە پێشکەوتن لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا و بەدوای ئەواندا، هەمیشە وەک ئامانجێکی مێژوو دانراوە (واتـە مـێـژوو خـۆی ئـوتۆمـاتـیک بەرەو پێـشـکەوتـن دەڕوات)، بۆیە ئێـمـە، بۆ ئەوەی بتـوانین پێـوەندییـەکی دیکە لەنێـوان ئازادی و عـەقـڵـدا دروست بکەین، دەبێ تێگەیشـتنێکی ئەوا ڕەت بکەینەوە کە تێیدا پێشکەوتن هەمیشە ئامانجی مێژووە.

٣- sucirce or subjercrry: مـــــەبەست لـە سـووژە هەمـان هەڵگری (bearer) وشیـاری مـێژوو، سیاسەت و فـەرهەنگە، سووژە سەربەخۆ و خۆ خوڵقێنەر نیـیــە، بەڵکو بەرهەمی دەسـەلاتە و کــردەوەکـانی ئامـانجـدارانەی سووژە چ لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی بێت یان نەبوونی ئازادیدا هەر لە ڕۆشنایی پێـوەندییـەکـانی دەسەلاتی شیاوی شیکردنەوەن.

٤- دیارە ئەو ڕەخنەیە ئامانجێکی تایبەتی هەیە و ئەم ئامـانجـەش سنووری چاوەڕوانی مۆدێرنیـتە و فەلسـەفەی ڕۆشنگەری دەپەڕێنێ کـە لەودا پێـیـان وابوو بیـری ڕەخنەگرانە، ڕوحی ئازادی تەعبیر دەکرد.

٥- بۆ وێنە سەیرێکی ناوەرۆکی هاوولاتی لە ولاتێکی وەک ئەڵـمـان و گـرفـتـەکـانی ئەم چەمکە بکەن کـە بۆ شوناسە جیاوازەکانی کەسانی دیکەیان ساز کردووە کە ئەتنێتییەکی (قەومییەتێکی) جیاوازیان هەیە؛ یاخود سەیری باری ژنان و یاساکانی باجی [ئەو ولاتانە] بکەن کە بەشێوەیەک پێوەندی بە مەسەلەی پێناسەوە هەیە. ئەم چەشنە پلورالیزمە ناتوانێ خۆی لەم حاڵەتی قەتیسماوە دەرخـات کـە لە مـۆدێرنیـتـەدا هەیە. هەر ئەم چەشنە پلورالیزمەشە کە ئێستا لە ڕۆژئاوادا کەوتۆتە بەر ڕەخنەی جیـددییـەوە و ئەم چەشنە تەعـبیـرەی کـە من لێـرە باسم لێکرد، شوێنێکی تایبەتی لەم باسەدا هەیە.

**«ئەنجوومەنی فەرهەنگی دیهخودا» کۆڕێکی بۆ عەباس وەلی لەژێر سـەردێڕی «مـۆدێرنیـتـە و ئاوەزی سیـاسی» لە شاری بەرلینی ئەڵـمانیا لە فێبرواری ساڵی (٢٠٠٠)دا پێکهێنا. ئەم کۆڕە بە زمانی فارسی پێشکەش کرا و ئەم وتارە دەقێکی ئامادەکراوی ئەم کۆڕەیە.**

# بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

ئیڤانس بریتچارد
و/ دیار عەزیز شەریف

(۱ - ۲)

لەم وانەبێژییانەدا هەوڵدەدەم وێنەیەکی گشتیتان لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە پێبدەم، لێرەدا من درک بەوە دەکەم کە تەمومژییەکی زۆری ئەو بابەتە لای ئەو خوێنەرانەش هەیە کە زۆر دەخوێننەوە، بەشێوەیەک لەوانەیە ناوەکەی لە زەیندا پەیوەستگیرییەکی تەمومژاوی نادیار بورووژێنێت، ئەویش، یان ئەوەتا لەبارەی مەیمونی باڵا و جومجومەکانە، یانیش لەبارەی دروشمگەلێکی نامۆ و خورافاتی سەیروسەمەرەیە کەوا وەحشییەکان پەیڕەوی لێدەکەن، بەڵام باوەڕم وایە هیچ ماندووبوونێک نابینمەوە لە باوەڕهێنانتان بەوەی کە هیچ بەهانەیەک بۆ ئەو پەیوەستگیرییانە نییە. خستنەڕووی ئەو بابەتەش لەژێر کاریگەری ئەو درکپێکردنەدایە، بەمەش گریمانی ئەوە دەکەم کە هەندێکتان هیچ شتێک لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە نازانن، هەندێکی تریش وێنای شتێکیان بۆی هەیە کە لەبەر هەر هۆیەک بێت وێنایەکی دروست نییە. هەرچی ئەوانەی هەندێک مەعریفە و شارەزاییان بەو بابەتەوە هەیە ئەوا هیوام وایە ببەخشن لەوەی کە دەمەوێ بەشێوەیەکی گشتی و سانا و سەرەتایی بابەتەکەم پێشکەش بکەم.

لەم وانەبێژییەدا بواری گشتی بابەتەکە دەستنیشان دەکەم، پاشان لە وانەبێژی دووەم و سێیەمدا پەرەسەندنی تیۆری ئەو زانستەی بەدوادا دێت، لە وانەبێژی چوارەمدا گفتوگۆی ئەو لایەنەی توێژینەوە دەکەین کە بەتوێژینەوەی مەیدانی، یان توێژینەوەی کێڵگەیی ناودەبرێت، دواتر لە وانەبێژی پێنجەمدا پەرەسەندنی تیۆری و توێژینەوەی مەیدانی لە یەکتری جیادەکەینەوە بەئاماژەدان بە هەندێک توێژینەوەی نوێ، پاشان لە وانەبێژی کۆتاییدا لەبارەی پێوەندی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەکاروباری کردارەکی قسەدەکەین. ئەو وانەبێژییانە-بەپێی توانا- لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا کورت دەکەینەوە، بۆئەوەی ئاستەنگەکان بەلاوە بنێین کە ڕەنگە بێنە سەر ڕێگەی باش نمایشکردنەوە، ئەگەر من بمەوێت لەبارەی پەرەسەندن و پێشڤەچوونی ئەو زانستە لە ئەوروپا و ئەمریکادا بدوێم ئەوا ناچاردەبم بە کورتی و جەختکردنێکی توند، بەوەی خۆدانە پاڵ هەمەکی و وەرگرتن ئەوەمان بۆ قەرەبووناکاتەوە کە لەلایەنی ڕوون و ئاشکرایی و بەردەوامییەت لەدەستی دەدەین.

ڕەنگە ئەو دەستنیشانکردنە لێرەدا بایەخێکی مەزنی نەبێت وەکو ئەوەی لە لقەکانی تری مەعریفە گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی پێشڤەچوونی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ و جیاوازە لە پێشڤەچوونی هەمان زانست لە وڵاتانی دیکەدا. بەهەرحاڵ - لەهەر شوێنێک پێویست بکات - ئاماژە بەنووسین و ڕووگە بیانییەکان دەکەم کە

بەشێوەیەکی ڕوون کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەی زانایانی ئینگلیزییەوە هەبوویێت. تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەش سانا نییە ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و میتۆدەکانی بەشێوەیەکی ڕوون و سادە جیابکەینەوە، لەبەرئەوەی تائێستا خودی ئەنترۆپۆلۆژستان لەسەر ئەو مەسەلانە ڕێک نەکەوتوون. ڕاستە لێرەدا ڕێککەوتنێکی گەوهەری لەسەر زۆربەی مەسەلەکان لەئارادایە، بەڵام تا ئێستاش ڕاوبۆچوونەکان لەبارەی هەندێک پرسی ترەوە دژکاریی یەکترن، ئەو ڕاوبۆچوونانەش مەیلی-هەروەکو زۆرجار لە زانستە نوێیەکان ڕوودەدات- چوونە ناویەک و پەیوەستگیرییان لەگەڵ کەسێتی خاوەنەکانیاندا هەیە، چونکە زانایان زیاتر لە کەسانی تر ئارەزووی ئەوەیان هەیە خودی خۆیان لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕاوبۆچوونەکانیاندا ڕێکبخەن. پەسەندکردنی کەسێتیش- کە پێویستە دەربرێت- هیچ ئەنجامێکی خراپی لێناکەوێتەوە ئەگەر بەڕاشکاوی بخرێتە ڕوو، هەرچی تەمومژی و نادیارییە ئەوا زۆر زیان دەگەیەنێت. هەروەها دەسکەوتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تائێستا زاراوەگەلێکی زۆر سنووردارە، بەوەی زاناکانی ئەو بوارە ناچارن ئاخاوتنی ئاسایی بەکاربێنن، ئەمەش-هەروەکو هەموومان دەزانین- تەواو ورد نییە، بۆ نموونە وشەی (کۆمەڵگا)، ، یان (کولتوور)، یان (عورف)، یان (ئایین)، یان (پاداشت)، یان (فرمان)، یان (سیاسی)، یان (دیموکراتی) هەمیشە هەمان مانا لای تاکەکەسە جیاوازەکان، یان هەڵوێستە جیاوازەکان ناگەیەنێت. ڕەنگە لە توانای ئەنترۆپۆلۆژستاندا هەبێت کە بتوانن زاراوەگەلێکی نوێ بێننە ناوەوە، یان مانای هونەری سنووردار ببەخشنە وشەگەلی ئاسایی، بەڵام سەبارەت بەلایەنی ئاستەنگی هەڵگرتنی هاوڕێکانیان لەسەر قبوولکردنی ئەو زاراوانە و ڕازیبوون لەسەری ئەوا ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا کتێبە ئەنترۆپۆلۆژییەکان پڕدەکات لە زمان و زاراوەگەلی تایبەت کە جگە لە پسپۆڕانی ئەو بوارە کەسێکی تر تێیان ناگات. ئەگەر لەنێوان نادیاری زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و تەمومژی زاراوەکانی پسپۆڕەکان ڕووبەڕووی هەڵبژاردن ببینەوە ئەوا بێگومان تووشی زەرەرمەندی دەبین، واتە سەبارەت بەزمانی ئاسایی، چونکە بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیا بایەخ بەهەموو خەڵک دەدات نەوەک تەنیا زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان.

وشەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ئینگلتەرا- تارادەیەکیش لە ئەمریکا - بەمانای یەکێک لە لقەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی بەکاردێت کەوا توێژینەوەی مرۆڤ دەکات لە کۆمەڵێک لایەنی جیاوازدا. ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە کولتوور و کۆمەڵگا مرۆییەکان. هەرچی لە ئەوروپایە ئەوا زاراوە و ناوی تری بۆ بەکاردەهێنرێت. کاتێک لێرە خەڵک لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە دەئاخڤن - کە بەڕوانینی ئینگلیز توێژینەوەیەکی گشتییە بۆ مرۆڤ - ئەوا مەبەستیان ئەوەیە کە لە ئینگلتەرا بەئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی ناونراوە، بەمانایەکی تر توێژینەوەی مرۆڤ لەلایەنی بایۆلۆژییەوە. هەرچی ئەوەی کە ئینگلیز بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن ئەوا لە ئەوروپا بەناوی ئەتنۆلۆژیا، یان سۆسیۆلۆژیا ناسراوە. تەنانەت لەخودی ئینگلتەراش دەربڕینی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تا سەردەمی نوێ بەکارنەهێنراوە. ڕەنگە بابەتێک لەژێر ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، یان ئیتنۆلۆژیا لەساڵی (١٨٨٤)ەوە لە ئۆکسفۆرد خوێنرابێت، وە لەساڵی (١٩٠٠) لە کیمبریج، لەساڵی (١٩٠٨) لە زانکۆی لەندەن. یەکەمین کورسی زانکۆیی کە هەڵگری ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بووبێت، کورسی مامۆستایەتی شانازی بێت کە بەڕێز جیمس فریزر وەریگرتبێت لە زانکۆی لیڤرپول لەساڵی (١٩٠٨)، پاشان ئەو بابەتە بەشێوەیەکی فراوان نەناسرا هەتا لە ئێستادا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەژێر ئەو ناوە لەژمارەیەکی زۆری زانکۆکانی بەریتانیا و دومنیۆن دەخوێندرێت.

ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لقێک بێت لە ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ لقەکانی تری ئەنترۆپۆلۆژیادا دەخوێندرێت، واتە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و ئەتنۆلۆژیا و شوێنەوارزانی بەر لە مێژوو، هەندێک جاریش لەگەڵ زمانناسی گشتی و جوگرافیای مرۆیی. بەڵام ئەو دوو بابەتەی دوایی لە میتۆدەکانی خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، یان دیپلۆم لە بەریتانیا کەم دەردەکەون، لەبەرئەوە لێرەدا قسەیان لەبارەوە ناکەین، هەرچی پەیوەستە بەئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی کە لەڕاستیدا لەئێستادا پێوەندییەکی وای بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەو قسەیە وازدێنم کە لقێکە لە بایۆلۆژیای مرۆیی، ئەو لقە بایەخ

دەدات بەتوێژینەوەی مەسەلەی دیاریکراوی وەک بۆماوە و خواردن و جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەکە و توێکاری بەراوردکاری و فسیۆلۆژیای ڕەچەڵەکە مرۆییەکان و تیۆری پەرەسەندنی مرۆیی.

ئەتنۆلۆژیا بەنزیکترینی ئەو زانستە دادەنرێت لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، هۆیەکەشی لەوەدایە کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی -وێڕای باوەڕیان بەوەی توێژینەوەکانیان بایەخ دەدات بەهەموو کولتوور و کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ کولتوور و کۆمەڵگای ئەورووپیش- ئەوا لەبەر زۆر هۆ کە لەدواییدا ئاماژەی پێدەدەین بەزۆری بایەخدارن بەتوێژینەوەی کولتوور و کۆمەڵگا بەراییەکان، ئەمەش هەمان ئەو گەلانەیە کە زانایانی ئەتنۆلۆژیا لێی دەکۆڵنەوە، کە لێیەوە بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە دەست خستنە ناویەک لەنێوان دوو زانستەکەدا بوونی هەیە. بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ڕەچاوکردنی ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی ئەتنۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی توێژینەوەی هەمان چین لە گەلان دەکەن، ئەوا لەو توێژینەوانەدا مەبەستی زۆر جیاواز لەیەکتری دەپێکن، لەبەرئەوە دەبینین وێڕای نەبوونی جیاکارییەکی دابڕاو لەنێوانیاندا لە ڕابردوودا ئەوا لەئێستادا بوونەتە دوو زانستی سەربەخۆ و هەریەکەیان بەتەواوی لەوی تر جیابووەتەوە. لەئێستادا کارەکانی ئەتنۆلۆژیا لە پۆلینکردنی گەلان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و جیاکارییە ڕەچەڵەکگەری و کولتوورییەکانیان وەستاوە، هەروەها تەفسیرکردنی ئەو دابەشبوونەیە لە ئێستادا-یان لە ڕابردوودا - وەک دەرەنجامێکی بزاوتنی ئەو گەلانە و تێکەڵاوبوون و بڵاوبوونەوەی کولتوورەکانە.

پۆلینکردنی گەلان و کولتوورەکانیش بەهەنگاوێکی سەرەتا دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی بەراوردکارییەکان کە ئەنترۆپۆلۆژستەکان لەنێوان گەلانی سەرەتایی ئەنجامی دەدەن. شتێکی سوودمەند و بایەخداریشە ئەگەر پێویستیش نەبێت، دەستکردن بە بەراوردکرنی گەلان کە ئینتیما دەکەن بۆ ئەو شتەی کە لەمێژە (باستیان) ناوی ناوە (ناوچە جوگرافییەکان). بەهەرحاڵ کاتێک زانایانی ئەتنۆلۆژیا هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی مێژووی گەلانی سەرەتایی دەدەن، ئەوانەی بەڵگەنامە و دوکۆمێنتی مێژوویی پێویستیان لەبارەوە لەبەردەستدا نییە، ئەوا ئەو زانایانە ناچار دەبن هانا ببەنە بەر دەرەنجامە دژکارەکانیان بۆئەوەی بە دەرەنجامەکانیان بگەن کە لەو حاڵەتەشدا ناکرێ زیاتر خەملاندن بەشتێکی تری دابنرێت. زۆرجاریش وا ڕوودەدات کە ژمارەیەکی زۆر لە گریمانەی جیا جیا- تەنانەت دژکاری یەکیش- دادەنرێت لەسەر هەمان ئەو زانیاریانەی کەوا پێی گەیشتوون. کەواتە ئەتنۆلۆژیا بەمانای تێگەیشتنی مێژوو نییە، چونکە مێژوو تۆماری ئەو ڕووداوانە ناکات کە «لەوانەیە» لە ڕابردوو ڕوویاندابێت، بەڵکو تۆماری ئەو ڕووداوانە دەکات کە (بەڕاستی) ڕوویانداوە، هەروەها مێژوو تەنیا بەتۆمارکردنی ڕووداو ناوەستێت، بەڵکو باسی ئەوەش دەکات چۆن و کەی ڕوویداوە، زۆرجاریش هۆکاری ڕوودانی دیار دەکات. لەپێناو هەموو ئەوانەشدا، بەڕوانینی ئەوەش کە ئەتنۆلۆژیا توانای ئەوەی نییە ڕووبەڕێکی فراوانمان لەسەر ڕاستیگەلێکی تەواو لەبارەی ژیانی ڕابردووی سەرەتاییەکان پێبدات، ئەوا گریمانە تیۆرییەکانی- نەوەک پۆلینکارییەکان کە پێی هەڵدەستێت- سوودێکی کەمی بۆ ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

ئەرکیۆلۆژیای بەر لە مێژوو بەلقێکی ئەتنۆلۆژیا دادەنرێت لەڕووی ئەوەی -وەک ئەو- دووبارەکردنەوەی پێکهاتی مێژووی گەلان و کولتوورەکانە بەهانابردن بۆ پاشماوە و پاشماوەکانی مرۆیی و کولتووری کە لێیەوە کردارەکانی هەڵکۆڵین و هەڵدانەوە لە پاشماوەی جیۆلۆجی دەدۆزرێتەوە، هەروەها بەگوێرەی پشت بەستن بە بەڵگە دژکارەکان. ئەو سوودەی کە دەکرێ ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لەو زانستەی دەربێنن، سوودێکی سنووردارە، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە زانیارییەکی زۆریان لەبارەی ئەو بابەتانەوە پێبدات کەوا بایەخی پێدەدەن، واتە بیروباوەڕ و سیستەمی باو لای گەلانێک کەوا ئەو زانستە هەڵساوە بەدۆزینەوە و پۆلینکردنی لەسایەی ئێسک و کاڵاکانیان. دواجار تەکنۆلۆژیای بەراوردکاری، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای گەلانی سەرەتایی لقێکی دیکەی ئەنترۆپۆلۆژیا پێکدێنن و بە نەریتیش توێژینەوەکەی پەیوەستە بەئەتنۆلۆژیا و بەر لە مێژوو.

هەرچی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە ئەوا کار و ئامانجی زۆر لەوە جیاوازترە، ئەو زانستە توێژینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات کە بە نەریت شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان و سیستەمی خزمایەتی و ڕێکخستنی سیاسی و ئیجرائاتی یاسایی و پەرستنە ئایینییەکان و ئەوانی تر دەگرێتەوە، هەروەکو توێژینەوەی

پێوەندی نێوان ئەو سیستمانە دەکات، ئینجا لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بێت، یان کۆمەڵگا مێژووییەکان کەوا زانیاری گونجاومان لەو جۆرەدا لەبەردەستدایە و دەکرێ بەنموونەی ئەو توێژینەوانە هەڵبستین.

بۆ نموونە ئەوەتا دەبینین کە توێژێکی دیاریکراو لە داب و نەریتەکان کەوا یەکێک لە گەلان پەیڕەوی لێدەکەن -کاتێک لەسەر نەخشەی دابەشکردن جیادەکرێتەوە- بایەخێکی تایبەتی بۆ زانای ئەتنۆلۆژی دەبێت، لەبەرئەوەی لەسایەیەوە بەڵگەی لەسەر بزاوتنی سولالات و ڕەگەزەکان، یان کۆچکردنی کولتوور، یان پێوەندیکردنی ئەو گەلانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان لە ڕابردوودا، دەستدەکەوێت. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتییە ئەوا بایەخ بەو دابانە دەدات کە بەشێکە لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی لای ئەو گەلانە بەتەنیا و بەتایبەتی لە ساتی ئێستادا، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدات کە ئەگەرهاتو ئەو دابانە لەبنەچەدا خوازراو بێت لەگەلێکی دیکەوە بەتایبەت نەتوانێت بەتەواوی دڵنیابێتەوە لەسەر ڕوودانی خواستنەکە بەکردەکی، تەنانەت ئەگەرهاتو لەوەش دڵنیابووەوە، ئەوا نازانێت کەی و چۆن و بۆچی ئەو شتە ڕوویداوە. نموونەش لەسەر ئەوە هەندێک گەلانی ئەفریقیا خۆر بەسیمبۆلی خواوەند دادەنێن، لەوکاتەش زانای ئەتنۆلۆژیا لەو شتە بەڵگەیەکی دەستدەکەوێت و ئاماژە بەکاریگەریی میسری کۆن لەسەر ئەو گەلانە دەکات، هەرچی زانای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە کە درک بەزەحمەتی دڵنیابوون لە ڕاستی و ناڕاستی ئەو گریمانەیە دەکات، ئەوا بەشێوەیەکی تایبەت بایەخ دەدات بە پێوەندیی ئەو سیمبۆلە خۆرییە بەکۆی سیستمی بیروباوەڕەکان و پەرستنە باوەکان لەوێدا. لەسەر ئەمەش هەریەکە لە ئەتنۆلۆژست و ئەنترۆپۆلۆژستان پشت دەبەستن بەهەمان زانیاری ئەتنۆگرافی، بەڵام هەریەکەیان ئەو زانیارییانە بۆ مەبەستگەلێکی جیاواز لەیەکتر بەکاردێنن.

دەکرێ خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیا لە زانکۆکان بە سێ بازنەی یەکتربڕ بنوێنین، توێژینەوە بایۆلۆژی و توێژینەوە مێژوویی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەکان بەبەردەوامی، کەچی بەشە هاوبەشەکانی لە ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و ئەتنۆلۆژیا (لەگەڵ شوێنەوارناسی بەر لە مێژوو و تەکنۆلۆژیای بەراوردکاری) و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو سێ زانستە ئەنترۆپۆلۆژییە هەموویان لە توێژینەوەی مرۆڤی سەرەتایی هاوبەشن، بەڵام وەک دەبینین ئامانج و میتۆدی جیاوازیان هەیە. ئەگەر ئەو سێیە -بە پلە و ڕێژەی جیاواز- لەگەڵ یەکتری لە زانکۆکان بخوێندرێت، هەروەها ئەگەرهاتو بەیەکەوە لە پەیمانگای پادشایی ئەنترۆپۆلۆژی نواند ئەوا لەڕاستیدا ئەمە بۆ هەمان بارودۆخ و ئاڵۆزی مێژوویی دەگەڕێتەوە کە تاڕادەیەکی زۆر پاش دەرکەوتنی تیۆری داروین لەبارەی پەرەسەندنەوە، گەشەی کرد، زیاتر لەوەی گەڕانەوە بێت بۆ تێفکرینێکی بەئانقەست بەنیازی دانانی نەخشەیەکی ورد بۆ توێژینەوە.

ڕاستییەکەی هەندێک لە زانایان نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئەو دۆخە بەرجەستەکراوە پیشان دا، بۆ نموونە ئەو کەسانەی ئارەزووی پەیوەستگیرییەکیان دەکرد لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا، یان لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و ئەوەی بەزانستە کۆمەڵایەتییەکان ناونراوە، نموونەی سۆسیۆلۆژیای گشتی و ئابووریزانی و سیاسەتزانی بەراوردکاری، هەرچی بەشەکەی ترە داوای خوێندنی زانستی دیکە دەکەن لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیادا. مەسەلەکە ئاڵۆزە، بەهەرحاڵ ئێرە شوێنی ئەرگومێنتی ئەو مەسەلەیەی تێدا نابێتەوە. هەموو ئەو شتانەی دەکرێ لێرەدا بیڵێین ئەوا وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەوەستێت. لەم نێوەدا جیاوازییەکی گەورە لە ڕاوبۆچوون دەبینرێت لەنێوان ئەو زانایانەدا کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەزانستێکی سروشتی دادەنێن، لەگەڵ ئەو زانایانەی - نموونەی من- کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەزانستێکی مرۆڤایەتی دادەنێن. ڕەنگە ئەو جیاوازی و بەش بەشییە بگات بەتوندترین ئاست، لەوکاتەی مەسەلەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوو دەورووژێنرێت، بەڵام ئەو بابەتە بۆ وانەبێژییەکەی دوای ئەمە جێدەهێڵم، لەبەرئەوەی یەکەمجار پێویستە شتێک لەبارەی بەرەوپێشچوونی خودی زانستەکە لە قۆناغەکانی بەراییدا بزانین، تا بتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن ئەو دابەشبوونە لە ڕاوبۆچوون سەری هەڵدا.

بەکورتی ئەوە جیادەکەمەوە-بەڕێگەیەکی نەخشەئامێز کە هیچ ڕێیەکی تری نییە- ئاراستەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەک زانستێک کە لە زانکۆکان دەخوێندرێت مادامەکی بێشکەی ڕێگایەکەیە، تاڕادەیەکی زۆر، بەم

کارە دەتوانم لەئێستادا خودی خۆم بەتەواوی بەتەنیا بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەرخان بکەم، لەبەرئەوەی ئەوە ئەو بابەتەیە کە لێرەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، هەروەکو ئەوەی تاکە بابەتێکە کە جێی گفتوگۆکردنە. بەمەش کاتێک لێرە بەدواوە تەنیا لەبارەی (ئەنترۆپۆلۆژیا)وە دەدوێم بۆ ئاسانکارییە بەبێ ئەوەی وشەی (کۆمەڵایەتی) بەدواوە بنێم، پێویستە ئەمە زانراو بێت کە مەبەستم (ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی)یە.

باشتر وایە بەڕوونکردنەوەی دوو بابەتی یەک بەدوای یەکدا دەست پێبکەم: مەبەست لە گەلانی سەرەتایی چییە؟ لەبەرچی توێژینەوەی ئەو گەلانە دەکەین؟ پێش ئەوەی بەدرێژی لەبارەی ئەوەوە بدوێم کە لێی دەکۆڵینەوە. وشەی (سەرەتایی) بەو مانایەی کە لە نووسینە ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەکاردێت هەرگیز بەمانای ئەوە نایەت کە وا وەسف کرابن بەو سیفەتەی کە لە زەمەندا کۆنن، یان پێگەیەکی کەمتریان هەیە لەچاو جۆرەهای کۆمەڵگەی دیکەدا، شتێکی زانراوە ئەو کۆمەڵگایانە مێژوویەکی درێژیان هەیە لە درێژییەکەی هاوشێوەی مێژووی کۆمەڵگا ئەوروپییەکانە، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە لە هەندێک لایەن پێشنەکەوتوونە بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کەوا کۆمەڵگا ئەوروپییەکان پێشکەوتوونە، ئەوا لە واقیعدا لەلایەنی دیکەوە پێشکەوتوونە. بەمەش لەوانەیە وشەی (سەرەتایی) هەڵبژاردنێکی سەرنەکەوتوو بێت، بەڵام ئێستا بووەتە زاراوەیەکی فراوانی گوێگرتن و بڵاوبووەتەوە تا ئەو ڕادەیەی ناکرێ بەلاوەبنرێت.

لەم قۆناغەدا بەوە وازدێنین کە دەڵێین کاتێک ئەنترۆپۆلۆژستان ئەو وشەیە بەکاردێنن ئەوا مەبەستیان ئاماژەدانە بەکۆمەڵگا بچووکەکان لەلایەنی ژمارەی دانیشتووان، یان ڕووبەر، یان زۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەوا بەسادەیی هونەری دەستی و ئابووری و کەمی پسپۆڕێتی لە ئەرکی کۆمەڵایەتی جیادەکرێنەوە ئەگەر بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەراوردیان بکەین. هەندێک لە ئەنترۆپۆلۆژستان حەزی ئەوەیان هەیە بۆ ئەو بەراوردکارییە پێوانە و پێوەری تر زیاد بکەن گرنگترینیان نەبوونی کولتووری نووسین، دواتریش نەبوونی هەر هونەر، یان زانست، یان لاهووتێکی میتۆدییانەی ڕێکخراو.

زۆربەی جاران لەسەرمانە لایەنێکی گەورە لەکاتی خۆمان بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان تەرخان بکەین، لەکاتێکدا ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ نوێتر و بەسوودتر بێت، لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لەمەدا بردیتیانەوە، بەداگیرکردنی سەرنجی لێکۆڵەران بۆ توێژینەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە سەرنجی فەلسەفەکارانی سەدەی هەژدەیەمیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا بەو پێیەی کە ئەو کۆمەڵگایە نمایندەی دۆخێکی سروشتی دەکات کەوا گریمانی ئەوە دەکرێت پێش دروستبوونی سیستمی حکومەتی مەدەنی مرۆڤ تێیدا ژیابێت. هەروەها زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا لە سەدەی نۆزدەیەم بایەخیان پێدا لەبەر باوەڕبوونیان بەوەی کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەڵگە و شتی وایان تێدایە کە لە لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتییان دەدەن. دواتر ئەنترۆپۆلۆژستەکانی دوای ئەوانیش بایەخیان بەکۆمەڵگا بەراییەکان دا بەهۆی ئەوەی کە سیستمێکن لە سادەترین وێنەدا خۆیان دەخەنەڕوو، هەروەها میتۆدی تەندروست پێویستی بەپێشکەوتن و گواستنەوەیە لە توێژینەوەی سیستمە زۆر سادەکان بۆ سیستمە زۆر ئاڵۆزەکان تا لێکۆڵەر لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ هانا بباتە بەر ئەو شتانەی کە لە توێژینەوەکەی پێشوودا فێری بووە.

نرخی هۆیەکەی دواتر زیاد دەکات لە هۆیەکانی بایەخدان بەکۆمەڵگا بەراییەکان دوای دەرکەوتنی ئەوەی بە ئەنترۆپۆلۆژیای فرمانگەرایی دەناسرێتەوە. باوەڕبوون بەوەی کاری ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانە وەکو بەشگەلێکی هاریکاریی هاوپشت لە نەسەقی کۆمەڵایەتی بەرەو ئەو باوەڕەمان دەبات کە وا باشە توێژینەوەی ئەو کۆمەڵگایانە بکەین کە بەپلەیەکی بەرز لە سادەیی بونیاد و هاوگونجاوی کولتوور جیادەکرێنەوە، بەو مانایەی دەکرێ ڕاستەوخۆ وەک گشتێکی جیاواز تێبینی بکرێت. بەمەش بەر لەوەی لێکۆڵەر دەست بکات بەتوێژینەوەی کۆمەڵگا هاوچەرخە ئاڵۆزەکان کەوا توێژینەوەیان بەو ڕێگایە قورسە، هەروەها ئەزموون ئەو بەڵگەیەی پێداوین کە زۆر ئاسانە هەڵسان بەتێبینیکردن لە گەلانێک کەوا ئینتیمایان بۆ کولتوورەکانی تری گۆڕاو هەیە، لەبەرئەوەی جیاوازی لە شێوازی ژیان سەرنجت بۆ ئەو حاڵەتە کێش دەکات، هەروەکو یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتن بە تەئویلاتی بابەتییانە.

هۆیەکی تریش بۆ بایەخدان بەتوێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان لەکاتی ئێستادا ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایانە

بەخێراییەکی وا دەگۆڕێن کە پێویستی بەدەستپێشخەری هەیە بۆ توێژینەوە لێیـــان پێش ئەوەی کـات لەدەست بچێت. ئەو نەسەقە کۆمەڵایەتییانە کە لە ڕێگادایە بۆ ئاوابوون بەنموونەگەلێکی بونیادییانەی دەگمەن دادەنرێن کـە توێژینەوە لێی بەشـدارییـەکی ئەکـتـیڤ دەکـات لە تێگەیشتنی سروشتی کۆمەڵگای مرۆیی، لەبەرئەوەی ئەوەی گرنگە لە توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ سیستەمەکان ژمارەی کۆمەڵگا دیراسەکراوەکان نییە، بەڵکو مەودای هەمەجۆری و گۆڕانکاری ئەو کۆمەڵگایانەیە، چونکە ئەوانە لەخودی خۆیاندا لایەنی سەیروسەمەرەیان تێدایە کـەوا لە مـەعـریفـەی شـێـوازی ژیان خـۆی دەنوێنێت، هەروەها جۆری بەها و بیروباوەڕە باوەکان لای ئەو گەلانە کەوا دەژین و بەڕێوەدەچن بێ ئەوەی کـەمـترین پێدراوی ژیانی هاوچەرخیان لەبەردەستدا بێت.

کـەواتە ئێـمـە هەست بەوە دەکـەین کـە لەسـەرمـان پێویستـە هەڵسین بەتوێژینەوەی میـتۆدی ڕێکخراو بۆ ژمارەیەکی زۆری شیاو لەو کۆمەڵگا بەراییانە مادامەکی لەوێدا دەرفـەتێک بۆ ئەمـە لەئارادایە. لە ڕاسـتـیـدا ژمـارەیەکی زۆر لە کـۆمـەڵگا بەراییـەکـان هەنە کـە توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی پوختیان لەبارەیەوە نەکراوە تەنیـا ژمـارەیەکی کـەمی سنووردار نەبێت، لەبەرئەوەی نموونەی ئەو توێژینەوانە کاتێکی درێژی دەوێت، هەروەکو تائێسـتـاش ژمـارەی ئەنترۆپۆلۆژستـان بۆ ئەو مـەبەستـە سنووردارە، بەڵام سەرباری ئەوەی ئێمە کۆی بابەتەکانمان ئاراستەی کۆمەڵگا بەراییەکان کردووە، ئەوا ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم هەوڵـەمان بەتەنیا لە سنووری ئەو کـۆمــەڵگایانە دەوەسـتــێت. لە ئەمــریکا – کــە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لە زانکۆکـانـدا دەخـوێندرێت لەچاو ئیـمـپـراتۆریەتی بەریتـانـیـا- بەکـردار ژمـارەیەک توێژینەوەی بایەخـدار لەسەر کۆمەڵگا زۆر پێشکەوتووەکان کراوە، لە ئایرلەندا و ژاپۆن و چین و هیند و مـەکسیـک و کـەنەدا، تەنانەت لەخودی ویلایەتە یەکگرتووەکانیـشدا، ئەنتـرۆپۆلۆژستـە ئەمریکییـەکان بەو توێژینەوانە هەڵساون، یان ئەوانە لە ئەمریکادا پێگەیشـتـوون. لەوانەبێژی دواتردا یەک لەو توێژینەوانە پێشکەش دەکەم کەوا ئارنسبێرگ و کیمبۆل لە ئایرلەندای باشووردا ئەنجامیان داوە.

دواکەوتنی ئەنترۆپۆلۆژستە بەریتانییەکان لەو بارەیەوە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەنێوانیاندا کەمی ژمارەی پسـپـۆڕان و زۆری گـەلانی سـەرەتایی لە کـۆڵـۆنیـیـە بەریتـانـیـیـەکـان. لەم سـاڵانەی دواییـدا خـوێندکـارانی پەیمانگای ئەنتـرۆپۆلۆژیای کـۆمـەڵایەتی لە ئۆکـسـفـۆرد هەڵـسـان بەئەنجـامـدانی توێژینەوە لەسـەر کـۆمـەڵگا لادێنشـینـەکـان لە هیند و دوورگـەی هیندی خـۆرئاوا و تورکـیـا و ئیـسـپـانیـا، توێژینەوەی ڕەوەندی عـەرەب لە باکووری ئەفریقیا، هەروەها توێژینەوەیەک بە گوندەکان و ژیانی شار لە ئینگلتەرا.

لێـرە بزاوتێکی بەهێـز هەبوو بۆ توێژینەوەی کۆمـەڵگا مێژووییەکان لە گۆشەنیگای ئەنترۆپۆلۆژییەوە، سەرچاوە نووسراوەکانیش شوێنی تێبینی ڕاستەوخۆیان گرتبووەوە، هەندێک لە زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان خودی خۆیان هەڵسان بەئەنجـامــدانی ئەو توێژینەوانە، بەڵام ئەو بزاوتە لەو سـاڵانەی دواییـدا بەرەو لاوازی چوو، لەو توێژینەوانەش دانراوەکانی جیمس فریزر لەبارەی عیبرانییە کۆنەکان و لەبارەی هەندێک سـیـمـای کـولتـووری ڕۆمـانـی، نووسـینەکـانی ویلیـام ریدچوای و جـان هاریسـون لە بابەتەکانی هیلینی و نووسینەکانی ڕۆبێرتسون سمیس لەبارەی کۆمەڵگای عەرەبی کۆن، نووسینەکانی هیوبێرت لەبارەی مێژووی کلتیەکان.

دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی- بەهەرحاڵ لەلایەنی تیۆرییەوە- توێژینەوەی هەمـوو کـۆمـەڵگا مـرۆڤـایەتییـەکـان دەکـات نەک تەنیـا کۆمەڵگا سەرەتاییەکان. تەنانەت لەلایەنی پراکتیکیشدا کـۆی کـۆشـشـەکـانی لەئێسـتـادا- لەبەر ئەو هۆکـارانەی ئاماژەمان پێدا- بەرەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گـەلانـەی زۆر سـادە و سـاکـارن دەچێت، پێـویسـتـە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ناکرێ زانستێکی سەربەخۆی جیاواز هەڵسێت بەکورتکردنەوەی کۆششەکانی بەتەواوی لەسەر ئەو کـۆمـەڵگا سـادانە. لەگـەڵ ئەوەی ئەنتـرۆپۆلۆژست هەڵدەسـتـێت بەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە یەکـێک لە گەلانی سەرەتایی ئەوا ئەوەی کە لێی دەتوێژێتەوە زمان و یاسا و ئایین و سیستەمی سیاسی و ئابووری و شتی لەو جـۆرانەیە، واتە بایەخ دەدات بەهەمـان ئەو کـێـشـە و مەسەلە گشتیانەی کە پسپۆڕان بایەخی پێدەدەن. دواجار پێـویسـتـە ئامـاژە بەوە بکەین کـە زانای ئەنتـرۆپۆلۆژی کـاتێک هەوڵدەدات تێبـینیـیـەکـانی لەبارەی کـۆمـەڵگا سـەرەتاییـەکـان تەئویل بکات، ئەوا هەمـیـشـە بەراوردی دەکات –ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت- بەو شتانەی کە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا ئینتیمای بۆی هەیە.

# سایکۆلۆژیای جیاوازی تاک

نەوزاد کەلهوڕ
(سلێمانی)

جیاوازی تاک بەو جیاوازییانە دەگوترێت کە لەنێوان تاکەکاندا هەیە، لە هەمــوو لایەنەکانی ژیاندا وەکــو جــیــاوازی لەڕووی کــۆمــەڵایەتیــیــەوە، گــەشــەکــردن، هەڵچوون، ڕەفتار، زانستی... تاد.

زانا فرنیس جالتون (F Galton) لەساڵی ۱۸۸۳ز بۆ یەکەم جار هەڵسا بە چەند تاقیکردنەوەی ڕێکوپێک لەسـەر جــیــاوازی تاکــیــەتی، هەر بۆیە ئەم زانایە بە پێشەنگ و دامەزرێنەری سـایکۆلۆژیای جــیــاوازی تاکیەتی دەناسرێت.


لێکۆڵینەوەکــان سـەلماندوویانە کــە هیچ تاکــێک لەجیهاندا ڕێک ناکەوێت لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا لە سەدا سەد وەکو یەک بن، بەڵێ لە هەندێک خاسییەت و تایبەتمەندی کارکردن هەندێک تاک و کۆمەڵ سیفاتی هاوبەشیان هەیە وەکو کۆمەڵەی مامۆستایان لە ڕووی کــارکــردنەوە وێک دەچن یاخــود لە ڕووی ڕەنگەوە خەڵکانی ناوچە گەرمەکان وەکو یەک ڕەشن، بەڵام ناکرێت لە بوارەکانی تریشدا یاخود لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیشیان وەکو یەک بن، دیسان لە ڕووی هەڵچوونەوە هەندێک کەس هەیە زوو هەڵدەچێت و تووڕە دەبێت، کەچی کەسانی تر هەیە درەنگ هەڵدەچن تووڕە نابن زەردەخەنە لەسەر لێوانیان هەردەم هەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هەندێک تاک لەناو کۆمەڵدا دەتوانێت بە خێرایی، خۆی لەگەڵ خەڵک و دەوروبەر بگونجێنێت پێوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزە، بەڵام بەپێچەوانەوە کەسانی تر هەیە درەنگ خۆی دەگونجێنێت هەردەم دوورە پەرێزە لە خەڵکی ناتوانێت تێکەڵاوی خەڵکی بێت، تەنانەت ئەم جیاوازییانە منداڵی (جمک)یش دەگرێتەوە کە لە خانەیەکەوە دابەش بوونە (التؤمان المتشابهان) زۆر جار وا دەبێت لە ڕووی ڕەنگ و ڕوخسارەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لەلایەنەکانی تر لەیەک جیاوازن، هەروەها جیاوازی تاک لەخودی تاکیش بە دیار دەکەوێت وەکو ئەو کەسەی لەلایەنی بیرکاری زۆر لێهاتووە، بەڵام لە پەروەردەی هونەری لێهاتوو نییە، یاخود لە وەرزش زۆر بەهێزە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیرە، هەروەها لە ڕووی کێش و باڵا و گەشەکردنەوە هەمدیسان ئەم جیاوازییە بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ هەر قۆناغێک خێرایی لە قۆناغێکی تر جیاوازە، قۆناغی سکپڕی بە خێراترین قۆناغی گەشەکردن دادەنرێت پاشان کە لە دایکی جیادەبێتەوە ئەم خێراییە کەم دەبێتەوە تاکو دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری دیسان دەست بەخێرایی گەشەکردن دەکاتەوە، هەروەها ئەو منداڵەی کە ڕێژەی زیرەکی زۆرە تەماشا دەکەین ئامادەباشیی هەیە لە توانستە جیاوازەکانی تردا وەکو هەڵچوون و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە ئەو منداڵانەی دواکەوتوون لەڕووی عەقڵییەوە لەڕووی گەشەکردنی لەشی و دەروونییەوەش دواکەوتوون، لە پاشان جیاوازی تاک بەڕوون و ئاشکرا لە هەردوو

ڕەگەزی مرۆڤ نێر و مێ بەرچاو دەکەوێت کە کوڕ لە ڕووی جوولەییەوە بەهێزترە لە کچان، بەڵام کچان لە ڕووی زمانەوە باشترن لە کوڕان دەتوانن زووتر زمان بگرن.

ئەوەی ئێمە لەم چەند دێڕەدا باسی لێوە دەکەین جیاوازی تاکییەتیە لەڕووی ڕێژەی زیرەکییەوە کە زیرەکی یەکێکە لە کردەی عەقڵی.

ڕێژەی زیرەکی وەکو هەموو لایەنەکانی تر جیاوازی هەیە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، بۆیە زانایانی دەروونزانی گرنگییەکی زۆریان داوە بە پۆلینکردنی ڕێژەی زیرەکی، بۆیە یەکەم زانای فەرەنسی بینیە (Binet) پێوەرێکی بۆ ڕێژەی زیرەکی دانا، ئەویش لەسەر داواکاری وەزیری پەروەردەی فەرەنسا کە هەستی کرد ڕێژەی دەرچوونی قوتابیانی فەرەنسی لە نزم بوونەوەدایە، پاش دانانی پێوەرەکەی بینیە لە ساڵی ١٩٠٨ گوازرایەوە بۆ ئەمەریکا چەند دەسکاریەکی تێدا کرا لە هەموویان وردترو گرنگتر زانای ئەمەریکی تیرمان لە زانکۆی ستافورد دەسکاری پێوەرەکەی (بینیە)ی کرد، پاشان ناوی نا پێوەری (ستافورد بینیە) تاکو ئێستا چاکترین پێوەرە بۆ ڕێژەی زیرەکی تاک.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی زیرەکی ئەو کەسانەی مام ناوەندییە ڕێژەی زیرەکییەکەیان ٦٤٪ دەخەمڵێنن، ئەو کەسانەی لە مام ناوەندی زیاترە ١٨٪ هەروەها لە ڕێژەی زیرەکی کەمتر لە مام ناوەندیش ١٨٪، بۆیە دەروونزانەکان هەڵساون بەدابەشکردنی ڕێژەی زیرەکی لەنێوان خەڵکاندا کە پێیدەگوترێت دابەشکردنی سروشتی یاخود دابەشکردنی جرسی وەکو ئەم وێنەی خوارەوە.




کەواتە ئەو کەسانەی ڕێژەی زیرەکییان کەوتۆتە نێوان (٩٠- ١١٠) ئەمانە لە زیرەکیدا مام ناوەندین، بەڵام ئەوانەی کەمترن لەم ڕێژەیە، پێیان دەگوترێت کەم عەقڵەکان، ئەوانەی زیاترن لە ڕێژەی (١١٠) پێیان دەگوترێت زیرەکەکان یاخود بەهرەدارەکان.

ڕەنگە پرسیارێک بەبیری خوێنەردا بێت و پرسیار بکاو بڵێت چۆن دەتوانین ڕێژەی زیرەکی بدۆزینەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین دەروونزانەکان یاسایەکیان داناوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی زیرەکی بەم شێوەیە:

$$\text{ڕێژەی زیرەکی} = \frac{\text{تەمەنی عەقڵی}}{\text{تەمەن بەساڵ}} \times ١٠٠$$

ئەوەی بزرو شاراوەیە تەمەنی عەقڵییە، تەمەنی ساڵ ڕوون و ئاشکرایە، جا بۆ ئەوەی بمانەوێت تەمەنی عەقڵی هەر تاکێک بدۆزینەوە، پێویستە چەند تاقیکردنەوەیەک لەسەر ئەو تاکە ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی تەمەنی عەقڵی بدۆزینەوە.

بۆ نموونە:- منداڵێک تەمەنی (٣) ساڵە واتە (٣٦) مانگ، (٦) پرسیاری ئاراستە دەکەین کە پرسیارەکانی لە ئاستی تەمەنی (٢٤) مانگیدا بن، ئەو منداڵە توانی وەڵامی هەر (٦) لە پرسیارەکان بداتەوە، پاشان (٦) پرسیاری ترمان ئاراستەکرد لە ئاستی تەمەنی (٣٠) مانگی، توانی وەڵامی (٥) پرسیار بداتەوە، پاشان (٦) پرسیاری تر لە ئاستی تەمەنی (٣٦) مانگیدا، توانی (٣) پرسیار وەڵام بداتەوە، (٦) پرسیاری تریش لە ئاستی (٤٢) مانگیدا، توانی (٢) پرسیار وەڵام بداتەوە، لە (٦) پرسیاری تر لە ئاستی تەمەنی (٤٨) مانگیدا (١) پرسیاری وەڵام دایەوە، (٦) پرسیاری تر لە ئاستی تەمەنی (٥٤) مانگیدا نەیتوانی هیچ وەڵام بداتەوە.

بۆ دۆزینەوەی تەمەنی عەقڵی منداڵەکە بەم شێوەیە:

تەمەنی منداڵەکە= ٣٦ مانگ واتە (٣) ساڵ

تەمەنی عەقڵی = ٢٤+ ٥+ ٣+ ٢+ ١= ٣٥ مانگ

ژمارەی (٢٤) تەمەنی دووساڵییە کە توانی هەر (٦) پرسیار وەڵام بداتەوە کە یەکسانە بە تەمەنی بنچینەیی عەقڵی، چونکە لەم تەمەنەدا توانی هەموو پرسیارەکان وەڵام بداتەوە، کەواتە دەتوانیت پرسیاری لە ئاستی تەمەنی بچووکتر وەڵام بداتەوە، بەڵام مەرج نییە پرسیاری لە تەمەنی گەورەتر وەڵام بداتەوە وەکو لە نموونەکە بەرچاو دەکەوێت.

ژمارە (٥) وەڵامی ڕاستی تەمەنی (٣٠) مانگییە لە تێکڕایی (٦) پرسیار کە توانی وەڵامی بداتەوە، ژمارەکانی تریش بەم شێوەیە:

**تەمەنی عەقڵی ٣٥**
**ڕێژەی زیرەکی = ـــــــــــ = ـــ = ٩٨ ڕێژەی زیرەکی منداڵەکە**
**تەمەن بەساڵ ٣٦**

کەواتە ئەم ڕێژەیە نزیکە لە مام ناوەندی بەپێی سەرچاوەکانی دەروونزانی گەر هاتو ڕێژەی زیرەکی لەنێوان (٩٠- ١١٠) مام ناوەندییە زیاتر لەم ڕێژەیە بەرزترە لە مام ناوەندی، کەمتر لەم ڕێژەیە لە خوار مام ناوەندییە.

دەروونزانی ئەمەریکی تیرمان هەڵساوە بە پۆلینکردنی ڕێژەی زیرەکی بەم شێوەیە:

| ڕێژەی زیرەکی | ناولێنانی |
| --- | --- |
| ١٤٠- زیاتر | بلیمەت |
| ١٤٠- ١٤٠ | زۆر زیرەک |
| ١١٠- ١٢٠ | زیرەک |
| ٩٠- ١١٠ | مام ناوەندی |
| ٨٠- ٩٠ | مورون گێل توانای خوێندنیان هەیە هەتا قۆناغی سەرەتایی |
| ٧٠- ٨٠ | (گەمژە) توانای ڕاهێنانیان هەیە |
| کەمتر- ٧٠ | گێل کە توانای فێرکردن و ڕاهێنانیان نییە دەبێت چاودێری بکرێن. |

ڕێژەی زیرەکی لەنێوان تاکەکاندا چون یەک نییە، واتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک و هیچ دەروونزانێک لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بڵێن فلانە نەتەوە ڕێژەی زیرەکییان بەرزترە لە فلانە نەتەوە، بەڵام لەنێو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک تاکی وا هەڵدەکەوێت کە بلیمەت و بەهرەدار بێت، یاخود ڕێژەی زیرەکی ١٤٠پلە بەرزتر بێت، دیارە ئەم جۆرە کەسانەش ڕێژەیان کەمەو ١٪ دەخەمڵێنرێت، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسانی ئەوتۆ هەڵکەوتوونە خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە، لەم بارەیەوە نموونەیەک لەسەر زانای بیرکاری (جاوس) دەهێنینەوە، زانا (جاوس) قوتابی دەبێت لە قۆناغی سەرەتایی، مامۆستای بیرکاری پرسیارێک ئاراستەی قوتابیانی پۆلەکە دەکات و دەڵێت کامتان دەتوانن ژمارەی یەک تاکو ژمارە (١٠) کۆ بکەنەوە بە ماوەیەکی کەم، هەموو قوتابییەکان بەشێوەی کلاسیکی ژمارەکانیان کۆ دەکردەوە وەکو ١+ ٢=٣ +٣=٦ +٤ =١٠ +٥=١٥ +٦ =٢١ +٧=٢٨ +٨=٣٦ +٩=٤٥ +١٠=٥٥.

هەڵبەتە لەنێوان وەڵامی قوتابییەکان جیاوازی هەیە لە ڕووی کاتەوە، هەر قوتابییەک بەکاتێکی دیاریکراو وەڵامی دەدایەوە

| موثیر | | استجابە |
| --- | --- | --- |
| ڕوژاندن | ـــــــــــ | وەڵامدەر |

لێرەدا ڕوژاندن پرسیارەکەی مامۆستایە، وەڵامدەریش وەڵامی قوتابییەکان، ئەو ماوەیەی کات (الزمن) کە لەنێوان ڕوژاندن و وەڵامدەر هەیە پێی دەگوترێت ماوەی گەڕانەوە، جا چەند ماوەی گەڕانەوە کەم بێت ئەوە بەڵگەیە لەسەر بەهێزی وەڵامدەر.

کاتێک قوتابییەکان خەریکی کۆکردنەوەی ژمارەکان بوون، (جاوس) بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەنجامەکەی بە مامۆستا گوت و ئەنجامی پرسیارەکە= ٥٥، کاتێک مامۆستا گوێی لە وەڵامەکە بوو سەری سوڕما و بە جاوسی گوت چۆنت زانی بەم ماوەیە کەمە؟

جاوس لە وەڵامدا گوتی ئێمە (٥) کردارمان هەیە بەم شێوەیە:

١+ ١٠= ١١
٢+ ٩= ١١
٣+ ٨= ١١
٤+ ٧= ١١
٥+ ٦= ١١

ئەم (٥) کردارە هەموو ژمارەکانی (١) تاکو (١٠)ی تێدایە، ئەنجامەکەشی دەکاتە (١١) جارانی (٥) دەکەین دەکاتە (٥٥)، ئەم وەڵامە لە مرۆڤی بەهرەدار چاوەڕوان دەکرێت، لە ڕاستیشدا (جاوس) بووە زانایەکی بیرکاری.

زانا (جوسیان) هەڵساوە بەدابەشکردنی ڕێژەی زیرەکی لەنێوان منداڵاندا، ئەم دابەشکردنەشی هەروا لە خۆڕایی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی دەستوور و یاساوە بڕیاری لەسەرداوە کە ئەم یاسایە بە ناوبانگە بە (چەماوەی جوسیان) کە بەم شێوەی ژمارەیە ڕێژەی زیرەکی دابەش کردووە:

| ڕێژەی زیرەکی لەنێوان منداڵان | کرداری زیرەکی | پلەی زیرەکی |
| --- | --- | --- |
| ١٪ | ١٤٥- ١٥٤ بەرزتر | زیرەکی بەرز |
| ٢٪ | ١٣٥- ١٤٤ | زیرەکی بەرز |
| ٥٪ | ١٢٥- ١٣٤ | زیرەکی بەرز |
| ١٠٪ | ١١٥- ١٢٤ | سەرووی مامناوەندی |

| | | |
|---|---|---|
| ٪٢٠ | ١١٥– ١١٤ | سەرووی مامناوەندی |
| ٪٢٤ | ٩٥– ١٠٤ | زیرەکی ناوەندی |
| ٪٢٠ | ٨٥– ٩٤ | خوار مامناوەندی |
| ٪١٠ | ٧٥– ٨٤ | خوار مامناوەندی |
| ٪٥ | ٦٥– ٧٤ | دواکەوتوویی عەقڵی |
| ٪٢ | ٥٥– ٦٤ | دواکەوتوویی عەقڵی |
| ٪١ | ٥٤– کەمتر | دواکەوتوویی عەقڵی |

بە گوێرەی دابەشکردنەکەی (چەماوەی جوسیان) ئەم ڕاستیبیانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١– ئەگەر بێتو ڕێژەی زیرەکی (١٠٠) بێت وەکو پێوەرێکی ناوەندی زیرەکی، منداڵەکان بە هەر دوو لای ژمارە (١٠٠) دابەش دەبن (لە ١٠٠ زیاتر لە ١٠٠ کەمتر)

٢– نزیکەی ٤٤ ٪ کۆی منداڵەکان ڕێژەی زیرەکییان مام ناوەندییە، نیوەیان لەلای زۆری مام ناوەندی نیوەکەی تر لای کەمی.

٣– ڕێژەی ١٠ ٪ لە منداڵەکان ڕێژەی زیرەکییان لە سەرووی مام ناوەندییە کە دەکەوێتە نێوان (١١٥–١٢٤) بەرامبەریان ١٠ ٪ لە منداڵەکان ڕێژەی زیرەکییان لە خوار مام ناوەندییە کە دەکەوێتە نێوان (٧٥– ٨٤)

٤– ڕێژەی ٨ ٪ لە منداڵەکان کە خاوەنی ڕێژەی بەرزی زیرەکین، وردە وردە ڕێژەی منداڵەکان کەم دەبێتەوە هەرچەندە ڕێژەی منداڵەکان کەم بێتەوە شان بەشانی ئەوە ڕێژەی زیرەکییان زیاد دەکا کە دەبێتە ڕێژەی ٢ ٪ لە منداڵەکان ڕێژەی زیرەکی ١٣٥– ١٤٤، پاشان منداڵەکان بۆ ١ ٪ ڕێژەی بەرز دەبێتەوە بۆ (١٤٥) زیاتر، لەلایەکەی تر ٨ ٪ لە منداڵەکان کە ڕێژەی زیرەکییان لەنێوان (٧٥) کەمترە، هەرچەند ڕێژەی زیرەکییەکە کەم بێتەوە، ڕێژەی منداڵەکانیش لەگەڵیدا نزم دەبێتەوە.

### هۆیەکانی جیاوازی تاکیەتی

لە کۆنەوە لەنێو زانایان مشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەر هۆیەکانی جیاوازی تاک لە توانستەکان سماتەکانی مرۆڤدا، ئایا هۆکاری جیاوازی تاک بۆ ژینگە دەگەڕێتەوە یاخود بۆ هۆکاری بۆماوە؟

ژینگە هۆکار و هێزی سەربەخۆ نییە لە بۆماوە جیابکرێتەوە، بەڵکو هێزێکە ئاوێتەی بۆماوە دەبێت و هەریەکەیان کار لە ئەوی تر دەکات، لە ئەنجامی ئەو کارلێکردنە گەشەی تاک لە هەموو بوارەکان تەواو دەبێت.

ئامادەباشییەکانی بۆماوە ناتوانین بە ئاسانی بەدیار بێخین گەر هۆکاری ژینگەی لەگەڵدا نەبێت وەکو ئامادەباشی قسەکردن و نەخۆشی لەشی و دەروونی... تاد.

ئەو منداڵەی لەنێو ئاژەڵاندا گەورە دەبێت بێبەش دەبێت لە قسەکردن وەکو مرۆڤ، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئامادەباشیی بۆماوەیی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ئاژەڵ، هەروەها توانستەکان (مهارات) ئاراستەکردنی ئیش و کارە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە وەدەستی دەهێنن فێردەبین وەکو لێخوڕینی ئوتومبێل و خۆشەویستی یارمەتی یاخود هەست بەکەمی کردن ئەمانە سەر هەڵنادەن گەر ئامادەباشی بۆماوەیی نەبێت، کەواتە ئێمە ڕۆڵەی ژینگەو بۆماوەین لەیەک کاتدا، یاخود ناتوانین ژینگەو بۆماوە لەیەکتری جیا بکەینەوە.

لایەنگرانی ژینگە دەڵێن هەموو کەسێکی لەش ساغ دەتوانێت لە ڕێگەی فێربوون و ڕاهێنانەوە ببێتە کەسێکی زیرەک و لێهاتوو.

وطسن خاوەنی قوتابخانەی ڕەفتارییە، قسەیەکی بەناوبانگی هەیە لەم بارەیەوە دەڵێت (١٠ منداڵی لەش ساغم بدەنێ کە پێکهاتەی لەشیان تەواوبێت، چۆنت بوێت وایان دروست دەکەم، هونەرمەند، زانا، پزیشک، پیاوی خراپ و دز و جەردە و ڕێگر..تاد)، بەڵام لایەنگیرانی بۆماوە دەڵێن ڕاهێنان و کاریگەری ژینگە ناتوانن ڕێژەی زیرەکی منداڵ بەرزبکەنەوە یاخود کار لە کەسایەتی بکەن و بیگۆڕن.

### گرنگی زانینی ڕێژەی زیرەکی:

١– زانین و ئاشکرابوونی توانای تاک.

٢– ناسینی ئەو کەسانەی کە دواکەوتووی عەقڵین.

٣– دابەشکردنی قوتابییان بەسەر پۆلەکانی خوێندن بەگوێرەی توانای عەقڵییان.

٤– یارمەتیدانی تاک بۆ بەرەوڕووبوونەوەی گیروگرفتگەلی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی لەلایەن پەروەردەکارانەوە.

### سەرچاوەکان:

١– اصول علم النفس و تطبيقاته/ د. فاخر عاقل.

٢– اصول علم النفس/ د. احمد عزت راجع.

٣– النفس: انفعالاتها و أمراضها و علاجها/ د. علي كمال.

٤– الأسس النفسية للنمو/ د. فؤاد البهي السيد.

# ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێ؟

دارا محەمەد عەلی

لە سەرەتادا نامەوێ بچمە نێو بابەتی ئاوێنە وەکو (تەکنۆلۆژیا- میکانیزمیەت و چۆنیەتی دروستکردن و توخمە سەرەکییەکانی چین و بواری پێشکەوتنی چۆن هاتووەو گەیشتۆتە کوێ)، یاخود وەکو مێژوو کەی و کێ دایهێناوە، بەقەد ئەوەی من هاتوومەتە سەر حازرەکی ئەو خامەیەو کارتێکردنی لەسەر من چی بووە وەکو مرۆڤ، وەکو هونەرمەندێک و تەوزیفکردنی بۆ نێو کارە هونەرییەکانی لە ژیانمدا چۆن بووە. تا دەگاتە بۆچوون و دیدو رۆئیای من بۆ ئەم دیاردەیە کە «ئاوێنە»یە.

مێژووی مامەڵەکردنم بۆ «ئاوێنە- نەینۆک- قۆدی..... تاد» دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان. گەر بەشێوەیەکی زەقیش بینەر لە هەندێ کەڤاڵەکانمدا و بەگرانی درکی پێ دەکاو بە زەحمەت دەیخوێنێتەوە.. ئەوا من لێرەدا پاش ئەو ئەزموونەم کەمێک باسی لێوە دەکەم.

کورد دەڵێ «ئاوێنە... ڕووناکییە».

بەڵام من بە درێژایی ژیانم کەم ڕووناکیم دیوە، چونکە ئەو ڕووناکییە پەیوەستە بە «کۆمەڵ و نەتەوەکەم» چاوم بە ژان و ژوور و مەینەت و تاریکی و نەهامەتی ئەوانەوە کردۆتەوە. ئێ منیش ئەندامێکی ئەوانم، کەوابوو حاڵەتەکە منیش دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەم عەدواو گواستنەوەیە بۆ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵ ئاکامەکەی وەکو یەکە.

بەڕای من نەخێر. هەر لەبەر ئەوەو سەدان شتی تر.... ئینجا لە دایکبوونی تابلۆی «کێ دەڵێ ئاوێنە ڕووناکییە» وەڵامێکە بۆ گوتەیەکی میللی کوردەواری کە «دەڵێ ئاوێنە ڕووناکییە» (١).

یەکێکە لە کەڤاڵە هەرە زووەکانی ئەم قۆناخ و دیدو بۆچوونانەم تابلۆیەکەش بریتییە لە «گەنجێکی سەقەت و ئیفلیجی دەروون ڕووخاو و خێر نەدیوو و فەرامۆشکراو، لەسەر ئاوێنەیەکی وردو خاشدا دانیشتووە، لەجیاتی سەر دۆشەک، یاخود بەڕەیەک، یا لبادو نیمدەرێک، بەڵێ «هێماو ڕەمزی ئاوێنەکەی من لاوازی و بەهێزی سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ وەدەر دەخا، چارەسەرکردنم بۆ ئاوێنە چارەسەرکردنێکی سایکۆلۆژییە....» گۆڕانکاریشی لێ ڕەچاو دەکرێ، بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دڵ و دەروونی خۆم و کۆمەڵ و نەتەوەکەم ڕوو دەدات بەڵێ ئاوێنەم کرد بە سومبلێکی بزۆزی نێو زۆرینەی تابلۆکانم، کردم بە موفرەدەیەکی هونەری چەندین ڕەهەند ئامێزی بیروبۆچوونە ڕەنگاڵەکانم، هەر لە بابەتی «سیاسییەوە تا دەگاتە بابەتی کۆمەڵایەتی و کەلەپووری و دەروونی».

بەڵێ پەنام بۆ دەبرد هەروەکو کۆرپەڵەیەکی ساوا پەنا بۆ دایکی ببا، یان لە برسانا، یان لە ترسان، بەوپەڕی گەرمییەوە بەهانام دەهات و وەڵامی ناخی منی دەدایەوە.

بەڵێ زۆرم خۆشویست، باشە بۆچ ئاوێنە، بۆ شتێکی

تر نا، نایزانم.

ئەوەندەش دەزانم زۆر شتم لە ناخیدا دەدۆزییەوە «ئاوێنە دەریایەکی قووڵ و بێ بنی من بوو».

دیارە منی دەویست تا ناخی ئەو بۆ ئێوە بخوێنمەوە دیوێکی تری ئاوێنەکەی خۆمم بۆتان شی بکەمەوە، یاخود ئاوێنەکە من و هونەرەکەم بە ئێوە بناسێنێ.. بەهەر حاڵ وێڵ و سەرگەردان بووین بەدوای یەکتردا، تایەکتریمان دۆزییەوە، من و ئەو تەواوکاری یەکترین لە زۆر بەرهەمدا.

جیهان لای من وەکو ئاوێنەیەکە بە گەورەو بچووکیش نییە مەبەستم قەوارەی ئاوێنەکەیە، تەنها بەگوێرەی پێویست لەنێو کارەکانمدا خۆی نمایش دەکا.

«بەڵێ ئامرازێکە بۆ ئاگادارکردنەوە نە هەر بۆ من، نەخێر بۆ تۆش».


ئەوەتا نەک هەر بەوەندە دڵم ئاو بخواتەوە، ئەمجارەیان وەکو ڕاستییە خامەکەی ساڵی (١٩٨٥) پڕم دایە پارچە ئاوێنەیەک و ئیشێکم لەسەر کرد ئەویش بە هەڵگرتن و کڕاندنی (جیوە)کەی و دانانی هێڵ و ڕەنگ لەشوێنیدا بەشێوەو ستایلی دەربڕین.

تام و چێژ و ماناکەی پتر لەوەدا بوو کە سەیری «ئاوێنە- تابلۆ»کە دەکەی خۆشت لەنێویدا دەبینییەوە. بەڵێ خۆشت دەبیت بە بەشێک و بەتەواوکاری بابەتەکە، بەداخەوە ئەو یەکەم تێست و تەجرەبەیەم لەنێو چوو کە بابەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی تەعبیری بوو. «سومبلی ئاوێنەی نێو کەڤاڵەکانم کێشەی ژیانێکی ئەبەدییە، لەنێو هەموو دیاردە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە»دا لە هەندێ حاڵەتدا بەکارهێنانی ئاوێنەو ئاماژەپێکردنی بەشێوەیەکی سادە، یان هەر چوارچێوەکەی لە ڕوخساری «چوارگۆشەیی- سێ گۆشەیی- لاکێشەیی- بازنەیی» تەنیا بۆ مەسەلەیەکی جوانی (ستاتیکی) موتڵەقە و هیچ مەبەستێکی تر نابەخشێ.

هەمدیسان کارتێکردنی دیاردەو هێمای ئاوێنەکەم بوو کەوا ببێت بەناونیشانی دەیەم پێشانگەی تایبەتیم کە لەژێر ناوی «تەوژمی ناخ لەنێو ئاوێنەکانمدا» بوو.

کە هەر هەموو تابلۆکان شێوازی گرافیک هامێزبوون، بەرهەمی نێوان ساڵانی (٨٤-٩٨) و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کرایەوە.

بەڵێ دیاردەی قلێشانەوەو درزو کون و شکان و وردو خاشبوون لە (تابلۆیە ئاوێنەکانمدا) مەسەلەیەکی دەروونییەو هەر دیاردەیەکیش لەوانە باسی شتێک دەکاو هاوشانی بابەتی کارە هونەرییەکەیە، هەروەها هەوڵ دەدا



«ڕوخسارو ناوەرۆک» بگەیەنێتە بەردەمت، وەکو خۆی، یان ئەوەتا گرخۆی «تۆز لێ نیشتووبێ» ئەوە مەسەلەکان دەچێتە دۆخێکی ترەوە بۆ لێڵی و تەمومژی و ڕەهەندو ئەبعادی تر.

مەبەستەکەم هەندێ کەڕەت ئاوێنەکەم «ڕەشبینە، تروسکاییەکی گەشبینی تیادا نادۆزیتەوە ئەوەشیان خەتای ئاوێنەکە نییە، بەڵکو گوناهی خۆمە، هی تۆیە، هی ئەوە، هی هەمووانە، تا دەگاتە دوژمنت و ناحەزت».

(بەڵێ ڕووخانە، داڕمانە، ئاڵۆزییە، ئەم خوورە ئاڵتوونییە گەشە لێم دەبێ بەتۆپەڵەو ماکێکی چڵکن و ڕەش و بەئاسمانی کوردستانمەوە دەلکێ و لکاوە).

یاخود ئەوەتا لە بابەتێکی تری ئاڵۆزی و مەینەتییەکانی هەڵچوون و ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی کوردستان پیرەمێردێکەو بارکۆڵەیەکی لە پشتەو ئاوێنەیەکیشی بەدەستەوەیە دەبێ لەگەڵ ئەو حەکیم و فەیلەسووفە فانۆس هەڵگرە بەڕۆژی ڕووناک کە بەدوای ڕاستی و حەقیقەتدا شێت و عەوداڵ بووە و لێی دەگرا، یەکتر نەگرنەوە.. نابزانم.

### ئاوێنە.. بۆ..

دوورنییە کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی ئاوێنە بۆ سەر (هەست و نەستم) ئەم ئامرازە کە «ئاوێنە»یە وەکو (فلاشباک) بۆ قۆناخی منداڵیم بگرێتەوە، بەر لە چوونم بۆ قوتابخانە... کارەکانی باوکم (دارتاشی- سندووقچیاتی) بوو، هەر هەمووی ڕەنگ و شووشەو




میناو نەینۆک بوو. پارچەیەک بوو لە «هونەری میللی کوردەواری» بۆ نێو ماڵی کورد.

شوێن دەرگەی سندووقەکان ئاوێنەیەکی گەورەی چوارگۆشەیی بوو.. دیاربوو پێشی «کابانۆی ماڵ» شەرەفی سەیرکردنی ئاوێنەکان بەر (من و باوکم) کەوتبوو منەکی تەمەن (٥-٦) ساڵانە (من و ئاوێنە) برادەرو ڕەفیقی یەکتر بووین، یەکترمان خۆش دەویست. کاتی جوانکردن و ڕازاندنەوەی سندووقەکە من لەخۆم و سەروسەکوتم ڕادەمام، جووڵانەوەی سەیر سەیرم بە دەموچاوی خۆم دەکرد... خۆم لەبیر دەکرد، باوکم هەشیاری دەکردمەوە بەڵام خۆ باوکیشم لەخۆی ڕادەماو دەیگوت: کوڕم دارا زەمانە خەفەتی زۆرە.

بەڵێ هەستم دەکرد باوکم لەژیانیدا زۆر ماندووە و دەشزانم چی دەڵێ. کەوابوو باوکیشم لەهەمان ئاوێنەکەدا هاوبەشم بوو بۆ خوێندنەوەی ڕوخسارو ناخی خۆی. (دیارە پارچەیەک لە ئاوێنە شوێنی دەربڕینی ناخی هەموو مرۆڤێکی لێ دەبێتەوە، بۆ گشت قۆناخ و تەمەنەکانی مەردوم).

بەڵێ دوورنەبوو کە ئەم پارچە ئاوێنەی سندووقەکە جێگەی ئاوێنەیەکی زلی هەڵواسراوی سەردیواری دیتبێ لەنێو ماڵداو دەیەها ڕۆڵیشی بینیبێ.

(ئەگەر لە ژیانما هەرگیز خۆم نەدیتبێ، ئەوە هەر لە منداڵیمەوە بچمی خۆم لە ئاوێنەدا ناسیوە) بەڵێ (هەر ئاوێنە بووە منی بە خۆم ناساندووە).

**هەندێ بڕوا و بۆچوونی کوردەواری دەربارەی «ئاوێنە»**

جارێکیان ئاوێنەیەکم بەدەستەوە بوو و لەخۆم ڕادەمام، بەڵام وەختەکەی درەنگی شەوبوو، هەر لە دوورەوە دیاربوو دایکم چاوی لێم بوو، زۆریش ناڕەحەت بوو، داوای لێکردم کە ئاوێنەکە دوور خەمەوەو سەیری نەکەم، دووبارەی کردەوەو لێم پاڕایەوە، منیش زۆر لام سەیر بوو، گوتم دایەگیان مەسەلە چییەو بۆچی وا ناڕەحەتی، هات و ئاوێنەکەی لەنێو دەستما دەرهێناو نخوونی کردەوەو گوتی: «کوڕی خۆم ئەو کەسەی بەشەو سەیری ئاوێنە بکا، باش نییەو لە دواییدا سەفەری دێتە پێشێ و دەرواو دەکەویتە غەریباتی و دوور دەکەوێتەوە.. منیش نامەوێ کوڕی خۆم لەمن دوور کەوێتەوە».

لە هەندێ شوێن لە کوردستاندا کە بووک دەگوازنەوەو دەیبەن بۆ ماڵی زاوا، هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە ئاوێنەیەکیان بۆ ڕاگرتووە ئەمەش بریتییە لە کەسێک کە ئاوێنەکە بە کۆڵییەوەیە، بووکیش یاغر یاغر سەیری خۆی دەکا ئینجا بۆ ئەم حاڵەتەو دوورنییە هەر واشبێ کە «بووک»ە ئەو ڕۆژەو لەم وەزعە نوێیەداو لەنێو ئەم ئاوێنەیەدا بەشێوەیەکی تر خۆی دەبینێتەوەو خۆی دەخوێنێتەوە، جیا لە ڕۆژانی ڕابوردوو،

ئەمەشیان کاری هونەریم بۆی کردووە لە ڕوانگەی جیاجیا.

یان ئەوەتا گەر زاوا بێت یاخود کوڕە لادێیەکی عاشق بووبێت لەگەڵ هەدیەو دیاری لە بۆن و بەرام و خەناوکەو کل و کلدان و بازندا ئەوە ئاوێنەیەکی خڕپیلەی هەر لەگەڵدا بووە.. کەوابوو لێرەدا ئاوێنەکەش بۆ دەربڕینە لە خۆشەویستی لەلایەک لەلایەکی ترەوە بۆ جوانی و جوانکردنی خۆشەویستەکەی بەهۆی ئەم ئامرازەوە ئەم کردەیەش کە خۆ جوانکردنە نەک هەر بۆ کچەکە بەڵکو بۆ کوڕەکەش دەگەڕێتەوە، یان وەکو ڕەنگە لە ئانی تێڕامانی کچەکە بۆ ئاوێنەکە ناڕاستەوخۆ کوڕەکە ببینێ و دیالۆگ دروست ببێت.

هەر لە هەواو کەشی ئاوایی و نێو کوردەواریدا، لەزۆر شوێندا ئەگەر کوڕەلاو گیرۆدەی کچێک بووبێت و نەیتوانیبێت خۆشویستنەکەی بۆ کچەکە ئاشکرا بکات. بە مانا خۆشەویستییەکی یەک لایەنە بووبێت ئەوە (ئاوێنە) باشترین ڕێگە چارە بووە بۆ دەربڕین لەو هەستە جوانەیدا و تێکوپێکشکانی تەوقی شەرم، ئەویش بە ئاراستەکردنی ئاوێنەو تیشکەکەی بۆ ڕووی کچەکە لەم



حاڵەتەدا کچەکە هەست بەم شتە دەکاو کوڕەلاویش لە زمانی تیشکی ئاوێنەوە گوایە پێی دەڵێ (من تۆم خۆش دەوێ).

**ئاوێنە و لایەنی دەروونی**

جارێکیان خێزانەکەم شالاوێکی ئاگری بۆ هات، بەتایبەت بۆ دەموچاوی، هاواری لێ هەستا، بە دەنگییەوە چووم و گەلێک دڵم دایەوەو ئاگادارم کردەوە کەوا هیچ نەبووەو هیچ شوێنێکیش لە ڕوویا نەسووتاوە.. بەڵکو تەنیا گەرمایی ئاگرەکەی بۆ هاتووە، بەڵام نەخێر بڕوای نەدەکردو تووشی وەزعێکی دەروونی ئاڵۆز بوو هەر زووبەزوو پەنام بۆ ئاوێنە بردو بۆیم هێنا، بەڵام ئەو هەرگیز نەیویست سەیری خۆی بکا. لەو وابێ، تەواو دەموچاوی سووتاوەو نەبادا ئاوێنەکە ڕاستییەکەی بۆ وەدەربێخێ.

جمووجۆڵی هەمەڕەنگی (ئاوێنە) لێرەو لەوێ لەسەر پانتایی کەڤاڵێکی چاوەڕوانکراوی نوێ مەرامی سەرەکیم هەر دەربڕین و ئاماژە پێکردنە لە ناخ و ڕۆحی «مرۆڤ و ئاوێنە».

بەڵێ ئاوێنەکەی من دەروون خوێنەرەوەیە، کەوابێ چاوی دەروونیشە لەلایەکی ترەوە.

ئاوێنەکەم، لایەنێکی پاراسایکۆلۆژی من و تۆیە، لە من.. لەتۆ... باشتر دەمانخوێنێتەوە.

ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێ دەنا کێ هەیە ڕۆژانە سەیری ئاوێنە نەکاو لەخۆی ورد نەبێتەوە، نەخاسما پێش ئەوەی لە ماڵ دەرچێ و بۆ لای «ئاوێنە» نەڕوا... لەوانە خۆم.

کاکەی شوان و گاوانیش زۆربەیان سەلوەت و هاوڕێی گیانی بەگیانی «ئاوێنە»کەی باخەڵیانن بۆ هەندێ مەبەست و وەخت بردنە سەر تا دەگاتە ڕادەی، گفتوگۆیەکی تایبەتی نێوان خودی خۆیان و «ئاوێنە»کەیان.

ئەوانەو جگە لە «ئاوێنە»کانی نێو ماڵ و ئوتومۆبیل و دوکانەکانی جل و پێڵاوفرۆش و سەرتاش و ساڵۆنەکانی ئافرەتان و گەرماو تا دەگاتە (ئاوێنە)کانی نێو هەگبەو جانتای هەر کچ و ئافرەتێک مەگەر تاکو تۆک نەبێ نەوەکو بڕوات هەبێ ئاوێنەیەکی هەر تێدایە.

لەنێوان (ئاوێنە)ی جانتای کچ و ئافرەتانی ئێستاوە گەر بە دیاردەیەکی مەدەنی لەقەڵەم بدرێ بۆ ئاوێنەی نێو باخەڵی شوان و گاوانەکانی دەشت و کێڵگەو چۆڵەکانی لەمەڕ خۆمان و هەندێ شوێنانی تری دنیا کە لە ژیارو ژیانی شارو مەدەنیەتەوە دوورن، دەبێ (ئاوێنە) چی بێ و چ کاریگەرییەکی گرنگی هەبێ لە ڕۆژانەماندا.

ئایا دەکرێ کۆمەڵگەی مەدەنی ئێستا بەبێ (ئاوێنە) بژی؟ یاخود مەدەنیەتەکە لەنێو ئاوێنەکاندا خۆی دەبینێتەوە. تەنیا پرسیارێکەو بەس.

هەروەها ئەوەشیان دەڵێم کە «ئاوێنەو ڕەهەندەکانی ئاوێنە» بابەت هەڵگرە بۆ دیدو ڕوئیای تری (ئەفراندن و داهێنان) خوا یاربێ پاش تەواوبوون وەکو پرۆسەیەکی هونەری بۆ ئەم دیاردەیە کە (ئاوێنە)یە کۆمەڵێ کاری سەر شووشەم کردووە، بەڵام بەگیانی ئاوێنەو مەبەستیشم لە خامەی شووشەکە ئەوا هەر ئاوێنەکەیە کە وەختی هات ئەوا (من و بینەران) بەیەکتر دەگەینەوە. جگە لەم پرۆسەیەش کارو بەرهەمی تر بەڕێوەیە.. لە کۆتایشدا ڕەحمەت بۆ دایکی خۆشەویستم کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەبۆنەی ژنهێانم ئاوێنەیەکی هەڵواسراوی کۆنی- زەمانی خۆی، پێشکەش کردم کە تاکو ئێستاکێ لەنێو «دڵ و ماڵەوەم» هەڵواسیوە.

ئینجا منیش لەئێوە دەپرسم.

«ئەرێ دیارییەکەی دایکم بۆ من

بۆچی ئاوێنە بوو.

**تێبینی:**

(١) ئەم تابلۆیە لای برای چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (شێرزاد حەسەن) پارێزراوە.

# هزری زمانەوانی

و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر

نموونەی تەکنیکی ستانداردی ئیمڕۆ لە بارەی زمانەوە (Languge) بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێ توخمی هاوسەنگکەر (equivalences) بۆ دۆزینەوەی پێوەندییەکانی نێوان بونیادەکانی زمان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی شیاو بۆ زانینی هەلومەرجی زمانەوانیی ئاخاوتنێکی دیاریکراو. ڕێگەی دیکە بۆ زانینی بە بابەتیبوون (Objectivity) لە زانستدا بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئەم بابەتیبوونە لەنێو پێوەندییەکەیدا بە پێچەوانەکەی و بکەرەکەی. لە شێوە ڕەهاکەیدا، بۆچوونی خودی (Subjctive) پشتبەستنێکی تەواوە بە (نەست) و (بڕوا) یان بە (هەڵوێست)ە تاکسالارییەکەی خودی شیکەرەوەی زمان بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ بەڵگەی ئیمپریکی (Empirical)-(تاقیگەرایی). شتە هەرە بەدەکەی بۆچوونی خودی، بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئیمپریشنیزمێکی تۆکمە و ئاڵۆز. شتە هەرە چاکەکەشی بریتییە لە بەخشینی ڕەهەندێکی دەگمەن بۆ تۆژینەوەی زمانەوانی (Linguistic) و بەخشینی چاوگەیەکی بەسوود بۆ تیۆرە زمانەوانییەکان، بەڵام لە باشترین دۆخیشیدا، بۆچوون و لێکۆڵینەوەی خودی هەر بەپێی پێوەرە ستانداردەکانی میتۆدی زانستی بە نازانستی دەژمێردرێت، چونکە تێڕامان و بیرکردنەوەی خودی لەوانەیە سۆفستایی و وریاکەرەوە بێت، بەڵام زانستی نییە.

تێڕامانی زۆر لە زمان دەکرێ کە هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی بابەتی لەگەڵدا نەکرێ: ئەو پێشنیارانەی کە تاقی ناکرێنەوە، زۆر بە ئاسانی دزە دەکەنە نێو ڕاڤەی ڕەچەڵەکی زمان. ڕاڤەی میتافیزیکی وەک ئەوەی (روسیل) و ئەوانی دیکە ناوی لێدەنێن بەهیچ جۆرێک نابێتە ڕاڤەیەکی زانستی. لە ڕاڤەکەماندا بۆ بەزانستیبوونی هەر تیۆرێک، ئەو بەڵگانەی کە پێویست بوون بۆ جەوهەری تیۆرە زمانەوانییەکان، بە شێوەیەکی ئاڵۆز بێت یان ڕوون و ئاشکرا، کارێکتەرێکی ئیمپریکی بوون. لە بواری زمانەوانیدا، زانیارییە تیۆرییەکان دەبنە مانیفیستۆی زمان- مەبەستمان مانیفیستۆی نووسراو لای زۆربەی خەڵکدا زارەکییە. لە بۆچوونی ئیمپریکیدا، ئامانجەکەمان دەبێتە دەستنیشانکردنی نموونەکان لەناو ئەو جۆرە زانیارییەدا- نموونەکانی دەنگ و ڕێزمان و فەرهەنگی و واتا...تاد.

لەسەر بنەماکانی هەندێ نموونەی کەم دەربارەی بونیاتی ئەو زانیارییە ئێمە تیۆر دادەڕێژین، ئینجا ئەم تیۆرە بەجۆرە زانیارییەکی دیکەی پەیوەست دەکەین بۆ ئەوەی لە ڕاستی و دروستی شیکردنەوەکەمان دڵنیابین. ئەم سوود وەرگرتنە لە مانیفیستۆی زارەکی یان نووسراو کە بەکاردێت بۆ یەکلاکردنەوەی تیۆرەکانی ئێمە دەربارەی بونیاتی زانیاری، پێی دەوترێ (Corpus: جەستە) یاخود (فرە جەستەیی Plural Corpus) لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، بۆچوونی (جەستەیی) لەنێو زمانەوانانەدا یەکجار باوبوو. بەکارترین نموونەی ئەو جۆرە بۆچوونە، کتێبەکەی (چارلس کارپێنتەر فریس) بووە کە لەساڵی (١٩٥٢)دا لە چاپدرا. ئەو بۆچوونە زۆر ناوی هەبوو، بەڵام (زمانەوانی بونیادی Structural Linguistic) ناوە هەرە ناسراوەکەی بوو، هەرچەندە لە تیۆری بونیاتگەری زمان دوور بوو.

ئەو بۆچوونە تەنیا لە بەرژەوەندی بۆچوونی مێژوویی زمان نییە: ئەو بۆچوونە بەهایەکی پۆزەتیڤی لە پێداگرتنیدا لەسەر ئەو خاڵانە هەیە کە سەبارەت بە زمان مایەی ناکۆکی و مشتومڕن- وەک تاوتۆکردنی کاریگەرییەکانی (گۆڕانکاری شێوەیی (Stylistic Variation) یان کاریگەرییەکانی- گۆڕانی زمان- لەسەر دابونەریتە ئاساییەکاندا، بەڵام بۆچوونی جەستەیی سنووری تایبەتی خۆی هەیە و زانینی ئەم سنوورەش کە خۆی لەخۆیدا مشتومڕی زۆری لەسەرە، شتێکی فاندەمێنتاڵە -بنەڕەتییە- بۆ داکۆکیکردن لە بنەمای واتای دیسپینەکەی ئەو بۆچوونە بەتایبەتیش بنەماکەی وەک زانستێک. بۆچوونی ناوبراو لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا، بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری ڕێزمانی خولقێنەر (Generative grammer) کە (نوام چۆمسکی) دامەزرێنەرە بەراییەکەیەتی، بووە مایەی ورووژاندنی کاردانەوەیەکی توند دژی بۆچوونە ئیمپریکییەکەی دەیەکانی پێشووی، ئەوە جۆرە پێشبینییەک بوو دژی هەر جۆرە پێشنیارێک دەربارەی بونیاتنانی مینتاڵیی (ئاوەزیی) زمان. چۆمسکی دەڵێ (زمانەوانی بە ڕێژەی ئەو نموونانە پەیوەستە کە دەبێ لەنێو هەر جەستەیەکدا بدۆزرێنەوە). بە ڕای ئەو، جەستە لەنێو سروشتی شتەکاندا، ناتوانێ ڕاڤەی سەرتاپای زمان بکات، بەڵام تەنیا دەتوانێ (گوزارشت لە چەند وێنەیەکی هەڵبژاردە و بچووک بکات، کەچی لە تۆمارکردنی ئاخاوتنێکی سروشتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە دەسپێکی نادروست و لادان لە ڕێساکان و گۆڕانکاری پلان لە ناوەڕاستی گوتاردا discourse بەدیار دەکەون). ئەم هەڵە و نەگونجانە هۆیەکان بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە: بیرەوەری لاواز، بیرکردنەوە لە شتێکی تر لەکاتی ئاخاوتندا، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە ئەم هەڵە و نەگونجانە بپێکین و بیانزانین و دواییش فەرامۆشیان بکەین. ئێمە کاتێک گوێ لە ئاخاوتنی کەسێک دەگرین ڕەچاویان ناکەین، ئەمەش ئەوە دەگەینێ ئێمە فێرە ڕێگەیەک بووین کە دەتوانێ هەڵەکان لە ئاخاوتنی ڕاست جیابکاتەوە و ڕستەکان لێک جیابکاتەوە. ئەمەش وامان لێدەکات بتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە خەڵکی سیستەمێکی ڕێسایان بەدەستەوەیە کە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ مەقولەی (Category) زمان بەو ڕێگەیە بناسینەوە. ئەم سیستەمە ڕێسایەش شتێکە ناچێتە ناو چوارچێوەی جەستەی زمانەوە، بەڵکو لە دەرەوەیەتی و بۆشمان هەیە بڵێین لە مێشکی بەکارهێنەرانی ئەو زمانەیە. ئەگەری ئەوەش هەیە، بوونی ئەو سیستەمەی ڕێسا بە ڕێگەی دەمەتەقێیەک لەنێو داهێنانەکەی بەکارهێنەری زماندا بەرجەستە بێ. لێرەشدا دەمەوێ بڵێم کە ئەرکە نێوەندییەکەی هەر تیۆرێکی زمانەوانی، بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارە: چۆن ئێمە تێیدەگەین؟ وەک گریمانەیەک ئێمە تەکنیکێکمان بەدەستەوەیە بۆ شکاندنی هەر ڕستەیەکی نوێ و دابەشکردنی بەسەر چەند بەشێکی بچووک (bits) وەک بەشی ژمارەیی (numeral) و ئاوەڵناو و ناو (Noun)...تاد. مەزنیی تواناکەمان بەو ڕاستییەوە پشت ئەستوورە کە دەڵێ ژمارەی ڕستەکان لە ناو هەر زمانێکدا، ژمارەیەکی لە بننەهاتووە. واتە زمان بەشێوەیەکی لە بننەهاتوو کەڵک لە ژمارەیەکی سنوورداری finite ئامرازەکان وەردەگرێ.

دیسان دەڵێینەوە پرسی بوونی سیستەمێک بۆ ڕێساکان، لەنێو هەر یەکێک لە ئێمەماناندا چەکەرەی کردووە، چونکە هەر یەکێکمان کاتێک کە زمانێک لە ئاخاوتنیدا بەکاردێنێ، بەردەوام چەند ئامرازێکی زمانەوانی بەکاردێنێ کە ڕستە دروست و نادروستەکانی بۆ ڕاڤە دەکات یانیش ڕستەی نوێی بۆ بەرهەم دێنێ، بەڵام ئایا تۆژینەوەی ئەم سیستەمەی ڕێسا گرنگترە لە تۆژینەوەی خودی ڕستە ڕاستەقینەکان؟ بەڵێ، چونکە ئەم سیستەمە ئەو شتەیە دەتوانێ تێکڕای ئەگەرەکان لەنێو زماندا بپێکێ، کەچی هەر کۆکردنەوەیەکی دیکەی ڕستەکان (بۆ نموونە لەناو جەستەی زماندا) هەرچەندە گەورەش بێت، تەنیا دەتوانێ گوزارشت لە هەندێ وێنەی کەمی ئامانجی کار و توێژینەوە زمانەوانییەکەمان بکات. کەواتە (چۆمسکی) لێرە جیاوازییەکی فاندەمێنتالی لەنێوان زانینی کەسێک دەربارەی زمانەکەی- واتە سیستەمی ڕێساکانی زمانەکەی- و بەکارهێنانە ڕاستەقینەکەی بۆ زمان لە هەلومەرجە ژیارییە ڕاستەقینەکەیدا، سازدەدا. ئەو بە یەکەمیان دەڵێ (توانا Cometance) و بەدووەمیشیان دەڵێ (جێبەجێکردن Performans). توانا هەروەک لەناوەکەی دیارە، هەڵگری سیستەمێکی مینتاڵییە (ئاوەزییە) واتە هەڵگری ڕەفتارە ڕاستەقینەکەی مرۆڤە و لەبەر ئەوەش بۆی نییە تۆژینەوەی ڕاستەوخۆی ئیمپریکی بۆ بکرێ. ئەوەش وامان لێدەکات بە دوای ڕێگەیەک بگەڕێین تاکو بە هۆیەوە بتوانین تێڕامانی (introspection) (استبطان)ی بۆ بکەین لە شێوەی ئەم جۆرە پرسیارە: چۆنە کاردانەوەمان، یان لێکدانەوەمان یاخود شیکردنەوەمان بۆ ڕستەیەکی دیاریکراو؟ ئەوەش شتێکی

دیکەی لێدەکەوێتەوە: ئەگەر ئامانجی زمانەوانان، وەسفکردنی توانا بێت و ئەگەر دەربڕی ڕاستەوخۆی ئەم توانایەش بریتی بێت لە ژیربێژی intuition ئەوا ئێمە دەربارەی زمان، ژیربێژییەکانمان دەبنە بەشێک لەو بەڵگەیە کە بۆ سروشتی ئەم توانایە تەرخانکراوە، بەواتایەکی تر، ئەگەر توانا بریتی بێت لە بابەتە خودییە ڕاستەقینەکەی زمانەوانی، ئەوا ژیربێژی ئێمە دەبێ ببێتە بەشێک لەو زانیارییە data کە تیۆری توانا خۆی لەسەر داڕشتووە. ژیربێژی وەک زانیاری، بەشێکە لە بابەتەکە و لەهەمان کاتیشدا لێرە ئامرازی لێکۆڵینەوەشە، بەڵام ئایا چۆن تیۆر ڕاڤەی زانیاری دەکات؟ وەڵامێکی کورت بۆ ئەم پرسیارە لەوانەیە ئەوە بێت: بە دامەزراندنی چەند پێوەندییەک لەنێوان فاکتەرە گۆڕاوەکانی نێو ئەم زانیارییە و لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی سیستەماتیکی بۆ گریمانەکان hypotheses ڕاڤەی دەکات، ئەگەر پێوەری ڕوونبوونەوە Explicitness و بە سیستەمبوون Systematic پیادە بکەین، ئەوا دەتوانین دەستەبەری چوارچێوەیەکی گشتی بەڵگەنامەیەک بکەین کە گوزارشت لە ڕوانگەیەکی ئۆرگانی زانیارییەکەمان دەکات. دەشتوانین لێرە دەستەبەری جۆرە ڕاستییەک بکەین: دەتوانرێ هێزە لە بنەهاتووەکەی فاکتەرە گۆڕاوەکانی زمان و زانیارییەکەی، بە ئاماژە کردن بۆ کۆمەڵێکی بچووکی پرەنسیپە بونیاتییەکان و ژمارەیەکی کەمی مەقولاتە (Categories) فەلسەفییەکان ڕاڤە بکرێت. یانیش ئەگەر بمانەوێ ئەم ڕستەیە پتر قووڵ بکەینەوە ناو دەستەواژەی تیۆری خولقێنەر -generative ئەوا ئەوکاتە پێناسەی کۆمەڵە یاسایەک دەکەین کە دەستنیشانی شیکردنەوەیەک دەکات، بۆ سەرجەم ڕستە ڕێزمانییەکانی زمانێک دەگونجێ، کە دەتوانێ بەشێوەیەکی ڕوون بونیاتە سینتاکتیکییەکان (بونیاتی ئاخاوتن Syntactics structur) و پرۆنەسێشن (تلفظ) و واتای ئەو ڕستانە بژمێرێ. کەواتە، تیۆر کۆمەڵێک لە پرەنسیپی سیستەماتیکە و مەقولاتەکانی فەلسەفی دەبەخشێ کە بۆ بەرژەوەندی گشت زانیارییە واتا بەخشەکان و تێگەیشتووەکان کاردەکەن. هەروەک دەشزانین، چەندین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی سیستەم لەناو هەندێ شتدا– بەتایبەتی لەناو شتێکی هەمەلایەنی وەک زماندا هەیە. لە گۆشەنیگایەکی تایبەتیدا، زمان یاخود سیستەمی زمان وادیارە بە تەواوی لە سیستەمێکی دیکە جیاوازە. هەر لەبەر ئەوەش دەبینین کە تیۆری زمانەوانی جیاواز هەیە، کە هەر یەکەشیان کۆمەڵێک لە پرەنسیپ و مەقولاتی فەلسەفی جیاوازی بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکانی زمان پێشنیار دەکات. هەتاکو ئێستا، ئێمە زۆر بە ئاسانی تێبینی ئەوەمان کردووە کە یەک جۆرە پێناسە بۆ تیۆری زمانەوانی کراوە: تۆژینەوەی تیۆرە زمانەوانییەکان. بوونی ئەم فرە تیۆرییەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ساغڵەمییەکی ڕەهایە. بۆ هەندێ زمانەوان، لە هەمان کاتدا ئەم بیرۆکە گشتییە بۆ تیۆر زۆر هیوا بەخش و ئەبستراکتیشە بۆ مامەڵەکردنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زانیاریدا. ئەم زمانەوانانە پێیان باشترە مامەڵە لەگەڵ شتێکی پتر کۆنکریتیدا بکەن، واتە دەیانەوێ مامەڵە لەگەڵ مۆدێلێکی Model زمانەوانیدا بکەن نەک لەگەڵ بیرۆکەیەکدا. ئەو پرسیارەی کە لە برگەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە وەڵامی بدەینەوە: چۆن تیۆرێک ڕاڤەی زانیاری دەکات؟ بە ڕوونکردنەوەی مۆدێلەکان. ئەم وەڵامە لە زمانەوانیدا و لە بوارەکانی دیکەشدا واتای دیکەی هەیە، بەڵام واتا سەرەکییەکەی ڕوونە: مۆدێل هاوشێوەیەکی تێروتەسەل و سیستماتیکییە بۆ خستنەڕووی هەندێ ڕواڵەتی بونیاد یان ئەرکی زمان کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێمان دیارنین و لەوانەیە ئەگەر مۆدێل نەبێت واتایان بزربێت. زانستی زمانەوانی وەک زانستەکانی دیکە سوود لە چەندین مۆدێل وەردەگرێ، بۆ نموونە مۆدێلە ماتماتیکییەکان سوود لە واتا و هاوکێشەی ستاتیکی یان جەبری algebra وەردەگرن. هەروەها مۆدێلە فیزیکییەکان یارمەتیمان دەدەن لە سازدانی پێوانەی کار working Analogue بۆ دیاردە Phenomena یەک کە لە بواری فۆنۆتیک و کۆمپیوتەر بەکاردێت. بەهای مۆدێل لە ڕوونی و کۆنکریتییەکەیدا بەرجەستە دەبێت کە لەنێو پێوەندییە پێشنیارکراوەکانیدا بەدی دەکرێن. لەژێر ڕۆشنایی مۆدێلێکی تایبەتیدا، ئەگەر مۆدێلێک نەیتوانی پێشبینی نوێ بە دەست بێنێ یان نەیتوانی هیچ جۆرە پێشبینییەک ببەخشێ، ناچار دەبین بەدوای مۆدێلێکی دیکەدا بگەڕێین. واتە مۆدێل شتێکی کاتییە، شتێکە بۆ پێشکەوتنی زانست بەدوایدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی پێشبینی نوێمان پێببەخشێ. هەروەها مۆدێلەکان شتی هەڵبژاردەن، بۆ نموونە لە بواری زمانەوانیدا تەنیا ئەو مۆدێلانە هەڵدەبژێردرێن کە ئاماژە بۆ چەند ڕواڵەت و سیمای تایبەتی زمان دەکەن. کەچی سیما و ڕواڵەتی دیکەی فەرامۆش دەکرێن. کەواتە ئێمە دەبێ زۆر بە وریاییەوە مۆدێلەکان هەڵبژێرین بۆ ئەوەی تۆژینەوەکەمان ڕۆشن بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئێمە زۆر بە وردی لە تۆژینەوەکەماندا بەکاری بێنین. نابێ ئەوەشمان

لەبیربچێ کە مۆدێلی هەڵبژێردراو تەنیا دەتوانێ هەندێ سیمای زمان بەدیار بخات، چونکە لەوانەیە هەندێ سیمای دیکەی ئەم زمانەمان لێ بشارێتەوە، بۆیە دەبێ بزانین نابێ ئێمە هەموو بەشەکانی مۆدێلەکەمان بە زمانەوە پەیوەست بکەین، مۆدێلە باوەکەی زمان بە دەستەواژەی (بەشەکانی ئاخاوتن) لەوانەیە سەبارەت بە ژمارەیەک لە شتی گرنگ بەدحاڵیمان بکات، هەرچەندە بۆی هەیە بتوانێ هەڵگری پێشبینی جەوهەری بێت (وەک بیرۆکەی هۆبەی دەستەواژەکان) کە ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ. لە ڕوانگەیەکی نوێوە، مۆدێل ڕاڤەی زمان دەکات و ئاستە جیاوازەکانیشی دەستنیشان دەکا کە لەنێو بونیادەکەیدا هەن- وەک فۆنۆتیکەکان، فۆنۆلۆژیا، مۆرفۆلۆژیا، سینتاکس واتە زانستی ئاخاوتن...تاد.

بەڵام سەر لەخۆمان دەشێوێنین ئەگەر بێتو ئەم مۆدێلە زۆر بە تەواوی- حرفی Literal وەرگرین و بڵێین ئەم ئاستە جیاوازانەی زمان هەریەکە و بۆ خۆی جیا لە ئەوانی دیکە کار دەکات، چونکە بۆ نموونە زانیاری سینتاکتیک دەخزێتە نێو پێکهاتەی پێناسەی مۆرفۆلۆژییەوە و زانیاری مۆنۆلۆژیش کۆنترۆڵی شیکردنەوەی زانیاری فۆنۆتیکییەکەمان دەکات...تاد. لەبەر ئەوە دەبینین خەڵک بەگشتی تاوتوکردنی مۆدێلەکان لەتاوتوکردنی تیۆرەکان بە باشتر دەزانن. ئەو ڕێگەیەی کە مۆدێل لەنێویدا سەرنج دەخاتە سەر سیمایەکی تایبەتی زمان و پێشنیاری پێوانەی خۆی بە ڕێگەی تاقیکردنەوە دەکات، وای لێدەکات بیرۆکەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام بیرۆکەی مۆدێل ئەوەندە کارناکاتە سەر بیرۆکەی تیۆر: بەهای مۆدێل بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنێکی تایبەتی زمان پتر لە توانا چۆناتییەکەیدایە- بە واتایەکی دیکە، پێویستی بە تێگەیشتن و بەگشتیبوون generalization هەیە- ئەوەی کە تیۆر بانگێشتەی بۆ دەکات، چونکە لەوانەیە چەندین مۆدێل لە جۆرە ڕاڤەیەک وەرگیرابن کە لە ڕاستیدا بۆ دوو بیرۆکەیە و تەواوکەری یەکترین. ئاخاوتن دەربارەی سیفەتە فۆرمالییەکانی- شکلی- تیۆر، پێویستی بە ئاخاوتن هەیە دەربارەی شتی وەک: سروشتی شتە سەرەتاییەکان Primitives و بەدیهیاتەکان Axioms و خەمڵاندنەکان Pos-tulates و گریمانە تیۆرییەکان Hypothics و چۆنیەتی پەیوەستبوونیان بە یەکتری و جۆری سوودی بەکارهێنانیان (دەستەواژەی شتی سەرەتایی- پرامیتیڤ- ئەوە دەگەینێ کە لە هیچ شتێکی دیکە وەرنەگیراوە کە تیۆر پێویستی پێیەتی بێ ئەوەی ڕەنجی ڕاڤەکردنی بکێشێ). بەڵگەنەویستیش- بدیهیة -Ax-iom دەستەواژەیەکە دەربڕی یەک یان پتری شتە سەرەتاییەکانە، خەمڵاندیش- پۆستۆلێتس- جۆرە پێشنیارێکە لەنێو تیۆردا و پێویستی بە سەلماندنی ڕەوایی خۆی نییە. گریمانەی تیۆریش یاخود گریمانەی هزریش- هایپۆثیکس- وەک پێشنیارێکەو لە کۆمەڵێک (بدیهیة)ەوە وەرگیراوە، واتە دەهێڵێ سەلماندنی ئاوەزیی -عقلی- Rational بۆ بکرێ و زۆرجاریش گوزارشتی بە بیرۆکەیەکی تایبەتییەوە لێدەکرێ. کاری گرنگ لەم چەند ساڵەی دواییدا کراوە سەبارەت بە: چۆن هەندێ پێوەندی ئەبستراکت کە لەنێوان سیماکانی تیۆرێکدا هەن، لەنێو هاوکێشە و formula و دەستەواژەی ماتماتیکی یان لۆژیکیدا گوزارشتیان لێدەکرێ. دەمەوێ بڵێم، واتای تیۆر وەک سیستەمێکی تەواو هزری و وتەسازی- إشتقاقی- deductive- شتێکە بۆی هەیە بەجیاو سەربەخۆ لەو تیۆرە دابڕێژرێ کە بۆ بەرژەوەندی نموونەکانی نێو زانیارییەکان کاردەکات. واتای تیۆر پێویستی بە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک هەیە، یەکەمیان ئەوەیە، جیا لە ئاماژەکەم بۆ قوتابخانە جیاوازەکانی هزر، من قسەم لەسەر تیۆری زمانەوانیی بۆ سازدانی کۆمەڵێک لە- مەقولات Categories- و پرەنسیپ کرد کە دەتوانن ڕاڤەی کارێکتەرە بێدەنگەکانی Sailent character زمانی مرۆڤ بکەن وەک گشتێک universal. دەتوانین لێرەش چەند ئامانجێکی تیۆری ورد بە خۆمانەوە بگرین. لەوانەیە مەبەستمان ئەوە بێت، تیۆرێک دابڕێژین بۆ ئەوەی ڕاڤەی بونیاتی زمانێکی دیاریکراو بکات، یان ڕاڤەی هەندێ سیمای ئەو زمانە بکات، یان لە دیدێکی دیکەوە، دەمانەوێ تیشک بخەینە سەر هەوڵی شرۆڤەکردنی بنەماکانی گواستنەوەی ئاخاوتن لەنێو شەپۆلەکانی دەنگدا (واتە تیۆری دەنگەکان Acoustic theory) یان بنەماکانی سیستەمی پرۆنەنسێشن (تلفظ) لەناو زمانەکاندا (واتە تیۆری سینتاکس: تیۆری ئاخاوتن) و تیۆری مۆرفۆلۆژی و سیمانتیک، تیۆری واتا، لێرەدا دەتوانن نموونەی دیمان پێببەخشن. پرسیاریش لێرە ئەوەیە: لەسەر چ بنەمایەک ئێمە جیاوازی نێوان سینتاکس (زانستی ئاخاوتن) و مۆرفۆلۆژیا، جیاوازی نێوان زانستی دەنگ acoustic و فۆنۆلۆژیا ساز دەدەین؟ لەوەڵامدا دەڵێین بنەما هەیە و ئەرکێکی زمانەوانیش ئەوەیە کە هۆیەکانی ئەم جۆرە جیاوازییانە ڕوون بکاتەوە. دەبێ لێرەش هیوای ئەوە بخوازین کە

بتوانین شیکردنەوە جیاجیاکان بۆ خاڵە جیاوازەکانی نێو زمان، لەناو یەک کاری زمانەوانیدا کۆبکرێنەوە. ئەم بانگێشتەیەش لەدوا کتێبی زمانەوانیدا بەم ناونیشانە بەرجەستە بووە (تیۆری سەرتاسەری تەواو بۆ ڕاڤەی زمانەوانی). خاڵی دیکە کە دەبێ ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە، پێداگرتن لەسەر تیۆر ئەوە دەخوازێ: ئامانجی زمانەوانی بریتییە لە ڕاڤە و وەسفکردنی زمانەکان و هەڵسەنگاندنیان. دەتوانم بڵێم، ئامانجە گرنگەکەی زمانەوان، دۆزینەوەی ئامرازە بۆ بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی زمانەکان و تیۆرەکانیان، بەڵام ئایا هیچ ڕێگەیەک بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوە هەیە: کام تیۆر چاکترین تیۆرە چ پێوەرێکمان بۆ هەڵسەنگاندنی تیۆرەکان لەبەر دەستە، مەبەستمان لە چاکترین تیۆر چییە، ئایا هیچ فەلسەفەیەکی زمانەوانیمان هەیە؟ سروشتی ئەم جۆرە بیرۆکە و پرسیارە سۆفیستاییانە وەک ڕێگە و هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن، لەم ڕۆژانەدا کەم کەس تێیان دەگا، بەڵام ڕوون و ئاشکراشە کە ئەگەر بێتو تیۆرێک بتوانێت ئەو ڕێسایانە بپێکێ کە لەگەڵ گشت زانیارییە بەردەستەکانی زمانێک دەگونجێن، ئەوا لەو تیۆرەی کە دەتوانێ تەنیا سێ بەشی ئەو زانیارییە بپێکێ (چاکتر) و (بەهێزترە). یان ئەگەر تیۆرێک بتوانێت ڕاڤەی تێکڕای زانیارییەکە بکات بەڕێگەیەکی (ئابووریتر) مەبەستمان لێرە لە ئابووری ئەوەیە چەند سیمبول یان ڕێسامان پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕاڤەیە- ئەوا ئەو جۆرە ڕاڤەیە (چاکترین) ڕاڤەیە. شتێکی گرنگتر لێرە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ، بە تایبەتی لەکاتی تاوتۆکردنی پرسیارەکانی تیۆری زمانەوانیدا، ئەوەیە دەبێ بابەتەکانی تیۆر لە بابەت و کێشەکانی پراکسیس و هەڵسەنگاندن و ڕێگەکەی جیاکەینەوە، بەڵام زۆرجار ئەم خاڵە ڕەچاو ناکرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانەوانی ببێتە (تەکنیک بۆ داشکاندنی زمانەکان بۆ سەر کاغەز و نووسینەوەیان و کێشە سەرەکییەکەش وەک کێشەیەکی میتۆدۆلۆژی (Methodological) سەیر بکرێ): چۆن چاکترین دەرەنجام بەدەستەوە دێ؟. کاردانەوەی مۆدێرن بۆ ئەم بۆچوونەش دەبێ بەم جۆرە بێت: کەمتر لەسەر میتۆدەکانی شیکردنەوەیەک و پتر لەسەر کارێکتەرەکانی خودی ئەم شیکردنەوەیە پێدابگیرێ.

**سەرچاوە**: لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە، لە بەشێکی کتێبی (Linguistics)ی دێڤید کریستال
1971, Penguin Books, England.

# شوێنی وەفاتی میر سلێمانی میری سۆران لە دامەنی گەلی قاپوتێ

عەبدولڕەقیب یووسف
(سلێمانی)

میر سلێمانی کوڕی قولی بەگی کوڕی سلێمان بەگ و خانزادی خوشکی لە هەموو میرانی سۆران بەناوبانگترن، ڕەنگە مانەوەی ناوبانگی میر سلێمان بەشێوەیەکی فراوان تا ئیمڕۆ بەهۆی بەسەرهاتەکەیەوە بێت کە والی دەوڵەتی عوسمانی لە بەغدا زەهری داوەتە پێی بەهۆی خیانەتی (لەشکری)ی فەرماندەی هێزەکانی میر سلێمان کە ئەم بەسەرهاتیە بووەتە شانۆ و فیلمیش ئەگەر چەند شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا باسی ئەم بەسەرهاتیەی ناکات کە هاوکاتی یەکتربوون و وەسفی بە میرێکی لێهاتوو و دادپەروەر و نیشتمانپەروەر دەدات و نووسیویەتی پاش وەفات بوونی (عەلی بەگ)ی کوڕی بووەتە میری سۆران و تا ساڵی تەواوبوونی شەرەفنامە لە ساڵی (١٠٠٥ک= ١٥٩٧ز)دا عەلی بەگ میر بووە کە ڕەنگە پاش ئەو خانزاد بووەتە میر هەروەها شەرەفخان باسی ئەوە ناکات کە لە بەغدا وەفات بووە.

لێرەدا دەمەوێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەم کە گوایە لە بەغدا وەفاتی کردووە. ساڵانی ڕابوردوو کە گۆڕی میر سلێمان و خانزادم دۆزی لە شاری حەریر لە بارەی هەر دووانەوە و لە بارەی خانووەکانیانەوە ئایا شوێنەواری ماوە یان نا و هەروەها لە بارەی چۆنێتی وەفات بوونی میر سلێمانەوە چەند جارێک چاوپێکەوتنم کرد لەگەڵ چەندین کەس لە پیرەمێردانی حەریر هەموویان وتیان میر سلێمان کە لە بەغدا زەهر دراوەتە پێی لەوێ وەفات نەبووە، بەڵکو کە گەڕاوەتەوە بۆ حەریر لە نیزیک شار لە ڕاستی «گەلی قاپۆتێ» لە هەسپەکەیدا کەوتووە و وەفات بووە، لە پێشدا قاپوتەکەی لەسەر شانی کەوتووە کە ئاوڕی داوە دواوە و تەماشای کردووە و زۆر بێ تاقەت بووە خۆشی لەسەر پشتی هەسپەکەی کەوتووە و وەفاتی کردووە و هەموویان وتیان لەبەر ئەمە ناوی گەلییەکە لەو ساوە بووەتە «گەلی قاپوتێ» و شوێنی وەفات کردنی لەلایان مەعلوم بوو، لەبەر ئەوەی پێویست بوو ئەو شوێنە ببینم و دەستنیشان بکەم و وێنەی بگرم.

ڕۆژی (٢/٦/٢٠٠٢) بە تەمەنترینیانم لەگەڵ خۆم هێنا تا شوێنەکەی پیشانمان بدات کە (حاجی ڕەسووڵ مەدێ) بوو (ڕەسوول ئەحمەد ئەبوبەکر) کە مێژووی لە دایکبوونی لە دەفتەر نفووسدا (١/٧/١٩١٠)یە، بەڵام وتی و هەروەها کاک جەلالی کوڕیشی وتی تەمەنی لەوە زۆرترە. حاجی ڕەسووڵ وتی کە ڕۆژ گیرا (لە ١٩١٤دا) تەمەنم هەشت ساڵان بوو کەواتە دەوری ساڵی (١٩٠٧) لە دایک بووە و تەمەنی ئێستا کە زیندووە دەوری (٩٧) یان، داخل ساڵی (٩٨) بووە و تەندروستی زۆر باش بوو و ڕۆژی پێشتر چوو بووە پێشخابوور و گەڕاوەتەوە بۆ حەریر و دەیوت دەتوانم بەپێ لە حەریر بچم بۆ گوندی (سیساوە) کە دەوری (٧-٨کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی حەریرە. مام ڕەسووڵ زۆر لە بارەی حەریر و ناوچەکەیەوە دەزانێ وەک پیرەمێردەکانی دیکەش و پێشتر لە بارەی دەستنیشانکردنی گۆڕی شاعیری سەدەی شازدەیەم




وێنەی مام ڕەسووڵ مەدێ

(عـــەلی حـــەریری)یەوە ســـوودم لە زانیـــاری ئەویش وەرگـــرتبـــوو کـــە لەو بارەوە وتارێکم بڵاوکـــردەوە لە ڕۆژنامـــەی برایەتی ژمـــارەی ڕۆژی (٢٠٠٢/٢/١٧) و ناویشی لەو وتارەمـــدا هاتووە لەگـــەڵ ناوی هەندێکی دیکە لە تەمەندارەکانی حەریر. مـام ڕەسـووڵ پیـاوێکی کـــورد پەروەر و ڕەوشت چاک و نەفـــســـیـــیـــەت بەرزە و چووەتە نێــو شـــۆڕش و چەند ســـاڵێکیش لە ئۆردوگـــای (زێوە) لە مـــێـــرگـــەوەڕ لەگـــەڵ پەنابەرانی کـــورد مـــاوە و کوڕیشی پێشمەرگە بووە.

ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٢) مـــام ڕەســـووڵ لەگـــەڵم هات بۆ شـــوێنی وەفـــاتکردنی مـــیـــر سلێـــمـــان و ئەم بەڕێزانەش لەگەڵمان بوون: برای نووسەر ئەحمەد لەتیف خورشید و حوسێن مەلا عـیـسـا حەمەد ئەمین لە خەڵکی حەریر و سـتـار محەمەد ئیـسمـاعـیل لە خەڵکی دێی خرواتان و سائیق عەفان ئیبراهیم ئەمین گەلیاوەیی. مام ڕەسووڵ و پیـــرەمـــێـــردانی دیکەش ئەو شـــوێنەیان ناســـیـــوە بەهۆی پێـــشـــینانەوە کـــە لەبیـــریان نەچووە شـــوێنەکـــە دەکـــەوێتـــە ڕۆژهەڵاتـــی شـــار بە دەوری (٤کم) و ناو قـــەدی ڕێگـای گشـتـیی ئێـسـتا کە قـیرتاوە و پێـشـتریش هەر ڕێگابووە بۆ دێهـاتەکـانی باویە و سـیـسـاوە و شـێخ مـەمـودیان و بە دەوری (٢٥م) لە ڕۆژئاوای شـیـوی (گـەلی قـاپوتێ)یە واتە ئەو گـــەلیـــیـــەی تەنشـــتی ڕۆژئاوای شـــاخی قـــەڵای خانزاد و لە ڕۆژهەڵاتی شاخی قەڵاتیش دیسان گەلییەکی گـــەورە هەیە کـــە ناوی (گـــەلی ئەشکەوتی خـــانزاد)ە کـــە شاخـەکانی لە خوارەوە تەواو دەبن درێژکـەرەوەی هەردوو گەلی دەبنە دوو شیـو و زۆر نیزیکی یەکـتر دەبن و بەرەو دێی خرواتان شۆڕدەبنەوە کە دێیەکە بە دەوری (٢,٥کم) لە خواروی ئەم ڕێگا گشتییەیە.

ئەم شـوێنەی وەفـاتی مـیرسلێـمـان بە دەوری (١کم) لە ڕۆژئاوای ئەشکەوتی خـــانزادە کـــە بازنەیەکـــمـــان دروست کـــردووە لە بەردەکـــان لە دەوری شـــوێنەکـــە و من و مـــام ڕەسـووڵ لەنێـویدا وەسـتـاوین وێنەکەشـمـان بە کـامـیـرای ڤیـدیۆ و فۆتۆگرافی گرتووە، مـام ڕەسووڵ وتیـشی کە مـیر سلێـمـان لێـرە کـەوت و مـرد تەرمی لەنێـو باغی عـەزیز تاهای ئێـستـا نێژرا کە قەبرسـتـانێکی بچووکی بنەماڵەی مـیـرانی سۆران لەوێیـە و قـەبری خـانزادیش لە تەنیـشـتی باشووری قـەبری میر سلێمانە و ئەوکاتە حەریر مەڵبەندی میرنشینی سۆران بووە وەک لە وێنەکەدا دیارە، کێلەڕەشە گەورەکە کـێلی نەخشـدار و نووسینداری ژێر سـەری مـیر سلێمانە.

برای نووسـەر نیـازی حەمە عـەزیزی ڕانیـە لە ڕۆژنامـەی برایەتی ژمـــــارەی ڕۆژی (٢٠٠٢/٢/١٤)دا وتـارێـک بڵاوکرد بەناونیشانی (کێ بووە یەکەمجار گۆڕی خانزاد و مـیـر سلێـمـانی دۆزییەوە؟) وێنەیێکی گۆڕەکەیانیم دایە پێی و تێدا بڵاوی کرد.

بەم بۆنەیەوە داوا لە حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان






دەکەم شتێک لە دەوری جێگەی وەفاتیبوونی میر سلێمان دروست بکات تا بزر نەبێت و هەروەها گومەزێکی زۆر بە نرخ لە ڕوویی هونەری بیناسازییەوەش لەسەر گۆڕی ئەو خانزادی دروست بکات کە چەند جارێکیش داوام لێیان کردووە و نەخشەی گومەزەکەشم دایە پێیان چونکە لە گرنگترین شێوەکانی زیندووکردنی مێژووی ناودارانی کورد ئەوەیە شوێنەواریەکانیان لەوانە خانوویان و گۆڕەکەیان بپارێزرێن و باشترین جۆری پاراستنی گۆڕیش دروستکردنی گومەزە بەپێی گرنگی دەوری ئەو ناودارە لە مێژوودا.

هەروەها چەندین جار داوامان کرد لە بەرپرسان گومەزێک لە شوێنی گومەزی سلێمان پاشای بابان دروست بکات لە قەلاچوالان کە ڕژێمی سەدام بەتەواوی وێرانی کرد و قەبرستانی بابانییەکان لەوێ هەمووی تێکدا و نەخشەکەشمان دایە پێ و بەڵێنیشی دا، بەڵام تا ئێستا دروستی نەکردووە. مەخسەدمان سلێمان پاشای دووەمە کە ساڵی (١٧٦٠ز) شۆڕشی دژی دەوڵەتی عوسمانی و تۆپەکانی لە سەر شاخی (حەمرین) دامەزراند. پاش کە دائیرەی شوێنەوارانی سلێمانی هەڵکۆڵینەوەی شوێنەواریی کرد لە قەبرستانی بابانیدا توانیم قەبری مەحموود پاشای باوکی عەبدولڕەحمان پاشای بابانیش تێدا دەستنیشان بکەم، لە کاتێکدا مێژوونووسان باسی کوشتنیانی کردووە لە (یلتمر)ی نێوان سەردەشت و مەهاباد باسی ئەوەیان نەکردووە تەرمی لەکوێ نێژراوە و زۆر پێ دەچێ قەبری ئەحمەد پاشاش لەوێ بێ، بەڵام جارێ ماویەتی نووسینە شێواوەکەی کێلەک بە تەواوی شیی بکەمەوە کە بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕەئیم وایە کێلی قەبری ئەوە. مخابن هەردوو ئیدارەی کوردستان هەوڵی پێویست نادەن بۆ زیندووکردنی مێژووی کورد.

# فیردەوس لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا

محەمەد سلێمان عەباس

(٢ - ٢)

**٤- فیردەوس لای بوودییەکان**

بوودا هەوڵی دا ئاینێک دابنێت کە نە ئاگری تێدا بێ و نە فیـردەوس ئەویش بە رزگـاربوون لە ئازارەکـانی لەم دنیـایەدا لە رێگەی گەیشتن بە پلەی (نێرڤـانا)، بەڵام بوودییەت لە ژێر فشاری پێویستییەکانی خەڵک باسی فـیـردەوسی کـردووە وەک ئایینەکـانی تر بۆ نموونە فیردەوسی چیایی (میرۆ) کە دەکرێتە چەند بەشێک و چینێک و لە گشت چینەکان خەڵکی لێیە و لەسەر ئەم فـیـردەوسـە چین و پلەی تر هەن تا دەگـاتە فـیـردەوسی ئاسـمـان کە مـرۆڤـە چاک و باشـەکـان لە خـۆشـیـیـەکی بەردەوامدا دەژین. هەروەک لە (فیدا) داهاتووە: گیانی باش و پاک (یامـا) وەری دەگـرێت و بەرزی دەکـاتەوە بۆ فـیردەوس بۆ ئەوەی خـۆشحـاڵ بێت و چێژ وەربگرێت لە هەموو شتە خۆشەکان و بە بەردەوامی.

واتە باسی فیردەوس لە ئینجیلی بوودییەکاندا هاتووە و بەناوی زەوی پاک و شـوێنی کـامـەرانی ناوبراوە و کەوتۆتە رۆژئاوای دنیا. بەم شێوەیە باسی لێوەکراوە «لە رۆژئاوای دنیـادا هەرێمی فـیـردەوس هەیە (زەوی پاک). کە بەشێوەیەکی جوان و قەشەنگ رازاوەتەوە بە زێڕ و زیو و مرواری و بـەردە بەنرخەکـانی تر. لەوێ ئاوی بێگەرد و زەلاڵ هـەیە و لـێـــــواری رووبـاریش لمـێـکی زێـڕینـە و دەوروبەری رووبارەکـەش باغ و چیـمـەنن کـە پڕن لە گـوڵزاری بۆنخـۆش و گـوڵی (لوتس). لەوێ دەنگی مۆسیقا دێت کە شاد و دڵخۆشت دەکات و رۆژێ سێ جار گـوڵە بـاران دەبارێت و بلبلەکـان ئاوازی نـاسک و خـۆش دەچڕن و دەچریکێنن». گەیشتن بەم فـیردەوسە پێویستی بە پێنج مـەرج و رامـان هەیە: خۆشـەویسـتی. بەزەیی و شەفەقەت. کامەرانی. ئارامی. تەئەمول. ئەم فیردەوسە لای بوودییەکان شوێنی گیانەکانە واتە تەنیا بوونەوەرە روحییەکان تێدا دەژین بۆیە بە بڕوای بوودا ئەگەر روح لە یاسـای دۆنـایدۆن رزگـاری ببـێت، ئەوا دەچێـتـە نـاو (نێـرڤـانا)وە. (نێـرڤـانا) بە دید و بۆچوونی بوودا ئەو شوێنەیە کە نە تاریکە نە روون و باسی ناکرێت و وێنەی ناکـێـشـرێت نە چاو دەتوانێت وێنای بکات نە گـوێ دەتوانێت بیبیستێت. خۆشە. بێ دەنگە. بێ خۆر و بێ مـانگە... بێ رق و کـینەیە پڕە لە دەسـەڵات پڕە لە ئارەزوو پڕە لەوەی مرۆڤ دەیەوێت. خاڵییە لەوەی مرۆڤ نایەوێت، هیچ شتێک وەک (نێرڤانا) نییە تەنیا و روح دەیناسێت، چونکە لەوەوە هاتووە بۆ ئەویش دەگەرێتەوە. (نێـرڤـانا) دوا پلەی بەهەشت و خـوایەتی بوودایە لە (نێرڤانا) بەرزتر و پیرۆزتر نییە.

**٥- فیردەوس لای گریکەکان**

گریکەکان کە مامۆستای بیری مرۆڤایەتین یەکێک لەو ئایینانەی لەنێوانیاندا هەبوو، ئایینی (ئۆرفی) بووە. ئەم ئایینە باسی فـیـردەوسێک دەکات کە مـرۆڤـە چاکـەکـان نەمـرن تێـیدا و کـامـەرانن و بەم فـیـردەوسە دەگـوترێت دوورگەکـانی کامەرانی و جوانترین وێنەی فیردەوس لە شـیـعـری (بەندار) بەدی دەکـەین کـاتێک دەڵێ: لەژێر

تیشکی خۆری گەشدا مرۆڤە باشەکان دەژین، جیاوازی لەنێوان شەو و ڕۆژدا نییە و مرۆڤەکان ئەو کردارانە ناکەن کە لە ژیانی پێشوو دەیان کرد کە کاتێک لە زەوی کێڵاندا زەحمەتیان دەکێشا بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان. لێرە لەخۆشییەکی بەردەوام دەژین و لەگەڵ خواوەندەکاندا کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن دوور لە هەموو پەژارە و خەم و پاداشتیان دەدرێتەوە لە بری ئەو پەیمانەی کە دابوویان و پاراستنیان لەسەر زەوی. هەروەها ئەفسانەیەکی گریکی هەیە باس لە باخچە و بێستانی (سێوە زێڕینەکان) دەکات کە ناسراوە بە (هسبردیس). کە مێرگێکی دڵگیر و جوانە و هەردەم گەش و درەوشاوەیە و سێوەکانی ئەم باخچەیە زۆر بەتام و بەلەزەتە و بەرەکانی زێڕە و لێکردنەوەی ئەم سێوانە قەدەغەیە و دەرکردنی لەدواوەیە.

**٦- فیردەوسی مندائیبیەکان**

فیردەوس لای مندائیبیەکان بە خانەی هەق ناسراوە کە جیهانێکی ئایدیالییە و باب و باپیران و بوونەوەرە ئاسمانییەکان تێیدا جێوارنشینن و شوێنەکەی لە باکووری دنیایە کە جیهانی خۆرە و ڕووناکی لێیە. بە زمانی مندائی پێی دەڵێن (مشونی کشطا) واتە ئاسمانی سەرەوە. چوونە بەهەشت بە بڕوای مندائییە (صائبە)کان لە ڕێگەی کێشانی گیان دەبێت و ئەگەر باش بێت ئەوا بە ئاسانی لە ڕووباری (خشخاشە) دەپەڕێتەوە بۆ فیردەوس و گیانی خراپ و بەدیش دەبەن بۆ (مراش) تاکو پاک ببێتەوە لە گوناه و تاوان پاشان دەچێتە بەهەشت. دەرگاوانی فیردەوس فریشتەیەکە بەناوی (آباثر) کە بەرامبەر (رضوان)ی بەهەشتی ئیسلامییە.

گەڕانی گیان بەدوای نەمری کاتێک دێتە دی کە گیان یا ڕۆح لە شوێنی کاتی واتە لە جەستە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆی کە لێی دەرچووە ئەویش جیهانی ڕووناکییە و لەگەڵ زاتی خواوەندا یەک دەگرن.

بەهەشتی مندائییەکانیش تژی میوەهاتە و ئاوی ئاسمانی لێیە و هەر کەسێک بگاتە ئەوێ ئەوا نەمری و ژیانی ئەبەدی بەدەست دێنێ.

**٧- فیردەوس لای ڕۆمانەکان**

بیروباوەڕی ڕۆمەکان بەرانبەر فیردەوس بەم جۆرە بووە؛ ڕوحی مردووەکان دەگوێزرێتەوە بۆ فیردەوسی خۆشی کە مرۆڤە باشەکان پێی شاد دەبن پاش مردنیان. ڤیر چیل لە داستانی (ئەلیادە)دا وەسفی فیردەوس دەکات و دەڵێ: پڕە لە دۆڵی سەوز و مرۆڤە چاکەکان هەتا هەتایێ تێیدا دەمێننەوە و ژیان بەسەر دەبەن.

**٨- فیردەوس لە تەوڕاتدا**

لە وەسفکردن و گێڕانەوەی فیردەوسی تەوڕاتدا زۆربەی توخمە میتۆلۆژییەکانی سۆمەری و کەنعانی و سۆمەری سەرهەڵدەدەنەوە دیدو و وێناکردنی تەوڕات بۆ فیردەوس بەم شێوەیە: بە هەشت شوێنێکی سەوزە و پڕە لە دار و درەخت کە خوا خۆی چاندوویەتی لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن و ئارامگا و شوێنی حەوانەوە و حەسانەوەی خواوەندە و هەروەها (ئادەم)یش تێیدا دەژی کە خواوەند خەڵقی کردووە. شوێنێکی ئارام و ئاسوودەیە و مرۆڤ بە دڵنیایی و هێمنی تێیدا دەژی بێ ئەوەی کاربکات و ڕەنج بدات و ماندووبێت لەپێناو بژێوی ژیان و دەستکەوتنی خۆراک. مرۆڤ لەوێدا نازانێ خەم و نەخۆشی و مەرگ چییە. ئەم فیردەوسە کەوتۆتە سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکان کە چوار ڕووباری تێیدا هەڵدەقوڵێ، فیشون و جیحون و حداڤیل و فورات. توخمە ئەفسانەییەکانی دروستکردنی مرۆڤ و کەوتنی مرۆڤ لە تەوڕاتدا هەر ئەو توخمانەن کە لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا هەن.

باسکردن و وەسفکردنی فیردەوس لە (سفرالتکوین)ی تەوڕاتدا بەم شێوەیەیە: (خوا لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن فیردەوسێکی دروست کرد و ئادەمی خوڵقاند و تێیدا داینا و خوا لەو زەوییەدا گشت جۆرە درەختێکی چاند کە دڵگیر و جوان بێ و بەرەکەی بە لەزەت بێت جگە لەمانە داری بەهەشت و داری زانینی چاکە و خراپەی لە ناوەڕاستی فیردەوسدا چاندو ڕواند. ڕووبارێکی لە (عەدەن) هەڵقوڵاند بۆ ئاودانی فیردەوس و ئەم ڕووبارە دەبێتە چوار لق و خودا ئادەمی هێنا بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی فێری زۆر شتی بکات ئەوە بوو فێری کرد و پێی گوت لە بەری داری بەهەشت بخۆ، بەڵام بەری داری چاکە و خراپە مەخۆ و ناوی هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانی بە (ئادەم) گوت، پاشان بۆ ئەوەی ئادەم بە تەنیا و بێ هاوتانەبێ (حەوا)ی لە پەراسووی ئادەم خوڵقاند تاکو ئادەم هەست بە تەنیایی نەکات و سەبووری پێبێت..

(ویل دیورانت) دەڵێ: بیروباوەڕی جوولەکەکان لەمەڕ دنیای ئەودیو و ژیانەوە و نەمری ئەو دەمە پەیدا بوو کە بێ ئومێد بوون لەوەی کە لەسەر ئەم زەوییە دەسەڵات و فەرمان (سلطان)یان هەبێت و ئەم بێ هیواییە ئەم بیرۆکەی لای ئەوان گەڵاڵە کرد. وادیارە ئەم بیرۆکەیان لە زەردەشتییەکان وەرگرتبێت و دەروونییە بەشێکیان لە میسرییەکان خواستبێت.

ڕاڤەندە جوولەکەکان کە باسی جیهانەکەی دیکە دەکەن ئەوە دەردەخەن کە ڕوحی مرۆڤ لەو دنیا دادگایی دەکرێت و خۆشی لە دنیای ئاخیرەت بەندە بە زەمەنی ڕزگاربوون،

بۆیە دنیای دوارۆژ دیارنییە و نەزانراوە هەروەک حاخام (جوسی ایزنبرج) دەڵێت: خۆشی مرۆڤ لەو دنیا بەندە بەکاتی دەربازبوون و دەگەڕێتەوە بۆ دەمی ڕزگاربوون و کەس ناتوانی وەسفی ئەم خۆشییە بکات و (تەلموود)یش ئاماژەی بە ڕۆژی کۆتایی کردووە کە لەوێ خواردن و خواردنەوە و ژن هێنان و بازرگانی و ڕق و کین و دووبەرەکی نییە.

**٩- فیردەوس لە ئایینی مەسیحی (کریستیانی)دا**

لە ئایینی مەسیحیدا بەشێوەیەکی ڕوون و دیار باسی فیردەوس کراوە و بایەخێکی زۆری بە دنیای دوا ڕۆژ و ئاخیرەت داوە و ئەم دنیایە و ژیانی سەر زەوی بەبێ بایەخ و بەخراپە باس کردووە. لە دەقێکی ئینجیلی (مەتتا/١٣): وەسفی دنیای کۆتایی دەکات (کاتێ کۆتایی ئەم جیهانە دێت فریشتەکان دێن بەدکاران دەردەهێنن لە ناوەڕاست دروستاندا و فڕێیان دەدەنە ناو تەندووری گڕدار و جا لەوێ دەبێ بە گریان و چرکە چرکەی ددان ئەوسا ڕاست و دروستان لەناو پادشاهێتی باوکیان وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە لە ئایینی مەسیحیدا مرۆڤەکان لە بەهەشتدا نەسخ دەکرێن و دەبنە فریشتە هەروەک لە ئینجیلی (مەتتا/٢٢)دا هاتووە (خەڵکی لەکاتی زیندووبوونەوەدا نە ژن دەهێنن و نە شوو دەکەن بەڵکو لە ئاسماندا وەک فریشتە دەبن).

فیردەوس لە مەسیحیدا بە (پادشاهێتی ئاسمان) ناوبراوە واتە زەوی خوا، دەقێکی ئینجیلی (یوحنا/٧) جەخت لەسەر ئەم ناوە دەکات و دەڵێ (ئەوانەی تەنیا ناوم دەهێنن، ناچنە پادشاهێتی ئاسمان، بەڵکو ئەوانە دەچنە پادشاهێتی ئاسمان ئەوانەی ویست و ئیرادەی خوا جێبەجێ دەکەن).

مەسیح لە فرمایشتەکانی خۆیدا وای ڕادەگەیاند کە گەیشتن بە پادشاهێتی ئاسمان زۆر گرنگە و دەبێ هەموو خەڵکی کۆشش بکەن بۆ لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم گەیشتن بە پادشاهێتی خودا. ئەگەر چاوت لە ڕێی لادا هەلیکۆڵە، چونکە بە یەک چاو گەیشتنە پادشاهێتی ئاسمان خۆشترە لەوەی بە دووچاو بگەیتە دۆزەخ. هەربۆیە (مەسیح) فەرموویەتی ئەوکەسانەی فرمایشتەکانی ئەویان خۆش دەوێ و پەیرەوی دەکەن ئەوا خاوەنی ژیانی جاویدانین و هەرگیز نافەوتێن و ئاسوودەیی و ئارامی تەواو لای مەسیحە. لە پادشاهێتی ئاسمان خودا لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت و ئەوان دەبن بەگەلی خودا. خودا هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە و مردن نامێنێت، ئیتر خەم و هاوار و ئازار نامێنن (الرؤیا/٢).

هەندێک توێژینەوەی مێژوویی هەن کە باسی لێکچوونی بیروبۆچوون و کەلەپووری کریستیانی و ئیسلامی دەکەن لەسەر ژیانی کۆتایی و فیردەوس. بۆ نموونە (جودفروی) چەمکی ژیانی ئاخیرەتی بەراورد کردووە لە نێوان دید و باوەڕی ئیسلام لەگەڵ تەرنیمە (ترنیمە)ی قەشە (ئەفریم) و دەگاتە ئەنجامێک کە بیرۆکەی پەری (الحور) ڕەسەنەکەی زەردەشتییە و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات خواستوویانەو وەریان گرتووە و ئەم بیرۆکەیە لە ئایینی کریستیانی بەشێوەیەکی تازە و دیار سەری هەڵداوە و بە باوەڕی قەشە (ئەفریم) کاتێک مرۆڤ بە پاقژی دەژی و دوورە پەرێز لە لەزەت و خۆشییەکانی دنیا ئەوا لەوێ حۆرییەکان پێشوازی لێدەکەن بە سۆزە پاک و بێ گەردەکەیانەوە. لەوێدا وەک گەنجێک هەتا هەتایە دەژی و مرۆڤ لاو دەبێتەوە و لۆچەکانی ڕووی نامێنێت و جوان و گەش دەبێت. هەروەها (تۆما ئەکوینی)یش بڕوای وایە کە ڕۆحە تەوباوییەکان لەنێو فیردەوسدا لە هەڕەتی تەمەنی جحێڵی دەمێنێتەوە.

**فیردەوس لە ئایینی ئیسلامدا**

پێش ئەوەی باسی فیردەوس بکەین لە دید و ڕوانگەی قورئان و ئایینی ئیسلام، پێویستە بزانین کە لە چەند شوێن باسی بەهەشت کراوە و بە چەند ناو ناوبراوە: وشەی (الجنة) لە (١٣٩) ئایەتدا هاتووە.

(٦٧) جار بە شێوەی کۆ (الجنات) هاتووە لە (٧) ئایەتیشدا بەشێوەی جووت ناوبراوە. وشەی (الجنة) لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمانای بێستان دێت و عەرەبەکان بە باغی خورما دەڵێن (جنة) و بەهەشت بە پێی قورئان لە چەند چین و پلەیەک پێکهاتووە و چەند ناوێکی دیکەی هەیە وەک (جنة المأوی و جنة المقامة و دارالنعیم و دار الخلود و دارالسلام وجنان النور و الارض الطاهرة و المنطقة السعیدة و ملكوت السماوات و عدن و الفردوس...). لە ئایینی ئیسلامدا چەمکی(بەهەشت) و (دۆزەخ= ئاگر) پێوەستن لەگەڵ یەک و لەیەکتر جیاناکرێنەوە وەک پێوەندی نێوان (بەختەوەری) و (کوێرەوەری) کە دوو جەمسەری دژیەکن و بەپێی بۆچوونی ئایینی ناخۆشی و کوێرەوەری لەدنیادا مرۆڤ دەباتە بەهەشت و لەبەرامبەر ئەوە کەیف و خۆشی و لەزەتی دنیا مرۆڤ بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبات هەروەک لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە (الجنة حفت في المارة و النار حفت في الشهوات) و ئەگەر مرۆڤ باسی ژینی هەمیشەیی و خۆشی بەهەشت و ترس لە مردن و دۆزەخدا

بۆ نەکرابایە ئەوا ملی نەدەدا بۆ فەرمانە ئاینییەکان و حەز کردن لە نەمری و هەستی خۆ بە بەرز زانین بەکارهات بۆ دەست بەسەرداگرتنی توانا ماندووەکان، ئەمەش مانای وایە کە ئیسلام پشتی بە بنەمای (الترغیب/ الترهیب) بەست لەپێناو جێبەجێکردنی بنەماکانی قورئان و هاندانی موسڵمانان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان واتە بەڵێندان بە هێنانەدی حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ لە دنیای ئاخیرەت ئەگەرهاتوو باوەڕیان هێنا و ئەرکەکانی خودایان جێبەجێ کرد و بە مرۆڤیان گوت تۆ زیندوو دەبیتەوە و هەمیشە دەژیت و ژینی ئەم زەوییە بێ بایەخە یا ترساندنی مرۆڤ بە ئاگری دۆزەخ ئەگەر فەرمانەکانی خودایان جێبەجێ نەکرد هەروەک دیارە ئەم پەیمان و بەڵێنەی خودا بە باوەڕدارانی دەدات وەک پاداشتێک وا لەم مرۆڤانە دەکات کە بەردەوام چاوەڕێی بەهەشت و ژیانی نەمری لە بەهەشتدا بکەن و جۆرە ژیانێکی تایبەتی بژین و فەرمان و ئەحکامەکانی باوەڕ و کفر لە قورئاندا هەردوو شێوازی ژیانی فیردەوس و شێوازی ژیانی دۆزەخ دەخوڵقێنن یەکەمیان وەک پاداشتی چاکە و ئەوەی تریان شوێنی سزادانی کافر و بێ باوەڕەکانە و جێگای گوناهـ و تاوانبارانە.

ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی زۆر فراوان وەسف و باسی فیردەوسی کردووە ئەگەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ ئایینەکانی دیکە، دەبینین وێناکردنی ئیسلام بۆ فیردەوس جیایە و بە دوورو درێژی و بە وردی وەسف و باسی بەهەشتی کردووە ئەو بەهەشتە پانییەکەی نەوەک درێژییەکەی هێندەی ماوەی نێوان هەموو ئاسمانەکان و زەوییە، بەهەشتی ئیسلام شوێنی نەشوەی ڕەهایە کە تێیدا هیواو ئارەزووەکانی نەفسی مرۆڤ بە تەواوی و کاملی بەدی دێت و هەموو شتێکی لێیە کە مرۆڤ بیەوێت و مرۆڤ دەتوانێ بە تەواوی هەموو غەریزەکانی تێر بکات، کەواتە لە بەهەشتی ئیسلامدا جەژنی هەستەکانە و جێگای تێرکردن و بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانێتی و مەملەکەی خەیاڵە و لەزەت و چێژ و خۆشییەکانی گشت ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە فیردەوسدا هەیە بۆیە ئایینی ئیسلام پشتگیری تێرکردن و جێبەجێ کردنی تەواوی غەریزەکانی (واڕسکەکانی) مرۆڤ دەکات لەوێ و نایەوێت غەریزەکان بچەپێنێ و کپ بکاتەوە و لای بیات و مرۆڤ لەوێ شێوە و سروشتە مرۆییەکانی ون ناکات و ناگۆڕێت و نەسخ نابێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەهەشت لەبۆچوونی ئیسلامدا تەواوکەر و درێژەپێدەری ژیانی سەر زەوی و دنیایە و بەهەشتێکی ماددییە کە تێیدا هەستەکان تێردەبن.

فیردەوس لە دینی ئیسلامدا تەباو گونجاوە بۆ مەیل و حەزەکانی لەشی مرۆڤ و غەریزە و هەوەسەکانی. بۆیە قورئان لەجیاتی بیابانی وشک و گەرم، مژدە و بەڵێنی بەهەشتی دانێ کە (تجري من تحتها الانهار) (سورة الرعد:١٣:٣٥) و لە بری خەوتن لەسەر لم بەڵێنی بەهەشتی (فیها سرر مرفوعة)ی دانێ (سورة الغاشیة ٨٨:١٣) و (علی الارائک ینظرون) (سورة المطففین ٨٣:٢٣) و لەبری لەبەرکردنی پۆشاک کەلەمووی حوشتر دروست کرابێت بەڵێنی دا کە لە فیردەوس (یحلون فیها من أساور من ذهب و لؤلؤ و لباسهم فیها حریر)، (سورة الحج:٢٢:٢٣) و لە جیاتی نەبوونی و کەمی میوەهات بەڵێنی دانێ کە لەوێ (فیها فاکهة و نخل و رمان) (الرحمن ٥٥:٦٨) و لەجیاتی خێمە و ڕەشماڵ کە باش نایانپارێزێت لە گەرماو سەرما لە بەهەشت (غرف من فوقها غرف مبنیة) هەیە (سورة الزمر ٣٩:٢٠) کە (لایرون فیها شمسا ولا زمهریرا) (سورة الانسان ٧٦:١٣). و لە بری خولام و خزمەتکار بەڵێنی دا کە لە بەهەشت (یطوفون علیهم ولدان مخلدون باکواب و أباریق و کأس من معین) (سورة الواقعة ٥٦:١٧و١٨) و (یطوفون علیهم ولدان مخلدون اذ رأیتهم حسبتهم لؤلؤا منثورا) (سورة الانسان: ٧٦:١٩) و لەجیاتی برسیەتی و نەبوونی خواردن و خواردنەوە لە بەهەشت (وأمددناهم بفاکهة و لحم مما یشتهون) و (لحم طیر مما یشتهون) (سورة الواقعة ٥٦:٢١) و هەروەها دەڵێ بخۆن لە هەر کوێ حەز دەکەن (فکلا منها رغدا حیث شئتما رغدا- واسعة وطیبة) واتە خواردنی زۆر و هەمەچەشن و فراوان و چاکە. و (فیها أنهار من ماء غیر اسن و أنهار من لبن لم یتغیر طعمه و أنهار من خمر لذة للشاربین و أنهار من عسل مصفی) (سورة محمد ٤٧:١٥) و لە (١٠٨ هود)دا هاتووە (إما الذین سعدوا ففي جنة خالدین فیها مادامت السماوات و الارض الا ما شاء ربک عطاء غیر مجذوذ) واتە ئەوانەی بەختیار کراون ئەوا بۆ بەهەشت نەمرن، تێیدا هەتا بەردەوام بێ ئاسمانەکان و زەوی مەگەر ویستی خودانەبێ بەخشندەیەکی نەبڕاوەیە و (لا یذوقون الموت الا موتة الاولی). قورئان وادە و بەڵێن دەداتە ئیمانداران کە لەو دنیادا دەچنە بەهەشتەوە و بەهەشتی بەرز و بڵند کە جۆگەی ئاو و شیرو هەنگوینی تێدایە و قەنەفەو فەرش و سەرین و جۆرەها پەرداغی تێدایە، گۆشتی باڵندە و شەرابی تێدایە. هەروەها ئەگەر لەم دنیا ناتوانن وەک دەوڵەمەندان چێژ و لەزەت لە ژنی

جوان و زۆر بکەن ئەوا لەو دنیا حۆریتان پێ دەدرێ، حۆری سپی و ناسک و بالآبەرز و چاورەش (کذلك و زوجناهم بحور عین یدعون فیها) (في جنة عالیة فیها عین جاریة فیها سرر مرفوعة وأکواب موضوعة ونمارق مصفوفة) (الغاشیة: ١٠).

ئەم جۆرە گفت و قسانە کاریگەری زۆریان بەسەر خەڵکی فەقیر و هەژار هەبووە، چونکە ئەوان سەیری ژیانی خۆیان دەکرد بێ بەشن لەگشت شتێک، بۆیە خەویان بەو فیردەوسە دەبینی. ئەم دەقانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دید و بۆچوونی دینی ئیسلام لەمەڕ فیردەوس جیاوازە لەگەڵ ئایینەکانی پێشتر بەتایبەتی ئایینی مەسیحی ئەگەرچی کاریگەری ئەم ئایینەی پێوە دیارە و ڕەنگی داوەتەوە هەر ئەم دەقانە وای لە هەندێک لێکۆڵەر و ڕۆژهەلآتناس کردووە بڵێن ئایینی ئیسلام دینێکی ماددییە و پێچەوانەی ڕۆحانییەتی مەسحییە. هەر ئەم بیرورا کرچ و کاڵ و نابابەتییانە وای لە (جودفری) کردووە بڵێ: فیردەوسی ئیسلام بۆ کۆچەرە دەورانشینەکان زۆر شیاو و گونجاوە، چونکە نە گەرمای بەتین و نە سەرمای سەختی لێیە، بەڵکو گشت دار و درەخت و کانی ئاو و سەوزایی و گەوهەری بەنرخ و مێرد منداڵ و خێوەتی گەورە و نایاب و فێنک و خۆشی لێیە.

ئیسلام و قورئان وێنەیەکی قەشەنگی هونەری ئافەریدە دەکات و کێشاویەتی لەبارەی فیردەوسەوە کە وێناندنێکی زۆر جوانە و دنیایەکە تژی خۆشی و دەهشەت و سەربەستی و ئازادی تەواو و چێژی هەمیشەیی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی دنیا و هەروەها لە کارو ئەرکەکان و سەختی ژیان و حەسانەوەی مرۆڤ لەوێیە.

لایەنێکی دیکەی باسکردنی فیردەوس لەقورئاندا خۆی لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا دەنوێنێ، لە (اعراف ١٩-بقرة-٣٥) داهاتووە (یا آدم اسکن أنت و زوجک الجنة فکلا من حیث شئتما ولا تقربا هذه الشجرة فتکونا من الظالمین). واتە (ئەی ئادەم نیشتەجێ بە تۆ و جووتەکەت لە باغەکەدا، دەیخۆن لە هەر کوێیەک ئارەزووی بکەن نزیک مەکەونەوە لەو درەختە و ببنە ئەوانەی ستەمکاربوون). ئادەم و حەوا هەڵەیەکیان هەبووە و هەستیان بە هەبوونی عەورەتی خۆیان نەکردووە تاوەکو شەیتان پیشانی دان، بەهۆی خواردنی بەری دار گەنمەوە هەڵەکەیان دەرکەوتووە. لە ئینجیل لە بری دارگەنم دارسێوە گوایە شەیتان بووە بە مار و سێوێکی داوە بە (حەوا) لە پاشان (ئادەم)یش خواردوویەتی بووەتە هۆی دەرکردنیان لە بەهەشت.

کەواتە بەری ئەو درەختە بووەتە هۆی دەرکەوتنی عەورەتیان و دەرکردنی (ئادەم) و (حەوا) لە بەهەشت. مادام بەهەشت پلە پلەیە کەواتە دەبوو (ئادەم) لە بەهەشتی بمایایەوە، ئەگەرچی لە پلەیەکی نزمی بەهەشتیشدا بوایە. چۆن دەبێت باوکی گشت مرۆڤەکان لە بەهەشت دەربکرێت لەسەر گەنم، بەلآم وەچەکانی ئەگەر تاوانیشمان هەبێت لە ئەنجامدا بچینە بەهەشت؟

خودا هەر لەسەرەتاوە بەهەشت و دۆزەخی جیاکردۆتەوە بۆ ئەوەش دەبێ ئەزموون هەبێت کەواتە دەبێ ئەزموونەکە لە دەرەوەی بەهەشت و دۆزەخدا بێ لەبەر ئەوەی (بەهەشت و دۆزەخ) دار آلاخرة = ماڵی کۆتایی بن. بەپێی باسە ئایینییەکان کەس ناچێتە بەهەشت یا دۆزەخ هەتا وەکو ڕۆژی زیندووبوونەوەی گشتی و حیساب نەیەت ئەوەش لەدوای لەناوچوونی هەموو گەردوون دەبێ. ڕاڤەندەکان دەڵێن (گیانی موسڵمانان لەدوای مردن) لە (جنة المأوی- بەهەشتی ئارامگادا) دەبێت تا کاتی لەناوچوونی گشتی.

### جنس لە فیردەوسدا

ئەوەی فیردەوس لە ئایینی ئیسلامدا جیادەکاتەوە لە فیردەوسی ئایینەکانی دیکە وەک جوولەکە و مەسیحی و... تاد. بوونی جنسە بەشێوەیەکی بەرفراوان، چونکە قورئان و دەقە ئایینییەکان بە شێوە و وێنەی دڵفرێنی زۆر جوان باسی حۆرییەکانی بەهەشت دەکەن کە بۆ موتعە و چێژ و لەزەتە جنسییەکانی باوەڕداران ئافەریدەکراون و بۆ تێرکردنی هەوەسە سێکسییەکانی ئیمانداران لەوێدا. بۆیە بە تەسەور و وێناندنی مرۆڤی موسڵمان سێکس شوێنێکی دیاری هەیە لە فیردەوسدا و باوەڕی وایە کە گشت لەزەتە جنسییەکان لەوێ بەدی دێن و لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا باسی حۆری کراوە وەک:

- (ان للمتقین مفازا حدائق و أعنابا وکواعب أترابا) (سورة النبأ: ٣١-٣٣).
- (إنا أنشأناهن إنشاء فجعلناهن أبکارا غربا اترابا) (الواقعة: ٣٥-٣٧).
- (فیهن قاصرات الطرف لم یطمثهن إنس قبلهم ولاجان، فبأي الاء ربکما تکذبان، کأنهن الیاقوت و المرجان) (الرحمن: ٥٥-٥٨).
- (حور مقصورات في خیام) (الرحمن-٧١).
- (أن المتقین فی مقام أمین فی جنات و عیون، یلبسون من سندس و استبرق متقابلین، کذلک وزوجناهم بحور عین) (سورة الدخان: ٥١-٥٤).

- (فهم في روضة يحبرون) (الروم-١٥).

وەسفکردنی حۆرییەکانی بەهەشت بەم شێوە قەشەنگ و جوانە مرۆڤ ئیغرا دەکا و ڕادەکێشێ بۆ ئیسلام، کەواتە حۆرییەکان بە گوێرەی ئەو سورەت و ئایەتانە بەشێکی گرنگ و ئەساسی وەسفکردن پێکدەهێنن لەم ئایەتانەدا.

جگە لەم ئایەتانە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر هەیە کە باسی حۆری و ژیانی فیردەوس دەکات لەوانە: (من صفات الرجل في الجنة إن الرجل من أهل الجنة ليعطى قوة مئة رجل في الاكل و الشرب و الشهوة و الجماع). هەروەها لە وەڵامی پرسیارێک لەبارەی ژیانی نیکاح و هاوسەری لە بەهەشت فەرمووی: (إن الرجل ليصل في اليوم الى مائة عزراء) و لە ڕیوایەتێکی دیکەدا (إن الرجل ليغض في الغداة الواحدة مائة عذراء- وأنهن يرجعن ابكارا بعد ذلك) و دوای ئەوە هەر دەبنەوە کچ وەک خونچەی نەپشکوتوو.

هەروەها (بذكر لاحمل وشهوة لاتنقطع، دحما دحما).

- (إن اهل الجنة إذا جامعوا نساءهم عدن آبكارا).

- لە فەرموودەیەکدا هاتووە (لكل رجل في الجنة أثنتان و سبعون من الحور العين، لە زاری پێغەمبەر بیستراوە لەمەر هەڵوێستی ئافرەتی بەهەشت بەرامبەر مێردەکان و نیکاح کە دەڵێن:

أذ نودي إنا قد عرفنا أنك لاتحل و لاتحل إلا انه لا مني ولا منية الا ان يكون لك أزواج غيرها فيخرج فيأتيهن واحدة واحدة كلما جاءت واحدة قالت: (والله في الجنة شيء أحسن منك و مافي الجنة شيء إلى منك).

هەر لەبارەی حۆرییەکانی بەهەشتەوە لە قورئاندا هاتووە: (وعندهم قاصرات الطرف أتراب) واتە بڕوادار و بەهەشتییەکان ڕۆژی دوایی لە بەهەشتا ژنی وەهایان دەدرێتێ کە چاولەدەر نین و موڵکی خۆیانن، یان (كذلك و زوجناهم بحور عين) واتە ئەوانەی بەهەشتین ژنی سپی جوانی چاوگەشیان دەدرێتێ. کەواتە فیردەوس خاڵی نییە لە جنس و تژی حۆرییە، ئەو حۆرییە نەرم و ناسک و جوانانە سیما و ڕوویان چوار ڕەنگە سپی و زەرد و کەسک و سۆر و جەستە و لاشەیان لەزەعفەران و مسک و عەنبەر و کافوور ئافەریدە کراوە. ئەگەرچی مرۆڤی ئیماندار حەزو ئارەزووی ئەوەیە کە بەدیتنی حۆرییەکانی بەهەشت شادمان و خۆشحاڵ بێت کەچی لە هەمان کاتدا حۆرییەکانی فیردەوس چاوەڕێی گەیشتنی ئیمانداران دەکەن و بە پەرۆشن بۆیان هەروەک سیوطی دەڵێ: (يخرجن من أبواب القصور فيقول لهن رضوان أدخلن منازلكن فيقلن لا ندخل حتى نرى سادتنا فيخرجهن رضوان الى أعلى الجناة فتنظر كل حوراء الى سيدها وهو لا يعلم).

کەواتە فیردەوس زەمەنی خۆشی و لەزەتە موعەلەق و هەڵواسراوەکانە و لەوێدا مرۆڤ لە نەشوەیەکی سەرمەدی و ئەبەدیدا دەژی کە هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ خۆشییەکانی ئەم دنیایە. بەڵێ وێناندنەکانی فیردەوس هۆش و بیرو هەستەکانی مرۆڤ دەورووژێنی و مەستیان دەکات.

نووسەرێکی عەرەب لەبارەی باسکردنی فیردەوسەوە بەم شێوەیە دەڵێ: ئەو وەسفکردنە زادەی بیروخەیاڵ و هۆشێکی خۆزاڵکردن و ئیغتسابیە بۆ تێرکردنی غەریزە و شەهوەکانی، لەبەر ئەوەی ئافرەت و حۆرییەکانی فیردەوس وەک بوونەوەرێکی سلبی و کارلێکراو پیشان دەدرێت و وەسف دەکرێت، بۆیە لێرەدا هەست بە عەقڵییەتێکی نێرانە و پیاوسالاری دەکرێت کە ئارەزوو دەکات بە تەواوی زاڵ بێت بەسەر مێدا و ئافرەت لای ئەو تەنیا شت و بابەتێکە بۆ چێژ و پشوو و هەناسەدانەوە و خەمڕەوێنێکە بۆ خەم و غەریزە کپکراوەکان. لە ڕوانگەی دینێکی پیاوسالاریدا، ئافرەت هەروەک چۆن لەسەرەتادا بۆ هاودەمی و بێ تاقەتی ئادەم دروست کراوە، بۆیە لە بەهەشتیشدا درێژە بەم کارە دەدرێت و ئافرەت و حۆری دەبێت بۆ تێرکردنی ئارەزووی پیاو هەوڵ بدات و خۆی وەک پەیکەرێکی بێ گیان و هەست و بێ هۆش و نەزەر تەماشا بکرێت.

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە فیردەوس خەون و هیوایەکی جوانە، مرۆڤ خەم و ئێش و ئازارەکانی پێ لادەبات و پێ چارەسەر دەکات و لە ڕاستیدا شوێنە خەیاڵی و فەنتازییەکان دەرئەنجامی خەون و وێناندنی چینە کەسانێکن کە حەز دەکەن دنیای وان جیاواز بێت و هەروەها خەون دیتنە بە پێویستی و شتە دنیاییەکان کە مرۆڤ مەحروم و بێ بەش بووە لێی، بۆیە بڕوا بوون بە فیردەوس لای هەژار و چەوساوەکان زیاتر و بەهێزترە. پێویستە بزانین کە بیرکردنەوە و ڕەفتار لەیەک جیاناکرێتەوە و ڕەفتاری مرۆڤ وەکو بیرکردنەوەی دەبێت و هەر مرۆڤ و نەتەوەیەکیش بەم شێوەیە بێت ئەوا ئایندە و دوارۆژی ئەوان بریتینە لە خەون و ئەوهامەکانی و ئێستاکەشی بریتییە لە پاشکەوتن و دواکەوتنی لە چاو میللەتەکانی دیکە و ئەو مرۆڤەی ئەفسانە بکاتە پێشەنگی بینینەکانی، هەرگیز ڕاستی نادۆزێتەوە، چونکە ئەو

شتەی تەنیا بە خەیاڵکردن (التخیل) دەرکی پێدەکەین ئەوا بوونی نییە و ناشی بێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- قصة الانسان- تألیف- کارلتون کون، ترجمة: محمد توفیق حسین، بغداد (١٩٦٥)، ل١٥٢، ١٥٣، ٥٣٦.
٢- مغامرة العقل الاولی- تألیف- فراس السواح، بیروت، (١٩٨١)، ل٢٠٥.
٣- الجنس في القرآن- تألیف- ابراهیم محمود، بیروت، (١٩٩٨)، ل١٥١، ١٥٢.
٤- الاسلام و الجنس-عبدالوهاب بوهویبة- قاهرة، (١٩٨٧)، ل١١٥، ١٢٢.
٥- العنف و المقدس و الجنس- تألیف- ترکي علي ربیعو- بیروت (١٩٩٥)، ل١٣٢.
٦- اللغة المنسیة- تألیف- إریك فروم، ترجمة: محمود منقذ، دمشق (١٩٩١)، ل١٠٦.
٧- الحکایة الخرافیة، تألیف- فون دیرلاین، ترجمة: نبیلة ابراهیم، بغداد، ل١٠٨، ١٠٩.
٨- من الواح سومر الی التوراة- تألیف- فاضل عبدالواحد علي، بغداد (١٩٨٩)، ل٢٢٦.
٩- بین المعتقدات القدیمة و التوراة- تألیف- علي الشوك، لندن (١٩٨٧)، ل٦٩، ٧١.
١٠- لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.... د. جەمال ڕەشید، بەغدا (١٩٨٨)، ل١٣٥.
١١- فەرهەنگی ئیریەن ڤاج، محەمەد ئەمین هەورامی، بەغدا (١٩٨٧)، ل٢٠٩.
١٢- دەروازەکانی ئایین، مەریوان ئەبوبەکر هەڵەبجەیی، سلێمانی (٢٠٠١)، ل١٣١.
١٣- چیرۆکی دروستبوون و ئادەم و حەوا، محەمەد نادری، (١٩٩٩)، ل١٨٧، ١٩٢، ٢٥١.
١٤- گەڕان بەدوای نەمریدا، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، هەولێر (٢٠٠٢)، ل١٠٩.
١٥- ژیان و زیندەگی (عیسای مەسیح)، ل١٥٣، ١٩١.
١٦- گۆڤاری شانەدەر، ژ(٦)، ل٢١-٢٢.
١٧- گۆڤاری ڕامان، ژ(١٥)، ل١٩.
١٨- گۆڤاری ئایینده، ژ(٨، ٩)، ل٤٨.
١٩- گۆڤاری (الثقافة الجدیدة)، عدد (٢٦١).

# پەیڤێک بۆ هەژار موکریانی

رەحیم کامیابی
(بۆکان)

هەرچەندە، بە هەڵکەوت مامۆستایانی بەڕێز و ساحێب نەزەر وتاری گەلێک بە نرخ و بیروبۆچوونی زانستییان لەسەر شەخسیەتی مامۆستا هەژار نووسیوە و کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز و کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بەڵام ژیانی پڕ لە شانازی مامۆستا هانی دام، هەڵگر و هەستی تایبەتی خۆم، هەرچەند کاڵ و ساویلکانی بێ، بخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز و سووچێک لە ئەوین و هۆگری و کوڵی دڵی کلۆڵمی دەرکاند بێ.


لە داوێنی چیای سەر بە تەمی تەرەغەی هەمیشە بەرز، لە مەڵبەندی موکریان مەکۆی ئەدەب و فەرهەنگ و تۆرەی کوردی، لەگەڵ یەکەمین برووسکەی هەور و دوایین زەردەخەنەی خۆر، عەرد لێوی پچڕی و نەمامێک ڕووا. خونچێک پشکووت و گەوێکی لە زنجیری دیلی چڕی. زریکەی کۆرپەیەک، مزگێنی دا، کە بە دڵۆپێ لە ژەکی وڵاتم گۆچم کەن.

لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە باوکێک بەناوی مەلا محەممەد و دایکێک بەناوی... منداڵێک چاوی بەر و جیهانی هەستی هەڵێنا. باوک بانگی محەممەدی (ص) بەنێوی عەبدولڕەحمان بە گوێچکەدا و منداڵ عەبدولڕەحمان ناونرا، بەڵام لە تەمەنی بیست ساڵانیدا ناسناوی «هەژار»ی هەڵبژارد.

هەژار، چ لە ژیانیداو چ لەم بەرهەمانەی کە نووسیونی ئەم جۆرە بوو کە بووە. دڵپاک و بێ خەوش. هەژار، وەک نیسە لەناو ماندا ژیا و باڵی بەسەرداکێشاین و وەک نیسەش بزربوو، بەڵام نیسەی بەربڵاوی هیچ کات لەبیر ناکرێ و نابڕێ و هەمیشە بۆ وچان و سانەوە و خۆ لە گەرما حەشاردان هیوا و هومێدە.

هەژار ئاگاداری بێ بەشی و دەم لە پووشی مەبووە و لە دەریای پڕ شەپۆلی هەموو هیوا و ناهومێدییەکانی مەی ناسین و ڕێگەی پڕ لە دژوار و کەند و کۆسپی بڕی و ڕەچەی ئازادی و ئازایەتی بۆ شکاندین و پلەی گەیشتن بە ئامانجی بەرزی مرۆڤایەتی بۆ هەموار کردووین، تاقی کەرەوەی دەراوی ڕوون و شاندەری ڕێگەی دژوار و سەربەرزییە و بەرەڵێخی پتەوی دیواری بەرزی ئەدەبیاتی کوردییە. بناغەی قایمی بۆ دارشتووە و شەهێنی وشەجوان و ڕەسەنەکانی کوردییە. لە خوانی نەتەوەکەی فرچکی گرتووە و شیلەی گوڵی لە زاری پیرە پیاو و پیرێژنان و زانایان گەڵی مشتووە و بە مێشک و دڵی ئەسپاردوون و جەلەی کردن و هۆنیونیەوە.

هەژار لە کاتێکدا هەنگاوی بەرەو گۆڕەپانی ئەدەب و فەرهەنگ و تۆرەی کوردی نا، کە سێبەری ڕەش و شوومی حکومەتی توتالیتری خاکی هەمیشە سەر سەوزی وڵاتمانی داگرتووە و بەناوی دروشم و پەڕ وپاگەندەی بەرەو شارستانیەت هەوڵی بۆ توانەوەی فەرهەنگ و تۆرەی کوردی دا. واتە لە شەختە و سیرەی سەرما و سەرمای سەرماوەز، خەو و خەونوچکەی گیاو گوڵ لە چرو بەندەن و لێژ و نشێو و کونە پەچە و دەشت و پێ دەشت بەرەو خەوی دوورودرێژ و جستانە خەو و ژیانەوە، داری


هەژار

ئەدەبی کوردی گوڵی سووری هانی و ژیایەوە و لەژێر تەوژمی بۆران و بادەوەی بڕانەوە و توانەوەی ئەدەب و فەرهەنگ و تۆرەی کوردی و لەناوبردنی فۆلکلۆر، کەسایەتی و خاوەنی کرد و پێش ڕمانی گرت. کاتێک ئەدەب و فەرهەنگی کوردی گوڵی سووری پشکووت کە جامانە و شەدە و پشتێن و جل و بەرگی کوردی قاچاغ و لە ئەستۆ کراوە و سووتێندراوە و زاراوەکانی کوردی لە ئاخافتن بەم لاوە ئاسۆگی نەبەزاندووە و قاچاغ بووە! ئەم وەختە داری ئەدەبی کوردی بۆ دواجار بووژایەوە! کە کەللە ڕەق و چەکمەڕەق لەم سەردەمەدا، بە پشت ئەستووری حکومەتە ئستیبدادییەکان، چۆن وەک کرم یان ملۆزمێک کەوتونە گیانی هەژاران و قون ڕووتان خستوونیانە ژێر چۆک و چەڵەمەیان کردوون و خوێنیان مشتوون و کۆمەڵی کوردەوارییان بەرەو نەخوێندەواری و پاشکەوتووی ڕاداوە و ژیانی ئاسای کۆمەڵیان کردۆتە دۆزەخ و جەهەندەم و گلۆڵەی ژینی فەرهەنگیان بەرەو لێژی و نەمان تورهەڵداوە.

هەژار ئەم ڕاستییە تاڵەی بە دڵ و گیان وەرگرتووە و گرانبار لەسەر لەش و هەناوی بووە و هەستی بەم نەخۆشییە کردووە کە لەلایەن حاکمانی دەم دەمی و وازی وازیەوە بۆ میللەتی کورد بە دیاردە هاتووە و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە ئازار ناوە، ئەوسا ڕێگەی چارە و دەرمانی بۆ تیمارکردن دۆزیوەتەوە. لە دڵی خاکی ئەم وڵاتە بەرەو لێکۆڵینەوەی زانستی هەنگاوی ناوە و هەموو لەش ئەوین و بەچاو بیری ورد، لە دڵی مێژووی چەندین هەزار ساڵەی میللەتی کوردیا نوقم بووە زانایانە هەستی بەوە کرد کە ڕێگەی بەرەو ژوورچوونی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی لە دڵی شاراوەی ئەم میللەتە ئەشێ بدۆزرێ. ئەمجارە بە ڕێزلێنان لە فۆلکلۆری سامانداری کوردی بۆ پینەکردن و ژیانەوەی ئەدەبیاتی کوردی یارمەتی وەرگرتووە، قۆڵی هەڵماڵیوە و بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ماکی نەتەوایەتی بەشەو و شەونخوونی و چلەکێشی لەسەر کۆنە کتێبی مێژوو و ڕابوردووی گەلی دۆزیوە و هەڵگێڕ و وەڵگێڕی کردووە وەردی داوەتەوە، مردووەکانی ئاواژن و پاراو کردووە و ژیانی نوێی پێ دانەوە و پێناسەی گەلی نوێ کردووەتەوە و کردوونییە وەچاغ بۆ ئێستا و داهاتووی گەلی.

هەژار لە دەریای بێ بنی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا مەلەوان بووە، مەلەی کردووە و شێرپاڵێوکی داوەتە بەر ئەدەبیاتیان و پالاوتوویە و وشە بارزە و هەوسارپساوەکانی زاراوەی کوردی دۆزینەوە و دەستەمۆی کردوون لە دڵی دوڕی ئەدەبیاتی کوردی پاڵەپشتی بۆ ڕازاندوونەوە و پلەی پێداون و نیشتەجێی کردوون.

مامۆستا هەژار بە چەشنێک ژیرانە و زانایانە بناغەی بۆ ئەدەبیاتی کوردی داڕشت کە لە هێز و تاقەتی هیچ پێنووسێکدا نییە و لە گشت زاراوەکانی کوردیدا مەلەوان بووە و بەشێوەیەک عەودالّ وشەیدای زوان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بوو کە ڕۆحی مەزن و پڕ لە ئەوینی بۆتە سەرچاوەیەکی هەڵقوڵیو، کە هیچ دەریایەک هێزی لکاندنی بە ئۆقیانووسی ئەدەبیاتی کوردییەوەی نەبووە قەڵەمی عیشقی مامۆستا نەبێ. مامۆستا هەژار گەشە و نەشەی بۆ ڕۆحی ژاکاوی ئەم میللەتە و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بە دیاردەهێنا و عیسا نەفەسێ بوو بۆ جەستەی بێ ڕۆحی میللەتەکەی.

هەژار، بە هەژاری و دەسکورتی لە خانووی ڕەملینە و حوجرەی قورینە و قوڕماوی، ئەشکەوتی سارد و سڕ و بێ لاشیپان بە گژ برسێتی و ڕووت و ڕەجاڵی داهاتووە و بە نانی وشک و قوریشکەیەک دۆ ژیانی ئاسای ڕابواردووە. بڵێسەی ئاگری کۆمەڵ لە دەروونیدا ئایساوە و گڕی گرتووە و نیشتمان دڵداری بووە و خاکی نیشتمان سوورمەی چاوی دڵدار و ئاوی نیشتمان ئاونگی سەر کولمی یار و ئەوینی میللەت و شەرابی بووە و هەمیشە و دەرهەم سەر خۆش و مەستی ئەم بادەیە بووە و کردوویە هەوێنی ژیانی و تیشووی ڕێگەی دوور و درێژ و تێدا مەبیوە و ڕۆح و ڕەوانی لە گرەوی نیشتمان هاویشتووە و تەمەنی کورتی فیدای تەمەنی درێژ و بەساڵدا چووی ئەدەب و فەرهەنگی میللی کردووە کە سەدان قامچی ڕەشەبای کارەساتی بینی.

هونەر و لە خۆبردوویی هەژار، لەمەدا خۆ دەنوێنێ کە

چارشێوی ڕەش و دزێوی پیرە دنیای تووڕهەڵداوە و دڵی بە ژیانی ئاسای بەند نەبووە. بارگە و بنەی دنیا پەرستی لە دڵدا تێکناوە و وێڕای زەڕ و سیم هەوساری بۆ پساندووە. هەژار ئاواتی کۆشک و سەرسەرای بە مێشکدا نەهاتووە و زێڕ و زەمبەر نەیتوانیوە لە غاوی کاو دوولینگەی بەسەردا شۆڕکاتەوە، لەململانە و خوگەملەی ئەندێشە و زەڕ و سیم، قۆڵی بۆ ئەندێشەی و بیروباوەڕ کێشاوە و زەڕ و سیمی بەلاگێڕەوەی ئەندێشەی قەراداوە و بە گیان فیدای بەهرەی بەکۆمەڵ و جیهانی هەستی گەیاندووە و هیچ کات بە بیریا ڕانەبراوە بەهرەی تایبەتی لێ وەسێنی و ژیانی دنیای پێ بڵقی سەر ئاو بووە و تراویلکە.

بە ڕاشکاوی دەڵێم، خوو و خدە و ئاکاری هەژار مەکتەبی ئەخلاقە و ژین و ژیانی فەلسەفەیە و فەلسەفەی ژیانی ژینە!

هەژار بایەخی بەدەسەلاتداری مێشک سووک و لار ئەندێش نەداوە و بە تەخت، یان سەرلمۆزی کەسیدا هەڵنەگوتووە و لە هەر چەشنە پێداهەڵگوتن یا ئیلتفاتێک خۆی بواردووە. شاعیری گەل بووە، بۆگەل ژیاوە و بۆ گەل مردووە، گەلێک ژیرانە و تەگبیرکەرانە ساغ و ئەیاغی لێک هەڵاواردووە، ئەمانەی بە دۆستی گەلی زانیون خۆشەویستی بوون و شانازی پێوە کردوون، ئەمانەی بە دۆستی گەلی نەزانیون کەوتوونە بەر پەلاماری تەوس و توانجی و نووکی قەڵەمی چەقڵی چاوی نەیاران و بەدکاران بووە بیر چەوت و ملهوڕانی هەس داوەتەوە و بیر و باوەڕی فەرمانڕەوای مێشک و دڵی بووە و نەیتوانیوە بۆ شتێک بژی کە لە جەغزی بیروباوەڕ و ویست و داخوازی نەتەوەکەی بەدەر بووە. هەژار نوقمی خەیاڵات نەبووە و چاوەڕوانی ئیلهامی نەکردووە و بەڵکە شێت و شەیدای گەلی بووە و کۆیلەی حەقیقەت و حەقیقەتی لەناو نەتەوە بێ بەش و چارە ڕەشەکەیدا پێکا. جیاوازی و نامۆیی کۆمەڵی، بەراورد و سۆژەی هۆنراوە و بەرهەمەکانی قەرار داوە و تاڵی و ژیانی نالەباری کۆمەڵی لە مێشکدا هەلاجی کردووە و ئێش و ژان و برکی گەل چرای شەوەزەنگ و کۆیلەتی و کەسەری زێدی فێرگە و جێگەی زانست و لێکۆڵینەوەی بوون و هەناسە ساردی و بێ دەرەتانی کۆمەڵ لە سەردەمی خان خانیەکاندا هاندەری مەکتەبی عیشقی بووە و ژانی گەل وچانی نەداوە و ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵگرتووە و هەمیشە و دایم کۆچەر بووە، لە هەر شوێنێک ژیابی، خولخولەی گەردوون دژی ئەم سووڕاوە و یار و دڵداری لێک هەڵاواردووە و خۆشەویستی لێ جوێ کردۆتەوە.

بەڵام، ئاواتی بەرز و ئەوین و هۆگری مامۆستا بە ئەدەب و فەرهەنگ و تۆرەی میللی، بەند و بەست و هەسێڵ و چەڵەمەی ڕۆژگاری ستەمکاری پێ شکاندووە و گاڵتەی و گەمەی پێ هاتووە و گەلێک جار لە شەوی ئەستەم و ئەنگوستە چاودا، درک و چاڵوکی لەسەر ڕێ ڕواوە و دەڵەک و ڕێوی، هەر چڵەی فێڵێک لە بندا، چەشنی کارگە گولەی لەبەردەم هەڵ تۆقیون، تا پێوەندییان لەگەڵ ئەوینداری پساند بێ، بەڵام ڕایەڵ و پۆی جاڵجاڵۆکە لە ئازار پاراستوویە و پێوەندی لەگەڵ ئەوین و مولکی باب و باپیری پتەوتر و بە گەشە و نەشەتر بووە. لە ڕاستیدا پێملی بیرچەوتان و مێشک سووکانی مێژوونەبووە و لیچ خواری گەردوون و ڕۆژگاری خوچەوت نەیبەزاندووە و بەند و بەسەت و هەسێڵ لەسەردەمی ڕەشدا کارگەر نەبووە و لە ژیانی پڕ لە دژواری کارەساتی سازداوە و ئەم کارەساتەی کە وجودی خوڵقاند.

لەسەر ئەم باوەڕەم، کە ژین و مەرگی گەورە پیاو و زانایان تێکەڵ بێ بەشی و ژیانی تاڵ و نالەباری کۆمەڵ دەبێ و مێژووی میللەتێکی ژێر دەست و ستەم لێکراو پێک دێنێ. کۆمەڵ بە لەخۆ بردوویی و گیان فیدایی پارێزەرێتی و دەیکاتە هۆی ئەغیاربوونەوەی مردووەکانی بە ڕواڵەت زیندوو لە خەوی گێژی و نەزانیدا ڕایان دەتلەکێنێ و وشیاریان دەکاتەوە و پێیان دەسەلمێنێ کە ئێمە بەکۆمەڵەوە دەژین و خۆلە کۆمەڵ هاوێرکردن، گولی وتیراوێ دێنێ و دەبێتە هۆی ئابلۆوقە و گەمارۆدان و لە سووچی بێ کەسیدا مانەوە و کانیاوی بیر و هۆش و زانستمان بەرەو لاوازی وشک بوون دەچێ.

لام وایە مامۆستا هەژار یەکێکە لەم گەورە پیاو و پێشڕەوانەی کە لەکۆمەڵ و کۆمەڵگای کوردەواریدا ژیاو لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەم کۆمەڵە گرێ خوارد و ئەم گرێپوچکە، بەکەس نەکرایەوە و هەر بەم ئەوینەوە و بەدڵێکی پڕ لە ئاواتەوە سەری نایەوە و لاپەڕەیەکی بۆ مێژوو و ژینی ئەدەبیاتی کوردی بەدیارده هێنا.

مامۆستا هەژار شاعیر و نووسەری ژان چێشتووی کۆمەڵی کوردەواری بووە و هەتا ئەدەبیاتی کوردی هەبێ ناوی هەژار درەوشاوەتری دەکا و چەشنی شەمێکی هەڵکراو بێ کزی و بەهێمنی مۆم لە بەرزترین لووتکەی کۆشکی ئەدەبی کوردی لەگەڵ هاتنی شەو نیشتمان ڕووناک دەکا و وێڕای یەکەمین گزینگی ڕۆژ تێکەڵی کاروانی ڕۆژ دەبێ.

# ناوەرۆکی بەیتی سەرەمەڕی هەژار

میدیا
(کوردستانی ئێران)

ناوی (بەیتی سەرەمەڕ)ی هەژارم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ناوەرۆکی ئەم کارەی نووسەر چی تێدایە و بە چ شێوازێک و لە کام بواری ئەدەبی، یان هونەری دایە. ڕەنگە زۆر کەسی دیکەی وەک من هەبن کە ئاگایان لە شێوازو بابەتی بەیتی سەرەمەڕ نەبێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانم هاوکات لەگەڵ نیشاندانی ناوەرۆکی ئەم بەرهەمە ئەدەبییە، چەند تێبینییەکی کورت بنووسم و لێکدانەوەی یەکجارەکی بە خوێنەر بسپێرم، بەڵام بەر لە دەسپێکردن، دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەڕێز «سەردار محەمەد عەلی خۆشناو»کە ئەرکی چاپی ئەم بەرهەمەی (ساڵی ١٩٨٠- چاپخانەی بەغدا) وەئەستۆ گرتووە، بەداخەوە کتێبەکەی بە ناوی «کۆشکی بلوورین» بڵاوکردۆتەوە. لە حاڵێکدا لە هیچ شوێنێک لەلایەن هەژارەوە بە ناوی «کۆشکی بلوورین» باسی لێ نەکراوە. لە کۆتاییدا دەبێ خوێنەر ئاگادار کەمەوە کە بەیتی سەرەمەڕ لە قاڵبی شیعری کلاسیکدا نووسراوە.

١- سێ تەمبەڵ: سێ کەسایەتی بەرچاوی بەیتی سەرەمەڕ، ئاماژەیە بۆ دوژمنانی کۆمەڵگەی سادە و ساکار و خەڵکێکی بەکارو بی فرۆفێڵ. ئەم سێ تەمبەڵە هێمای نەیارانی کۆمەڵگای ئێمەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندەی کە تەمبەڵ و کارنەکەرن، دەهێندەش زیرەک و مەکرباز و پڕ لە فێڵ و تەڵەکەن. واتە تەمبەڵییان بۆتە هۆی بیرکردنەوەی جۆرێ درێژەدان بە تەمبەڵی.

**بە خواهیش یا بە زۆری**
**دەژیان بە مفتەخۆری**

بەڵام ئەم نەزمە ڕوو لە کزی دەنێ و وردە وردە خەڵک لێیان قەڵس دەبن.


**چەندساڵێ وا بەڕێ چوون**
**تالای خەڵک بۆژۆ بوون**
**کەس بە ڕەی نەدەپێوان**
**ناچار دایانە کێوان**

ئەمجارە بە ناچاری ڕوویان لە دەشت و دۆڵ و دێهات کردو ڕۆیشتن، کەچی لەوێش لە دژیان وەستان و نەیانهێشت بە تەرخانی بیخۆن. تەنانەت ئیزنی هیچ فرو فێڵێکیشیان نەدانێ. ئەمجارە چونکە:

**تەمبەڵ باشی زەمانە**
**ترسان بیانخۆن دێوانە**
**بەناچار دایان بڕیار**
**یەکجاری بچنەوەشار**

٢- شارێکی مەزن: مەبەست لە شاری مەزن شارێکی پڕ لە هیواو ئارەزووە بۆ خەڵک کە لەوێدا هەموو کەس بەپێی یاسایی مرۆڤ کار دەکا و درێژە بە ژیان دەدا، شاری بێ دز و درۆزن. وەک هاتووە:

**نە دەوڵەمەند و نە هەژار**
**نە گەدایە و نە خونکار**
**نە زۆردارە نەبێ زۆر**
**وەک یەک سپی و بۆر**
**هەموو کەس دەکا کارێ**
**چی پەیدا بوو ئێوارێ**
**دێتە ژومار و دەفتەر**
**دابەش دەکرێ بە قەد سەر**




**کێ لە کار ئازاتربێ**
**دەبێ بەشی زیاتر بێ**

دەکرێ بەناوی شاری خەیاڵ باسی لێ بکەین: ئەو شارەی وا لە واقیعدا ناگونجێ بۆیە ژیان و یاساو بەڕێوەبردنی خەیاڵاوییە.

لەو شارەدا هیچ کەسێکی بێکار ناتوانێ بژی. چونکە هەموو هەر مەجبوور بوون بۆ بژێوی خۆیان دەس بۆ کارێک بەرن واتە لەو شارەدا «دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر» بووە. تەنانەت:

**نە شێخ نە تەکیە هەبوو**
**نە دەروێش و حایوو حوو**
**نەدێوانەی ئاگر خۆر**
**نەسۆفی چڵکن و بۆر**

دیارە بە ڕای نووسەر شێخ و دەروێش و سۆفی زایدەی کۆمەڵگای دواکەوتوون. بە واتایەکی دیکە ئەم تاقمە لە ناو کۆمەڵگای پڕ لە یاسای مرۆڤ ناتوانن سەر هەڵدەن و بژین. کەوابێ هەموو کەسێک لەو شارەدا بە خۆشی و بە یەکەوە دەژیان و کەس تەعدای لە کەس نەدەکرد، بۆیە:

**نە زیندان بوو لەو شارە**
**نە کوشتن نە قەنارە**
**نە جوێن دان نە هەراوشەڕ**
**نە فێڵ و فەرەج نەگەڕ**
**نە دزی و نەگیرفان بڕی**
**نەکینە و نە دڵ پڕی**
**نەهەتیوی کۆڵان کەڕ**
**نەسیل داری چرچ و لەڕ**
**نە ژنی برسی و بێچارە**
**ئابڕووی بدا بە پارە**

بەڵام بە قسەی شاعیر:

**تەنیا عەیبێکی هەبوو**
**زۆر خوێندنی لێ نەبوو**
**لەبەر زۆر عاشقەکاری**
**کەمتر بوو خوێندەواری**

واتە عەیبی بە کەم گرتنی خوێندن، تەنیا کۆسپی گەورەی خەڵکی شار و دواڕۆژیان بوو چونکە:

**نەیان دەزانی هەر کەس**
**کەم بخوێنی و بلێ بەس**
**ڕەنگە فێڵی لێ بکرێ**
**نزیکە فریو بدرێ**

نووسەر دوای لێکۆڵینەوە لە بارەی چلۆنایەتی ژیان و کاروباری ئەو شارە، عەیبەکەشی وتووەو باسی کردووە. هەروەها لە ئاماژەی پێشووی ئەو چەند دێڕەدا دەردەکەوێ کە ئازاری گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤ نەخوێندەوارییە و ئەم کۆسپە هەمیشە لەسەر ڕێگای کۆمەڵگادا هەیە و ڕەنگە ڕۆژێک ژیان و خۆشی لە جەماوەری کۆمەڵگا بستێنێ و تووشی دەردو ڕەنجیان بکا، بەڵام ئایا کەسێک هەیە کە دوژمنی خۆشی و حەسانەوەی خەڵک بێ؟

**کێ بێ ئەو دەورە تێک دات**
**هەر دەخەونیش نەدەهات**

ئەو دوژمنانە سێ تەمبەڵ بوون چونکە ئەوان قەت نەیاندەتوانی لە وەها شارێکدا بژین. ئەمجار:

**تەمبەڵ بە شاردا گەڕان**
**دەڕۆین و دەیان نەڕان**
**ئای لەو شارە چەند پیسە**
**ئای بەخت و چەند نەگریسە**
**شاری وا ئابڕۆ چوونە**
**نەجێی ژین و لێ بوونە**
**کێ بیستی لە ڕووی زەمین**
**شار بێ کۆشکی بلوورین**

سێ تەمبەڵ کەوتنە هەوڵی هاندانی خەڵک بۆ سازکردنی کۆشکی بلوورین. ئەو کۆشکەی وا قەڵای زۆرداران و کارنەکەران و دوژمنانی ئازادی گەل بێ، بەڵام خەڵک پێیان سەیر بوو، دەیانوت ئاخۆ ئەو کۆشکە چ قازانجێکی هەیە، ئەوان قەت بیریان لە دواڕۆژێکی سەخت و ناخۆش نەدەکردەوە. سێ تەمبەڵ بە تەوس و توانجەوە قسەیان لەگەڵ خەڵک دەکردو دەیانەویست بە نەزانی و نەخوێندەواری مەحکومیان بکەن. تەنانەت

پۆزیان بە سەر خەڵکدا لێ دەدا و دەیانوت:

**هەر نان و ئاو دەزانن**
**هەموو بەندەی زگتانن**
**پێیتان وایە بەرێ چوون**
**هەبێ، هەمووشت بەتوون**

بە کورتی خەڵکیان وا لێکرد هەرچی زووتر بێنە سەرقەسەی سێ تەمبەڵ و دەسبەجێ کۆشکی بلوورین ساز کەن. لەبەر ئەوەی سێ تەمبەڵ وتبوویان:

**گەپ جاڕی شاری دیکەن**
**بۆگاڵتە جاڕ عەنتیکەن**
**وا بار دەکەین لە لاتان**
**ڕوو دەکەینە ولاتان**
**لەوجێی بە ڕێ و جێ بێ**
**کۆشکی بلووری لێ بێ**
**ئەم باسە دەکەین بە قاو**
**ئابڕووتان دەچێ تەواو**
**لەناو گەلان شەرمەزار**
**دەبن و دەکەونە سەرزار**

خەڵکی شار بە ناچاری دێنە سەر باسی سازکردنی کۆشک و گلەیی لە وەزعی خۆیان دەکەن و دەڵێن چۆن خەڵکانی دیکە کۆشکیان هەبێ و ئێمە نەمان بێ. بۆچی ئێمە چیمان لەوان کەمترە. پیرو جوان، گەورەو چکۆلە، ژن و پیاو تێکڕا ڕوویان کردە سێ تەمبەڵ و وتیان لە ئێمە کارو لە ئێوەش تەگبیر.

**تەمبەڵی یەکەم:**
**قولی بەگی چەنبەری**
**تەپڵێکی نا سەر سەری**
**کلکە ڕێویێکی تێ خست**
**سێ چوار شیشۆقەی وێ خست**
**فەرەجیەکی پان و پۆڕ**
**گوڵینگەی پێدا کرد شۆڕ**
**پێنج شەش زریزە و زنجیر**
**لە فەرەجی کردن گیر**
**سمێڵی لێ کردن قیت**
**چاو بە چاویلکە بوون زیت**
**پانتۆڵێکی دەلینگ فش**
**دەق نەشکا و و خەشەخش**
**مامزە و چەکمە و جیرە جیر**
**هەراو قیرە و شیرە شیر**
**هەروا بەم فاکەوفیکە**
**بوو بە پیاوێکی دیکە**
**بە هەیبەت و مەترسی**
**جێ گیر بوو لەسەر کورسی**

**تەمبەڵی دووەم:**
**دووەم تەمبەڵیان هێنا**
**ڕیشی درێژیان لێ نا**
**چاویان ڕشت بەکل و کلتوور**
**دەپێی کرد ئێمەنی سوور**
**تەسبێحی هەزار دانە**
**دەملیان کرد شێخانە**
**لەسەریان بەست شاڵی شین**
**ناویان نا: شێخ محی الدین**
**وا لەبەرچاو زل ببوو**
**پیاو زەندەقی لێ دەچوو**

**تەمبەڵی سێیەم:**
**سێ هەمیان بە ڕوو خۆشی**
**بەرگێکی ڕەشی پۆشی**
**سێ چوکرەی حیلە بازان**
**ناویان لێ نابوو چازان**
**جل تابڵێی فش و فۆڵ**
**سێ چوار گەز کرابووە قۆڵ**
**کلاوێک لەسەر سەری**
**کلاوی چی لەنگەری**
**وەکو گوێی کەری جڕجاڵ**
**سێبەری بۆ پێنج سەت ماڵ**
**کەوشی بریقەداری**
**ڕەوتی بە لەنجەو لاری**
**قەڵەمی زل لەسەر دڵ**
**کتێبێک لە بن هەنگڵ**
**تا بزانن ئەم ئاغاشە**
**قانوون ڕێکخەری باشە**

ئەمجارە سێ تەمبەڵ یاسای تازەیان دامەزراند و سێ مەرجیان بۆ خەڵک دانا:

**یەک: ئەو کۆشکەی ساز دەبێ**
**پڕ لە خۆشی و ناز دەبێ**
**کۆشکی بلوورە بە ناو**
**پێی هەڵ مەکاڵێن بە چاو**
**دوو: هەر کەس پێی بڵێ خوار**
**یان جوێن دا بە بەردو دار**
**یان لێی کارنەکا بەدڵ**
**یان لە بێگار بکا سڵ**
**دەکوژرێ لە دونیای ڕوون**
**لە قیامەتیشە مەلعوون**
**سێ: هەر کەس لە زۆر و کەم**
**لێی داوا بکرێ هەردەم**

**نەی دا بۆ کۆشکی بلوور**
**دەکوژرێ بەپێی دەستوور**
پاش ماوەیەک خەڵک کۆشکیان ساز کرد و ئەمجارە سێ تەمبەڵ لە ڕووی تەگبیرەوە:
**زۆریان لات هەڵبژاردن**
**سەرکاریان پێ سپاردن**
**زۆر خوێڕی و پەست و بێ هەست**
**بۆیان بوونەداری دەست**
**خەڵکیان لە بێگاردا کوشت**
**تانهۆمێکیان داڕشت**
دوایە سێ تەمبەڵ دەچنە ناو کۆشک و تاڕادەیەک بە ئارەزووی خۆیان دەگەن و دیسان ڕوو دەکەنە خەڵک و داوایان لێ دەکەن هەرچی زووتر نهۆمێکی دیکە دابنێن. ئەمجارە شێخ بە زمانی فێڵ و فریوکاری ڕوو دەکاتە خەڵک و دەڵێ:
**هەر کەس بۆ قاتی دوایی**
**کار بکا بە ئازایی**
**ماڵی خۆی پێ ببەخشێ**
**هەتاکو کۆشک بنەخشێ**
**لەو دونیا پاش مردنێ**
**حەفتا کۆشکی دەدەنێ**
**حەفتا حۆریان تێدایە**
**هەر یەک نرخی دونیایە**
**کێ نانی خۆ و مناڵی**
**مافووری چاک و قاڵی**
**بێنێ بۆ ئێمە بیخۆین**
**ڕای خەین لەسەری بڕۆین**
**لەناو بەهەشتی بەرین**
**تێر دەخوا شیر و هەنگوین**
**کێ لەو دونیا فەقیرە**
**لاتەو کزە و زویرە**
**کێ زۆر پیس و چڵکن بێ**
**ئەسپێ ون و ڕشکن بێ**
**لە قیامەت زۆر لە پێشە**
**بەهەشت خانی دەروێشە**
**گەردەڵێن تۆ بۆ وانی**
**بۆ وا خاوێن و جوانی**
**حیسابی من جیاوازە**
**شێخ لای خوا کاری سازە**
**ئێوە زاهیر دەڕوانن**
**لە باتین چ دەزانن**
دیسان خەڵک هان دەدا بۆ کارکردن و درێژە دان بە کار لەسەر کۆشک وپێیان دەڵێ:
**دەس پێکەن زۆر مەردانە**
**خودا و شێخ لەگەڵتانە**
دوایە دووبارە داوا لە خەڵک دەکەن هەموو کەس بچێتە ژێر فەرمانی ئەوان و کەس نەمێنێ. تەنانەت کەسانی بێ کار و تەوەزەلیش دەتوانن ڕوو لە کۆشک کەن چونکە دەڵێن:
**بەخێویان دەکەین زۆر باش**
**دەبنە گزیر و سۆر باش**
**دەستیان دەگەڵ دەستی مە**
**پێک بێن مەبەستی مە**
**کارمان بە هی وا زۆرە**
**دار ناقەڵشێ بێ هۆرە**
ئیتر ئاشکرایە کە وەزعی ژیانی خەڵک چی لێ بەسەر دێ و سێ تەمبەڵ چۆنی ڕادەبوێرن. پاشان لەناو کۆشکدا هەر کەسەو کارێکی پێ دەسپێرن. ئەو جارە سێ تەمبەڵ بۆ مانەوەی زیاتری خۆیان و کۆشک و قەڵایان:
**دەستێکیان گل دانەوە**
**هەر لە کۆشکا مانەوە**
**کێ مل هوڕ و ئەحمەق بوون**
**بێ مێشک و کەللەڕەق بوون**
**زۆڵ و دەس بڕو چاو شۆڕ**
**ڕووە ناخۆش و مۆچ و مۆڕ**
**زمان پیس و داوێن پیس**
**بوونە چەکدار و پۆلیس**
پاشان بە فەرمانی سێ تەمبەڵ:
**زیندانیان دروست کردن**
**جێگای ڕزین و مردن**
دوایە کۆشک و پیاوانی ئەوێندەر وەک دەسەڵاتداری هەووەڵ و ئاخر بەسەر کاری خەڵکەوە بوون و نەیاندەهێشت کەس بێکار بێ و تەنانەت هەر کەس دەنگی لێ دەرهاتبا، بە زیندان و ئەشکەنجە دەیانترساند.
خەڵک بەم وەزعەوە زۆر وەڕەزبوون. وردە وردە لێرە و لەوێ دەنگی ناڕەزایی بەرز دەبێتەوە، هەر ئەم مەسەلەیە بوو بەهۆی ترسی دەسەڵاتدارانی ناو کۆشک و یەک لە سێ تەمبەڵ:
**بۆی کەوتە کلکە لەقە**
**گوتی چی دەڵێن هەقە**
**فەرموون فەرموون وەرنە ژوور**
**ببینن کۆشکی بلوور**

ئەو جارە خەڵک کاتێک ناو کۆشکیان دی و سەیر و سەمەرەو چیهـا هۆدە و ژووری پڕ لە فەرش و زێڕ و زیو، پرسیاریان کرد کاتی سازبوونی کۆشک چۆن لە سێ کەسەوە بوون بە سێ هەزار. پاشان تەمبەڵی یەکەم بە زمانێکی نەرم و فێڵبازانە وەڵامی داوە، بە چەشنێک کە

خەڵک نەیانتوانی هیچ بڵێن. دوایە ئەو دەمەی خەڵک وتیان ئێوە داوای هەر کەسەو (مەڕێکتان) کردووە، بۆچیتانە. ئەمجارە دیسان بەزمانێکی نەرم و پڕ لە فێڵ وەڵامی خەڵکیان داوە، خەڵک سەریان سوڕمابوو دوایە:

**دیسان گەلی ژیان تاڵ**
**ڕاکشاوە بەرەو ماڵ**
**بەڵام لاوێک نێرەکوڕ**
**گوڕاندی بەهێزو گوڕ**
**من ئەم سەرەم بۆچیە**
**هەرگیز کارم پێی نیە**
**سەر لە دەستاوخۆی بادا**
**گرتی و بە کۆشکی دادا**

خەڵک پێیان سەیر بوو، چونکە هەروا بە هاسانی:

**کۆشک کون بوو بەو سەرە**
**لەرزی دەرک و پەنجەرە**
**جێی ئەم سەرە چکۆڵە**
**زلە دەڵێی ڕەهۆڵە**
**دیارە تیتاڵ و هۆ بوو**
**قسەی مەلا درۆ بوو**
**سەر کۆشک دەڕووخێنێ**
**هەر کەس سەری خۆی بێنێ**

پاشان پیرێک جەماوەر خڕ دەکاتەوە، دوایە دەڵێ ئەو کەسەی سەری هەیە خۆی سازکا پاشان:

**یەکجێ لە لایەن یاران**
**کۆشک کرا سەر باران**
**کۆشکی زل کردی خرمە**
**لە دوور دەبیسترا گرمە**
**هەرچی تێیدا بوو مردن**
**چەوتی بەو دەردەی بردن**
**کۆشک نەیما ئاسەوار**
**بێجگە نەعلەت لە زۆردار**

ئەمجارە بە شادی و لە ڕووی خۆشییەوە:

**لە جێی کۆشکا گرتیان دەست**
**لاوی قۆز، کیژی چاوەمەست**
**ڕوینە و چۆپی و شێخانی**
**دەیان گوت بە گۆرانی**

دوایە خەڵک بیریان لە ڕابردووی خۆیان کردەوە زانییان کە هۆی فریو خواردنی ئەوان نەخوێندەواری و نەزانی بوو، بۆیە:

**دەرسیان وەرگرت دەرسی باش**
**قەراریان دا لەمەو پاش**
**هێند دروست کەن مەدرەسە**
**تا خۆیان دەڵێن بەسە**



# فرانس کافکا

جان لێچت
لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە
(بۆکان)

بێ وێنەیی «کافکا» تا ڕادەیەکی زۆر لە پێکەوە لکانی نووسین و ئەزموونەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. «فرانس کافکا» لەساڵی ١٨٨٣ لە بنەماڵەیەکی جوولەکە لە پراگ لە دایک بووە، منداڵی بازرگانێکی دەستڕۆیشتوو و خۆپێگەییو بوو. باوک و دایکی هەرچەند لە دێی شوێنی لە دایکبوونیان بە زمانی «چیک» دەدوان بەڵام هەرچی لە دەستیان هاتبوایە دەیانکرد هەتا منداڵەکەیان بتوانێ بەباشی باربێ و بەتایبەتی بتوانێ وەکو کەمینەی هەڵکەوتووی ئاڵمانی زمانی پراگ بە زمانێکی بێگرێی ئەڵمانی قسە بکاو بنووسێ. هەروەها باوکی «کافکا» دەیویست کە منداڵەکەی ڕەچەڵەکی جوولەکەیی بنەماڵەکەی بناسێ و ڕێزی بۆ دانێ و هۆکارێک کە دەبووە ناکۆکیی نێوان «کافکا» و باوکی چونکە «فرانس» ڕوانگەیەکی زۆر جیاوازی سەبارەت بە جوولەکەیی بوون هەبوو، ڕوانگەیەک کە لە نامەی بەناوبانگی ئەو بۆ باوکی لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٩دا ئاماژەی پێکراوە.

«کافکا» لە ساڵی ١٨٩٣ وە تا ساڵی ١٩٠١ چووە دواناوەندیی ئەڵمانی و دواتر لە زانکۆی «کارل فریدناند» مافی خوێند. لە ساڵی ١٩٠٦دا لە لقی ماف پلەی دکتۆرای وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٠٢دا کافکا بۆ یەکەم جار چاوی بە «ماکس برود»ی ڕەخنەگر و ڕۆماننووس کەوت و ئەو کافکای بە دانیشتنە ئەدەبییەکانی «پراگ» ناساند. لەساڵی ١٩٠٧ لە کۆمپانیایەکی بیمەی ئیتاڵی دەستی کرد بەکارکردن. بەڵام لە ژوویەی ١٩٠٨ بەنیازی کارکردن لە دایرەی نێودەوڵەتیی بیمەی ڕووداوی شوێنی کار، ئەم کۆمپانیایەی بەجێهێشت و تاکاتی خانەنشین بوونی (بەهۆی نەخۆشی) لەساڵی ١٩٢٢ هەر لەم دایرەیەدا کاری کرد. ئەم دایرەیە ئیجازەی درێژخایەنی بە «کافکا»دا بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی و هەر ئەوە دەرفەتی نووسینی بۆ زیاتر کرد.

لە ساڵی ١٩٠٩دا یەکەم چیرۆکی «کافکا» لە یەکێک لە بلاوکراوەکانی «پراگ» چاپ کرا و هەروەها چەند بەشێک لە ڕۆمانی خۆی بەنێوی «تەدارەکی زەماوەند لە گوند»ی بۆ «برود» خوێندەوە.

له ساڵی ١٩١٠ بڕیاری دا بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێ و ڕایانبگرێ و هەروەها لەگەڵ دامەزراوەی شانۆ نزیکایەتی پەیداکرد. له ١٩١٢دا لەگەڵ «فیلیس باویێر» ئاشنابوو که دواجار نیشانەی کردو بۆ ماوەیەکی زۆر نامەیان بۆ یەکتری دەنووسی. هەروەها ئەو بۆ وەرگێڕی چیک-ی چیرۆکەکانی واته «میلنا یەسنکا» نامەی دەنووسی که دواتر بڵاو کرایەوە. لەساڵی ١٩١٤ کافکا بەشی یەکەمی «محاکمه»ی بۆ «برود» خوێندەوە، له ساڵی ١٩١٨ ساڵێک دوای ئەوەی زانی که نەخۆشی زەردوویی هەیه «یولی ڤۆرتیسک»ی نیشانه کرد. له زستانی ٢١-١٩٢٠ له کاتێدا له نەخۆشخانەی زەردوویییەکان بوو به «برود»ی گوت که دەیەوێ دوای مردن سەرجەمی بەرهەمەکانی لەناو بچن. ویستێک که دواتریش تۆمارکرا. «کافکا» دوای ژیان لەگەڵ خوێندکارێکی لەهیتسانیی زمان عیبری بەنێوی «دۆرا دیمانت»، له ساڵی ١٩٢٤ بەهۆی [نەخۆشیی] زەردوویی مرد.

«کافکا» لانی کەم له دوو ڕوانگەوە کاریگەریی قووڵی بەجێهێشتووە. یەکەم ئەوەی که نوسینەکانی - که لەواندا وادیاره دنیایەکی ڕەق و تەق و ڕەمز ئاسا خوڵقێندراوە- قامک دەخەنه سەر شوێنێکی حەساس له ژیانی نێو کۆمەڵگای پیشەکاریی مۆدێرن. لەم نووسینانەدا نیهیلیزمی کۆمەڵگایەکی بێ خودا، عەقڵ خوازیی ژێر دەسەڵاتی دیوانسالارانه که له تۆڕی جاڵجاڵۆکەی خۆیدا مرۆڤی بێتاوان دەخنکێنێ و کۆتایی تەواوی ئارامانخوازییەکانی وێناکردووە، لەوانه کۆتایی چەمکی عیلییەت هاورێ لەگەڵ تەواوی بنەڕەته سەرەتاییەکان. بەرهەمەکانی «کافکا» گێڕانەوەی کۆمەڵگایەکن که نەتەنیا مەبەستێکی تایبەتی نییه بەڵکو حەتمی و پێشهاته و به مانایەکی مادی به کۆتایی خۆی دەگا. لەم ڕوانگەیەوە «یوزف. ک» له ڕۆمانی «محاکمە»دا ناتوانێ تێبگا که بەچ تاوانێک بەدیل گیراوە. هەر بەوجۆرەی که «ک» له ڕۆمانی «کۆشک»دا ناتوانێ بچێته نێو کۆشکەوە، بەڵام نازانێ بۆچی؟ بەم جۆره بەواتایەک دەتوانرێ «کافکا» به کەسێک دابنرێ که مەترسییەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و دەروونی که تەنیا بوونەته ئامراز، دەدرکێنێ و وێدەچێ که بەم هۆیه ئەو له خوڵقاندنی ئەم دنیایەدا سەرکەوتووە چونکه هیچکات وەسف یان عادەتەکانی نیشان نادا، بەڵکو هەمیشه [خوڵقاندنەکەی] بەجۆرێک تێگەیاندن یان نیشانەیەک بۆ تێگەییشتن نیشان دەدا. بۆ ئەو خوێنەرانەی که بۆ پەیامێک سەبارەت به مۆدێرنیته بەرهەمەکانی «کافکا» دەخوێننەوە ئەگەری زۆری هەیه که ئەم پەیامە وەربگرن چونکه له نووسەریی «کافکا»دا تێگەیاندنی پەیام یەکێک له تایبەتمەندییه بنەڕەتییەکانی ڕێ دۆزینەوەیه. تێگەیاندن یان نیشانەیەک بۆ تێگەیشتن- کارکردن بەشێوەیەکی ڕەمز ئاساو هێمایی، بەجێگەی به ئاشکرا دەربڕین چۆنیەتییەکی تەواو ئەوروپایی دەدا بەشتەکان. هۆی پێچوپەنای نووسینەکانی «کافکا» که پێش دەیەی ١٩٨٠ تاقمێک له خوێنەران ڕەنگه سەرنجیان نەدابێتێ، دەبێ له خودی شێوازی دەربڕینی کەمینه خواز و نیشانەکانی تێگەیاندن بدۆزرێتەوە. مانای ئەم پێچوپەنایه ئەوەبووە که هەر خوێنەرێک توانیویەتی له بەرهەمەکانی «کافکا»دا شتێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، به واتایەکی تر له دنیای «کافکا»دا پێناسه و ڕاشکاوی دەبێته دروستبوونی شێوازی «کافکایی»- هێما، تاریکی و ڕازێک که هەر کەس له ناخی ئەودا دەتوانێ شوێنێک بۆ خۆی بدۆزرێتەوە، هەرچەند نارەحەتی و ناهومێدی بەدواوه بێ.

له بەرهەمەکانی «کافکا»دا دەوری هێماو تاریکی به هیچ جۆرێک بەرهەمی نائاشکرای ڕێ دۆزینەوەیەک بۆ نوسەریی نییه، بەڵکو زۆر جاران له زاتی بابەتێکدا که وەسف دەکرێ، شاراوەیه. ئەم کشەیه باشتر له هەموو شوێنێک له باسی قانوون له ڕۆمانی «محاکمه»دا نیشان دەدرێ. یاسا که بڕیاره کێشەیەکی ماف ڕوون بکاتەوە له هەمان حاڵیشدا [ئەم کێشه دادوەرییه] لێڵ و تاریک دەکا. له ڕاستیدا له گەوهەر و بنەڕەتی یاسادا خاڵێکی تاریک هەیه، چونکه ناتوانێ بەشێوەیەکی حەتمی وەڵامی ئەم پرسیاره بداتەوە که چ کەسێک لەناو هەرێمی یاسا و چ کەسێک له دەرەوەی یاسادایه، له بنەڕەتدا یاسا ناتوانێ بەرتەسکییەکانی خۆی قبووڵ بکا، تەنیا وای نیشان دەدا که دەسەڵاتدارێکی تەواوە. له ڕاستیدا هەمیشه بوارگەلێک هەن که دەکەونه دەرەوەی هەرێمی یاساوە وەکو بوارەکانی چێژ، ترس و مەرگ، هەر ئەو بوارانەی که دڵەڕاوکێی بەرهەمەکانی کافکا دروست دەکەن.

دووەم ئەوەی که «کافکا»و بەرهەمەکانی سەبارەت به نووسەر بوون له سەدەی بیستەمدا زانیارییەک بەدەستەوە دەدەن. ژیانی «کافکا» له نووسەری و بۆ نووسەری-

ژیانێک کە بە دەسەڵات و خەمی زۆرەوە تا ڕادەیەک لە بیرەوەرییەکانی ئەودا نیشان دراوە- ئەم پرسیارە ئاراستە دەکا کە لە سەدەی بیستەمدا مانای ڕاستەقینەی خود بۆ هونەر تەرخان کردن بەشێوەی گشتی و بۆ نووسەری بەشێوەی تایبەتی چییە؟ بۆچی وەڵامدانەوە بەم پرسیارە وا دژوارە؟ بۆچی بەو سادەییە سەبارەت بە پیشەی پارێزەری یان پزیشکی دەدوێین بەڵام بۆ پیشەی نووسەری وانییە؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا چ شتێک وەکو نووسەر هەست بە نووسەر دەکا کە بۆ ئەم کارە بانگهێشت کراوە؟ ئەگەر ئەو بە هاوڕەنگ بوون لەگەڵ عادەتی حازری نووسەری ڕازی بێ لە ڕاستیدا هیچ کێشەیەکی نییە. بۆ ئەو لە چوارچێوەی ژانرە سەقامگیربووەکان [بۆ وێنە ڕۆمانی «پۆلیس»] دەرکەی ڕۆژنامەوانی و نووسەری ئاواڵایە. بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەم بەم لاوە ڕاست یان ناڕاست بابەتێک بەنێوی ئەدەبیات دروست دەبێ. ئەدەبیات لانیکەم لە ڕوانگەیەکەوە بەمانای شەرعی بوونی نووسەری بە ڕاستی تاک و بێوێنەیە. ئەم خاڵە سەبارەت بە «کافکا» بە مانای تەرخانکردنی تایبەتیترین ئەزموونی دەروونیی ئەوە. ئەم تەرخانکردنە، یان ئەدەبی بوونی نووسەریی ناکۆکییەکی قووڵ دروست دەکا. چونکە نووسەر دوای ئەوەی دەوری خۆی گێڕا پردەکانی پشت سەری خۆی تێکڕووخاند. لەسەر بوونی خۆی گرۆی کرد و لەگەڵ قووڵترین نەریتە هونەرییەکانی سەردەمی خۆی بەکێشە هات. ڕەنگە بە ڕەسمییەت نەناسرێ، ڕەنگە کردەوەکانی ئەو هیچ بەرهەمێکیان نەبێ. ئەو دەبێ چاوەڕوانی قورسترین شکستەکان بێ. [لەم گرۆیەدا] پارەی گرۆکردن وەها چۆتە سەرێ کە وەسوەسەی ڕێککەوتن بەهێز دەکا.

لەم ڕوانگەیەوە نووسەر نەتەنیا بۆ نووسینەکەی، بەڵکو بەسەرلەبەری بوونیەوە لە نووسینەکەیدا دەژی و تەنانەت بە مانایەکی فیزیکی لەگەڵ نووسینەکەی شکڵ دەگرێ. ئەم چەشنە نووسەرییە بە مانای لەکارکردنی وزەیەکی دیاریکراوە کە بەرهەمی نییە. بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی «کافکا» نیشاندەر و سەلمێنەری ئەم خاڵەیە. بۆ وێنە «کافکا» بەجێی ئەوە کە نووسەرێکی تەواو پیشەیی بێ کە پێش بەرهەمەکانی بە پاداشت بگا، ماوەیەکی دوورودرێژ لە دایرەی بیمەی دەوڵەتدا کاری دەکرد و تەنیا شەوانە، یان ئێواران خەریکی نووسین دەبوو. هەروەها بەو جۆرەی کە دەزانین «کافکا» بە «ماکس برود» پارێزەری بەرهەمەکانی خۆی گوتبوو کە دەیەوێ سەرجەم بەرهەمەکانی [بێجگە لە چەند دانەیەک] بسووتێندرێن، ئەم خواستەش دروست وەکو سەرچاوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی «کافکا» کەوتە ژێر تەمێک لە ڕەمز و ڕازەوە.

کافکا تەنانەت لە کاتی مردندا هێشتا خەریکی خوێندنەوەی نموونەی یەکێک لەبەرهەمەکانی بوو، بۆچی دەبوایە وەها خواستێکی هەبوایە؟ هەڵبەت «ماکس برود» سەبارەت بەوکێشە ئاستەمە ویستی ئەوی بەجێ نەهێنا و بەجێی ئەوە بڕیاری دا تەواوی بەرهەمەکانی «کافکا» لە کۆیەکی پێنج بەرگیدا چاپ بکا و بەم جۆرە «کافکا» هەرمان بوو و نووسینەکانی بوونە ئەدەبیات. ئەو لە کۆتاییدا هەر بەوجۆرەی کە دەیویست بە ڕەسمییەت ناسرا، بەڵام خەفەتبارە کە نەما تا [بەرهەمەکانی] ببینێ.

ئەگەرچی لە بەرهەمەکانی «کافکا»دا بێگومان توخم گەلێک هەن کە هەڵگری تێگەیینێکی کینایین و بەم جۆرە بەشێوەیەکی سیاسییانە لە کار دەکرێن، بەڵام شێوەی سەرەکیی کاریگەریی سیاسی نووسینەکانی کافکا شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە کە بە بایەخدان بەکاری نووسەری بەدەست دێ. نووسەریی کافکا بەڵێندارانەیە، هەربەو جۆرەی کە سەبارەت بە کافکا دەبینن، چونکە لە چیرۆکەکانی کافکادا حەقیقەتی ئارمانیی پێویستی بەم جۆرە بەڵێنداریییە سیاسییە نییە. لە ڕاستیدا ئەنجامدەرانی وەها بەڵێنەک لەگەڵ خۆ نیشاندانی کافکا زیاتر دەگونجێ. کاری نووسەری بەمانای خوڵقانی نووسراوەیە هەرچەند ناهومێدی و تاریکی جیهان هەیە، هەرچەند بەهۆی نەبوونی نزیکایەتیی عەقڵانی کە بتوانرێ لە ئاستێک لە بڕوا فەرمانبەری لێبکرێ. بەم مانایە نووسەریی «کافکا» چەشنێک بەختکردنی «خود»ە. هێماکانی لەودا دەوری سەرەکی دەگێڕن.

ئەو هەوڵەی کە بۆ ئەوان تەرخان دەکرێ پاژێکی سەرەکییە لەو [نووسەریی]دا: «کافکا» خۆی لە نووسەریدا دەتوێنێتەوە. هەر بەو جۆرەی کە دیارە چیرۆکی «دادڕەس»ی خۆی لە دانیشتنێک و لە شەوی ٢٢ و ٢٣ی سیپتەمبەری ساڵی ١٩١٢دا نووسی. سەبارەت بەمە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ:

«بەهۆی زۆر دانیشتنەوە لاقەکانم وەها ویشک ببوون کە بە دژواری دەمتوانی لەژێر مێزەکە هەڵیانکێشم.

لەوەی کە دەمدیت چیرۆکەکە چۆن لەبەرچاوم شکڵ دەگرێ هەستم بە گوشارێکی سامناک دەکرد و هەروەها شادمان بووم، دەتگوت بەسەر ئاودا دەڕۆم. لە ماوەی ئەم شەوەدا دایمە قورسایی لەشمی، دەخستە سەر پشتم. کاتژمێر ٢، دوایین جارێک کە چاوم لە سەعات کرد، کڵفەت بۆ یەکەم جار هاتەلام، منیش دوایین ڕستەم دەنووسی. لە پەنای دڵم هەستم بە نەختە ژانێک دەکرد. شەکەتییەک کە لە نیوەشەودا تەواو دەبوو.»

هەرچەند «دلۆز» و «گیتاری»ش کاریگەریی سیاسی نووسەریی «کافکا» بەڵێندارانە، بە مانای سارتەری نازانن بەڵام دەڵێن چیرۆکی «کافکا» سیاسییە، بەم مانایە کە نووسراوەیەکی «کەمینەیی»یە لە ناخی چوارچێوەی زمانی زۆرینەدا. بەمجۆرە «کافکا» وەکو جوولەکەیەکی «چیک»- یانی ئەندامێک لە تاقمێکی کەمینە- کە بە زمانی ئەڵمانی دەنووسێ، دەتوانێ بە دروستکردنی زاراوەیەکی بچووک لەنێو زمانێکی زاڵدا ڕێگەی خۆی بکاتەوە.

«کافکا» لەگەڵ تونالیتەی زمانی ئەڵمانی کایە دەکا، لە بەکارهێنانی خوازە خۆی دەبوێرێ، وەها دەنووسێ هەتا ناسیاوی سڕینەوە (وڵات سڕینەوە)ی زمان بکا، لە پێوەندییە ڕەچەڵەکناسانەکان رووی خۆی وەردەگێڕێ و پاڵ دەداتەوە سەر شتە زۆر بچووکەکانی دەروبەری خۆی، بەجێی هێنانە گۆڕێ ڕوانگەیەکی گشتی سێلاوێک لە پیتەکان وەگەڕ دەخا. بەکورتی ئەوە کە «کافکا» هەرچەند بەشێوی هەستپێنەکراو عادەتی زمانی ئەڵمانی بەشێوەیەکی مانادا دەگۆڕێ و لە ناخیدا پێگەی تاقانەیی بۆ خۆی دروست دەکا، پێگەیەک کە لەو سەردەمایەی ئەو دەینووسی بەهیچ چەشنێ لە ڕێی بەکارهێنانی باوی زمان پێشبینی نەدەکرا.

نامانەوێ زیاتر لەوە ئەم گۆڕانانە لێکبدەینەوە و لێگەڕێین هەر بەم خاڵە ڕازی بین کە ژیانی «کافکا» شێوەیەکی نوێی بۆ تێگەیین لە پێوەندی نێوان نووسەری و ژیانی خستە ڕوو. ئەم خاڵە دەتوانرێ بەشێوەی خوازە کورت بکرێتەوە. «کافکا» بەکاری نووسەریی خۆی نیشانی دا کە نووسەری، شێوەیەکە لە ژیانی. کۆکردنەوەی هێزی مرۆڤی دەوێ، هەروەها ئەو هۆکارە ڕاستەقینەکانی پێکهێنەری ئۆبژەی ئەدەبیی خستە بەرچاو و دواتر بەکەڵک وەرگرتن لە هێماو ڕاز، نووسەریی لە جەبرخوازیی کۆمەڵناسانە یان دەروونزانی ڕزگارکرد هەوڵ دەدا بەهۆی بارودۆخی مادی یان ژیانی نووسەر، نووسەری لێکبداتەوە، لە دوای «کافکا» نووسەری [ئەدەبیات] ئیتر بەرهەمی بارودۆخەکان نییە بەڵکو لە هەمان حاڵدا پێکهێنەری ئەم بارودۆخانەیە.

«مارت ڕوبێر» ڕەخنەگری فەڕەنسی پێی وایە کە «کافکا» لەبەر ئەوە نێوی کەسایەتی سەرەکیی چیرۆکەکانی خۆی ئاشکرا ناکا- وەکو «ک»- چونکە دەیەوێ چۆنیەتیی ئەوپەڕ وڵاتی ئەوان نیشان بدا، بە واتایەکی تر ئەوان بەم جۆرە لە هەرێمێک ڕزگار دەبن کە ڕەنگە شوێنی سەرهەڵدانیان بێ و دەتوانن لە زۆربەی شوێنەکانی تردا ڕەگ داکوتن. ئاوا ئەم کەسایەتییانە شاربەدەر کراوانێکن- وەکو جوولەکەکان (ئەگەرچی کافکا لە هیچکام لە چیرۆکەکانیدا سەبارەت بەم بابەتە هیچ نادوێ)- کە دەتوانن گشت سنوورەکان وەکو ئەخلاقی، قانوونی، فەرهەنگی و دەروونی تێپەڕ بکەن. ئەم کەسایەتییانە کەسایەتی ون و بێ ڕیشەن کە دایمە بەدوای جەماوەرێکەوەن، زۆر لەو کەسانە دەچن کە ئەمرۆکە لە ئەورووپای کۆتایی سەدەی بیستەمدا شوێنییان گواستۆتەوە. ژیانی خودی «کافکا»ش کە نیوەجوولەکە و نیوە ئەڵمانییە، وێناکردنی هەر ئەم نێوەرۆکەی شاربەدەری و چەندایەتیی ئەوپەڕ وڵاتییە.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکانی «کافکا» نەبوونی سنوورە نەگۆڕەکانە. بەم دیدە، لێکهەڵوەشانەوەی سنوورەکان نیشاندەری نەبوونی ئەوپەڕ وڵاتی بوونە، سەرچاوە یان شوێنی سەرهەڵدان بزردەبێ: سەرچاوەی یاسا، سەرچاوەی گۆڕان، ڕەگەز [نێرومێ]، هۆکار لە پێوەندیی نێوان هۆکارو بەرکار، هەمووی بەشێوەی هێما دەبنە هەڵم، بەگشتی پرسیاری «بۆچی» هیچ وەڵامێکی بۆ نادۆزرێتەوە. بەم مانایە «کافکا» نیچەیی و لە بنەڕەتدا دژی ئایدیالیزمە هەر بەو جۆرەی کە «ژۆرژ باتای» دەڵێ: بۆ «کافکا» هیچ وڵاتێکی بەڵێندراو بوونی نییە، ئارمانی مووسا وەچنگ ناکەوێ چونکە ئێمە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی- دنیای مادی و فیزیکی- هەڵسوکەوت دەکەین نەک لەگەڵ هەرێمی خودایی و بەرزەمژی بێگومان «کافکا» بەهۆی هەوڵدانی بۆ وەگەڕخستنی تەواوی سنوورەکان و بەم جۆرە تەواوی شوناسەکان لەگەڵ بەشێک لەو تایبەتمەندییانەی کە پێی دەڵێن «پاش مۆدێرن» ڕێکدەکەوێ.

چیرۆکەکانی «کافکا» مەیدانی ململانێی مۆتەکەی مەرگ، دڵەخورپە و ناهومێدییە، ئیمان- و هەڵبەت

نەگەڕان بە دوای ئیماندا- لەواندا هیچ پێگەیەکی نییە. هەر بەوجۆرەی کە «موریس بلانشۆ» گوتوویەتی لەم چیرۆکانەدا مانای وشەکان حەتمی و بڕاوە نییە. چونکە ناهومێدی و دڵەخورپە لە ناخی ژیاندا دەبێتە بەدیلە ئەدەبییەکانی مەرگ ناهومێدی لەو ڕووەوە بەدی دێت کە ژیان چەشنێک شاربەدەرییە، هیچ نیشتمانێکی ڕاستەقینە بوونی نییە کە لەودا بتوانرێ لە دڵەخورپەی ژیانی مۆدێرن خۆ بپوێردرێ. مۆدێرن بوون چەشنێک جوولەکە بوونە.

زۆر کەمن ئەوانەی کە توانیویانە تاک بوونی «کافکا» باشتر لە «بلانشۆ» کۆبەند بکەن، لە شوێنێکدا دەڵێ هەرچەند بەرهەمەکانی «کافکا» سەرقاڵی مەرگن بەڵام تیشک (ژیان) هاوێژن. لەم ڕووەوەیە کە تەنیا بەخیانەت کردن [بە بەرهەمەکانی کافکا] دەتوانین لەوان حاڵی بین، لەکاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکان تامەزرۆ دەبین کە بە خراپی لێیان تێنەگەین.

**سەرچاوە:**

جان لیچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر: ازساختارگرایی تا پسامدرنتیم

ترجمەی: محسن حکیمی- تهران، انتشارات خجسته- چاپ دوم: ١٣٧٨

# سەرووی واتا «باتای»

له فارسییەوە: سیروان زەندی

«نه کەماڵێک له ئارادایه و نه دڵنیاییەک، ئەگینا ئاخاوتنێک دروست نەدەبوو، شتێکی سەرەکی لەو کەسەدا کەمە کە گوزارشت له خۆی دەکات. نەفی هاوزادی زمانە.. ئامانجی ئەدەبیش ئەوەیە کە: هیچ نەڵێین، قسه بکەین تا شتێکمان نەوتبێت.»

**مۆریس بلانشۆ**

ژۆرژ باتای بێ ئەوەی خۆی بیەوێ کاری کردووەتە سەر چارەنووس و باسەکانی هەڵوەشاندنەوە. بۆچی نووسیم «بێ ئەوەی بیەوێ»؟ چونکە باتای نەیدەویست کاریگەری بخاتە سەر هیچ شتێک، دەیگوت: «پشتم کردووەتە جیهان»، بەڵام کاریگەرییەکی گشتی و بنەڕەتی و قووڵ و دیاری کردووەتە سەر هزری مۆدێرن و ڕەخنەی نوێ، له ڕۆلان بارت-ەوە تا دریدا، له نووسەرانی ڕۆمانی نوێوە تا فۆکۆ، هەموو کەس ڕۆژێک له ڕۆژان ناچار بوون له شوێنێکدا لەگەڵیدا بوەستن. چاوخشانێک به پێرستی وتار و ڕیزبەندی خاڵە سەرەکییەکانی کتێبی «ئەدەبیات و خراپە»، ناودارترین کۆمەڵە وتاری باتای دنیای هاوبەشی ئەو پێشان دەدات لەگەڵ کەسانی تردا: سادو میشل و پرۆست (لەگەڵ ڕۆلان بارت) و کافکا (لەگەڵ ژیل دلۆز) و بودلێر (لەگەڵ ڕومەن پاکوبسن) و ژان ژنه (لەگەڵ ژاڵ دریدا).
باتای له یەکێک له گرنگترین لایەنەکانی کاری هزری خۆیدا هاودەنگ بوو لەگەڵ دریدادا: واتابوونی نییە. گرنگی باتای له هزری ڕەخنەگرانەی ئەم سەدەیەدا ڕۆڵی مێژوویی ئەوە، ئەو ڕۆڵەی کە به پێچەوانەی حەزو ویستی خۆی قەبووڵی کرد، ئەو پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی سوریالیستی بوو لەگەڵ شێوازەکانی ڕەخنەی نوێدا. خۆی دەیگوت: «ئەم هەموو گرنگیدانه به بەرهەمەکانی من بەردەوام لەو خاڵەوە دەستی پێکردووە کە نەیانتوانیوە پێشوەخت من له چوارچێوەی یەکێک لەو جۆرە سیستەمە ئەدەبییانە جێ بکەنەوە کە دەیانناسی.»
بارت دەیگوت کە باتای له پۆلێن کردندا جێی نابێتەوە. ڕۆماننووس بوو (شینی ئاسمان)، و شاعیر بوو (شوێن کەوتووانی پاشای نزیک) و باسنووس و فەیلەسووف بەو واتایەی کە نیچەی مامۆستای دەیگوت. له بەرهەمێکدا و یەک لاپەڕەدا و تەنانەت یەک ڕستەیشدا هەر چواریان بوو چیرۆکبێژێکی شاعیر- فەیلەسووفێک کە ڕەخنەگرە. دریدا دەیگوت: «بەردەوام باتای تێکەڵاوێک بوو له ڕەگەزەکان.» وێنه و گێڕانەوەی پێکەوە دەنا و هەندێ کاتیش دانپیانان و هەڵچوون. چەمکی سەرپێچی له هزری باتایدا چەمکێکی ناوەندییە: «چەمکی سەرپێچی دژی یاساغ کردن نییە. لەو تێدەپەڕێت و تەنانەت تەواویشی دەکات.»
باتای له تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بوو کە ساڵی (١٩٢٣) نیچەی دۆزیەوە. پاشتر نووسی: «هیچ

ڕێگەیەکی تر نییە، دەبێت لەگەڵ نیچەدا تا کۆتایی ئامادەبوونی مرۆڤ بەرەو پێش بڕۆین».، ڕۆلان بارت گوتوویەتی: بۆ نیچە و باتای یەک ناوەرۆک هەیە: حەسرەت. فۆرمێکی تایبەتی کاتی ئێستا دابەزیوە و فۆرمێکی تایبەتی کاتی ڕابردوو بە خرۆشەوە خۆ دەنوێنێ. ئەم ئێستایە و ئەو ڕابردووە پێش هیچ کامیان بە ڕاستی مێژوویی نین. هەردوو بە جوولەی نادیار و وێنەی ئاوابوونەوە بەندن»، بەڵام حەسرەت لە بەرهەمەکانی باتایدا بە جۆرێکی تایبەت وەدیارکەوت؛ چەمکی ئامادەبوونی مرۆڤ کە بەمەرگەوە پەیوەست دەبێت بووەتە بابەتی سەرەکیی کارەکانی باتای. چەمکێک کە هاوکارییەکی زۆری کرد. باتای هەردەم لەنێو جۆرێک مەحاڵ بوونی دەربڕیندا دەتلایەوە. خودی ئەو گوتوویەتی: «نیچە ئەو هەستەی لەلای من دروست کرد کە چیدی شتێک بۆ گوتن نەماوەتەوە»، هزرەکانی توند و تیژو خۆڕسک و «بەردەوام ئەوپەڕ» بوون. هەمان ئەو سنوورەی کە چەندین ساڵ پاشتر ژاک دریدا خۆی تیادا دۆزیەوە. باتای زیاد لە هەمووان- و چەند جار دانی بەوە داناوە کە تەنانەت لە نیچەش زیاتر- لە هیگڵەوە فێربووە، بەڵام ئەو شتەی کە فێری بووە- ئەگەر بکرێت لە یەک وتەدا کورت بکرێتەوە، بریتی بوو لە «قبووڵ نەکردنی سیستەم» قوتابی ئەلیکساندەر کۆژۆ بوو و بەهاوەڵی لەگەڵ ڕیمۆن کوێنۆ لە ساڵی (١٩٢٣) «ڕەخنەیەک لەسەر بنەماکانی دیالێکتیکی هیگڵی»یان نووسی. لە (ئەزموونی ناوەکی)دا سیستەمی هیگڵی ڕەت کردەوە، بەڵام بە هەمان شێوە کە دریدا لەنامەی (ئابووری سنووردار و ئابووری گشتی)دا دەنووسێت: سەرەنجام نەیتوانی لە دەست هیگڵ ڕزگاری بێ. کێشەی باتای بریتی بوو لە سیستەم، هەروەک چۆن کێشەی ڕەخنەگرانی نوێ بریتییە لە زمان. ئەم ڕەخنەگرانە بە زمان بەرەو شەڕی زمان دەڕۆن، نکوولی لە شتێک دەکەن بە خودی ئەو شتە، باتایش دەیویست کە بە سیستەم سیستەم لابەرێت و دەیگوت: «من خودی تینوویێتیم نەک خوازیاری زانست. فەیلەسووف نیم، ڕەنگە قدیسێک بم و یاخود تەنیا شتێک» قدیس؟ بەڵام بەلایەنی کەمەوە بەواتایەک کە هەمووان بڕوایان پێیەتی ئەهلی دین نەبووە، جارێکیان (بەگاڵتەوە؟) گوتبووی کە پاش خۆی ناونیشانی سەرجەمی بەرهەمەکانی بە (کۆمەڵەی نائیلاهی) دابنێن لە بەرامبەر ناونیشانی کتێبەکەی قدیس تۆماسدا کە بریتی بوو لە (کۆمەڵەی ئیلاهی)، بەڵام زیاد لە هەموو بیرمەندانی هاوچەرخی فەرەنسا بیری لە ئایین کردەوە. بەرهەمەکانی لە (ئەزموون دەروونی)یەوە [١٩٤٣، نوێکردنەوە لە ١٩٥٤] تا (دەربارەی نیچە- ١٩٤٥) هەموو لە بارەی خواوەندن. بەو زانیارییە قووڵەی کە هەیبوو سەبارەت بە باوەڕە ئایینییەکان و عیرفانی ئاسیای دوور هەوڵی دا «هاوسەنگیەک» بدۆزێتەوە لەنێوان عیرفانی مەسیحی و ئایینی یۆگی-دا دۆزیەوە؟ نازانین. کاری ئەوە بوو کە «ئەزموونەکانی ناخی پەردەپۆش بکات» (دریدا).

سارتەر لە ساڵی (١٩٤٣) باتای ناونا «عارفی شێوەی نوێ». بە ڕاستیش لەو نەوەیە بوو کە مەرگ لەکۆڵیان نەدەبۆوە. وەکو مالرۆ و وەکو خودی سارتەریش. نووسیبووی: «دوو یەقین و هیچی تر: لە جیهاندایین و دەمرین». هیچ شتێک ئەم مرۆڤەی لە سارتەر و مالرۆ جیادەکردەوە کە «لە ڕادەبەدەر ماتریالیست بوو» (ئاندرێ بریتۆن)؟ چ شتێک باتای لە بارت و فۆکۆ جیادەکردەوە کە دروشمە بەناوبانگەکەی بریتی بوو لە «قەبووڵ کردنی ژیان تا کاتی مەرگ» و «بەدوای ئوروتیزورا دەگەڕا لە دەقدا»«١»؟ چەندین جار دەنگدانەوەی وتەکانی لە بەرهەمەکانی سارتەردا هاتووەتە بەر گوێ. دەیگوت: «من بەهیچ شێوەیەک لە مرۆڤێکی گشتی جیانیم و کامڵ بوونی ئەوم لە خۆمدا هەڵگرتووە». سارتەر لە دوایین ڕستەی «وشەکان»دا دەڵێت: «تەواوی (کاملی) مرۆڤێک لە تەواوی مرۆڤەکانی تر دروست کراوە، و هەر کەسە و هێندەی هەموو مرۆڤەکان بە بەهایە، هێندەی هەر کەسێکی تر».

باتای هەمان شتی لە زمان دەویست کە دریدا دەیویست. لە سوریالیستەکان جیابۆوە، چونکە ئەو دڵنیاییەی ئەوانی بەرامبەر بە سایکۆلۆژی نەبوو و گرنگتر لەوەش، چونکە ئەو کارەی ئەوانی پێ پەسەند نەبوو کە لەگەڵ زماندا دەیانکرد. ئەوان «دەیانویست زمان لابەرن.» و بە وتەی خودی بریتۆن ئەوان «بەهاوکاری خودی وێنەکان بەدوای تەئویلی وێنەکاندا دەگەڕان نەک بەهاوکاریی زمان»، بەڵام باتای وشەکانی بە گرنگ دەزانی. دەیگوت «زمان تەنیا بەختی ئێمەیە لە جیهاندا.» تاکە کەرستەیە تا ونبووەکانی پێ بدۆزینەوە و گەرچی هەندێ کات (یاخود هەمیشە؟) خوڵقێنەری هزرە، دەبێت بزانین کە «ئێمەیش لە کۆتاییدا پێویستمان بە هزرە». باتای بەدوای زمانێکەوە بوو کە لەسەر بنەمای وێنە دانەمەزرابێت، بەڵکو «پشت بە وشەکان و تەنیا وشەکان» ببەستێ، زمانێکی «ڕەها لە حاکمیەتی هێماکان». ئەم هەمووە باتای گەیاندە شێوازێک کە بلانشۆ بە «داڕشتنی چەند لایەنە»ی ناو دەبات، جۆرە داڕشتنێک کە یەکێتییەکەی یەکێتی ئەو وێنانە نەبێت

کە لە «بەردەوامی پاراگرافەکان»ەوە بەدەست هاتووە. بنەڕەت بریتییە لە وشە یان ئەو شتەی کە باتای بە «سنووری وشە یان مەرگ» ناوی دەبات. ئەمەیش جۆرێک یارییە بە وشەکان: لە زمانی فەرەنسیدا تەنیا یەک پیتی جیاواز هەیە لەنێوان وشەکان Mots و مەرگ Mortsدا و ئەویش پیتی Rی زیادەیە. لە زماندا وشە پەیوەستە بە مەرگەوە، وشە (وەکو ئەوەی کە مالارمێ و ژابس و بلانشۆ و دریدا پێشانیان داوە) حوکمی نەفی و نکوولی کردنی شتەکانی هەیە. بریس پارن گوتوویەتی کە «زمان مەحاڵە [دەست نادات] مەگەر بە لەناوچوونی [نەمانی] ئەو شتەی کە دەیەوێت پێشانی بدات. ئاخاوتن واتە تێپەڕاندنی جیهان لە بوونەوە بەرەو پانتایی وشەکان، زمان لەناوچوونی [نەمانی] شێوەی بوونە»، زمان نەبوونی شتەکانە، حوکمی نکوولی کردنی هەیە. بلانشۆ دەیگوت: «وشەکان بوونم پێدەدەن، بەڵام جۆرێکی تایبەت و فەردیی بوون، واتە حوکمی غیابی بوونیان هەیە و تاکە ڕاستیی نەبوونیانە». بە بڕوای باتایش زمان لە حاڵەتی ئەفراندندا وێران دەکات. لە (قەشە س.)دا نووسی: «وادەزانم ڕازی ئەدەبیات لەوەدایە کە هەر وشەیەک تێیدا کاری کات دەکات. مەرگی دێنێتە پێشەوە». دەبێت هۆکاری حەزکردنی باتای بە بەرهەمەکانی ساد لەم خاڵەدا بدۆزرێتەوە. داڕشتن لای سادیش بریتی بوو لە ئەفراندنی ئەو وشانەی کە ڕەهان لە وێنە، لە «دایکم»دا شێوەی داڕشتنی هەمان ئاوازی دیار و سارد و بێ هەستی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم هەیە. بەردەوام «یەکەم کەسی تاک» حزووری هەیە: «لە کۆتاییدا ئەوەی بە نەناسراوی دەمێنێتەوە و ئەوەی کە لە هەمان کاتدا دەناسرێ خودی منم». باتای بەردەوام دووبارەی دەکردەوە «نووسراوەکان و هەر نووسراوێکی تر بە هەموو شێوەیەک ژیاننامەکانی خۆیان نووسیوە».

باتای دەیگوت: «کەواتە وشەکان شتێکی دیکەی جگە لە خۆیان دەرنابڕن». حوکمێک کە ئێدمۆندژابس (ئەو شاعیرەی کە دریدا خۆشی دەوێ) بەم شێوەیە دەری بڕیوە: «نووسین لە کتێبدا حوکمی غیابی هەیە و لاپەڕەی سپیی کاغەزیش حوکمی حزوور». بە بڕوای باتای ئەم بێتوانایییەی زمان و ئەم سەربەخۆبوونەی دنیایی وشەکان لە دنیای «ڕاستی»، «سنووری ڕاستەقینەی ئەدەبیات» نیشان دەدا و مارکی دۆسادیش لەنێو ئەم سنوورەدا بوو. باتای لە پێشەکی «ژوستن» و لە وتارێکدا لە «ئەدەبیات و خراپە» باس لە بێتوانایی ساد دەکات لە وتنی شتەکاندا. ئەم بێتوانایییە لە ئاکامی ئەو سنوورانەوە نەبووە کە ئاکاری کۆمەڵایەتی خستبێتە بەردەم پەیڤی ئەدەبییەوە (ساد کەسێک بوو کە هەرگیز ئەم سنوورانەی نەبینی)، بەڵکو ئاکامی سنوورەکانی گوتن بوو لە زماندا: «ئەگەر هۆشیاری دەربڕدرێ [بگاتە سنووری پەیڤ] ئیدی هیچ جیاوازیەکی نابێت لەگەڵ زماندا. ئەوەی کە لەهۆشیاری هەڵهاتووە ناچێتە قاڵبی وتەی لۆژیکییەوە»، «زمان دەمانگەیەنێتە کۆتایی و ئەو کەسەی کە دەدوێت دان بەبێ توانایی خۆیدا دەنێت». پێوەندی نێوان زمان و دانپیانان، ئەو دەستمایەیەی کە پاشتر لە بەرهەمەکانی میشل فۆکۆدا گرنگی پێدرا لێرەدا کورت کراوەتەوە بۆ «دانپیانان بە بێتوانایی ئاخاوتن»، بەڵام خاڵی گرنگ لە کاری باتایدا ئەوەیە کە لە غیابدا باس لە ژیان دەکات و لە نەبووندا وەکو بەردەوامی دەڵێت: «بەڵام تەنیا غیاب نییە، ژیانی پەیوەست بەم غیابەشە.» بێگومان زمان جیایە لە شتەکان و سێبەری ئەوانە و بەندە بە دژیەکێکی ناوەکییەوە، بەڵام لەنێو خۆیدا جیهانێکی کامڵە و بۆچی بڕوا بەوە بکەین کە کەماڵ ڕەهابوونە لە دژیەکە دەروونییەکان؟ زمان کامڵە و لەم ڕووەیشەوە ئەدەبیات کامڵە. باتای وتوویەتی: «ئەدەبیات یان هەموو شتێکە یان هیچ نییە». دژوار نییە کە هەست بەوە بکەین هەموو شتێکە و پڕە لە دژیەکە دەروونییەکان. زمان و ئەدەبیات وەکو کۆشکەکەی کافکاوان، بوونیان بریتییە لە نایاب بوونیان. فۆکۆ دەیگوت: «چاوی باتای بەدوای لێکدانەوەی وتەیەکەوە نییە»، باتای «بە جۆرێکی تر» دەبینی. یەکێک لە سەرەتاترین کارە گرنگەکانی «مێژووی چاو» بوو، کە لە ساڵی (١٩٢٨)دا نووسیبووی بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی بینین، سەرنجدانی هەموو شتێک لە باری سەربەخۆبوونیدا، ئەوە نهێنی کارەکەی باتای بوو. هایدگەر سەبارەت بەو گوتبووی: «ئەمڕۆکە باشترین مێشکە کە بە فەرەنسی بیردەکاتەوە».

**پەراوێز:**

١- بارت زۆربەی چەمکە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی بە هاوکاری باتای دۆزیوەتەوە، گرنگترینیشیان بریتییە لە «خۆشی دەق»، سەبارەت بە چەمکی «خۆشی» لە هزری باتایدا بڕوانە وتاری ژولیاکریستوا.

**سەرچاوە**: ساختار و تأویل متن، بابک احمدی.

# کاپۆچینۆ

هاشم سەڕاج
٢٠٠٤/٩/٩

دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە، بۆیە
لە من وەحشیی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
«نالی»

«١»
ئەی دولبەری دەس بەجام و پیاڵەی یاقووتین
وەی ئەبەنۆسیترین تەنکەڕۆحی یاخی و بەلەسە
کاتێ بەو ڕەوت و دیمەنی
شۆخ و شەنگی و نەرم و نیانییە دەلەنجێی
منی بێهۆشی سەوداسەری غەمزەدە
هێواش هێواش
خۆڵەمێشی قەقنەسی گیانم پەرت دەبێ پەرت
ڕاڕا و نا ئارام خەریکە تەلیسمی پیتەکانی
عیشق و شارای لێکسیکی وشە
دەشێوێنم!

«٢»
عەتری ئاوریشم و دیبای
لەشت بوو لەش لەش لەش
سەراپای سەڵتەنەتی
عەقڵی لە دەست دام و
سەرمەست و کەنەفت و حەیران
ئەوا بان و بانیژە و باڵکۆن و
فوسەیفسا و حەلانەکانی
ماڵی وشە دەڕمێنم و
ڕماندنێک تا سەرحەدی
بنج و بناوانی بناغەکانی
جنوون!

«٣»
بێ موبالات، ڕادەکەین و ڕاڕا لە مەیخانەکانی
کەنار «تەبەس» و بەرانبەر گزنگی
هزری بالاّ لاڤەلاڤ دەلالێین و
ساغەر دەنۆشین و دەرەقسێین و پیت دەچڕین
ڕۆژگار ئای ڕۆژگار!
ڕۆژگار
نەهەنگێکی هاروهاجی قەترانییە و
بە ئەسپایی سەردینەکانی
تەمەن و میهر و جوانی
هەڵدەلووشیت.. هەڵ!



«٤»

وەرە ئەی شۆخی ڕوخسار فیردەوسین
بەرلەوەی هەیڤی قەشەنگی
ڕووگە و وجوود و جیلوەگاه
لەت لەت بێ لەت لەت
لەت بێ لەت لەت لەت بێ لەت
لەت لەت
با پیاڵەکانی ئولفەت و ئەڤین و
مەحەببەت بنۆشین و
تۆزێ بپەیڤین! تۆزێ
پەیڤین ئای! پەیڤین
پەیڤین
عەتری ناز پەروەرترین شکۆفەی
مێرگە مەخمەڵییەکانی ئاوازی گیان
دەپژێنێ!

«٥»

نەمدەزانی خۆ من نەمدەزانی
لەنێوەندێکی سنووورداری
بیرکردنەوە و بیرچوونەوەدا،
شەیدا و بەندەوار و پەرێشان
سەرقاڵی گەمەکانی لیگۆی
عیشق و مەراقەکانی
جوانی و فڕکردنی
فنجانەکانی مەرجانی کاپۆچینۆی
عەبەسم عەبەس
ع ە ب ە س..
ئەی بێ موبالاتیترین موسافیری سەرەڕۆی
بێ نێونیشان و قیبلە و شووناس!

«٦»

ئەی بەدفەڕترین و هێمنترین شەڕانگێز
وەی ئەندێشەدارترین پرژەیار!
[خۆزگە دووری من و تۆ بە ئەندازەی
دووری خۆرهەلات و خۆرئاوا بووایە]
چەنێ هەڵەداوان
چەنێ چەنێ چەنێ
هەڵەداوان
خزایتە نێو باغی سەفا و
بە نەشئەی تاقە نارنجێکی
سیسی پەژموردە
شازادەی عەرشی موعەللای
ئەمارەتی
حوسن و
شیعر و
ڤیانت هەڵفریواند.. هەڵ!

«٧»

ئاخر غەنیم لە شەوق و ڕەونەقی
ئیکسیری وردە ئاقیقی تێکستان
چاویان بەرداوەتەوە!
دۆست بە ناز و عیشوە و تەناهی
دەخەنن و دەخەنن و دەخەنن
چی نەماوە ئەی یار
ئەی ئاتەشیترین یار
لەم هالاوگەی زەلزەلەی
تووڕهەڵدانی ئەفسوونی
سووری وشەیە
دڵ پارە پارە بکرێ
پارە پارە بکرێ دڵ
دڵ
دڵ..

«٨»

دوێ شەو
لا ڕوومەتێکمان خستەسەر
ئاستانەی مەفتەنی جوانیت و
ڕوومان لە «عوزا» و غەرانیقەکان وەرگێڕا
تۆ ئەی «یا» یێک لە تەنکە کریستاڵەکانی
کۆنیاکی هەیوولای قەدەر!
وەی! شەوچرای ماڵی ئاوەدان!
وا لەبەر تیشکی پاقژی هەتا هەتایەتدا
ئالوودە بە پێکەکانی ئەڤین و سرووش و جوانی
چلوورەی دڵ دەتوێتەوە و چلوورەی
دڵ دەتوێتەوە و دەتوێتەوە..

«٩»

وەی سووتێنەرتر
لە لەززەتەکانی کایەی وەرەق و
نەشئەی مەی و پشکۆکانی مەحەببەت

تۆی ئیکسیریترین جلوبەرگی ئاگرینی
شەوە دەیجوور و تەزیوەکانی
یەلدای تەمەن!
دەزانی چەنێ نەرم و نیان و قەشەنگی
کاتێ بە لەنجەی پلێپلە و نقێمە قەوس و
قوزەحییەکانی ئەنگوستیلە نازپەروەرەکانی
عیشق و پرشنگی داو داوی ئالتوونی قژت
مەفتەنەکانی دڵ و دەروون
خاپوور دەکەی خاپوور...؟
خ ا پ و و ر

«١٠»

ئەی پەروەردگاری دەهندە و دلاوا
بارانی ڕسق و ڕۆزییەکانی
سرووشمان!
بەسەرا بباریێنە
ڕەهێلێک/ لە مۆرفیمەکانی لەنجەخانەی
شێتێتی!
ڕێژنە ئیقاعێک/ لە کاتە ئیکسیرییەکانی
تەجەللا
دەبا زەمزەمەی چرکە ئاگرینەکانی
نیگەرانی و مەینەتی عومری
بەسالاچوو
تۆمار کەم.. تۆمار.. تۆمار

«١١»

مەلەک مووررووی عەترناکی عەرەقناکی
دوڕ باخەڵان دەڕفێنێ
ئەی قۆڵ و باسک مەڕمەڕینی
بەهێ موشکینی سینە ئاتەشین
بە لۆیاسانی لەش تورت و لووسی
بلوورینی شەوە دەریا شەککەرییەکانی
میهری ئەزەلی و نەشئەی عەربەدەی
شەرابی «سپی»ت
دەشوبهێنم!

«١٢»

کەفی کاپۆچینۆی گەردنی زراڤی ئیلاهیت
چراشووشەی ڕۆحی کڵۆڵ و شەکەتان
دادەگیرسێنێ دا دا دا

ئەی گورزە بڵێسەی نازپەروەری ڕەها
وەی سەمای کەوە و زەنگیانە شێواوەکانی
دورجی موقەددەس!
بە عەتری پرچی داوداوی ئالتوونیت
سۆسەکانی چرکەی گیان و
پشکۆکانی عیشق عیشق عیشق
حەشیشناککە.. حەشیشناک
ح ە ش ی ش ن ا ک

«١٣»

ئەو پۆلە زەرییە چاو ڕەشانە
دەڵێی لە توخمی دوڕ و ئەڵماسن
وا لە ژێر چادرە سەوزە بڵێسەدارەکانی
بەختەوەریدا بە ڕاکشاوی
سروودەکانی عشق و جوانی دەچڕن و
چاو مەست و کەسیرە و نەشئەباز
ڕووە و ئاتوونی نووری بالاش
دەلالێن و دەلالێن و
دەلالێن!

«١٤»

تۆی بریسکەی وردە مرواری
سەدەفە پیرۆزەکانی دەریاچەی
بێ کۆتای خودا!
ئەی شۆخ
ئەی شێداریترین پارچە میتالێک
لە دۆزەخ!
وەی نارنجیترین لەتە مۆسیقایەکی غەجەرزاد
لە فیردەوس!
شەپۆلی ئاگرینی شیعر شیعر شیعر
چلۆن دەتوانێ نەخشی
غوباری تەلای ڕوخساری
یەزدانیت بنووسێت و
دەسبەسەر عەرشی پیرۆزی هالاوی
نووری جوانیتا داگرێ دا!

# دڵم هەنارێک بوو ڕنییان

نیگار نادر
(لەندەن – بەریتانیا)

تازە دڵم ببوو بە هەنار کە شەڕ
وێکڕا شێواندنی وێکڕا تالانی کردین
وێکڕا ژەهرە باران وێکڕا ئەنفالی کردین
وێکڕا ڕایگواستین دەگۆڕی ناین
وێکڕا کردنی بە تۆز و بە بایی کردین
بە کرێوە کرێوی بە فرێ لەسەر
سەری حەسارۆست و
لووتکەکانی قەندیلی دەکەوتم کە
وەکی هەنارێک لە دڵم ڕۆهاتن و
هەڵیان پساند
تەپۆلکەیەکی سینگی کۆرەکێ و گەردەنی
بڵندی سەفینی و
ملەی کێوی هەندرێن بووم
خوێنی سەدان گەنجیان لەسەر ڕشتم
چەندین جار لەسەرم پێک هاتن و
داستانەکانی براکوژیم پێ نێوزەد بوون
دڵم بەهێییانە زەرد ببوو کە
دایانتەکاند و
بوومە کۆنە سەنگەرێکی داڕووخاو و
بۆسەیەکی پڕکراو ڕەبیەیەکی هەڵگیراوی
پشتاشانێ
پاش دەیان جار تێکدران و حاشا لێکردن
لێم تەمابڕ نەبوونە
دڵم تازە گوڵی مزرە سێوانی دەرکردبوو
هەڵیان وەراندەوە
هنارەی سەرکەوتنەکانی براکوژییان
لەسەر وەگڕ خستمەوە
دڵم هەنکی هێشوە ترێیەکی لێ مابوو
نە هێشتیان بگا نە هێشتیان ببتە شەراب
دایانڕنی پلیقاندیانەوە
بە دەمدا کەوتووم وەکی
تەنگە دۆڵێکی دڵی هەکاری و تفەنگێکی دەگڵ ڕۆکراو و
تەرمی ژنێکی هەتککراوی
ئەوان ڕۆژان
کێ بە ئاقارمدا ڕابووردووە
دەستی خوێناوی خۆی پێ ئەسڕیوم و
لێخشاندووم و لێم کشاونەتەوە
لیمۆیەکی کەسک لە جێی دڵم خڕببوو
چەقۆیان تێگێڕا و ڕایانگوشی و
وەکی کیژۆڵەیەکی لووت بردراو
لێو هەڵبراو و سەر هەڵپاچراو
تێکڕا لێم ڕەوینەوە
وەکی باڵەخانەیەکی هەڵتەکێنراو و دیلێکی
چاو هەڵکۆڵڕاو و سووتێنراوی
شەڕی براکوژیم لێهاتووە
هەموو خۆم لێ بێ بەری دەکەنەوە
دڵم ببووە گوڵەباخێکی سوور سوور
پەڕپەڕیان کرد
تەمە سپییەکەی قوتکەی ئاسۆس و
ڕەنووی زنەی دەزاگرۆسێ بووم داخزیم و
بەگۆڕێ وەربووم و
لاشەم سەگی تێوە ڕووکاونەوە
خەندەکم پڕ لە ناسنامەو جووتەچاو و
پەنجەی پێشمەرگانێ کوێر بوونەوە
دڵم هەنارێکی نەگەییو بوو
بەداخەوە تێی نووسان دایانوەراند
هەموو شەڕەکانیان بەناو کردم و
بەناو هەموو شەڕەکانیان کردمەوە

هنارە: هێمایە بۆ سەرکەوتن

# پێنج مانشێت

بلند محەمەد
(دهۆک)

## گەمی

گەمی: خەونە
گەمی: کەونە
گەمی: چیرۆکەکە دناڤ پێلێن رووبارێن
من دا نقویە، یان نقو دبیت.
ئەزێ نەقۆلە، حەزکرنا وەغەرەکێ د من دا هارە.
سندیبادەکی کێلبە قیچ
خەونەکا پیچ
د هافرێ دندلێ دا پێچام
هەمی تشت
ئەز...
تۆ...
ئەم...
ل سەر پێلاو پەلا
ل بەر شەرِاو خەلا
ل کنارەکی داددین

## بالیفک

وەرگوهێزکێن مەموی
پایزا چیایی
کوترا سپی و
ئاشۆپەکا تێهنی
دارا ب خوونێ ئاڤدایی
رەمولتەیە
بەفرا دباریت و
تەحرەیە
رەنگ، ژبەرێک چووینە
دەنگ، دبن هێلێن سۆردانە
تە چ دڤێت؟
عشقەکا فاشل!
سنۆرێن شل
ژمن دوورکە
مەژیێ من بەریکەکا ڤالایە و
بالیفک دڤێت
رەڤ دڤێت
شەڤ دڤێت
رەمولتەیە
تشتێن نەمر
ئەز و تۆ نە.

## مەرحەبا

م گۆ: مەرحەبا
بازنێ کەربێ بشکێنە و داکەڤە
م گۆ: رِک و رِک ل چاڤێن من نەنێرە
وەستیای



**دامای**
**سیمایێ من، سیمایێ برنۆیێ**
**د کالکێ پێچای**
**چیرۆکەکا ژژیێ خوە درێژتر، من دگەل خوە، دگەل تە،**
**دگەل وێهە هەیە. وێ سپێدا تە چاڤێن خوە پەرخاندین،**
**هێش حەزا گوهنێلیێ ب گیانێ تەڤە نووسەک بوو.**
**بووسەک بوو. دێمێ تە پرتەقالەکا گەهشتی، ئەزێ**
**نەگەهشتی، هەمی تشت دشخرا کەڤنار را دناسێ. تۆ**
**هەست پێناکەی و تەهای ژ خوە هەیە، دەم پیر بوو، خەم**
**ستوور بوو. دووکێلەکا بێ ئاگر گیانێ من د تەنییێ**
**گەڤاست.**
**م گۆ: مەرحەبا**
**هەمی تشت د من دا ڤۆلکانە و ڤۆلکان، تەنوورەکا**
**تەمری، پێستوورک گیانێ تەخاڤ دکەت. ل بن کاژەکا ل**
**بەتەنا هە، بێهنڤەدانەکا شڕ...**
**دگەل خەمێن ستوور**
**دگەل خەونێن پیر**
**سەرێ خوە دانە و بنڤە**

**هەیبەت**
**دناڤبەرا تلا پێ و گوزەکێدا**
**بیابانە و**
**ئاڤزە ژ پانییێ پێدا**
**خیڤەتە**
**ل سەر شەکالێ**
**کەلەخێ مرار، مەینەتە**
**حیزە**
**دزە**
**هەیبەتە**

**ڕۆژنامە**
**ڕەوینەکا دوور**
**ژ هەستەکا کوور**
**ل هەمبەر خیچەکا سۆر**
**کەلەم، هۆب!**
**ڤەبوون لابۆر**
**پەیڤ فڕین و**
**لێڤ دمسمت**
**ستێر دئاخێ وەربوون**
**و ئێڤاری سۆر**
**قایش ژ مەکینێ فڕی و**
**لێڤ دمسمت.**

**داوی مانشێت**
**من**
**ئەز**
**خوە**

# تۆی شیعر

غەریب پشدەری

بۆ «شەرا»ی خاتوونە شیعر دیارییە

فەرمووتە، شیعرێکم دەوێ
هێندە گەش بێ
وەک ئەستێرەی ناو باوەشی
ساماڵی... تاریکە شەوێ
* *
شیعرێکی شۆخ، باڵا بەرز
شلک و ناسک
جاروبارە، نەرمونیان
جارجارەش سڵ
وەکو ئاسک
* *
شیعرێکی وا، چاوەکانی
خەواڵووبن، پڕ وەنەوز
خەوی عیشقێکیان تێزابێ
وەک مێرگی بەهاری سەوز
* *
لێوەکانی
وەک ڕەنگی خوێنی دڵ
ئاڵ بێ
پێستی وەکو ڕەنگی بەفر
گەردەنی پڕ خەت و
خاڵ بێ
* *
شیعرێکی ڕوون، وەک سەرچاوەی
کانیاوی عیشقی مەم و زین
داستانێ بێ، تا هەتایە
پڕ لە بڵێسەی گوڕ و تین
* *
شیعرێک تاخوا حەز کا.. جوان بێ
چەپکە گوڵێکی گەشاوەی
دیاریی دەستی شاعیران بێ
* *
ئەو شیعرە بێ
پڕاوپڕ لە جوانی کچێ
هەر چۆنێکی تەماشاکەی
لە شۆخیدا... بەخۆم بچێ



٢٠٠٤/٦/٢٧

# سەرگۆن پۆڵس.. لە گەشتەکانی دەگەڕێتەوە

ئا ــ و/ ئازاد عەبدولواحید

* سەرگۆن پۆلس شاعیرێکە خەڵکی شاری کەرکووکە، ئێستا لە شاری (سان فرانسیسکۆ)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنیشێ. لەو کاتانەی (سەرگۆن) لە بازێڕی کەرکووک دەژیا، هەمیشە و بەردەوام خەونی بە کۆچ و گەشت کردنەوە دەدی، ئەوساکە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بوون کە بەگرووپی کەرکووک ناوبانگیان ڕۆیشتبوو، لەوانەش جگە لە سەرگۆن پۆڵس: (جان دەمۆ، جەلیل قەیسی، زوهدی داوودی، موئەیەد ڕاوی، سەلاح فایەق، فازیل عەززاوی، ئەنوەر غەسسانی)بوون. هەر لەو شارەدا کە شارێکە بە کپی و لێڵی پێچراوە ناوبەناو و هەر جارەی لە ماڵی یەکێکیاندا کۆ دەبوونەوە، زۆربەی جارەکانیش لە ماڵی چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسی داهێنەر (جەلیل قەیسی) گرد دەبوونەوەو کۆڕی پیلەو موناقەشەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکرییان جۆش دەداو گەرم دەکرد. هەر لەوێشدا دەستیان بە خوێندنەوەی بەرهەمە نوێیەکانیان بۆ یەکتری دەکرد، تا پەیدەرپەی لێیان بدوێن و بکەونە باس و پیلە لە بارەیانەوە.

* ئەو دیدارو یەکتر بینینانەیان قوتابخانەیەکی ڕاستەقینەی پێگەیاندنیان بوو، هاندەرێکی گەورەش بوو بۆ فراوانکردنی بازنەی بایەخدانی هەر یەکێکیان بەسەرچاوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی جۆراوجۆرو هەمەڕەنگ، بێجگە لەوەی ئەو دانیشتنانە و کاریگەرییەکانی کەشو هەواو تەشقێکی شاعیری دەدایە نووسینەکانیان و بەرەو (جیهانی) بوون پەلکێشیانی دەکرد، لە ناوەڕاستی شەستەکانیشەوە زۆربەیان لە کەرکووکەوە بەرەو (بەغدا) چوون و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوێ کەوتنە کارکردن.

(سەرگۆن) جگە لە تایبەتمەندی و پێشکەوتنی لە بواری شیعر نووسیندا، هەر لەو کاتەشدا کە سەرەتای نووسینی بوو، چیرۆکی کورتیشی دەنووسی و بەرهەمی شاعیرە پێشڕەوەکانی ئینگلیزیشی دەکردە عەرەبی، هەرچەندە هەندێ لە هاوڕێکانی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان دوور کەوتنەوە، بەڵام (سەرگۆن) لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نەوەستا و لە چالاکی خۆی نەکەوت.

* لە پڕ (سەرگۆن پۆڵس) لەبەرچاوان ون بوو، بەڵام لە (بەیرووت) چالاکانەتر کەوتەوە بڵاوکردنەوەو نووسین لە گۆڤارەکانی (بەیرووت)دا، لە گۆڤاری (المواقف) کە ئەدۆنیسی شاعیر دەری دەکرد بەرهەمی خۆی بڵاو دەکردەوە، دواجار (بەیرووت)یش بۆ جیهانی ئەو بەرتەنگ بوو، ئەوەبوو بەرەو پیری بانگەوازی کیشوەرێکی دیکەوە ڕۆیشت، بۆیە بڕیاری دا بۆ چەند ساڵێکی دی بێدەنگ بێت، پاشان خۆی بۆ بایەخدان بە (بیابان، پشیلەکان، خوێندنەوە، وێنەکێشان) تەرخان کرد، کە ئێستا بەردەوام خەریکی وێنەکێشانە، چونکە (وێنەکێشان) بەلای ئەوەوە تا کۆتایی زمانێکی

(بێدەنگە).

ئەو پرسیارەی بە بەردەوامی دەمێنیتەوە بیکەین ئەوەیە: (سەرگۆن پۆڵس) دەیەوێ بەرەو کوێ هەڵبێ؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لەناو ئەو (دۆش دامانە) دایە کە وای لەو کۆمەڵە شاعیرو نووسەرە سەرشێتە کرد لە کەرکووکەوە بەناو ئەو جیهانە گەورەیەدا پەرت و بڵاو ببنەوەو بۆ ئازارەکانی ناوەوەیان بەدوای وەڵامی تایبەتیدا بگەڕێن، بەمەبەستی گەشتوگەڕان و گەیشتن بە ئەنجامێکی ئەوتۆ کە لەوانەیە لە کۆتاییدا قایلیان بکات.

* هەرچەندە ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە کۆشیعر و کۆچیرۆک و شانۆنامەو ڕۆمانیان بڵاوکردەوە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش بەتەواوی داهێنانی ڕاستەقانی و تواناو بەهرەی تەواوی خۆیان لە بواری خوڵقاندنی ئەدەبی و هونەریدا بەدەر نەخستووە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەموویان لەناو بارودۆخێکی دژوار و سەختدا ژیان بەسەر دەبەن و ئەو دەرفەت و هەلە گونجاوەیان بۆ نەڕەخساوە تا بەتەواوی گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن، هەندێکیان پەنایان بردە بەر گۆڤارەکانی (بەیرووت) و هەندێ لاپەڕەی ڕۆشنبیریی ئێرەو ئەوێ، تا بتوانن چەردەیەک لەبەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە.

* (سەرگۆن پۆڵس) یەکێک بوو لەوانەی بەیناوبەین بەرهەمەکانی خۆی بڵاودەکردەوە، بەڵام لە (لبنان)دا بەتایبەتی بەرهەمەکانی بوونە جێگەی سەرنج و بایەخێکی زۆریان پێدەدرا، بۆیە دەکەوتنە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەو ڕەخنە و شیکردنەوەوە، ئێستاکە وا دەردەکەوێ ئازادبوونی دەروونی و پشوودانی عەقڵ بۆ (سەرگۆن) دەستەبەر بووبێ (ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت)، ئەمەش بەهۆی دەست هەڵگرتن و بەجێهێشتنی ئەو لێشاوی وێنانەی (نا ئاگایی- لاوعی) کە دەتوانێ بەهۆیانەوە بە جوانی گوزارشت لەخۆی بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە دەسەڵاتێکی شاهانە و ڕەها دەداتە (خەیاڵ) تا چی دەوێ بیخولقێنێ. لەو شیعرانەدا (سەرگۆن پۆڵس) بەڵگەیەکی ڕاستەقینە دەداتە خۆی و ڕابردوو و هاوڕێیەکانی و بە گۆرانی و سرووودێکی نوێوە دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێی بووەو تێیدا ژیاوە کە ناکرێ بە (سرووودێکی پیرۆز) ناوزەد نەکرێ.

* لە ساڵی (١٩٨٥) پاش ساڵانێکی دوورودرێژی نامۆیی بەسەردانێک گەڕایەوە بەغدا و ئاگری سۆزو حەنین هێنایەوە، بەڵام دیاربوو دڵی بەهیچ شتێکی ئەو وڵاتە خۆش نەبوو، دەرفەتم بۆ خولقا شەوێک بەتایبەتی پێکەوە دابنیشین، کە خۆی ناوی نابوو (دانیشتنێکی



جەلال زەنگابادی، سەرگۆن پۆڵس، ئازاد عەبدولواحید (١٩٨٥ - بەغدا)

کوردانە- جلسة كردية) کە لەو دانیشتنەدا باس هەر باسی شیعر و ڕۆژانی ڕابردوو و داهێنان و پرۆژەکانی خۆی بوو، زۆریش مەبەستی بوو ئاگاداری بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردی بێ و ڕەمز و داهێنەرەکانی بناسێ، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە نووسەران و ئەدیبانی کورد بەو شێوەیە شوێن پێی بەرهەمەکانی ئەو و هاوەڵەکانیان هەڵگرتووە. پەرۆشی خوێندنەوەی نموونە جوان و چاکەکانی شیعری کوردی بوو بە زمانی عەرەبی، بەڵێنی دا کۆمەڵێ شیعری کوردی بکاتە ئینگلیزی و بڵاویان بکاتەوە، لە پاش ئەوەی من شیعرە کوردییەکانی بۆ وەربگێڕمە سەر زمانی عەرەبی.

* لێرەدا پێم چاک بوو ئەو شاعیرە داهێنەر و پێشڕەوەی خەڵکی شاری کەرکووک بە خوێنەرانی کورد زمان بناسێنم و چەند پارچە شیعرێکی وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، تا وەک دۆستێکی نزیک و خەمخۆری کورد و شیعری کوردی، وەک شاعیرێکیش کە لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا جێ پەنجەی دیارە بیناسین. ئەم شاعیرە سەرەڕای نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی تا ئێستا هەشت کۆشیعریشی بە زمانی ئینگلیزی چاپ کردووە، ئێستاش خەون بە کۆچ و گەشتێکی دیکەوە دەبینێ بۆیە نووسیویەتی: (من لە هەموو شتێک بە دوورم، ئەمریکاش بیابانێکی مرۆڤایەتییە، بیر لە هەڵاتن دەکەمەوە لێی، هەڵاتن لە ئازارە درۆزنانەکانی، هەموو شتێ دەدۆزێنم کە پێوەندیی بەوەوە نەبێت).

**ئابلووقە**

**خۆم لەو ماڵەدا بینییەوە**
**ئافرەتێ بەڕێوەی دەبرد کە بەدرێژایی هەفتە دیار نەبوو**
**لە ناو ڕووبارەکاندا سەرگەردانە، کاتێ دەگەڕێتەوە**

بە نوستوویی بەلەمەکەی بە قاچەکانی منەوە گرێ دەدا
بە بێدەنگییەکی قورسیشەوە
جەستەی چرنووکاوی کەڵبەکانی بەرەو چوارپاکەی من
رادەکێشا
لە کۆڵانەکاندا ئاژەڵگەلێک بەرەڵڵا کراون
بەم دواییانە جورئەتیان لە زیادبووندایە
شاتاوڵ بۆ نەخۆش و منداڵ دەبەن
هەواڵ و بەندوباو دەبیسترێ.. دەڵێن
برسێتییە گەورەکە.. تاعوونەکە.. قەسابخانەکە..
جگەرەیەک دەکێشم تووتنەکەی تامی خوێن دەدا،
کاتێ بەرەبەیان بە گالیسکە پڕ لە ئازووقەکانییەوە
دەگات
ئەوکاتە دراوسێکانم بەسەر لە دەرگاکان دەدەن
کە نیشانەی ملکەچی و گوێڕایەڵی تەواوە
یان ئازارێ بەرگەی نەگیرێ

هۆلاکۆ ستایشی خۆی دەکات

من هۆلاکۆم
زەریایەکم لە پەلکەگیا، ڕەوە ئەسپەکان بە بێدەنگی
دەیبڕن
سمە ئاگرینییەکان، لە شەوی شارەکان دەدا
من بیرۆکەیەکم لەناو سەری بەردا
زمانی قەدەر و ئەسپێی خوام
جەنگ پاکیزێکە لەناو ڕەشماڵێکی شڕو وڕدا
بێدەنگیش یەکێکە لە دوژمنەکانم
من هۆلاکۆم
زەریایەکم لە پەلکەگیا..
ڕەوە ئەسپەکان بە بێدەنگی دەیبڕن
شمشێرێک ڕقی لە چاوەڕوانی ناو کالانەکەیەتی
لەبن شوورەیەکدا خەون بە قەلەڕەشەوە دەبینێ
شوورە.. پەناهەندەکان لە خەونەکانیاندا
لەنێو کەلاوەکانیان دەمبینن..
دیلەکانیش پووشێکی بچکۆلە لە ئەسپەکەم
تیژ دەکەن

جەللاد

ئەی جەللاد
بۆ گوندە بچکۆلەکەت بگەڕێوە
ئەمڕۆ دەرمان کردیت وا.. ئەم وەزیفەیەشمان نەهێشت.

گەشت هەیە


دەگەمە نیشتمانەکەم، دوای پەڕینەوەی
ڕووبارێک، ئەستێرەناسەکان
بەخۆیان و ئامێرە فەلەکییە ژەنگاوییەکانیانەوە
لێی دادەبەزن و بەدوای ئەستێرەکاندا دەگەڕێن
یان ناگەمە نیشتمانەکەم
پاش ئەوەی لە ڕووبارێک پەڕیمەوە
کەسی لێ دانابەزێ
گەشت هەیە
بە لەڕ و لاوازی لێیان دەگەڕێمەوە..
.. لاواز وەک سێبەری دەرزی
ڕووبەڕوو بە بەیانیی دەگەم
وەک پێش ساتێک توونێلێکم بەجێهێشتبێ
هەڵم لە کووپی قاوە جوانەکەی ژێر دەستم
بەرز دەبێتەوە
بە تاقە درزێکی درێژکۆلەی وەک دیواری هەتیوخانەیەک
بە جووتیارێک دەگەم کە لە برسێتییەکاندا شێت بووەو
لە ئێوارەی شارە گەورەکاندا سواڵ دەکات..
ئافرەتێکیش لەبەر تیشکی قژە سپییەکەیەوە
بەناو کەلاوەکاندا دەڕوات
چاوەکانم ئازاد دەکەم و سەفەر دەکەم
لێدەگەڕێم دەروازە پەنهانەکان ببەن
بە باوکایەتییەکەوە کە لە برژانگەکانم زیاتر
بە ئامانجەکانم دەزانێ،
بە دوو دەستەوە کە بایەخێکی ڕەهای لێوە دەڕژێ
دیارییە ترسناکەکانی خۆیم پێدەبەخشێ
وەک کەسێک تەنیا یەک دڵۆپە ئاوی لە بیابانێکدا
هەڵگرتبێ..
دەست ئازووقەمە، هەر ئەو چاوساغم بوو
ڕێگای پێ نیشان دام
وەک شەمەندەفەرێک لە زیندوویی و خورپە
سەفەرێکی درێژ دەکات تا دەمبینێ
لە کۆتایی هەر ئەشکەوتێکەوە
مۆمێک بانگم دەکات تا لەسەر مێزێ دابنیشم
کە باوک و باپیرە دوورەکانم لەسەری سوێندیان خواردو
گریان و بەرۆژوو بوون
هەر هاوارێ کە لە پەنجەرەیەکی دوورەوە بەرز دەبێتەوە
لە قووڵایی خەونەکانم دامدەچڵەکێنێ و
شوێنی دەکەوم
وەک کوێرێ،
بە دەستەکانی (با) داگیر بکات، بەرەو وڵاتە دوژمنەکان
کە چاوەکانی بەرەو ئەوێ هەڵاتن و داوای باجی لێکراوە
بە نینۆکەکانم گوێ لە (با) دەگرم
دەشزانم بووکەکەم لە کوێ خۆی حەشار داوە.

# تەمەنێک لە شووشە

جەبار جەمال غەریب

(١)

نەمدەویست ئەم وانەیە تەواو بێت، لەو پەنجەرەیەی هەرگیز بۆ هەتاو دروست نەکرابوو تیشکێک دەهاتە ژوور و بەر قژی دەکەوت، دەکەوتە سەر گۆناو ڕوومەتی سەرما گەزیوی، هەموویان هەستان، مامۆستاکەش خەریک بوو هەر بە پێوە جانتاکەی بپێچێتەوە، ئەو بەخۆی و تیشکی گۆنایەوە هەستا بوو، پرسیارێکی لە مامۆستا دەکرد، قژی کەوتبۆ سەرشانی، حەزم دەکرد مێروولەیەک بام و لەسەر ئەو چاکەتە بەتۆز و ڕەشەی مامۆستاوە خۆم بە قژی هەڵواسم، بە قژی هەڵگەڕام و لەناو بۆنێکدا نقووم بووم، بۆنێکی شێداری شامپۆ نقوومی کردم، گوتم دەشێ ئەوە دوا ئێوارەم بێ، دوا ئێوارەیەک پڕ لە بۆنی غەنبەر، ویستم دابەزم و بچم کتێب و دەفتەرەکانم بێنم، ئەو بە پەنجە باریک و نووک تیژەکانی قژی بۆ سەرەوە هەڵدایەوە و من وەک ڕەشەبایەک هەڵیگرتبم و بە باخچەیەکم دادات، خۆم گرتەوە و کزە بایەکی ساردی پاییزێکی درەنگ، قوتابییەکانی ڕاودەنا و منیش فێر نەببووم بەو هەموو پێیانەوە بڕۆم، من لەناو قژیدا بووم و نەمدەدی با جلەکانی چۆن بەلەشیەوە نووساندووە، دەمویست لێی نزیک بم، بەڵام ئەوەندە نا نەیبینم، ئەوەندە نا نەمبینێ، من لەناو وێنە و پۆستەرەکاندا، ئارەزووم چوو بووە پاییز، من لەناو شیعر و خەیاڵدا حەزم لە پاییز کردبوو، من لە باڵای ئەودا حەزم لە پاییز کردبوو، ناوم نابوو گوڵی پاییز، هەڵبەت هەر لە دڵی خۆمدا لە ئاخرینی ئەو پاییزانەی خۆر وەک خوێن بەناولچکی تەڕو بڕی هەورەکاندا سەردەردێنێ. من هەنگاوێک لەودیو ژیانەوە پاییزم خۆشویستووە، دەنا پاییز غەمباری و کزی منی تەزاندووە، پاییز گەمارۆی داوم، منیش هەر بە خولقێکی ڕۆمانسیانە حەزم لە پاییز کردووە و حەزم کردووە، حەزم کردووە بەرانبەر خۆر دانیشم و خۆر لەو دیو هەورەکانەوە سوور سوور هەڵگەڕێ و منیش دەموچاوی ئەو تاکە گوڵی پاییزەم لەودا ببینم و بڵێم، گوێت لێیە چ حوزنێک لە دڵم بەرز دەبێتەوە. من ئێستا بە چاوی ئاوێتەی مێروولەیەکەوە خۆردەبینم، بێ گومان لەو دیو قژی ئاڵۆزەکاوی دەم بایەوە، خۆر نە خەمبارە و نە حوزنێکی هەڵگرتووە، من لەناو دارستانی قژیدا با هەڵم دەگرێ و خۆم بە توندی بەتاڵە ئەستوورەکانی قژیدا هەڵدەواسم و ئەوەندەم قاچ هەیە سەرم سوڕماوە کامیان بجووڵێنم، ئێستا هاوڕێکانم بەلاقە باریکەکانیانەوە، ئەو بایە ساردە دەبڕن و دەگەڕێنەوە بۆ و بەشە ناوخۆیانەی لە شاری جیاکردنەوە، ئەو ژوورەی ئێمە هەر چوار وەرزی پاییزە. کوڕەکانی هاوڕێم عاشقی خەڵەتاون و بریندار و بێ



خـوێنن، شـەو تا بەیان بەدەم چا خـواردنەوە و هەناسـە هەڵکێشـانەوە چیرۆکی دوور و درێژی عەشقـەکانیـان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە و بە یادی کچانەوە و لە باوەشی یەکتردا دەگــرین. ڕۆژانەش ئەو کــونە و کــونی زانکۆ دەکــەن وشەیەکی حیکایەتەکانی شەویان لەبیر نامێنێ. لە زانکۆ من ناناسنەوە و نە سڵاوێکم لێـدەکەن و نە تاوێک لام دادەنیشن. من لە هەمووان دوور، لە بن دار پرتەقاڵێک بە تەنیـا و پایزانە دادەنیـشم، بەلامـدا تێپـەڕی و وەک خـۆری ئەودیو تەمــەکــان زەردەیەکی هاتێ و بێ ئەوەی ئاگام لێبێت دەستم گوڵەکەی بۆ ڕاگرت و ئەویش گوتی بەو پایزە و گــوڵ، گــوڵەکــە تاکــە پەلکێکی لای من مابۆوە، خستمە ناو دەفتەری شیعرەکانم و لەو ڕۆژەوە ناوم نا گوڵە پاییزە.

کە ئێستا لە شێوەی مێرووڵەیەکدا لەناو قژیدا دەژیم، نەمـدەویست بەر پێـستی سەری بکەوم، بەڵام بۆنێکی شێدار بۆنێک وەک گوڵە پایزە ڕایکێشام و تاڵە سمێڵە درێژەکــانم بە پەنا گــوێی کــەوت و پەنجــە باریک و درێژەکانی وەک شەنە خستە ناو قژیەوە و نازانم نینۆکە درێژەکـەی لە کـوێم گیـربوو، خـەریک بوو بمکاتە هەزار پارچە، دەستی ڕاوەشاند و کەوتمە نێوهەوا، با بردمی و کەوتمە سەرسنگی کچێکی دیکە و کە بۆنی مکیاجەکەی خــەریک بوو شــەق شــەقم کــات، ئەویش هاوارێکی لێهەستا و زۆر بە توندی و لەپڕ فڕێیدام، بۆ یەکەمجار هەستم کرد دەتوانم لە هەوادا بمێنمەوە و زۆر بەهێـواشی بکەومە خـوار، ترسام چۆلەکـەیەک تیژ تێپـەڕێت و قوتم بدات، یان-با- بمبـاتە سـەر تەونی جـاڵجـاڵۆکـەیەک و بەوێوە ڕەق ببمەوە، خۆزگە ڕۆژێک لەڕۆژان مرۆڤ نەبام و ئەو هەموو بێڕەحمییەی جاڵجاڵۆکەم نەزانیبایە، بەر هەر کــوێیــەکی تەونەکــەی بکەوم بە ئاگــادێت و باوێشکێک دەدات و کـەمـتـەرخـەمـانە دێت، چونکە دەزانێ ســەد لاقی دیکەشم هەبێ ناتوانم خــۆم لە تەونەکەی ڕزگارکەم. من جارێکی دیکەش لەوپەڕی توانا و بەختــەوە کــەوتمە تەونی عــەشقــەوە و عــەشق زۆر کەمتەرخەمانە هات بۆ لام و تا گەیشت من ڕزیبووم.

سەدای دەنگی پێی قـوتابییـەکـانم، هی کوڕ و کـچە هاوپۆلەکانم دەبیست، خێرا تێدەپەڕین، بارستەی سەرما و درەختەکان و منیان لەدوای خۆیانەوە جێهێشت، بەشی خۆیان سـەرمایان دەبرد و بەشی خۆیان تەنیایی و تـەنیا من کـەسێک نەبوو بەشی خۆیم لێبـەرێ، بە تەنیـا و لە قووڵایی خۆمدا دەخنکام.

تاریکییـەکی شێـدار، تاریکیـەک میـوانداری هەوری کــردبێ شــاردمـیــەوە، تاریکیــیــەک لە باوەشی کــردم، تاریکیــەک بۆم پێکەنی و تاریکیــیــەک وەک برا بۆنی پێوەکردم، بۆنێکی شێداری شامپۆ لەگەندە مووەکانی پشــتم و تاڵە سـمـێـڵــە درێژەکــەم دەهات. ڕەگــەزی مێـرووڵەکـانی دیکە بەلامـدا تێـدەپەڕین، بێ ئەوەی بۆنم پێــــوەکـــەن دەڕۆیشتن، بەبن دیوارە تەنیــــا و دارە ڕەشپۆشەکان و کەلێنی دەرگای ژوورەکاندا ڕۆیشتم و بە ڕاڕەوەکـاندا تێپـەڕیم. من وەک مێرووڵەیەک دوژمنە بە ڕەگەزەکانی خۆم نەدەناسی، بۆیە لە هەمـوو زیرووحێک سڵم دەکردەوە، بەژێر دەرگـای پۆلەکـەمدا گەڕامـەوە و بە کورسیەکەمدا هەڵگەڕام و بەو هەموو قاچانەوە باوەشم بە پێـچکەکـەیدا دەکرد، تاسـەرکـەوم، چەند هەنگاوێک و دەکەوتمەوە خـوار، ئەو ئاسنە لووس و سـارد و ڕەقـە چ لە زەتێکی تێدایە، من لە ڕەگەزی ئەو مێـرووانەم عـاشقی تەخــتـــەو دارن، خـــۆزگـــە لە وڵاتێکدا بوومـــایە خانووەکانیـشیـان دار و تەختـەبان. لەگەڵ تاریکییـەکە ڕاهاتم و چاوێکم بە ژوورەکە گێڕا و بۆ دواوە گەڕامەوە و چوومــە کــونێکەوە بە ئاســتــەم چاوم دیاربێت، ئەوە چ پۆلێکە ئێمە دەرسی تێدا دەخوێنین، سەدان کەس بە جل و بەرگی جیــاوازەوە لەو ژوورە دێن و دەچن، بێ ئەوەی بەیەک بکەون، یان لەبەردەم یەکتـردا ڕێگربن، پیـاوێکی کورتە باڵا، کـورت کورتیـان هێنا و لەسەر ئەو مێـزەیان دانا کـە لەکـاتی وانەکـانی ئێـمـەدا مـامۆسـتـا دەیکاتە جێگای جانتا و عـەینەک و کلینکسە پڕ چڵـمـەکان. ئەو پیــاوە کــورتە باڵایە ڕیشــێکی درێژی هەبوو تا ســەر پێیەکانی. لەو تاریکیەدا ڕیشە سوورەکەیم دەدیت. ئەو پیـاوە قسـەیەکی دەکرد جووڵەی ژوورەکە ڕادەوەسـتـا و هەمـوو کـەسـەکـان دەبوونەوە بەیەک پارچە تاریکی، من تەنیــا هەر هەســتم دەکـرد قـســە بکات، لەو کــاتانەدا تاریکییـەکە ئەستوور و ئەستوور تر دەبوو. پیاوە ڕیش ســـوورەکـــەش دوورتر دەکـــەوتەوە، بەزەحــــمـــەت لەو تاریکییەدا ژن و پیاوم لێک جیادەکردەوە، بە پێچەوانەی هەمـوو تاریکیـەک، هەموو ڕەشبوونێک، جیلوەیەکی زۆر زیندوو و پڕ سیـحری عـاشقـانەم تێدا دەدیتن، هیچ بەوە ناڕەحـەت نیم کـە تەنیـا مێـرووڵەیەکم، ئەوکـاتەش کـە مـرۆبووم هەر ئاوا لە پەنایەک فـڕێدەدرام، بەلەزەتەوە بۆ یەکـتر دەدوان، سەیری چاو و لێوی یەکـتریان دەکرد وەک ژیانی تێدا هەڵمژن، لە لـەرەی دەنگی کوڕان دەکچـەکان نەدەسڵەمینەوە، پیاوە ڕیش سوورەکە کاسەیەکی شینی

بە شەپۆلی هێنا و لە لێواری مێزەکەی دانا. کاسەکە وەک تیشکێکی لەناو دابێ دەشڵەقی، هەر کەس لەوێ تێپەڕیبا، هەرکەس دەستی ژنێکی گرتبا و لێویان لە شەپۆلی هەناسەی یەکداسووتا با، بە ئاستەم لێوی پێ تەڕ دەکرد و تیشکێک لەو شوێنەی من دامنابوو چاویان بێت، بەرز دەبۆوە من پایزم لەو تیشکە قوولەی چاوی ئەواندا خۆشویستبوو، پایزم لە شیعردا دیبوو بە قژێکی وەک لاولاو و بەژنێکی زەرافەوە بە داستان و ڕێگا باریکە بێکۆتاییەکانی دڵدا دەڕۆیی، من پایزم لەگوڵە گەورە و زەردەکانی کراسە تەنک و خەزەکەیدا خۆشویستووە، ڕۆژێک، ڕۆژێکی تاقانە، ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژەکانی پایز بوو، ئەو ڕۆژە دوانزەی دوانزە بوو،..

تۆ پێویستە چیدی ئەم چیرۆکە نەخوێنیتەوە، چیرۆکی قوتابییەکە لە بێ توانایی خۆیدا دەبێتە مێرووله، من لە جیاتی تۆ بم ئەو لاپەڕانە لێدەکەمەوە و دەیانسووتێنم.

من ئەو ڕۆژە پێم وت، بە غیرەتی شێرێکەوە پێم وت!

– با باخچەی پاشا لەوبەری دەریاکان بێت، گوڵێکت بۆ دەهێنم پڕ لە خوێن.

بە لێوە تەنکەکانی وەک گاڵتەم پێبکات، وتی:

– ئەوبەری دەریاکان!

وتم:

– تەنیا گوڵێکم لە کراسەکەی خۆت بدەیە.

ئەو ڕۆژەی کۆتایی پایز هەتاوێکی زەرد، زەردتر لە چاوەکانی، لە ناو پەلکی گوڵ و دڵی مندا خۆی دەشاردەوە. ئەو تەنیا گوڵێکی دامێ و هەموو شتەکانمی برد، ئاخر ئەو شتانەش نیوەهێندەی ئەو گوڵە بەهایان نەبوو. تۆ ئەو چیرۆکە بسووتێنە، ئەو لاپەڕانە ورد ورد کە بەو مەقەستەی ئەو جارە لە.. نا بەو نا، بەو مقەستەی باوکت هەموو جارێ سمێڵەکانی پێ ڕێک دەخات و دەیخاتەوە سەر لێواری کەوەنتەرەکە، تۆ مەجبوورنی ژیانی خۆت بەو حیکایەتەوە، حیکایەتی مێروولەیەکی سەخیف خەریک کەی. منیش حەز دەکەم وەک تۆ بم، بتوانم خۆم لە کونی ئەو دیوارە بەجێهێڵم و بۆ ئەبەد خۆم نەبینمەوە.

برووسکەیەک ناو پۆلەکەی ڕووناک کردەوە و بۆ ساتێک ژوورەکە چۆڵ بوو، ئەو خەڵکە تاریکە بەیەک برووسکە دەتوێنەوە، تەنیا کاسە شینەکە لەوپەڕی ڕوونیدا درەوشایەوە، لەگەڵ ڕەوینەوەی برووسکەکە دەستێکی خانمانە کاسەکەی هەڵگرت و لێوەکانی پێتەڕکرد، من حەزم کرد بۆ ساتێک ببمەوە ئینسان و بە ئاستەم لێوەکانم بەو تیشکە شەڕابە تەڕ کەم، یان ببمە پەرە سێلکەیەک و لەناو کاو دەنووکی تێهەڵکێشم. خانمەکە لێوەکانی بەشەڕابێکی سوور سووری تیشکەوە بۆ کەسێک ڕاگرت کە لە تەنیشتییەوە وەستابوو، ئەو کەسە بە دەنگێکی ئاشنا وەک دەنگی خۆم وتی:

– چ لێوێکە، لێواری کاسی خوابتوێنێتەوە.

پیاوە ریش سوورەکە وەک ئەوەی بۆ خەڵکی مەیدانێکی بێ سنوور قسە بکات، گوتی؛

– ئەی پیاو، ئەی کوڕی سێبەر و تاریکی تۆ دەبێ لە لێوی ئافرەتێکدا بتوێیتەوە، بۆ ئەوەی نەشکێی.

من دەمدی ئەو سێبەری تاریکیە لەسەر لێوی خانمەکە وەک مۆم بە دەوری خۆیدا دەتوایەوە، لە شێوەی سەدان گوڵە ناز نازکە ئەوەندە مۆربن، ڕەش بووبن بە دەوری خانمەکەدا دەسووڕایەوە و دوا گوڵی وەک هەنگوین دەکەوتە سەر لێوەکانی خانمەکە هەناسەیەکی هەڵمژی و دەمدی گوڵێک لەسەر لێوی چەکەرە دەکات و تا ئەو شوێنەی دەبێ بژی شۆڕ دەبێتەوە. هەموو پیاوەکانی دیکە هەر کەلێویان بە کاسەکە تەڕ دەکرد و لە شێوەی گوڵی سەد ڕەنگدا لە خانمەکان دەئاڵان خانمێک لە قووڵایی تاریکیەکە، جەستەی ڕووت و ڕەشیم دەدیت، من دەمدی و بەس، بە دووچاوی ئاوێتەی مێروولەیەکەوە، کە لە کەلێنی دیواری پۆلەکەی خۆمدا شاردبۆوە.. چ ڕووتە جەستەی تاریکی، کاسەکەی بۆ لێوی برد و کەمێک لەو شەڕابی تیشکەی خواردەوە، تەنیا من دەزانم ئەو جەستەیە لە چ سەمایەکدا دەژی، ژیان لە سەمادا فێربووم، بە عەقڵی مێروولەیەکەوە لە دوا شەوەکانی پایز، ژیان لەسەمادا، مردن لە سەمادا ئەوە دەهێنێ سەد ساڵ مێروولەبی بۆ ئەوەی شەوێکی وات هەبێ. لە «ژیان لە سەمادا» هەموو جەستەت دەژی، دەستت مەلە دەکات و قاچت ڕادەکات و سنگت دەفڕێت، ژیان لە سەمادا دەتکاتە کەسێکی دیکە، بەڵام ئەو کەسە لە ڕۆژی ڕووناکدا نییە، خلوودی ئەو لە تاریکیدایە.

ئەو خانمەی لە قووڵایی تاریکیەکە بە جەستەیەکی سفت و ڕووت و درەوشاوەوە دەهاتە پێش، هەر دەهاتە پێش و لەمن دوورتر دەکەوتەوە، تەنیا ئەو دوای ئەوەی لێوە پڕەکانی تەڕ کرد قومێکیشی لەو شەڕابە تیشکە خواردەوە، شەڕابەکە پارچەیەکی لە خۆر کەوتبۆ ناو، پارچەیەک هەر هێندەی زەنگیانەیەک پارچەی ئەو خۆرە نارنجییەی هەر ئەمڕۆ ئێوارە لە دوای هەورە تەڕ تەڕەکانەوە بە جێی هێشتم، بەڵام ئەم زەنگیانەی خۆر

لەودیو کریستاڵی کاسەکە شین شین بوو، ئەو خانمەی دواتر زانیم ناوی خانمی شەو، یان جەستەی شەوە، تەنیا ئەو قوومێکی تیشک خواردەوە و پیاوە ڕیش سوورەکە دەستی گرت و هێنایە سەر مێزەکە، ئەو مێزە لە کاتی خوێندندا ماموّستا جانتاکەی و هەندێ جار ملپێچەکەشی لەوێ دادەنا، من هەر بە دوو چاوی ئاوێتەوە، بە دوو چاو و ڕووحێکی ئاوێتەی مێروولەیەکەوە دەمڕوانی، ژنێک لە جەستەی شەو، شەوی دوا ڕۆژەکانی پایز، شەوی دوانزەی دوانزە، جەستەی ژنێک ڕووناکی ڕۆژ ڕاوی نابێت، وەک خۆر بە نێو هەورەکانی ئەتک و حەیاچوون گەیشتبێ تەڕ تەڕ، ئەو مێزەی بە ئاستەم جێگای جانتایەکی لەسەر دەبۆوە، ئێستا بۆتە مەیدانێک وەک مەیدانی ئۆپێرا، یان ئەو مەیدانە سەهۆڵیانەی بۆ خلیسکێن بەکاردێن، ژنەی لە شەو ڕوونتر، ژنەی لەشە و ڕووتتر، بە ئەمانەتی ڕووحەوە سەری نەوی کرد و باڵای زەرافی شۆڕ کردەوە، شۆڕ شۆڕ، بە ئاستەم لێوی پیاوە ڕیش سوورەکەی ماچ کرد و کلێپەیەک لە تاریکی، تارماییەکانی کردنەوەیەک، تەنیا خۆی و بەس لەسەر ئەو مەیدانی سەهۆڵە دەخلیسکا، دیوارەکان سووک بوون ئیدی هەستیان بە بارێک نەدەکرد لەسەریان، تەختە ڕەشەکە وەک دەفتەرێکی تەلەفۆناتی بچووک قەد کرابوو، گلۆپەکان نەیاندەویست جارێکی دیکە ڕۆشن بنەوە، ڕوانیمە جووڵەی ڕانی و لەرینەوەی سنگی، بزەم بەو قسەیەی مرۆڤ هات کە دەڵێ «مێروولە لە سەری ڕاناوەستێ» ئارەزووم بوو بچم بە هەر کوێیەکی سنگیدا بێت هەڵگەڕێم و بەهەر کوێیەکی ڕانیدا بێت بخلیسکێم. ئیدی بەسە تۆ چیدی ئەم چیرۆکە تاریکە مەخوێنەوە، ئەو چەند لاپەڕەیە لێکەوە و دوور دووریان فڕێدە، با لە ڕۆژێکی پایزدا نەبێ، ئا ئەو لاپەڕانەی «خودی خۆمن» بسووتێنە، یا لە دوانزەی دوانزەدا نەبێ، ورد وردیان کە، وێنەکان بە مووسێک توێ توێ کە، ئەو حیکایەتە پایزیانەی بۆ نووسیوی سەد لەت کە، ژیانی مێروولەیەک چییە دوای کەوی، بۆچی تۆ دیلی عەشقە پڕ حوزنەکانی من بیت، ڕۆژێک ئەو لاپەڕانە بسووتێنە بایەکی سارد ساردی بێت و خۆڵەمێشەکەی بەرێت و هەرگیز تۆزی بەدەستتەوە نەمێنێ.

(٢)

نیازم نییە بنووم، ئەو بۆ خۆی گوتی شەو هەر دێمەوە، دێمەوە و یەک کیلۆ پاقلاوە لەگەڵ خۆم دێنم، ئەو بۆ خۆی دەیگوت لە دوانزەی دوانزەدا نەڕۆژێک زووتر و نە ڕۆژێک درەنگتر شرینیتان بۆ دێنم. ئەو بۆ خۆی گوتی لە شێوەی مێروولەیەکیشدا بێت هەر دێمەوە، تەماشای شوێن و دۆڵاب و پێڵاوە هاوینیەکانی دەکەم، دەڵێی سەد ساڵە خاوەنەکەی ونە، ئەم خانووەش کە کردوویانەتە هێلانەی ئێمە دەشێ کۆنترین خانووی دنیا بێت. دەچم تەماشایەکی کتێبەکانی دەکەم لە دەرگای دۆڵابەکەی وێنەی کچێکی لێداوە، کچەکە پشتی لێمە، لە ژوورێکی تاریکەوە بۆ ئاوابوونی خۆر دەڕوانێ، کچە تا کەمەری لە تاریکیدا غەرقە، دیارە لە ناو تاریکیەکەدا ڕووت ڕووتە. لەسەر تاقەکە کۆمەڵە کتێبێکی داناوە، تەماشایان دەکەم و دەفتەری شیعرەکانی کە هی بیرەوەریەکانیشیەتی بە دەستەوە دەگرم، دەیکەمەوە، ڕێک لەو لاپەڕەوە دەکرێتەوە کە گوڵێکی پایزی زەردی تێدایە، گوڵەکە وشک بۆتەوە و بەکاغەزەکەوە نووساوە، بەڵام هەر بەڕەونەقە، لەژێر گوڵەکە بەقەڵەمێکی مۆر نووسیویەتی «من دیلی تۆم» زۆر زووتر لێم پرسیبوو، ناکرێ بە ئازادی خۆشت بووێ؟ وەک پیاوێکی بە حیکمەت، بەڵام غەمبار زەردەی هاتێ و گوتی «هەرگیز عاشق بووی؟» گوتم؛ زۆر. زەردەخەنەکەی ڕەویەوە و شەرمێک دایگرت، ئەوجار منداڵانە گوتی «دەستەبرای شەیتانی» من بێباکانە گوتم «من کەنا، ئەوان. کچەکان شەیتان بوون.»

دواتر شیعرێکی بڵاوکردەوە، نووسیبووی، «بە هەورم سپاردی، دامیە کۆترەکانی بەر پەنجەرەکەم بت بەن بۆ ئەوبەری ئاوەکان تۆ لە ئاگری ون لە باران.. تۆ ڕۆیشتی مشتێک بێڕەنگیت بۆ جێهێشتم» گوتم؛ چ سەمەرەیەکی هەیە خۆت ئازادکە. گوتی؛ لە چ مەملەکەتێکدا بەندەکان دەتوانن خۆیان ئازاد بکەن؟ ڕۆژنامەکەی خستە بن لێواری دۆشەکەکەی و گوتی «دەشێ لە ئازادیدا ببیە خاوەنی ژن، عەشق؟. نا.» هەر لەسەر ڕۆژنامەکە و بە قەڵەمێکی جافی شین نووسیبووی «نەحلەت لەو خۆشەویستییەی ئازادی تێدا بێت» لە لاپەڕەیەکی ناوەندی دەفتەرەکەی هەندێ شتی دیکەی نووسیبوو، بە گەورەیی نووسیبووی «لەو تەیرانەی پێیان دەڵێن دارکونکەرە زیاتر، لە دڵۆپە ئاوەکانی ئەزەل زیاتر، خەریک بووم هێلانەیەک لەڕووکاری دنیا و پیتێک لەناوی خۆم لەسەر دڵت هەڵکەنم.»

لە پەنجەرەکەی تەنیشت جێگاکەیەوە ڕوانیمە حەوشە

بچووک و تاریکەکە، درەختە پڕ قەڵشو خوار و گەڵا ئەستوورەکان بێ ئەوەی گوێ بۆ و بایە بگرن گەڵاکانی دەبردن و لقەکانی دەپچڕاندن لە خەودا بوون، بەژێر تاریکی درەختەکاندا دیتم هێواش دەرگاکەی کردەوە، هەڵبەت تەنیا لاقەکانی دیار بوون، پێڵاوە تازەکانی و پانتۆڵە ڕشەکەیم دیت، وەک ئەوەی نەمدیبێ، کشامەوە و لەسەر کورسیەکە دانیشتم، دەفتەری شیعرەکانیم هەر بەدەستەوە بوو، کردمەوە و چاوەڕێ بووم. دەمزانی ئێستا بەلافاوێک شەوق و خۆشەویستیەوە دێتە ژوورێ، پێکەنینێک دەکات و دەڵێ؛ ئەوە لێرەی، لەخۆشیان لە باوەشم دەکات و دەمکوشێ، من توندتر، سەر بە شانی دەکەم و سەردەکەمە شوێنی ڕوومەتی کچەکەی هاوڕێی، دەزانم هەست بە تەڕایی فرمێسکە شاد و خەمبار و پر حەسرەتەکانی دەکەم، چەند تەڵەقژێکی درێژ بە چاکەتەکەیەوە دەبینم، ئەو دوو جار بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و دەڵێ؛ گوتم نە ڕۆژێک درەنگتر و نە ڕۆژێک زووتر، گوتم؛ با لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا بمبینێ، نازانم بۆ نەگەیشت، لاپەڕەیەکم کردەوە، ناوەندی شیعرێک بوو... «من گەیشتوومەتە خلوود..، من لە دار هەنارێکەوە، من لە گریانی با بەسەر باراندا و لە پیریەتی دەرگاکانی گەنجی و وەڕسی کچە هەژدە ساڵەکانەوە فێری خلوود بووم، شار لە فەوزادا و دانیشتوانی لە تەنیاییدا مردن... مردن بە دەستێک لە میهر لە دەرگای دا، مردن بە غەمزەی عاشقێکەوە لەودیو پەنجەرەکەم وەستاوە، تەنیا مردن وەک خۆی ماوە، لەسەر ڕێگا دوور و درێژەکان و لە نەخۆشخانەکان و لەناو تەئەموولە پڕ حیکمەتەکان تەنیا مردن بە فریامان دێت، بێ ئەوەی دواکەوێ، بەبێ سەرپۆش و بەبێ قاتی گران بەهاو بەبێ پاسەوان و هاوڕێیانە لە کاتی خۆیدا، زووتریش بە پێخواسی دەگاتە لامان... من لە مردنەوە فێری خلوود بووم، تاریکی هاتەوە ناو ڕەنگەکان، تاریکیشم لە شیندا ناسی و تاریکیم لە سووردا ناسی، لە مۆردا دیتم و لەناو سپیدا ڕەنگی دایەوە.. هەموو ڕەنگەکان بوونە تاریکی و من لەتاریکیەوە فێری خلوود بووم..»

* * *

لەڕاڕەوەکە هەستم بە بوونی کرد و خۆم بێ ئاگا و ئاسایی کردەوە، پێمدەگوت، تاریکی تێکەڵ منیش بووە، پێمدەگوت چ تاریکە تەنیایی، بۆ خۆی پێی گوتم؛ چاوەڕێم بە هەر دێمەوە، ڕوانیمەوە نوێنەکانی، تەماشای وێنەکەی سەر دەرگای دۆلابەکەم کردەوە، کچە لەو دیو تاریکیەکە ڕووت ڕووت بوو، تاریکیەک لە شووشە ڕوونتر، لەسەر لێواری پەنجەرەکە دوو کوکوختی بۆ ئەبەد چوو بوونە ناو یەک، سەریان لە بن باڵی یەکتر نابوو، چ بایەک ئەو دارە بە تەمەنانەی ڕادەوەشاند، بەچ هێزێکەوە زللەی لەوایەرەکانی کارەبا و دیوارە بێ ڕووحەکان دەدا، کە هاتەوە پێی دەڵێم «من لە کوکوختیەوە فێری خلوود بووم».

دەفتەری شیعرەکانیم هەر بەدەستەوە بوو، دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرێ، چوومە ژوورەکەی تەنیشتمان، ناندینەکە، چوومە گەرماوەکە. ژوورەکەی بەرانبەرمان، بەهێواشی زۆر بەهێواشی گەڕامەوە، وامدەزانی لەو ژوورانەوە سەدان کەس دوام دەکەون، بۆ واچۆڵ بوون، ئەو قوتابیانە چیان لێهات، لەسەر پەنجەکانی پێم دەڕۆیشتم، وامدەزانی سوپایەک لەدەموچاوی نەناسراو و نەبینراو ئێستا لە ژوورەکانەوە دێنە دەرێ، دێنە دەرێ و من بە تەنیا دەفتەری شیعرەکانیم پێیە، ئەو گوتی دێمەوە، من دیتم، پێڵاوەکانی و پانتۆڵە ڕەشەکەیم دیت، خۆ مێروولە نییە، دەبوو هەر گەیشتمەوە ژوورەکەی خۆمان و توند دەرگام داخست، دەفتەری شیعرەکانیم هەڵدایەوە سەر نوێنەکانی و هەوڵم دا هێمن بم، دیوارەکان نزمتر و پەنجەرەکە بچووکتر دیاربوو، نازانم بۆ لەو شارە گەورە ئەو خانووە کۆن و پڕ ترسەیان داوە بە ئێمە. دەفتەری شیعرەکان زۆر کۆنتر دیاربوو وامزانی مێروولە لەسەری دێن و دەچن، هەستم کرد هەموو شوێنەکان مێروولەی تێدایە، شڵەژام و بە پەلە لە دەفتەرەکە نزیک بوومەوە، زوو زانیم چاوم ڕەشکەو پێشکە دەکات، گەڕامەوە شوێنی خۆم، هەر دەڵێی ئێستا دەنگی دەبیستم! گوتی؛ دێمەوە، تۆزێک ئارام بوومەوە و زانیم لەپشت سەرم وەستاوە، هەستم کرد، گاڵتەم پێدەکات، هەستم کرد بە ئاستەم پێدەکەنێ و کەمێک بۆ لای من خۆی خوار کردۆتەوە و هەستم کرد بۆنی عەترەکەی ئەمڕۆ بەیانی لێدێت، هەستم کرد چاکەتەکەی بەرشانم دەکەوێت، لەناکاو هەستا و سنگیم ڕاوەشاند و گوتم؛

– دەتەوێ شێتم کەی؟

زانیم زۆر لاواز بووە و ئێسکی پشتی بەدەستمەوە قرچەی هات و دەموچاوی لەناو تۆزی جلەکانی ون ببوو، وەک کۆمەڵێک جلی کۆن لە دەستم کەوتە خوارێ و گرمۆڵە بوو، بەرەو دەرگاکە چووم، چۆنم کلیل دابوو،

هەروابوو.

(٣)

بە دوو چاوی ئاوێتەوە دەمڕوانی، دەمڕوانییە ژنێک لەسەر مێزێک نا، لەو سەری دنیاوە دەخلیسکا و دەهات، دەهات و دەیگوت؛

– پاییز ئەی قاتلی گوڵەکان، پاییز ئەی شمشێری ئەجەل، بە چ ئابڕووییەکەوە بوویتە ڕەمزی عاشقان، بە چ ڕوویەکەوە سڵاوت لە باخچە کرد.

وەک جەستەی شەو دەهات، گەیشتبوومە نزیک کاسەکە، دەمتوانی پێی هەڵگەڕێم و لێوم تەڕ کەم، لێوم بۆ ئەبەد تەڕ بێت. پیاوە باڵا بەرزەکان بێدەنگ بە تەنیشت یەکەوە وەستابوون، ژنەکان سەریان بە شانیان کردبوون، هیچیان نەدەجوولان و لە سەمای شەودا دەژیان.

من سەد هێندەی مێروولەیەک هێواشتر، بەکاسەکەدا هەڵدەگەڕام، لەو دیو شووشەکەوە نمایشەکانی دنیای تاریکم دەدیت، ئەوان وەک مێروولەیەک منیان قبووڵ کردبوو، مێروولەیەک نە ئومێدێکی هەیە و نە عەشقێک، مێروولەیەک بە لەشیاندا هەڵناگەڕێت و ختووکەیان نادات.. بەسەدان گوڵیان بە هەموو ڕەنگەکانی شەو لەبەر پێی دانابوو، خۆم شۆڕ کردەوە ناو کاسەکە، وەک سەدان دەریا کەوتبێتە سەریەک، وەک خۆر لە بنی بنەوە زیندانی کرابێ، بە ئاستەم دەمم لێی دا، بە ئاستەمم لێ خواردەوە، سمێڵە درێژەکانم کەوتە ناو شەرابێک بە ڕەنگی شەو، شەوێک لە ناخیدا خۆر سەد لەت بووبێ، پیاوە ڕیش سوورەکە دەستی بۆ لای ژنە درێژکرد کە لەسەر نووکی پەنجەکانی سەمای دەکرد، لەگەڵ دەستگرتنی، ڕیشەکەی هەڵوەری و بە باڵایەکی پتەو و باریکەوە ناو قەدی ژنەی گرت، ژنە بە پشتدا چەمایەوە و پرچی لەسەر تەختانی مێزەکە سەد خولی خوارد، پیاوەکان وەک مەلە بکەن خۆیان لە قژی هەڵدەکێشا، وەک ئاو بێت بەناویدا تێدەپەڕین، ئەو لەوپەڕی مەستیدا، کە ناویان نابوو شەوە گەرمەکانی مەستی، مەستی جەستەی شەو، دەیگوت؛

– بەسەر شەپۆلێک کە ناوی تەمەنە، بەسەر شەپۆلێک کە ناوی خەونە، بەسەر شەپۆلێک کە جارێک خەونە و جارێک تەمەن، کە لە خۆری دوا ئێوارەکانی پاییز، سوورتر و نارنجیتر و خەواڵووتر و تیژتێپەڕترە، لەو شەپۆلەدا لەنێوان من و تۆدا ئاو هەیە ئەی پیاو، لەوشەپۆلەدا لەنێوان من و تۆدا خوا هەیە ئەی پیاو، لەوشەپۆلەدا لەنێوان من و تۆدا ئاگر هەیە ئەی پیاو، لەو شەپۆلەدا لەنێوان من و تۆدا عەشق هەیە ئەی پیاو، تۆ بە گوڵی عەشقەوە، تۆ بە گوڵی موحیببەتی قووڵەوە خەنجەر هەڵکێشە، خەنجەرێک لە ئاسن و لە ئەڵماس، منیش بە کۆڵێ عەشق و موحیببەتی ژنانەوە، پڕ بەرائەت و متمانە دڵم لەشێوەی سێوێکدا هەر ئەمڕۆ سوور سوور لەخۆری تەڕی پاییز سوورتر هەڵگەڕابێ، دەخەمە سەر مەمکەکانم و دەخەمە سەر دەستم و دەخەمە سەر تەوقی سەرم... ئەو ژنەی جەستەی لە شەو بوو، گۆرانی دەگوت، ئەو پیاوە لەشی بە بریقەی دەستی لە کەمەری وەرێنا بوو، دەیگوت:

– لەو تەمەنەدا ئەو شەپۆلە خەون نییە، شەو لە دنیادا ئەبەدییە، لەو شەوەدا، لەنێوان من و تۆدا ئەی ژن پەلکی گوڵێک هەیە لەسەری بخەوین، لەنێوان من و تۆدا تاڵە قژێک هەیە بیکەینە جۆلانە ئەی ژن، لەنێوان من و تۆدا کانییەک هەیە، باخچەیەک هەیە، لەنێوان من و تۆدا هەنگێک هەیە لەسەر باڵەکانی بفڕین.

* * *

تاکە شتێک کە دڵخۆشی کردووم ئەوەیە، کەس ئومێدی بەو حیکایەتە نەماوە و کەسێک نییە لەدوای منەوە بیخوێنێتەوە، لاپەڕەکانی سووتاون و ئەوەی دەشی نووسم چەند وشەیەکە کە جارێ ڕووی نەداوە وەختێک لە نمایشێکدا ژنەی جەستەی شەو قاچی ڕاستی بڵند بڵند کردبوو، وەک ستوونی ئاڵا بڵند، پیاوەکان بە گەمەی پەنجە گەورەی پێیەوە بەسترابوونەوە، ئەی خوایە چ مەزنە تاریکی وەختێک دنیا لەسەر پەنجە گەورەی پێی ژنێک وەستابێ، ئەویش لەسەر لاپاڵ کەوتبوو، من بەو مێروولەییەی خۆمەوە لە نەشئەیەکدا بووم، نەشئەیەک بەرد تێیدا چاوبکاتەوە، لەسەمایەکدا بووم، سەمای دوای شەڕابی کاسەکە، بۆ چاوترووکانێک ژنە سووڕا و من کەوتمە ژێر نەرمایی کەلەکەی، هەناسە بڕ بووم، هەناسەم لە پێستیدا کوژایەوە، بینیم بە جەستەیەوە نووسا، پانبوومەوە و بوومە نەخشێک لەسەر پێستی وەک نەخشی ئەو مێروولانەی کچە پڕ و تووتەکانی هیندستان لەسەر ڕان و بەر زگی خۆیان و باسکیانی دەکوتن، من دڵشاد بووم بەوەی بۆ ئەبەد ببمە نەخشی مێروولەیەک لەسەر جەستەی ڕووتی ژنی شەو، لەگەڵ دەنگی فیلقانەوەم بۆ یەکەمجار ڕاچەنی و لەرزی، هەموو

منیان دیت بەسەر سمتیەوە خۆم مەلاسدابوو، دەنگێک وەک لە بنی پێیانەوە بێت، ژوورەکەی داگیرکرد و پۆلەکە بە یەکدادراو تاریکیەکان تێکەڵ بوونەوە و سەقفی ژوورەکە کەوتەوە سەر دیوارەکان و دنیا بە هەنگاوە قورسەکانیەوە کەوتەوە گەڕ، بەخۆی و پێڵاوە ئەستوورەکانی، ئەو پێڵاوانەی کونە قەیتانەکانی تا قیامەت درێژبوونەوە، مرۆ دەکرێ تا دنیا دنیایە قەیتانی ئەو پێڵاوانە لە کونەکانی هەڵکێشێ. ژنەی سەماکەر، ئەو ژنە تەنیا جەستەی شەو بوو، هەستا پێ و من لە وێنەی مێرووڵەیەکدا لەسەر بەرزایی سمتی نەخشا بووم، وەک وێنەیەک لە چوار چێوەی خۆی فرێداتە دەرێ، لە خۆی داماڵیم و هەڵیدامە خوارێ، سەرەتا بەر مێزەکە و دواتر کەوتمە سەر زەویەکە و بارستەی تاریکیەکە، پیاوە بۆشناغ و ژن و کچە هەنگوینیەکان لە جەستەی شەودا کۆچیان کردبوو، رووناکیەک هاتبۆ ناو ژوورەکە و پۆلەکەی کردبۆوە زیندان.

* * *

چوومەوە سەر کورسیەکەی خۆم هێشتا قەڵەمە جافە ستیلەکەم لە دوو توێی دەفتەرەکەمدا بوو، کتێبەکانم کۆکردەوە، لەوکاتەی هەموو قوتابییەکان دەهاتنەوە ژوورێ، من دەرۆیشتمە دەر، کەس نەیگوت مەرۆ، کەس نەیگوت وەرە دانیشە ئێستا وانەکە دەست پێدەکات، کەس نەیدیتم، هیچ شتێ تێکەڵی نەکردمەوە نە وانەکانم و نە ئەو گوڵە زەردەی بۆی لە کراسەکەی کردمەوە.

هەرچەندە شێوە مێرووڵەییەکەم نەمابوو، بەڵام هەمیشە هەستم دەکرد من مێرووڵەم و لەهەر چرکەیەکدا پێم لێبنێن دەفلیقێمەوە، بە دوو چاوی ئاوێتەوە کە لە کوللەم دزیبوو بە پەنا دیوار و ڕێگا لاچەپەکەکاندا دەڕۆیشتم، لە ڕاستی ئەو خانووە گەورە و بڵندانە، ئەو مرۆڤە بە هەیکەلانە، ئەو سەیارە درێژانە زۆر بچووک بووم، دەمزانی هەزار جار هاوار کەم، کەس گوێم لێناگرێ، یان دەنگم ناگاتە کەس، ئیدی ناتوانم بە یادی هیچ کچێکەوە بەرانبەر خۆر ئاوابوون بووەستم و پێی بڵێم «دڵی من پڕ خوێنترە یان هی تۆ» ئیدی ناتوانم وێنەی هیچ کچێک لە هەورەکان بنەخشێنم و لەگەڵ من زەردەی بێتێ، ئەو لەزەتەم لە دەست چوو بە بەربارانددا بڕۆم و بڵێم ئێستا ئەو لەودیو پەنجەرە هەڵم گرتووەکەیەوە بیر لەمن دەکاتەوە و دەمبینێ و ئاوات بۆ ئەوە دەخوازێ هەر بەو تەڕیەوە لە ژوورە گەرمەکەی خۆیدا لە باوەشم کا، ئیدی لەزەتی ئەوە ڕۆیشت بڵێم لەناو ماڵێک لە شووشەدا دوور لە چاوی شەیتان هێندە هەناسە بەسەریەکدا کەین تا شووشەکانی بە هەناسەمان دادەپۆشرێ و بارانێکی خەست خەست ناهێڵێ تەیریش لێمان نزیک بێتەوە.

ڕاستە شێوە مێرووڵەییەکەم نەماوە و هێندەی هەموو دنیاش حەزم دەکرد هەر لە شێوەی مێرووڵەیەکدا بۆ هەتایە لەسەر سمتی ئەو ژنەی تەنیا جەستەی شەو بوو، بخەوتبام. تازە بۆم نییە دڵم بەوە خۆش بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەدوا ڕۆژەکانی پایز، لەدوانزەی دوانزەدا گوڵێکی گەورەی زەرد زەردی کراسە خزەکەی خۆت داومێ. هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە هەر لەو ڕۆژەدا وەک مێرووڵەیەک بە هەستی خودی عەشقەوە بەسەر پانتایی نینۆکە گەورەی پێتدا گەڕاوم و بە شووشەیی پێتدا گەڕام و بەنێوان پەنجەکانی هەردوو دەستتدا گەڕام و نەرمایی گوێت گەڕام، گەڕام و گەڕام ئاخر گوێت نەگەڕام. نا بیر لەوەشناکەمەوە وەک مێرووڵەیەک لە بن سمتی ڕاستت فلیقامەوە نا هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە کە هەر بەوێوە بوومە نەخشێک لەوانەی کوڕ و کچانی ئەمریکای لاتین لەسەر ڕانیان و بەزگیان و پشتیان دەیکوتن. نا هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە دواتر بوومە خاڵێک خاڵێکی ڕەش هەر بەو شوێنەوە، هێندە ڕەش لە سەر جەستەی تاریکیت ون نەدەبوو.

ڕاستە شێوە مێرووڵەییەکەم نەماوە و ئێستا وەک هەرکەس دوو لاق و دوو دەست و کەللەسەرێک و کیسێکم هەیە بۆ هەناسەدان، بەڵام هەروەک مێرووڵەیەک خۆم پەنا دەدەم و هەست دەکەم لە هەموو ساڵێکدا دەشێ بفلیقێمەوە. نازانم بەو هەموو حەزمەوە لە مردن، بۆ خۆم پەنا دەدەم. کتێبەکانم بە دەستەوەیە و قەڵەم جافە ستیلەکەم توند گرتووە و لە شەقامەکە دەپەڕمەوە و لەوپەڕی ترسدا سواری پاس دەبم، لە تەنیشت ژنێکی پیر دادەنیشم، دەماری پەنجەکانی دەستی وەک چیلکە و قامیش و قەسەڵی دوای دروێنە لەوێ کەوتوون. دەم و چاوی چۆتەوە ناویەک و گوپی تا بنی دنیا قووڵە، کەس داوای پارە لەمن ناکات و لە شوێنی خۆم نزیک دەبمەوە و ژنە پیرەکە لە پێش من هەڵدەستێ و من ناجووڵێم و ئەو هەست بە بوونم ناکات و دەڕوات، من بەدوایدا دادەبەزم، بەلای دوکانەکاندا تێدەپەڕێ و لەبەر دەرگای بەشە ناوخۆییەکەی ئێمە تۆزێک دەسڵەمێتەوە و دواتر بە پەلە وەک کچێکی بیست ساڵە خێرا دەچێتە ژوورێ، ورد

دەمەوە و دڵنیا دەبم ئەو ماڵەیە کردوویانەتە شوێنی ئێمە. هەنگاو دەنێمە ئەودیو، بایەک کە لە دەرەوە ئەسەری نەبوو، زۆر بە توندی دەرگاکەی لە پشتمەوە پێکدادا و دارە پیرەکانی باخچەکە، لە ناخی خەیاڵێکی قووڵ، لە ڕەگەکانیان قووڵتر ڕۆچووبوون، دوو کوکوختیەکەی سەر لێواری پەنجەرە تەختەکە چووبوونە ناویەک و وەک بەرد بە سەنگی یەکەوە لکابوون، من دڵم بە کوکوختیەک خۆش نییە با پەڕەکانی هەڵنەداتەوە، دەرگاکە وەک ئازیزێک بۆم پێکەنی و دەسکە ساردەکەیم گرت، تەنیا لە کردنەوەی ئەو دەرگایەدا هەست بە غەریبی ناکەم. چوومە ڕاڕەوەکە و کەس نەیدیتم و دەرگای ژوورەکەی خۆم داخرابوو، بە عەقڵی مێرووولەیەکەوە چوومە ژوورێ و هاوڕێکەم لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، دەفتەری شیعرەکانم لەوێ کەوتبوو، کەوتمە سەر ئەژنۆ و ئەو شیعرە کرابۆوە کە چەند ڕۆژ پێشتر نووسیبووم، «لە ئاودا یەکترمان ناسی» ئانیشکم دادا تا شیعرەکە بخوێنمەوە، بەدەنگەوە دەستم پێکرد تا ئەو کاتە هاوڕێکەم هەستی بەهاتنەوەم نەکردبوو، زیاتر دەنگم بلند کرد و شیعرەکەم کردە گۆرانی، ئەو دانیشتنەکەی خۆی تێکنەدا و لەبەر خۆیەوە دەیگوت؛ بۆ خۆی گوتی هەر دێمەوە.

سەرەتا ویستم بانگی کەم و دواتر زۆر بە هێواشی چوومە تەنیشتی و لە پڕ هەستا و منی نەدیو پڕی دایە جلەکانم فڕێی دامە سەر عەرزەکە، هەستم کرد لەناو جلەکانم، ئێسکەکانم تێکدەشکێن. بانگم دەکرد و هاوارم دەکرد، ئەو وەک با بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، هەموو جارێ بەرمن دەکەوت و فڕێیدەدام و بەدیوار و مێز و دۆلابەکەی دادەدام. من دەگریام و دەمگوت؛ هاوڕێ ئەوەتام، لەبەردەمت، منی پایزی نابینی، ئەو پیاوەی لە شیعردا پایزی خۆشویست و لە ڤانکوخدا شێتی زەرد و پایز بوو، دەگریام و دەمگوت؛ بۆ نامبینی، ئەو کوڕەکەی بە بۆنی گوڵی زەردی کراسێکەوە دەژیا.

ئەو شێتانە گیرفانەکانی دەگەڕا و دەیگوت «کوا کلیلەکانی دەرگاکە؟»

یەکێک لە دەرگای دا و من دەمزانی پیرێژنەکەیە، چووم بە هێمنی لەسەر جێگاکەم دانیشتم، ئەو وەک دێوێک پڕی دایە دەرگاکە و کێلۆنەکەی بە دەستەوە دەرهات و دەرگاکە کەوتە سەر پشت و ئەو کەسەی لەودیو دەرگا بوو کەوتە بن پێی و منیش وتم؛

- هاوڕێ بۆ کوێ خۆر دەمێکە ئاوابووە.

(٤)


جلەکانی بۆنی ئەو پێستە کۆنانەی لێدەهات کە کتێبە پیرۆزەکانیان لەسەر نووسیوەتەوە، بۆنێک دنیایەک بخنکێنێ، گوتم، خوایە، ئەی بۆنی ئەو هەموو عەترو نێرگز و بۆنی بن باڵە چی لێهات، ئەی بۆنی پاشنەکەی هەزار جار لە سەری نووسرابوو «بۆ ئەبەد»، دەستکی دەرگاکە بە دەستمەوە هات و زۆر بە خێرایی هاتمە دەر، هەستم کرد سەدان کەس بە دوامدا هاوار دەکەن، وەک بە دیوارێکدا تێپەڕیبم، هەستم کرد دەیان کەس بەرەو دەرگای حەوشە غار دەدەن، هەستم کرد هەنگاویان درێژ و پڕ تاوە، بای ناو باخچە بچووکەکە لەو پەڕی توندیدا بوو، وەک پیرێژنێک، سەد پیرێژن هاوار کەن و پرچی خۆیان برننەوە، پرچی سپی سپی، نەمویرا سەیری باخچەکە کەم، نەمویرا بڕوانمە هێلانەی کوکوختیەکان، دەرگای حەوشەم کردەوە و چوومە دەر و زۆر بە توندی پێوەدرایەوە، بە ئارامییەکی لە ڕادەبەدەرەوە کەوتمە سەرجادە، یەکەم نیگام کەوتە سەر قەڵەم جافە ستیلە کورتەکەی، هەر لەوێ لەبەر دەرگای دەرەوە کەوتبوو، بزەیەکم هاتێ و گوتم؛ ها، ئەوە هاتۆتەوە، چۆن یەکترمان نەبینیوە.

بەڵام من جارێکی دیکە ناتوانم ئەو دەرگایە بکەمەوە، ئەو دەرگایە لەوپەڕی هێمنیدا، باخچە و ماڵێکی لەسەر بەرەدەستی-با- پاراستووە. ماڵێک لەو ڕۆژەوەی من لێی هاتوومەدەر کەس جورئەتی نەکردووە دەرگاکەی بکاتەوە.

**٢٠٠٤/١٢/٢٥ - ٢٠٠٥/١/٥، هەولێر**

# سی و سێ دەرگا و ژوورە کریستاڵییەکەی سوڵتان

یووسف عزەددین
(ئوستورالیا)



یەکێک بووم لەوانەی کە دەبوو لە کۆبوونەوە بە پەلەکەی سوڵتاندا ئامادەبم. دیارە پێشتر و چەند جارێک بۆ کۆبوونەوەی لەم چەشنە بانگ کرابووین، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا خزمەتکار و دەست و پێوەندەکانی سوڵتانم بەشپرزەیی نەبینیبوو.. سەربازێکی زۆر، چوار دەوری کۆشکەکەیان تەنیبوو.

هەر هەموومان بەڕاوێژکار و وەزیر و دەست و پێوەند و سەرکردە سەربازییەکانی نێو کۆشکەوە لە هۆڵێکی تازە دروست کراو و نوێدا ئامادەبووین.

بێ چرپەو خوست دەمانڕوانییە یەکدی و جارجارەش بەتیلەی چاو دەمانڕوانییە سەروسیمای سوڵتان.

پاش ئاماژەیەکی سوڵتان.. هەر هەموومان چوار مشقی لەسەر عەردەکە دانیشتین و پاشان سوڵتان لەسەر عەرشەکەی هەڵسا و تۆپزەکەی دەستی بەرزکردەوە و گوتی:

«تاوانبار زۆر باش خۆی دەناسێت و پێویستە بە زووترین کات ددان بە تاوانەکەیدا بنێت»

کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد کە بڵێت:

«قوربان چیمان کردووە.. یان کێ چی کردووە»

هەر بۆیە سوڵتان درێژەی دایە و گوتی:

«ڕەنگە بپرسن و بڵێن چی بووە.. هەمووتان دەزانن تەنها ژوورێکی یاساغ و قەدەغە لەم کۆشکەدا ژوورە کریستاڵییەکەی منە.. هەر کەسێک چووبێتە ژوورێ؛ گەر مەبەستیشی دزی و زیان گەیاندنیش نەبووبێت بەشتومەکی بەهادار و بێ وێنە و ئەفسوون ئامێزی...

دەرئەنجام بۆتە خۆراکی سەگە ڕەشەکانم».

پاش تاوێک هەڵوێستە کردن و بێدەنگی درێژەی دایە و گوتی:

«بۆ ماوەی ساڵێکە بێ دەنگم و بەمەبەستی دۆزینەوەی تاوانبار.. دادوەر و خەفییەکانم ڕاسپارد»

هەروەک ئەوەی کە ئەجەلم هاتبێت.. گوتم:

«ڕەنگە بەڕێزتان لەیاددتان چووبێتەوە کە ژوورە کریستاڵییەکەتان زیاد لە سی و سێ دەرگای جۆرا و جۆری هەیە!!؟»

هەر بۆ ئەوەی ڕەوتی قسەکان بگۆڕم، گاڵتە ئامێزانە درێژەم دایە و گوتم:

«سەگە ڕەشەکانی جەنابتان»

بەپەلە ڕوانیمە دەور و پشتی خۆم و هەر وەک ئەوەی کە هیچم نەگوتبێت

هەر هەموویان دەیانڕوانییە شوێنێکی دیکە و گوێیان لە کەسێکی تر دەگرت.

پاش تاوێک دادوەر ڕووی تێکردم و گوتی:

«دەتوانیت بەرگری لەخۆت بکەیت»

دەمم هەڵهێناو گوتم:

«بێ خەبەرم لەوەی کە باسی دەکەن.. خۆم بە وەفادارێکی ڕاستەقینەی سوڵتان دەزانم.. ونبوونی باوکیشم.. نازانم؟! دازانن من لە جێگەی باوکم دانرام و بوومە ڕاوێژکاری سوڵتان و.......»

دادوەر ڕووی کردە ئامادەبووان و لەسەرەخۆ درێژەی دایە:

«ئاشکرایە کە ژوورە کریستاڵییەکەی سوڵتان.. پڕە لەشتی بەنرخ و بێ وێنە؛ کە لە دنیادا هاوتای نییە.. بەتایبەتیش ئەو شەترەنجەی بەردەوام و بەپێی ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ، یان بەپێی حاڵەتی دەروونی ئەو کەسەی کە دەیبزوێنێت، دەگۆڕێت..

بە نرخترین و بەهادارترین شتیش.. بێگومان پەیکەرە کریستاڵییەکەی سوڵتانە و.. کە دەقاودەق خۆیەتی و جیاوازییەکەشی تەنها ئەوەندەیە کە زاری لێک ناترازێنێت و نادوێت....

بەڕێزان ئەوەی بتوانێت بەبێ پرسی سوڵتان بچێتە ژوور و دەستکاری پەیکەرە کریستاڵییەکەی سوڵتان بکات و لە تاقەکەی بهێنێتە خوارێ و جێ گۆڕکێ بەشوێن و ئاراستەی بکات... دەبێت...!!؟»

بەشپرزەییەوە ڕووم کردە سوڵتان و پاشان دادوەر:

– «بەڵام من شتی لەو بابەتەم نەکردووەو ناشیکەم.. سوڵتان لای من کەسێکی موقەددەس و بێ هاوتایە...»

پاش هەڵوێستەیەک دادوەر لەژێر لێوەوە کەوتە بڵمە بڵم:

– «بەڵام کلیلی هەر سی و سێ دەرگاکە لای تۆیە!!؟»

– «بەڵام دەکرێت دەست کەسانێکی تریش کەوتبێت؟!» وەڵامم دایەوە.

دادوەر پاش ئەوەی ڕوانییە سەعاتەکەی بەر باخەڵی.. گوتی:

– «تەنها کەسێک لەنێو هەموو بەرپرسانی کۆشکدا؛ کە باوکی بەدەستی سوڵتان کوژرابێت... تۆیت!؟ واتە بە ئاگاو بێ ئاگا بەشوێن تۆڵەکردنەوەدا گەڕاویت و دەگەڕێیت!؟».

بەسەرساميیەوە گوتم:

– «بێ خەبەرم لەم سەرگوزشتەیە و مردنی باوکیشم بەحاڵ وەیاد دێتەوە و تەواو دڵنیاش نیم لە چەشن و شێوەی ونبوونی...»

– «نەتویستووە وەیادی خۆتی بهێنیتەوە؛ ئەگینا باش دەزانیت کە ئەویش بەهەمان ئەو تاوانەی ئێستای تۆ تاوانبار کرا...»

دەمویست شتێک بڵێم..!!؟

لەوە زیاتر گوێیان لێنەگرتم و لەلایەن دوو زەلامی ڕەشتاڵەوە پەلکێش کرام.

ئەو دەمەی کە گوێم لە حەپەو وەڕینی سەگەکان بوو؛ خۆم بۆ ڕانەگیراو هاوارم کرد:

«هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە باسی دەکەن، ناکرێ ڕاستی و حەقیقەت بێت... هەموو ئەمانە لەگاڵتە جاڕییەکی سوێر دەچێت!؟

دەبێت ئەو حەقیقەتە بزانن...

کە سی و سێ کلیلەکە دەرگاکانی ژوورە کریستاڵییەکە ناکاتەوە.

دەبێت!!!؟.....».

یەکێک هاواری لە گاردیانەکان کرد و بۆ جارێکی دیکە منیان بردەوە بۆ نێو هۆڵی دادگا...

دادوەر زۆر بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

«دەمانزانی کە دەرگاکانت بۆ نەکراوەتەوە.. هێندەت لەسەرە کە هەموو شتێکمان لەسەرەتاوە بۆ بگێڕیتەوە»...

بە شپرزەییەوە چاوم گێڕا.. تەنها وێنەی پەیکەرە کریستاڵییەکەی سوڵتانم بەرچاوکەوت.. هۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ.

پاش تاوێک لە دوو گلێنەی ڕەش زیاتر هیچی دیکەم نەدەبینی... تا دەهات بەرچاوم ڕەش دادەگەڕاو زمانیشم تێکەڵ دەبوو...

لەنێوان هەر پرسیار و وەڵامدانەوەیەکدا.... زیاتر هەستم بە نزیکبوونەوەی کەڵبەی سەگەکان دەکرد.

دوا شتێک کە گوێم لێ بوو..

پچڕان و ترازانی زنجیر و ئەڵقە و دەنگی بەربوونەوەی سی و سێ کلیلی گیرفانم بوو...

بە چەشنێک ماندوو و شەکەت بوو بووم.. لەوە زیاتر و ئەوەندەی لە بیریشم بێت؛ هیچی دیکەم نەگوت.

# دڵۆپ دڵۆپ توانەوەی توێژی کریستاڵ

کەماڵ حەسۆ
(نەغەدە)



تیشکەکە لە چڵووکی سپیدارەکەوە شۆڕبۆوەو سەرانسوێی هێلانە حاجیلەکەی کرد. باڵندە هەڵیمشت و بە ڕەنگە سپییەکەیەوە بوو بە تۆپەڵە کریستاڵێک. پیرێژن لەبن دیوار سووکە تەکانێکی دا بەخۆی و سینگی چرچی بەلوێچی دەسماڵەکەی داپۆشی. هەر کە سەری هەڵێناوە، خەرمانەی دەوری هێلانەکەی بەدی کرد. هەناسەیەکی کێشا، فێنکایی تیشکەکە گەرووی تەڕ کردو بە هەناویدا بڵاوبۆوە.

لە ناکاوێک تیشکەکە تیژ بەسەر هێلێکی کەوانەییدا خزی و داڕژایە بەرپێی قەڵافەتی زەبەلاحی پیاوەکە. پیرێژن دڵی داخورپا و سەبرێک دەستی هەڵێناوە... ڕۆڵە... لای بەرە... برایم.

گڕی ڕووناکییەکە کە ڕژابووە ناو قوولکی پڕ لە لیتەی بەرپێی کابرا وەکو تیغێک ئەوەندەی بلێی یەک و دوو، هەناسەی پیرێژنی لە سێ چوار جێ بڕبڕ کرد. بەدەم هەناسە پچڕ پچڕەکانیەوە، هەرچی فێنکایی هەناوی بوو، بوو بە هالاو و گەرمای هالاوەکە نێوچاوانیشی داخ کرد... لای بەرە... ڕۆڵە... برایم.

برایم ئاوڕی داوە. تیشکەکەش گەوزێکی دا. پیرێژن هەر هات لە بزەی چاوانی کوڕەلاوە ڕابمێنێ، هرووژمی تیشکە فێنکەکە، وێنەی لاوی تەواو لەبەر چاوی پاک کردەوە. قەڵافەتی پڕ شکۆی سوڵتان بایەقووب پاک بۆوە. سپیدارەکە و هێلانە حاجیلەکە پاک بوونەوە. قوولکەی پڕ لە لیتەش سپی هەڵگەڕا، بەڵام بۆ ساتێک بۆنی گەیشتە لووتی پیرێژن. هەموو دونیا لەبەر چاوی سپی دەچوو. سەبرێک چاوی لێک نا و دەریایەک سپیایی ڕژایە ناو دەریایەک ڕەشایی. ڕەشاییەکە زەرد هەڵگەڕا، شین بۆوەو چەند ساتێک دواتر ڕەنگێکی مۆری تۆخ، هەموو شیناییەکەی داگرت و ئارام پاڵی داوە بە دیوی ژوورەوەی پێڵووی پیرێژن و لەدیوی دەرەوەش ڕەنگی دایەوە: دوو چاوی لێکنراوی مۆر مۆر، بە جەستەیەکی گرمۆڵەبووی کریستاڵی. سەبرێک لە باڵ خۆیدا گوتی: وەڵڵا ئاقڵ نەبوایە دەستی دەوەشاند.

ئێستا ئیتر دەمێک بوو توێژە کریستاڵییەکە لەسەر ڕوومەت و سینگ و هەردوو دەستی چرچ و گنجاویی پیرێژن توابۆوەو گنجەکان بەهەموو وردەکارییانەوە، وەدیارکەوتبوون، کەچی چاوە بەستراوەکانی ڕێگای

چوونە دەری فێنکاییە سازگارەکەیان نەدابوو و تەنکە کریستاڵەکە پەیکەرەی نەدیوی هێشتا لە هەناوی پیرێژندا بەساغی ڕاگرتبوو.

بەیەکەم گورزەی کابرای زەبەلاح، کریستاڵەکە لەلای پەراسووی چەپی پیرێژنڕا چرژی هەڵگرت و هەتا خوارێ پێداهات و ژانێکی تیژ چزووی لە دڵی ڕاکرد. پێڵووەکانی هەڵێناوە.

پەیکەرەکەی هەناوی تەواو تێکڕما و هەردووک لاقی بەو تێکڕووخانە لە بەست چوون.

کابرا مستێکی قورس و توندی خەواندە سەر سینگی برایم. تیشکەکە سوڵتان بایەقووبی لە داوێنییەوە هەتا ترۆپکی دوولەت کردو مستێکی دیکەی لەناو دەم و لووتی قایم کردو تیشکەکە وەکو چەقۆ بەملی حاجیلەدا هات. برایم بەدەم ڕاتلەکانی توندی شانەکانییەوە، ئاوێنەکەی لە دەستی بەر بۆوە. تیشکەکە لە ئاسماندا ون بوو.

خەڵکی ئاوایی برایمیان لەبەر دەستی دەرهێنا. دەم و لووتی پڕ بوو لە خوێن. پیرێژن هەموو بەرۆکی خۆی دادڕیبوو و بە ئارامی دەگریا. برایم سووک داهاتەوەو ئاوێنەکەی هەڵگرتەوەو دەناو گیرفانی دیوی ژوورەوەی کەواکەی ناوە.

عەلی چەتە دیسان چاوی لە دۆڵی پشت ئاوایی بڕی و چاوەڕێ مایەوە هەتا تاریکایی بەسەر دەستاندا بێ.

* * *

بۆ سبەینێ مەلا بانگدانێ، برایم وەک ڕۆژەکانی دیکە چووە سەر سوڵتان بایەقووبی و ئاوردوویەکی زۆری کۆ کردەوە. ئاگرێکی داگیرساند و لە پەنای دانیشت.

وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە چاوی لە ئاسمان بڕی و هەر جارەی ئەستێرەیەک ڕادەخوشی، مووره دارێکی بە ئاورەکەوە دەناو خۆشتری دەکردەوە.

ئاوێنەکە، لە گیرفانی دیوی ژووری کەواکەیدا، تیشکەکەی لە هەناوی خۆیدا شاردبۆوە.

# خەونا هەلەبجەیێ

سیدار ژیر
(ئامەد)

سەرێ وی ل سەر بالیفکا وی یا کو ژ بێهنا مرنێ پێڤە بێهنا تو تشتی ژێ نە دهات. ب ئالیێ راستێ ڤە قەلبیبوو. چاڤێن وی گرتی بوون، کرچە کرچا درانێن وی بوو. بالیفکا وی شل بوو بوو. دنالیبیا، ئۆرینی ژێ دهات، ل بەر خوە ددا.

.....

ل کۆچەیێن باژێر، ب تەنا سەرێ خوە دگەریا، هەر کۆچەیا کو ل پەی خوە دهشت، ل دیارێن سەرێ وێ کۆچەیێ، وێنەیێ زارۆکەکی چێدکر، پەرو باسک ب زارۆک ڤە نە و دەڤێ وی ل کەنە... ئەو کۆچە دەرباسکر، کۆچەیا دن وێنەیێن دو زارۆکان چێکر، د دەستێن واندا کولیلکێن سۆر، ل دەردۆرا خوە درەشاندن، ل هەر کۆچەیێ هژمارا زارۆکان زێدە دبوو د خوەست ژێ سەریەکی باژێر هەتا سەریێ دن ب وی رەنگی بەردەوام بکە. لێ دکر نەدکر باژار نە دقەدیا؛ خوە نە دگەهاند سەریێ دنێ باژێر. ئێدی بەتلی بوو ژ چیکرنا وێنەیێن زارۆکان. وی جارەکێ بریارا خوە گرتبوو، د ڤێ بقەداندا. لێ ب چ ئاوایی، ب کیژان تاقەتێ؟ داوییا کۆچەیێن ب زارۆک نە دهات. د هەر وێنەی دە، خوینا رەهێن وی سار دبوو. دکر نەدکر خوە نە دگەهاند وی ئالیێ باژێر. چوو سەر گرێ ل هەمبەری باژێر، کو د هەر وێنەیێ دە جیێ خوە گرتبوو، د خوەست ب جارەکێرە وی باژاری د دلێ خوە دە ب جی بکە، ماکینەیا خوە دا بەرچاڤێ خوە، ل ڤی ئالی و ل وی ئالی زڤری، ژ خوە رە ل دیمەنەکە ژیندار د گەریا، گەلەک جاران ب سەرێ خوە یێ کو بوو بوو مینا تارا بێژنگێ، ل ڤێ هێلێ و ل وێ هێلێ نهێری، تو نیشانەیا ژینداریێ نەکەت بەرچاڤیکا ماکینەیا وی، مژەمێ باژار پێچابوو و هەو، ئەورو جوونکی بوو، فەتسۆکی بوو، دیسا داکەت ناڤا باژێر، ژ جیێ کو وێنە نیڤجۆ هشتبوو دە دۆم کر، ئیجار د وان وێنەیان دە، جێ ددا دێ و باڤێن زارۆکان ژی، هەتا کو ژ وی هات ژیانا رۆژانە د نەقشاند ل سەر کەڤالا خوە یا کو ژ دیوێر پێکدهات. ژن، زارۆک، باڤ، کال، پیر هەموو د ناڤا ژیانەکە رۆژانەدە تەڤ دگەریان، پتۆکەکی پێچەکێ ب تنازی دداگری، دایکێ ژی بۆ کو وی بهەوینە پێشیر ددا دێڤ، کالە پیرەکی ل بەر دەریێ خوە ب داسا خوە یا دار دەستی بڤرەک ژ خوە رەچێدکر، چەند کۆچەیان ب ژۆر دە، پیرکەکێ د دەستێ خوە دە هنەک گەنم ددا مریشکێن خوە، کەژۆ هەموو خۆنەرا خوە ددا دەر، هەتا ژێ دهات خێزێن خوە ب جی دکر، ب تایبەتی ژی چرووسکا چاڤێن وان د تەیساند ژ وێنێ، ئیجار نە وەکی جارا پێشین بوو د زانبوو کوچە ل دوو خوە هشتنە و سەریێ باژێری دن نێزیکە، وی ب سووند و پەیمان گۆتبوو ئەزێ



وێنەیێن هەموو کۆچەیێن ڤێ باژاری تەڤدە سازبکم، هەر کو ب ناڤێ دە د چوو. د وێنەیێن خوە دە هەموو رەنگێن زندی ب کاردئانی، رەنگ ددا روویێ وان دیوارێن بێزار و بێزمان هەموو جۆرەیێن کولیکان د وێنەیێن کو ئەو باژار د خەملاندن دە ب جی دکر، د ناڤا ئەورێ شیپیشین دە، کولیلک د باراندن سەر باژێر، دوو رە زارۆکان بۆ وان کولیلکان زنگراڤا چێدکرن، ئەو زنگلزاڤا دکرنە سەر تاج و ددانە سەرێ خوە.

بەرئێڤارکی هەموو کۆچەیێن وی باژاری ب وێنەیێن رەنگین هاتبوون خەملاندن. کۆچە و کۆلانێن بێ وێنە نەهێشتبوو. هەموو هاتبوون خەملاندن ب فستانێن شیفۆن، بەژنا هەموو کەچێن وی باژاری خەملاندبوون، چاڤێن وان کل کربوو، بسکێن وان دوگولی هینانبوو، باژار ب خوەزایێ رە دبشری، دجلە و فەراتێ ئەو ژ کرێتیا خوەداوەندێن خەرابیێ پاقژ کربوون و هەردوو چەم مینا گولیێن وان کەچێن کو چاڤێن وان کل کری بوون، ب ئاهەنگ د هەرکین، چیاییێن ل هەمبەری باژێر ب بێهنا کولیلکان هەموو کەچ و خورتێن وی باژاری د گهاندن هەڤ، ئەڤینەکە دن دخستن دلێن وان ئێن کو تو جاری بێ ئەڤین نە دمان.

هەر وێنەیێ کو ل پەی خوە دهشت، هەروەکی پەیکەرەکی نیشانەیا ژیانێ بە، ل ور ب سەربلندی ب جی دکر. تشتێن نەدیتی بوون ئەو وێنە ل وی باژاری، هەریەک بوو بوو نەقشەکە خەملا وی باژاری.

کەژۆ ب بەرهەمێن خوە شاناز بوو. ب خوە باوەڕ بوو، کو تو کەسی ژی ب وی رەنگی وێنە ساز نە کربوو، ب وێ شانازیێ و ل گەل بەتلا خوە، خوە ل سەرتەخت درێژ کربوو، کەوتبوو خەوێ. گیانەوەرێن نەدیار بوون کو چ بوون، دهاتن خەونا وی و هەموو کەڤالێن وی یەک ب یەک رەش دکرن، ژ هەڤ پارچە پارچە دکرن، ل بەلکا گوهێ دیوێر دخستن، نکاربوو خوە تەڤبدا، نە دلڤیا، خوێدانا وی ل سەر بالیفکا وی بوو بوو نەخشەیا وەلاتەکی کو تخووبێ وی نە دیار بوو، کەفتاران ئەو بەر ب کارێزێن بێبنیڤە دکشاند.

هەر دلۆپەک خوێدان ل بەدەنا وی دبوو بزۆتەکێ ئێگر. خوە دگرت، هەر دلۆپا خوێدانا وی ئەو بەر ب باژارێ خەملیڤە دکشاند، پشتی لەزا کو ب هەر گاڤێرە قەدەمێ وی دشکاند، خوە گهاندبوو پەرێ باژێر. باژار نە دخویا، ئەورێن جۆنک ژ هەر ئالیڤە ئەو پێچابوو، ب لەز ب ناڤا باژێرڤە د مەشیا، ب کەتنا کۆچەیا ئەولرە کزینی ژ دلێ وی هات، بێهنا کزری ژ باژێر دفووریا. بیهنەکە کو چاڤ و پووزێ وی دشەوتاند. چاڤ و پووزێ وی شل بووبوون.

ل سەرێ کۆچەیێ نهێڕی؛ پێلیستۆکێن زارۆکان د هەمبێزا وان دا، دەڤەر و ل ئەردێ نەپخیبوون، ئەو زارۆکێن کو د وێنەیاندە جی گرتبوون، ل ئەردێ بووبوون تەژانە، وی زارۆکێ کو ب تنازی د داگری، دەڤێ وی د پێسیرا دیا ویدا، هەر دوو ب سەر هەڤدە کەتبوون، بێ نەفەس مابوون. کەژۆ رەڤیا، بەر ب کۆچەیێن دنڤە چوو؛ ئەو کالەپیرێ کو دەستیبڤر چێدکر، دەستیبڤرێ وی د دەستدا شەوقەیێ وی ل هێلەکێ داسا وی ل هێلەکێ کەتبوو، دوورە، ل پیرا کو د دەستێ خوە دە گەنم ددا مریشکان نهێڕی؛ ئەو مریشک تەڤ ل بەر دەرێ پینکێ بێ رح مابوون، کەچێن خاما و گولی ل پشتێ، بەریا کو ب مرازێن خوە شا ببن، گولی ل قرکێ گەریابوون، وان چەمان ژی، ئەو نەفلتاندبوون، ژ خەزەبا دلێن کەڤری، هەردوو چەمان ژ بەر کو بەرخکێن خوە نەپاراستبوون، شەر دکرن، د هەڤنەبورین، هێسرێن چیاییێن هەمبەر دجلەو فراتا ستو خوار ب زۆرێ ژ هەڤ قەتاندبوون، نە جی و نە وار مابوو ژ زارۆکێن کو لالش ل دوو وان د گریان رە ستۆیێن خوە خوار دکرن، ب تنێ ریا ل بەر وان مابوو، قونتارا چیاییێن بلند بوو. لێ.. وێ جارێ وان ژی ستاری ل بەرخێکن خوە نە کربوو، ئاقووبەتا بەرخێکن شەمزە ما بوو د دەستێ گور و کەفتاران دە. ستوییێن هەموویان ب بەرڤە هاتبوون، یەک ب یەک ئەرد هەمبێز کربوون.

کەژۆ ژ ناڤا باژێر دەرکەت، چوو سەر وی گرکێ ل هەمبەری باژێر، دا کو وێنەیێ وی باژاری، وێنەیێ هەلەبجەیا کو کوندان ل سەر دخوەند ژ نوو ڤە بکشینە و وی وێنەیی بپێچە د دلێ خوەیێ ژ ئێشێ تژی کورمێ گەنی بووی دە ب جی بکە، ماکینە خوە دا بەر چاڤێ خوە، رۆندکێن وی ب سەر ماکینەیا ویدا د هەرکین ب شرقینیا ماکینەیا وی رە برووسکان ل سەر باژێر ڤەدا.

بابلیسکۆکا خەرابمالیێ رادپەلکی ئەسمانان، باژێر قیرینا خوە گهاندبوو هەموو جیهانێ. ئیجار وێنەیێ هەلەبجەیێ یێ کو ب رۆندکان رە بووبوو یەک، کشاندبوو، تەڤێ ئەورێن وونک بابلیسۆکا قرکزوها، بیهنا کزری مرازین د قرکان دە مایی و گولیێن قوتکری و هەوارا زنارێن گندری شکەفتان دبوون.

****

کەژۆ دکر قیرەقیر، لێ ب تەنێ خیزینی ژ قرکێ دهات، پەلکێن چاڤێن وی هێدی هێدی. مینا باسکێن پنپنیکان

رادبوون و دادکەتن، گاڤا کو پلکێن چاڤێن وی ژ سەر چاڤان رابوون، چاڤ ل دۆشەکێن سپی کەت کو ژ خوینێ سۆر بوو بوون، هەول دا کو دەستێ خوە بدە ئەنییا خوە، خوێدانا خوە یاقژ بکە، ملێ وی ژان دا، هەردوو ملێن وی ژی ب خۆرتمێن سەرۆمان هاتبوون گرێدان، د نەخوەشخانەیێ دە بوو، ئێدی تێگهشت کو هەموو وێنە د خەونا د ناڤا خەونێدە هاتنە نیگارکرن، ب لاشگرانیا برینداران، ب تەنێ ئەڤ گۆتن ژ دەڤ دەرکەت:

- هەلبجە چ بوو گەلۆ..؟
- لاوۆ، هەلەبجە شەوتی!..
- پاژار...
- زارۆک، کەچ، خۆرت، کال، وپیر و هەموو..

ب بهیستنا ڤان گۆتنێن ل دوو هەڤ هاتن رێزکرن رە، فێم کربوو کو چ بۆ بەلات ئانیبوو سەرێ خوە و ب فەرماندارییا سەربازەکی، دەستێ خوە ئاڤێت خۆرتمان- کو سەرۆم دهەرکاندن رەهێن وی- ئەو کشاندن، خویناوی ب شەلتەیا دۆشەکێ ڤە د هەرکی، ئیجار ستوویێ وی ب بەردە هات، ب سەر پشتێ ب سەر دۆشەکا ژ خوینێ سۆربەلەک بوو بوو کەت.

پشتی کە هەلەبجە ئێدی ب سەر خوەڤە دهات، د هەموو پرتووکێن دیرۆکێدە و سەرنووچەیێن ئارشیڤێن رۆژنامەیان دە، و ها قالا کوردەکی کو ئارتێشا ئیراقێدە سەرباز بوو دهات کرن: «پشتی کو دیکتاتۆرییا سەدام ب گازا کیمیایی کۆمکوژییا هەلەبجەیێ پێک ئانی، سەربازەکی د ناڤا ئارتێشا سەدام دە، کو ب ئەسلێ خوە کورد بوو، د نەخوەشانەیێ دە خوە کوشتن»

* سیدار ژیر ل سالا (١٩٨٠)ێ ل شەمرەخا مێردینێ ل کوردستانا باکوور هاتیە سەر دنیایێ، خواندنا خوە ل شەمرەخێ و ئامەدێ ب داوی ئینایە، دەرچوویێ کولیجا پەروەردەیە ل زانینگەها دجلە، نهو ل ئامەدێ کارێ ماموٚستاییێ و رۆژنامەڤانیێ دکەت. ئەڤ چیرۆک ژ کۆمەلا چیرۆکێن وی (ئارییا گیانێن ستەور) وەشانخانەیا باژار (٢٠٠٤) ل سەر داخوازا وی هاتیە ڤەگوهاستن بۆ سەر تیپێن عەرەبی.

# بلووغێکی تر

نەسرینی پارسا
و/ لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ئازەریار (بۆکان)

ژنی جوان و جحێڵ شانەی بە قژە تەڕەکانیدا هێنا و لەبەر ئاوێنەی گەورەی حەمام، درێژی قژەکانی کە ڕاست دەگەیشتە سەر گۆی مەمکی لە شوێنی پێکگەیشتن بە قامک ئەندازە گرت و بیری ئەو ئازارە خۆش و کاتییەی پێش سەفەر لە دڵیدا بڵێسەی گرت. لە ناو ئاوێنەکەدا چاوی کەوت بە لفکەیەکی تەڕ کە بەسەر دووشە دەستییەکەدا درابوو، بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردووی زیندوو بوونەوە.

ئەو کاتانەی لەژێر پێستی لەشی، هەر ئەو جێگایەی قامکی لەسەر دانا بوو ئازارێکی زۆر لەشی دادەگرت و دەهاتە سەر و هەتا بن باڵی دەیچریکاند. ئێش و ئازاری گەلێک بوون بەتایبەتی کاتێک کە لەگەڵ منداڵان تۆپێنی دەکرد و بە هەڵکەوت تۆپێک یا دەستی کەسێکی وێدەکەوت، ئاوی لە چاوان دەزا و دڵی سست دەبوو.

شەوێک کاتی خەو لە حاڵێکدا دەستی لەسەر شوێنی ئازارەکە دانابوو بە دایکی وت:

– نازانم، ئێرەم بۆ ئەوەندە دێشێ؟

ژنە زۆر بە گرژ و خێرایی لە کاتێکدا بەرگی لە باڵنج دەگرت وتی:

– خەریکە مەمک دەکەی!

کیژۆڵەکە لە شەرمان دەستی کرد بە گریان و لەژێر لێفەکەدا خۆی حەشاردا.

باڵای لە کچە هاوتەمەنەکانی خۆی بەرزتر بوو. خۆی کۆم دەکرد تاکو مەمکە تازە و ژاناوییەکانی لە پەنا شانەکانیدا حەشار بدات، تا بەم شێوەیە منداڵەکان لە ئازاری ژێر کراسەکەی ئاگادار نەبن. دوای ئەو قسەیەی دایکی ئیتر لێوی لێک نەکردەوە و لەگەڵ هیچ کەس سەبارەت بەو شتە سەیرەی لە ژێر کراسەکەی ڕوا بوو نەدوا.

کاتێک لە حەمامدا دایکی بە لفکە دەیشوت، ڕووی لە میچی حەمامەکە دەکرد تاکو دایکی فرمێسکەکانی نەبینێ کە لەبەر ئێشی مەمکەکانی دەیڕشت.

مانگەکانی دواتر کاتێک لە کۆڵان بەشوێن برا هاروهاجەکانیدا بۆ ئەم لا و ئەولا ڕای دەکرد تەکانی مەمکە تازە پێگەیشتووەکانی، ئازاری دەخستەوە لەش و گیانی. بەشوێن ڕێگاچارەدا گۆرەوییە پەلاستیکییە مل درێژەکانی دایکی لێک گرێ دەدا و لە ژێر کراسەکەیەوە لە دەوری سینگییەوە دەپێچا، تاکو لەرەی مەمکەکانی ڕاگرێ.

ڕۆژێکی تر خوشکە گەورەکەی بە پێکەنینەوە مەمکبەندێکی چێرەیی بۆ فڕێدا و وتی:



ها لە مەمکتی کە.

کچۆڵە لە شەرمان زیقاندی و فڕێی دا. خوشکەکەی پێکەنی و وتی:

– بێچارە بتەوێ و نەتەوێ دەبێ لەبەری کەی دەنا مەمکەکانت شل و شەوێق دادەکەون.

کچۆڵە بە شەرمەوە ئاوڕی داوە و وتی:

– ژەهری مار، بێ تەربیەت!

دایکی و خوشکە گەورەکەی لە ژوورەکەی تر بە توورەیی و دەهری بوونی ئەو پێدەکەنین. ئەو سەردەم بەسەرچوو مەمکەکانی ئازاری بدەن و بۆ بەستنی مەمکبەند شەرم بیگرێ، بەڵام ئەو ڕۆژانەی دەچوو بۆ حەمامی گشتی دوای خۆ ڕووتکردنەوە لە ڕەختکەنی حەمام خێرا بسکە درێژەکانی دەکردە دوو بەش و بەپێشیدا بەسەر سینگیدا بڵاوی دەکردنەوە تا کاتی چوون بۆ حەمامی گەرم ئەوان لە چاوی ژنان بشارێتەوە.

ڕۆژێک ژنێک هاتە پێش و وتی:

بە قوربانی ئەو دەستانەت بم، ئەگەر زەحمەت نییە، ئەو لفکەیە لە پشتم دە، دەستم ناگاتێ. کچە لفکە سابووناوییەکەی بەشان و ملی ژنە داهێنا و لفکەکەی دووبارە بۆ لای ژنە ڕاداشت و وتی:

فەرموون!

ژنە زۆری پێداگری کرد کە لفکە لە لەشی کچە بدات، بەڵام کچە نەیهێشت و ڕۆیشت بۆ لای دووشەکە. ژنە دیسان چووە پێشێ و چاوێکی لە ڕوخساری کچەکە کرد و وتی:

ماشەڵڵا بۆ ئەو قەد و باڵایە. ئەگەر دەزگیران و مەزگیرانت نەبێ لە خوام داوایە ببی بە بووکم. کچە عاشقی کوڕە کتێب فرۆشەکەی سەر ڕێگای مەدرەسە بوو. سەرەڕای ئەوەی مەمکبەندی دەبەست دایکی لەگەڵ چوونی ئەو بۆ یاریگای وەرزشی و بازدان و هەڵاتن دژایەتی دەکرد. گەلێک جار هاواری دەکرد و دەیگوت:

ئاخر چۆن خەجاڵەتی ناکێشی بەم شێوەیە لەنێو ئەم هەمووە خەڵکە مەمکەکانت لەرەیان بێت و هەڵبەزنەوە؟

کچەی وەرزشکار عاشقی بازدان و هەڵاتن بوو. پێی خۆش بوو خۆی هەڵاوێت و عاشقی کەسێک بێت تاکو بەیادی ئەوەوە گۆرانی بڵێ. هەمووان پێیان دەگوت:

خۆفڕێدان بۆ کچ جێگای مەترسییە!

کچە حازر بوو هەموو مەترسییەک بە گیان و بە دڵ بکڕێ، بەڵام درێژە بە پرسیارەکانی بدات، هەمیشە دوای مەشقی بازبازێن لە بەرزی، جلەکانی ژێرەوەی لە ئاودەست چاو لێدەکرد تاکو بزانێ ئایا ئەو ڕووداوەی نەدەبوو ڕووبدات ڕووی داوە؟ هەموو ڕۆژێ دوای تەماشاکردنی جلەکانی ژێرەوەی بە خاترجەمی ساکەکەی بە شانی دادەدا و دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، کچە هاوپۆلەکانی لێیان دەپرسی:

– ناترسی کاتی بازدان بەڵایەکت بەسەر بێت و سەرمایەکەت ئاو بیبا؟

– کچە ماتەم دایدەگرت و شانی هەڵدەتەکاند و دەیگوت:

ئەوسەرییەکەی ئەوەیە کە نەتوانم شوو بکەم، دەیجا شوو ناکەم، خۆ وەرزش لە شووکردن باشترە..

دەنگێک لە حەمام گەڕا. ژنە لە ترسان ڕاچڵەکی. خێرا وەرسووڕایەوە و چاوی لە پشت سەری خۆی کرد. کەس نەبوو. لفکەکە کەوتبووە ناو وانەکە. ژنە داهاتەوە بۆ لفکەکە، گۆی مەمکەکانی لە لێواری ساردی سرامیکی وانی حەمامەکە خشا. تەزوویەکی سارد لە کونی گۆی مەمکی چزا و ئاهێکی هەڵکێشا و لێوی بە ددان گەست و نێوچاوانی گرژ کرد، خۆی کێشایە دواوە و دەتگوت سەهۆڵیان بە پێستی لەشیدا هێناوە. دووبارە ڕاست بۆوە و ڕووبەڕووی ئاوێنەی حەمامەکە ڕاوەستا و بۆ ئەوەی ئەهوەن بێتەوە بە پەنجەی تۆزێک تفی لەسەر گۆی مەمکی هەڵسوو.

هەستی ئەو تفە لەسەر پێستی لەشی، بیرەوەری شەوانی پێش سەفەر و لەشی سفت و سۆڵی دڵدارەکەی بۆ زیندوو دەکردەوە کە بە ئازارێکی خۆش و کاتی بلووغێکی تری دەدا بە مەمکەکانی و لەشی بەخۆیەوە دەگوشی.

ژنی جوان و جحێڵ حەولەکەی لە دەوری لەشی هاڵاند و گۆشەکانی لەسەر سینگی گرێدا و لەسەر هەڵمی بەجێماو لەسەر ئاوێنەکە بە پەنجە نووسی:

**ژن**
**لە حەسرەتی لەشێکی پیاوانەدا**
**وەک گوڵ**
**لە تاسەی هەتاودا**
**سەرمای بوو...**

**سەرچاوە:**
ئاوای زن، زمستان و بهار ۱۹۹۸



# مەلا ئەحمەدە كۆرە
## (١٩١٤ - ١٩٩٠)

**باكووری**

لە ساڵی (١٩٥٧) كە لەكۆیە، وەك مامۆستا، وەك هونەرمەندێكی ئەو شارە جوانە، ژیانم بەسەر دەبرد، لەو كەسانەی كە ناسیمن و پێشتر نەمناسیبوون، ئەو مەلا ئەحمەدە كۆرە بوو كە بە (فەقێ ئەحمەدە كۆر)یش ناویان دەبرد. جا یەكەم جار كە بینیم، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، لە چایخانەكەی بەهەشتی (محەمەد عەبدوڵڵا) بوو واتا (حەمە گەمحان). كاكە حەمە چایخانەكەی زۆر گەرم و خۆش و قەرەباڵغ بوو. گەنجی خاوەن زەوق و بەهرەی هونەری، هەروەها پیری هۆگر ئاشقی دەنگی گۆرانیبێژە نەمرەكان، لەو چایخانەیە كاتیان بەسەر دەبرد و كاكە حەمەش خۆی بەزەوق بوو. ئاشقی دەنگی (تایەر تۆفیق)ی هاورێی دێرینی و دەنگی (ئوم كەلسووم) بوو، مەقامەكانی (سێوە)ش قسەیان لەسەر ناكرێ. ئەو سێ دەنگانەت هەمیشە گوێ لێ دەبوو ئەگەر بە بەردەم چایخانەی حەمە گەمحان رەت بوای بەدەست خۆت نەبوو، دەبوایە دانیشی و چایێكی (عەننابی) دەستی بەهەشتی (حەمە سالحی)، خەلفەی چایەچی حەمە گەمحان، بخۆیتەوە. لەوێش، بەردەوام گۆرانیبێژە كۆنەكانی ئەو شارە و مەلا و فەقێ و حاجی و كاسبكار و كرێكاری بێ ئێش و مامۆستای قوتابخانەت چاو پێ دەكەوتن، بەهەشتی (حەمە)ش گەنج بوو، بۆیە گەنجانیش دەچوونە لای جا رۆژێ لەو رۆژانەی ئەو زەمانە، بە رێكەوت، كە بۆ لای دوكانی خوالێخۆشبوو (بابەكە)، یان محەمەدی مەلا سابیر یان (تایەر عەزیز)، یان (كەیفی)... نازانم بۆ لای كامیان دەچووم، چونكە ئەو دوو سێ شوێنە (واتا دوكانەكانیان بەردەوام سەردانم دەكردن بۆ كرینی شتی پێویست بۆ ماڵەوە). بابەكە دوكانی هەموو جۆرە خواردن و پێویستییەكانی ژیانی خێزانی هەبووە. هەموو شتی خواردن و پاك كردنی ماڵ و خێزان، لەلای ئەو پەیدا دەبوو. كاك (تایەر عەزیز) دوكانی كەلوپەلی كارەبایی هەبوو. كاك (كەیفی)ش هەموو جۆرە (قوماش)ی كوردەواری و جل و بەرگی ئافرەت و پێویستییەكانیان، بەتایبەتی، كە لە بەهاترین و باشترین جۆر بوون، لەلای ئەو پیاوە قۆزە هەبوو محەلی محەمەدی مەلا سابیر قۆنتەراتچی زیخ و چەگل

بوو! دیار بوو بۆ یەکێ لەو دوکانانە دەچووم و دەبوایە بە بەر چایخانەی (حەمە)ش دا تێپەڕبوومایە. جا حەمە، کە منی دیت، گازی کردم و وتی: فەرموو چایەکی (سالّح) بخۆوە و دوو نوکتەی خۆشیش لە مەلا ئەحمەد ببیستە و بڕۆ! بە ڕاستی ئەگەر هەر بۆ چایەکە بوایە، دانەدەنیشتم، چونکە ئیشێکم هەبوو، بەڵام من زۆر حەز لە نوکتە و قسەی خۆش دەکەم و زۆریش پێدەکەنم بە قسەی ڕێکخراو و هەڵبەستی نوکتەی واقیع و... نوکتەکانی ڕەحمەتی (تایەر ئەحمەد نانەکەلی) هەتا ئەمڕۆش لە گوێم دەزرینگێنەوە.

بۆیە چوومە ژوورەوە، لە تەنیشت مەلا ئەحمەدی خوالێخۆشبوو دانیشتم... دوای سڵاو و چاک و خۆشی و بەخێرهاتن.. فەقێ ئەحمەد دەستی گرتم و کەوتە قسان و جاروباریش کۆپلەیەکی لە یەکێک لە سروود و گۆرانییەکانی دەگوت..

من بۆ پێنج دەقیقە دانیشتم، کەچی، بێ ئاگای خۆم و لەبەر دانیشتنە خۆشەکە لەگەڵ ئەو پیاوە نابینایە و حەمەی چایەچی.. کاتێکم زانی ئەوا نیو سەعات زیاترە من لەو مەجلیسە ڕادەبوێرم، ئیتر ئیشەکەی خۆمم هاتەوە بیرو داوای لێبوردنم کرد و هەڵسام ڕۆیشتم. زۆر جاری دیکەش لەو ساڵانەی لەکۆیە بووم، لە چەند سەیرانێک و چەند دانیشتنێک، گوێبیستی دەنگی (فەقێ ئەحمەد کوێرە) بوویم، دەنگی ئەوساش هێشتا چالاک بوو، قورگی سافتر بوو و خۆشتر دەیچڕی.. لەگەڵ (سێوە)ی نەمر و مەلا ئەسعەدی خوالێخۆشبوو و حەمەدەمینی عەباس و مەقامبێژەکانی دیکەی شاری کۆیەش بەینیان زۆر خۆش بوو.. سەیرت دەکرد، ئەگەر دوو سێیەکیان لە شوێنێک بوونایە، پەلاریان لە یەکتر دەدا و هەریەکە باسی ڕووداوێکی دەکرد کە ئەوی تر خاوەنی بووە و بەسەریدا هاتووە.،.. ئینجا دەکەوتنە سەرپشت لەبەر پێکەنینیان و نوکتە خۆشەکانیان.

سەبارەت بە ژیانی فەقێ ئەحمەدە کوێرە، مامۆستا زاهیر محەمەد کۆیی، ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی و دواتر سەرۆکی ئەو تیپە و ئێستاش (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان) لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(١٦)، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٩٧)دا دەرچووە، بابەتێکی کورتی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (باسێک لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی)، لەم باسەدا کورتەیەکی ژیانی (فەقێ- یاخود مەلا- ئەحمەدە کوێرەی) کردووە، تێیدا هاتووە:



حەمە گەمحان لە سووچێکی چایخانەکەی خۆی لە کۆیە،
لە ساڵانی پەنجاکان

«فەقێ ئەحمەد حەسەن حەمەد، لە ساڵی (١٩١٤) لە گوندی (سماقە)ی سەر بە کۆیە لە دایک بووە. لە ساڵی (١٩٣٢) هاتۆتە شاری کۆیە و نیشتەجێ بووە لەو شارە.. لە منداڵییەوە نابینا بووە...»

سەرچاوەی ئەم چەند دێڕەی مامۆستا زاهیر، کتێبەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو تایەر ئەحمەد حەوێزی-یە، بەناوی (مێژووی کۆیە). بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، کەوا لە ساڵی (١٩٨٤) بە چاپی گەیاندووە و لە چاپخانەی (نمیر) لە بەغدا دەرچووە.

بۆیە منیش دەچمەوە سەر سەرچاوەکەی و زیاتر لەمەڕ ژیانی خوالێخۆشبوو فەقێ ئەحمەد کوێرە و هونەرەکەیتان بۆ دەگێڕمەوە:

ناوی (ئەحمەد حەسەن ئەحمەد)ە- دایکی ناوی (زولێخا) بوو. ئەحمەد لە ساڵی (١٩١٤) لە گوندی (سماقە) لە دایک بووە. بە منداڵی (هەتا نۆ مانگیش) چاوەکانی ساغ بووین و کە شتیان داوەتێ، یان لێیان ستاندووە، بە چاو دیویەتی.. لەبەر زریکە و گریانی، چاوەکانی نەماوە.

«تێبینی خۆم- باکووری: نەمبیستووە منداڵ بە گریان، هەردوو چاوی کوێرە بن و ببنە هۆی نابینایی هیچ کەسێک، من لە شوێنی تر بیستوومە تووشی نەخۆشی (جدری- خرووکە) بووە و لە چاوی داوەو ئەمە ڕێی تێدەچێ، هەزارەها کەس کوێرە بووین بەم شێوەیە.

هەروەها کەسانی تر وتوویانە: لە منداڵی چاوی کول دەبن- واتا دێشی و تووشی ئیلتیهاب، یان نەخۆشی- تراخۆما- دەبن... ئەو سەردەمەش دەرمانی میللی کوردەواری، وەک مایلووس و شتی تریان بەکار دەهێنا.. بۆیە ئەم فەقیر و بێ دەسەڵاتە، چاوەکانی لەدەست داوە.!» بەهەشتی تایەر ئەحمەد حەوێزی نووسیویەتی و دەڵێ:

«چاوی ڕاستەی کەمێک دەکرایەوە، بەڵام دختۆران لێیان سەقەت کردووە و زۆرجار چاوەکانی ئاویان کردووە، واتا فرمێسکیان لێ تکاینەوە، کەچی بە دەرمان خراپتر بووین. دختۆرێکی (ئینگلیز) کە هاتوچووی سلێمانی و هەولێری دەکرد، بردوویانەتە لای و (فەحسی) کردووە، بەڵام پێی دەڵێ:

(چاوەکانت بینایییان نەماوە). دیارە ئەو زەمانە زاراوەی پزیشکی وا هەبووە، چونکە نەشتەرگەری چاو و لابردنی ئاوی سپی و تانە و جۆرەها چارەسەری زۆرباش کە ئەمڕۆ دەکرێن بۆ جۆرەها نەخۆشی چاو، ئەوسا نەبوون و نەدەکران.

مەلا ئەحمەد (یان فەقێ ئەحمەد) زۆربەی ساڵانی ژیانی لە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی نزیک کۆیە ڕابواردووە. هەندێکی خوێندووە لە لای مەلای گوند و دەشڵێن زۆری لێدان خواردووە. ئەو مامۆستایەی (ئەگەر مەلا بوو، یان فەقێ بوو) دیارە جیاوازی نێوان چاوساغ و نابینای نەکردووە لە فێرکردن. بە بۆچوونی وابووە کە هەردووک وەک یەک دەبێ فێر بن. ڕۆژێک یەکێک لە گوندەکە پێی دەڵێ:

کاکە تۆ ئەگەر بچیتە شار، وەک شاری کۆ، بۆ تۆ باشترە. لەوێ خەڵک خێرت پێ دەکەن و خێرەومەند زیاترن و دەوڵەمەندی خێرخوازیش زۆرن.

ئەوەبوو، فەقێ ئەحمەد، سەر هەڵدەگرێ و ڕێگای کۆیە دەگرێتە بەر. لە کۆیەش، دوای پرسین و سۆراخ، تەکیەی تاڵەبانییان وماڵی (شێخ ئەدیب)ی نیشان دەدەن... دەچێتە ئەوێ. ساڵەکەش ئەو ساڵە بووە کە مەلیک فەیسەڵی یەکەم، دامەزرێنەری حکوومەتی عیراقی، باوکی غازی، کۆچی دوایی تێدا کردووە: «واتا ساڵی ١٩٣٣ بووە- تێبینی باکووری»

تەمەنی فەقێ ئەحمەدیش (١٩ یان ٢٠) ساڵ بووە. ئینجا بە قسەی خۆی کەوا بۆ خەڵکی کردووە، گوتوویەتی: «مەلا ئاورەحمانی (مۆذن)ی مزگەوتی گەورە، هەندێ قورئانی فێر کردم و زۆریش سوودی هەبوو ئەو خوێندنە و کاریگەربوو لە ژیانمدا. ئەو مەلایەش لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە مەولوودان و زۆرجاریش لەگەڵ مەلا محەمەدی (حەتکی) دەچوومە ڕەز و باغی (شاخی مشکە) بۆ لای (سۆفی سدیق)ی باغەوان هەر جارە یەک باوەش گوڵە باغی لە پێشمان دادەنا.

مەلا ئەحمەدە کوڕە سێ ژنی هێناوە. لە یەکێکیان، کە ناوی (فاتم)ە، تاقە کچێکی بووە و ئێستا شووی کردووە و لە هەولێر مامۆستایە. هەروەها کوڕێکی هەیە ناوی (کاوە)یە و لە وەرزش (کاراتێ) هەوەسی هەیە و مەشق دەکا لە کۆیە. جا ئەو کیژەی فەقێ (مەلا) ئەحمەدە، لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکان لە (دارالمعلمات) قوتابی بوو لە هەولێر لە ژووری مامۆستایان و وتی: «مامۆستا ئەوا باوکم هاتووە، دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.» منیش چوومە لای و سەلامم کرد، یەکسەر دەستی گرتم و ناسیمەوە و تۆقەم لەگەڵیا کرد. جا یەکسەر وتی: «فلان... ئەو سروودەت لە بیر ماوە؟» ئینجا دەستی کرد بەگوتنی سروودەکە، کە بە ڕاستی زۆر خۆشە و کە منداڵ بووین لە قوتابخانەی سەرەتایی دووەمی کۆیسنجاق دەمانگوت سروودەکە ئاوا دەست پێ دەکات:

**ئێمە کە لاوین تازە پێ ئەگەین،**
**بۆ دواڕۆژی کوردان دایم هەوڵ ئەدەین.**

دوای ئەوەی هەندێک باس و خواسی کۆیە و گۆرانیبێژانی و شاعیرانی بۆ کردم و چەند قسە و باسێکی خۆشی خۆی بۆ گێڕامەوە منیش هەر بە تەعلیق و بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی چەند دەقیقەیەکی خۆشمان ڕابوارد و پێش ئەوەی هەستێ لەسەر کورسیەکەی و بڕوا، هەر بە پێکەنینەوەش وتی: «فلانە (ناوی کچەکەی هێنا) وەک کچی خۆتە.. دەبێ ئاگات لێی بێ، ناوە ناوە لێی بپرسە، نەوەک ئەو شەرمێ بکات و پێت نەڵێ». وتم: «کاکە هیچ خەمت نەبێ و هەر بە چاوان، چ پێویستی هەبێ و لە لای کێ بێ- مەبەستم مامۆستاکان بوو- بۆی جێبەجێ دەکەم.» ئەوجا خواحافیزی لێم کرد و لەگەڵ کچەکەشی کەمێک مایەوە و من چوومەوە ژوورەوە، چونکە زەنگی دەرسی لێدا و من دەرسم هەبوو. نایەتەوە بیرم، ئەگەر دوای ئەوە فەقێ ئەحمەدم دیتبێتەوە..

مامۆستا خوالێخۆشبوو تایەر ئەحمەد حەوێزی، لە کتێبەکەی ناوبراویدا دەڵێ: «حەیرانەی زۆر خۆش دەزانی. (مەولوود)ی حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی

لەبەرە. جاری وا هەبووە شەو و ڕۆژ دوو مەولوودی خوێندووە دەنگی بە سۆز و خۆشە، زۆر غەزەل و بەستەی لەبەرە. دەنگی زۆر تەسجیل کراوە، بە دەفەکەی تەواو گەرمی دادەینی، دڵی کەس ناشکێنی. هەتا لەو ساڵانەشدا، ماندی بوونی نەدەزانی، زۆر شارەزای شارەکەیە، زۆر کەسان بە دەنگ، هەندێکیش بەدەست لەدەست خشاندن دەناسێتەوە. ئێستا قورئان خوونە لە (محفل)ی مزگەوتی گەورەی. (تێبینی: برای خوێنەر ئاگادار دەکەمەوە کەوا نووسەر، بەهەشتی مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی، نووسین و دارشتن و لەهجە و دیالێکتی کۆیە، بە تەواوی پەیرەو دەکات و بەزمانی قسە کردن و ئاخاوتنی سروشتی کۆیە، نووسینەکانی دادەڕێژێ و منیش هەر لەبەر ئەوەی کە دەیانگوازمەوە، زۆر دەسکاریان ناکەم و تەنیا جاروبار (ئیملا)یەکەی لەسەر نموونەی نووسینی ئەمڕۆکەی دەنووسم - باکووری).

مامۆستا (تایەر ئەحمەد حەویزی) لە کۆتایی قسەکانی سەبارەت بە مەلای کۆرە، قسەیەکی ئەو مەلایە دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

مەلا ئەحمەد کۆرە گوتی: جارێکی لەگەڵ مەلا ئەسعەد بە بەر دەرکەی ماڵی حاجییە گەورەی تێپەڕین.

مەلا ئەسعەد لە سیحەتی پرسی و هەندێ لاماندا: «واتا لە تەندروستی حاجییە گەورەی پرسی و لایاندایە لای و کەمێک دانیشتن- باکووری». ئینجا مەلا کۆرە لە قسەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «مەلا ئەسعەد شتێکی گوت- (مەبەستی ئەوەیە کەوا (مەقام)ێکی گوتووە- باکووری-)، ئینجا دەڵێ: هەتا لێ بۆوە، حاجییە گەورە هەر دەیگوت: «ئەوە وا نابی، وا دەبی» (حاجییە گەورە ناسرابوو بە مرۆڤێکی خاوەن زەوق و بەهرەی جیاکردنەوەی ئاوازی مەقامەکان لە یەکتر و هەستی بە هەڵە لە گوتنیاندا دەکرد. بۆیە لێرەدا ڕەخنەی لە مەلا ئەسعەد گرتووە و پێی گوتووە: ئەو مەقامە، لێرە، وا ناگوترێ، بەڵکو ئاوا دەگوترێ- باکووری)، ئینجا مەلا ئەحمەد کۆرە قسەکانی بەم جۆرە تەواو دەکا و دەڵێ: «ئەمنیش عەشەرە قورئانێکم بۆ خوێند، دەستی بە گریانێ کرد و هەر لە ڕانی خۆی دەدا، گوتم: بریا هەر نەم خووندبا- واتا بریا عەشەرە قورئانەکەی نەخوێندبایە، تا ئەویش نەگریابایە- باکووری)، گوتی: «قورئانم چەند چاک لەبەر بوو، ئێستا چاوم کوێرە بووە و چم لەبیر نەمایە!»

فەقێ ئەحمەد (مەلا)ی گۆرانیبێژ، لە چەندین شوێن، لە ماڵان، وێنەی گیراوە لەکاتی گۆرانی گوتندا، هەروەها گۆرانییەکانی تۆمارکراون، لەسەر کاسێت و لەسەر شریتی ڤیدیۆی تەلەفزیۆنی. من شریتێکی ڤیدیۆم لە هاوڕێی خۆشەویستم کاک (حەمە عەلی شێخ نووری جەلی زادە) چنگ کەوت کە سەردەمێک، لە ماڵیان دەعوەت کراوە و بە یارمەتی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ، خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەنوەر تاهیر (مەلا ئەنوەر)ی قانوونژەن، سەعاتێک زیاتر، جۆرەها مەقام و بەستەی کۆن و فۆلکلۆری تێدایە و بەتایبەتی گۆرانی و مەقامەکانی لە ناوچەی کۆیە باون و دەگوترێن.

ئەو فەقێیە هونەرمەندە، دەنگخۆشە، وەک زۆربەی هونەرمەندانی دیکە، بە هەژاری و نەبوونی، لە ساڵی (١٩٩٠) بە فرمانی خوای خالقی، کە ئەوەندەی تەمەن بۆ دانابوو، سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد، هەر لە شاری کۆیە و لەوێش نێژرا.

**سەرچاوەکان:**

١- (مێژووی کۆیە) بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، تایەر ئەحمەد حەویزی، مطبعة نمیر- بغداد (١٩٨٤).

٢- گۆڤاری ڕامان- ژمارە(١٦) تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٧)، زاهیر محەمەد کۆیی، وتارێکی کورتی لەلاپەڕە (١٥٦) بڵاوکردۆتەوە لە بابەت مۆسیقا و گۆرانی، تێیدا کەمێک باسی ئەو هونەرمەندەی کردووە.

# هونەری وێنەکێشان لە کوردستانی پێش مێژوودا

فەرهاد پیربال
(کۆلیژی پەروەردە - بەشی کوردی)

**یەکەمین بەرهەمەکانی پێش مێژوو**

لە بواری نیگارکێشاندا یەکەمین بەرهەمە شێوەکارییە داهێنراوەکانی مرۆڤی سەردەمەکانی پێش مێژوو کە تا ئێستا دۆزرابنەوە، دەگەڕێنەوە بۆ سالآنی (٣٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠) پ. ز. کە یەکێک لەوانە بریتییە لە پەیکەری ژنێک (١١) سم بەرزیەتی. لە (ویلندۆرت) لە نەمسا دۆزراوەتەوە. دەم و چاوی دیار نییە. قاچەکانی کورتن. باریکبینانە نەکراوە.

دووەم کاری دۆزراوە، پەیکەری پیاوێکە، (٢٠)سم بەرزە، لە هەمان سەردەمدا کراوە و لە برنۆ لە چیکۆسلۆڤاکیا دۆزراوەتەوە.

هۆگ هۆنور و جۆن فلیمینگ کە دیرۆکی نیگارکێشانیان نووسیوەتەوە، سەرهەڵدانی نیگار لای مرۆڤی سەردەمەکانی پێش مێژوو، دابەش دەکەنە سەر چوار قۆناغ:

١- قۆناغی هونەری ڕاوچییەکان.

٢- قۆناغی هونەری ناو ئەشکەوتەکان.

دیاردەی ڕاو لەناو نیگارەکانی ئەم دوو قۆناغەدا زۆر دیارە: وێنەی بزن و مامووش و ئەسپ لەسەر بەرد؛ بە ڕەنگی ڕەش، سوور، شین. زیاتر ئاژەڵ وێنەی کێشراوە، پیاو زۆر کەم، ئافرەت دەگمەنە.

ئەوگیانلەبەرانەی لە فەڕەنسا وێنەیان کێشراوە، لە هەموو شوێنێکی تر وردبینانەتر کراون.

لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوەیە کە دەستی وێنەکێشان و وردبینی هونەرمەند پێش دەکەوێت. لە باکووری ئیسپانیا، لە (١٨٧٩) وێنەی گامێشێک لەسەر دیواری ئەشکەوتێک دۆزرایەوە، وایانزانی هونەرمەندێکی هاوچەرخی «ئەشکەوت دۆست» کردوویەتی: هێندە جوان بوو.

٣- قۆناغی هونەری چاخی بەردینی مێزۆلیتی.

٤- قۆناغی هونەری کێڵگەنشینەکان / جووتیارەکان.

مرۆڤ لە سەردەمی مێزۆلیتیک بەولاوە، بەهۆی کشتوکاڵ کردنەوە نیشتەجێ دەبێت، خانووبەرە دروست دەکات، گۆڕان بەسەر کەلوپەل و ئارشیتێکتوری لانە و تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانیدا دێت. تەنانەت قاپ و قاچاغەکانیشی، وەک لە (تەل حەلەف)ی سەر سنووری باکووری عیراق - سووریادا دەبینین، دەڕازێنێتەوە. هەروەها خەتی باریک لە کاتی وێنە کێشانی گیانەوەرەکان بەکاردێنێت.

زۆربەی ئەشکەوت و مەڵبەندە دێرینەکانی کوردستان، لە چاخی بەردینی مێزولیتیکەوە (٨٠٠٠ پ. ز) دەیان نەخش و نیگار و سیرامیک و کاری دیتەنیی جۆراو جۆریان تێدا دۆزراوەتەوە، کە دەچنەوە سەر ئەوجۆرە

نیگارانەی (پێش مێژوو) کە هووگ هۆنور و جۆن فلیمینگ باسیان دەکەن:

ئەو کۆمەڵە نەخش و نیگارانەی (کە ژمارەیان دەگاتە ١٥٠ وێنە) لە (ئەشکەوتی کچە گەنجەکان) لە گوندی یەدی سالکیم لە مەڵبەندی ئەنادۆڵ (٧٦ کم لە باشوری رۆژهەلاتی شاری وان) دۆزراونەتەوە و مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ سالانی (٨٠٠٠پ.ز)، مشتێکن لە خەرواری ئەو گەنجینە وێنەییانەی سەردەمە بەردینەکانی کوردستان.

زۆربەی ئەو نیگارانە بە رەنگی سوور، یان قاوەیی کێشراون. ئەمەش لەسەر تەلاشە بەردەکانی بەردەم ئەشکەوتەکە، یان لەناو ئەوانەی ناوەوەی، یانیش لەسەر دیوارەکانی ناوەوەی ئەشکەوتەکە. فیگەرەکان بەشێکیان بریتین لە ژنە خواوەندەکان لەکاتی سەماکردندا، یان خواوەندی تر کە لەسەر پشتی گیانلەبەراندا وەستاون، یانیش تەنیا وێنەی ئەو گیانەوەرانەی کە تاکو ئەمرۆش لەسەر فەرشە کوردییەکاندا وێنەیان دەبینین. بەشێکیشیان بریتین لە دیمەنی شکار و ڕاو، هەندێکیشیان ئەو تەدارەکە (طقوس) دینییانەمان بۆ دەگێرنەوە کە مرۆڤی ئەو چاخە لەناو ئەشکەوتەکەدا سازیان کردووە.

هەمان مەڵبەندی باشووری شاری وان، کە یەکەمیان (٦)کم و دووەمیان (١٥٠) کم دووره لە ناوشار، پڕن لەم جۆرە وێنە و نیگارانەی کە هۆگ هۆنور و جۆن فلیمینگ باسیان دەکەن. وێنەکانی گوندی (ترشین) بەسەر تاشەبەرد و ڕەوەز و قەدپاڵەکانەوە، بە تەواوەتی وەک مۆزەخانەیەک وان لەبەر هەوا و هەتاوی ئەو مەڵبەندەدا. هەر هەموویان بە یەک جۆر تەکنیک کراون : هەڵکۆڵین، یان ڕنینی بەردەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی ئەو سەردەمە بەردینانە، لەو مەڵبەندەدا شێوازێکی هەبووە. ئەم نیگارانەی گوندی (ترشین) کە مێژووی دروستکردنیان دەگەرێتەوە بۆ(٤٠٠٠ پ.ز) زۆربەیان بریتین لە گیانەوەر و دیمەنەکانی ڕاو.

مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، چۆن بۆ یەکەم جار کشتوکاڵ و ئاوەدانی لە کوردستان (لە شانەدەر و هەزارمێرد و زاوی چەمێ) سەریان هەڵداوە، بە هەمان شێوەش سیرامیک (فخار) بۆ یەکەمین جار لە مەڵبەندی چەرمۆ دروست دەکرێت و پاشان لە تەپەگۆران لە کوردستانی ئێراندا، ئینجا بە مەڵبەندەکانی دیکەی دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

کەواتە، ڕاستە : کوردستان یەکەم لانکەی سەرهەڵدانی شارستانیەت و هونەرەکان بووە.



**گوڵتەپە هۆیووک: باکووری شاری قەیسەری لە کوردستانی تورکیا. لە گەچ دروست کراوە. بەرهەمی حیتییەکان**

بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین: سەرهەڵدانی نیگار و لەدایکبوونی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی پێش مەسیح، واتە بۆ ئەو سەردەمە دێرینە سەرەتاییەی کە کورد لە ئەشکەوت و لە دەشتەکاندا دەژیا.

مەڵبەندی (زاوی چەمێ)، ٤ کم لە ڕۆژئاوای ئەشکەوتی شانەدەر، بە کۆنترین مەڵبەندی نیشتەجێ بوون لە کوردستانی عیراقدا دەژمێردرێت.

لە چاخی بەردینی ناوەند دا (١٣٤٠٠ ساڵ پێش ئەمرۆ)، ئەو کاتەی مرۆڤ لە قەراغ گۆم و دەریاچە و لە دەشتەکاندا دەژیا لە کوردستان، ئامێرەکان پێشکەوتنێکی دیاریان بە خۆوە بینی: ئامێر لە پارچەی بچووکی دار و بەرد و ئێسقان، لە شێوەی ئەندازەیی ڕێکدا دروست دەکران، وەک سەرەنێزە و داس و چەقۆ.

سەبارەت بەوەی کوردستان یەکەمین لانکەی ژیانی کشتوکاڵی بووە لە جیهاندا، یەکەمین شوێن کە نیشانە و ئاسەوارەکانی ئەم قۆناغەی تێدا دۆزرابێتەوە، بریتییە لە ئەشکەوتی (زەرزی) ی سەر بە سلێمانی، کە لە ساڵی ١٩٨٢ دا دۆزراوەتەوە. لەم ئەشکەوتەدا کۆمەڵێک ئامێری بەردینی وردی شێوەی (سەوانی) دۆزراونەتەوە کە شێوەی ئەندازەیی جۆراوجۆریان هەبووە و بۆ دروێنەی دانەوێڵە و ڕاو بەکارهاتوون، شایانی باسە، ئەم قۆناغە پیشەسازییە لە مێژووی کۆنی عیراقدا ناوی لێنراوە



**لە دەستە چەپەوە: عەشتاری خواوەند، برۆنز، قەرەهۆیووک (کوردستانی تورکیا): ١٥٠٠ پ.ز. مۆزەخانەی توویبینگن (ئەڵمانیا). دووەم و سێیەم: خواوەندێکی حیتی و پەیکەرێکی دیکە، لە عەرەبگیر (نزیک دیاربەکر) دۆزراونەتەوە**

پیشەی زەرزی (الصناعة الزرزية)، ئەمەش لەبەر ناوی ئەشکەوتی زەرزی.

چەندین ئامێری هاوشێوەی ئەوان لە ئەشکەوتی (باڵی کوورا) لە نزیک (سلێمانی) دۆزراونەتەوە (٤)، ئەو ئامێرانە شێوەی ئەندازەییان هەبووە و لە ئاسن دروست کراون، یانیش لە ئێسقانی ئاژەڵ. ئاسەوارەکانی ئەم چاخە بەردینە ناوەندە، بە شێوەیەکی روونتر لە مەڵبەندی کەریم شەهر دۆزراونەتەوە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ بە ٩٠ کیلۆمەتر. هەروەها لەم ناوچەیەدا چەند ئامێرێکی کشتوکاڵی وەکو داس و کوتک و هاوەن، لەگەڵ چەند ئامێرێکی دروێنە و گەنم و رووەک کوتانەوە دۆزراونەتەوە.

کۆڵینەوە لەم ئامێرانە، کە مێژووی دروست کردنیان دەگەرێتەوە بۆ (١٣ ٤٠٠) ساڵ پێش ئەمرۆ، ئەوە نیشان دەدەن کە مرۆڤی سەرەتایی کورد لەم قۆناغەدا هەستی هونەری و جوانیی هەبووە، تازە خەریک بووە نیگار و فۆرم ببەخشێتە کەرەستە و ئامێرەکان. تا ئێستاش گەلێک لەو ئامێرانە (تەور، قاپ و قاچاغ، تیر، چەقۆ..) ماون لە ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد و چەرموو و زەرزی و باڵی کوورە و شانەدەردا.

لە سەردەمی ژیانی ناو ئەشکەوتەکانیشدا، مرۆڤی کورد وێنەی گیانەوەرانی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دەکێشا، بەمەش واتێدەگەیشت کە ئیتر توانیویەتی دەسەڵات بەسەر ئەم گیانەوەرانەدا بگرێت.

کەواتە، نەخش و نیگاری سەردەمە دێرینەکانی پێش زایینی مەسیح لە دەشت و دەر و لەناو ئەشکەوتەکانی شانەدەر، چەرموو، گردی قالنج ئاغا، زێوە، بەردە بالکە، هەزارمێرد... بە یەکەمین کەرەستە نەتەوەییەکانی کورد دەژمێردرێن لە ژیانی هونەری نیگارکێشاندا؛ یەکەمین قۆناغی هونەری نیگارکێشان لای کورد پیشان دەدەن.

سیرامیکەکانی مەڵبەندی چەرمۆی کوردستانی عیراق، کە یەکەمین جۆری سیرامیکن لە مێژووی ژیانی مرۆڤدا، زەمینەیەکی زەردیان هەبووە؛ بە رەنگی سوور نەخشیان لەسەرکراوە. هێڵەکانیان یەکتربڕ بوونە. بە (سیرامیکی بۆیەکراوی چەرمۆ) ناسراون. هاوشێوەیان لە (تەپەگۆران) ی کوردستانی ئێراندا دۆزراونەتەوە. واپێدەچێ یەکێکیان سەرچاوەی ئەوەی دووەم بێت. لە ساڵانی (٦٣٠٠ - ٦١٠٠) دروست کراون.

بەڵام سیرامیکەکانی تەل حەسونە لە باشووری مووسڵ، کە مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ چاخی بەردینی مەعدەنی (٥٦٠٠ یان ٥٠٠٠ - ٣٥٠٠ پ. ز) بە شێوەیەکی گشتی رەنگین: پەمبە، پرتەقاڵی، بوننی، دیوارەکانیان رەشە. مێژوونووسەکان بەسەر سێ جۆریان دابەش کردوون. هەروەها مەڵبەندەکانی/ ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد لە (دەشتی بەرانانی نزیک سەرچنار لە سلێمانی) و شانەدەر (لە ناوچەی برادۆستی سەر بە هەولێر) و تەل حەلەف (لەسەر سنوری باکووری عێراق - سوریا) و گەنج دەرە لە کوردستانی ئێران و تەل حەسونە؛ گرنگترین ئەو مەڵبەندانەی کوردستانن کە سیرامیک تێیاندا بڵاو بۆتەوە و پەرەی سەندووە.

نیگاری سەر ئەم سیرامیکانە، بەشێوەیەکی گشتی شێوەیی یان ئەندازەیی بوونە، زۆربەی جار هێڵەکان، لە شێوەی چەماوەییدا، یان یەکتربڕبوونە، یەک رەنگ یان سێ. فیگەرەکانیش بریتین لە دیمەنەکانی سروشت، گەڵا، درەخت، باڵندە، ماسی، گیانەوەران.

تۆژینەوە لە نەخش و نیگار و سیرامیکەکانی ئەم چاخانەی پێش مێژوو لەپێناو ئەم ئامانجانەدایە:

١- لەپێناو زانینی ئاستی هونەری - کولتوری ئەو گرووپە مرۆییە دێرینانەی کە درەنگتر نەژادی کورد پێکدەهێنن.

٢- ناسینی ئاستی چێژ و بەهرە و توانای مرۆڤ و هونەرمەندەکانیان، تەنانەت سوود لێ وەرگرتنیشیان بۆ ئەمرۆ.

٣- لە پێناو ناسینەوەی ئەو پێوەندییە ئەتنیکی (نەژادی) و کولتوورییانەی کە لە نێوان گرووپە مرۆییەکان و دراوسێکانیاندا هەبووە .

٤- بەتوێژینەوە لەم نەخش و نیگار و سیرامیکانە، ئەوەمان بۆ وەدیار دەکەوێت کە شوێنی دۆزینەوەی ئەم کەرەستانە شوێنێکی دێرینە و مرۆڤی کوردی چاخە بەردینەکانیان تێدا ژیاوە.

٥- لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیاشەوە ئەمە ساغ دەکرێتەوە کە چ جۆرە مرۆڤێکی سەر بە کام چاخ لەم شوێنە ژیاوە؟ جۆری جەژن و تەدارەکە دینی و تیرەییەکانی ئەم جۆرە مرۆڤە چی و چۆن بووە؟ بۆ نموونە لە (تەل حەسونە)ی نزیک مووسڵ و لە گردی (قالینج ئاغا)ی نزیک هەولێر هەندێ جۆری سیرامیک لە شێوەی قاپ و قاچاغ دروست کراون کە مرۆڤی ئەو سەردەمە لە کاتی ناشتنی کۆرپەکانیان دەیانخستە ناو گۆڕەکانیانەوە بۆ ئەوەی لەو دنیا سوودیان لێ وەربگرن.

مرۆڤی پێش مێژوو
- ٢٨٥٠
پێش سەرهەڵدانی نووسین

| بەروار | قۆناغەکان | گرووپە مرۆییەکان، ژیانیان |
|---|---|---|
| یەک ملیۆن ساڵ پ. ز | چاخی بەردینی دێرین یەکەم قۆناغی پێش مێژوو | مەیموونی لە مرۆڤچوو و مرۆڤی لە مەیموونچوو |
| ١٠٠٠٠٠ ساڵ پ. ز | چاخی بەردینی ناوەڕاست دووەم قۆناغی پێش مێژوو | مرۆڤی نیاندرتاڵ لە ٦٠٠٠٠ تا ٤٥٠٠٠ پ. ز لە ئەشکەوتی شانەدەر (نزیک خەلیفان لە هەولێر ١٢ کم) ژیاوە. |
| ٣٥٠٠٠ پ. ز | چاخی بەردینی باڵا دوایین قۆناغی پێش مێژوو | مرۆڤی نیادرتاڵ لە ٣٥٠٠٠ - ١٠٠٠٠ پ. ز لە ئەشکەوتی شانەدەر دانیشتووەکەی چاندووە. (٧١٤) پارچە ئامێری جۆراوجۆر لە شوێنەواری شانەدەر دۆزراوەتەوە. |
| ٩٠٠٠ یان ٨٠٠٠ پ. ز | چاخی بەردینی ئیپیپالیۆلیتیک | گۆڕانکاری کەش و زینگە، سەرهەڵدانێکی توند و تیژ، دابەشبوونێکی نوێی جوگرافی و ئیزۆگرافی زەمین. پێشکەوتنی چاخی بەردین. ئەزادی سەر بە مرۆڤی ئەمرۆ فراوان دەبێت. |
| | چاخی بەردینی میزۆلیتیک | مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، لە کوردستان، لە ئەشکەوت و ساڵەمەندەکانی کەریم شاهیر، زاوی چەمی، شانەدەر، هەزار مێرد، ساڵەمەندی جەرمۆ، چەتاڵ هۆیووک.. کشتوکاڵ دەکات و نیشتەجێ دەبێت، مەڕ و ماڵات بەخێو دەکات و ڕووەک پەروەردە دەکات. بە هەمان شێوە لە ٨٥٠٠ - ٨٠٠٠ لە گەنج دەرە لە کوردستانی ئێران و لە تەل ئاسیاب لە نزیک کرمەشان لە ٨٠٠٠ - ٧٥٠٠ دا. |
| | چاخی بەردینی نیۆلیتیک | |

**سەرچاوەکان:**


U. Bahadir Alkim :Archeologie d Anatolie, ed . nagel, Paris: 1968.

Hugh Honour , J . FLGMING: Aw-orld History Of Art, 3 ed., London: 1991, P . 20 - 29.

Prof . Robent J. BRAIDWOOD: : The Iraq - Jarmo projeet, in Sumer, v . 2 . Baghdod : 1954 .

P . AMIET : L Art Antque, du proche orient , paris : 1973

Jean DELORM :chronoiolgie des civilisations , Presse in . F . , 4 ed . , Paris : 1969

gagine Boudet : chronolegie universelle , ed . Bordas , Paris : 1983

Dr. oktay Belli : Van Capital de e Urartu , ed . net, istanbul ,4 me ed . 1989 . p . 8

A . Godasd : Le Tresor de Ziwiye Harlem : 1950

آرنور پوپ : آشنایی با مینیاتورهای ایران ، ت : حسن نیر ، مرکز نشر کتابهای طراحی و نقاشی ، تهران : ١٩٩٨ ، ص ٧ - ٩

فریدون بیگلری : تاریخچە تحقیقات باستانشناسی در کرمانشاه ، ئاوێنە، ژمارە (١٧ - ١٨ ) . تاران : ١٣٧٥ ، ل ١٠٦ - ١٠٨

حبیب الله صمدی : کردستان در چهل هزار سال پیش، مجلە (بغستان) جلد اول. شمارە اول، ص ٣٨-٣٩. تهران : ١٩٦٣.

# پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی

## باسێکە سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی شانۆ لە کوردستاندا تا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)

**گۆران عەلی کەریم**
**(سلێمانی)**

**(١ – ٢)**

بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هەر بابەتێکی مێژوویی بێگومان دەبێت کەسی نووسەر ئارشیفێکی نووسراو، یان بینراوی لەبەردەستدابێت تا بتوانێت لە ڕێی ئەو ئارشیفە نووسراو و بینراوەوە جەختی زیاتر بکاتەسەر نووسینەکەی واتا باگراوندێکی لە پشتەوە بێت، بەتایبەت دەبێ ئەو باگراوندە باگراوندێکی مەعریفی بێت، بەڵام جێی داخە کە لاوازترین چەمک لەناو کایەی ڕۆشنبیری شانۆییدا ئەوەیە کە مێژوویەکی پەرتەوازە و دەتوانم بڵێم ونی هەیە، چونکە مێژووی شانۆییمان تا ئێستا نەچۆتە ناو نووسراو و بینراوێکی ئارشیفیەوە ئەوەی کە هەیە و دەزانرێ لە ڕێی گێڕانەوەی سەرزارەکییە، یان هەندێک دەقی کەم نەبێ، بۆیە دەکرێ بڵێین شانۆکاری کورد هەژارییەکی گەورەی هەیە لەناو ئەو بەرهەمە شانۆییانەی کە لە ڕابردوودا نووسراون و نمایش کراون. من لەم نووسینەمدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە تیشک بخەمە سەر لایەنە مێژووییەکەی شانۆی کوردی کە هەمووشمان ئەوە دەزانین کە مێژووی شانۆمان مێژوویەکی زۆر نزیکە ئەوانەی کە لەسەرەتادا کاریان کردووە وەک پراکتیک زۆربەیان لەژیاندا ماون، بۆیە دەکرێ بڵێم من قسە لەسەر تەمەنێکی کورتی ئەو ناوەندە دەکەم، تەنیا ئەم حاڵەتەش لەوەوە دروست بوو کە دەمویست بگەڕێمەوە بۆ ڕابردووی شانۆ هەمیشە بەردەم بەتاڵاییەکی گەورە دەکەوتم، چونکە زۆر بە کەمی قسە لەسەر ئەزموونەکانی شانۆ لە ڕابردوودا کراوە بەر لەوەی بچمە ناو باسەکەوە دەمەوێ قسە لەسەر زاراوەیەک بکەم کە لەم باسەدا بە کاری دێنم کە ئەویش (شانۆی کوردی)یە دەکرێ ئەو زاراوەیە (شانۆی کوردی) تا چەندە بمخاتە بەردەم گومانەوە، چونکە دەپرسین ئایا ئێمە شانۆمان هەیە تا شانۆی کوردیمان هەبێ؟ من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنا دەبەمە بەردەم هەموو نەتەوەکان کە ئەگەر سەیریان بکەی تەنیا بۆ ناساندنی خۆشیان بێ ئەوا بەناوی نەتەوەکەیانەوە باس لە شانۆ دەکەن وەک (شانۆی عەرەبی) کە لەناو شانۆی عەرەبیدا هەر وڵاتەی شانۆکەی بەناوی خۆیەوە دەناسێنێ وەک شانۆی (عیراق و توونس و سووری و میسری و...تاد) یان شانۆی (فارس) (فەرەنسی) (ئەمەریکی)تاد. لەسەر ئەم ئاستەبەندییە منیش هەستم کرد دەکرێ شانۆ بۆ ناسین بەناوی نەتەوەکەوە ناوببرێ.

ئەم بابەتەی من لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە بوونی شانۆی کوردی لە کوردستاندا، کە بەداخەوە زۆری باسەکە پانتایی شانۆی سلێمانییە، چونکە نەبوونی ناوەندێکی ئارشیفی شانۆکاران شارەکانی کوردستانی بەیەک نامۆ کردووە، کە زۆرجار بە ڕێکەوت دەزانین فلان دەرهێنەر، یان ئەکتەر، یان نووسەر لە شارێکی کوردستاندا خاوەنی ئەزموونی جدییە، کە دەڵێم کوردستان مەبەستم لە هەر چوار پارچەکەیەتی. سەرەتا دەپرسین ئایا ئێمە خاوەنی

شانۆیەکین بەناوی شانۆی کوردییەوە؟ ئایا ئێمە خاوەنی چ شانۆیەکین لە ڕابردوودا؟ ئەگەر سەیری نووسین و لێکۆڵینەوە بکەین لەناو کایەی شانۆدا ئەوا بەداخەوە هەتا ئەم ساتەوەختەی ئێستامان هیچ نەوەیەکی نوێ نییە کە ئاگادار بێت ئەوانی بەر لەخۆیان چۆن خەریکی کاری شانۆیی بوون، کە بێجگە لەو چیرۆکە سەرزارەکییانە نەبێت کە لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، یان لە مەراقی دڵی شانۆکارێکی کۆندا کە باسی کارکردن و چۆنیەتی نمایشەکانی خۆیان دەکەن، کە دیسانەوە ئەمەش ناچێتە ناو چوارچێوەی هیچ کردارێکی تیۆری نووسینەوە، چونکە نەوەکو یادەوەری باسی لێوە دەکەن، نەوەکو ڕەخنە قسەی لەسەر دەکەن. دەبێ ئەوە بزانین کە تا ئێستاش ئێمە خاوەنی ڕەخنەگری شانۆیی نین بەو مانایەی کە ڕەخنەگرێک بێت بتوانی گرنگی بخەیتە سەر بۆ کەشفکردنی ئاستێکی دیاریکراوی کارکردنی شانۆیی، ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا بێجگە لە پیاهەڵدان و موجامەلەکردنی نمایشەکان و کەسایەتییەکان نەبێت هیچی تریان نەوتووە. دەتوانم بڵێم ئێمە دوو جۆرە ڕەخنەگری شانۆییمان تیا دروست بووە (ئەویش بە پشت بەستن بەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە بابەتی ڕەخنەی تیا بەرچاو دەکەوێ) بەشێکیان کە ناوی ڕەخنەگریان لە خۆیان ناوە لە نووسینەکانیاندا بجێگە لە ڕیزکردنی ناو ئافەرین و پیا هەڵدانی هاوڕێ و دۆستەکانی خۆیان نەبێ هیچی تریان نەکردووە، بەشەکەی تریان کە چەند نووسینێکی کەمە ئەمانیش بەتەنیا چەند گریمانەیەکی تایبەتی خۆیانیان هەیە و دەیچەسپێنن بەسەر نمایشدا، چونکە زۆرجار هیچ ئاماژەیەکیان هەڵقولاوی ناونمایش نییە، یان خۆیان لەو ئاستە تەکنیکی و هونەرییانە نادەن کە نمایش داوای دەکات بۆیە وەک بابەتێک لە دەرەوەی نمایش دەمێنێتەوە و هەرگیز ئەو کارە شانۆییە نابێتە خاوەنی هیچ شتێک بەو نووسینە دەبێ ڕەخنەگر قسە لەناو سیستەمی کارکردنی شانۆییدا بکات، قسە لەناو خودی کارەکەدا بکات کەشفی نهێنییەکانی نمایش بکات باس لە ساتی پێگەیشتنی نمایش بکات قسە لەناو تەکنیکی ئەکتەر و دەرهێنەردا بکات پرسیار بخاتە سەر زمانی نمایش، کە بەداخەوە ڕەخنە لە کوردستاندا وەک قاموسێکی ئارشیفی وایە. ئەگەر سەیری مێژووی شانۆی جیهانی بکەین ئەوا بێ گرفت لە بەردەم نەوەکاندا دەمێنینەوە و هەموو نەوە نوێیەکان دەتوانن بەردەوام ئاگاداری ڕابردووی خۆیان و بزانن کە پێش ئەوان کۆمەڵگاکەیان لە چ ئاستێکی کارکردندایە، دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانین کە ئەوروپا خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی



گەورەیە هەمیشە پارێزگاری لەسەرجەم بەرهەم و سەردەمەکانی خۆی دەکات. نەک هەر ئەوروپا، بەڵکو زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش لە پارێزگاری کردنی ڕۆشنبیری خۆیانن، چونکە شانۆ یەکێکە لە کایە ڕۆشنبیرییە فراوانەکان، بەڵام ئەگەر نەوەیەکی نوێ هیچ سەرچاوە و هیچ تیۆرییەکی ڕابردووی لەبەردەمدا نەبێت ناچارە قسە لە پرسیارێک یان تەکنیکێک بکات کە ڕەنگە بەر لەویش قسە لەسەر ئەو دیاردەیە کرابێت. دەبینین شانۆ لە کوردستاندا زۆرجار لە قۆناغێکی بازنەییدایە و بەردەوام بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمەی کورد خاوەنی شانۆین دەبێ سەرەتا ئەوە بزانین کە مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ لە کوردستاندا لە کەیەوە سەرهەڵدەدات؟

بەپێی ئەو سەرچاوەیەی کە (د. فەرهاد پیرباڵ) لە کتێبی (مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی کوردی)دا دەیخاتە ڕوو یەکەم دەقی شانۆی کوردی دەقی (مەمی ئالان)ی (عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری)یە کە لە ساڵی (١٩١٩)دا نووسیویەتی، من تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ئارشیفی بەردەست نەکەوتووە لەم مێژووە کۆنتر دەقی شانۆی نووسراوی لەخۆ گرتبێ. بەپێی ئەم سەرچاوەیە دەبینین کە شانۆی کوردی چەند لە دوای شانۆی هەموو گەلێکی سەر ئەم زەمینەوەیە. شانۆ یەکێکە لەو کەرەستانەی کە لە دوای هونەرەکانی ترەوە دێت بۆ کورد وەک (موزیک و شێوەکاری) لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە لەدوای ئەدەبی شیعر وچیرۆک شانۆ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا لە دایک دەبێ، کاتێک شانۆ دێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە کورد لە ڕووی عەقڵییەوە دواکەوتوو بووە، دەبێ ئەوەش بزانین کە دەقی (مەمی ئالان)ی (عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری) وەک شانۆ لەوکاتەدا مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو زیاتر وەک چیرۆک سەیر کراوە، چونکە پاش چەندین ساڵ دوای نووسینی ئەم دەقە دەخرێتە سەر تەختەی شانۆ، ئەم دەقە یەکێکە لە دەقە زیندووەکانی شانۆی کوردی کە تا ئێستا توانیویەتی زیندوێتی خۆی بپارێزێ، تەنیا دەقێکە

لەمێژووی شانۆی کوردیدا توانیبێتی قسە لەسەر بیرۆکەیەکی تایبەتی کۆمەڵگاکەی بکات و تا ئێستاش چیرۆکەکەی بە زیندوویێتی مابێتەوە و وەک کایەیەکی ئەدەبی قسەی لەسەر کرابێت. ئەگەر دەقی (مەمی ئالان) بە کۆنترین و مێژوویترین دەقی شانۆیی دەستنیشان بکرێت ئایا لە ڕووی پراکتیکییەوە واتا لە ڕووی نمایشەوە شانۆ چۆن لە ڕابردوودا لەبەردەم بینەراندا نمایش کراوە؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زیاتر نموونەکانم لەسەر شاری سلێمانییە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئاگاداری ئەم ناوچەیەم زۆر بە کەمی شارەکانی تر ئاگادارم و ئەوەندەی کە ئاگادارم قسەی لەسەر دەکەم. بەپێی ئەو بۆچوون و باسکردنانەی کە بیستبێتم یان لە کتێبەکەی (حەسەن تەنیا) (شانۆ و شانۆی کوردی)دا خوێندبێتمەوە باس لەوە کراوە کە شانۆ لە ساڵانی بیست و سێیەکاندا لە سەیرانگاکان و بۆنە نیشتمانیەکاندا پێشکەش کراوە، بەڵام ئەوەی من لەم نووسینەمدا باس دەکەم تا چەند بەشێوەیەکی دروست (شانۆ)یە، ئەگەر بەشێوە زانستییەکەی سەیری بکەین ئەوا هیچ تایبەتمەندێتییەکی شانۆی تێدانییە، بەڵام وەک ناسین و زانین پێی دەڵێم (شانۆ)، چونکە ئەو کارانەی کە لەو سەردەمەدا نمایش کراون تەنیا وەک لاساییکردنەوە بووە، ئەم لاساییکردنەوەیەش بەو مانایە نا کە (ئەرستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا باس دەکات، لای (ئەرستۆ) لاساییکردنەوە دەچێتە ناو خانەی کردارەوە، بەڵام ئەم لاساییەی کە لەناو ئەو کارانەدا بووە بێ هیچ کردارێک بەرهەم هاتووە، کردار لە شاتۆی کلاسیکی و واقیعیدا بنەمای شانۆیە، بەڵام لەو کارە سەرەتاییانەی شانۆی کوردیدا بێ کردار و بێ بنەما بووە، بۆ نموونە کەسێک لاسایی حاڵەتێکی پێکەنیناوی کردووە کە زیاتر ئەم لاساییکردنەوانە پیاوێکی قۆشمە و قسەخۆشی شارەکە پێی هەڵدەستا کە چند بەسەرهاتێکی خۆشی بە جووڵەوە باس دەکرد (ئەوەندەی بیستبێتم لە هەموو شوێنێکی کوردستان، سەرەتا شانۆ بەم شێوەیە دەستی پێکردووە). لەو سەردەمانەدا خەڵکی کۆدەبوونەوە لە جێگایەک کە بۆ کات بردنەسەر خۆشی خۆیان دەچوونە دەرەوەی شار و لەوێ کۆ دەبوونەوە، دەستەیەک دروست دەبوون و دەستیان دەکرد بە قسەی خۆش و نوکتە و بەسەرهات بەجووڵەوە یان لە بۆنە نەتەوەییەکاندا کاتێک خەڵکی کۆدەبوونەوە دەستەیەک کە بەسەرهاتی بۆنەکەیان بە جووڵەوە باس کردووە بۆ نموونە (جەژنی نەورۆز) کە تێیدا چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەر) یان نمایش کردووە، بەڵام ئەمانە هەمووی ڕوویەکی سادەی شانۆ بوون، یان دەتوانین بڵێین بە هیچ شێوەیەک شانۆ نەبوون دەمەوێ خوێنەر ئاگادار بکەمەوە کە بۆچی بەم شێوە مێژووییە باس لە شانۆی کوردی دەکەم، لەبەر ئەوەی کە سەرەتای سەرهەڵدانەکەی بزانرێ تاوەکو لە دوایيدا کە قسە لەسەر نمایش و کارە نمایشیەکان دەکەم خوێنەر بزانێ لە چی دیدگایەکەوە من قسە لەسەر ئەو ئاستە دەکەم، یان خوێنەر ئەوە بزانێ کە دروستبوونی شانۆی کوردی چەند بەشێوەیەک سادە و ساکار دروست بووە کە خاوەنی هیچ گومان و پرسیارێک نەبووە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم مێژووی شانۆ تا ئێستا لە ئاستێکی نەزانراوایە ئەگەر کەسانێک قسەشیان لەسەر ئەو مێژووە کردبێ ئەوا بەشێوەیەکی ڕێز و پیرۆز سەیریان کردووە کە ئەمە هەرگیز نووسینی تەندروست نییە، چونکە هیچ شتێک لەدونیادا لەسەر بنەمای ڕێز و پیرۆزی دروست نابێت، منیش هەوڵدەدەم ئەو پیرۆزی و ڕێزانە تێک بشکێنم و شانۆکاری کورد لەوە تێبگات کە دروستبوونێکی چەندبێ بنەما شانۆ هاتۆتە ناو کولتووری کوردییەوە. ئەگەر سەیری مێژووی دروستبوونی شانۆی ئەورووپی و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش دەبینین کە شانۆ لەبەردەم چ پرسیار و گومانێکی مرۆڤانەدا لە دایک بووە. شانۆی (ئەسینا)ی کۆن بە نموونە وەردەگرین، دەبینین کە شانۆی ئەسینا لەبەردەم چ ساتەوەختێکی وجودیدا لە دایک بووە بۆ نموونە سرووتە ئاینیەکانیان و پاڕانەوە لە خۆر و لەخوداکانیان دڵەڕاوکێیەکی گەردوونی مرۆڤی بووە کە بەشێوەیەکی گشتی هەموویان بەشدارییان تێدا دەکرد، لە ئەسینای کۆندا کاتێک خۆرئاوادەبوو خەڵکی کۆدەبوونەوە بە دەنگ و جەستە لە خۆر دەپاڕانەوە کە بەجێیان نەهێڵێ کاتێک کە ڕۆژهەڵدەهات وا هەستیان دەکرد کە پاڕانەوەکانیان کاریگەری هەبووە، دەبینین ئەم سرووتەی ئەسینای کۆن ڕیتمێکی مرۆڤانەی هەبووە کەواتە پێکە کۆبوونەوەی ئەوان بۆ پرسیارێکی وجودی مرۆڤایەتی بووە. کاتێکیشی شانۆ وەک (دەق) و نمایش لە (ئەسینا)ی کۆندا دروست دەبێت دیسانەوە بە پرسیاری مرۆڤەوە ئامادەی هەیە، پرسیاری مرۆڤ لەگەڵ خواکاندا لەگەڵ چارەنووس و ژیانیاندا، بە نموونە دەقی (ئۆدیب پاشا)ی (سۆفۆکلیس) وەربگرین کە تا ئەم سەردەمەی ئێستاش مرۆڤ لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە کە سۆفۆکلیس لە دەقی (ئۆدیبی پاشا)دا کردوویەتی. بەم شێوەیە تێدەگەین کە شانۆ بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو پرسیارە لە خودی مرۆڤ بۆیە دەبێ شانۆ بەر لە هەموو شتێ پرسیاری وجودی و فەلسەفی بێت، شانۆ بەهۆی پرسیار و قەلەقییە مرۆڤایەتییەکانەوە دەتوانێ قورسایی بخاتە ناو کولتووری مرۆڤایەتییەوە، بەڵام بەدرێژایی



مێژووی شانۆی کوردی تەنیا دەقێک نابینین کە خاوەنی پرسیارێکی درێژکراوەی مرۆڤ بێت. دەقێکمان نییە کە پرسیار بوروژێنێ یان نابینین نمایشێکمان لە سەردەمی پێشوماندا لەبەردەم پرسیار و گوماندا بمان وەستێنێ، هەر لەو سەردەمەدا شانۆ کاتێک لە دایک دەبێ خاوەنی هیچ پرسیار و گومانێک نییە خاوەنی تەنیا دێڕێک نییە بۆ مرۆڤی کوردی، شانۆ لەوکاتەدا هەرگیز بینەری تووشی بیرکردنەوە نەکردووە، هەرگیز نەیتوانیوە بینەر تووشی هیچ هەڵوێستێک بکات. ئەم حاڵەتە چ لە ڕووی بابەتییەوە و چ لە ڕووی تەکنیکییەوە لەناو هیچ کارێکدا نابینرێ. شانۆ نەیتوانیوە لەو کاتەدا نە نووسەر نە دەرهێنەر نە ئەکتەر دروست بکات، دەبینین ئەو سەرەتایانەمان بەتاڵ بووە لە شانۆ کەسانێکی پیشەیی نەبوون کە خەریکی کاری شانۆ بن لەو سەردەمەدا شانۆ شتێکی حەرام بووە خەڵکی بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەوانەی دەکرد کە لە شانۆدان، چونکە ساتی دروستبوونی شانۆ بەشێوەیەکی خراپ دەستی پێکردووە بێ هیچ بنەمایەک بۆیە لای خەڵکیش بەهیچ شێوەیەک جێی بایەخ نەبووە.

ئەگەر لە ڕووی زاراوەوە سەیری زاراوەی (شانۆ) بکەین لە کوردستاندا زۆر نوێیە دروستبوونی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان کە (گۆران)ی شاعیر وەک زاراوە وشەی (شانۆ) دێنێتە ناو ئەدەبیاتی کوردییە«١»وە و خەڵکی بۆ ماوەیەکی درەنگ بەم وشەیە ئاشنا بوون. بەر لە گۆرانی شاعیر زاراوەی (تیاتر) بەکارهاتووە«٢» پاشان شانۆکاران زانیویانە (تیاتر) قورسە و بگرە خەڵکی بۆ شوێنی (سۆزانی خانە) بەکاری دەهێنن وشەکەیان گۆڕیوە بە (تەمسیل) کە ئەمیش لە (تمثیل)ی عەرەبییەوە وەریان گرتووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو تا دۆزینەوەی مێژووی ئەم زاراوەیەش (شانۆ) ئێمە خاوەنی تەنیا یەک نمایش نین کە هەڵگری پرسیار و تەکنیک بێت، یان هیچ کەسێکمان نییە لە شانۆکاران کە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆی بێت، دەکرێ بڵێم بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان ئەوەی کە وەک شانۆ لە ڕابردوومان مابێتەوە دوو دەقی شانۆیین کە بە بڕوای من دەقی یەکەمیان زیندووترە کە دەقی (مەمی ئالان)ە دەقەکەی تریش (کاوەی ئاسنگەر)ە. کە دیسانەوە کێشەی ئەم دوو دەقەش لەوەدایە کە تەنیا گێڕانەوەی لایەنە مێژووییەکەی ڕووداوەکانە، نەک نووسەر گەڕابێت بە شوێن دۆزینەوەی چەمکی نوێدا، ڕەنگە کەسانێک هەبن دژایەتی ئەم بۆچوونەم بکەن سەبارەت بە تەنیا قسەکردنم لەسەر ئەو دوو دەقە (مەمی ئالان و کاوەی ئاسنگەر) بەڵام منیش دەپرسم کامانەن ئەو دەقانەی کە توانیویانە قورسایی خۆی دەستنیشان بکەن لەو کاتەدا. دەبێت ئەوە بڵێم کە شانۆی (کاوەی ئاسنگەر) چەند نووسەرێک نووسیویەتی. ئەم دوو دەقە لە زۆربەی شارە جیاجیاکانی کوردستان نمایش کراون لە هەر چوار پارچەکە.

کوردستانی باشوور کۆنترین شوێنە کە لە چاو شوێنەکانی تری کوردستاندا شانۆی تیا لە دایک بوو بێ، چونکە کوردستانی ڕۆژئاوا تا ئێستاش شانۆی تیا دروست نەبووە بەشێوەیەکی جدی، باکووریش ئەوەندەی کە پێیان وتووم مێژووەکەی کۆنتر نییە لە باشوور کە بە داخەوە من هیچ شتێکی نووسراوم بەرچاو نەکەوتووە لە کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا، سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوپێکەوتنێکی (د. قوتبەدین سادقی) هەیە لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) باس لە مێژووی شانۆی کوردی دەکات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان. دیسانەوە جێی داخە بۆ ئەم نووسینە کە نەمتوانیوە لەم بەشەی نووسینەمدا بێجگە لە شاری سلێمانی گرنگی بدەم بە هیچ شار و شوێنێکی تر ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە من ئاگاداری شوێنەکانی تر نیم ئەگەر ئاگاداریش بم هیچ بەرهەمێکی داهێنراوم تیا نەبینیوە یان نووسراوێکی لەسەر نییە یاخود تەقلیدکردنەوەی ئەزموونەکانی شانۆکارانی شاری سلێمانییە.

ئێمە سەردەمێکمان لەبەردەمدایە کە توانیویەتی هەندێک ئەرشیف لە پاش خۆی بەجێبهێڵێ ئەویش ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانە، دەکرێت هەموو نەوەیەک تەنیا لەبەردەم ئەم ماوە زەمەنییەدا بوەستێ ئەویش بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەندێ بابەت و تۆمارکردنی هەندێ

له نمایشەکان و هەندێ جار نمایشکردنی بەرهەمە شانۆییەکان له تەلەفزیۆنی کەرکووک، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت ئایا تا چەندە ئەو سەردەمە واتا ساڵانی (حەفتاکان و هەشتاکان) توانیویانە سەرەتایەک بۆ شانۆی کوردی دەستنیشان بکەن، بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەمەوێ وەڵامی پرسیارێکی تر بدەمەوە کە ئەم پرسیارە هی ئەو نەوەیە خۆیانە واتا نەوەی ساڵانی (١٩٧٠) تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکان واتا بەر لە ڕاپەڕین کە ئەوان پێیان وایە سەردەمی (حەفتاکان و هەشتاکان) سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردییە، ئەمە قسەیەکە و نەوەیەک خۆیان بە خاوەنی دەزانن، نەوەیەک بەردەوام ئەم قسەیەیان لەسەر زمانە زۆرجار کراوە بە مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەیلێنەوە، بەڵام ئایا بە ڕاستی سەردەمی ساڵانی (حەفتاکان و هەشتاکان) سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردییە؟! ئەگەر ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردییە چۆن و بۆچی سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردییە؟!. دەکرێ سەرەتا ئەوە بڵێم کە تا ئێستا لای ئەو نەوەیەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەک بۆ ئەم ڕستەیەیان نەکراوە تا بتوانن بیکەنە پاڵپشت بۆ ئەم بۆچوونەیان، بەڵام من هەوڵدەدەم چەند خاڵێک بخەمە ڕوو له بەرامبەر ئەم وتەیەیاندا چەند هۆکارێک بخەمەڕوو کە قورسایی شانۆ چی بووە لەو کاتەدا لەسەر کۆمەڵگای کوردی. دەتوانم بەم شێوەیە ئەو خاڵانە پۆلێن بکەم کە بوونەتە هۆی بەرەو پێش چوونی شانۆ لەوکاتەدا.

١- دامەزراندنی هۆڵی شانۆیی، پێشتر لە ساڵانی بەر لە شەستەکاندا هیچ هۆڵێکی شانۆیی نەبووە ئەو بەرهەمانەشی کە نمایش کراون لەناو گۆڕەپان و قوتابخانەکاندا پێشکەش کراون یان هەندێ جار لە کۆڵانەکاندا پێشکەش کراوە، بەڵام کاتێک هۆڵی شانۆیی دروست بوو خەڵکی دەچوونە هۆڵەکانەوە وەک بینەرێکی تایبەت ئامادە دەبوون لە نمایشەکاندا. ئەگەر پێشتر خەڵکی بۆی هەبوایە لە هەر شوێنێکەوە سەیری نمایشەکان بکەن ئەوا لە پاش دروستکردنی هۆڵی تایبەت بە شانۆ بینەر دەبوو هەست بە بەرپرسیاییەت بکات لەکاتی بینینی شانۆیەکاندا، چونکە ئەوکات شانۆ لە شوێنی بینەر جیا کرایەوە بینەر جێگەیەکی هەیە بۆ خۆی و شانۆکارانیش سەر تەختەی شانۆیان هەبووە، ئەم قسەیەی من بەو مانایە نا کە نابێ بەرهەمی شانۆیی لە دەرەوەی هۆڵەکان نمایش بکرێن، بەڵکو دەبێ سەرەتا شانۆ وەک شانۆ بناسرێ پاشان شانۆ بچێتە دەرەوەی هۆڵەکان بە دیدگایەکی نوێوە، کەواتە یەکەم هەنگاو کە شانۆکاران لەو کاتەدا نایان کۆکردنەوەی بینەران بوو لە ناو هۆڵی شانۆدا چونکە بینەر خۆی دەستنیشانی ئەوە دەکات بچێتە ناو هۆڵەکانەوە بۆ بینینی شانۆ لەوکاتەدا شانۆ شوێنگەیەکی تایبەت بە خۆی دەستنیشان کرد. ئەو هۆڵانەشی کە دروست بوو زۆربەی لەناو قوتابخانە و خوێندنگاکاندا بوو ئەگەر ئێستا سەیری ئەو هۆڵانە بکەین ئەوا هیچ بونیادێکی هۆڵی شانۆییان تیا نییە.

٢- پاکژکردنەوەی لایەنە دەروونی و ویژدانییەکانی بینەر چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چ لە ڕووی سیاسییەوە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ ئامادەبوونێکی بە هێزی شانۆ لەوکاتەدا، ئەگەر سەیری بارودۆخی سیاسی کورد بکەین لەو کاتانەدا لە ڕووی سیاسییەوە هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ سەندنی مافی خۆی، تەقەلایەکی زۆری دەدا تا بتوانێ لە ڕووی سیاسییەوە بگات بە ئامانجەکانی خۆی. شانۆکارانیش بۆ ئامانجی سیاسی کورد پەنایان دەبردە بەر شانۆ بۆ بەگژاچوونەوەی داگیرکەرانیان لەبەر ئەوەی شانۆ هونەرێکی بەهێزترە لە هونەرەکانی تر چونکە لە حاڵەتێکی ڕاستەوخۆ دایە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بینەردا. هەر بەم حاڵەتەوە دەبینین زۆربەی نمایشەکانی ئەوکات فۆرمی سیاسییان تێدا بووە ئەم حاڵەتەش بۆ بینەران شتێکی دڵخۆش بوو، چونکە تێیدا دەگەیشتنە قۆناغی (پاکژبوونەوە)، چونکە بەلای بینەرەوە هەستی بەوە دەکرد کە کەسێک هەیە قسەی ناخی و هەستی ئەو دەکات قسە لەسەر پێکەنین و گریانەکانی ئەو دەکات سەرجەم ئەم شانۆییانەش لە ئاستێکی لۆکاڵیدا دەمانەوە یان بوونی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کە لەناو زۆربەی بەرهەمەکاندا دەبینرا.

کورد کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بووە زۆر داب و نەریت تێیدا زاڵ بووە چەندین کەس هەبووە کە بەردەوام ئازاریان چەشتووە لەژێر ئەو داب و نەریتانەدا بۆ نموونە هەردوو بەرهەمی (پیسکەی تەڕ پیرو باوەژن خوابناسە) ئەگەر بە نموونە وەربگرین کە دوو بەرهەم بوون زۆر لایەنی کۆمەڵایەتییان تیابووە و بینەر وەک حەز ئەو بەرهەمانەی پێ خۆش بووە. کەواتە لە ڕوویەکی سادەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە شانۆ پێشکەش کراوە نەیتوانیوە وەک چەمکێکی زیندووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادەبێ چونکە ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی شکسپیر بکەین ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام تا ئەم سەردەمەش زیندووە لەبەر ئەوەی هەریەک لە دەقەکانی شکسپیر خاوەنی پرسیاری مرۆڤایەتین، بەڵام نمایشەکانی ئێرە کورت دەکرایەوە بۆ بابەتێکی ساتەوەختی.

٣- گەڕانەوەی دەرچووانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و پەیمانگاکانی بەغدا. لە پاش گەڕانەوەی ژمارەیەک لە

دەرچووانی ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا توانرا هەندێک بۆچوونی نوێ لە ناو شانۆدا جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بەر لە ساڵانی حەفتاکان کەسانێک کاریان بکردایە ئەوا بەشێوەیەکی نازانستییانە بەرهەمیان پێشکەش دەکرد، بەڵام دەرچووانی ئەکادیمیا و پەیمانگا توانییان بەپێی ئەو شێوازە ئەکادیمیانەی کە خوێندبوویان سیستەمێکی ڕێکخراو تر لەسەر شانۆ بدۆزنەوە، ئەگەر بەر لەمانا هەر کەسێک بەپێی حەز کاری شانۆی بکردایە ئەوا شانۆ چووە ئەو ئاستەوەی کە دەبێ شانۆکاران شێوازی زانستی شانۆ بزانن تا بتوانن خەریکی کاری شانۆیی بن.

٤- کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە کوردستاندا. کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان خاڵێکی زۆر جدی بوو بۆ کارکردنی شانۆکاران بەتایبەت چالاکی زۆرتریش لە ناوەندەکەدا دروست کرد و توانی کەسی شارەزا لە ڕووی نواندن و دەرهێنانەوە بۆ شانۆ پەیدا بکات، ئەگەر تا ئەوکاتە کچان لە شانۆدا زۆر بە کەمی هەبوونایە، لە پاش کردنەوەی بەشی شانۆی پەیمانگا ڕەگەزی مێینە بۆ ناو شانۆ زیاتری کرد. دەکرێ بڵێین ئەم دەزگایە وای لە شانۆ کرد لەو سەردەمەدا کە شانۆ ڕوویەکی باشتر بەخۆیەوە ببینێ.

ئەمە ئەو خاڵانەن کە بە بڕوای من وەڵامە بۆ ئەو وتەیەی کە شانۆکارانی ئەو سەردەمە لە ئێستادا شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئایا شانۆ بە تەنیا ئەو حاڵەتەیە کە من لەو چوار خاڵەدا خستوومەتە ڕوویان شانۆ فۆرمی تایبەت تر بەخۆی هەیە، چونکە من بۆ خۆم دەپرسم ئایا بە ڕاست ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردییە؟ کە ئەمە پرسیارێکە دەکرێ بە چەندین جۆری جیاواز خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی تەندروست قسە لەسەر ئەو نەوەیە بکەم کە نەوەی حەفتاکان و هەشتاکانە پێیان وایە شانۆ لەو سەردەمەدا لە ترۆپکی کارکردندا بووە، من پێچەوانەی ئەو نەوەیە دەوەستم و دەڵێم شانۆ لەوکاتەدا سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی نەبووە شانۆ لەوکاتانەدا لە ئاستێکی باڵادا نەبووە، ڕاستە چەند هەنگاوێک نراوە کە پێشتر باسم کردوون، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەن کە بوونی شانۆ وەک کارێکی مەعریفی تەماشاکرابێت، بەڵکو دیوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سادەی هەبووە نەک ئاستێکی فکری فەلسەفی، چونکە شانۆ دەچێتە ناو کایەیەکی گوتاری فکرییەوە کە نمایش بەرهەمی دەهێنێ، شانۆ شوێنێکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەمکە زیندووەکانی ژیان، نەک تەنیا بۆ حاڵەتێکی کاتی بێت ئەگەر مێژووی شانۆکارانی وەکو (گوردن گریک) و (ئەلسکەندەردین) بە نموونە وەربگرین دەبینین کە چۆن بوونەتە پێگەیەک بۆ شانۆ لە هەموو جیهاندا، بەڵام کام تەکنیک و ستایل و کارکردنی زیندوو هەیە لەناو کارە شانۆییەکانی ئەوکاتدا تا لە ئێستا ببنە باگراوندی ئەو مێژووەی کە من دەمەوێ پرسیار لە بوونی شانۆی تێدا بکەم. هیچ تەکنیکێک نییە ئەو نەوەیە دەوڵەمەند بکات هیچ پرسیارێکی مەعریفی نییە بتوانێ تا ئێستا درێژبووبێتەوە و ڕۆشنبیرمان دەوڵەمەند بکات، دەکرێ بڵێم هەناسەکان درێژ نەبوون، بەڵکو لە ساتی خۆیدا لە دایک دەبوو و لە ساتی خۆشیدا دەمرد، چونکە کاتێک شانۆ بە تەنیا بەتاڵکردنەوەی بینەربێت لە لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر بارودۆخەکە گۆڕا شانۆکاران چی دەکەن. بۆ نموونە لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) وە شانۆکاران کەوتنە بەردەم بەتاڵاییەکی گەورەوە و نەیان زانی چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ بینەرەکەیاندا چونکە ئەوان داوای شتێکیان دەکرد لە ساتێک لە ساتەکاندا دروست بوو لەگەڵ هاتنی داواکاریەکانیاندا شانۆکاران چیتر نەیانزانی داوای چی تر بکەن، بەڵام هیچ شانۆیەکی زیندوو نییە کە بە تەنیا بۆ سەردەمێک لە دایک بێت، بەڵکو دەبێت منداڵی هەموو سەردەم و کاتەکان بێت، هیچ شاکارێک نییە لەیەک ماوەی زەمەنیدا کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکو زۆرجار لەدوای زەمەنی لە دایک بوونییەوە ئەو بەرهەمە گەورەتر بووە و مرۆڤی زیاتر تووشی سەرسوڕمان کردووە.

بە بڕوای من شانۆ بەتاڵکردنەوەی ناخی بینەر نییە، بەڵکو پڕکردنیەتی، شانۆ دەبێ بینەرەکەی ڕووبەڕووی کێشە حەقیقییەکانی مرۆڤ بکاتەوە، ئەو پرسیارانەی بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدا دەژی، شانۆ ڕوویەکی تر جۆری پێشکەشکردنیەتی واتا تەکنیکی کارکردنەکە، شانۆ کاران تا چ ئاستێک توانیویانە بە تەکنیکی نوێوە بەرهەمەکانیان نمایش بکەن، چونکە شێوازی هونەری کارکردن حاڵەتێکی ترە بۆ گەیاندنی پرسیارەکان، ڕەنگە زۆر لە دەقە جیهانییەکان نمایش کرابێت، بەڵام نەتوانراوە بەشێوازێکی هونەری و داهێنەرانە پێشکەش بکرێت، ئەگەر سەیری هەر کۆمەڵگایەکی زیندووی جیهان بکەین بەشی خۆی ئامادەبوونی هەیە لەناو شانۆی جیهانیدا، بەڵام ئەوە ئێمەی کۆمەڵگای کوردین کە مێژوویەکمان نییە لەم بوارەدا دەشکرێ بڵێین ئەو نەوەیە تەمەڵ بوون لەوەی کە بتوانن ئەزموونەکانی خۆیان بنووسنەوە، بۆیە هەمیشە لە خۆمان دەپرسین ئایا ئەو ئەزموونانە کامانەن کە لەو کاتەدا نمایش کراون، ڕەنگە کاری داهێنەرانە هەبووبێت، بەڵام لە ئێستادا هیچ ئاسەوارێکی نەماوە و کەوتۆتە خانەی لەبیرکراوە و نازانرێ چی بووە.

# ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە

لێدوانی:
کاوە عەبدولکەریم ڕەسووڵ

کتێبی (ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە) بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەی زانست، لە نووسینی (ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل)ە و لە دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین بە تیراژی ١٠٠٠ دانە ساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە بارەی ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، بەهای ئەم کتێبە لەوەدایە کە یەکەمین کتێبی کوردییە لەم بابەتە. چونکە نووسین و لێتۆژینەوە لەمەڕ ئەپستمۆلۆژیا، هەتا لە زمان و کەلتوورە پێشکەوتووەکانیشدا کارێکی قورسە و مشتومڕێکی زۆریش لە ئارادایە ئاخۆ ئەپستمۆلۆژیا لە چ خانەیەک دابنرێت، ئایا فەلسەفەی زانست دەیگرێتە خۆ، یاخود وەکو زانست میتۆدێکی سەربەخۆیە.

نووسەر بەڕێکوپێکی و زانستییانە کتێبەکەی دابەشکردووە بۆ حەوت بەش و پاشان هەر بەشێکی دابەشکردووە بۆ چەند باسێک. لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: (ئەو کتێبەی بەردەست، بەرگی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی گەورە و درێژە لە بارەی ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە و پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانستەکان).

لە بەشی یەکەمدا باسی سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی ئەپستمۆلۆژیا دەکات و پێی وایە یەکەمین جار جی. ف. فیبر لە کتێبی (Institutes of Metaphysics) کە لە ساڵی ١٨٥٤ بڵاو کراوەتەوە، زاراوەی ئەپستمۆلۆژیا بۆ ئەوە بەکار دێنێت تا دوو لقی بنەڕەتی لە لقەکانی فەلسەفە لە یەکتری جیا بکاتەوە کە ئەپستمۆلۆژیا و ئەنتۆلۆژیایە. پاشان دێتە سەر باسکردنی چەند پێوەندیەکی زۆر ئاڵۆز، پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست و ئەپستمۆلۆژیا، فەلسەفە و زانست، ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، ئەپستمۆلۆژیا و زانست.

هەرچەندە جۆرە هاریکاری و ئاوێتە بوونێک لەنێوان فەلسەفە و زانست هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرە تێکەڵاوی ئاڵۆزییەک لەنێوان کاری فەیلەسووف و کاری زانادا هەیە.

ئەگەر ئەپستمۆلۆژیا تیۆری مەعریفەی زانستی بێت کەواتە ئاوێتە بوونێکیش لە نێوان ئەپستمۆلۆژیا و زانست هەیە چونکە ئەپستمۆلۆژیا ئەو تیۆرەیە کە بایەخ بە پێکهاتەی تیۆری هەر زانستێک بەتەنیا دەدات. نووسەر دەڵێ: (فەلسەفەکاران لەو باوەڕەدانین ئەپستمۆلۆژیا بە تەنیا تیۆرە مەعریفەییکان بێت، بەڵکو ئامرازە مەعریفەییەکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە وەکو هەست و عەقڵ و خەیاڵ و مەزەندە وسەرجەم کردارە مەعریفەییەکانی تر لە گومان و ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتن و.... تاد). بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە نووسەر بیروڕای چەند نووسەر و هزرڤانێکی عەرەب دەهێنێتەوە. کە پێی وایە ئەوانیش چەمک و پێناسە و دەلالەتی زاراوەی ئەپستمۆلۆژیایان لە



هزری خۆرئاوادا وەرگـرتووە. لەم پێناسـانەدا ئالۆزی و ناتەباییـەک بەدی دەکـرێت کـە ئەم ناتەباییـە بەگـشـتی لەلای ئەوروپییەکانیش بەدی دەکرێت. لە پاشان نووسەر جەخت دەکاتە سەر سێیەکەی پێناسەیی، ئەپستمۆلۆژیا وەکو توێژینەوە، وەکو تیۆر، وەکو زانستێکی سەربەخۆ. لە دوای ئەم پێناسـەیە دەگـاتە ئەو ئەنجـامـەی کـە ئەپستمۆلۆژیا مەعریفەیەکە بە پشت بەستن بە مەعریفە و زانسـتی تر وەسـتـاوە. لەبەر ئەوەی میـتـۆدگەرییـەکـەی هەروا پشت بە شێوازی فەلسەفی و زانستی دەبەستێت لە شیکار و ڕاڤەکاری و بنیاددا.

لە بەشی دووەمــدا، کـە باسی لە پێـوەندی نێـوان ئەپسـتـمـۆلۆژیا و فـەلسـەفـەی زانسـتـەکـان دەکـات. دوو ئاراسـتـەی جیـاواز لە بیروڕای بیریار و فـەلسـەفـەکاران دەهێنێـتـەوە، گـرووپی یەکـەم پێیـان وایە ئەپسـتـمـۆلۆژیا بەشێکە لە بەشەکانی زانست، بەڵام گرووپی دووەم پێیان وایە کـە هیچ پێـوەندییـەک لە نێـوان ئەپسـتـمـۆلۆژیا و فەلسەفەی زانسـتەکاندا نییە هەر لەم بەشـەدا قسە لەسەر ئەوە دەکــات کـە چۆن دیکارت لۆژیکی ئەرسـتـۆیی ڕەتدەکـاتەوە پێی وایە کە ئەم لۆژیکە تەنهـا باسی شتـە دیارەکان و زانیاریەکان دەکات، هیچ نادیارییەک ئاشکرا ناکات.

لۆژیکی دیکارت لۆژیکێکی کـلاسیکی نییـە بەڵکو ئەو لۆژیکەیە مـرۆڤ فـێـری ئەوە دەکـات چۆن بـتـوانێت عــەقـڵی خـۆی بەشـێـوەیەکی وا ئاراسـتــە بکات ئەو ڕاستییانە بدۆزرێتەوە کە نادیارن.

لە باسی فـەلسـەفـەی زانسـتـەکـاندا بیـروڕای کـۆنت دەهێنێتەوە کە دەڵێ هەریەک لە چەمکە سەرەکییەکانمان، هەریەک لە مـەعـریفـەکـانمان، بە سێ قـۆناغی تیـۆری جیاوازی یەک لە دوای یەکدا تێپەڕ دەبن کە ئەمانەن:

* قۆناغی لاهوتی- خەیاڵی.
* قۆناغی میتافیزیکی- ئەبستراکتی.
* قۆناغی زانستی- پۆزەتیفسمی.

ئەم سێ قـۆنـاغــە یەک لە دوای یەک دێن، قـۆنـاغی یەکـەم و سێـیـەم، واتە لاهوت و زانست، زۆر لە یەکـتـر جیـاوازن و بەڵکو دژ بە یەکـیشـن، بەڵام قـۆناغی دووەم (میـتـافـیزیکی) تەنهـا حاڵەتی گواستنەوەیە. لە کۆتایی ئەم بەشـەدا لە باسی ئەپسـتــمـۆلۆژیای نوێدا نووسـەر بیروڕای بلانشێ دێنێتەوە کە پێی وایە ئەپستمۆلۆژیای هاوچەرخ، وردە وردە لە دەسـتی فـەلسـەفـەکـارانەوە دەردەچێت و دەچێـتـە باوەش زانایان و تایبـەتمەندان و پسـپـۆڕانی زانسـتی. ئەم دابڕن و جیـاوازییـە تەنیـا لە ڕادەی فـراوانی و چۆنیـەتی لە خۆگرتنی بابەتەکـاندایە. لەبەر ئەوەی ئەپسـتــمـۆلۆژیای هەر بەخـۆی بەشـێکی فەلسەفەی زانستەکانە، بێگومان ئەو بەشەیە کە زیاتر لە زانستەوە نزیکە.

لە بەشی سێیەمدا باس لە مێژووی زانستەکان دەکات، چۆن فـەلسـەفـەی تێڕامـانکاری گـۆڕا بوو بە فـەلسـەفـەی زانسـتی. نووسـەر دەڵێ: (گـۆڕانکارییـە فـەلسـەفی و زانستییەکان وایان لە فەلسەفەی تێڕامانکاری کرد پشت لەو میـتـۆدە کۆنانەی خۆی بکات و سەرلەنوێ خودی ئەم میـتـۆدانە بخـاتەوە بەر تیشـکی ڕەخنە و لە یەکـتـریان هەڵوەشێنێتەوە و دواتریش میتۆدی زانستی و مەعریفەی نوێ بگرێتە بەر). لە شوێنێکی تری ئەم بەشەدا لە باسی پێوەندی ئەپسـتـمۆلۆژیا بە مێژووی زانسـتـەکانەوە. ڕای دکتۆر موحەمەد وەقیدی دێنێتەوە کە پێی وایە پێوەندی نێوان ئەپستمۆلۆژیا و مێژووی زانستەکان قووڵ و ئاڵۆزە و لە زۆر شوێندا هاوشانن و جیاکردنەوەیان زۆر قورسە بەڵام ئەو پێی وایە دەبێ هاوێر بکرێن و لێک دابـڕێن. چونکە لێک جیاکـردنەوەیان دەبێـتـە هۆی پێشـڤـەچوونی هەردووکیان. لە کۆتایی ئەم بەشەدا نووسەر باس لە چەند چەمـکێـک دەکـــات کـــە پێی دەڵێـن: (چەمکـە باشلارییـەکـان) مـەبەسـتی لەو سێ چەمکەیە کە زاناو بیریاری فـەرەنسی گاستون باشلار بۆ ڕاڤەکردنی پێوەندی نێوان ئەپسـتمۆلۆژیا و مێژووی زانستـەکان دای هێناون. ئەوانیش ئەمانەن:

* کشانەوەی زەمەنی.
* بەربەستی ئەپستمۆلۆژی.
* دابڕانی ئەپستمۆلۆژی.

لە بەشی چوارەمـدا. لە باسی گـومـانی ئەپسـتـمـۆلۆژی باس لە دوو پۆل هزرڤان دەکات، پۆلی یەکەم. یەقینیەکان بڕوایان وابوو کـە مـەعـریفـەی ڕاست و دروست هەیە دەکـرێت بە دەسـتــیش بهـێنرێت. بەڵام پۆلی دووەم. گومانکارەکان بڕوایان بە مەعریفەی ڕاست و دروست و ڕەها نەبوو. بگرە بڕوایان بەبوونی ئامـرازی مـەعـریفـیش نەبوو. پێـیـان وابوو مـرۆڤ لە توانایدا نیـیـە بگاتە مەعـریفـەی ڕەهاو ڕاسـتییـەکان ئاشکرا بکات. هەر لەم بەشـەدا باس لە ڕێبـازی گـومـان و باکگراوندی هزری گومـانی ئەپستمۆلۆژی، پاشان ڕێبازی یەقینی و گومانی میتۆدی و شێوازەکانی گەیشتن بە یەقین دەکات.

لە بەشی پێنجـەمـدا و لە باسی ئەپسـتــمـۆلۆژیا و سروشتی مەعریفە نووسەر لە ئیدراک پێکردنی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری (ئیدراک پێکراوەکان) دەکۆڵێتەوە. نووسـەر دەڵێ: (بەگـشـتی فـەلسـەفـەزانان بەسـەر دوو ڕێبازی سەرەکی لە بواری وەرگرتنی مەعریفە و ئیدراک و سروشت ئەو مەعریفانەی کە دەکرێت وەربگیرێت. دابەش دەبن. ئەوانیش دوو ڕێبـازی (ڕیالیـزم و ئایدیالیـزم)ین،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ڕێبازە لە ناو خودی خۆیانیشدا دووبارە ناکۆک و ناتەبا و جیاوازن لەسەر مەسەلەی تێڕامان و وەرگرتنی مەعریفە و سروشتی ئەو مەعریفانەی دەکرێت بە دەست بهێنرێت). پاشان هەر لەم بەشەدا دێتە سەر باسکردنی هەر یەک لە ڕێبازەکان: ڕێبازە ریالیزمییەکان ، ریالیزمی سادە، ریالیزمی ڕەخنەیی، ریالیزمی نوێ، ریالیزمی هاوچەرخی ڕەخنەیی، لە باسی ڕێبازە ئایدیالییەکان باسی ئیدیالیزمی خودی و ئایدیالیزمی ڕەخنەیی و ئایدیالیزمی گشتی تۆتالیتاریانە دەڕوانێتە سەرجەم ڕێبازە مەعریفەییەکان و ڕاڤەیان دەکات.


لە بەشی شەشەمدا نووسەر باسی لە گەڕانی بیریار و فەلسەفەکارەکان دەکا بە دوای سەرچاوەو ئامرازەکانی بە دەستهێنانی مەعریفە. کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕێبازی زۆر ناکۆک و دژیەک سەرهەڵبدەن. بە دەستهێنانی مەعریفە وەکو بابەتی سەرەکی ئەپستمۆلۆژیا لەنێوان دوو ڕێبازی دژیەک دابەش بووە و کە هەمیشە لە ململانێ بوون ئەوانیش (ڕێبازی عەقڵی و ڕێبازی ئەزموونگەرایی)ن. پاشان نووسەر دێتە سەر شیکردنەوە و باسکردنی هەریەک لەم ڕێبازانە پاشان ڕێبازی عەقڵی لەنێو فەلسەفەی دیکارت ڕێبازی ئەزموونگەری لەلای جۆن لۆک و داڤید هیۆمدا. لە دواییدا هەر لەم بەشەدا. دێتە سەر باسی مەعریفە لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیسمی لۆژیکی هاوچەرخ و مەعریفە لە دیدگای سۆسیۆلۆژستەکاندا و مەعریفە لە دیدگای مەتریالیستەکانەوە و سەرچاوەی مەعریفە لە لای سۆفیەکانەوە.

لە بەشی حەوتەم و کۆتاییدا نووسەر ڕاو بۆچوونەکانی جان پیاجێ دەخاتە ڕوو. کە دامەزرێنەری ئەپستمۆلۆژیای پێکهاتەییە. پێی وایە کە تیۆرە کلاسیکییەکانی مەعریفە بە هەڵەدا چوون و تێکەوتوون کاتێک وا تەماشای مەعریفەیان نەکردووە کە بریتی بێ لە زنجیرەیەکی بەدوای یەکدا هاتوو. و پرۆسەیەکە کە هەمیشە بەر بڕوو چوون و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. ئەوان پێیان وایە کە مەعریفە حاڵەتێکی جێگیرە و کردارێکی پیشاڤەچوون نییە. بۆیە جان پیاجێ پێی وایە ئەوان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست خۆ لە لێکۆڵینەوە مەعریفییەکان بدەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانن بەڕاستی لە سروشتی مەعریفە بگەن.

ئەوەی وای کردووە کە ئەم کتێبەی نووسەر زۆر پوخت و زانستی بێ ئەوەیە پاش ماندووبوونی خۆی ژمارەیەک سەرچاوەی زۆر نایابی عەرەبی و کوردی بەکارهێناوە. لە پەراوێزەکانیشدا زۆر شتی گرنگی ڕوونکردۆتەوە.

# بەفرنووس و ئەوانی تر

لێدوانی: سەباح ڕەنجدەر




بەرهەمهێنەرانی شیعری بێگەرد لە پێناو چێژی نادیار گیانیان وەک دیاریکردنی ناوەندێک لە ناو کردەی نووسین و هونەری بێگەرد و باڵا پیشان دا، هیچ کامێکیشیان شیعریان تایبەت نەکردووە بۆ ڕووبەر و ڕواڵەتی واقیع، بیرکردنەوەی داخراویان نەکردووە بەپێوەندی زەینی و بوونی شتەکان، لەسەر بنەڕەتی بەهرەو جوانی جووڵاون و تێگەیشتن و تاسەیان بۆ ئیستێتیکا کارپێکردووە، ئاسۆی توانای تەنیایی، کە داهێنەر هەمیشە توانایەکی تەنیایە. بەسەر دیاریکردنی ناوەندی گیانیان کردووەتەوە، لەو ڕەگە دوور و درێژەی شیعر لەبەردەوامی و گۆڕان بۆ خۆی ئەزموونی کردووەو لە خولیامان دەسووڕێتەوە، هیچ کاتێک نەبووەتە بنەما و بنچینەیەک یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پرۆگرام و پلانی ساڵانەی دامودەزگایەکی لەسەر دابمەزرێندرێت، بەڵکو ئەگەر بمانەوێت نەزاندراوێک بزانین لە کولتووری ناسراوی زانستەکان بەهەموو بەشەکانیەوە نزیک دەبینەوە، سەرقاڵی سوود لێبینین و پەیڕەوکردنی دەبین.

شیعر بۆ دۆخی دەروونی و وورووژاندنی گیانی لەنێوان مەوداکان دێت و دەچێت، دۆخی دەروونیش بەشێکە لە وزە زیندووەکانی زانیاری، چونکە بینین دەگۆڕێ، بەڵام جیهان ناگۆڕێت بەڵکو جیهان بۆ شێوە هەڵسووڕانێکی شیاو و چەشەی جوان نواندن ئامادە دەکات. تەنیا شتێک دەتوانێت جیهان بە بارێکدا بگۆڕێت ئەویش سیاسەتە، سیاسەتیش کاری کۆیە، تاکیش لە ناوکۆدا بزر دەبێت و نادۆزرێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک، کە کاری شاعیر داهێنانی پرسیارە، دەبێتە بوار بە هۆیەوە دەتوانین لەنێوان مەوداکان بێین و بچین و چالاکی بیرکردنەوەی ئەمڕۆییمان بەتاو وتینی جوانی دەربڕین.

شاعیر کە مامەڵەی ئیستێتیک لەگەڵ هەستەکانی دەکات، شیعرییەتی لەناو سروشت دەرهێناو گواستیەوە ناو هەستەکانی مرۆڤ و لە ناوەرۆکیدا ڕسکاندی، ئەفسوونی خود و هێزی تاکی تاقیکردەوە. کە دەتوانێت گیان وەک ناوەندێک دیاری بکات.

هەندێک بەهای جوانیی هەیە سروشت پشتگوێی خستووە. شاعیر جموجووڵی هێماکانی دەدۆزێتەوەو دەیانهێنێتە پانتایی نووسین و دەیانکات بە هونەری بێگەرد و باڵا.

داهێنەری پرسیار ئاراستەی فۆرم لای پاڵنەری کردارییە و لێیەوە شوێن بۆ پەیژەکانی کارکردنی دەسنیشان دەکات. کردەی بەردەوامبوون لەبیرکردنەوەیدا کەرستەیەک نییە بۆ ناسینی جیهان، کەرستەیەکە بۆ ناسینی خۆی و لە

پاشانیشدا بۆ ناساندنی خۆی و شکۆدارکردنی جیهان بە داهێنان.

(بەفرنووس و ئەوانی تر) ناونیشانی ئەو دیوانەی شاعیری نوێبەخش (دڵشاد عەبدوڵلا)یە، کە هونەرەکانی قۆناغی هەشتایەکانی شیعری کوردی تا پلەیەکی ڕوون لە خۆیدا بەرجەستە کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی (ئاراس) لە ٣٦٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا چاپیکردووە. پێنج کتێبی شیعری شاعیری کۆکردووەتەوە.

١- مانگی نیوە مۆر، ل١٦- ٨٠.
٢- هەوڵێک بۆ کوشتنی کات، ل٨١- ١٢٨.
٣- بزربوونی ناوێک، ل ١٢٩- ١٧٤.
٤- شەوی دووەم، ل ١٧٥- ٢٣٨.
٥- بەفرنووس، ل ٢٣٩- ٣٥٩.

ئەم چەند ڕستە شیعرییە فۆرمی تایبەت و چێژی نوێبەخشییان لێ بەرز دەبێتەوەو پێوەندی زەینییان بە تێگەیشتن و ڕوونبوونەوەی ناواخنی مرۆڤی ئەمەکدارەوەیە.

بۆچوون و گەڕانی من لە ناویان گەلالە بووە و پشووی گیانی داوە. ئەم بۆچوون و گەڕانە چێژبەخشە بۆ کەسانی هاوچێژی خۆم پانتاییەکی کراوەیە، دەتوانن بچنە ناوی و هەستی ئیستێتیکای خۆیانی تێدا بڕوێنن، خودی وێنە هەستییەکانیش بەشداری گەیاندنی جوانییەکان دەکەن.

**نائومێدی سوننەتی عاشقانە**
**لە چاوی مەمدا ڕەش دەچێتەوە**
**لە خوار چەناگە چاڵێک دیارە**
**تەمەن هەڵدەکشێ**
**ساڵەکان دێن و**
**ئەو چاڵە پڕ دەکەنەوە**
ل٢٢

**شیعر ئەو بەردە ماتانەی بن ئاون**
**کە بە تەواوی دیار نین**
**تا نەچیتە ناو ئاوەوە**
**هەستیان پێ ناکەی**
**ئەوان نەبن**
**لە قوڕولیتەدا دەچەقین**
**بە ئاسانی نوقم دەبین**
ل٦٨

**چ زوو ئەو هەموو شەپۆلەی خڕ کردەوە**
**کەسێک سەری لە شیعرێک تێکدا**
**ئەمما بە سرێکی**
**سەد وەلامی لە دەستی نا**
ل١٤٠

**جێ نیشی پەپوولە جوانیم لە باخچەی ماڵەکاندا**
**بە گوڵە هێرۆی سەر پەنجەم دەمناسنەوە**
**کاتێ لە دەرگای جوانترین ماڵ دەدەم لەناو هەورا**
ل٢٠٠

**بەفر ئالۆزی زەوی داپۆشی**
ل٢٩٠

لۆرکا، سان ژۆن پێرس، ئیلیەت، نازم حیکمەت، سەید عەلی ساڵحی، پاپلۆ نیرۆدا، ئەدۆنیس، بەدر شاکر سەییاب، کاڤاڤی، ولاتەکانی خۆیان بەشیعر شکۆدارکردووە. لەو بڕوایەدام شاعیرانی کوردیش ولاتەکەمانیان بەشیعر شکۆدارکردووە، دەرنەکەوتنی ئەم شکۆدارکردنەش نەبوونی چالاکی وەرگێڕانە. دەوڵەت لەسەریەتی دەزگای وەرگێڕانی تایبەت دابمەزرێنێت بۆ ناساندنی ئەدەبی ولاتەکەی، تا ئەم دەزگایەش نەکەوێتە کارکردن، بەرهەمی ئەدیبە بێگەرد و دەستەبژێرەکانمان لە ناساندن و خەلاتە جیهانییەکان بێبەش دەبن.

# ڕۆژنامەگەریی منداڵان به زمانی کوردی

لێدوانی: زیاد ڕەشاد قادر

کـتـێـبی (ڕۆژنامـەگـەریی منداڵان به زمـانی کـوردی) کـتـێـبـێـکی قـەباره مـامـناوەندیی (٤١٤) لاپەڕەیـیـه له نووسین و ئامـادەکـردنی (ئیـدریس عەبدوڵڵا مستەفا) و له بڵاوکراوەکانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر) به تیـراژی (١٠٠٠) دانه له چاپخانەی ڕۆشنبیـری/ هەولێـر، ساڵی (٢٠٠٤) چاپ کـراوه. نووسەر لەم کـتـێبەدا سەرەتا له دەروازەیەکی (١٠) لاپەڕەییـدا باس له یەکـەم ڕۆژنامەی منداڵان له جیـهـاندا دەکات، پاشـان به کورتی دەچێته سەر ڕۆژنامەگەریی هەریەک له وڵاتانی فەرەنسا و بەریتانیا و یەکـێتی سۆڤـیـەتی جـاران و وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نـایجـیـریا و ئەڵمـانیا و مـیسر و عیـراق. له خاڵی نۆیەمی دەروازەدا باسی ڕۆژنامەگەریی منداڵان له کوردستـان دەکـات کـه له کـۆتاییـەکـانی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی ڕابردوو سـەری هەڵداوه، پاشـان پانۆرامـای گرنگتـرین ئەو گـۆڤـار و ڕۆژنامـه کوردییـانەی بۆ منداڵان دەرکراون لەنێوان ساڵانی (١٩٤٦-٢٠٠٣) دەخاته ڕوو.

دوای ئەوه نووسەر کتێبەکەی کردۆته دوو بەشی سەرەکی، بەم شێوەیه:

بەشی یەکـەم کـه لەلاپەڕه (٢٣-٦٩)ی پێدراوه له دوو پار پێکدێ، پاری یەکـــەم له لاپەڕه (٢٥-٦٣)دا باسی له بەشی منداڵان کـــردووه له نێـــو ڕۆژنامەگەری گەوراندا، بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژەی داوه به یەکەم ڕۆژنامەی کوردی له نیسـانی (١٨٩٨) تا دەرچوونی یەکەم گۆڤاری تایبەت به منداڵان له سـاڵی (١٩٤٦)، واته هەمـوو ئەو گـۆڤـار و ڕۆژنـامـه کـوردییـانەی بەش و لاپەڕەی منداڵانیـان هەبووه و بەر له دەرچوونی یەکـەم گـۆڤـاری تایبـەت به منداڵان دەرکـراون تیـشـکیـان خـراوەته سـەر، کـه بریتین له (ڕۆژنـامــەی کـوردســتـان- گـۆڤـاری کـوردســتـان- ڕۆژی کـورد- پێـشکەوتن- بـانگی کـوردستـان- ڕۆژی کوردستـان- ژیانەوه- ژیـان- زاری کرمـانجی- گـەلاوێژ- دەنگی گێتی تازه).

هەروەها له پاری دووەمی بەشی یەکـــەمـــدا کـــه لاپەڕه (٦٤-٦٧)ی بۆ تەرخـان کـراوه، نووسـەر له هەشت خاڵدا سیـمـا و تایبـەتمەندییـەکـانی بەشی منداڵانی له ڕۆژنامەگەریی گەوراندا له ساڵی (١٨٩٨-١٩٤٦) به کـورت و پوختی خستۆته ڕوو.

له بەشی دووەمـدا کـه لاپەڕه (٧١-٣٨٨)ی کـتـێبـەکـەی گرتووه، نووسـەر لێکۆڵینەوەی لەسەر چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت به منداڵان کردووه که هەیانـه هی حکومـەت بوون و هەندێکیـشـیـان هی حزب بوون یا ڕێکخـراو،



لەوانە ناسنامەی بڵاوکراوە، لایەنی دەرچوێنەر، ستافی بڵاوکراوە و نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکاران و وێنەکێشانی، نرخ و تیراژ، شوێنی دەرچوونی، گرنگترین بابەتەکانی، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، گرنگترین بابەتەکانی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی، ئەمە و لە هەر پارێکدا کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرگرتووە بەپێی لایەنی دەرکەری بڵاوکراوەکە، بەم جۆرە:

**پاری یەکەم:** گۆڤارەکانی حکومەت.

**پاری دووەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان.

**پاری سێیەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە قوتابخانەکان.

**پاری چوارەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەی حزبەکان.

**پاری پێنجەم**: گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکانی گیانپارێز.

**پاری شەشەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەدیب و ڕۆشنبیران.

**پاری حەفتەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە چاپ و بڵاوکراوەی سەربەخۆ.

**پاری هەشتەم:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە منداڵپارێزەکان.

نووسەر لە پاری نۆیەمدا هاتۆتە سەر لاپەڕەکانی منداڵان لەنێو ڕۆژنامەگەریی گەوراندا و چەند نموونەیەکی لەم بارە خستۆتە ڕوو، لە پاری دەیەمدا لە گۆڤارەکانی تایبەتمەند بە مافی منداڵ دواوە، ئەوانەی بۆ گەوران و دەزگا بەرپرسەکان ئاراستە کراون و نووسراون، لە پاری یازدەمدا باسی گۆڤاری تایبەت بە ئافرەت و منداڵی کردووە.

پاشتر نووسەر لە (٥) لاپەڕەدا باری سەرنج و تێبینی خۆی وەک ئەنجامێک کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا پێیگەیشتووە لە چەند خاڵێکدا دەرخستووە، دوای ئەوە لە پێنج خاڵدا پێشنیارەکانی لەپێناو پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی منداڵان لە کوردستان باس کردووە.

لە پاشکۆی کتێبەکەشدا وێنەی بەرگی ژمارەیەک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە خراونەتەڕوو کە لە لێکۆڵینەوەکەدا باسیان لێوەکراوە.


(ئیدریس عەبدوڵڵا) لەم لێکۆڵینەوەیدا پشتی بە زیاتر لە (٦٠) سەرچاوە بەستووە لە کتێب و نامەی زانکۆیی و گۆڤار و ڕۆژنامە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

ماوەتەوە بڵێین ئەو پرۆژە گەورەی نووسەر خۆی لە قەرەداوە- کە زۆرجار کاری لەم چەشنە لە توانای تاکەکەس بەدەرە- ئەگەر بە لیژنەیەک بسپێردرایە، یا دەزگایەک پێی هەستابا ئەوا بێشک تۆکمەتر و ناوازەتر دەردەچوو. لەوەشدا کە پارێکی لێکۆڵینەوەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەو گۆڤار و بڵاڤۆکانەی لەسەر مافی منداڵانیان نووسیوە، ڕەنگە دروستتر ئەوەبێ لە دۆسیەیەکی سەربەخۆدا لەم بابەتە ئاخافتبا یا هیچ نەبێ تێکەڵی ئەم بابەتەی نەکردبا.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەری کتێبی (ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە زمانی کوردی) و بە ئومێدی بەرهەمی جوان و دانسقەتر.

# هونەری نواندن

لێدوانی: کامەران سوبحان
(سلێمانی)




هونەری نواندن ناوی کتێبێکی گیرفانی (١٧٠) لاپەڕەییە کە لە سلێمانی و لە دەزگـای چاپ و پەخشی سـەردەم لە سـاڵی (٢٠٠٤) چاپ کـراوە، لەلایەن ڕیچارد بۆلسلافسکی نووسراوە و **نەجمەدین ئەسعەد ڕەزا** کردوویەتی بە کـوردی، هەر چەندە کـتێبـەکە کـتێبێکی مـەنهـەجیەو زیاتر ئەو کەسانە سوودی لێ دەبینن کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەیانەوێت سەرقاڵی شانۆ بن، ئەمە جگە لەوەی ئەم کتێبە سوودێکی گەورە بە قوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەگەیەنێت ئەوانەی دەیانەوێت شانۆ بخوێنن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە دابەش کراوە بەسەر شەش وانەی سەرەکیدا کە بریتین لە (تەرکیزکردن، سۆزە یادەوەری، جووڵەی درامایی، بنیادنانی جووڵەی کارە ئەکتەر، تێبینی، ئیقاع) کە ڕیتمی گشتی نووسینی ئەم کتێبە لە نووسینی کتێبە مەنهەجیەکانی دەرهێنەری گەورەی ستانسلافسکی ئەچێت دیارە (ڕیچـارد بۆلسـلافسـکی)ش یەکـێکە لە قـوتابیـە دیارەکـانی ستانسلافسکی، دیارترین ڕەگەزیش لەو لێکچوونە، شێوازی نووسینەکەیە کە سەرجەم وانەکان لە شێـوازی دیالۆگێکە بەتایبەتی نێـوان نووسەر و ئەو کیژۆڵە لاوەی کە هاتووەو دەیەوێت شانۆ بخوێنێت، بۆیە ئەو شەش وانەیەی بۆ ئەم گفتوگۆیە تەرخان کردووە، ئەمە یاریدەدەرێکی باشە بۆ خوێنەر بۆ ئەوەی لە کرۆکی کتێبەکە بگات، ئەمە جگە لەوەی ئەم کتێبە دەروازەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لە کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر)، هەرچەند ئەم دەرخەری چەند لایەنێکە لەو کتێبە بە نرخەو لەو کتێبەدا بەشێوەیەکی چڕوپڕتر ئەم لایەنانە باسی لێوە کراوە.

لە باسی تەرکیزکردن نووسەر بەشێوەیەکی ورد لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیە دەکەوێتە گفتوگۆ، ئەو دێت بۆ لای ئەم مامۆستایەی بۆ ئەوەی شانۆ بخوێنێت، کیژەکە دەڵێت: تکام وایە یارمەتیم بدەیت من زۆر شانۆم خۆشدەوێت.

ڕیچارد بۆلسلافسکی: تەنها خۆشەویستی شانۆ بەس نییە، کێ هەیە لە ئێمە شانۆی خۆشنەوێت؟ ئەوەی لەسەر ئەکتەر پێویستە ژیانی خۆی بۆ شانۆ تەرخان کات. دواتر کرۆکی باسەکە دەپەڕێتەوە بۆ بوون و نەبوونی بەهرە و دواتریش لەم نێوەندەدا ئەکتەری سەرکەوتوو و هۆشیار چۆن دەتوانێت لەسەر شانۆ و لەکاتی مەشقەکانیدا تەرکیزی هەبێت تەرکیزکردن بۆ ئەکتەر چەکێکی بەهێزە بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو گرفتەکاندا، گەر ئەکتەرێک لەسەر شانۆ تەرکیزی نەبێت یان تەرکیزی لاوازبێت ئەوە وەک ئەو پیرەمێردەیە کە دان لە دەمیدا نەماوە و خواردن دەخوات، خواردنەکە دەخوات، بەڵام ئازاری دەدات و

چێژی تەواوەتیشی لێ نابینێت، لە وانەی دووەمدا و لە بەشی سۆزە یادەوەریدا نووسەر درێژە بەگفتوگۆ دەدات لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیەی کە هاتبوو بۆ هۆڵێکی شانۆ بۆ ئەوەی فێری شانۆ بێت، لە وانەی سۆزە یادەوەریدا هەروەک ستانسلافسکیش زۆر گرنگی بەم لایەنەی ئەکتەر دەدات و پێی وایە یاریدەدەرێکی باشە بۆ ئەکتەر بۆ ئەوەی کارەکتەرەکەی بدۆزێتەوە، چونکە نووسەر لە نەخشاندنی کارەکتەرەکاندا وردەکارییەکانی کارەکتەری نەداوە و پێویستە لەسەر ئەکتەر خۆی بەهۆی بەهێزی یادەوەرییەوە ستراکتۆری لایەنە شاراوەکانی ئەو کارەکتەرە بخاتە سەر تەختەی شانۆ، بیرمان نەچێت شکسپیر تەنیا سکێچی هاملێتی کێشاوە، تەنیا ڕوخساری ئەومان نیشان دەدات، ئەوەی کە هاملێت ئەبینێ و ڕۆحی ئەکا بە بەردا ئەکتەری سەرکەوتووە، ئەو ئەکتەرەی خاوەن یادەوەرییەکی بەهێزە و دەتوانێت بەهۆی یادەوەرییەوە مرۆڤێکی لە چەشنی هاملێتمان پیشان دا بەهەمان شێوەش بۆ هەموو کارەکتەرەکانی تر، ئەم حاڵەتەش زیاتر دەکەوێتە سەر وێناکانی دەرهێنەر و توانستی ئەکتەر.

لەوانەی سێیەم و چوارەمدا نووسەر باس لە جووڵەی درامی و بونیادی جووڵەی کارەکتەر دەکات، کە چۆن ئەکتەر بتوانێت شانبەشانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەک ئیکسسوار و مایکرۆفۆن و کەرەستەکانی سەر شانۆ ئەوەی مەبەستیەتی بیکات، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەو ڕەگەزانە شانبەشانی ئەکتەر ڕۆڵ دەبینن لەو بونیادەدا.

لێرەشەوە نووسەر دەیەوێت نزیک ببێتەوە لە ڕۆحی ئەو کارەکتەرەی کە نووسەر نووسیوبەتی و دەرهێنەر شیکاری وردی بۆ کردووەو ئەکتەر دەبێتە هۆی گەیاندنی و وێنەکێشانی بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بینەران لە کاتی نمایشکردنی شانۆیەکاندا هەست بکەن ئەمە ئەو کارەکتەرەیە کە لە شانۆنامەکەدا خوێندوویەتییەوە.

هەر چۆنێک بێت بەش و لایەنی زۆرتر ماوە لەم کتێبەدا ئێمە لێی بدوێین لێرەدا ئەمەندە بەسە و دەشکرێت ئاماژە بەو لایەنە بدەین کە هانی داین بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە کە لەسەروو هەموویانەوە تێزی نووسەرەکەیە، کە (ڕیچارد بۆلسلافسکی) وەک یەکێک لە قوتابییەکانی ستانسلافسکی، کە لە دنیای شانۆی ڕیالیزمی و ئەکادیمی ڕوسیدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە و هیوادارین ئەم چەند دێڕەش ببێتە سەرەتایەکی پێویست بۆ چێژ وەرگرتن لەو کتێبە مەنهەجیەی شانۆ.

# مەحزوون و بێسارانی یەکێک نین

حەکیم مەلا ساڵح

لە ژمارە (٤٦)ی گۆڤاری ڕامانی خۆشەویستدا کاک محەمەد عەلی قەرەداغی وتارێکی لەژێر سەردێڕی [چاوگێڕانێک بە دیوانی بێسارانی دا] بڵاوکردۆتەوە کە بە پێویستم زانی لەپێناوی پتر خزمەتکردنی ئەو بوارە، هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم.

هەموو دەزانین کە ساڵانێکە کاک محەمەد عەلی بێ ماندووبوون سەری کردۆتە سەر ئەو بەیاز و کەشکۆڵانەی کۆڕی زانیاری و چەند بەرهەمێکی لێ هەڵێنجاون.. (دەستی خۆش بێت) و کارێکی پڕ بایەخە و ئەمڕۆ نەبێ سبەینێ کورد بایەخی دەزانێت، بەڵام ئەوەی زۆر بەلای منەوە سەیر بێت ئەوەیە کە چۆن کەسێکی وەها سەرگەرم لەناوسەدان بەیاز و کەشکۆڵدا دێتە سەر ئەوەی بڵێ (... ئەمە تای ترازووی ئەوە سەنگین دەکات کە مەحزوونی و بێسارانی یەک کەس بن.)(؟!)

پێشەکی دەبێ بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوە بڵێین کە وشەی (مەحزوون)ی بۆ یەک جار لە شیعرێکدا بێسارانی بەکار هێناوە و واتای نازناویش نادات، بەڵکو مەبەست خەفەتبارییە. بۆ نموونە با بچینەوە سەر شیعرەکە کە دەڵێ:

**(مەحزوونی)ی عاشق بێ یار نمە بۆ**
**عاشقان بێ یار مودار نمە بۆ**

واتە: خەفەتباریی دڵدار بەبێ یار نابێت (یار هۆی خەفەتبار بوونی دڵدارە)، دڵدارانیش بەبێ یار حەوسەڵەیان نابێت.

لە بەیتێکی دوای ئەم بەیتەدا دەڵێ:

**شێوەی مەجنوونیی بێ لەیل نمە بۆ**
**کۆکەنی ی فەرهاد بێ مەیل نمە بۆ**

واتە: شێوە و ڕەوشتی مەجنوونیی بەبێ لەیل نابێت و کێو هەڵکەندنی فەرهادیش بەبێ مەیل و ئارەزوو نابێت. بەم پێیە دیارە کە وشەی (مەحزوونی)ی ئەوەیە کە ئێمە لێکمان داوەتەوە، هەر ئەم وشەیەش بوو وای لە کاک ئەنوەری سوڵتانی کردبوو کە لێی تێکەڵ ببوو، بەڵام من لەنامەیەکدا کاتی خۆی بۆم ڕوون کردبوویەوە کە (مەحزوون) نازناوی شاعیرانەی مەلا مستەفای دۆڵاوییە و بەوەی کە بێسارانیش ناوی مەلا مستەفایە نابێ تێکەڵ بکرێن، ئیتر دوای ئەوە نەمزانی کاک ئەنوەر لە کارەکەی خۆیدا چۆنی کردووە.

لێرەدا بە هەلی دەزانم ئەو چەند پارچە شیعرەی مەلا مستەفای دۆڵاویی (مەحزوون) کە لەلامن، بڵاویان بکەمەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١- لەبەر ئەوەی کە ئیتر لەگەڵ بێسارانیدا تێکەڵ

نەكرێن و هەر كەسێ لە هەر شوێنێ شیعرێكی دیت نازناوی (مەحزوون)ی تێدا بوو بە هی بێسارانی بزانێت.

٢- لەبەر ئەوەی كە ئەوە بۆ زیاتر لە دوازدە ساڵ دەچێت ئەو شیعرانەم لەلایە و تەنیا یەک جار هەلم بۆ هەڵكەوتووە پارچەیەكیان لێ بڵاوبكەمەوە، ئەویش لە كتێبی (مەولەوی- لێكۆڵینەوە، پشكنین، شیعری بڵاونەكراوە)دا وەک قوتابییەكی قوتابخانە شیعرییەكەی مەولەوی بەسەرم كردۆتەوە. ئەمەش شیعرەكانە:

**(١)**

**ساقی ئامانەن خەیلێ غەمبارم**
**سادەخیلم دەی خاس كەی خومارم**
**جامێ بدەر پێم بەو لەنجەكەی وێت**
**نەیچی تۆ یچ دەخیل وە پەنجەكەی وێت**
**موغەنی ئامان هۆر دەرسەدایێ**
**جفت كەوە نەیچی نەغمە و نەوایێ**
**هەردووتان وەهەم بسازان (ساز)ان**
**بنیشین وەهەم چون ئاوات وازان**
**تۆ وەسەدای نەی ئەو وەنەغمەی خۆش**
**ڕیشەی دڵ خاس خاس وەهەم بكەن جۆش.**

**(٢)**

**فەلەک كام زامت بكەروون سارێش؟**
**كام دەردت مەڵهەم باوەروون پەرێش؟**
**كام زامی تیغت بوورازوونەوە؟**
**مۆڵەت پەی كام ئێش بووازوونەوە؟**
**پەی كام ڕێش و نێش بلاڵوونەوە؟**
**بووڵی كام سفتەت بناڵوونەوە؟**
**پەی كام مەینەتت شەو وەڕۆ كەروون؟**
**جەدەستت فەریاد وەلای كێ بەروون؟**
**كام كەڵەک نەچنیت تۆ پەرێ فیرقەت؟**
**كام نەوجەوانت نەگەزت بەحیرقەت؟**
**كام دووریت نەوست نە بەینی یاران؟**
**بە كێت نەكەرد نۆش پییاڵەی ژاران؟**
**پەی كێت نەوستەن تۆڕدام پەرێ دیل؟**
**زەبوون و خەستەت كێ نەكرد زەلیل؟**
**دەک سیاسەنگ بای پەی بێ وەفاییت**
**پەی كەچی ی ڕەفتار نائاشناییت**
**مەر تۆ پییاڵەی دووریت نەنۆشان**
**لیباسی فیرقەت یارییت نەپۆشان**

**ئەعزات پەی دووریی نەوین پەراشە**
**دەک خودا چەرخت دۆ وەچەواشە**
**مایل وەجەوریت، كافیەن، وەسەن**
**عاقیبەت پەی تۆ یچ ڕەنجی عەبەسەن**
**بازە بایاران یەک سات وەبێ غەم**
**نێشان نەڕێزان هووناوان نەچەم.**

**(٣)**

**فیدات بام ئازیز شكۆفەی داران**
**گوڵخونچەی نەورەس ئەوەڵ وەهاران**
**بێزنای نێرگس نەمێرغوزاران**
**مات كەردەی سەوسەن نە سەر دیاران**
**ئاهوی پەڕ طەییار تیپی تەتاران**
**سەر باشقەی غەزال دیدە خوماران**
**مەعكوس پەی نەزەر شەهەنشای شاران**
**پابەند كەردەی شێخ مەلا و توجاران**
**زوڵف كەردەی زنجیر پەی راویاران**
**دەوای دەردی زام گرۆی بیماران**
**چەند وەختەن ئەمن زەلیل و زارم**
**پەی دیای دیدەت دڵ بێقەرارم**
**هیجران و مەینەت بیەن سەربارم**
**مونتەزیر بەلەفز شەكەر گوفتارم**
**جە دەقیقە و سات هەفتە و ماهو ساڵ**
**نیەن خەیاڵم خاڵی جەو جەماڵ**
**دەروونم زوخاڵ جەرگم قەقنەسەن**
**ڕەنگ زەرد و زەعیف دڵ نەقەفەسەن**
**چەم لێڵ و دەم وشک زانوو بێ هازەن**
**گەردەن كە چ مدرای لوتفی شابازەن**
**تۆ یچ ئینسافت بۆ پەی ڕستگاریی**
**دڵ بێقەراریی زامانی كاریی**
**باوەڕ وەیادت عەهدی قەدیمان**
**وەفاشان تا سەر ئەو چەند نەدیمان**
**دمای جەفاو دەردقێن و گازشان**
**سەفاشان مەدا دەردی نازشان**
**هۆر دەرگۆشەی چەم لەب وەخەندەوە**
**ڕستگاریی كەر پام وەبەندەوە**
**بەلەفزی شیرین بوانمەوە**
**وەرازان نەرم بلاوانمەوە**
**وزەم نەگەردەن مارانت كەم كەم**
**پەنجەت جە پەنجەم بكەرە مەحكەم**
**گەردەن وەگەردەن، دەم وەدەمەوە**

بێخەم بنیشێن چەم وەچەمەوە
بکەرمێ رازان وەرین، و بەردە
تۆ ژاراوان دای، من نۆشم کەردە
هەرچەند فەصل و بەین ئامان نەرێمان
قەزاش بکەرمێ بە وەسڵی وێمان
هەر تا چەرخ چێشێ ناوەرد جەدەرمان
نەپۆشان کۆگای ئەلحەد وەسەرمان
بویارمێ سەفای ڕۆزگار بێ دەر
هەرچەمە بۆ بۆ نەوسەرای مەحشەر
(مەحزوون) زەدەی تیر چەم سیاوانەن
بووڵی وا بەردەی هەردەو کاوانەن.

(٤)

جەمین پەڕەی گوڵ شای پڕ کەماڵان
باشی باڵا دەست ڕەعنا جەماڵان
غەزالەی نەو خیز وەتەن کەردەی چین
ئافتاب جەمین. ماهی بێقەرین
نەوغونچەی غونچەی شکۆفیای گوڵان
شەمعی پەروانان، باغچەی بولبوڵان
ئاینەی بێگەرد، باڵاسەوڵی تەڕ
ئەراگێڵ کەردەی شاهی بەحرو بەڕ
لەب یاقووتی سورخ گەنجینەی شاران
ڕاز ڕێزەی شەکەر شەفای بیماران
مەنزەرگەی ئەلتاف سیرِی سوبحانی
سەدجار فیدات بۆ مەجنوونی سانی
ئەرچە ڕەفیقت جەچین و ماچین
نیەن، نا پەیدان جەڕووی سەر زەمین
ساتێ چون جەیران لا بکەرەوە
جامێ جەشەربەت ئینساف وەرەوە
گۆش بدەر بە حەرف زەلیل و زەبوون
جەستەی غەرق هوون، خەستەی سەرنگوون
ئەو وەخت کە هەوای تیر ئەندازیت کەرد
ئیرادەی شکار پەنجە بازییت کەرد
موژەت کەرد بە پتر، ئەبرۆ بە کەمان
گێرتی نیشانگەی مەنزەرگەی چەمان
هەوادای تیرت جەرگم پارە کەرد
لاشەم ئاوێزان وەقەنارە کەرد
قرنج قرنج کەرد جەرگی زوخاڵم
شکەستەی مەجرووح بێ پەڕوباڵم
ئیسە مەوینی بەو تەور زامدارم
عەلیل بێ دەلیل دڵ بێقەرارم
گا مەدهۆشی دەرد، گا بەرزەن ناڵەم
بیەنان سەرژان تەمامی عالەم
بۆ بەسەرینم پەی ڕاگەی باریی
بکەرە مەڵهەم زامانی کاریی
بدەرەم نەجات جەئێشی زامان
سەدجار بوون فیدات شای نەونەمامان
جە چەشمەی حەیات دەهانی تەنگت
یا لەبانی لاق عەنابی ڕەنگت
یا قەترەی عەرەق گۆنای گوڵبێزت
یا شەهدی شەربەت شەکەرین ڕێزت
یا بەتای زوڵفت، یا بەپەیامت
یا خۆ بەپەشتان باڵای نەمامت
دەواکەرە زام لەت لەتیی جەرگم
سارێش بۆ تاکەی گوڵگۆن بۆ بەرگم
ئەرچە بەتیرت گیان بشۆ وەبەر
شەهیدم ماچان جە (یوم المحشر)
بەڵام ئێرخاسەن بزەند وە زامدار
بگێڵۆ وێڵ وێڵ نەڕووی ڕۆزگار
تاوینان زامم پەنەم بواچان
جای تیری ئەوەن جەرگ و دڵ پاچان
نەک بمرۆ (مەحزوون) داخی کۆنە و نۆ
بەرۆ، وەگڵکۆ نیشان کەردەی تۆ.

(٥)

نەونەمام، دڵبەر، ڕازی عەینەکەم
جەمین جام گەوهەر، سۆمای زەینەکەم
یاری پڕ وەفاو ساحێب بەینەکەم
بێباک جەتانە، مەناو مەینەکەم
چرای تاریکی، دڵەی خەمینم
ڕەوشەنیی ئافاق ڕووی سەرزەمینم
قەدی کەردەی نوور دیدەی نمینم
چنیای سەرچەمەی چین و ماچینم
قەڵایی دادەی قەلبی ژەنگ ئالوود
شابازی تەڕلان مەنزەرگەی (ودود)
صەفادای جەفای ئەیازی پڕ دوود
موفەڕڕەحی زات واریسی مەحموود
ئەلف وارکەردەی قامەت خەمینان
موختاری مەحبووب نێرگس جەمینان
پەسەندی بەصرە و کوفە و تەمیمان
گوشادیی خاطر (مەحزوون) هەمیمان
بێزنای نەوتووڵ پای قەڵوەزەوتاف

گەردەن مینای مەی سافی پڕ شەفاف
ئاهوی موشکی ناف بێلاف و گەزاف
غونچەی نەو گوڵان نا پەیدای کۆی قاف
سەدری سەرمەجلیس گردسینە بەتان
سەر سەوز و بۆرچین سەر حەوزو شەتان
چەم پییاڵەی مەست حووری جەننەتان
مەڵهەمی زامان گرۆ و میللەتان
پڕ شەرت و شۆن و هەم پڕ بەینەتان
سەدجار فیدات بۆ مەجنوون مەینەتان
شەمەی جەفیرقەت لێت کەرووعەیان
مەخفی و پۆشیدە باروون وەبەیان
تابیۆت حاڵیی عەرزی زەلیلت
زەبوونیی جەستەی خەستەی عەلیلت
بزانی فیرقەت چێش و ست نەوەرم
چەخاکێ ناپاک ڕێزنا نەسەرم
بە زەییت بەیۆ حاڵی زەبوونم
زوخاڵی قاڵب دیدەی پڕ هوونم
جابدارە گۆش نەوبەی عەرزەمەن
تەحقیق و تەسدیق عەرزەی فەرزمەن
قەسەم بەو هیلال دەیجوور و خورشید
ئاوارەم جە زێدگەردەن پەڕی بید
تۆشەی ژارو زووخ فیرقەت پێم بەستەن
پییاڵەی شەربەت وەسڵت شکەستەن
مەحروومم کەردەن جەنیگای خاڵان
سەحرام گێرت نەوەر وێنەی عەبداڵان
ببەستش فەڵەک کەڵەک پەی دووریت
هەواش دام نەگێج دەلیای مەهجووریت
جەورۆ پابەندم هەر بەند دڵ مەندم
موعجیزەی ظهور هەزار و ئەندم
بەگیانت، تەمام دڵ موستەمەندەن
دەریچەی حەیات نەڕووی وێم ژەندەن
شادیم بەتاڵەن، ئەوقاتم تاڵەن
دیدە نابینا، زوبانم لاڵەن
میحنەت بێحەددەن، فەرەح پاماڵەن
شیوەنم بێ شۆن، ئەواردم ناڵەن
سیایم بەختەن، مەینەتم تەختەن
هەناسەم سەختەن، قەقنەسیم وەختەن
هەوەسم بەختەن، هووناوم ڕەختەن
جەدووریی باڵات ئەر نەمروو جەختەن
لافاوی زووخاو هووناو کەثیرەن
گەردەنم بەتەوق فەلەک ئەسیرەن
خەزانەی خەیاڵ دایم نەویرەن
نیەنم عیلاج پام نە زنجیرەن
بەو تەوورەن فەریاد بێداد و زارییم
شێن و ناسۆریی زامانی کارییم
ئینس و جین و تەیرەی قەقنەس وارییم
سەرسام و ماتڵ جەبێ قەراریم
قامەت خەمیدەن، زەعیفم، زەردم
نا سۆر کەفتەی زام پڕ ئێش و دەردم
بووڵی سفتەی خەم غوباری هەردم
غەز جەدوورییت چەنی نەمەردم
شەوان شیوەغەن، ڕۆوان ناڵەمەن
مەلایک کولک مات کەچیی تاڵەمەن
تەواسای فیرقەت حوزن و مەهجووریم
هەوەسیای هاڕیای ئاسیای دوورییم
سەرکۆنەی تانەی خەواص و عامم
شێویای شێوەی تاقی ئیمامم
پەژموردەی خاطر باڵای نەمامم
ئەفسوردە و دڵ زیز شای جەمین جامم
چەند بەبێ هازی بەڕوودا کەوتم
نزدیک بی ئەجەل پییاڵەی مەوتم
بنۆشوم پەنە مەعلووم بۆ فەوتم
جەگوزەرگای ڕاش پڕ یۆیۆ ڕەوتم
تەمامی یەکسەر ئەحواڵ و کردار
ئیدەن عەرزم کەرد بە تۆن ئیختیار
ئەردوعای خەیرەن یاخود مەرهەمەن
هەر کام پەی شەفان جەلای تۆ جەمەن
بەهەرکامێ بۆ بکەرەم ئازاد
بەڵ (مەحزوون) دیسان باوۆ بە موراد.

(٦)

سەدری سەر جوققەی جەوق جەوق نەوهاڵان
چرای خەزانەی شای کەمەرلاڵان
زەڕگەردەن، زەڕ خەد، شای سیمین بەدەن
عەلیل کەردەی زام شۆخی دڵپەسەن
غەزاڵەی هەردەی جەرگەی دڵرێشان
سەفادای جەفای گردمەینەت کێشان
لابەردەی ژەنگان دڵەی خەمباران
ئاب ئەفشان کەردەی پەژموردە و زاران
باعیسی شادیی غەریبی شاران
ئەورادی فەریاد فەرهاد ئیشاران
دائم الاوقات القلب لدیک

شای پڕ کەمالآن سەلامون عەلەیک
بەگیانت جەو وەخت بڕیارم من جەتۆ
هەرسات بە نەوعێ زامم مەبۆ سۆ
هیجران و فیرقەت، خەمان وەکۆ کۆ
شەرارەی دەروون زووخاوەکەی تۆ
بیەن وەسەربار مەسۆچنان ئاڵەم
تۆفان بی وڵات جەشین و لاڵەم
هەر چەند یادی تۆم ماوەرد نەدەروون
بەڵ بە خەیاڵت عیلاجێ کەروون
بەتەر تەرمەدا جەرگم بە ئاهیر
مەکەرد دەریای فیل چەمانم باهیر
لافاوی هەرسان جەدیدەم مەوەشت
شەپۆلش مەدا ساراو هەرد و دەشت
سەیل و سەردیی و تۆف جەرووی سەر زەمین
جە ئەسروناڵە و هەناسەی من بین
مەگەر نەزانات تۆفی هەناسەم
وەشت وەتەپ و دوو جەوەختی تاسەم
تەمش گێرت کۆوان یەخش کەرد وەفوور
عاڵەم پڕ جەهەڕ، خورشید وەبێ نوور
ئا نە بەر کەنار ئیبتیدای مەشق بی
تازە بۆ کەردەی شەمامەی عەشق بی
مەلەک جەفەلەک خەمین و زارەن
گوڵ گوڵ گوڵبەدەن سەرنێشی خاوەن
مەلان گرد جەناح سوچیا و بێ شەوقەن
بولبولان نە رووی چەمەن بێ زەوقەن
شەجەران گردوشک، عەرعەران بێبەرگ
کولل دڵ وەش وەمەرگ خەنجەر مەدان جەرگ
چون پەژارەی خەم پزوسکەی دەروون
من ئەفسور دەکەرد ئەوان سەرنگوون
ساتۆیچ مدارا مەکەرە دەخیل
تەشریف بارە سەیر پەژموردە و عەلیل
ڕەهام کەر جەخەم با ببوون دڵشاد
ینچ ئەوان گرد بکەروون ئازاد
هەر کەس موفەڕەح بەدڵبەری وێش
بەڵ ببۆ مەعدووم ئێش و نێش و ڕێش
وەرناری تەشریف (مەحزوون)ی پڕ دەرد
تەحقیق جە ئەلحەد ئەعزاش مبۆ گەرد

(٧)

مە بۆوە هەمتات کەسی بێ وێنە
فەرد و تەنیابی جەی سەرزەمینە
ما باقی قامەت چووزەی سەراوان
یا تووڵی پای تاف قەڵوەزەی ئاوان
بەربی جە حادیث ئافاتی زەمین
ببی بە موختار، ئیلاهی، ئامین
ثانی چەن وەختەن جەلات ئامانم
هووناو سەرکەردەن سەرتادامانم
ژاراوو زووخاو جەرگەی زامانم
شادیم ڕەم کەردەن بڕیان ئامانم
زوبانم وشکەن بارم نەلێوەن
ڕوخسارم زەردەن، حاڵم پەشێوەن
چمان گم کەردەباڵای ئازیزم
یا وەڵگی ڕێزای سەودای پایزم
پۆسە زەعیفم ناعالەم تاکم
مەواچی مردەی مەزاری خاکم
ثالث با ترياق پەی مارگەزیدە
تابی عێراق مبۆ نادیدە
ئەمما چون ڕجای هەوای دەردپێشەن
و یانەی زامدار دڵوەشیی وێشەن
دەخیلەن ساتۆیچ تەکلیف بزانە
مەڵهەمێ جەرووی زامان بشانە
بکەرەم خەلاس جەگرد سیاسەت
بدەرە تەبدیل ئاهی نەدامەت
با باڵای (مەحزوون) خەلاس بۆ یەکسەر
نەگنۆ دیدە نییت ئەوەدەشتی مەحشەر.*

ئەمە شیعرەکان، جا ئەمە لەکوێ و دنیای شیعرەکانی بێسارانی لەکوێ؟ وا دەزانم ئەوەی ئەم دوو شاعیرە لێک نزیک دەکاتەوە تەنیا ئەوەیە کە هەردووکیان بە هەورامی شیعریان وتووە، ئەگینا لەباری هونەر و ناوەرۆک و دەستەڵاتی شیعرییەوە ئاسمان تا ڕێسمانیان جیاوازە و ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوات.

ئەم (مەحزوون)ە تا لە شاری سنە بووم هەر ئەوەندە سۆراخم بۆ کرا کە ناوی مەلا مستەفایە و خەڵکی گوندی دۆڵاوی سەر بە شاری سنەیە، هاوڕێیەکی شاعیری هەبووە بەناوی مەلا عەبدولخالقی کۆڵە سارەیی نازناو (حەزین) و نموونەی شیعری ئەویشم لەلایە. ئیتر بەداخەوە چەند هەوڵم دا بۆ بەدەستهێنانی ژیاننامە و شیعری تری، هیچم دەست نەکەوت. ئەم شیعرانەشم لە بەیازێکی لای میرزا محەمەدی سابیری دەست کەوت کە مێژووی نووسینەوەی دەکاتە ساڵی (١٣١٣ک.هـ) واتە

(٦٧) ساڵ بەر لە ئێستە.

### بەشی دووەم

بە پێویستم زانی لەبارەی چاوگێڕانەکەی کاک (محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە بەدیوانی بێسارانیدا لەسەر هەندێ خاڵی هەڵوەستە بکەم و بڵێم:

**یەکەم:** نووسیویە: چەندین سەرچاوەی بە پێز و ڕوون لە گۆڕێ دان و دەکرا لە دەستدابان و زانیاری و شیعریان لێ هەڵبهێنجرابایە، بەڵام کاک حەکیم پێیان نەگەیشتووە و بەلایاندا نەچووە. دوایی ئەم سەرچاوانە دیاری دەکات:

١- پێنج ژمارەی (ژین) و سێ ژمارەی (دەنگی گێتی تازە) و یەک ژمارەی (بەیان) و مامۆستا عوسمان هەورامی کە (دەمێکە بە قسە و بە نووسینیش باسی ئەوەی کردووە، خەریکی کۆکردنەوەی (دیوانی بێسارانی)یە لە ساڵی (١٩٨٣)دا لە گۆڤاری (کاروان)دا باسی لێوە کردووە).

لەم بارەوە دەبێ بڵێم: بەندە لە ئاوارەییدا ئەو بەرهەمەم چاپ کردووە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەم نەبووە دەستم بەو سەرچاوانە بگات، بەتایبەتی (ژین) و (دەنگی گێتی تازە) کە زۆر دانسقەن. سەبارەت بەکاک عوسمان هەورامیش من هیچ ئاگایەکم لێی نەبووە و دوای ئەوەی کە گەڕاومەتەوە ئەم دیو لە ساڵی (١٩٩٩)دا بە خزمەتی کاک عوسمانی گەیشتووم و یەکترمان ناسیوە. ئیتر لەمانەدا چ تاوانێکم هەیە؟ ئەمە لەکاتێکدا کە کاتی خۆی شیعرەکانم کۆکردبووەوە چوومە خزمەت خاڵۆ سەیید تاهیری هاشمی و پیشانم دا، ئەویش خوالێی خۆش بێ ئافەرینی کردم و زۆر بەکارێکی باشی زانی، ئیتر من لەسەر ئەو بڕوایە و پەسەندکردنی لەلایەن ئەو زاتەوە، ڕێگای چاپم بۆ گرتەبەر.

**دووەم:** ناوی کاک ئەنوەری سوڵتانی بردووە و نووسیویە (ماوەیەکی زۆر خەریکی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمین بوو تا دەڵێ (بڕواناکرێ کاک حەکیم ئاگای لەو باسە نەبێت، بۆیە نەدەبوو ئەو لایەنە بە بایەخە پشتگوێ بخات).

لەم ڕووەوە کاک ئەنوەر خۆی شایەتە کە زیاتر لە دووجار ئاگادارمان کرد کە نموونەی شیعرەکانی بێسارانیمان بۆ بگەیەنێتە ئینتیشاراتی گۆران، هەر نەی نارد، پاشان گرفتی لەسەر (مەحزوون) هەبووە کە پێی وابوو بێسارانی و مەحزوون یەکێکن، من لە نامەکەمدا ئەوەم بۆ ڕوون کردەوە کە پێشتر باسم کرد، یاخود ئەگەر کاک ئەنوەر بەرهەمەکەی بەر لەمن چاپ بکردایە، ئەوە دەمتوانی وەک سەرچاوە سوودی لێوەربگرم، لەبەر ئەوە پێویستە کاک محەمەد سەیری ساڵی چاپی هەردوو بەرهەمەکە بکا، ئینجا گلەییم لێبکات.

**سێیەم:** باسی خۆی کردووە و دەڵێ لە چەند سەرچاوەیەکدا شیعری بێسارانی بڵاوکردۆتەوە، لە ڕاستیدا من تەنیا چوار ژمارەکەی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیم لەلابوون، ئەمانیش چیان لە بارەی بێسارانییەوە تێدا بێت، ئاوڕم لێداونەتەوە، سەرچاوەکەی تریش (مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە) دەڵێم ئەگەر ساڵی چاپی هەردوو بەرهەمەکە لەبەرچاو بگیرێ، ئەوکاتە ڕەخنەی وا ئاراستەی من ناکات، چونکە ئی تۆ کە لە دوای من چاپ کراوە ئیتر چۆن بیکەم بەسەرچاوە؟؟

**چوارەم:** لە شوێنێکی دیدا نووسیویە (ئەمجارەش وەک ڕێنومایییەکی دڵسۆزانە ڕووی دەم و قەڵەمم دەکەمەوە ئەوانەی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی دیوان و بەرهەمی شاعیرانی کۆنن لە کارەکانیاندا بە پەلە نەبن و..).

ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی ئاراستەی کردووین هەموو دەیزانین، بەڵام چی بکەین هەڵەکان وەها دەڕەخسێن و منیش لەکارەکەی خۆمدا پەلەم نەکردووە، زاتێکی وەک بەهەشتیی سەید تاهیر پەسەندی بکات بۆ زوو چاپی نەکەم، تا ئەمیش نەبێتە خۆراکی ڕۆژگار؟ کەی کورد- ئێستەشی لەگەڵدابێ- ژیانی ئەوەندە بێ مەترسییە ساڵگارێکی درێژ بەرهەمێ لای خۆی هەڵبگرێت و ترسی فەوتانی نەبێت؟ ئایا مامۆستا محەمەد عەلی لە هەموو بەرهەمەکانیدا پەلەی نەکردووە؟ کە هەموویان پڕن لە تێکەڵی و پێکەڵی و خاڵ دانان (...) و وشە خستنە ناوکەوانەوە، هەر ئەم شیعرانەی بێسارانی کە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کرابوونەوە نیشانەی پەلە پەلەییان پێوەیە، چونکە گەلێ وشەی تێدایە نەیزانیوە بیانخوێنێتەوە، لە کاتێکدا کە کاک محەمەدی مەلا کەریمیش دەستی بە باڵتەوە بووە. بۆ نموونە شیعری (دڵە بە دامەن) بەسەر دەکەینەوە ئەوانی دی بابمێنن بۆ وادەیەکی دی.

**زایف و زەبوون میحنەتزەدەی خەم**
**چەپاو هیجران وەبێز کەفتەی چەم**
**لەولاوە مەجنوون شێت و لێوەی جین**
**ئاخ وەی مەن دڵە، دڵەهای وەی مەن.**

لێرەدا (لەولاوە) هەڵەیە و (ئەولاو) ڕاستە، ئاخر کوا (لەولاوە) لە هەورامیدا هەیە؟ لە ڕووپەڕەکەشدا کە چاپ

کراوە بە ڕوونی دەخوێنرێتەوە، (بەتایبەتی ئەوەی خەتی شکستە بناسێت). هەروەها (جین) هەڵەیە و (جەن) ڕاستە بۆ هاوسەروایی (مەن)، کەی لە شیعرا (جین) و (مەن) دەبنە قافیە؟ یا دەبێ (جن) و (من) بن کە ئەمەش لەگەڵ سەرەتای شیعرەکەدا نابێ کە سەروای (دامەن) و (زامەن)ە.

**تاهیر عیشقت پەی دەی تاونا**

**[تو شتبی!] بەمەی بەلات داونا..تاد.**

لێرەشدا (تاهیر) هەڵەیە و (ئاهیر) ڕاستە. (دەی) هەڵەیە و (وەی ڕاستە، وەی بەرانبەر بە (بەڵای) میسرەعی دووەمدا هاتووە. وشەی (توشتبی)ی خستۆتە ناو کەوانەوە و نیشانەی (!)ت لە تەنیشت داناوە دیارە تێی نەگەیشتووە، بەڵام زۆر بە ڕوونی نووسراوە (تووشتبی بەمەی بەڵات داونا) واتە: تووش بووی بەمەیەوە و..

**جگەر شکاوا بە مەودای ستەم**

**[ژار ئاوبی لام!] جەیۆتی مەرهەم..تاد**

لە میسرەعی دووەمدا [ژار ئاوبی لام] خراوەتە کەوانەوە و نیشانەی (!) لە پاڵدا دانراوە ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ (ژار ئاوی بی لام) واتە: ژەهر وەک ئاو وابوو لە لام لە باتی مەرهەم. هەروەها (جەیۆتی) هەڵەیە و (جیۆتی) ڕاستە، بە واتای (لەجیاتی).

**پێنجەم:** نووسیویە دەبێ لە لێکۆڵینەوەی داهاتووی دیوانی بێسارانی-دا ئەم دەستخەتە وەک دایکانە و نوسخەی یەکەم، بۆ ئەو پارچانەی کە لێرەدا هەن، دابنرێت و حسابی بۆ بکرێت، چونکە وەک دیارە نوسخەیەکی گەلێ ڕاست و دروستە و کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمینی لێدەرچێت، کۆنترین نوسخەی ئەم دیوانەیە تا ئێستا لە دەستدا بێت.

کاک محەممەد عەلی وتارەکەی ناوناوە (چاوگێڕانێک بەدیوانی بێسارانیدا) کەچی ئەوەی نەدیوە من نوسخەکەی کاک (سەیید باقر)م وەک سەرچاوەیەک پشتی پێ بەستراوە و مێژووی (١٢٧٢)ی پێوەیە و ئەوەی لای ئێوە (١٢٨٢)ە کە دە ساڵیان جیاوازە و دە ساڵ بەر لەو نووسراوەتەوە.. ئەمە چۆن وادەبێت؟.

**شەشەم**: لەژێر ناونیشانی (چەند خاڵێکی دی)دا لەسەر (٦) خاڵ قسەی کردووە، من هەمموو ئەوانە دەسپێرم بە پسپۆڕی خۆی و قسەکانی ئەم لەگەڵ بەرهەمەکەی مندا بەراورد بکات، ئەوجا ڕوون دەبێتەوە کە بەندە چەند بە دڵسۆزی و ئەمانەت و ئەوەی پێم کرابێ بە وردییەوە کاری خۆم کردووە. کە دەڵێم دەیسپێرم بە پسپۆڕ مەبەستم ئەوەیە خۆم هیچ ناڵێم و تەنیا لەسەر یەک- دوو ڕستەی دەوەستم.

(١) نووسیویە: بۆیە باش وایە ئەوکەسەی دەست بۆ کارێکی وا گەورە دەبات، هەوڵ بدات ماوەی ئەوە نەدات گوڵچنەوە لە دوایەوە بە بەرچاک و شاڵینەی پڕەوە بەرەو ماڵ بێتەوە.

لەسەر ئەمە دەبێ بڵێم کام کۆکەرەوەی دیوانی شاعیرانمان هەیە کە کارەکەی بە لووتکە گەیاندبێ و بە تەواوی پەڕیزی پاک بێت؟ تەنانەت شاعیرانی وەکو (گۆران، قانع، بێکەس) کە دوێنێ مردوون، کەچی لە دوای چاپکردنی لەجارێ زیاتر دیوانەکانیان هێشتا دەکرێ بڵێین شیعریان هەر ماوە و ماویشە، من لەبەری ڕەنجی چەند ساڵی خۆمدا توانیومە (٣٠٢) پارچە شیعری بێسارانی کۆبکەمەوە و بەچاپی بگەیەنم، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام دوای ئەمانەی تۆیش شیعری تری دەردەکەوێت، کەواتە بەم زووانە هیچ کۆکەرەوەیەکی دیوانی شاعیرانی کۆن پەڕیزی پاک نابێت.

(٢) نووسویە: کاک حەکیم لەم بوارەشدا هەوڵگەلێکی داوە، بەڵام هەوڵەکانی سادەن و گەلێ جار بێ بەڵگەی دروست دەمی کوتاوە. (دوای ئەمە چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە) بۆ ئەمەش دەبێ بڵێم، من قسەکانی خۆم بەڕاست دەزانم و مێژووش دەیسەلمێنێ و ئەوە با لەنێوان من و تۆدا بمێنێتەوە و شارەزایان قسەی لەبارەوە بکەن، ئەوەش کە نووسیویە، (دەمی کوتاوە) هەرئەوەندە دەڵێم کە ئەمە زاراوەیەکی ئەدەبی نییە بەلای منەوە و لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جێگەی نابێتەوە!

(٣) لە بەشێکی کەمی وتارەکەیدا باسی (شیعر بە بۆن دۆزینەوە)ی کردووە، بەڵێ من بۆ خۆم وەک عەتر و گوڵ بۆنی شیعر دەکەم و شیعری ئەو شاعیرە باشانەی کە لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا ژیاوم لە ناو دەیان شیعری تردا بە بۆن دەیاندۆزمەوە، ئێوە کە لاتان وایە شیعر بۆنی نییە، ئەوە لە شاعیرە باشەکان پرسیار بکەن، کەسێک دەتوانێ بۆنی بکا کە چاک لەگەڵ شیعردا ژیابێ و دڵسۆز بێ بۆ شیعر.

*** ئەم شیعرە سەرەتاکەی پەڕیوە.**





# بۆ ئاوەڵی شاعیر و نووسەر و زۆر بەهەست (ئەحمەد دڵزار)ی خۆشەویست

**تایەر ئەحمەد حەوێزی**

ڕۆژتان باش

لەپێش هەموو شت زۆر لە هەواڵتان دەپرسم، ئومێد دەکەم تەمەنی خۆم و خۆت بە تەندروستی و سەربڵندی هەر درێژ بێ، هیچ جێت نەیەشێ.

١- کتێبە ڕەنگینەکەتان (پاشکۆی بیرەوەریەکانم) واتا هی تۆ- بەدەست گەیشت، لە پێشەوە سوپاستان دەکەم، کە زۆر نزیک لە هاوتەمەنتان یادکردۆتەوە و بەسەرکردۆتەوە..

ئەمە هەرنامە نییە، بەڵکو پشکنێرێکیشە بەناو لاپەڕەکان و دێڕەکانی کتێبەکەتان.

٢- پێشەکییەکەی مامۆستا (کەریم شارەزا)ت ئەوەیە، (برا لەپشت برابێ، مەگەر قەزا لەلای خودابێ).

٣- باوکی ڕەحمەتیتان لە خوێندەوارە دڵناسکەکانی حەوێزی کە زۆر حەزی بە کۆمەڵایەتی هاتووە، ڕاستە ئێمە تانەمرین قەدری یەک نازانین، هەروەک (نەجمەدین مەلا) گوتبووی: «ئێمە زیندوو کوژی مردوو پەرستین» باوکتان نەساغ بوو، هێشتا دەوری ئاگردانی خۆشبوو، چەند ڕۆژێک بوو لەماڵەوە کەوتبوو، (مستەفاغا)بی و نەیەتەدەر؟ نەچووبووە دیوەخان و بازاڕ، مامۆژنە (سلوحە)م کە ئەمیش ئیختیار و نەساغ بوو پێی گوتم: «حەمەتایەر، مستەفاغا گلەیی کردییە؛ گوتیەتی: «بەرەی هەموو حەوێزی-یان هاتینە سەردانم، بەرەی (صادقاغا)ی نەهاتیین» خۆت دەیناسی چ پیاوێکە؟ ئێستاش (کاکە لێرە نییە، دەبی ئەتوو بچی)».

لەبۆ سبەینێ چووم، مستەفاغا دیاربوو دادەنیشت و دەهاتە دەورەی ئاگردان، زوو زوو جێی خۆی دەگۆڕی، لەشی تەواو نەبوو، جێی بەخۆی نەدەگرت، کەسی لەلانەبوو مامۆستا (کەریم) کە منی دی؛ ئەویش بەرگی گۆڕی و هاتە ژوورێ، نەمزانی چۆن باسی (مناخ) کرا؛ باوکتان هەروەک نەساغ نەبێ گوتی: «ئەوە باسی هەوای دەکەن؟ «ئیدی لەو ڕۆژیەوە بە زیندیەتی جارێکی کە نەمدیتەوە، جێگای بەهەشتی بەرین بێ، لەگەڵ خاڵە صدیقم- ئەگەر لەسەر (ئاوی جۆگەی)دەنا موویان بە بەینێوە نەدەچوو، زۆر قسەی بۆ خاڵم کردییە وە زۆری بۆ گێڕامەوە، حەقی نەک کتێبێکە بەڵکو هەقی چەند (شانامە)یەکە.

٤- ئێوە کە لە سوێد بوون کۆیە و وڵات زۆر گۆڕانی بەسەرداهات؛ وادیاربوو لەو دوورە پاشانشینە هەر ئاگاتان لە کۆیە بووە، بیرتان لە خێزانتان کردیتەوە و بەڵکو خەونیشتان پێوە دیتبێ؛ چونکو لە کتێبەکەتان وەها لە بنج و بناوانی کۆیە دواون، زۆر جێی ئافەرینن.

دەڵێی پرسیارەکانی گۆڤاری خەرمانە وەک خۆت بۆت

نووسیبێتەوە؛ کە ئەوهام لێ بپرسە؛ وابێ.

٥- لەو هەموو کتێبەی یەک جار چاوم بەناوی (ڕۆستەم کەوت)، وەختی خۆی دەی وت: «ئەمن بێ ئیش بووم، لە ڕەزی شەمەی لەگەڵ دڵزار زۆرمان پێکەوە ڕابواردیە و باسی شیعرانمان کردییە» کە سەرەتای شیعرتان بوو. وە (کاکەمین)ی جەمیلاغاش دەمی لە شیعران دەدا، بەڵام ڕۆستەم لە (تخمیس)ێکا، لە زەوقی دابۆوە. کە (سەیرانی دەبەینە شەمە)؛ وە من پێی لێ دەنێم، لە ساڵی ١٩٤٤ کە محەمەد تۆفیق وردی لە (تەقتەق)ەوە نەقلی قەڵادزە کرا، بۆ لای ئێمە گەلێ شیعری ئێوە و هی خۆی بە قوتابییەکان وت؛ وە کە کۆمەڵەی (ژ.ک) لە مەهاباد دامەزرا، (وردی) حەزیشی لێ بوو، وە لە ترسانیش ڕای کردبووە ئەودیوی، ئەوساڵی مەلاکی مەکتەبەکەم لێ شەقڕا وە ئەو نووسینی کە هەیبوو، لە ژوورەکە بوو، لە تاقێک لەپشت حەسیری دیواری شاردبووەوە، لەکاتی ماڵ پشکنین دیتیانەوە و شورتە بردیان، ڕەنگبێ دەفتەرەکەی ئێوەشی لەگەڵ بووبێت؛ زەمانی (مەعرووف جیاووک)ی موتەسەریف بوو کە (وردی)شی زۆر خۆش دەویست؛ شورتە وتی: «نووسینەکانیشمان ناردیتە سلێمانی».

قوتابییەکان بەو نەشیدانە دەیان نەڕاند، دەنگیان دەگەیشتە بازاڕ، گەروویان خڕەبوو؛

(ئەو چەند قسەیەم بۆ مێژوو نووسی)

٦- چاکە لەکۆیەش نین، بنەماڵەکانی کۆیەتان پەرەکردییە، لەگەڵ ئەمەش هەندێ بنەماڵەی کۆن و نوێتان لەبیرچووە. بەرەی ماڵی (عەبدولڕەزاق ئاغا) نەوەی (بایز ئاغا) کە گەڕەکێک و مزگەوتێکیان بەناوە، نەوەیەکیان کەوتبووە شەقڵاوە بەناوی (ساڵح کۆیی) وە بنەماڵەی (حاجی سەعید بەگ) باوکی (حاجی عەولا بەگ) خاوەنی خێراتی (حاجی سەعیدبەگ)ەو نەوەی (قووچ ئاغا)وە، ماڵی (حەمەشین) کە دراوسێتان بوون، کوڕی (عەبدوڵڵا بەگی خان) کە د. (گزنگ حەمە سدیق) و (ئازاد عەبدولواحید)یان لێ پەیدابووە و گەلێ شەهیدیان داوە، وە ماڵی (مام یەحیا دەباغ) باپیرە گەورەی حاجی جەمال ئەسعەد.. وە ماڵی حاجی مەلامین سوورچی مامۆستای (ئەمین ئاغا) و حاجی ئەسعەد ئاغا و ماڵی سمایلی مەلا خالیدی وە...

من لەسەر هەر چوار گەڕەک بە (مسودە) فایلەکم گرتیتەوە، زۆریان بۆ (١٥٠) ساڵێک دەگەڕێنەوە.

لەو سەرچاوانەی کە ئێوە سەرتان پێداگرتووە، بۆ ئەو چەند زانیارییەی کە لەسەر کۆیە بێ دەماودەم وەرتان گرتییە؛ پێم عەیبە بڵێم «حا» ئەی لەبۆ ئاوڕێکیشتان لەو دوو بەرگۆکەی مێژووی کۆیە/ نەدایتەوە کە لەلای (کەریمەفەندی) براتان دەست دەکەون. کە خۆم پێ هەڵکێشاون، تاقورقوڕاگەم لەسەریان نقوم بووم؛ مامۆستا زەکی ئەفەندی کە بەرگی یەکەمی دیتبوو- بێگومان لە چاو ئەو هیچ نەبوو/ بەڵام ڕۆژێکی پێی وتم: «تاهیر ئەو کتێبەی تۆ پاش سەد ساڵی دی نرخ پەیدا دەکا» کەچی ئێستا هەندێک پاڵی پێ دەدەن من ملم لە عەردێکی بەردەڵان و کەس نەکێڵ نابوو.

ئەدی نووسینەکانی وردی و تالیفە قەبەکانی کاک مەسعود؟

٨- لاپەڕە ٦ دێڕ ٢٧ بۆ مێژوو: وردی لە تەقتەق نەقلی قەڵادزە بوو، لە قەڵادزەوە چوو بۆ مەهاباد.

٩- کاک ئەحمەد، ئەو ئاوارەییەت/ سوپاس بۆ خودا و ڕاونەرەکانت بەخێر گەڕا، گوتراوە «العود في أرضه نوع من الحطب» هەرچەندە دەشڵێن «بەرد لەجێی خۆی بەسەنگە» لەگەڵتم شەرت نییە، ئەو دوو قسەیە لەسەر هەموو کەس و هەموو زەمان و مەکانێک جێبەجێ ببێ. هەیە لە شاری خۆیدا (غەریبە)نیەتی هەیە لە شارانە، خۆی بە غەریب نازانی هەیەتی، ئەو دۆلارە کە سەدی بە (٧-٨) هەزار دیناری چاپی سویسری بوو بۆ هەندێکیان بەخێرگەڕا ئەوسا لە کێ و ئێستا لە کوێ، وەک دەڵێن «هەر خوایان یەکە».

١٠- «دەرگەی ئاشان»م نەبیستییە؛ ڕێشی دەچتێ کە بۆ خانەقا ڕووتەی چووبێ؛ وە لە کۆنە قەڵاتێ کە ئێستا جێ کارگەی پوختەکردنی توتنە، دەرگای تایبەتی هەبووە، وە لە شوورەی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد/ لە ئاودەستەکانی دەرگایەکی بچووک هەبووە، بۆ (بڵباسان).


١١- لە دوای ویلایەتی شارەزوور کە ناوەندەکەی (کەرکووک) دڵی کوردستان بوو لە زەمانی (مەدحەت پاشا) والی بەغدا ٣ ویلایەت دروست کرا کە ناوی عیراق هەر نەبووە و، مامۆستا زیوەر دەڵێ «کە عیراق دامەزرا شمال و وسط و جنوب ناونرا بە (میان دوو اب) یا (میزۆپۆتامیا) یا (بين النهرين) ناونرا ١- ویلایەتی موسڵ، ٢- ویلایەتی بەغدا، ٣- ویلایەتی بەسرا. وە ویلایەتی موسڵ کرا بە سێ سنجاق واتا «لیوا»: ١- سنجاقی موسڵ، ٢- سنجاقی کەرکووک، ٣- سنجاقی سلێمانی، وە سنجاقی کەرکووک کرا چەند قەزایەک: ١- قەزای مەرکەز، ٢- قەزای کۆیسنجاق، ٣- قەزای هەولێر، ٤- قەزای کفری، ٥- قەزای ڕانیا، ٦- قەزای ڕەواندز. کە ئینگلیز لە ساڵی (١٩١٨) هات، هەولێری خستە سەر موسڵ کۆیەی بە وەقتی خستە سەر ئیدارەی

(شێخ مەحموود) لە سلێمانی لەگەڵ ڕانیە و پشدەر. کە ڕووی لە شێخ مەحموود وەرگێڕا، چەمچەماڵی لە سلێمانی کردەوە، پشدەری بەبێ ئیدارە هێشتەوە، هەولێری لە موسڵ کردەوە، کردییە لیوا، مەخموری کردە قەزا، کۆیە، ڕانیە، مەخمور، ڕەواندزی دا هەولێر، بە تۆبزیش پێکی لکاندن؛ وا دەگێڕنەوە «حەماغا هەتا مردیش هەر وای دەزانی سەر بە کەرکووکە «ئەو تەشکیلاتەی لە ساڵی (١٩١٩) دەست پێ کرد، لە (١٩٢٢) شێخ مەحموودی بەفرت و فێڵ هێناوە، بەڵام هیچی نەدایە.

١٢- گەڕەکی گردی جوولەکان لەپێشان ناوی لێندرا (سەعیداوا) بەناوی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ، کە ئەو ساڵی بەسەردان هات، دیاربوو چاوی ڕەش ببوو، مەرگ دەیگێڕا، (جەمعیەتی مامۆستایان) خەریک بوون بیکەنە گەڕەک، بەڵام (ئەحمەد لاکێن)ی موختار لەگەڵ ئێک دوو ئەهلی مەزبەتەیان بۆ سەعید قەزاز بردە ژووڕێ قائمقام (هادی ڕەشید چاوەشلی) نەیدا بە مامۆستا (غەریب مستەفا) پێی گوت: «ئێوە معەلیمن چۆن تاکو ئێستا خانووتان دروست نەکردووە؟ «دیارە مشورتان نەبووە وە دای بە ئەهالی، خۆت دەزانی هادی چاوەشلی وای کرد بە دوو مانگ، سێ مانگ تەواوی بکەن و ناویان لێ نا (سەعیداوا) نەک (میللی) وە لە دوای چواردەی تەموز، مەجلیسی بەلەدیە ناوەکەی کردە (سەرباغ) کە بەسەر ڕەزەکاندا دەیڕوانی؛ ڕووداو وەک خۆی بنووسرێ، وە سەرت نەیەشێنم، بۆیە کتێبەکەتانم وا ئەسپی دۆزی کردییە، چونکە دانەیەکتان بە تاسوغی بۆناردووم، ئێوەش ئەدیب و نووسەر و شاعیریشن، ڕێزی خامە گرن؛ شتێکی ڕەمەندە بەسەریشە بۆ پاشکۆی مێژووەکانی کۆیە.

١٣- خاڵە صدیقم گوتی: خەونم بە مستەفا ئاغایەوە دیت گوتی: «هەڕوو سەلامان لە زەکی ئەفەندی بکە، کە چووم زەکی ئەفەندی کە مدیری باواجی بوو گوتم مستەفا ئاغام لە خەوێ دیت گوتی: هەڕوو سەلام لە زەکی فەندی بکە، زەکی ئەفەندی گوتی: «ڕاستە ئەو چاکەی لەبیرە کە (کەریم ئەفەندی) کوڕی لە مەکتەبی ئولا لە پۆلی یەک وەرنەگیرا ئەمن لە مەکتەبی ثانیە لەکن خۆم قەیدم کرد «ئەتۆش ئەم وێنەت لەگەڵ گرتووە، دەڵێی دەیزانی پاش ٥ ساڵی دی ئەمری خوادەکا، ڕاستە کەس نازانی کەی دەمری؟

١٤- بنەچەی (غەفوری)یان، بەپێی ئەو (سەنەد)ەی کە لە ساڵی (١٢٦٣)ک لەسەر ئاوی (گەرمووک) نووسرابۆوە درابووە دەست حاجی بەکرئاغا؛ دەستا و دەست کەوتە لای (سەمەد ئاغا)؛ ئەویش دایە من؛ (مەلا ڕەووف ئاغا)ی (سەلیم ئاغا)ش هات لە منی ستاند، بەو ناوەی لەسەر نۆبە ئاوی گەرمووک شکاتی پێ لە (عادل) دەکا و بردی و فەوتاندی، بەڵام من نسخەم لەسەر نووسیبۆوە.




لێرە مەبەستم بەس ئەوەندەیە کە حەمەئاغا یەکسەر کوڕی (غەفور)ی بوو، لەبیریشتان نەچێت ڕئاسەتی غەفوریان لە بنەماڵەی حاجی (فەتاح ئاغا) بووە، لەو کاتی لە هەموو مناسەبەیەک غەفوری لە دیوەخانی ئەوان کۆدەبوونەوە، وە خێزانیان مەیلەو پیرۆزبەکیان هەبوو، بەرەی حەمەدئاغا هەتا حەماغاش پیشەیان دەباغچییەتی بووە، بەڵام لەدوای وەفاتی حاجی بەکرئاغا کە دەستێکی باڵای هەبووە لە پێشخستنی کەریم ئاغا مەحموود ئاغا، (ئویایی) حەلیم خانی داکی ئەمین ئاغا ئێک دوو کچی دانێ؛ وردە وردە بەدەرکەوتن، دیوەخان و قۆناغیان بوو، وە (ئەمین ئاغا) لەسەر (سمایل ئاغا) و (مەحموود ئاغا) ماوەیەک بۆ لای (حلە) نەفی کرا، خان و دوکانیان دروست کرد و موڵکیان زیاد کرد، بەرەکەی تر کزبوون وە (حەمەئاغا) لەجیاتی هەموو غەفوریان ناسرا. لە دەوری (حەمەئاغا)ش جارێکی (مەلا فەندی) هەولێری هاتبووە کۆیە لە دیوەخانی (مام سلێمان)ی میوان ببوو وە (ئەمین ئاغا) بۆ بەبووک هێنانی داکی (مەلا ئەحمەد ئاغا)ی (مام سلێمان)ی چووبووە هەولێرێ.

وە ئەمین ئاغا داشداری موڵک و ماڵی (حەمە ئاغا)ی کردبوو، وە پاش (١٥) ساڵ کە لە حەپسخانەی بەردەبی، (ئەمین ئاغا)، (حەبیب خانی) کچە (١٥)

سالّییەکەی دەداتێ کە ئەوپەڕی ماڵ و حاڵی بۆ ڕادەگری، وە لە پاش وەفاتی (حاجی ئەسعەد ئاغا)ش (جەمیل ئاغا)، (عەیشە خانی) خوشکی دەداتە (حەمە ئاغا)، وە هەروەها کە حەمەئاغا وەفات دەکات (حەمە زیاد ئاغا)،(٨) سالاّن دەبێ جەمیل ئاغا ئاگاداری ماڵ و موڵکی خوارزای دەبی و مەلا حەوێزاغای دەکاتە داشداری. **(ئەم چەند قسەیە با بۆ مێژوو بێت.)**

١٥- لاپەڕە (٢٠) ڕۆستەمیش وەک برادەرەکانی ئێوە دەی گوت (بمرن ئەوانەی لەسەر دۆشەک دەنوون)

حاجی (فەیزوڵڵا ئاغا) گوتی: «ڕۆستەم کە ماموری تاپۆی بوو، لە کۆیە حاڵی خۆش بوو، ڕۆژێک داوەتی کردم کە چووم و لەسەر دۆشەگی دانیشتم گوتم: «ڕۆستەم ئەفەندی بمرن ئەوانەی لەسەر دۆشەگ دادەنیشن» پێکەنی.

(پەرلەمان) سقوتی کردبوو، کە کاک (عەلی) لە قەرەباڵغییەکە (استقالە)کەی کاکە زیادی خوێندبووەوە.

١٦- لاپەڕە (٢٠) وەک من بیستوومە، ئەو ساڵی کە بەسەربڕانەکە ناسراوە، ئەو بنەماڵەی کە لەگەڵ باب و باپیری (حاجی بەکر ئاغا)تووش بوون، تەنیا دوو منداڵی ناو بێشکەیان لێ قورتاربووە، کە ماڵی (کاک سەید) کە بە سەیدە گچکە ناسرابوون، ئەو دوو منداڵە ساوایەیان بەبن گواوی تەکیەی قورتار کردییە؛ وەک پێوەندیان بە بنەماڵەی غەفوری ئێستاکەوە نەبووبێ.

مامۆستا (زەکی ئەحمەد) کە زۆر هاتوچۆی دیوەخانی (مەلا حەوێز)ی دەکرد و گوڵی مەجلسی بوو، ڕۆژێکی بۆ (جەلال ئەفەندی) گێڕاوەتەوە:

جارێکی لە (مەلا حەوێز ئاغا)م پرسی: «کاک حەوێز ئەم ڕووداوە چۆن بووە؟» دیوەخان یەک دوو حەوێزی لێ بوو، گوتی «چی وانەبووە ڕۆژێکی کە لێم پرسییەوە- کە چۆل بوو- گوتی: «ئەدی وەختی خۆی (٤٠) مێردیان لێ سەر بڕیوین».

١٧- ئێوەی ئەوپەڕی دەستەچەپ و حاجی حەمە زیادئاغاو مەحمودئاغای کوڕی ئەوپەڕی دەستە ڕاست- کە ئەم دەستە ڕاست و چەپیە وادەزانم لەبیروباوەڕدا نەهاتیە، وەختی خۆی پەرلەمانی فەڕەنسی لە زەمانی شایەکیان بوونە دوو بەش؛ ئەوەی لای (شا) بوون چوونە لەلای دەستە ڕاستی دانیشتن وە ئەوانی بەرهەڵستکار بوون چوون لە دەستە چەپی دانیشتن، ئەو چەپ و ڕاستە لەوەوە پەیدا بوو. ئێستاش لە سایەی خواوە، کاک فاتح ڕەسول و مەحموود ئاغا لە سوێد لە غەریبی کۆییاتی و خۆییاتییان کردووە، موویان بە بەینێوە ناچی، دەڵێن: «تەنانەت لە کچ بە مێردانا پرس پێک دەکەن؛».

١٨- لەسەر کێل شکانا، من بیستم جارێکی (هادی ئاغای تۆفیق ئاغا) عەبدولمەجید ئەفەندی شێخ نوری دەفەرمووێ: «لە مەکتەب تا پۆلی پێنجەمی خوێند زۆر زیرەک بوو «کە تێک چوو کێلێکی قەبری «صادق ئاغا»ی باپیرمی شکاندبوو وە کێلەکەی دیشی حوشتر خۆی پێ خوراندبوو، ئەویدیشی شکاندبوو.

ڕاستە بیری ئاغایەتی و زوڵم و زۆرداری لەناو هەندێکان بلاّوبۆوە، قوتابخانە زۆر کاریگەر بوو لەسەر قسەی هەندێ برادەرانم، خوێندەوارانی حەوێزی وەک بابم و بابتان، کە قسەی ڕابردوو و پیاوەتی باپیرانیان بۆ دەگێڕامەوە گرژدەبووم وە نەدەچووە دڵم، کەچی ئێستا من پەشیمانم، چۆن ئەو قسە مێژووییە واقیعیانەم لە کیس خۆم دا، ئێستا لە خاپەلۆکان دەگەڕێم لەم و لەو مێژووە دوورکەوتووەکان بنووسمەوە.

کە (متوسطة) چووە حەسارەکەی (حەمەزیاد ئاغا) کە شیعرە بەناوبانگەکەتان لەسەر داناوە لە قەبرستانی حەوێزیان نزیک بوو، مەکتەبەکە میلاکی تەواو نەبوو، کە لە زۆر دەرسان بەرەڵا بوون، وەختی زوو زوو (اضراب- لێدان بوو) قوتابی بێ ئیش بچتە کێ؟ هەموو لەسەر قەبران بلاّوبوونەوە؛ (عەبدولڕەحمان ئەحمەد هەناری) ڕۆژێکی بۆ منی گێڕاوە: «دار زەیتونێکی زۆر گەورە و بە عومر، ڕەنگبێ پێش (حاجی بەکرئاغا)ش هەبووبێ، زۆر گەش و جوان، ئێوارەیەکی جگەرەیەکم خستە ناو کلۆراییەکەی، هەندەی پێ نەچوو ئاگری گرت و سووتا، من ئەو کەتنەم کردیە؛. تەنانەت منداڵە ڕووتەڵەکانیش چاویان لە منداڵە ڕەعیان دەکرد؛ بەناو کێلە قەبرەکاندا دەسووڕانەوە کە ئێواران زەلام سامی لێ دەکردن.

هەندێ مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی، بەو ناوەی (نشاط مدرسی)یان هەیە و پێشانگای دادەنێن و بەڵکو مدیر و خەڵک ڕێزیان دەگرن، خەریتە و نەخش و وێنەی گوڵ و گیایان لەسەر شاخ پێ دەکردن..

لە هەمووی ئاسانتر قوتابی غارە بۆ سەر قەبران- لە جیاتی بچنە کانگان، ملیان لە هەندێ کێلی شین نا، خۆیان پێ خەنی کرد، ئەمە یەک لە ئەسبابی کێل شکاندن بوو، کێلە گەورەکانیان بە بەردی گەورە دەشکاند، لەودواییەش زۆر گوللە بە کێلە چەمەنتۆ داڕێژراوەکان کەوت،کە پارەیەکی زۆریان تێ چووبوو.

ڕۆژێک لەسەر قەبری حەوێزیان دانیشتبووین، خوالێخۆش بوو مێژووناسی بەناوبانگ (سەعدی ئەفەندی مەلا ڕەؤوفی خادم السجادە) فەرمووی: «ئێوە دەزانن؟ ئەو کێلانە- کە هەمووی تحفەیە و تاریخیە- بۆ دەشکێن؟ دەڵێن: «دەبێ لە قەبرستانیش قەبریان وەک هی باب و باپیرانی ئێمە لەنزمی مساوی بی؛».

١٩- حاجی (مەلا عەبدوڵڵا جەلی)(٣) کچە خاڵی هێناوە؛ (حاجی بەکر ئاغا)ی خاڵی نەمابوو.

٢٠- نووسیوتانە بەدە ئاب و هەوای قەلاّدزە، هەرچەند ئەمیش تەواوە، بەلاّم وەک من بیستوومە (تف لە ئاب و هەوای قەلاّدزە).

٢١- دەتوانین (پاشکۆ)یەکەتان بەشی یەکەم، نەک بە گۆڤارێک بەڵکو بە (ئینسکلۆپیدیایەکی بچکۆڵە) بزانین، کە ویستووتانە هەموو شتی تێ بئاخنن (اخن) تورکیە، تێ بخەن.

٢٢- لاپەڕە (٤٩) دێڕ (٢٩)(پێ) (پێ یان) (پێ کتان) (پێکان) دەکرێ کۆکراوەی نەزاندراوی (پێ)بی؛ بەڵام (پێکان) کۆکراوەی نەزانراوی (پێک)بی، دەگوترێ: «ئەمشەو تا بەیان ساقی بۆم تێکە- کە دەبووایە بوترێ» ئەم شەو تابەیان ساقی پێکانم بۆ تێکە» نەمزانیوە ئێوە هێندە ڕموودی پێکان بووبن، دەزانم ئەمەت بۆ نموونەیە، بەڵام بە (چرای زەوقەکەم بە پێکان پێکە) تێتان هێنایتەوە.

٢٣- لەسەر هەندێ شێوەی کوردی کە کاپتان های لە کتێبەکەیا (دوو ساڵ لە کوردستانا) لەو چەند شارەی کە ئیدارەی گێڕاوە وەک: (کۆیە)، (ڕانیە)، (هەولێر)، (شەقلاوە)، (ڕەواندز) هەستی بە کەم کەمە جیاوازیە شێوە خۆجێیەکانی ئەم شارانە کردووە دەڵێ: «ڕەواندزی لە بەرگ لە بادینان نزیکن لە قسەکردن لە سۆرانیان نزیکن، وە ئەوان لە بادینان باشتر تێدەگەن، کە ئەڵقەی بەینی بادینان و سۆرانە، وە لە شاری کۆیە زۆر چەشن کۆبووینەوە، کۆییەک چاکتر لە سلێمانییەک لە بادینان دەگات، سلێمانییەک چاکتر لە جافایەتی یا هەورامییەک دەگا نەک کۆییەک».

٢٤- تێبینییەکەی یەکەمتان لەسەر کتێبەکەی دکتۆر (کەماڵ ئەحمەد مەزهەر) لەسەر سەفەری (مینۆرسکی) و ساڵەکەی لە ئاهەنگی فردەوسی لە (تاران) و شیعر خوێندنەوەی (جەمیل صدقی زەهاوی) نووسیویەتی (في سنة ١٩٣٤ سافر الزهاوي الى طهران ليمثل العراق في مهرجان الفردوسي..) نەمانزانی بۆ لەدایکبوونی بووە، یا مردنی؟ ڕاستە ساڵی (١٩٣٠) نەبووە (١٩٣٤) بووە کە دکتۆر کەوتیتە ئەو قۆرتە.

بێ لەو ڕەخنانەی کە لە کتێبەکەی دکتۆرتان گرتووە، دەبوایە ڕەخنەیەکی زۆر گەورەی لێ بگرن- هەرچەندە دکتۆر بەو هەموو خۆماندووکردنانەی کە ڕۆژی لەسەر شەو داناوە شەوی لەسەر ڕۆژ داناوە و ئەو هەموو تالیفانەی کردووە (جووڵانەوەی کوردەکان لە دژی ئینگلیزی داگیرکەر- کە ئینگلیز بە زۆر ناوی لێنا (شمال العراق). لە کوردستانا هیچ پێوەندی بەو حەرەکانەی عەشیرەتە عەرەبە شیعەکان، کە شێخێک لەبەر بەرژەوەندی خۆی یا عەشیرەتەکەی هەڵدەستا کە ئینگلیز بە زۆر ناوی جنوبی لێنا.. وە لە مەنهەجی کتێبی مەکتەبان ناویان لێناوە شۆڕشی (١٩٢٠) هی کوردەکان هیچ پێوەندی بەهی ئەو عەشیرەتە عەرەبانەوە نەبووە، وە ئالی عوسمان وای مراندبوون، ڕوحی عەرەبایەتییان هەر نەبوو وە تەنانەت لە (بەغدا)ش عائلەکان زوبانی تورکییان بەسەرزارەوە بوو، لە پەرلەمانی عیراقی، نائب و ئەعیان و وەزیر بە تورکی قسەیان دەکرد؛ دکتۆر وای نیشان داوە. کە برایەتی کورد و عەرەب ئەو شۆڕشە پیرۆزە بوو ئەوە بووە ئەو حکومەتە (عیراق)ەی لێ دروست ببێ؛ وە دەیەوێ شیعرەکەی (فائق بێ کەس) (برایەتی کورد و عەرەب زۆر کۆنە مێژوو شاهدە)کە لە ئاخیری نەمانی ئەوەی گوتبوو، بەڵام شیعرەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، کە بەسەری شکاوی خوون بە چرچاوی دادەهاتە خوار و لەسەر شانان هاواری دەکرد (ئێمە کوردین کوردمان دەوێ..) ئەوێدیش ناڵێم بۆ ئەو چەشنە عیراقەی کە کەس نەیناسی ئێوە باشی دەناسن؛ وە ئاشکرایە ئەو کوردێکی، بەڵکو عەرەبێکە خۆم و خۆت دەیناسین، کە لە بەغدای پایتەخت بژی، یا دەبێ بێ دەنگ بێ و خەریکی بەرو ورگی و معاشەکەی بی و کەس ناوی نەینی، یا بخرێتە ژووری یا ملی بە پەتکەوە بی یا (بو کێودەن کۆچمەلی)، بەتایبەتی ئەوەی سیاسی وە یا مێژوونووس بی لە کوردان، حکومەت بلێ: «ئەمە بۆنی جودابوونەوە و (انفصالي) لێ دێ»، چونکە ئەمە نکۆڵ ناکرێ، ئینگلیز ڕۆژی خۆی (عیراق)ی بە (عەرەبی) خولقاندووە.

تەنانەت ئەو نووسەرانەی کە لە بن دەستی تاکە حزبێکیشن، خۆمان بگرین و نەگرین، تووشی ئەو سەر لێ چەواشەیە دەبین، ڕاستە ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە.

٢٥- لەسەر باوکی ڕەحمەتیت کە حەقی هەیە چەند کتێبێکی لەسەر بنووسرێتەوە، بۆ ئێمە سەربڵندییە لە خۆی و خاڵە سدیقم، لە خاڵە ئەحمەدی شینەی و لەم و لەو گەلێ شتی خۆشم لەسەر نووسیوەتەوە، بەڵام ئەمن وادەزانم ئەوەی لەسەر بنەماڵەی ئێوە و (جەلی زادان) شت بنووسی، خۆماندی کردنە، چونکە خۆتان خوێندەوار و نووسەرتان زۆرە.

٢٦- نامە تایبەتییەکان، لە دوای مەرگان، کاریگەرتردەبن زۆر هونەرە، لەو هەموو دەربەدەرییە وێنەی ئەو نامانەتان مابێ، من کە لە ئێوەم بەسەرهات کەمتر دیوە، هێشتا زۆر نامەم فەوتاوە.

٢٧- لە لاپەڕە (٦٨) کە لە (١٩٤٨/٥/٣١) گیران، چۆن بەربوون؟

٢٨- تۆش لە بەشە عەرەبییەکانت وەک من (ئەسپی دۆزیتان) کردیە؛ واتا زۆری لێ دەکۆڵنەوە، ئەدیبانی عەرەبی پێشکەوتووخواز؛ تەقیەت لێ بکەن و لێت بترسن، دەبی ئی پاشکەوتوو خواز و کۆنەپەرست پاشەڵیان لەبەرت بلەرزی.

٢٩- وە ئافەرین دەکرێن، کە توانیوتانە بەو عەرەبییە کەسکوون و تۆخە، نامان بنووسی و وێنەشیان لای خۆتان بپارێزی؛ کورد بە قسەی کۆنینە «نانی گەنمییە» هەموو شتی لێ دێ، کورد چونکو ناچارە زوبانە

بێگانەکان وافێردەبی؛ خاوەنەکەی واپێ ناگا.

لە ئاهەنگی دانانی هەیکەلەکەی (حاجی قادری کۆیی) لە کۆیە شەو کاک مەسعودی مەلای گەورە، هەرچەند هەوا کەمێ ساردبوو، بەڵام وتارێکی بە عەرەبی خوێندەوە، ئەدیبە عەرەبەکانی دانیشتبوون واقیان ورمابوو، بە حەپەساویەوە دەیان گوت: «ئەوە استاذ مەسعود دەڵێ چی؟ ئەوەندە ڕەق بوو، بە زەحمەت تێی گەیشتبوون کە زوبانی خۆشیان بوو، کەچی کاک مەسعود دەتگوت ئاوی ڕەوان دەخواتەوە.

٣٠- ئەو نامە بە سۆزانەی کە بەعەرەبی، بۆ برا عەرەبەکانت ناردییە بەو چەشنەش وەڵامت وەرگرتیتەوە؟ دەتوانم بڵێم: «بەشە عەرەبییەکەت گەلێک لە بەشە کوردییەکەت تۆختر».

٣١- ئەرێ لە ئیستگەی بێتەلی (صوفیا) لە بولگاریا، کە ئەوەندە بە شان و باهووی وڵاتەکەت هەڵگوتووە و بەچاوی خۆتان دیوتانە، وەشاهەدیشتان (ئاودێر بەکر ئاغا)ی حەوێزییە، کە ماوەیەک لەوێ لە دەورەی زراعی بوو- ئەویش لەو بابەتانە دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی وەسفی تەماتەی دەکردن، هیچ داوایەکتان لە (اذاعە)کەیان نەکرد، هەرچەند دەقیقەیەکیش وەک هی برا عەرەبەکان بە کوردیش بکەنەوە؟

ئایا ئێسا کە پەردە بەسەر (اشتراکیەتە)کەیان کە نان و ئەویدی لەو گۆڕەی بوو دادراوەتەوە، دەبی حاڵیان چۆن بێ؟ وە بۆ ئەو بەهەشتەیان جارێ بەلاوە ناوە؟ ڕاستە مرۆڤ تا دەمری زۆر دەوران دەبینی.

٣٢- من و ئێوە: تۆ بۆ شیعرە ونبوەکانت و منیش بۆ نووسینەکانم. هەردەبێ فرمێسکی گەورە بەربدەینەوە وە ئاهان بکێشین، ناڵێم باوکەڕۆیان بۆ بکەین.

تۆ لەسەر خێران ئومێد دەکەم ببیە پیری ئاخرخێر، وە بۆ چەند ساڵێکیش بێ پشوویێک بدەن.

واچاپ و چاپەمەنی لە هەولێر دەرگایان بۆتان کرایتەوە، بەناوی بیرەوەری، بە نووسین بە دوایان بکەوێ و بیانهێنێتەوە سەرمێزی موتالا، منیش با هەر بڵێم: «ئەو نانە بەو ڕوونە، یا بەو دۆشاوە».

٣٣- ئەم قسانەت بۆ دەنووسم، چونکە دەزانم بە خەسار ناچێ وە خۆم لە خۆتدا دەبینم.

٣٤- وە دیارە پێتان خۆشە لە (افلاک) و حساب گرتن، جێی باوکی خوالێخۆشبووتان بگرنەوە، کە زەمانەشتان جیاوازە؛ کە ئێستا هەموو هۆیەک هەیە، باوکتان هی تەجرەبەی خۆیی و تەقویمە ئێرانییەکە بوو.

بۆ مێژوو: مامۆستا زەکی ئەفەندی وتی: «لە (مستەفائاغا)م پرسی: چۆنە نشاتتان نییە؟» وتی: «زەکی تەقویمەکەم نییە». واڕێککەوت چوومە بەغدایە، سەردانێکی (کاظمیە)م کرد تەماشام کرد تەقویمی نوێی ئێرانی هاتییە، دانەیەکم کڕی و بە پۆستە بۆ مامە مستەفا ئاغام ناردە کۆیە؛ کە هاتەوە تەماشام کرد، درۆیەکانی تەقویمی ئێرانی لەکۆیە بڵاوبووەتەوە.

٣٥- حیسابی گەلاوێژ، منیش وەختی خۆی لە خاڵە (سدیق)م وەرگرتیە، زۆر سەیرە هەڵاتنی مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان بەپێی خۆیان و سووڕانی زەوی جێی خۆیان دەگۆڕن، بەڵام (گەلاوێژ) وەک منیش تاقیم کردیتەوە بانەکە و تارمەکەمان ڕاست دەی نۆڕیتێ، لە هەموو کاتێکی لە یەک جێی هەڵدێ لە دامەنی چیای قەشقەی بەلای ڕۆژهەڵات.

٣٦- ئەو پیتی ک=ک: کافە لەو چاپخانەیەی، ئێمە هێشتا چاومان لێ ڕانەهاتییە، تازە کتێبەکەتانی پێ چاپ کرایە و ببڕێتەوە، هەر بڵێین: «با چاپ بکرێ».

٣٧- لەسەر کێلە قەبران ئەوەم بەبیرهاتەوە: مامۆستا زەکی ئەفەندی هەناری ئێک دوو جار گوێم لێ بوو گێڕایەوە: «کە دڵم توند دەبوو، دەچوومە خوارێ بەتاقی تەنیا، دەچوومە قەبرستانی گوزەری حەوێزییان، لەسەر قەبرەکان دادەنیشتم، ئەو وەختی هیچ کێل نەشکابوو، نزیکی (٢٠) بیست قەبری بە سندوق زیاتر بوو، لەپێش قەبری حاجی بەکرئاغا و لەدوای ئەو دەستم دەکرد بە خوندنەوەی سەر ئەو کێلانە کە بە فارسی بە خەتێکی خۆش نووسرابوو، نزیکی سەعاتێک پتر دەمامەوە، تا دڵم دادەکەوت و ئەوجا دەگەڕامەوە شاری، ئیدی ئەوە کوڕە ڕەعیەک بی، ئەمە قسەکانی بی، ئەدی دەبی خۆمان چۆن بین؟

وە قەبرستانی ئێوەش بەرەی حاجیان، وەک هی لای ئێمە قەبری بە سندوق و کێلی بەرزی هەبوو، بەداخەوە هیچی نەمان خۆ هیچ نەبا، نووسینەکانیان بنووسیبایەوە.

٣٨- (پاشکۆ)یەکەتان هەم پەخشان و هەم دیوان، زۆر خۆشە کەوتە ژێر باڵی ئاشتی و ئاسایش ئەوجا با ماوەی حەسانەوە بێ، خۆم پێ نەگیرا ئەو چەند تێبینیەم بە قەڵەم داهات، ئومێد دەکەم بەڕەیەکم خستبێتە مزگەوت، دەشزانم بەخەسار ناچێ.

خوا بەرخوردارتان بکات، واتان کرد، بەو دانە کتێبەی بۆتان ناردبووم، کەمێ مێشکم پێ بکرێتەوە؛ وە بۆیە ئەو درێژەیە و (ورێنەیەم) دایە، دەزانم ئێوە قەدری مێژووتان لەلایە و هەڵی دەگەرن و ڕۆژێک دێ بڵاوی بکەنەوە، چونکە ئێوە لەمن بەرمەیدانترن.

٣٩- لە وێنەکانیش ڕەنگبی فرمێسکان بۆ (لەعلی) خانی خوالێخۆش بوو بەربدەنەوە.

## عەلی عابیدی:

# مۆسیقای کوردی جیاوازە لە مۆسیقای گەلەکانی دیکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە



* عەلی عابیدی کێیە ؟

– لە دایکبووی شاری سەردەشتم، ماوەی هەژدە ساڵە خەریکی کاری هونەریم، بەگشتی کاری هونەریی من ئاوازدانان بووە، بەهۆی ئەوەی لە قوتابخانە دەرکراوم نەمتوانیوە خوێندن تەواو بکەم، هەر بۆیە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم خوێندووە، بەڵام ئەگەر موتالا و خوێندنەوە حسێب بکەین ئەوە زۆرم خوێندووە، تاوەکو ئەم دواییانەش بەشی مۆسیقا بە ئەکادیمی لە سنوورەکەی ئیمەدا بوونی نەبووە، هەر بۆیە نەمتوانیوە بچمە ئەو بەشە، بەڵام من لای زۆر مامۆستای مۆسیقی خوێندوومە، من بە تەجروبە کارم کردووە و سوودم لەزۆر مامۆستا وەرگرتووە.

* دەکرێت بزانین تا ئێستا چەند ئاوازت داناوە؟

– لەو ئاوازانەی تا ئێستا بڵاوبوونەتەوە زیاتر لە (١٤٠) ئاوازم داناوە، بێجگە لەم ژمارەیە ئاوازی دیکەشم هەیە هێشتا بڵاونەبوونەتەوە.

* ئەو ئاوازانەی داتناون زیاتر لەسەر چ مەقامێکن؟

– بەگشتی لەسەر دوو شت کارم کردووە، چونکە من لام وابووە مۆسیقای کوردی جیاوازە لە مۆسیقای گەلەکانی دیکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە زۆرتر لە مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوایی کارم کردووە، لەسەر مەقامی بەیات ئاوازم داناوە، لەسەر مەقامی عەجەم کارم کردووە، بەقسەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر لامی نۆر لەسەر ڕێمی نۆر کارم کردووە، لەسەر مەقامی سەفەر کارم کردووە، لەسەر زۆربەی مەقامەکان ئاوازم داناوە.

* چ پاڵنەرێک هەیە بۆ دانانی ئاوازێک، یان بە گوزارشتێکی دیکە تۆ چۆن ئاوازێک دادەنێیت؟

– پێش ئەوەی دەست بدەمە کاری هونەری (مۆسیقا) من خۆم لە بواری شیعردا خەریک بووم، پێمووایە جوگرافیای کوردستان جۆرێکە بەهۆی بەرزی و نزمی و هەوراز و نشێوبەوە جۆرێک لە میلۆدیایە، سروشتی کوردستان مرۆڤ فێری زۆر شت دەکات، ئەمە هۆیەکە لە هۆیەکان، زۆربەی ئەو ئاوازانەی دامناون لەگەڵ شتێکدا پێوەندی هەبووە، ناتوانم بەبێ هۆ ئاواز دابنێم، لەسەر داخوازی خەڵکیش ئاواز دانانێم، تاوەکو هۆکارێک نەمهەژێنێت ناتوانم ئاوازێک دابنێم، هەموو ئاوازەکان چ لەبواری خۆشەویستی چ لە بواری کۆمەڵایەتی چ لە بوارەکانی دیکەدا هۆکارێک هەبووە بۆ دانانیان، کاریگەری کۆمەڵگەی خۆمە دەگەڕێتەوە بۆ خۆم، لەوانەیە لە شیعرێکدا ئەو ئاوازە بدۆزمەوە، بە کەمی بەبێ مۆڵەت شیعرم لە کتێبێک دەرهێناوە، چونکە لەو باوەڕەدابووم ئەوە گونجاو نییە، لەگەڵ زۆربەی شاعیرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پێوەندیم هەیە، بۆ خۆیان لوتف دەکەن و شیعرەکانم دەدەنێ و ئاوازیان بۆ دادەنێم.

* ناوی هەندێک لەو شاعیرانەی شیعرەکانیانت کردۆتە گۆرانی و ئاوازت بۆ داناون؟

– جەلالی مەلەکشا، ڕەحیمی لوقمانی، حەمە ساڵح سووزەنی، فەرەیدوونی ئەرشەدی، مارفی ئاغایی، عەبدولخالقی نەقیب، زۆر شاعیری دیکەش کە ئێستا ناوەکانیانم لەبیر نییە، لە کتێبەکانیش شیعری مەدهۆش، پیرەمێرد، هێمن، هەژار، لە شاعیرەکانی کوردستانی باشووریش ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس.

* ئەو ئاوازانەی کە تا ئێستا بڵاوت نەکردوونەتەوە چەند ئاوازن؟

– پتر لە (٣٠٠-٤٠٠) ئاوازە کە تا ئێستا گۆرانیبێژی خۆیم دەست نەکەوتووەو ئەو ئیمکانیاتانەی کە بۆ ئەو ئاوازە پێویستن لە دەستدا نییە.

* لە بواری کۆراڵدا چیت کردووە؟

– لە بواری کۆراڵدا کارم کردووەو بە نۆتە نووسیومەتەوە، بەڵام نەمتوانیوە پێشکەشی بکەم، چونکە بوار نەڕەخساوە.

* چەند کۆراڵە ؟

– تەنها یەک کۆراڵە و ئەویش لەسەر هەڵەبجەیە.

* ئاماژەیەکت بە نۆتە کرد لەو بوارەدا چەندێک شارەزایت و چۆن؟

– من لێرە لە کوردستانی باشوور بەهرەی باشم لە وریا ئەحمەد وەرگرتووە، ئەڵبەت بەگشتی لە خزمەت موجتەبای میرزادەدا لە تاران بچووکیم هەبووە، لەوانەیە شایانی ئەوە نەبم بە قوتابی ئەو بژمێردرێم، لای بەڕێزیان سوودم زۆر لە مۆسیقا لە ڕووە زانستییەکەیەوە وەرگرتووە، بەڵام بەگشتی دەتوانم بڵێم لەسەدا هەشتای ئەوەی فێری بووم خۆم وەرمگرتووە و هەوڵمداوە.

* دیارە کامکارەکان و عەندەلیبییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناسراون، ئایا هیچ هاوکارییەکتان پێکەوە نەبووە؟

– لەگەڵ جەلیلی عەندەلیبی تەنها دۆستایەتیمان هەیە، بۆ کامکارەکانیش نەکراوە بەخزمەتیان بگەم.

* بۆچی؟

– چونکە تۆزێک لەگەڵ ڕۆحی مندا نامۆن، مۆسیقاکەشیان تۆزێک لەگەڵ مندا نامۆیە، مۆسیقای موجتەبای میرزادە لە ڕۆحی منەوە نزیکترە، پێموایە لە ڕۆحی کوردستانیشەوە نزیکترە.

* کێن ئەو گۆرانیبێژانەی ئاوازی تۆیان چڕیوە؟

– ئەگەر یەک بەیەک لەبیرم بن، کامەران عومەر ئەم ئاوازانەی چڕیوە (خۆشەویستی، سەفەر دەکەم، زەمانێک هەر تۆ بۆ من جوانترین کچی دنیا بوویت، پەیمان) گەلێک ئاوازی دیکەش، عادل عەزیز.

* چ گۆرانییەکی ئاوازی تۆیە؟

– شیرینەکەم شیعری (شێرکۆ بێکەس) هێدی قادری گەلێک ئاوازی منی چڕیوە، ژاڵەی کەریمی لە لەندەن گۆرانی شوعلەی ئەوینی من شیعرو ئاوازی منە، ئاوازی شەهید کە نازانم بۆچی نەیچڕیوە، حوسێنی دانایی، نائیبی مینبەری، جەلیلی یووسفی، زۆرن ئەو گۆرانیبێژانەی ئاوازی منیان چڕیوە.

* چ هەوڵێکت داوە بۆ ئەوەی لە بواری مۆسیقای کوردیدا بنووسیت؟

– ئێستا سێ کارم هەیە بۆ چاپکردن، بەداخەوە ساڵی ٢٠٠٣ هاتمە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بۆ چاپکردنی کتێبێکم، بەڵام بەهۆی بێپارەییەوە نەمتوانی چاپی بکەم، ئێستا سێ کتێبم ئامادەیە بۆ چاپ، لای خۆمان بواری چاپکردنیان پێنەداوم.

* کتێبەکە چییەو باسی چی دەکات؟

– کتێبێکە بۆ منداڵان شیعرو وێنەو نۆتەی بەشێوازێکی سەرەتایی تێدایە، کارێکیشم کردووە لەسەر سەروان ناهید، بیبلۆگرافیاکەیم نووسیوەو هەم نۆتەو شیعرەکانیشم نووسیوە، بەهیوام لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستانی باشوور کە بەخاکی خۆمی دەزانم هاوکاریم بکەن، ئەو ئاوازانەی دامناون و بڵاوبوونەتەوە هەموویانم بە نۆتە نووسیوەتەوە لەگەڵ شیعرەکانیاندا بەهیوام ئەمساڵ بۆم چاپ بکرێن، بەنیازم لەو بارەوە هەنگاوی پێویست هەڵبگرم.

* کتێبەکەی دیکەتان باس لەچی دەکات؟

– لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر حەیران و بەیتە کوردییەکان، کارێکی دیکەشم هەیە پێموایە زۆر زۆر بۆ مۆسیقای کورد بەنرخە، لەبارەی ئاوازدانانەوەیە، واتە چۆن شیعر و مۆسیقا پێکەوە تێکەڵ دەکرێت، کەسێک چۆن دەتوانێت لەو بارەوە شارەزایی پەیدا بکات.

* لەم کتێبەدا دەتەوێت بڵێیت چی؟

– دەمەوێت بڵێم هەموو کەسێک ناتوانێت ئاواز دابنێت، دەبێت خۆی ئەدەبیاتی خوێندبێت، لە ئەدەب و لەشیعر تێبگات، چونکە کاتێک شاعیرێک شیعرێک دەداتە من ئەگەر من لەو سیمبۆلانە حاڵی نەبم نازانم چ ئاوازێکی بۆ دابنێم، جاری واهەیە تۆ کە لە شیعرێک وردەبیتەوە هەست دەکەیت ناتوانیت لەسەر مەقامی سەفەر ئاوازی بۆ دابنێیت، دەبێت بچیت لە مەقامێکی دیکە ئاوازی بۆ دابنێیت، من زۆرجار لە کوردستان دەبینم شیعرەکە باسی خەم دەکات، بەڵام ئاوازەکەی هەڵپەڕکێیە، ئەوە کارێکی زۆر بێ مانایە با زۆربەی خەڵکیش دوای بکەوێت و پێی خۆش بێت، ڕۆشنبیری مۆسیقی لای ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستێک بتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان کارێکی چاک و کارێکی خراپدا، کتێبەکە لەو خاڵانە دەدوێت، خاڵێکی دیکەش ئاماژەم بۆ مۆسیقای ژنان کردووە، ئەمڕۆ ژن گۆرانی پیاو دەڵێتەوە، ئێمە شیعری نێر و مێمان هەیە، لە کاتێکدا ئێمە لە مۆسیقییە کوردییەکانماندا هەژار نین، زۆربەی حەیرانەکان لە دەمی ژنەوە هاتۆتە دەرێ، بۆ نموونە حەیرانبێژ دەڵێت:

کیژ دەڵێت، ئەمە گۆرانی ژنە، بەڵام چونکە ژنەکان توانای چڕینی ئەمەیان نییە دێن گۆرانی پیاو دەڵێنەوە، لەم بوارەدا جیاکردنەوەیەکم کردووە لەسەر گۆرانی پیاوان و ژنان، هەندێک شیعریش هەیە بۆ نێر و بۆ مێش دەشێت، لە کتێبەکەدا ڕاڤەی یەک بەیەکی ئەو خاڵانەم کردووە.

* ئەی بۆ مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی چیت کردووە؟

– من ئەمساڵ چەند شتێکی نەوتراوی فۆلکلۆری ناوچەی سەردەشتم کۆکردەوە کە لای خلە دەرزی بوو حەیرانبێژێکی ناودارە، هەستاین لەگەڵ مۆسیقادا تێکەڵاومان کرد، ئەمە کارێک بوو کە ڕەگەز پەرستەکان دەیان وت مۆسیقای کوردی کارێکی وەحشییانەیە و لە شاخێکدا لە دەم شوانێک هاتۆتە دەرو چڕیویەتی هەر بۆیە ناتوانێت لەگەڵ مۆسیقادا تێکەڵاوی بکات، ئێمە ئەم کارەمان ناونا (زێڕنۆکێ) کە کۆمەڵە گۆرانییەکی فۆلکلۆری تێدایە لەوانە (گەلۆ، شەو و نیوەشەو، سوارۆ، حەیران) بێجگە لە بەیتە کوردییەکان، ئەمە تەنها کاری

ئەمساڵە، من هەوڵی زۆرم داوە، بەڵام بەداخەوە لێرە لە کوردستانی باشوور گرنگی بە ئاوازدانان نادرێت، من دەبینم کە مۆسیقاکە تام و ڕۆحی ئێرانییەو ئاوازەکە تورکی ئەستەمبوولە، ئەمە چۆن دەگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم بەسانسۆر نییە، بەڵام پێوەر بۆ ئەمە چییە،

دەبێت بۆ ئەم کارانە لیژنەیەک هەبێت.

* مەبەستت ئەوەیە کە مەقامێکی کوردی دەبێت ئاوازێکی کوردی هەبێت؟

– بەڵێ، دەکرێت سوود لە تەکنیکی مۆسیقای کلاسیک وەربگرین و لەسەر مۆسیقای کوردی پیادەی بکەین.

* کەواتە پێتوایە لە ڕووی تەکنیکییەوە سوود لە مۆسیقای ڕۆژئاوایی وەربگرین، بەڵام ڕەسەنایەتی خۆمان ون نەکەین؟

– بەڵێ.

* پێتوایە شتێک هەیە پێی بوترێت مۆسیقای کوردی؟

– بەڵێ، کاری ڕەسەن و کۆنەکراوەمان زۆرە، پێموایە هێندە کاری کۆنەکراوەمان هەیە ئەوەی کۆکراوەتەوە هێشتا دڵۆپێکە لە دەریایەک، ناشبێت ڕەشبین بین، بەڵام بەپێی ئەو کەلەپوورەی بۆمان ماوەتەوە زۆر کەمە، لەبری ئەوەی هونەرمەند ڕێبەری گەل بکات، بەدوای گەلدا دەکشێت، دەبێت هونەرمەند فیکری مۆسیقی بدات بە خەڵک نەک بەپێچوانەوە، مۆسیقاژەنی بەتوانا دەتوانێت ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی لە بنەمای کۆمەڵگەدا دروست بکات.

* بابێینە سەر ئاوازی بەتەنها جێم مەهێڵن، چۆن ئەم ئاوازەت دانا؟

– حەز دەکەم لێرەدا بە وردی باس لە دانانی بکەم، لە تاران خەریکی کرێکاری بووم، وەستایەک هەبوو تورک بوو من لای ئەو کارم دەکرد، ئێمە لەوێ ڕادیۆمان لەلانەبوو، وەستاکە (چوو بۆ دەرەوە) هاتەوەو بە فارسی وتی: یەکێک لە شارە کوردەکانتان کیمیاوی پێداکراوە، ئێمەش نەماندەزانی کیمیاوی چییە، من زۆر نیگەران بووم، هەندێک لە کرێکارەکان لەوانەیە ئەو هەستەیان نەبووبێت، هاتم تەلەفۆنم کرد بۆ سەقز بۆ ئەوەی بزانم چی ڕووی داوە، کە تەلەفۆنەکەم کرد وتیان: تۆ چیت داوە لەوەی لە عێراق چی ڕووی داوە، پاشان باسیان بۆ کردم و وتیان لە هەڵەبجە کیمیاوی وەشێنراوەو (دەهەزار) کەس کوژراوە، کە ئەمەم زانی وازم لە کارەکەم هێناو گەڕامەوە بۆ سەقز، کاتێک ئەو کارەساتەم بیست لەگەڵ شاعیری خۆشەویست حەمە ساڵح سووزەنی کە دۆستایەتییەکی زۆرمان هەیە ئەو وتی من دوو شیعرم داناوە ئەگەر دەتوانیت کارێکیان لەسەر بکە، منیش لەسەردەشت فیلمی ئەو کارەساتەم لە برادەرێک وەرگرت، کە بینیم بۆ ماوەیەک وەک دێوانەم لێهات، دەم وت هەرچی بکەم بۆ هەڵەبجە هێشتا هەر کەمەو هیچ نییە، ئێستاش پێم وانییە کەسێک شتێکی کردبێت بۆ هەڵەبجە کە لە ئاستی خۆیدا بێت، پاش ئەوەی ئەو ئاوازەم دانا بۆ ماوەی چەند مانگێک هەر دەگریام، بەدڵ ئەو ئاوازەم دانا، دوو شیعر بوون دووەمیان بەناوی (دەرگای بەهەشت) کە شیعرێکی تازەیە، من ئاوازەکەم بۆ کەس دانەنا، لە ماڵەوە بۆ خۆم بە تەسجیلێکی ئاسایی تۆمارم کرد، برادەرێک بەناوی هێدی قادری کە لەسەر دەشتەوە هات بۆ سەقز و کاسێتەکەی لێ وەرگرتم و وتی: پێمخۆشە بیبەم یەک دوو شەو لە ماڵەوە گوێی لێ بگرم، بەڵام ئەو تاوەکو من لام کردەوە هاتبوو بۆ باشووری کوردستان لەگەڵ ئەنوەر قەرەداخیدا تۆماری کردبوو، دوای ئەوە بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٣دا لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا لەسەری دوام و ئاوازەکەم ساغ کردەوە، لەم دواییانەشدا لەگەڵ (میدیا T.V)شدا هەوڵم دا تاوەکو ساغ ببێتەوە کە ئاوازی بەتەنها جێم مەهێڵن ئاوازی منە.

* کەواتە ئێستا ئاوازەکە یەکلایی بۆتەوە بۆ جەنابت؟

– ئەڵبەت لە کوردستانی باشووردا هێشتا ساغ نەبۆتەوە، منیش وەک هەڵەبجە زوڵمم لێکراوە، بۆ ئێمەی کورد جوان نییە کاتێک ئاوازێک دەبێتە ئاوازێکی نەتەوەیی، ئەگەر لە هەر شوێنێکی دیکە بوایە خەڵات دەکرا، من نامەوێت هیچم بۆ بکرێت، بەڵکو دەمەوێت مافی دانەر بنووسرێت و نەفەوتێت، ئەڵبەت دووسێ ساڵە لە (میدیا T.V)دا بەناوی خۆمەوە دادەبەزێت، بێجگە لە (بەتەنها جێم مەهێڵن) ئاوازی دیکەشم بۆ هەڵەبجە هەیە، لە T.V ئێراندا کاری زۆرم کردووە بۆ هەڵەبجە.

* ناوی دوو سێ کاری دیکەت بڵێ بێجگە لە (بەتەنها جێم مەهێڵن)

– زامی ڕەفیق سابیر، هەڵەبشیمای شەریف، شیعرێکی ڕەحیمی لوقمانی خۆم ئاوازەکەیم چڕیوە، (١١)جار لە زانکۆکانی ئێراندا یادی هەڵەبجەم کردۆتەوە.

* نامانەوێت کاتی زیاترتان بگرین؟

– زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم، هیوادارم کە هەرگیز ئاوازێکی دیکە بۆ تراژیدیای وەک هەڵەبجە دانەنێمەوە، دەخوازم لەسەر خاکی باوباپیرانم بتوانم بەرهەمەکانم چاپ بکەم.

**ئا: عیرفان ئەحمەد محەمەد**
**(هەڵەبجەی شەهید)**

# کۆڕی زانیاری کوردستان کۆڕێک بۆ محەمەد عەلی قەرەداغی دەگێڕێ



ئێوارەی ڕۆژی (٦/٢/٢٠٠٥) ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نووسەرانی پایتەختی هەرێمی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە تا بەشداریی کۆڕێک بکەن کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لەژێر ناونیشانی «کاریگەریی دەستخەتەکانی مامۆستایانی کورد لە نووسینەوەی مێژووی کورد و زانایانی کوردستاندا» پێشکەشی کرد.

مامۆستا لەو کۆڕەدا ئاوڕێکی لە مێژووی دەسنووسە کوردییەکان دایەوە و کاریگەریی ئەم دەسنووسانەی بۆ ساخکردنەوەی مێژووی گەلەکەمان و بەتایبەت مێژووی ئەدەبی کوردی بە گرینگ لە قەڵەم دا و چەند نموونەیەکی لێ هێنانەوە کە خۆی دەستی خستوون و توانیویەتی چەند کەلێن و قوژبنێکی مێژووی ئەدەبی کوردییان پێ ڕووناک بکاتەوە.

قەرەداغی لە بەشێک لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە: «پێم وانییە هیچ نەتەوەیەک بەرانبەر بە نووسراو و دەسنووسەکانی خۆی ئەوەندەی کورد خەمسارد بێ.» ئینجا هاتە سەر باسی ئەوە کە «دوژمنانی کورد، چونکە لە نرخ و بەهای ئەو دەسنووسانە بۆ پەرەپێدانی کولتووری کورد گەیشتوون، گەلێک جار و لە هەڵمەتی جیاجیادا دەسنووسی کوردستانیان پەیدا کردوون، تەنانەت بە پارەی زۆر کڕیویانن و لەناویان بردوون.» پاشان بۆ پاڵپشتی وتەکانی چەند نموونەیەکی مێژوویی هێنایەوە کە بەداخەوە چەند نموونەکیان سەر بەو چاخەن کە ئێمەی تێدا دەژین.

محەمەد عەلی قەرەداغی کە ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردستانە سەرنجی خەمخۆرانی بوارەکەی بۆ دەستخستن و پاراستن و تۆژینەوەی ئەو دەسنووسە بەنرخانە ڕاکێشا.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا چەند کەس لە خاوەنڕایانی بەشداربوو ڕەخنە و تێبینی و ڕای خۆیان لەسەر کۆڕەکە دەربڕی، لەناویاندا مامۆستایان «دکتۆر مارف خەزنەدار» و «دکتۆر جەمال ڕەشید» بە ڕوونکردنەوەی چەند جەمسەرێکی باسەکە زانیاریی بە کەڵکیان خستە سەر وتارەکەی قەرەداغی، ئەویش بەشێنەیی وەڵامی هەندێ لە ڕەخنەکانی دایەوە و بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەش پێزانینی خۆی دەربڕی.

ئەم کۆڕە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان کە خاوەنی کۆشکێکی جوانی شارستانیانەیە، بەڕێوەچوو.

شایانی باسە فەرهەنگدۆستان و چاودێرانی زمان و ئەدەبی کوردی بەپەرۆشەوە چاویان بڕیوەتە کار و چالاکییەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان و وا چاوەڕوان دەکەن لەم بارەگا جوان و بەنرخ و فراوانەدا کاری جوان و بەنرخ و فراوانتر بۆ خزمەتی کولتوور و زمانی کوردی بکرێ.

**سولەیمان دڵسۆز**

# کۆنسێرتێکی بەشی مۆزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی

بەشی مۆزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی یەکێکە لە بەشە چالاکەکانی ئەم پەیمانگەیە کە ساڵانە کۆمەڵێک قوتابی هونەرمەند دەخاتە نێوەندی هونەری کوردییەوە، ئەو حەقیقەتەش زۆر بە ڕوونی دیارە کە ئەمڕۆ نێوەندی هونەری کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە پێکهاتوون لە دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، یان هەر هیچ نەبێت ئەوان زۆرێک لە هونەرمەندە چالاکەکان پێکدەهێنن..

لەم سەروبەندەدا ساڵانە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کۆنسێرت و پێشانگە و ئەزموونی شانۆیی بۆ قوتابیەکانی سازدەکات. ئەمساڵیش بەشی مۆزیک کۆنسێرتێکی پێشکەش کرد، کە لەو کۆنسێرتەدا (پێنج بەرهەم) پێشکەش کران کە سەرجەمیان بەرهەمی قوتابیانی بەشی مۆزیک بوون.


بەرنامەی ئەم کۆنسێرتە هونەریەش لە ڕۆژانی ١٢-٢٠٠٥/١/١٣ لە هۆڵی پەیمانگە سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی دیاریی هونەریی دەستی پێکرد..

پێنج بەرهەمە هونەرییەکەش بریتی بوون لە: ئەلبینۆنی

(١٦٧١- ١٧٥٠) جوولەی یەکەم بۆ دوو کەمانچە کە کەمانی یەکەم بریتی بوو لە (زانا جەلال) کەمانی دووەم (ئاراس عومەر).

* یۆهان برامز (١٨٣٣- ١٧٥٠) سەمای هەنگاری ژمارە (٥) سۆلۆی کەمانچە (ئالان سالح) بەهاوکاری پیانۆ (نەورۆز حەسەن تەنیا)

* ئەنتۆنی ڤیڤالدی (١٦٧٨- ١٧٤١)



کۆنشێرتۆگرۆسۆ (سێ جوولە) سۆلۆکان/ کەمانی یەکەم زانا جەلال کەمانی دووەم ئالان سالح


* یۆهان سباستیان باخ (١٦٨٥- ١٧٥٠) کۆنشێرتۆگرۆسۆ (جوولەی یەکەم سۆلۆی کەمانی یەکەم (ئالان سالح) سۆلۆی کەمانی دووەم (زانا جەلال)

* ئارێز عومەر محەمەد گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و چەند ئامێرێکی فۆلکلۆری میللی.

ئەمانە بەرنامەی ئەو دوو ئێوارە کۆنسێرتە بوون کە چەند قوتابیەکی بەشی مۆزیک پێشکەشیان کرد ئەم ئەزموونە لە ناویدا چەند ئومێدێکی گەورە دەبینرا کە لە داهاتوودا مژدەی چەند هونەرمەندێکی بەتوانا و بە ئەزموونی لێدەکەوێتەوە، لەمەش دڵخۆشتر کە دەبینین لەم بەشەدا شانبەشانی خوێندنی ئامێرە غەربی و مۆزیکی ڕۆژئاوایی خوێندنی ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکانیش پەراوێز نەکراون، بەڵکو ئەوانیش گرنگیان پێدەدرێت..

لێرەوە ئەو قۆناغەیە کە قوتابیانی هونەر دەیانەوێت خۆیان بەنێوەندی هونەری بناسێنن، کە ئەمەش سەرەتایەکی ناسینی ئەو قوتابیانەیە کە دەیانەوێت بە خەونێکی گەورە لە نێوەندی هونەریدا کاری قەشەنگ و جوان پێشکەش کەن.

**هێدی حسێن**
**(سلێمانی)**




## گەلەریی زاموا..
## خولێکی نوێی هونەری

گەلەریی زاموا یەکێکە لە گەلەرییە هونەرییەکانی شێوەکاری لە شاری سلێمانی کەنزیکەی دە ساڵە خزمەتی بەرچاو بەشێوەکاران دەکات بە جیاوازیی دیدگا و ئاراستەی کارکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە خولی بەردەوام کە ساڵانە زیاتر لە سەد هونەرمەند لە هەموو شارەکانی کوردستان بە تابلۆ و بەرهەمی هونەری بەشداری تێدا دەکەن، چەندین پرۆژەی تایبەتیش دەگێڕێ.

گەلەریی زاموا لەلایەن چەند هونەرمەند و شێوەکارێکەوە بەڕێوە دەبرێت و هونەرمەندی بەتواناش «ڕۆستەم ئاغالە» بەڕێوەبەری ئەم گەلەرییەیە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەم گەلەرییە بکاتە ماڵی هەموو شێوەکارێک بێ جیاوازی، هەروەک دەڵێن زاموا ماڵی هەموو شێوەکارێکی کوردە، جگە لەو پەیامە گشتییەی زاموا کە خولی ساڵانە بۆ شێوەکارانی کورد، دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا تا ئێستاش چەندین پێشانگەی تایبەتی بۆ شێوەکارانی شارەکانی کوردستان و چەندین پێشانگەی بۆ هونەرمەندان و شێوەکار و داهێنەرانی عەرەبی کردووەتەوە، ئەمەش لەو قۆناغەدا ئەزموونی زاموای هێندەی تر دەوڵەمەند کردووە.

ئەمساڵ لە پێناوی گۆڕینی کار و پرۆژەکانی ئەم گەلەرییە و بەخشینی سیمایەکی هونەریتر بە تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکان، زاموا بۆ خۆی تابلۆی دروسکراوی داوە بە هونەرمەندان و بەپێی ئەو ئەندازە ئەوان هونەرمەندەکە بە ئازادی کارکردنی خۆیەوە بە ستایل و بە

ئەزموونەکانی خۆیەوە کار لەسەر ئەو تابلۆیە دەکات و دواتر هەموو هونەرمەندەکان بەو ئەندازەیەی کە بۆیان دانراوە تابلۆکان دەبەنەوە بۆ گەلەرییەکە، بەمەش یەکەیەکی هاوتەبا لەنێو بەرهەمی هونەرمەندە بەشداربووەکاندا دروست دەبێت.

وا بڕیاریشە نزیکەی ٢٠٠ هونەرمەندی وێنەکێش و پەیکەرساز و سیرامیکی لەم خولە نوێیەدا بەشدار بن، بێگومان ئەم ژمارە زۆرەی هونەرمەندانیش گەواهی سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەو گەلەریە ئەهلییە هونەرییەن.

دوا شت لەسەر گەلەریی زاموا ئەو خاڵەیە کە ئەم ماڵەی هونەرمەندان بووەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوە و فرۆشتنی تابلۆی هونەرمەندان کە بێگومان ئەمەش یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی هونەرمەند کە وەک نەریتێکی جیهانی هونەرمەندان تابلۆکانیان لەلایەن بینەرانەوە دەکڕێت، بێگومان وەک زانیاریش ئەم گەلەرییە بە حوکمی جوانی و لەباری شوێنەکەی و بەرهەمەکانی ناوی، ساڵانە چەندین بەرهەمی هونەرمەندان دەفرۆشرێت بە میوانانی بیانی و ڕۆژنامەنووسان و سیاسییەکان و ئارەزوومەندانی بینینی تابلۆ، بێگومان ئەمەش خزمەتێکە بە هونەرمەند و پشگیرییەکە بۆ بەردەوامی لە کار و داهێنان.

**ئا: کاروان ئەحمەد**
**(سلێمانی)**



# پێشانگای تایبەتی ڕەڤۆ شنگالی

ڕەڤۆ.. هونەرمەندێک پڕ لە فیگەری یەزیدییان

پۆرترێتی هونەرمەند:

ڕەڤۆ شەنگالی هونەرمەندێکی دیاری ناوچەی شنگالە و لەساڵی ١٩٧١ لە شنگال لە دایک بووە و ساڵی ١٩٩٢ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵی تەواو کردووە ساڵی ١٩٨٧- ١٩٩٢ بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی شاری موسڵی کردووە، ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ سەردانی وڵاتی سوریای کردووەو بەشداری پێشانگا هاوبەشەکانی کردووە.

لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە کارە هونەرییەکانی لەسەر تۆڕێکی ئەنتەرنێت پەخش دەکرێت و ڕۆژی ١٠-١-٢٠٠٥ بۆ ماوەی هەفتەیەک لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی کردەوە.

ڕەڤۆ شەنگالی لەم پێشانگایەدا (٢٠) تابلۆی قەبارە جیاوازی پێشان دابوو کە سەرجەم تابلۆکانی بە ڕەنگی زەیت کێشرابوو، بە تەکنیکێکی هونەریی کاری کردبوو کە زیاتر لە ڕیالیزمی هونەرییەوە نزیک بوو، ئەو وەک هونەرمەندێکی ئەکادیمی زیاتر هەوڵی داوە لە فەزای تابلۆو تەکنیکی هونەری و دانانی ڕەنگ و میزانسینی فیگەردا زۆر بە وریایی و وشیارییەوە مامەڵە بکات.

ڕەنگە کارکردنی ئەم هونەرمەندە هێندە هەوڵی خوڵقاندنی کەشێک بێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی نەتەوەیەک، یان تایەفەیەک هێندە هەوڵی دروستکردنی یەکەیەکی تەبا نەبێت لەو ستایلەی کاری پێ کردووە.

فیگەرەکانی هونەرمەند بە هەمان فیگەری چیرۆکنووسە واقعییەکان لە هەناوی کۆمەڵگە و لەساتە پەناهەکانی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاون فیگەرەکانی ئەم ژیانی پڕاوپڕی یەزیدییانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەشێوازێک هەر تابلۆیەکی لە گرتەی فلیمێک دەکات کە بینەر بۆخۆی مۆنتاژ و میکساجی بکات، فیگەرەکانی نێو تابلۆکانی ڕەڤۆ وێنەی ژیانی یەزیدی و پەرستگای لالش و پۆرترێتی میری یەزیدییان و کیژۆڵەیەکی یەزیدی و چەند منالێکی یەزیدی لە باخچەی لالش دا نیشان دەدات. کە بینەران لە تێڕامانی تابلۆکان گوزەرێکی تیشک ئاسا دەکەن بۆ ئەو دەڤەرە کورد نشینە ڕەسەنە.


ڕۆستەم ئاغالەی هونەرمەند سەبارەت بە ئەزموونی کارکردنی ڕەڤۆ دەڵێت (ڕەڤۆ شێوەکارێکی ناوخەڵکی یەزیدییانە و بۆن و کەش و فیگەری ناو لادێ و پەرستگاکانی یەزیدی بۆ کێشاوین هەرگیز لەوە ناچێت زۆری لەخۆی کردبێ تا ئەو ڕەگەز و بابەت و گوزارشتانە دابڕێژێت. ئەو ژیانی خۆی و خێزان و کۆمەڵەکەی باش کێشاوە، پۆرترێت لە پیاو، ژن، بابەشێخ، فەقێ کێشاوە).

ئەم سەبارەت بەکۆی گشتی کارەکانی ڕەڤۆ، بەڵام گەر بێتو سەیری تەکنیک و فۆرمی کارکردنی هونەرمەند بکەین ئەوا لە مامەڵە کردنیدا لەگەڵ ڕەنگ هونەرێکی باڵای پێوە دیارە، بەتایبەتی ڕەنگی پەمەیی پانتاییەکی

گەورەی داگیرکردووە، ئەمەش بۆخۆی خاڵی سەرەتاو کۆتایی کارکردنی هونەرمەندە بەتایبەتی بۆ وێنەکێشانی ئەم فۆرمە لەکارکردن، کە بە پلەی یەکەم لێرەوە ئەرک و داهێنانی هونەرمەند دەردەکەوێت، سەبارەت بە ئەزموون و هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی شێوازێکی ناباو لەکارکردن.
هێنانی ئەم تابلۆیانەی هونەرمەند بۆ شاری سلێمانی بەدەر لە ئەرکە هونەرییەکەی، دۆزینەوەی پردێکی کولتوورییە لەنێوان دوو کولتووری جیاواز لە ئایین و ڕەفتار و فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی یەک نەتەوەدا.
ئەمەش پەیامی گشتی ئەم پێشانگایەی ڕەڤۆ شەنگالی بوو.



**هەرێم قادر**
**(سلێمانی)**




# شێرکۆ عەباس لە نمایشی هونەریی (installation)دا

شێرکۆ عەباس هونەرمەندێکی لاوی چالاکە و هەمیشە بە ئاراستەیەکی ناباو کاردەکات بەشێوازێکی وا هەردەم پەی بەو شتە پەراوێزانە دەبات کە ڕۆژانە ئێمە بەردەمماندا دەگوزەرێت و تەنها یەک پرسیاریشیان لێ ناکەین، ڕەنگە ئیشکردنی شێرکۆ لەم لایەنەدا وای کردبێت کە بە ناچاری تیشک بخەینە سەر ئەزموونەکانی....
شێرکۆ دوای تەواوکردنی پەیمانگە و پاشتریش قوتابی کۆلیژی هونەری هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنیەوە بە فۆرم و ئەتەکێتێکی ناباو و ناتەقلیدی دەرکەوت، ئەوساو لە ساڵی (١٩٩٧) یەکەم ئەزموونی ناباوی ئەم هونەرمەندە بوو کە لە کەلاوەیەکی پەراوێزکراوی سەهۆڵەکە لەگەڵ چوار هاوڕێیدا پێشانگەیەکی کردەوە لەو پێشانگەیەدا (شێرکۆ) یەکەم دەرکەوتنی بوو وەک هونەرمەندێکی لاوی ئەکتیڤ.
پاشتریش لە ساڵی (٢٠٠٤) لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی و بە ئەزموونیماڵێک بێ دیوار کە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە هونەرییەکان بایەخێکی فراوانیان بەم کارەی هونەرمەنددا و منیش لە گۆڤاری ڕاماندا نووسینێکی کورتم لە بارەوە نوسی.
ئەم نمایشە هونەرییەی شێرکۆ ئەم جارەیان کە ڕۆژی (٢٠٠٥/١/١٥) لە هۆڵی ئەمنە سوورەکە کرایەوە بریتییە لە (١٠٨) سنەوبەر لەناو (١٠٨) شووشەی پڕ لە نەوتداو کە لە فۆرمێکی هارمۆنیدا دانراون و وەک نەریتێکی پێش وەختیش عەبدوڵا ئەحمەدی شاعیریش لە دەلیلی پێشانگەکەدا دەڵێت:- ئەم کارە هونەرییە کە لە دوو مەتریالی (نەوت- سنەوبەر) پێکهاتووە لە ناو سەدشووشەدا دانراوە ڕووبەڕووی دیالۆگێکمان دەکاتەوە کە ئەم دوو مەتریاڵە لەگەڵ یەکتریدا دروستی دەکەن، کرانەوەی سنوورەکانی ئەم فۆرمەش شەفافیەت و هارمۆنی پێدەبەخشن....
ڕەنگە مانای گەورەی پشت ئەم ئەزموونەی شێرکۆ لەو چرکە ساتەوە خۆی بەیان کات کە ئەوی هونەرمەند دەیەوێت بەدوای دیالۆگدا بگەڕێت، بەڵام ئەم جارەیان دیالۆگ لە دەرەوەی مرۆڤەوەیەو لە شوێنێکی باڵاوەیە، ئەویش دیالۆگ لە هەتاوی سروشتداو لە سروشتەوە بۆ سروشت.
هێنانی ماتریالی (سنەوبەر- نەوت) ڕەنگە لە بنەڕەتەوە لەسەر ئیشی دژە یەک بێت دژێک بەردەوام ماتریالێکی سروشت داغان دەکات و سروشت وشک دەکات و سروشت دەسووتێنێت، ماتریالێکی تری سروشت کە (سنەوبەرە) هەمیشە ڕەمزی سەوزی و ڕەمزی

نەمری و مانەوەیە، جا ئەگەر بێت و ئەم دوو ماتریاڵە لە دیالۆگدا بن چ دەخوڵقێ؟

ماهیەت و قودرەتی ئیشی (شێرکۆ) لێرەوە دەردەکەوێت و بە بڕوای من جیای دەکاتەوە لە زۆرێک لە هاوڕێ شێوەکارەکانی. شێرکۆ دەیەوێت لە بنەمایەکی بێگەردەوە لە بنەمایەکی فیزیکی سروشتەوە دیالۆگ بخوڵقێنێ، بەڵام دیالۆگی ئەم جارەیان لەسەر ئەساسی ناتەبایی و دژ نەک پێچەوانەکەی...

لایەنێکی تری ئەم پرۆژەیەی هونەرمەند هارمۆنیەت و کۆنتراسی مادەکە و ماناو دەلالەتی ماناکەیە، بەشێوازێک ئەو مادەیە لە ئەساسێکی دژەوە دەچێتە فەزایەکی پەیڤین و دیالۆگ بۆ دواجار بەدەر لە دەسەڵاتی هونەریی هونەرمەند ڕوخسارێکی کراوەو دیار دەخوڵقێنێ کە ڕەنگە تەنها پانتایی ئەو هۆڵە کۆیان بکاتەوە کە هونەرمەند کردوویەتیە مەبەستی کارکردن.

لەپاش بینین و ئەزموون کردنی دوو نمایشی هونەریی (شێرکۆ عەباس) ئەو شتە بوو ئەو مانایە بەرهەم دێنێت کە شێرکۆ بەدەر لە فلچەو ڕەنگ و ئەتەلەی تابلۆ دەیەوێت لە پشت ئایدیاو فکری کەرەستەکانەوە جارێکی تر مانای جیاواز و قووڵ بەرهەم بێنێ ئەو مانایەی مەبەست و کرۆکی کارکردنی ئەوە!!

شێرکۆ عەباس ساڵی (١٩٧٨) لە سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی (١٩٩٨- ١٩٩٩) بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ئێستا قوتابی دوا قۆناغی کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانیە و تا ئێستاش بەشداری چەندین پێشانگەی گشتی و ئەزموونی تایبەتی کردووە.

**هەردی عەلی**
**(سلێمانی)**

---




# دوو ئەزموون لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا

ڕۆژی ٢٠٠٥/١/١٨ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی هەردوو شێوەکاری عیراقی (شیرین ئەحمەد و ڕەووف عەتار) پێشانگەیەکی هاوبەشیان کردووە، ڕەنگە ئەم پێشانگە هاوبەشە یەکێک لە سیما تایبەتییەکانی کە جیای دەکاتەوە لە زۆرێک لەو پێشانگە هاوبەشانەی تر بوونی خاڵی هاوبەش و تەکنیکی هاوبەشە لەنێوان ئەم دوو هونەرمەندەدا، بەشێوازێک گەر بینەری هۆشیار بەوردی لە تابلۆی ئەم دوو هونەرمەندە وردبێتەوە ئەوا هەست بەو ڕەهێڵانە دەکات کە ئەم دوو هونەرمەندەی پێکەوە دەبەستێتەوە، بەشێوازێک هەریەک لەم دوو هونەرمەندە وای دەبینێ کە پێویستە ئەزموونی هاوبەش و پێشانگەی هاوبەش بڕوات بەناو هەموو کون و قوژبنێکی تابلۆ و تەکنیکی هونەرییاندا، کە ئەمە دیارترین خاڵی سەرکەوتنی ئەم پێشانگە هاوبەشە بوو.

کاتێک پرسیار دەکرێت لە مەبەست و ئامانجی کاری هاوبەش بێگومان دەبێت هێڵ و مەبەست و تایبەتمەندیەتی هەبێت، کە لای ئەم دوو هونەرمەندە مەبەستی سەرەکی لە کاری هاوبەش مەبەست و ڕوئیا و دنیا بینی هاوبەشە بۆ پرۆژەیەکی هونەریی، لە مەشەوە یەکەم دەرکەوتەی هونەریی ڕەنگ و تەکنیک لای ئەم دوو هونەرمەندە دەردەکەوێت، کە (شیرین ئەحمەد) بە ماتریالی جیاواز و بە ڕەنگی هەمەجۆر کاری کردبوو، بە تەکنیکێک کە لەسەر قەبارەی شووشەیەکی تایبەتی هەمان تابلۆ لای (ڕەووف عەتار) دروست کرابوویەوە بەڵام بەبێ ڕەنگ و بەشێوازی ڕەش و سپی کە ئەم تەکنیکە دوالیزمەیەکی هونەری لەنێوان ئەم دوو هونەرمەندەدا دروست کردبوو، بەشێوازێک بینەر هەستی بەو دوالیزمە ڕۆحیە دەکرد لەنێوانیاندا..

شیرین ئەحمەد لە ساڵی ١٩٧٧ لە دایک بووە و خوێندنی نەخشەسازی تەواوکردووە و ئێستاش مامۆستای بەشی نەخشەسازییە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، تا ئێستاش بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەشی کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق، خۆشی بە بەختەوەر دەزانێ کە بە پێشانگایەکی هونەری سەردانی کوردستانی کردووە.

ڕەووف عەتاریش دەرچووی بەشی نەخشەسازی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدادە و تا ئێستاش هەشت پێشانگەی تایبەتی کردووەتەوە و بەشداری چەند پێشانگەیەکی هاوبەشی کردووە و لە «ئەردەن و سوریا و تونس و مالیزیا و لوبنان و ئیمارات»

ماوەتەوە بڵێین ڕەووف عەتار جگە لەو هێڵکارییەی کە بە ڕەش و سپی کاری کردبوو، کە تەماس بوو لەگەڵ کارکردنی هونەریی شیرین ئەحمەد لە هەمان کاتدا بە فۆرمێکی جیاوازتر لەناو دنیای ڕەنگ و تەکنیکدا خۆی نمایش کردبوویەوە.

**کەیوان سەعید**
**(سلێمانی)**

# سەروەت سەوز لە فیلمێکی -دیکۆمێنتی-دا

سەروەت سەوز یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی کورد تا لە ژیاندا بوو بە پیاوە سپییەکە ناسرابوو، هەمیشە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و هونەریدا زۆرێک لە گەنجەکان عەودالّی ئەزموون و قسەکانی بوون، پاش مردنیشی تا هەنووکە چ قوتابیانی لە پەیمانگە چ هونەرمەندانی هاوڕێی هەر جارەی بەشێوازێک یادی ئەم هونەرمەندە دەکەنەوە کە زۆرێک لە تەمەنی لە هونەردا بردە سەر.

بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەندی سینەمایی و کامێرامان (حسێنی جیهانی) کە هونەرمەندێکی کوردستانی ئێرانە و سالآنێکە لە (ئوستراليا) دەژی دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٧ لە (گەلەری ئارام) کە گەلەرییەکی سەربەخۆیە و هونەرمەندی شێوەکار (ئارام عەلی) بەشێک لە مالّەکەی خۆی کردووەتە دیاری بۆ ژوانی هونەرمەندان و هەر هەفتەی چالاکیەکی هونەری تێدا سازدەکرێت، میوانداری ئەم هونەرمەندە و فیلمە سینەماییە دیکۆمێنتارییەکەی کرد کە لەسەر ژیانی هونەریی و کۆمەلآیەتی (سەروەت سەوز) بوو.

بەشێوەیەکی گشتی فیلمەکە هێلّێکی گشتی هەبوو کە گوزەرێکی خێرا بوو بەشێوە زیندەگی و ژیانی پڕ لە کولەمەرگی سەروەت سەوزدا بەشێوازێک ئەهمیەت و بایەخی تەکنیک جێی زۆرێک لە بۆشاییەکانی تری گرتبوویەوە، بەشێوازێک بایەخی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بوو بوو بە سەکۆیەک بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆکێکی پڕ لە فەنتازیا و ئیستاتیکا.

ڕەنگە پڕ لە حەسرەتترین چرکە ساتی ئەم فیلمە ئەوساتانە بێت کە (سەروەت سەوز و سامان کەریم) وەک دووشێوەکاری بە ئەزموون و داهێنەر جەستەو ژیانی خۆیان فرۆشتبێت بە مەرگ و دەیانویست لەنێو کێلّگەکانی (مین)دا بۆ ژیان بگەڕێن!!

چ شتێک لەوە بێ مانا ترە لێرەو لەم ولآتەدا دوو هونەرمەندی زۆر دیار موجازەفە بە مەرگەوە بکەن و ژیانی خۆیان لەو دوڕیانی (مەرگ- ژیان)دا بدۆزنەوە، تەنها بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان...

زیرەکی (حسێنی جیهانی) لەوە دایە ئەو خالّەی دۆزیەوە لە ژیانی سەروەت و ویستی لەو خالّەوە هەست و سۆزەکانی بینەران بورووژێنێت، کە ئەو وەک دیکۆمێنتارێک سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا، بەلآم لە هەمان کاتدا بۆ کارکردنی ئەم شێوازە لە دیکۆمێنت هونەرمەندی فیلمساز پێویستی زیاتری بە وێنە ئەرشیفییەکان دەبێت، هەرچەندە ئەم لەو لایەنەوە باشتر بوو لە هەولّەکانی تر، بەلآم وەک پێویستیش نەبوو...

ڕەنگە دیاری هونەرمەندیش لەنێوەندە هونەریەکە داوای کردبێت کە گەلەری ئارام ئەو ئێوارە قەرەبالّغترین و پڕ جوولّەترین ڕۆژی کۆڕەکان بێت ئەمەش بە دەرەجەی یەک بۆ ئەهمیەت و بایەخی سەروەت دەگەڕێتەوە لەنێوەندەکەدا.

**ئەردەلآن سالّح**
**(سلێمانی)**

# وەرزێکی کارنامەی دەرچوونی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە سلێمانی

وەک نەریتێکی سالآنە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکان ئەو قوتابیانەی دەگەنە دواقۆناغ لە (نواندن- دەرهێنان) پێویستە بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش بکەن، کە ئەو بەرهەمە تایبەتمەندێتی نمایشی تێدا بێت. بەمەش قوتابیانی بەشی دەرهێنان ڕاهێنان دەکەن بۆ ئەوەی توانا و ئەزموونەکانیان لەو بوارەدا بخەنە گەڕ، هەر بۆیە کارنامەی ئەمسالّی قوتابیانی بەشی دەرهێنان لە (٥-١-٢٠٠٥)ەوە بۆ (١٧-١-٢٠٠٥)ی خایاند، لەم چەند ڕۆژەدا قوتابیان ئەزموونی چەند سالّەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش کرد کە خۆی لە پێشکەش کردنی دەقێکی شانۆیی جیهانی و میتۆدێکی ئەکادیمیانە دەبینیەوە، پرۆگرامی نمایشەکان بەم شێوەیە بوون.

* من ناتوانم ببم بە بەرد، دەرهێنانی کاوە کافرۆشی.

* ڕۆژی ٦-١ شانۆیی ئۆتیلۆ دەگەڕێتەوە، نووسینی، نیکۆلآس کازانسکی، دەرهێنانی، دیلان نەزمی.

* ڕۆژی ٨-١ شانۆیی کالیگۆلا لە ئاوێنەی ئەمڕۆدا، نووسینی زاباو کینا، دەرهێنانی، شەونم مەحموود.

* شانۆیی ئەندێشەی ئیرۆس، نووسینی هارۆلّد پنتەر، دەرهێنانی هۆشمەند ڕەسوولّ.

* ڕۆژی ١٢-١-٢٠٠٥ شانۆیی دێزدەمونا نووسینی، یووسف سائغ، دەرهێنانی نەورۆز محەمەد.

* ڕۆژی ١٥-١- ٢٠٠٥ شانۆیی ژیان لێرە وایە، نووسینی ژان ژینیا، دەرهێنانی کاوان حەمە کەریم.

* ڕۆژی ١/١٧ شانۆیی خۆ تاوانبارکردن، نووسینی، پیتەر هانتکێ، دەرهێنانی، هاوبیر محەمەد.

ئەوەی شایانی باسە لە قۆناغی پێشتردا چەند شانۆییەکی تر نمایش کران کە بریتیی بوو لە شانۆیی، (خەلّوەت کێش، ئەمڕۆش پرۆڤەمان نەکرد، بۆیاخچییەکان یادگارییان نییە، قوتاربوون لە مەرگ) هەریەک لەم قوتابیانە نزیکەی مانگێک پرۆڤەیان کردووە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ نمایش، پاشتریش لەلایەن بینەران و قوتابیانی پەیمانگاوە بەرهەمەکان بینراو هەر بەرهەمێک دانیشتنی ڕەخنەیی بۆ سازکرا و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی وتووێژێکی بەرفراوانی لەسەرکرا، سەرپەرشتیاری گشتی بەرهەمەکان (مۆفەق عارف لهۆنی) بوو.

**جوان حوسێن**
**(سلێمانی)**

# نەتەوە

گرینگترین یەکەی ژیانی سیاسی لە دنیای مودێرندا، دەوڵەتی نەتەوەییە.
ئیمپراتورییەکان، ئیمارەتەکان و هۆزەکان لە ڕابردوودا یەکەی سەرەکیی ژیانی سیاسی بوون، بەڵام نەتەوە بە بەراورد دەگەڵ چەمک گەلێکی وەک، شار و هۆز وەکو یەکەیەکی ڕامیاری چەمکێکی ئاڵۆزترەو لە بارەی ڕەگەزەکانی پێکهێنەری نەتەوەوە جیاوازی بیروڕا هەیە.
خاوەنڕایان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە لەم خاڵانەدا دەبینن:

١- هەبوونی ڕێکخراوێکی ڕامیاریی تاک.
٢- زمان و فەرهەنگی هاوبەش.
٣- پێشینەی مێژوویی هاوبەش و... تاد.


**بۆچوونی یەکەم:**
نەریتی فیکریی شۆڕشی فەرەنسا، سەرچاوەی یەکێک لە ڕوانگە سەرەکییەکانی پێکهێنەری نەتەوەیە.
لە ڕوانگەی ئەم نەریتەوە تایبەتمەندیی سەرەکیی نەتەوەیی، نەک یەکێتی فەرهەنگی و زمانی و قەومی، بەڵکو نەتەوە واتە یەکبوون و یەکگرتن لە ڕێکخراوێکی ڕامیاریدا.
شۆڕشگێڕێکی فەرەنسی ڕای وایە کە نەتەوە پێکهاتەی ئەو تاکانەیە وا لەژێر حوکمی یاسایەکدا دەژین، هەر بۆیە دروست بوونی نەتەوە پێویستی بە دروست کردنی دەوڵەتەو ڕێکخراوی ڕامیاریش لە ڕووی مێژوویی و لۆژیکەوە دەکەوێتە دوای نەتەوەوە.
لەم ڕوانگەیەوە نەتەوە واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی وا لەناو سیستەمی ڕامیاریی سەرووتر لە هۆزو قەومدا دەژین.
لە ئاکامی بوونی سیستەمێکی ئاوادا بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێو کۆمەڵدا پێک دێت و هەست بە ئەرک و وەفادارییەکی هاوبەش سەبارەت بەم سیستەمە دەخوڵقێ.
ئەزموونی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پاش ئیستیعمار بەڵگەی ئەم ڕوانگە ڕامیارییەن. لانی کەم ڕێکخراو و دامەزراوی ڕامیاری بەو ڕادەیە لە پێکهێنانی نەتەوەدا ڕۆڵی هەیە کە بۆی هەیە قەومییەت لە پێکهێنانی دەوڵەت ڕۆڵ بگێڕێ.

**بۆچوونی دووەم:**
ئەم بۆچوونە ڕوانگەیەکی فەرهەنگییە و بڕێک لە نووسەرانی ئەڵمانی وەکو «نوفالیس» و «فیختە» لایان وایە هۆگەلی فەرهەنگی و زمانی هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوەن. لای ئەوان مرۆڤایەتی بەهۆی سروشتەوە لەنێوان نەتەوەکاندا دابەش کراوە، نەوەک بەبۆنەی هەبوونی دەوڵەتەکانەوە.
ئەمان لایان وایە کە تایبەتمەندیی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی زمانە، کەوا هەڵگری نەریت و سیمبۆل و ئەفسانە و فەرهەنگ و مێژووی هاوبەشی هەر گەلێکە، واتە ناسنامەی نەتەوەیی لەم ڕوانگە سروشتییەدا زاتی و بەردەوامە، هەڵبەت ئاماژە بکەین کە لێرەدا نەتەوەو قەوم تێکەڵ وچەواشە بووەو بۆی هەیە لەناو دەوڵەتێکدا چەندین نەتەوە بژین [وەک وڵاتی ئێران کە نەتەوە گەلی فارس، کورد، بەلووچ، تورک و... تاد تێدایە. وەرگێڕ].

**بۆچوونی سێیەم:**
ئەم بۆچوونە گشتیترەو لەگەڵ ئەوەدا کە تایبەتمەندی بۆچوونەکانی یەکەم و دووەم- دەپارێزێت لەوان بانترەو بانتر دەڕوانێت؛ بەلای ئەم بۆچوونەوە تایبەتمەندی نەتەوایەتی لە ناسنامەی فەرهەنگی و قەومیدا نییە بەڵکو بۆ پێکهاتنی ناسنامەی قەومی تایبەتمەندیگەلی فەرهەنگی پێویستە ئەمە لە حاڵێکدایە کە ناسنامەی نەتەوایەتی لە ناسنامەی قەومی- فەرهەنگی بانترەو بوونی چەند قەومێک لەناو دەوڵەتێکدا نابێ بەرگری لە وەدیهاتنی ناسنامەی نەتەوەییان بکات.
لە دەربڕینی فەرهەنگیدا زۆربەک لەو دیاردە مێژووییانەی لە پێکهاتەی میللەت و نەتەوەدا ڕۆڵیان هەیە لەبەر چاو ناگیرێن. «ئێرنێست ڕێنان»، نووسەری فەرەنسی لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە بۆچوونی قەومی- فەرهەنگی دەگرێ و لای وایە کە پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوایەتی، هەبوونی مێژوویەکی هاوبەشی ئازار و کوێرەوەرییە گشتییەکان و بیرەوەرییە هاوبەشەکانی مێژووییە [وەکو ئازارە هاوبەشە نەتەوەییەکانی کورد، ئەنفالەکان، هەڵەبجەکان و... تاد. وەرگێڕ]
کەوابوو ناسنامەی نەتەوایەتی تەنیا لەسەر بنەمای قەومییەت، زمان، وڵاتی هاوبەش و ڕێکخراوی ڕامیاری دانامەزرێ، لەلایەکی ترەوە مەرجی سەرەکیی بەدیهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی، هەبوونی ئیرادەی پێکەوە ژیانە، کاتێکی ئەوتۆ مێژوو و بیرەوەری گەلی هاوبەش و وەها ئیرادەیەکی هاوبەش ببێت، ئەگەر لەناو نەتەوەیەکدا، جیاوازیی فەرهەنگی قەومی و زمانیش هەبێت ئەوا نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک دێت.

**حوسێن بەشیریە**
**و/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

# ڕەهەندە دەروونییەکانی جیهانی دیستۆیڤسکی



ئایا ئێمەش هەمان ڕای- ئۆسکار وایلد-مان هەیە کە دەڵێ- لەسەر مرۆڤ پێویستە باوکی خۆی بکوژێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە (بەڵێ) و (نەخێر) نادرێتەوە، چونکە ئەم پرسیارەی لە ڕووی ئەدەبییەوە کردووەو وەکو هاوارێکیشە لە جیهانی ئەدەبدا، بەڵام چەشنی سیمبوڵی کوشتن خۆی دەنوێنێ.

نەوەک وەکو کوشتنێکی فیعلی. لەسەر نووسەر پێویستە خۆی بدۆزێتەوە و نەکەوێتە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی باوکەوە، واتە ژیانێکە بێ باوک، گەمەی دەربازبوون لە دەسەڵات، گیانی یاخیبوونە، زۆرانبازییە، لەسەر ئاستی ئەدەبیشدا ململانێیەکە زۆر ناخۆشترە، بەڵام سەرکەوتنی مسۆگەرترە و ئاکامی باشیش بەدەستەوە دەدا. وەکو زۆرانبازییەکەی (رامبۆ) و (جان جنییە)، چونکە دەستەڵاتی ئاسایی (باوک) هەمیشە وەکو ئاستەنگێک وابووەو لەسەر مرۆڤ پێویستە بەسەریدا زاڵ بێ. ئەم تێڕوانینە دەمانگەیەنێتە دیاردەی سەرهەڵدانی نووسەرە تازەگەرییەکان، شکێنەرانی تەوقی لاساییکردنەوە و ڕزگاربوو لە کۆیلایەتی کۆن، ڕەنگیشە ژیان بەبێ باوک نەچێتە سەر، چونکە مرۆڤ پێویستی بە قەرەبوو کردنەوە هەیە. پێویستی بە باوکێکی ڕوحی هەیە، کە نووسەر لە پێناو ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکە هەڵی دەبژێرێ.

لەبەر ئەوەی نووسەر کاتێک باوکی ڕاستەقینە لە دەست دەدا. ناپلیۆن بە باوکێکی ڕوحی لە قەڵەم دەدا (دوای ئەوەی سامۆییل بیتلەر سیمبوڵەکە بە کوشتنی باوک لەناو دەبا، داروین دەکاتە پەرستراوێک، چاودێرێک بەسەریەوە، لە پاشان لە پێناو (لامارک) ئەویش توورِ هەڵدەدا)، بەڵام ئێمە دەزانین کە بتەکان زوو دەکەون، بۆیە لەسەر نووسەر پێویستە لە حاڵەتێکی لەم چەشنەدا، لە دوای یەکێکی تر، باوکێکی ڕۆحی تردا بگەڕێ، تا پێوەندی نێوان گیان و ڕەفتارە ئەدەبیەکەی بەرجەستە بکات. لەسەر ئاستی کارە ئەدەبیە تایبەتییەکانیش، شاکارە گەورەکان هەر بەو ڕۆحییەتەوە نووسراون و لەلایەن دروستکەری کارە ئەدەبییەکەوە بوونەتە نیشانەیەک بۆ ئەزموونی ژیان، بەڵام دیارە تەنیا ئەزموون بەس نییە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی نوێی دەقە ئەدەبییەکان، بەڵام چەندین فاکتەری تر هەن کارە ئەدەبییەکەی پێ دەناسرێتەوە.

لە حاڵەتی (دیستۆیڤسکی)یشدا کە ئەو بیرۆکەیەی لە (شێوەی باوکێکی قێزەون) بەرجەستە کردووە. هەرچەند کە باوکی کوژراوە ئەو هێشتا لە تەمەنی منداڵیدا بووە و ڕەنگو بۆی ئەو کردەوەیەش لە زۆربەی بەرهەمەکانی دەرکەوتووە، هەروەکو لە ڕۆمانە گەورەکەیدا (برایانی کارامازۆف)دا دەڵێ ژیان بەبێ باوک ناچێتە سەر، هەروەها لەگەڵیشیدا هەر ناخۆشە، بەتایبەتی لەلای هونەرمەندان، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا بێ باوکی واتە ئازادی و هەنگاونان واتە تاکو تەنیایی هەر ئەمەشە کە نووسەر لە کاروانی ژیانیدا پێویستیەتی. نووسەر نایەوێ وێنەیەکی کۆپیکراوی باوکی بێت، چونکە حەز بە تەنیایی و دەنگی خۆی و ئەو پیاوەتییە ونبووەی خۆی دەکات کە لەژێر سێبەری باوکیدا لە دەستی دابوو. لە حاڵەتی دووەمیشدا واتە لە حاڵەتی باوکدا واتە ڕێکخستن و هاریکاری و پارێزگاری لێکردن و ڕاوێژکردن، هەروەها چەوساندنەوەو دیلییەتی هاوارەکەی (وایڵد) کە دووبارەی دەکردەوە (لەسەر مرۆڤ پێویستە باوکی خۆی بکوژێت) هەمیشە هاواری ناو دۆڵێکە، هیچ نووسەرێک نەی بیستبێ. یاخود نەی گەیاندۆتە لووتکەی ئەدەب تاوەکو ببێتە ڕەمزێک، لەسەر نووسەر پێویستە ئەم ڕۆڵە بەشێوەیەک ببینێ و گوێ لە هاوارەکەی (وایڵد) بگرێ تا دەست بە چارەنووس و ژیانی خۆیەوە بگرێ و ڕێگایەک بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەو هاوارە مانای تاوانی کوشتنی باوک نابەخشێ، هەروەک لەلای نەتەوە سەرەتاییەکاندا باوبووە. بە گوزارەیەکی دیکە تێکشکاندنی بتێکی ئاساییە، لەناوبردنی ڕەمزو ئەفسانەو بەدەستهێنانی سیفەتێکی تازەیە لە ژیاندا، دوور لە چاودێری و سانسۆر هەروەک شێوازە نوێیەکانی ژیانی ئیستا. جیا لەشێوازە کۆن و بەسەرچووەکان، بێ گومان ئەو شێوازەی کە باوک تێیدا ژیاوە، هەرچەندە نووسەر یا هەر مرۆڤێکی ئاسایی دیکە لە دوماهیدا و لە قۆناغێکی تردا خۆیشی هەر دەبێتە باوک. بۆیە هاواری (وایڵد) لەسەر ئاستی ئەدەب و ڕەمزدا تەواوەو لە

جێگای خۆیەتی، ئەو دەزانێ کاری نووسەر بەبێ سەربەستی نەخاسمە لە ئەزموونە تایبەتییەکەی خۆیدا سەرکەوتوو نابێ. هەرچەندە- دستۆیڤسکی- ئاماژەی بە (ئاستەنگی باوک) نەکردووە. بەتایبەتی لە (راسکۆلینکۆف)ی ڕۆمانی (تاوان و سزا)دا، ئایا دایکی لەو ڕۆمانەدا شوێنی باوکی گرتۆتەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو ڕۆڵەش بگێڕێ هەرگیز کۆسپ نەبووە لە ڕێگای ئەودا، چونکە ئەو لەو خاڵەدا زۆر لاواز دەرکەوتووە. ئەگەر گریمان لە کۆمەڵگای دایک سالاریش بێت دایک (ئافرەت) هەرگیز نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێ کە (باوک) دەینواند. یاخود ئەو کۆنترۆڵ و دەسەڵاتەی هەبێ. بۆیە گەلێک جار (خاڵ) ڕۆڵی باوک دەبینێ. کەواتە ئەو ڕۆڵەی بە تاک دەسپێردرێ لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بەرێژەی پێوەندییەکانی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکرێت. بۆیە کارکردن ڕۆڵی تاک و ڕەفتارکردنەکەی لە کۆمەڵدا دەستنیشان دەکات. هەروەها جۆری ئەو هێزانەی دەستیان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە گرتووە. کە هەر ئەویش تاکی کۆمەڵی کردۆتە مرۆڤ (هەروەک ئەنجلز ئاماژەی پێکردووە) بێگومان وێنەی ئەو هونەرمەندەی کە باوکی خۆی دەکوژێ، یا ئەو شتانە دەکوژێ کە خۆشی دەوێن زیاتر لەلای (دیستۆیڤسکی) دەردەکەوێ. کاتێک بەفیعلی باوکی ڕاستەقینەی خۆی بەدەستی یاخیبووەکانەوە بەکوشت دەدا. هەر ئەو خۆ سەرزەنشت کردنەش بەدرێژایی ژیانی بەکارە ئەدەبییەکانیەوە دیاربوو. کاتێک ئەو هەست بەتاوانکردنەش لەبواری تاکەکەسییەوە دەگاتە بواری سیاسی سزای ئەوتاوانە لە (سیبیریا) بەچاوی خۆی دەبینێ.

چونکە کودەتا لەسەر باوکی ڕوسیا واتە لەسەر (قەیسەر) دەکات. ئەو وەرچەرخانە لە ناکاوەشی لە شۆڕشەوە بۆ دواکەوتوویی، لە هۆشمەندییەوە بۆ سۆفیگەریەتی، لە بەها ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان، ئەمانە وایان لە چیرۆکە ئەدەبییەکانی کردووە ببنە تۆمارێک بۆ ئەو سەردەمەمان. بۆیە ئیڤان لێپرسراویەتی (ئەخلاقی کوشتنی کاراما زۆفی بەساڵاچوو لە ئەستۆ دەگرێ. لەوکاتەی ئەلیوشای برا بچووک بەدوای باوکێکی ترو ماڵێکی دیکەی ناو کڵێسای ئەرتۆدۆکسیدا دەگەڕێ. هەروەک دەشی بینین لەسەر هەموو تاکێکی بێ تاوان پێویستە هەست بەوە بکات کەوا بێ تاوانییەکەی بەهۆی ئەو کردەوە چەپەڵەوە ئازاری دەدا.

هەرچەندە ئیڤان هیچ ڕۆڵێکیشی لە تاوانەکەدا نەبووبێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە وەکو هاوکارێکی (سمیر دیاکۆف) یاخود (دیمتری) دەربکەوێ کە هەمدیسان ئەویش هیچ کارێکی نەکردووە پەنجەی تاوانی بۆ درێژ بکرێ. ئەو بیرۆکەیە لەلای نووسەرێکی وەکو دیستۆیڤسکی ئاشکراتر خراوەتە ڕوو، هەروەها زۆر لەدیدی (هۆثۆرن)ی چیرۆکەکانی ساڵانی (١٨٥٩) و ئەو دەوروبەرە نزیکە. بەتایبەتی لە کەسایەتی-مەریەم-دا کە سەرباری ئەوەی هیچ بەشدارییەکی بەرچاوی لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا نەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هاوکارێکی- دۆنانیلڵۆ- و (هێلدا) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. بەڵام (هۆثۆرن) زۆر بەتوندی ڕەخنە لە بۆچوونەکانی- دیستۆیڤسکی- دەگرێ (مادامەکێ مرۆڤێکی تاوانبار لەگەردووندا هەیە) (کەواتە ئەو کارەی کە ئەنجامدەرانی بەشێوەیەکی ڕەمەکیانە دەترسێنێ بەڵگەیەکی نادیار و نیمچە ونبووە لەسەر ئەوەی کەوا هۆثۆرن لە هەڵوێستە ئاساییەکەی خۆی نزیک دەکاتەوەو ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی بۆچوونەکانی- دیستۆیڤسکی- دەکات. کەواتە ململانێی ئیڤانیش لەگەڵ دەروونی خۆیدا هەر لەو کڵاو ڕۆژنەوە دەردەکەوێ، کە هەمیشە ئازار دەکێشێ و لەنێوان دوو ئاگردایە. ئاگری هەست بە تاوانکردن، چونکە ئەو لەسەفەردا بووەو تاوانەکە لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەو ئەنجام دراوەو نەیتوانیوە ڕێگای ڕوونەدانی لێ بگرێ، کەواتە نا ڕاستەوخۆ خۆی بە بەشدار دەزانێ. ئاگری لێدوانەکانی بۆ (سمیردیاکۆف) بەر لە گەشتەکەی کاتێک بە گوێیدا دەچرپاند کە هەموو شتێک حەڵاڵ و ڕەوایە. بەکورتی زۆربەی کەسایەتییەکانی دیستۆیڤسکی نەخۆشن بەڵام بەپلەی جیاجیا، بۆیە نووسەر بەدوای دابەشبوونی ڕاستییەکاندا وێڵە و گومان لە ڕاڕایی خۆی دەکات، چونکە ڕاستی لای ئەو بەدوو شێوە خۆی دەنوێنێ نەوەک تەنیا یەک ڕاستی، یەکەمیان ئەو ڕاستییەی کە پێی تاوانبار دەکرێ و تا ئێستا هیچی لە بارەوە نازانێ. دووەمیان ڕاستی دەروونی خۆی. هیچ ڕێگایەکیش بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو ڕێگایەی لەبەردەستدا نییە و نازانێ کامیان هەڵبژێری و کامیان بەڕاست بزانێ.

**و/ تاهیر عوسمان**

* سەرچاوە:

– ڕۆژنامەی (الزمان) ژ (١٩٧١)، ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٣

– عالم دستویفسكي في بعده النفسي/ الرواية و صراعات الذات الانسانية.

# بەسەرکردنەوەیەکی خێرای هاینریش بۆڵ



هاینریش بۆڵ یەکێکە لە ئەدیبە ناودارەکان، لەساڵی (١٩١٧) لەشاری کۆلۆنیای ئەڵمانی لە دایک بووە، باوکی پەیکەرتاشێکی کارامەبوو، دوای ئەوەی بۆڵ بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێ دەست دەکا بە کتێب فرۆشی، لەو سەردەمەدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر وڵاتەکەیدا دێت، نازییەت بەخێرایی بڵاودەبێتەوە، حکومەتی (ڕایخی سێیەم) دادەمەزرێت.

لەساڵی (١٩٣٨) بە زۆرەملێ ناونووسی سەربازی دەکرێ و لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی ڕەوانەی بەرەکانی دژ بە فەرەنساو لە دواییشدا سۆڤیەت دەکرێ، لەو ماوەیەدا چوارجار بریندار دەبێ، تا لەلایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە بەدیل دەگیرێ. لە دواساتەکانی جەنگیشدا ئازاد دەکرێ و دەگەڕێتەوە شاری کۆلۆنیا، بەڵام چ ببینێ؟ (٧٠٪)ی وێران کرابوو، پاشان بەمەبەستی بەردەوامبوون لە گەشتی خوێندن دەچێتە کۆلیژی ئەدەبیات و ڕۆمانی (شەمەندەفەرەکە تازە ڕەت بوو) دەنووسێ. لەتەک نووسەرانی ناودار (هانز ریختەر، گۆنتەر گراس، ئارنەست یۆنگەر، دیگفەرید لینتش) بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی وێژەیی دەکا بەناوی (ساڵی ٤٧) کە توانییان ژیلەمۆی ژیانەوەی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی بگەشێننەوە، ئینجا تا ساڵی (١٩٥٣) ئەم ڕۆمانانەی نووسی (ئەی گەشتیار... بەرەو (سەیەء) دەگەڕێیەوە؟)، (لە کوێ بووی ئەی ئادەم؟)، (نانی ساڵانی گەنجی)، (خانووی بێ پاسەوان)، لەساڵی (١٩٦٢)شدا ڕۆمانی (بۆچوونی دەربڕاو)، و لەساڵی (١٩٧٢) هەردوو ڕۆمانی (وێنەی کۆمەڵێک لەگەڵ خاتوونێک) و (ئابڕووی ونبووی کاترینا بەلۆم)ی بڵاوکردەوە، هەر لەم ساڵەشدا پاداشتی نۆبلی پێدرا، کە لەساڵی (١٩٢٩) واتا دوای (تۆماس مات)ی نووسەر بۆڵ یەکەم کەسی تری ئەڵمانیە بەنۆبڵ بەسەربکرێتەوە.

لەساڵی (١٩٨٠) ڕۆمانی (پاراستنی تەواوی) چاپ کرد، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٥). کۆمەڵە چیرۆکێکی لە ژێرناوی (چارەنووسی فنجانی بێ دەسک)ی بڵاوکردەوەو لە مانگی تەمموزی هەمان ساڵیشدا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ماوەیەک بە نەخۆشی قورس و پڕ ئازار ڕۆژانی درێژی بەڕێ کرد.

زۆر لەبەرهەمەکانی بۆڵ ڕەنگدانەوەی جەنگ و کارەساتە جەرگبڕەکانی تێدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (خانووی بێ پاسەوان) وڵاتەکەی خۆی بە هەموو ڕوویەکەوە دەبینرێت، پاڵەوانەکانیش هەریەکەیان ئەدگارێکی دیاری کەسایەتی کۆمەڵگای ئەڵمانی سەردەمی جەنگیان گرتبووە خۆ، لە کۆتاییشدا وەیشوومەی جەنگ باڵەکانی کردۆتەوە، لە ڕۆمانی (پاراستنی تەواو)یش باس لە خێزانێکی ئەڵمانی دەکا بەناوی خێزانی (تۆلم) کە ڕۆژنامەنووسێکی ناودار و خاوەن ڕۆژنامەیەکیشەو لەکاتی جەنگدا لەلایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە دەستگیر دەکرێ، لە دواییدا یارمەتییەکی چاکی دەدەن و هەلومەرجی دەرچوونەوەی ڕۆژنامەکەشی بۆ مەیسەر دەکەنەوە، بەو مەرجەی نووسراوەکانی ناوی لەبەرژەوەندی ئەمەریکاو سیاسەتەکەی دابێ و بوونیشیان لە وڵاتدا بە گرنگ دابنێ.

هەرچی (تۆلە) بە داوایەکە ڕازی دەبێ و لە ئەنجامیش دەبێتە دەست گەمەی ئەمەریکییەکان، ئەوانیش جگە لە پارستنی تەواو پایەی (نەقیبی ڕۆژنامە نووسان)یشی پێدەدەن. نووسەر لەم کارەی زۆر بە ڕوونی بارگرانی جەنگ و داوانارەواکانی داگیرکەران بۆسەر کۆمەڵە بێ دەسەڵاتەکان دەنەخشێنێ. لە چیرۆکی (شاڵاو)یش سامۆتکەی شاڵاو و مەینەتییەکەی بە وردی ئاشکرا دەکا.

لە دوای وەستانی جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕانکارییەکانی ئەڵمانیا بۆڵ ڕەخنەی توند ئاراستەی شێوازی ژیان و دەسەڵات دەکا، لە ڕۆمانی (ئابڕووی ونبووی کاترینا بەلۆم) دادەبەزێتە سەر گیانی نازی و ڕیسوای دەکا، پەردەش لەسەر بوونی هزری نازی لە دەروونی ئەڵمانیەکان دادەماڵێنی، هەرچەندە ئەوکات ڕۆژنامەکان چەندان جار نارەزاییان لەدژی بۆڵ بڵاوکردبۆوە و ڕوانینی ئەویان بە پەسند نەدەزانی.

بۆڵ جگە لە نووسین چۆتە نێو دنیای هونەری حەوتەمیش و بەیەکەم نووسەری ئەڵمانی دادەنرێت کە تێکەڵاوی کاری سینەمایی بووبێت، لەبەر ئەوەنا کە دەرهێنەران ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی ئەویان کردۆتە فیلم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا هەڵساوە بەوێنەگرتنی فیلمێکی درێژی (١٢٠) خولەکی لەبارەی (جەنگ و ئاشتی)یەوە کە تێیدا نەفرەت لە جەنگ و سەردەمەکانی دەکرێ، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە دەرهێنەرێکی بەتوانای وەک (ئەلیسکەندەر کلۆجە و ستیڤان ئاوست و فۆلکەرشۆلندۆزن) کاری کردووەو فیلمیشی دەرهێناوە.

**ئا/ م. ئاکۆ عەبدوڵڵا**

**سەرچاوە:**

١- گۆڤاری الفیصل ژمارە(١١٠)- ایار (١٩٨٦).
٢- گۆڤاری الثقافة الاجنبیة ژمارە (٣-٤)، (١٩٩٧).

## لۆ، لاوۆ، چەتۆ(*)

### گوتنی: تاهیرێ عەبۆ



لۆ، لاوۆ، چەتۆ، بریندارۆ، ئاخ،
لـۆ، لاوۆ، لـۆ، لاوۆ، لـۆلاوۆ، چەتـۆ، لـۆ، لاوۆ، لـۆ، لاوۆ. دلێ م را، ڤێ سـبێ، دێرینێ، خـۆش دێرینێ، خودێ، خرابکەی، کەکۆ، دیسانێ بازێرێ قەتلەو خوینێ، برا، خـودێ، خـرابکەی بازێرێ قـەتلەو خـوینێ، دونێ، لاوێ من کـۆرێ نەمـایێ، داڤـیـژی قەرتالێ خوینێ، لۆ، لاوۆ، بریندارۆ، ب جگەرۆ، وی سـال، سێ سـالۆ، برین کــولۆ، داخــوازا لاوێ من تاســەکی ئاڤــا گــەلیــا (مـەلاسـیـمـۆ)، زوزانێ ژۆری، بەلەکێ بەفـرێ، کۆرێ، دوتمامێ، ئاخ، سێ جارا، گدیێ، ئاڤەکە سارۆ.
لۆ، لاوۆ، لۆ، لاوۆ، دلێ م را، بەهارە، ڤێ سـبێ، م هاتی بەهارا (قـەرسـیـلا)، ب خودێ، بەر دەریا، برەکی (شێن بـۆزا)، کــۆرێ، نەمــایێ، وەکی (بارگــینا)، لۆ، لاوۆ، بریندارۆ، ڤێ سبێ، برینێ لاوێ من شـونا دوازدە خەنجەرا، یازدە شیرا.
لۆ، لاوۆ، لـۆ، لاوۆ، چەتۆ، دلـێ م را، ڤێ ســــبێ، خـودێ، بەهارە، ڤێ سبێ، دیسـانێ بەهارا (زەڤـیت)، ئای، لۆ، لاوۆ، گدیۆ، بەهارە، براخودێ، برەکا شێن بۆزا، لۆ، لاوۆ، وێ کـر ڕەڤــیـا، برینێ چەتۆ، شـونا دوازدە خەنجەرا، ڤێ سبێ، پازدە عەینەلیبیا.

لۆ، لاوۆ، ئای، لۆ، لاوۆ، لۆ، لاوۆ، لۆ، لاوۆ، چەتۆ، بریندارۆ، یۆ، یۆ، یۆ، ئاخ.

**فەرهەنگۆک:**

١- چەتۆ: سـوارچاکی کـوردە و کـوڕی فـەرحـۆی عـوزێر ئاغایە و باوکی بشارە.
٢- قەرتال: پەرتال، سەوی
٣- مەلاسیمۆ: ناوی گەلیبیەکە لە کوردستانی باکووردا ئاوێکی ساردی تێدایە لە زۆزانان.
٤- قـەرسیل: بەهارێکی بە باران، گـیا کـە دوو بست بلّند دەبێت پێی دەڵێن (قەرسیل).
٥- شێن بۆز: ئەسپ
٦- زەڤی: زەوی
٧- ڕەڤ: کومەڵێک

* ئەو لاوکە باسی سـوارچاکی چەتۆ دەکـات لە شـەڕ و شۆڕدا کە چۆن بەتەنیا تەرشوتالانی خێڵەکەی لە نژوانان دەسـتـینیـتـەوە بەڵام لە ڕێگادا تـووشی کـۆنە قـەهوەچی مـاڵی باپیـری دەبی و بڕوای پێ دەکـا کـە ناوی (کـوری کنکۆکی قیرێ) بووە، لە پشتەوە دووگوللەی بڕابیلی لە پشــتی دەدات، چەتۆ یەک ڕمی داوێتێ و دەی کــوژێ، پاش ئەوەی چەتۆ دێتەوە ناو خێڵـەکەی، حەکیم میـرۆ دەرمـانی دەکـا و ژەهری لە برینی دەکـات و دەمرێت، لە ئەنجامدا حەکیم میرۆش دەکوژن.

* * ناوی تەواوی هونەرمــەنـد (تاهیــر ســەعــیـد عەبدوڵڵا)یە بە تاهیری عەبۆ بەنێو بانگە، لە بنەماڵەی (قـۆجـە بەگی)یەو لە خـێـڵـی (باتی)یە، لە گـەڕەکی (گوندکێ) لە شاری زاخۆ ئاکنجی بووە.
لە سـاڵی ١٩٠٨ لە زاخـۆ لە دایک بـووەو لەسـاڵی ١٩٧٠ چووەتە بەر دلۆڤانێ خودێ و لە گۆڕستانی زاخۆ نێژراوە.
ئەو هونەرمەندە گەلێک لاوکی مێژوویی و ئەڤینی لە بەغدا لە کۆمپانیای (بەیزافۆن) لەساڵی ١٩٣٢ تۆمار کردووە.

**ئا: جەلال مەلا حەسەن خۆشناو**

**سەرچاوەکان:**

١- دیمانە لەگەڵ (باوکی مێڤان)، خاوەنی تۆمارگای مـحـەمـەد عـارف جزیری لە شـاری زاخـۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٨/٣٠.
٢- کاسێتی تۆمارکراوی هونەرمەند.
٣- سـترانێت کـۆچک و دیوانا- کـۆمکرنا- مـسـتـەفا نوری بامرنی.

# داستان EPOPEE

## (بەشی یەکەم)

مەبەست لە داستان ڕۆمانی ئێپیکی-یە کە بە عەرەبییەکەی دەکاتە- ملحمة، ئەمەش بریتییە لە ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ، لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەشیعرەوە هەیە، بەگشتی لە سەردەمە کلاسیکییەکاندا شیعر دەکرا بە دوو بەش، شیعری لیریکی- غنائي (Lyrique)، شیعری ئێپیکی (ملحمي) EPique جیاوازی دووەمیان لە یەکەمیان ئەوەیە، هی دووەم هەردەم گێڕانەوە -narra (tion و چیرۆکێکی تێدایە.

ئەمەش لەناو گشت میللەتان و شارستانییەکاندا هەیە، بەتایبەتی میللەتانی هیندو ئۆروپی کە کوردیش یەکێکە لەوان، بۆیە ئەم دابەشکردنەی مێژووی شیعرو مێژووی گێڕانەوە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئەدەبی کوردییەوە هەیە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەم بوارە، بەتایبەتی لە ژنرەکان و هونەری شیعرەوە زۆر کەم لەناو ئەدەبیاتی کوردی هەستی پێدەکرێ، لە کاتێکدا دەبینین ئێمە کەلەپوورێکی مەزنی داستانیمان هەیە کە لە هەر دوو بواری ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی نەنووسراودا= فۆلکلۆری بە فراوانی هەیە.

لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە، ڕەنگە وشەی داستانسەرا لە «ملحمة»ی عەرەبی وEpopee فەرەنسی نزیکتربێ، بەڵام من هەر داستانم پێ ڕێک و گونجاوترە چونکە لە هەموو حاڵەتێک هەموو (ملحمة) و Epopee-یەک ڕۆمانێکی شیعرییە، بۆیە لە بنچینەی بابەتەکە دوورناکەوینەوە.

داستان لە ڕووی ناوەرۆک و هەڵکەوتەوە لە میتۆلۆژی نزیکە، پێوەندی بە چڕینی مێژووی دابونەریتێک هەیە، یان لە قووڵایی دابونەریتێکەوە هەڵدەقوڵێ، نوێنەرایەتی پێوەندییەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ئەخلاقی و ئێستێتیکی دەکا، ئەمەش لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەک کە پاڵەوانی سەرەکی، یان کوڕێکە، یان کچێکە (هەردەمیش پاڵەوانەکان سەر بە توێژی سەرەوەی کۆمەڵن. داستان لە ناوەوە هێزێکی زۆر سەرەتایی (بدائي- Archetypale) هەڵگرتووە.

لەیەک کاتدا سەرگەرمکردن و دەرس و مۆدێلێکی عاتیفی سەر بە کلانێک (خێڵێک)، یان ئیتنییەک، یان نەتەوەیەکی تێدایە. دەشێ زۆر جاریش بە کردەیەکی ئەفسووناوی و ئایینی ببەسترێتەوە. لە داستاندا کۆمەڵێک ڕووداو بە دوای یەکتریدا دێن و یەکتر دەبڕن، پاڵەوان دەبێ گشت بەربەست و هەنگاوەکان ببڕێ تا دەگاتە دوا وێستگە، کە مردنە دەبینن گەلگامش لەگەڵ هاوڕێکەی توانیان بەسەر هەموو شتێکدا سەربکەون، سەرەنجام نەیتوانی ڕووبەڕووی ئەوە ببێتەوە کە دواجار دەبێ ئەویش بمرێ، سەرەنجام سەری هەڵدەگرێ و بەدوای نەمریدا دەگەڕێ. کە نەمریش دەدۆزێتەوە و پێی ئاشنا دەبێ و حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێ، دەبینین پاڵەوان ئامادەیە قەناعەت بە مەرگی خۆی بێنێ.

کەچی لە ئۆدیسە-دا بەپێچەوانەوە ئۆلیسیس لە پێناوی قەناعەت هێنان بە چارەنووسی مرۆڤ و دۆزینەوەی ژنەکەی ئامادەیە ڕەفزی نەمری بکاتەوە. ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی ئەشیل (Achille)ە کە دوای ئەوەی هاوڕێکەی پاترۆکل (Patrocle) لە دەست دەدا بەهەر شێوەیەک بێ دەیەوێ تۆڵەی بسەنێتەوە، لە کاتێکدا سوور دەزانێ دووچاری مەرگ دەبێتەوە و سەرەنجام هێکتۆر-یش بە دوایدا دەچێ و دووچاری مەرگ دەبێتەوە. هەموو ئەمەش لە پێناوی شکۆمەندی و سەربڵندی و پاڵەوانێتیدا، کەسایەتییەکان زوو دەمرن و هیچیان لە پاش بەجێ نامێنێ.

لە ڕووی مێژووییەوە، داستان زیاتر ئەوانەی بەشێکن لە ئەدەبی فۆلکلۆری و زارەکی و هەروەها تا ڕادەیەکیش ئەدەبی میللی، بەرامبەر بە ئەدەبی نووسراو و ڕۆمانی نوێ نووچی دا. دەتوانین بڵێین، لەناو ئەدەبی جیهانی ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) ئەم جۆرە داستانانە گەلێک زۆر کەم دەبنەوە، جێگایان بە ڕۆمان-ی نوێ پڕدەکرێتەوە، چونکە ڕۆمان کە بە پەخشان دەنووسرێ، یان نووسراوە، تەعبیری ڕاستەوخۆی دەکرد لە ژیانی نوێ و ئەو ئینقیلابە کۆمەڵایەتی و دواتریش ئەدەبی. دەشێ ئێمە لەناو ئەدەبی کوردی مەمێ ئالان-ی فۆلکلۆری و مەم و زین-ی ئەحمەدی خانێ، لە بواری ئەدەبی، نووسراو، بەدوو نموونەی نایابی داستان لە قەڵەم بدەین. لە هەمان کات ئێمە لە ناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گەلێک زۆر بەیتمان هەیە چونکە گێڕانەوەو پاڵەوان و ڕووبەڕوو بوونەوەی خەتەریان تێدایە دەشێ وەک داستان حسێبیان بۆ بکرێ. بەگشت مێژووی داستان (ملحمة) ڕاستەوخۆ بەندە بە مێژووی گێڕانەوە و هونەری گێڕانەوە، هەردەم وەک سروودێکی میللی بووە کە نوێنەرایەتی چارەنووس و ژیان و خەباتی کۆمەڵە خەڵکێکی کردووە وەک نەتەوەیەک بۆ نموونە. هەموو ئەمانە لەلایەن پاڵەوانێک نوێنەرایەتی کراوە کە نرخ و بەهایەکی جوانی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەش کردووە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

# پرسیاری شیعر



دڵشاد عەبدوڵڵا

پەنابردن بۆ بابەتی گەورە و گشتی پڕ مەترسییە ئێجگار زەحمەتە داهێنان لەو کەرەستە ئاشکرایانە دروست بکرێ، وەڵێ ناتوانم بڵێم مەحاڵە. هەموو بابەتێک دەشێ ببێ بە زەمینە و کەرەستەی خوڵقاندنی شیعر، هەر لە پەلکی بێ بایەخی سەر شۆستەیەک تا خوێنی شەهید، هیچ تخووبێک لە بەردەم شیعردا نییە و هەرچی شوێنی نەوی و بڵندە دەشێن بۆ ئەوەی تۆوی شیعریان تێدا هەڵتۆقێ، بەڵام شوێنی گشتی و دیار پڕ مەترسییە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی فیکر هەندە شەن و کەوی کردوون تا ئاستی ئەوەی سواون لە بەردەم وێناکردندا، بەو واتایەی ئەگەر ئەزموونێکی هەڵکشاو و شارەزا و کارامە نەبێ مەحاڵە ئەو فەزا ئاشکرا کراوانە بینە شیعر و هەر زوو سۆز و دروشمبازی دەست دەنێنە قوڕگی وشەوە و هێزی تێپەڕاندنی تێدا دەکوژن.

من بۆ خۆم هەندێجار دەخوازم لە کەشوهەوای هەندێ بابەت نزیک ببمەوە، بەڵام هەمیشە ترسێک زاڵە، ترسی دوورکەوتنەوە لە شیعرییەت و کەوتنە ناو چوارچێوەی فکرەیەکەوە.

دیارە ئەو ترسە لە خۆڕایی نەهاتووە، وەرە هەموو شیعری کوردی بگەڕێ بزانە چەند دەگمەنن ئەو دەقانەی شیعرییان پاراستووە کاتێ باسی بابەتە گەورە و زەقەکان دەکەن وەکی نیشتمان، ئازادی، خەبات، شەهید... تاد. هەر بۆ نموونە هەموو دیوانی (گۆران) کە نزیکەی سەد و قسور شیعرە جگە لە پیەس و گاڵتە و گەپەکانی، لەناو ئەو هەموو شیعرەدا دەگمەنن ئەوانەی لە پەنای فیکرەوە بۆ پەیامی سیاسی وتراون و گەیشتوونەتە چڵەپۆپەی شیعرییەتەوە.

بۆیە شاعیر پێویستی بە وریاییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە بۆ خۆپاراستن لە هەڵدێری بابەت و فیکرەی ئامادەوە.

پاشان دەکرێ بپرسین. ئایا ئەو بابەتانە نەسوان هێندەی بووترێنەوە؟

خوێنەر بێزار نەبوون لە خوێندنەوەیان؟ ئایا نیشتمان تا ئەبەد هەر ئەو نیشتمانەیە؟

شیعر تەنیا لە ڕابردوو دروست ناکرێ، پرۆژەی تازەگەری شیعریش بریتییە لە دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی ئێستا و دەوڵەمەندکردنی، لە وردەکاریشدا بریتییە لە خۆ دەربازکردن لەو بابەتە گشتییانە و پەنابردن بۆ ئەو شوێنانەی فیکر نەیگەچراندوون.

پرسیارەکانی شیعر پرسیاری تازەگەرییە و یەکەم هەنگاوی بەهێزی ئەو تازە بوونەوەیە لە (هەشتاکان)دا دەستی پێکرد، ئەو کاتەی شیعر لە پاشکۆیی سیاسەت ڕزگاری بوو، ئەوکات ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی دۆزییەوە، کەچی لە دوای نەوەدەکاندا هەندێجار خیانەتی شاعیران شیعری بردۆتەوە خزمەتی پەیامێکی دیاری سیاسی و تخووبی شیعر و سیاسەتی هێندە تێکەڵ کردووە تا شیعر بۆتە خزمەتکاری مەبەستە سیاسییەکان.

من ناڵێم شاعیر سیاسی نییە و هەرگیز سیاسەتیش دوور نییە لە ژیانی شاعیردا، بەڵام مەبەست پاشکۆیی بوونە.

پێم وایە سۆزداری ئەو وەزعەی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین موغرەیاتی سۆزداری زۆربوو، شەقام پڕ بوو لەو موغرەیاتانە و شاعیران کەوتنە ژێر کاریگەریانەوە، سۆزیش لە هەموو شت زیاتر زەرەرمەندە بۆ شیعر، ئەو جۆرە شیعرانەش لەگەڵ ڕەوینەوەی ئەو سۆزانە بزر دەبن و لە یادەوەریشدا نامێنن.

تێپەڕاندنی واقیعی تەقلیدی بابەتە گشتییەکان یەکەم هەنگاوی تازەگەری بوو، بۆ درێژەدان بەو پرۆژەیە ئەمڕۆ شیعر پێویستی بە وروژاندنی پرسیارگەلێکی تازە هەیە، پرسیارێک کە هەناوی ئەو واقیعە سۆزدارییە هەڵتەکێنێ. لەوێ نیشتمانێک نییە بەڵکو نیشتمانەکان هەن هەریەکە و لەبن پێستی مرۆیەکدا، ئەو نیشتمانە لە خوێن و هەستی ئەودا دەژی و لەگەڵ ئەویشدا خۆشەویستی دەکا و ڕق هەڵدەگرێ و لەگەڵ ئەویشدا دەمرێ. بەو واتایە پیرۆزیی لە دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ و لەوێش لە بورجی عاجییەوە دەکەوێتە گۆمی دوورگەکانەوە، ئیتر باوی دوورگەی گەورە و شادوورگە نەما، تەماشای دوورگە بچووکەکان بکەن لەبەر تاوی خۆر دەبریسکێنەوە.